MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

داده شیرین

ئیبراهیمی یونسی

# داده شیرین

**وەرگێڕانی**

**غەریب پشدەری**

هەولێر – ٢٠٠٨


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● **داده شیرین**

● نووسینی: ئیبراهیمی یونسی

● وەرگێڕانی: غەریب پشدەری

● نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسین

● پیتچنین: کاوە حسین

● بەرگ: شنۆ

● ژمارەی سپاردن: (٩٦١)

● نرخ: (٤٥٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠٠٨

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی خانی - دهۆك

**زنجیرەی کتێب ( ٢٥١ )**



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## -١-

رێك و ڕاست نازانم، ڕەنگە پێنج شەش ساڵان بووبم کە بۆ یەکەمجار ڕەعنا خانم دیوە. ئەودەمی ناسنامە و شتی وانەبوو، لە دایکم و لە کەسانی دیکەم دەبیست کە دەیانگوت پێنج شەش ساڵانەی و بەگوێرەی ساڵ و تەمەنەکەشم وشیار و زیت و بە زیبك و زاکونم.

هەموو ڕۆژێم دادەشیرین دەدیت ئەوەی بە چاکی دەزانم، کە لە تەمەنی شەست و دوو یا شەست و سێ ساڵیدا بۆ یەکەمجار نەوەکەیم دیتەوە. دە هەردوو باراندا بۆمن وەك یەك بوو لە سەرسامی و تێڕامانێ زیاتر چیدی نەبوو.

ڕەعنا خانم بە ڕێکەوت دیت، هەرگیز چاوەڕێی دیتنێی نەبووم- نە لەوێ و نە لە هیچ جێیەکی. دیارە خۆ ئەویش هەروەك من بۆ دیتنێ من نەهاتبوو. ئەو چ ئاگایەکی لەمن نەبوو، کاتێ کە ئاگاداریش بوو هیچ خۆشییەکی ئەو دیدارەی پێوە دیار نەبوو، کەچی من هەموو گیانم ببووە تێڕامان و سەرسامی. ئەو ڕۆژەش هیچ چاوەڕێی دیتنێ نەوەی دادەشیرینێ نەبووم...هەر بە بیریشمدا نەهاتبوو- ئەو لەکوێ و ئێرە لەکوێ!...

((خانمی سولّتانی!...))

((دەگەڵ کچی ئەو ئاشنایەتان پێکەوە لە یەك شوێن کاردەکەن...))

ئەوە ژنەکەم بوو، من هەرگیز ئەو دڕکاندنە سەرسوڕهێنەم ئاوا بە زمانیدا نەهاتبوو. بەڵام ژنەکەم-ژن- هەموو دەمێ بیرولێکدانەوەی کەسانی دی دەخوێننەوە- بەتایبەتی ئەو بیرولێکدانەوانەی پەیوەندییان بە ژنی جوانەوە هەبێ. ژنێکی خزمی خاوەن پرسەکە لەسەرخۆ ئانیشکێکی دەکەلەکەی ژنەکەم کوتاو لە ((هاوشاری))یەکی لای خۆمانی ورياکردەوە کە لەوێیە و خانمی ((هاوشاری))ش کە تا ئەو دەمی چاوی دەمەوە بڕیبوو و چاوەڕێی ئەو چرکەساتە بوو بزانێ بەرپەرچی ژنەکەم بۆ ئەو ئانیشکەی کە لە کێی چییە، و ئەو فسکە فسك و چرپ و چۆپانەی کە بە دواشیدا هات، هەر هێندە بوو نەدەچووە دەچاویەوە- کەچی بە چاو و



دەمولێو و سەرەلووت و تەواوی دەموچاویەوە سوێندی دەخوارد کە لە تەواوی تەمەنیدا سەیری ئێمەی نەکردووە و هەرگیزیش سەیر ناکات.

ڕەشپۆش بوو: بلوز و تەنوورەیەکی ڕەش-داوێن بە شەبەقە گوڵی یەك ریزەوە-یەخەکراوەکەی بلوزەکەی توند و بەند داخستبوو... و چارشێوێکی زۆر ناسکی، برنجۆکی ڕەشی بەخۆدادابوو. جوان بوو جلەکانیشی جوان لێدەهات...دەبوو هەر لێشی بێت: ژنی جوان کولەکە زەردکەشی بە ملیەوەکەی هەرلێی جوانە- جل و بەرگ ڕەش و پێست سپی... دەموچاو و لەش و لار، ڕێك و پێك و جوان... ئەوە ڕووناك خانم بوو.

من نە ئەو و نە داکی هیچیانم نەدیتبوو... بەسەرهاتی ئەمە بۆ سەردەمێکی زۆر لەمەوپێش دەگەڕایەوە ((وەك نەواری سەر ریکۆردێرەکە بیجوێتەوە- هەر فبأی آلاء... فبأي آلاء- و بە گڕیەوە، فبأی آلاء))ی بوو... و بەدەم وردە خەنینەوە و سەربەردانەوە و بێ ئارامییەکەوە ((ڕووناك خانم، بێ زەحمەت پەنجەیەکی بگەیەنە ئەو دوگمەی... ئەوەی لای چەپ- دووەمیان.. ئەوە، ئەوە!)) پەنجەکانیشی هەر جوان بوون- ناك، درێژ و باریك... ئەدی جووڵە و بزاوتی چەند نەرم و شل و ژنانە و لە سەرەخۆ- هەروەك پەنجە بە باڵی پەپوولەوە بنێ، یا دایکێك بیەوێ لووتی منداڵەکەی دەپرخەی خەوێدا هەر بۆ خۆشییە خۆی نەك بۆ نارەحەتییە منداڵەکەی، ختووکە بدات. لەگەڵ ئەو جوانییە شاریانەشی نەچوو بۆوە سەر داپیرەی (نەنکی)- هەرچەندە شێوە و ئاکار و ئادگارە جوانەکانی هەر ئەوبوو، بەڵام کەمێك شلکتر بوو! تیژییە گۆشەکان نەمابوو. بە قسەی یەکێك لە خزمان، ئەو بەرهەمی سەرەتای مەشروتیەت و ئەم دەستکەوتی پاشکۆی مەشروتیەت بوو.

دیاربوو ئەویش سەری لەو پێك گەیشتن و چاوپێککەوتنەی سوڕمابوو، هەرچەندە پێشمواپە دەناو ئەو خێزانەیدا ناوی مە هاتبێ و ئەویش ئەو چاوەڕوانییەی هەر هەبووبێ کە ڕۆژێك بێت، ئێمە لێرە ببینێ...

تەنیا توخمی جوانی ناو مەجلیسەکە هەر ئەوبوو. بۆ خۆشی دەیزانی- ژن بۆ خۆیان ئەوەی دەزانن، ئەگەر نەشزانن سەرنجی دەوروبەرەکانیان تێیاندەگەیەنن. هەروا سەر سەرەکی ئامارێکی مەجلیسەکەم گرت: سەرنجەکان، بێ زیادەڕۆیی، هەموو بەلای وییەوە بوون. هەستا، و ڕۆیی- و سەرنجەکانیش هەموو بە دوایدا، بەڵام- جگە لە سەرنج و بیری من- لە دەرکی ژوورێ بەولاوەتر نەچوون، و یەك یەك و دوو دوو گەڕانەوە- و هەموو گێژ و وێژی ڕۆیشتنیی. بەڵام نا... ((نا بەگیانی ئێوە... منداڵەکان لێرەن... ئێوە بۆ؟ ئاخر...)) دەقیقەیەکی نەبرد هاتەوە، سەرنجەکان بە پیرییەوە چوونەوە و دوایە بەخۆهاتنەوە و جێیان بۆ دڕدا- و من

دەسەرنجەکانیدا ونبووم. منی کردبووە نیشانە- بە سینییەك و دوو پیاڵە چاوە... تومەز چووبوو چامان بۆ بێنێ! بۆچوونەکەم ڕاست بوو. هەر کە هاتەوە هەستاین. ژنەکەم بێ هیچ ئاشناییەکی پێشینە دەرفەتی نەهێشتەوە و هەر کە چایەکەی دانان دەستی دە ملی وەرێنا و زۆر بەگەرمی و سۆزێکی دایکانەوەی، ماچیکرد، و منیش بێ هیچ دەرفەتێك ئەو هەلەم قۆزتەوە: گەردەنێکی بەرز بە زنجیرێکی زۆر ناسکەوە- بە قسەی ئەوانەی لای خۆمان، پشتە ماسی- لاملێکی ساف و بڵند- هەروەك جەستەی منداڵێکی تازە لەخەو رابووی شۆراو. گوڵی سنگی پارچەگوڵێکی سادەبوو، بەڵام بەو سادەییەشیەوە گوڵی هەر گەرمخانەیەکی لەبرەو دەخست و دەیشاردەوە ژنەکەم چاك و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵ کرد و لەحاڵ و ئەحواڵی خۆی و منداڵەکانی پرسی، ئەویش بە جووڵەی چاو و برۆ و زەردەخەنەی لێوەکانیەوە چاك و چۆنیەکی لەگەڵەمندا کردەوە- هەروەك مام و برازایەك، یا نەوەیەك لەگەڵ باپیریدا، هەرچەندە ئەوە یەکەمجاریش بوو بیبینم. کچە پوور و ژنێ کاکە فەرەیدوونی بوو. دیار بوو سێ منداڵیان هەیە- دوو کچ و کوڕێك: ((خوا لێتان نەستێنێ، ئیشاڵڵا...!)) ئەمە ژنەکەم بوو وایگوت. ((لەگەڵ منداڵی ئێوە-زگ سووتاو نەبی ئیشاڵڵا...!)) دەربڕینێکی دایکانەی وەك لای خۆمان. چ دەنگێکی نەرمونیان! هەر بە دەنگی شمشاڵی شوانان دەچوو. چەندم حەز دەکرد بووکی من بایە و بەیانیان کە چاوم هەڵدێنا ئەو چاو و برۆ و ڕەفتار و بزاوتە نەرم و شلك و گوفتارە گەرم و ناسکەم دەدیت، هەروەك بووکانی لای خۆمان بە ((مام ئاغا))ی بانگ دەکردم! و بە شەرمەوە تێی دەڕوانیم چاوەکانی لە نزیکەوە جوانتر بوون. شین تر... هەموو شتێکی دیکەی هەر لە نزیکەوە جوانتربوون بێ ئیختیار سەرنجم پەڕیە سەر پل و پاو پووز و بەلەکی: جوان بوون، و ڕێك و پێك... ((دۆست تەماشای سەرت دەکات، دوژمن سەیری پێت.)) و من بێ ئاگایانە، و بێ مەبەست ڕۆڵی دوژمنم بینی. پل و پا تا بلێی ناسك و بچکۆلانە بوون- هەر ڕاست وەك پێی ژنە چینیان- جوان، نەرمەی بەلەکی پڕ و ساف و لووس، چاوەکانی دوورلێکتر و مژۆڵی تا بلێی ڕەش و درێژ- چووبوونەوە سەرکێ؟ ماوەیەك بەڕێزەوە سەری بەردایەوە. هیچ کورسییەکی بەتاڵ لەو ناوەدا نەبوو. چووە جێگاکەی خۆی و سەرنجەکانیشی وەدووکەوتنەوە، بۆ جێی خۆیان- جێی هەوەڵ جارێیان...

فسکە فسك و سەرنج و تەماشاکردنی بە دزییەوە...

کە یەکێك دێتە ژوورێ، یەك دوو کەس هەڵدەستن... دادەنیشێ.

((ئەل فاتیحا!))

((بێدەنگی!))



((خوای لێخۆشبێ... زیندووەکان سەلامەت بن!))

((خوا پاداشتی خێرتان داتەوە!))

دۆستێك بێ گوێدانە هەموو ئەو شتانە زۆر بە ڕاشکاوییەوە سکاڵایەتی لەدەست ناکەسان: ((دەردەکە ئەوەیە! هەموو شتێکی بە موبێل و کورسی ستیلێ و پیانۆ و پاسیۆوە گرێ دەدەن... کە لەگەڵیان دادەنیشی هەریەکەیان فیدلێ کاسترۆیەکن و زیاتریش... خەڵکی دەڕووتێننەوە و پیاوی چاکیش و بەرێزیشن... جەنابی دکتۆر، و جەنابی ئەندازیار و هەرچی دەیانگری، دەو کاولە وێرانەیدا هەموو شتەکانیان بەدەستە خۆیانەوەیە و بەس... بە خودای تاك و تەنیا زۆرجاران حەزم دەچێتە خۆ کوشتنێ... هێندە شتی دزێو و کرێت و قێزەون دەبینم ڕوو دەدات!...)).

((ئەی بابە، تۆش بەخۆڕایی گرت گرتووە!... ئەو شتانە هەر بوون و هەر دەشبن، من و تۆ نایانبینین... ئێستا کە دەیانبینی پێت وایە داخوا چ شتێکی تازەت دیوەتەوە...!)) ((هەروایە... ماوەیەك بەر لە ئێستا دۆستێك... بەڵام چۆن، چت عەرزکەم... کە ئێستا خوا پێداوە و بۆتە شت، دەنا دۆستی چی! ئەو ڕێیەکەی دیوەتەوە و دەیەوێ بژیت. ئەوە هەر ئێمەین کە دەستبەرداری نابین و وازناهێنین. ئەوانیش هەر سوودیان لەو لایەنە لاوازانەی ئێمە وەرگرتووە. هەمیشە هەر بە پشتیوانییە ئەم لایەن و ئەو گرووپ و تاقمانەوە خۆ بادەدەن و خۆ دێنن و دەبەن کە خۆیان پێوە هەڵواسیون و خەڵکی پێ دەڕووتێننەوە، ئەوە هەر ئێمە و مانانین کە لە پشت بەردی کەڕەوەین و ئاگامان لە هیچ نییە و وازیش ناهێنین. من پێم وایە ئێمە بەو کارانەمان ئەو جۆرە کەسانە زیاتر هاندەدەین.

بەڵێ، ئەرێ خۆ بە تەما بووم بڵێم، چووبووینەماڵێی... ئەگەر نەشچووباین هەر دەیانبردین. ئەو جۆرە کاتانە خێرەومەندێك پەیدا هەر دەبن، تائیدی کۆکەنەوە و وەپێش خۆیانیاندەن. کەچی کە سەرنجیش دەدەی دەبینی هەر ئەو خێرەومەندانەش لەسەر هەمان ڕێ و شوێن و هێڵی بەخۆوە ژینێن و ئەوانیش قۆڵ و بازووی چەپاوڵیەیان لێ هەڵکردووە. چووین. ماڵێکی تێروتەسەل، شیك، بە پیانۆ و مۆبێلی ستیل و لۆستەر و کەلوپەلی جۆراوجۆر و هەرچی دڵ بییەوێ-بەواتای یەك لە دۆستان هەروەك هەمە ڕووییە خودی خوالێخۆشبووی، ستیلەکان هەموو رەق و تەق، زۆربەی تابلۆکان بە زەردەخەنەی فێلاوییەوە- تابلۆی پێشمەرگەیەکیشی لێ هەڵواسرابوو-دەستکاری شێوەکارێکی ڕووسی، ناوچەوان پڕ گرێ و دوو برۆی وێکهاتووەوەی گرژ. پیانۆیەکە دەنگی زۆر خۆش بوو- و لۆستەرەکان سەدەها ریشوە... ماڵێ دکتۆری بوو- خانووێکی ئەندازیارساز و دکتۆرنشین...

((دكتۆر؟ نەمبیستووە...))

((چت نەبیستووە؟ ئەگەر هەتبوو ئەوە دكتۆری، تۆ بۆیە دیپلۆمی دكتۆرییە وەرگری تا هەتبێ، كەی هەتبوو دیپلۆمیشت هەیە-و هەر بەڕاستی دكتۆری... بۆ كەس دەتوانێ گومان لە دیپلۆمەكەت بكا! دەنگی پیانۆكەت دەگاتە تەختی كردگار...!)).

ئەمانە ئەو دەیگوت- ڕووی قسانی لەمن بوو- و منیش نەك تەنیا هەر دەمبیست بەڵكە دەشمدیت. دیبوشم، زۆریشی كەوتبوومە ژێر كاریگەریەیەوە. ئەمن نازانم چۆنە. دەڵێن ئادەمیزاد هەر لەخۆوە بوونەوەرێكی ئایینزاییە- بەڵام من پێم وایە كە ئادەمیزاد- نازانم رەنگە ئادەمیزادی وەك ئێمە- بوونەوەرێك بێ هەر بەرهەمەكی جوان پەرست بێ... نەك لەبەر ئەوەی حەزی لێیەتی و بە واتای ئەم سەردەمە لە جوانییە ئیستاتیكای چێژ وەربگرێ... نا، بەڵكە رێزیشی لێدەگرێ. دەنا خۆ خاوەن پیانۆ یا مۆبیلی ستیل یا ئەو كەربازاڕییە- ئادەمیزادی ناژیەنێ یان نانی ماڵ و منداڵ و خاوخێزان نادا تا بێیت و دەستی بۆ بەسینگەوە بگریت و لە بەردەمیدا ئیكلامێ بكێشی... ئاخر خۆ ئەو پرسە و سەرەخۆشییەش هەر جۆرە دوولا هاتنەوێكە. ئەوەش وەك بڵێی ئەو نان و خوانەی دەدرێ بە خەڵكی قەردێك بێ لە ملی ئەو خەڵكەی تا هەر كاتێ مردووی لێ مردەوە پرسەكەی ئەویش چۆڵ نەبێ و ببێتە دەستەوایی- هەرچەندە ئەگەر نەبوو بووی ئەوە مەجلیست هەر چۆڵە و هەموو ئەو خۆش خزمەت و هەڵسووڕ و داسووڕانانەش تێكڕا گرێی كارێكی ناكەنەوە و هەمووی بە هیچ دەچێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سەر و سەودای ئادەمیزاد زیاتر لەگەڵ پیانۆ و مۆبێلە تا رایەخ و قاڵی و بەڕە. رایەخ چی لەدەست دێ و چی پێدەكرێ؟ پێموابێ قسەی بەجێ حاجی رەحیمی شارە بچكۆلانەكەی خۆمان كردبێتی. دەیگوت ((برالە، سامان هەم بۆ دنیایە و هەم بۆ قیامەتیش شتێكی چاكە بۆ پیاوی. پیاو كە هەیبوو دەتوانێ خێرو چاكە و پیاوەتییەی پێوە بكا، حەجێ بۆ دای و بابان بكرێ، خەتمی قورئانێ بكرێ... دەو دنیایەشدا كلاوێ بە لاتیلاكەی سەریەوەنێ و وبژیەت و نەقارەی بە سمێڵی پاشای لێدا... ئیدی خۆ هەر نەبێ غەمی داو دەرمان و دكتۆری منداڵانی نییە...))

ئەمانە ئەو دەیگوتن ومن دە دنیای مێشكی خۆمدا دەمدیتن. ماوەیەك بوو دەمدیت... دیتبووم- پیانۆشم هەر دیتبوو- پیانۆكانی بوونێشیان كە سەرتاپای دەنگ و ئاواز و نەوابوو... ئەودەمی ئەو ئاوازو نەوایانە چەند خۆش بوون دەگوێی مەدا! هەرگیز دەرفەتی حەسانەوێمان نەدەدایە ژەنیارە بێ دەرەتانەكە. هەر ئێمەیش بووین بەردەوام قورمیشمان دەكرد و ئەویش دەیژەنی، و ئێمەش بە ژێی هەستەكانمان وەڵامان دەدایەوە و ئاوازی خۆش و خۆشترمان لێوە



دەردێنا. ئەو كات ((پێشمەرگە)) بوو- وەك زۆربەی زۆری ((دكتۆری)) و ((ئەندازیاران))ی ئەمڕۆكە. هەر پێشمەرگە بایە، بەس بوو- ئەویدیكەی خۆمان، لاوەتیمانمان دابیندەكرد، ئاواز لەسەر ژێی ((تەمی)) هەستماندا هاژەی بوو. بەڵێ، ئێمە شەیدای مۆسیقا بووین و ئەو لە ((وڵاتی مۆسیقاوە)) هاتبوو- و چەند جوانیشی لێدەدا: هەرگیز لە مەقام دەرنەدەچوو، ئەو مەقامانەش بوون كە ئێمە حەزمان لێیان بوو و دەمانویستن، كاردانەوەی ژێی هەستەكانیشمان هەر ئەوانە بوون كە ئەو ژەنیارە دەیویست.

ئەو رۆژە لە پرسەی ئەو دۆستە بووین كە ((دكتۆر)) نەبوو... لە سێ چوار كەسان زیاتر نەبووین. ئەوەندەش هەر زۆر بوو- خەڵكی بێن لەو ژوورەیدا كە دەتگوت عەمباری كوارگ تێدا چەقاندنێیە و هەموو لایەكی تەڕ و شێدار و بۆن خنكە، چ بكەن؟- نە پیانۆیەك، نە مۆبێلی ستیلێك، نە فەخفوری كریستاڵی، نە حەوز و فوارەیەك ئاشنا و رۆشنای خوالێخۆشبووی لەدەور خڕببنەوە و بەیادی وییەوە بیگوزەرێنن. ئێمەش ئەو سێ چوار كەسە هەر بۆ خۆدەرخستن و خۆ بەزل پێشاندانێ چووبووین، تا بڵێین ئێ، ئێمەش خاوەن ناونیشانێكین، هەروەكو خۆمان ((پێشمەرگە))ین، لەگەڵ ئەوەشدا كە من یەك بەخۆم دەمزانی خۆم هەڵدەخەڵەتێنم و درۆ دەكەم ئەو رۆژە لەگەڵ ئاواڵەكەم هێندەمان ئێرە و ئەوێ كردو هێندەمان قسە پێكدادان، مەپرسە. تا لەپڕ وەئاگا هاتینەوە و سەیرێكی سەعاتێمان كرد، و بە روخسار و سەر و ڕوویەكی غەماوییەوە هەر بای هێندێ مابوو بڵێین: ((ئای هەی، كاتیش نەماوە، ئیدی ناگەینەوە... دە بیست دەقیقەی زیاتر نەماوە!...)) ئەوە جارانیش خۆپێشاندان و رێ پێوانێك پێكدەهاتن دەگەڵ پۆلیسی شای و چەقۆكێشەكانی شەعبانی تاج بەخشدا دەكردە بیانوو. بەڵام ئەمجارەیان ژنەكەم، هەروەك هەمیشە، وەك مێشەكەرەی مەیدانێ، فریامان كەوتەوە. ((درەنگە، هەستن، دەبێ وردە وردە وەڕێ كەوین!))، ئێمەش تازە ئەڵڵا قۆیسەن وەئاگا هاتینەوە كە دەبێ بڕۆین!.

تا بڵێی سوپاسی خانمێمان كرد، لەو سوپاسە درۆزنانەی هەموو جەلان و تا دڵێشمان هێنای دە دڵی خۆماندا جنێومان‌دا: ((ئیدی، ژن نییە، و مێشەكەرانەی مەیدانێیە... خۆی مات دەكا تا لەپڕ بە پیاوییەوەدا!)).

ئەمجارەیان وەك خێرەومەندەكانیش وەك ئێمە گیریان خواردبێ وابوو... وای كە لەو جۆرە دانیشتنە ریاییانەی ئەو پرسانە بێزارم، غەمی ریایی، سەرەخۆشی ریایی. هەمووشی دیارە ریاییە، تەنانەت لچ و لێو و دەم و بارودۆخی چاوەكانیش... هەموو پێكەوە هاواریان بوو كە ریایە. لێوێكی دەجووڵێنن و خۆكز دەكەن، كەچی هەر دوای دوو دەقیقان ئەوانەیان هەموو

لەبیر دەچێتەوە و بە گاڵتە نەبێ بە خاوەن پرسە و بە پرسەکەیان نایە و جاری واشە راستە و راست و زۆر بە ئاشکراوە دەڵێن کە خوالیێخۆشبوو ((دەرەنگ مرد و دەبایە زۆر زووتر مردبایە و بە خۆڕایی لەو وەرزی ساڵەیدا-بەو گەرمایە و لەو جەهەننەمەیدا مرد- و ئەوجا پێکەنین و خەندەی بەدزی و لەبن لێوانەوە...

نارەحەت بووم...

حەیفە- جێی ئێرە نەبوو، دەبوو دانیشین و گەرمەشینی بۆ بگێڕین. چاوم لە پیانۆی دەگێڕا، هاتوهاواری پیرێژنێ و کچەکانی حاڵیان پێ نەهێشتبووم. بۆیە ئەو جێیەی پیانۆ و چلچرای لێیە، پرسەکەشی هەر بەرێ و جێیە. ئەو ژنەی بەدەنگی پیانۆ فێربێ و خووی پێوەگرتبێ هەرگیز سەر دولکان ناڵێ- دەو جۆرە شوێنانەدا سەردولکە ناجایەزە. نازانم کێهە گەورە پیاو بووە کە گوتوویەتی، خەوی پیاوی نەزان لەگەڵ خەوی پیاوی زانادا جودایە. وشیاری و بێداریشیان هەر جیاوازە. پرسەی ((گەوران)) لەگەڵ پرسەی پیاوی ((نابووت و گەداگدیلە))دا جیاوازە. لە پرسەی گەوراندا زمان هەراشی و سەردولکە تێهەڵکردن کارێکی بێ ئەدەبانەیە- پیانۆ هەیە- ئیدی تۆ بۆ؟ پیانۆ سەدان زیر و بەم و ئاواز و نەوای هەیە- مێشکی مرۆڤ بە دەنگی پیانۆی هێور دەبێتەوە و دەحەسێتەوە. لە چلەی یا لە بیرەوەری مردووی مەسیحیاندا ئۆرگی لێدەدەن، هەموو پێکەوە دەنگ هەڵدێنن، ساردی دەگێڕن- ئارامییەك بە مرۆڤ دەدات حەبی ڤالیۆم (دە) پێیناکرێ ئەو ئارامییە ببەخشێ. یادەکە تا ڕۆژانێکی دوور و درێژ لەگەڵ پیاویدا هەر دەمێنێ...

((دە گریەی تا چ ببێ؟)) دەنگم لەنێو دووکەڵی جگەرەیدا ونبوو، بەڵام بێ وەڵام نەمایەوە- ئەمجارەیان بێئاگا ئەوەی بە مێشکمدا دەهات بە زمانیشمم داهێنا بوو و گوتبووم. لە دەنگی خۆم داچڵەکیم، و هێڕانە سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد، ئینجا بە دیتنی زەردەخەنە و نیوەکەنیە لێوان و گرژ و مۆنیانەوە سەرم بەردایەوە. پیرێژنێکی پەرپیت، هەروا لەخۆوە، لە فریام هات: هەستا، و سینییە شیرینیەکەی تاودایە و یەکسەرە چووە بەردەمی خانمی خاوەن پرسەکە، کە خوشکی بوو سەرنجەکان هەموو بەلای ویدا چوون. دەماری سۆزەکان لە ڕوواندا کەوتنەوە هەڵدانێ. پیرێژن شیرینییەکەی لەبەردەمی خوشکەکەی ڕاگرت. ئەمە جاری سێهەم یا چوارەم بوو: سینییەکەی تاودەدایە و بە کووڕە کووڕە و تاتی تاتییەوە، دەچوو و بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە، شیرینییەکەی فەرموو دەکردێ-و هەر تەنیا بەویش- و بێ ئەوەی هیچیش بڵێ دەگەڕایەوە، سینییەکەی لەجێی خۆی دادەنایەوە-و هەموو جارێکیش لە پاداشتی ئەو کارەی جگەرەیەکی لێ وەردەگرت.



((تا چ ببێ؟ وەی، قسەی سەیر دەکەی... قورم بەسەری: نان پەیداکەری بووە، مێردی بووە، باوکی منداڵەکانی بووە- ڕاستییەکەی!))

((ئەوەشیان هەر گەورەی ماڵێ بوو...)) کێ بوو؟-نەمزانی، دیاربوو خێزانی ئاوالەکەم بوو ئەو قسانەی دەکردن کە ئەویش وەك من مێشکی تەواو نەبوو...

((بەڵێ باشە وابوو-بەڵام بۆشی بەجێهێشتبوون...)) ئەوە دۆستی تەك ژنەکەی من بوو.

((ئەمیش ئەگەر شتێکی بۆ بەجێ هێشتبان... ئێستا منداڵەکانی ئەو قوڕەیان نەدەپێوا...))

((خوداليێخۆشبوو زۆر سادە و ساکار بوو، متمانەی بە هەموو کەسێکی دەکرد- سەروبنی قسانی هەر ئەوەبوو کە دەیگوت، ماڵی خەڵکی بەمن چی.)) ئەوە قسەی پیرێژنێ بوو. کەمە پارەیەکی هەبوو، ((دۆستێك)) هاتبوو، و پارەکەی لێوەرگرتبوو- و لێیدابوو ڕۆیشتبوو! ((دەیگوت کە من هەمبێ و دۆستێك بێت و بڵێ پێویستی پێیەتی ناتوانم بڵێم نیمە...)) ئەو دۆستەش ((پزیشکە))، خەڵکی دەڕووتێنێتەوە- کارەکەی ئەوەیە- هەم پزیشکە و هەم بازرگان، پەروەندە و مۆڵەتی هەردووکیانی هەیە. لەو ڕێیەشدا ئەو دۆستەشی لێ بەدەر نەکردبوو و ئەویشی نەبواردبوو. دیارە دە دڵی خۆیدا گوتوویەتی ئێستا کە نایەتە عیادەی و بلیتێ نابڕێ خۆ دەبێ پارەی بدا. هەروەك ئەمجۆرە کەسانەش فەرهەنگی پارە خەرجکردنێیان نەبێ-هەیانبێ و نەیانبێ وەك یەکن.

کچەکان لە بارەی ((باوکە نازدارەکەیانەوە دەدوان و ئوهو ئوهو... کچە کەڕوڵاڵەکەیان ئەوق و حەپەساو بوو، جارجارە وەك منداڵێکی چکۆڵە نەزگرەی دەهاتێ و جارجارەش پێدەکەنی...

((ماڵی خەڵکی! ئەوانە هەمووی شیعرن. خواردنی ماڵی خەڵکیش غیرەتی دەوێ- خوالیێخۆشبوو تا بڵێی خۆپارێز بوو. دەنا زۆری دەبەر دەستیدا بوو، بەڵام دووربین نەبوو...))

((ئەل فاتیحە!))

((...))

((خوا ڕەحمی پێبکا-ساغەکان سەلامەت بن!))

((خوا خۆشەویستانتان لێنەستێنێ...!))

دیاربوو هەروا لە خۆڕای نەدەگوت. منیش تازە وریا دەبوومەوە-بەڵێ هەروەك یەك زەڕڕە غیرەت لەو سەرو سەکوتەیدا نەبووبێ. وێنەکەی بەسەر پەرپەرەی شۆفاژە کۆن و پەرپووتەکەوە لاربۆوە، گرژی و مۆنی جارانی هەروا وەك خۆی پێوە مابوو و ببووە بەشێکی پێکهاتەی کەسایەتییەکەی، ئەو کراسەی بە ریشی کە هەردوو لایەخەکانی چەپ و چیر دیاربوون-

دەتگوت دیارە دەزانن خاوەنەکەیان مردووە بۆیە وا چەپ و چڕ دەم و لەوسیان تێکناوە و خێل و خوار ڕاوەستاون و هەرچەندی دەکەن گریانیان نایە. پیاوی هیچ و بێ غیرەت وێنەکەشی کار لە پیاوی ناکا، کەچی وێنەی پیاوی لێهاتوو هەر بۆخۆی تابلۆیەکی ((ئیمپەرسیونیست))ییە و هەر چۆنێکی تەماشاکەی جۆرە کاریگەریەکی لەسەر بینەر هەر هەیە. نازانم ئەو دەمی لە چ بارودۆخ و هەستێکی دابووم- کە هەر ڕەنگە لەوێبوونی ڕووناك خانمێ بووبێ وای لێکردبم... هەر لەگەڵ چەسپ لە سیگار دانێمدا کە ئاوڕم دەدایەوە تیلەی چاوێکم دەدایەوە وێنەکە چاوەڕێ بووم وێنەکە هەر بەو گرژی و مرچ و مۆنی روخسارەیەوە کە دەیویست تێکەڵی زەردەخەنەیەکی تفت و تاڵیکاو بە هەمان شێوە زمانە ئازەریە قوورسەکەیەوە بڵێ: ((ئەرێ هوگوگی ئەم مانگەتان نەگرفتگە؟))-ئای کە سەرنجی وێنەکە نیگەران بوو، ئەم پرسیارە ئی هەموو ساڵێکی سەرەتای مانگی ئوردیبەهەشت بوو، کە هەروا چەند ڕۆژێك درەنگتریان دەخستە سەر حیسابێ و ئەو هەموو ساڵێ بەردەوام چەند جارێکان دەچووە سەردانی بانك و دەیگوت: ((دەڵێن هێشتا پارەیان نەکردۆتە سەر حیسابێ)) و سەر و بنی هەموو ئەو ((هوگوگەی)) کە دەبوو پارەی بۆ بخەنە سەر حیسابێ و نەیانخستبووە سەرێ تەنیا پێنج هەزار تومان بوو. ((ئێوە وەرتان نەگرتگە؟))

جێی پیانۆ-ئەگەر پیانۆیەك هەبایە و مەحکووم بە مانەوەی ناو ئەم زنجە بوایە- ڕێك ئەم گۆشەیە دەبوو- ئەو جێیەی دیوارەکەی تەپیبوو و دووباریکە کاغەزی چڵکن، کە وەك دوو سۆرانی-فەقێیانە- (کە لانگوچك)ی کوردی پێدا هاتبوونە خوارێ و شۆڕببوونەوە-

دیار نەبوو تەڕایی و شێی چەند ساڵی پێش ئێستابوو- ئی سەردەمی پەهلەوی یەکەم یا ئی سەردەمی پەهلەوی دووەم بوو.

ژنەکەم زۆر بازرگانانە، بەڵام بە دەنگێکی تووڕە و داواکارانەوە گوتی: ((بابە گیان، ژنەکەشی بێ سەلیقەیە- ئەوەندە هۆشەی نییە هەر نەبێ ئەو کاغەزانەی دیواری بگۆڕێ...!))

((ئاە...))

((ئافەرین!))

بەخۆهاتمەوە. پار بوو کە بە منداڵەکانی دەگوت: ((ئێوە دەبێ شانازی بەوەیەوە بکەن کە باوکێکی ئاواتان هەیە- کە پەیکەری سەربڵندییە بوو...))

((ئافەرین!)) کچە کەڕولاڵەکە بەو شانازییەوە دەستیکردەوە بە نەزگران و بە هێڕو وێڕییەوە پێکەنی.



((...من هاوکاری بووم، لە نزیکەوە دەمناسین... من یەکێکی دەناسم ئەگەر بیویستبایە، ئێستا ئەویش وەك زۆرانی دیکە خاوەنی هەزار و هەزاران بوو... ئێستا پارکی دەبوو، و ئۆتۆمبێلی دەبوو...))

((ئەل فاتیحە مەعە سسەڵەوات!))

((ئەڵڵاهومە سەڵلی عەلا...)) و بێدەنگی.

ژنەکەم دووبارە زۆر بازرگانانە گوتیەوە: ((لێنەهاتوو بووە... ئەمانە بۆ ئەو منداڵە بەستەزمانە کەڕولاڵەی نابنە نان و ئاو... ئەگەر بیویستبایە! هە... نەخێر ئەگەر لێهاتووبایە...!)) و بە تووڕەییەوە سەیری کچە کەڕولاڵ و دایکەکەیانی کرد، و سەرێکی بادا...

دایکەکەیان ئاگای لێبوو. گوتی: ((ئەم منداڵەیانی زۆر خۆشدەویست-لە هەموان زیاتر...)) زۆر کزەڵۆکانە خۆی جوڵاندەوە.

((لێنەهاتوو بوو... ئێستا ئەو منداڵە ناسکۆڵە پاکانە دەبێ هەر لە ((پەیکەری سەربڵند))ییەوە هەڵڕوانن تا تێر بن! ئەو جۆرە مرۆڤانە مرۆڤی نارەسەنن... سەربەرز و بڵند ئێمەین!)) و بە تووڕەییەوە سەیرێکی منیشی کرد، کە قیت و قنج دانیشتبووم، بەڵام منیش هێندە ((لێهاتوو))نیم- ((مەگەر ئەو خوالێخۆشبووەی دی...))

((خودای لێ خۆشبێ!))

((خوا پاداشتی چاکەتان داتەوە... لوتفتان فەرموو، زەحمەتتان کێشا...))

((شەوی حەوتانەی ئەو خوالێخۆشبووە...))

بەڵام ژنەکەم هەروا ئەسپی خۆی تاودەدا و دەبەزێ و بەردەوام بۆڵە و خوتەیەتی و پلاران داوێتە مردووی کۆچکردوو تا مردووی ئایندە گوێی لێبێ-بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێبێ-: ((کەس گوتوویەتی ماڵی خواردووە!؟ خواردی، ماڵی دەوڵەتی خواردووە، ماڵی کۆمپانیای خواردووە، ماڵی ئەو خەڵکە نەزان و تێنەگەیشتووەی خواردووە، کە دۆ و دۆشاویان لا وەك یەکە... ئەگەر دکتۆر رەچێتەی نەنووسێ دەڵێن نەخوێندەوارە، دەبێ شتێکی بنووسی بەقەد قەباڵەی سەردەمی نادرشای تا یارۆ بزانێ خوێندەواری-نۆشی گیانت بێ... هێندەی داودەرمانی رەنگاوڕەنگ پێوە هەڵواسە تا یەك ساڵ تەختی نەخۆشخانەت بەتاڵ نەبێ...!))

ئەو دۆستەی تەنیشتێوە گوتی: ((زۆر سادە و ساکاربوو. بەستەزمانە هەروەك منداڵێکی پاك و بێ گوناە بوو- نازانم چۆن ناوچەیەکی بەڕێوەدەبرد...))

((دیارە ئەوێشی وەك ماڵەکەی...))

منداڵی پاك!... هەموو هەر پاکن... پاکیش نەبێ خێرەومەند هەن، ئاگادارن. بەگوێرەی رۆژگار، کە باران باری زەندۆڵ نامێنن، رابورد و دەڕوا... دۆستایەتی بۆ ئەو جێیانەیە... دەبێ بە یەك ڕوویییەوە لەگەڵ یەکدابین- پێکەوە بوون چاکترە لە پێکەوە نەبوونێ- هەر نەبێ خۆ یەکتر دەناسین. هەریەکەمان دەزانێ ئەویدی چی لە باراندایە و ئەوەی دەیڵێ چەندی راستە و چەندی درۆیە- ئەودەمی هەموو کەس دیارە، ئیدی لەوەی دەردەچێ گەز و ربەی یەکتری بە تاقیکەنەوە من پێموایە خۆ ئەگەر بێت و رۆژێك ئەو ئاوارانەش رۆژێك بێنەوە ولاٌتی و وەك هەندەران گرووپی تایبەتی دامەزرێنن ئەودەمی دەبینە یەك شەوە و هەریەکە دەبینە ئەندامی گرووپێك و خۆ ئەگەر پیانۆیەکیش هەبێت ئەوە لە پرسە و فاتیحایانیشدا هاوبەشییە دەکەین- راستییەکەی لە پرسە و دانیشتنەکانی خۆمانەدا- ئەویش خۆ هەر بەرتیلێکە دەیدەینە یەکتری تا پرسە و فاتیحا و چلەکانمان چۆڵ نەبن، تا جێمان بە هەشت بێت و فیردەوسی بەرین. بە هەرحاڵ خۆ هەندێکی لەو بابەتانەمان لەسەر کێلی قەبرەکان هەر دەنووسرێن، چ لەوەش چاکتر هەیە کە بە زمانیش بیلێین و دوعای خێرمان بۆ بکەن...

دەستێك هاواری لێ هەستا بوو لە دەست ژن و خان باجیان- دەڵێ ژن چاوی لە هەموو شتێکیەوەیە، دەیانەوێ مێردەکەیان هەموو شتێك و هەمە کارە بن: لەلایەنی سامانەوە شتێکی وەك ئۆناسیس، لەلایەنی ئەدەبیاتەوە جۆن پۆل سارتەرێك و لەلایەنی قەد و بالاٌو رێك و پێکی و جوانیشەوە لە رێزی ئالویس بریسلی یا مایکل جاکسۆن دابن و هەروا کەمێکیش بچنەوە سەر محەممەد عەلی کلای و تۆزێکیش بە ئەنیشتاین بچن وای، ئەوە ئەو پیاوە چ دەڵێ!... ئەوە دیارە هیچ شتێکی خۆی نییە بیڵێ، قسە و نووسینی خەڵکی دی دووپاتدەکاتەوە-ئەو شتانەی کە نووسیویانە و داویانەتە دەستی- چونکە خۆ ئەو ناتوانێ لەو جل و بەرگ و لەسەر ئەو مینبەرەیڕا قسەی بێ ڕێ و جێ بکات. خوالێخۆشبوو هەروا بە پتێکی دەبێتە نووسەر، لێکۆڵەرەوە، شاعیر، خانەدان، دەست ڕۆیشتوو و پاك، تێکۆشەر، جوامێر-جاوەرە و سەیرێ! مرۆڤ جاری وایە تووڕە دەبێ، هەرچەندە دەزانی ئەوە یەکێك مردووە، و هیچ کەسایەتییەکیشی نییە و ئەوەش نییە سینگت لێ دەرپەڕێنێ و خۆت لە سەربادا و بلێ ئەوەتام، کە بۆ خۆشت چاك دەزانی هەر نییە. بۆ خۆی چەندین جاری بیستووە: ((یادتان بەخێر، ئێمەش هەروەك ئەرکێك ((بەرگری))مان کردووە... کەچی ناڕەحەت دەبی- بابە، وەڵلاٌ، بەو جۆرە نەبوو، وانەبوو، بەپیر بە پێغەمبەر خوێندەواریشی نەبوو، ولاٌغی بە ((طا))ی دەستەدار دەنووسی... هەی ماڵت خرا بێت، ئەو هەموو درۆیە بۆ! هەرچەندە لێرەدا



مەبەست- بە قسەی دەروونزانان- ئارەزووە وەدی نەهاتووەکانی زیندووەکانە، کە پێیان خۆشە و دڵیان بەوە دەکرێتەوە باوك یا برا یا مێردەکانیان بەشێکیان لەو شتە ماقووڵ و مەقبوولاٌنە بەرکەوێ و باس بکرێن.

ئای... ئەگەر بۆخۆیان (مردووەکان) گوێیان لەو هەموو پێداهەڵگوتنانە دەبوو چەند دڵخۆش دەبوون!... قوربانی سەرت بم! تەمەنێکی تەواوم بە هەمووان رابوارد نەیانزانی و هەستیان پێنەکرد! و ئێستاش ئەوەتا رێزدار هەرمنم، و پیاوی شەریف ببێ هەر منم، و دروستکار و تێکۆشەر، و ئەو هەموو دانشمەندیەش خوا نەیبڕێ... گێلەکانیش...! پەند و ئامۆژگارییە دەدەنە خەڵکی: سامانی نارەوا زوو لەبن دێ و زوو بۆگەن دەکا! وەك بۆگەنێکی لەپێشدا بە لووتی ئەو کەسەیدا هەڵدەچێ کە لێوەی هاتۆتە دەرێ! گێلە!

((ئەل فاتیحا))

((لە پاش مردووان ڕەحمەت چاکە...)) بەڵێ، بەلاٌم نابێ درۆش بکرێن. حاجییەکی شەهریاریم دەناسی کە هەمیشە دەم و لێو بەنزاو پاڕانەوە بوو و هەرگیز لە تەزبیحاتیش ڕانەدەوەستا و تەزبیحی هەر لەنێو قامکاندا بوو. رۆژێکی لە ڕۆژان باری دەباتە شاری، هاتوچۆی شاری دەکرد، یەك دوو شەوان دەمایەوە، تا سەر و سەودا و حیسابی هەموو یەك لادەکردنەوە، ئەوەی بیویستبایە دەیکڕی و دەگەڕایەوە. ئەمجارەشیان هەروەك جارەکانی دی باری دەبا و لە دەمی پارەژمێری و ڕاست و رێکردنی حیسابێدا لەپڕ لە گەڕەکێکی بەدناوی گوماناوی خراپدا دڵی ڕادەوەستێ. بۆ سبەینێ خاو و خێزان و بنەماڵەکەی ئاگادار دەکەنەوە، کە تەرمەکەی لە ((دەروازە قەزوینە)) بیبەنە پزیشکی یاسایی.

پرسەی بوو، منیش چووبووم. ئەوەی کە دەهات، زەردەخەنە بە لێوانەوە ئەوجا سەرەخۆشی دەکرد و دەیگوت: ((سەرەخۆشیتان عەرزدەکەم، هەهە...)) زۆر بەکورتی و بەسپایی و بەسەری لووتی سەرەخۆشییەکەی دەکرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەك دوای مردووەکە کە هیچی خراپیان نەدەگوت، زۆر شتیشیان گوتن کە بەڕاستی چاك بوون: ئای کە دەست و دڵ والاٌبوو، چەند بە بەزەیی، چەند هەتیو نەواز، و چەند ڕاست و ڕەوان... خودا ماڵتان کاول کا، ڕەنگە بۆ هەتیو نەوازی و ڕاست بازییە هەر سەری پێوە نەبووبێ!

حاجی رەحیمی شارەکەی مە ڕاستی دەکرد کە-پارەت هەبێ هەموو شتێکت هەیە- دنیا، سیاسەت، دۆست... هەروا شتێکیان باوێیە بەرێ دەبییە هەتیونەواز، بازرگانی نیشتمانی. ئەگەر لیبرالیسم شەرم بێت! ئەوە هەموو دەبنە یەك رەنگ، هەموو دەبنە بەهەشتی... رەنگە

هەر بۆیەش بێت کە تا لە پرسەی دەبنەوە و تاقم تاقم و دەستە دەستە دێنە دەرێ هەموو ڕادەوەستن و گوڵ دەڵێن و گوڵ دەبیسن و هێشتاش بنەماڵە و کەسوکاری خوالێخۆشبووش دوو هەنگاو بەولاوەترەوە دوور نەکەوتوونەوە فلقە فلقی پێکەنینێ بەرهەڵدا دەکەن.

## -٢-

مێشکم لەپڕ بازرەقەی بەست، چەند فرسەخێك لە دانیشتنێ پرسە و فاتیحای دوورکەوتەوە. مێشك کاتێ بە زنجیری ڕووداوەکانەوە گیردەبێ ئیدی ئیختیاری بەدەست خۆیەوە نامێنێ-وەك خودی کەسەکە خۆی.

هەروەك دوێنێ بێ. بەفر چوو بۆوە. بەهار هاتبوو. بەهار دەمی دابوو.

- نەوبەهاریش جوانە، بە قسەی خەڵکانی لای خۆمان، وەك کیژۆڵەی کاڵە.
- وەك میوەیەکە کە هێشتا شوێنەوار و نیشانەی گەینیێی لێ دەرنەداوە و ڕەگێکی کاڵییەی هەر تێدایە. کیژۆڵەی کاڵیش هەروایە-هێشتا هونەری نازان نازانێ و فێر نەبووە، نازی سروشتین.

هاوین هاتبوو... هاوینیش وەك ژنێکییە چەند زگێکی کردبن- لەسەر لێواری نشێوی جوانییەیە... مندالەکان پێگەیون، گەڵای درەختی دایك روو لە ژاکانێیە، لاوەتی هەروادێ و ڕەنگی کاڵ دەبێتەوە، تەڕ و بڕی و گەشاوەیی نامێنێ. هەندێك دواتر پایزە، ئەویش وەك زەوی دەبێ خۆی بۆ خەوی زستانێ-بۆ مردن- ئامادەکا...

بەروبووم هەڵگیراونەوە، ئیدی کاریان بەو نەماوە...

هەموو شتێکی بەرەو مەرگ جێی بەزەیی و زگ پێ سووتانێیە-هەر لە زەوییەوە بیگرە تا درەخت، لە گوڵەوە تا گیا، لە تەلارەوە تا زنج و کۆڵیتێك... کێو نامرێ-هەر بۆیەشە کە زستان و بەهار جوانن... ڕووباریش-میللەتیش- هەموو میللەتان جوانن، وەك جوانی ڕووبارەکان.

ژیان شتێکی سەیرە. ڕووداو و بەسەرهاتەکان تاریك و لێڵ و پێڵ دیارن و کاتێ کە چاك وردبییەوە و سەیرکەی دەبینی هەروەك دوێنێ ڕوویاندابێ و قەومابن، خۆ هەروا بە ئاستەم بجوڵێیەوە وە ئانیشکی دەستی ئاوەڵەکەت دەکەویەوە. بۆنی دەوروبەرەکەت دەکەیەوە و هەستی نیگەرانی و پەستییە دەکەیەوەو ماتی داتدەگرێ...

ئەرێ بەڕاست ئەوە بۆچی ڕابوردوو تا دوور دەکەوێتەوە ڕوون و ڕەوانتر دەبێتەوە؟ من جاری وایە لە بیرم دەچێتەوە دوێنێ چم خواردووە یا چمکردووە، کەچی ڕابووردوو زۆر چاك دەبینمەوە



و کاتێ بیر لە خەڵکەکەی دەکەمەوە کەم تا کورتی هەموو چرچ و لۆچ و هێڵەکانی دەموچاو و ڕوخساریانم لەبەرچاوە و دەیانبینمەوە-هەر ئەوەندە نییە کە لەبیر و خەیاڵی خۆمدا، لێیان ناچمە پێشێ و ئەولاولایان ماچ ناکەم...

پێنج شەش سالانە بووم کە بۆ یەکەمجار ڕەعنا خانم دیت...((نەکەی! نەکەی بە کەس بڵێی... چاکت گوێ لێبێ..!)) و گوێیەکانی ڕاکێشام، تا باش ببیستن. ((هەر کەسێك پرسی, بڵێ نەمدیوە، نازانم-نازانم ڕاحەتی گیانم... سەرێك نەیەشێ پرێسکەی لێ مەپێچە.)) هەوت ببووم، چونکە وا ڕاهاتبووین هەرچی بماندیبایە یا بمانبیستبایە دەمانگێڕایەوە، ئەمە بەشێکی یا شێوازێکی ((پاراستن)) بوو- و ئێستا بۆ نابێ بیلێم، بۆ پێمان دەلێن نابێ بیلێین، بۆ کە سەرت نەیەشێ نابێ پرێسکەی لێ بپێچی- ئەدی ئەو مێزەرە چییە؟

نەمدەزانی کە وەك دەڵێن چیرۆککگەلێك هاتبوون و کەسایەتییە هەوەڵێ و کەسایەتییەکانی دیشیان هەر هەڵبژاردبوون و دەبایە ڕێچکەی ((سروشتی)) خۆیان ببڕن-ئاخر بە قسەی ڕووداوان، گوایە ئەو چیرۆکانە بەشێوەیەکی سادە ڕوو دەدەن- هەرچەندە خۆشیان ناسادە بن... ئەوە هەر خەیاڵەکانی مەیە کە قارەمان و پاڵەوانان دروستدەکات.

ئیدی بەهەرحاڵ چیرۆك هاتبوو و وەك دەمێکیش بێ هاتبێ، گوایە دایکم دیویەتی و کەسانی دیش هەر دیویانە و ئەوە هەرمن بووم کە نەدەبایە بە کەسی بڵێم و ئەگەر بمگوتبایە نەعلەت لە بابی بێ ئەگەر ئەو زمانە سەگباب خێوەم داغ نەکا...

دەو کات و ساتەی ڕۆژێدا نەدەبوو لەوێ بم. دایکم هەروەك هەموو جاران هەروا لەخۆوە پێم هەڵپڕژا بوو، و منیش غەزریبووم، و قولابەی ماسییانم تاودابووییە، و چووبوومە ((گۆمە سپی))یە ماسییان بگرم، باشە دەی، ئێستا کەوایە با بۆخۆی نانی بۆ بابەی ببا! بەخۆ و بە قەپێلکە شخارتەی پڕ لە کرم و قولابەکەمەوە... دانیشتبووم و قولابەم هاویشتبووە گۆمێوە و لە ئاوەکەیەوە ڕامابووم و لەگەڵ هەرایەکەی دایکم و هاتنەوەی بابم لە دەشتێ خەریك بووم. دەمزانی ئاخیرەکەی هەر ملی بابەی دەگرێتەوە کە بەڵێ، کوڕەی کردۆتە کەڵەگا، و کەس بە پیاو نازانێ و گوی بە کلاوی کەس ناپیوێ و گاڵتەی بە هەموو کەسی دەکات و تا یەکێك دەڵێ یەك ئەو لە دەیانیش دەبێتەوە و هەر هێندەشی ماوە ڕۆژێکی تەڕکێك تاوداتێ و بەنێو خەڵکی کەوێ... چاوت ڕوون ڕۆژێکی هەڵیدەگرێتەوە، ئەو دووکەڵە دەچێتە چاوی خۆشییەوە- چاوی بابە... ئەگەر نەچوو- ئەوە من مردوو و ئێوە زیندوو!

خەریکی بیرکردنەوەی ئەو شەڕەی بووم. سروشت لە کەفوکوڵی خۆی کەوتبوو، هەموو ئەو جۆش و خرۆش و کەف و کوڵەی ئەسپاردبووە چرۆ و گەڵاوگوڵ و غونچە و چەهچەهەی مەل و

باڵندان و بارەکەی ڕاست کردبۆوە. شنە بایەکی خۆشی دەهات و کەروێشکەی بەڕووی سەرەوەی ئاوەکە دەکرد و ڕووبار تازە لە سڕوسۆڵێەی رزگار ببوو و وەك سەماکەران دەهات و دەچوو و لەش و لاری خۆی بادەدا و لەسەرخۆ سەمای دەکرد، و وەك گەنمی مەزرایە خۆی دینا و دەبرد و قەد و باڵاو کەمەری شلکی خۆی بادەدا و لەگەڵ هەر خۆبادانێکیشیدا تیشکێکی دەگرت و دەیانی دیکەشی دەدایەوە ئاسمانێ.

زەنگە سوورەیەك بە سستی دەور و خولی سەری دەدام، مێشوولەکانیش بە گۆرانییەوە سەمایان دەکرد، و من سەر و کەللەم بۆش بوو. هەموو جێیەك تا دڵ حەزکات و بییەوێ و تەنانەت هەستی غەم و دڵتەنگیەش بکات، ئارام بوو: دیمەنەکان، کێوی بەرامبەری، تاشە بەردە خزیوە دەرپەڕیوەکانی لوتکەی چیای، داروبار، و بیەڵێن و جەگەنەکانی دەم ڕووبارێ و مراوییەکانی دوور لە چاوی ڕاوچیانی ناو ئاوێ کە هەر خۆیان نقومدەکرد و دەهاتنەوە دەرێ- هەروەك ئێمەی زارۆکان- سەریان رادەوەشاند و ئاویان لەخۆ دەتەکاند و تاوێکی نەدەبرد خۆیان تێدەکردەوە- بە بێدەنگی...

بابە راستی دەکرد کە دەیگوت خوا لە مراوییەی خۆشبەختتر دروست نەکردووە: لەبن ئاوێ، لەسەر ئاوێ، لە وشکانییە، لە هەوایدا... لە هەموو خۆشییەکان بەرخوردارە! خوداوەند تەنیا شتێکی لێ چاو بووە و نەیداوەتێ ئەویش جووتە چنگ و نینۆکێکی تیژە، نا لەگەڵ هەلۆیانی پێ بجەنگێ... ماشەڵڵا لە قودرەتی خودای-هیچ کارێکی بێ حیکمەت نییە، خۆ ئەگەر هاتبایە و چەنگ و نینۆکیشی هەبان ئیدی پەنا بەخوا، خوداشی نەدەناسی. ئەگەر هاتبایە و خوداوەند تەمەنی تا هەتایەی دابایە زۆرمەند و زۆرداران هیچ شتێکیان نەدەهێشت... هەر بە قوربانی قودرەتت بم خودایە... دنیای بە ((دەستەندە)) دروستکردووە- ئەوڕۆ هەتە سبەینێ نیتە، ئەوەش هەر بۆ هەندێیە بزانی کە سامان و ماڵ و دەوڵەت تا سەر نییە، یا تابزانی لێپرسینەوە و لێ پێچانەوەیەك هەر هەیە... بابە ئەوانەی هەموو لە ((بابە سەی عەلی)) یەوە هەڵگرتبوونەوە و فێریان ببوو. بەڵێ، دنیا هەموو جێیەك و هەموو شتێکی بە کێشە و پێوانە- ئەوە ئەمن لەوبەری ئاوێ، لەبن سێبەری دارییەکی لەسەر رۆخی ڕووبارێم- ڕووت و قووت و تەپ...

پەتی قولابێم دە ئاوێدا وێڵە و منی -تەپ-یش دە شەپۆلی بێ ئاگاییەدا سووکەڵە دەڕۆم، هەر ڕاست وەك ئەو مراوییەی کە لە پشت تووتڕکەکانمەوە دەدیت...

لە دەنگی پێکداهاتنی فشاری هەواو بەربوونەوەی شتێکی بۆ ناو ئاوەکەی وەك لە خەوێدا بم راپەڕیم، مراوییەکیش هەر دەرپەڕی-دوای چەند چرکە ساتێك لەگەڵ فڕکە فڕکی جووتە باڵێکی بریسکەی بن زگی ماسیخۆرکێکم دیت کە ماسییەکی سپی بە چنگانەوە بوو... چەند



دەنگێکم هاتنە بەر گوێی- ئاوڕێکم دایەوە... ماسیخۆرکەیەکی دیش ماسییەکی سپی دیکەی بە چنگانەوە بوو... ها! لەنێوان لق و پۆپ و گەڵا تێکچڕژاوەکانی توتڕکەکانڕا سەرێکم خوارکردەوە... ڕەعنا خانم بوو... دواییەم زانی- تا ئەو دەمی ڕەعنا خانم نەدیتبوو... نەشمدەناسی. یەك دوو رۆژ دوای ئەو دیتنەی لەگەڵ براژنەکەی هاتنە سەردانی ماڵێ ئاغا دێیەکەی مە-لەگەڵ ئاغا دێیەکەی مەدا کچە مام و کوڕە مام (ئامۆزا) بوون. ڕەعنا خانم و کاك سەعید بوون کاك سەعیدی کوڕی کوێخا رەحیمی... کاك سەعیدم دەناسی. یەك دوو جاران لەگەڵ بابمدا لەڕێی چوونە شاری گەیبووینەیەك. ڕەعنا خانم هەروەك ژنانی ((ئاغایان)) کراسی کرێشەی گوڵدار و ڕیزچنێکی جوانی لەبەرکردبوو، و سەرپۆش و بەرمور و مێیخەکبەند و گۆبەرۆك و گوارە و لەرزانەی وەخۆ خستبوون- و کڵاوی دوو چینی لەسەر نابوو. کورتە باڵابوو، بەو پێیەی تۆزێك، باڵای خۆی بڵندکرد بوو...

کەوتمە سەرە تاتکە و سەیرکردنێ... ئەو دەمی وەك دەیانگوت هێشتا چاکە و خراپەم لێك نەدەکردنەوە-هەرچەندە دەشمزانی، بەڵام هەستم پێنەدەکرد، یانی هەستم بەو شتانە نەدەکرد کە جحێڵەکان دەیانکرد. بەڵام دایکم دەیگوت بەو قەڵافەتەوە وەك سەرت لەشتان بخورێ کە هەر دەڵێی کلکی کلك هەڵسەنگێنەی سەر و گوێیان بادەدەی، راستیشی دەکرد، ئەو سەروگوێیەی ئەو دەیگوت زیاتر بە کلکی کلك هەڵسەنگێنەی دەچوو تا جێیەکی تری. ((زۆر چاکە، باشە... بە خزمەت تۆش ڕادەگەم-ئەوە دیارە تۆش سەرگوێت دەجووڵێن! و ئیدی ئەو شتانە- بەوقونجرك و تانە و تەشەرانەشی-لە هەموو جێیەکی و لەلای هەر کەس و ناکەسێکی رێك کەوتبایە دەگوت- لای خوشکەکانی، لای پوورە مەعسوومە، و دایە ڕەیحانێ. ئەوانیش جاری وابوو پێدەکەنین و جاری واشبوو بەدرۆوە لێویان هەڵدەقرچاندن- یانی ئەو تیتروەسکەش! هەر لە ئێستاوە! و بە ڕوویەکی واشیانەوە تێدەڕوانیم وەك بڵێی هیچم لێ پەیدا نابێت و هەرگیز نابمە هیچ. یەك دوو جارانیش کە لە دەشتێوە بەسواری ماکەرەکەمان هاتبوومەوە بێشەرمانە کلکی ئەو بەستەزمانەی بڵند کردووە و تەماشای کردووە، و لێوی هەڵقرچاندووە- هەرچەندە دەشیزانی کە من هەرگیز نەقیزەی لەکەر و گایان ناوەژێنم. ((باشە ئەوە سوڕدەبینی کە نەقیزەم پێ نییە... ئەوە دیاریشە کە بریندار نەبووە!)) و کەچی بە تووڕەییەوە گوتوویەتی: ((باشە، دەزانم- دیتوومە!)) بەڵام من ئەو دەمی گیانم بێ ئاگای هەموو ئەو شتانە بوو، بۆیە بەرچاوم تاریك دەبوو. ئێستاش ئەوە من قولابم بردووە، کەچی ئەو دەڵێ کاك سەعید ماسی گرتووە!...

هەردووکیان پێکەوە لەسەر سەوزەگیای بوون لەبن ((بییە گەورە))ی و وەك ئاشقە و ماشقەی تێك ئاڵابوون و یەکتریان دەگەوزاند و فسکە فسکیان بوو. بابە دەیگوت: ((ئەوە

وەك ئەوەی وایە جوانووە ماینێكی زۆر ڕەسەن بێنی و لە ئەسپی عارەبانەی چاك كەی!))
بەڵام كاك سەعید بەڕاستی لاوێكی لێوەشاوە و جوان و لێهاتوو بوو- باڵا بەرز و كەڵەگەت، تۆكمە، دەموچاوێكی بەتاوێ سووتا و و چەناگە باریك، و دەمولووت بە یاسا و ڕێسا، و سمێڵی كوردی-ماشاڵڵا- بە قسەی دایكم-بە برای بێ دەڵێی داری عەرعەرە- لە كاتێكا كە لە هیچ یەكێك لە چیاكانی شارو ئاوەدانییەكانی مەدا دار عەرعەر نەبوو، و ئێمە هەر ڕەنگیشیمان نەدیبوو.

نەمزانی چیمكرد چۆن جووڵامەوە یا چۆن و چ بوو-ڕەنگە هەر نەشجووڵابمەوە و تەنیا كاریگەرییە تێڕامانەكەم بووبێ- كە لەپڕ وەك ماری پێوەدابن، یا تەقەی گوللەیەكیان بیستبێ، لێك جودا بوونەوە. سەرەتا قیت دانیشتن، ئەوجا هەر بەهەمان دەستوبردییەوە هەستانە سەرپێ. ڕەعنا خانم هیچ ڕانەوەستا، لایەكی سەر پۆشەكەی هێنایە خوارێ و بە دامێنی ((دار هەرمێ))یەكاندا. بەرەو لای دێیەكەی خۆیانەوە دایقەڵاشت. كاك سەعیدیش وەك بزنە كێوییە كە بۆنی ئادەمیزادی كردبێ سەرەتا سەرێكی بەڕاست و چەپەی خۆیاندا باداو بۆنێكی بە هەواوە كرد و ئەوجا زۆر سادە و ساكارانە پرسی: ((ئەوە دەمێكە لێرەی؟... خەوم لێكەوتبوو، چاك بوو هەڵتستاندم)) و باوێشكێكیدا. ((ئەوە خەریكی چی؟)) تۆ كوڕی كاكە خانە نیت؟))

گوتم: ((با-خەریكی ماسییانم...))

دەستی بۆ بەرپشتێندەكەیەوە برد و قوتووە جگەرەكەی دەرێنا. ((ئاە، بەڵام دەڵێی هیچت نەگرتووە!... ئێرەجێی ماسییان نییە- ئێرە ((گۆمە))، خەتەرناكە... لە چاوانت ڕادیارە تۆش نووستبی!...كێ پێی گوتووی بێی لێرە ماسییان بگری؟))

گوتم: ((ئێرە ماڵی دێیەكەی خۆمانە))- بە ترس و لەرزێكەوە لەژێرەوە سەیرێكم كردێ... وەك بڵێی چاوی عەردی نەدەدیت. ((هەر بۆخۆم هاتووم...))

((كەواتە قولابەكەت تاودەیە و بڕۆوە ماڵێ... ئەگەر لێشیان پرسیت بڵێ كاك سەعید نەیهێشت...)) هەستابوومە سەر پێیان... یەك دوو هەنگاو كە ڕۆیشتم-بانگی كردمەوە:

((راوەستە بزانم))- ڕاوەستام. ((ئەگەر كەسێك پرسی دەڵێی چی؟))

((چی پرسی؟...))

سیگارەكەی پێچایەوە، زمانێكی بە لێواری پەڕەسیگارەكەیدا هێنا و قامكێكی لێ خشاند... دیاربوو بیری لە شتێكی دەكردەوە: هەروا لە سیگارەكەوە ڕامابوو. كاتێ سیگارەكەی بە دوو قامكان جوان ساف و لووسكرد كەمێك تووتنی دیكەشی وەسەركردەوە و بەسەری قامكێی لێوە سیگارەكە بەسەر یەكدا نوشتاندەوە، و دەستی برد دارسیگارە



((بەڵاڵوك))ەكەشی لەبەر پشتێندێ دەرێنا. سیگارەكەی پێوەكرد، و بەلای لێویەوە ناو بە ددانی گرتی و ((ئەستێ و بەرد)) یشی لە گیرفانی سەرەوەی مرادخانییەكەی دەرێنا. ((ئەستێ و بەردی)) لێكدان و پووشوەكە گرتی و سیگارەكەی پێ داگیرساند و دوو سێ چەسپی پەی دەرپەی لێدا. ئەوجا وەك میانەیەك لە نێوانێدا نەمابێ گوتی: ((هیچ، ئەگەر كەسێك پرسی بڵێ كاك سەعید گوتی ئێرە ((گۆم))ە، قووڵە لەوانەیە ببۆرژێم و بكەومە ئاوەكێوە... تێگەیشتی؟))

تێگەیشتم.

شەو بوو، راكشابووم، و جاجمەكەم بەسەر دەموچاومدا هەڵكێشا بوو تا دایكم نەبینم. هێندەی بۆڵاند بوو جاڕسی كردبووم: سەگی بەرەڵڵا، سەی پێ سووتاو، مەیموونی لۆتی مرادی، خلەشێت... هەرچی بەزاریدا دەهات دەیگوت و هەرچی ناوی جڕ و جانەوەرانی دنیایە لێیدەنام. بابەش خەریكی داس تیژكردنێ بوو بە بەردەسانی، و پشیلەكەش خەریكی نینۆك تیژ كردنەوەی بوو و سیسركانیش هەروا جیڕەجیڕ یان بوو، ئاگرەكەش بەردەوام چرقەی دەهات و هەر كە مەشخەڵی ئاگرەكە دەچڕقایەوە كزدەبۆوە-دێیەكەمان ((نسرمە))، چلەی هاوینێ ئاگری دەكەینەوە- هێشتا نەچووینەتە سەر كەپرێ بۆ نووستنێ. لاولاو بەدەم خەوێوە بنێشتی دەجوی، و نەرمی مشەمشی بوو... خەوم نەدەهات.

((...خوا بە جحێڵییە خۆی ببەخشێ، كەوتۆتە داوێكی ئاڵۆزەوە-ئەمانە نازانن بەزەیی چییە...)) نەمدەزانی بۆ ناچمەوە سەر ئەو پێشەكییەی!- ئاخر پێشەكی هەمان ئەو داستانەبوو كە دەبیرو مێشكی مندا راوێچكەی بوو- باسەكە باسی كاك سەعیدی بوو.

((...دە داوێكی ئاڵۆز كەوتووە...)) پێدەچوو لە پێشەكییە تێپەڕیبێ!

بابە گوتی: ((تۆ لەكێت بیست؟... یانی هەروا بە عالەمی ئاشكرا!؟))

((هەی...تۆش! هەرماوە ناویان لە دەهۆڵی لۆتی مرادیدا دێ بەدێ و شار بە شار لێبدرێ و بڕوا... تۆ دەڵێی لە گوێی گایدا نووستووی... هەموو خەڵكی دەزانن!...))

لەلای مە بە چاوەشان دەڵێن لۆتی. كاتێ كە لۆتی دەگەیشتنە نێو گوندی یەكسەر بۆ دەركێ ماڵێ ئاغای دەچوون و دەستیاندەكرد بە دەهۆڵ كوتانێ و بە هەزار بەیت و باڵۆرە و ناو و بەرەناوان پێیان هەڵدەگوت و هەر بەدەم گوتنێوە، داوای سەر سەلامەتییە و بەردەوامییە ئاغایان دەخواست و شاباشیان دەویست. ئەگەر شاباشی نەدابایە، یا شاباشێكی وای نەدابایە ((ناوی دەچووە دە دەهۆڵییەوە))- دێ بە دێ دەڕۆیشتن، و باسی خراپەی وییان دەكرد, یا بە سارد و سڕییەوەیان ناو دێنا:

((هەر بەرقەرار بێ ئاغا فەرەج بەگ... خۆ عەبدوڵڵاخان نییە کە هەر ئاویشی لێ چاوبووین و نەیدایێ!)) و ئیدی لەو بابەتانە. بەبیرم دێ جارێکیان هاتنە دێیەکەی مە، ئاغا شاباشێکی وای نەدانێ!، لە جیاتیان، یەکێ لە میوانەکانی ئاغای کە لە ئاغا ڕووتەی سەردەمی ڕەزاشایدا شەرواڵ و بلوزی نیزامی لەبەر دەکرد و لەبەرچاوی لادێییەکان خۆی وا ڕادەنا کە پیاوی دەوڵەتێیە، لەگەڵ لۆتییەی کەوتە قسان بە فارسی، تا بیترسێنێ و نەهێڵێ ناوی ئاغای لە دەهۆڵێ باوێن.

دایکم لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ((دیارە دەیەوێ ئاوا تۆڵەی خۆی بکاتەوە-کچەی وەدوو خۆی دات و لێدا بچێتە عێراقێ. لە داوێکی ئاڵۆز کەوتووە... ئەوانە سڕبووون بەڵام نەمردوون، هەر هێندە گەرماییان گەییە پشتێ زیندوو دەبنەوە و گەزارەی دەردەکێشنەوە.))

سەرەتای حوکوومەتی ڕەزا شای بوو، و خان و بەگلەر هێشتا سڕ نەببوون. بابە بە دەنگ و ئاوازێکی پەرتەوە گوتی: ((بەڵێ... باشە... ویش، ویش)) ئەوە هەروا هێندە پتێکت لە یەکێکیاندا، ئیدی هەموو لە کون و کەلەبەرانڕا سەروەدەر دەنێن... ویش ویش... بەدبەختییە کرمانجی ئەوەیە- کە پشتی یەك نین... ویش، ویش... کەچی هەر هێندە بە فڵانە بەگت گوت سەگ، ئیدی هەزار گورگ و بێچووە گورگت لێ ڕاستدەبنەوە و ددانت لێ دەچیڕەوە دەبەن... ویش، ویش... کرمانجیان خەساندوون...))

ڕاستیدەکرد، من ئەمانەم هەموو دوایە بە چاوی خۆم دیت. دەردی گەورە ئەوەبوو و هەر ئەوەشە- ئەو بێ توانا بوونە، ئەو خەسانە... ئەوەی کە نەتوانی لێوهەڵێنیەوە و دەرکەی لەسەر خۆت داخەی و نەبیسی، و نەبینی- ئەوەم لە کارەسات و ڕووداوەکەی دادەشیرینێدا دیت. ئەمە لە مەرگیش کوشندەتر بوو-ئەمە دەرۆزەییە، بێ غیرەتییە، کرمانج ئەو شتانە هەموو بەچاوی خۆی دەبینێ، کەچی لە ڕاست و درۆیانیاندا هەر گومانێك ناکات. دەترسێ، ناوێرێ-لەوەی دەترسێ ببێتە بەشێك لەو شتەی کە دەبێ هەر دیبێتی و ناچارە کە دەبێ هەر ببینێ و ئەگەر وابێ نەیبینێ ئەوە کارەکان هەموو سەر لە بەرتێکدەچن. کرمانج بوونەوەرێکی سەیرە. هەر ئەو کرمانجە لە ڕکێفی خاندا، لەبەرگری کردنیی، تا ئەوپەڕی شێتایەتیە ئازایەتییە دەنوێنێ- هەر بۆ ئافەرین و دەستخۆشانەیەکی خۆی بە کوشت دەدا، هەر بۆ دڵخۆشی و رابواردن و سەیر و تەماشایەکی خان، بەدەستی بەتاڵەوە ئامبازی ورچێ دەبێ و دەگەڵی تێکەوە دەگلێ و خۆی شەت و پەت دەکا. بەڵام بێ وی و بۆخۆی، و بۆ بەرگریە لە مافی خۆی و بەرژوەندییەکانی، دەستی ناچێتە تفەنگێ. بۆ؟ لەبەروەی لە پێشدا دەبێ ئەوەی قبووڵبێ کە نۆکەر و پیاوی ئاغایە، ئەوجا دەست بۆ تفەنگێ بەرێ و بیهاوێ و بڵێ



پیاوی ئاغام پێدەڵێن، دەنا ئەگەر وانەڵێ تفەنگە ناتەقێ و فیشەکێ بەڕێ ناکا. خۆ ئەگەر بڵێ لەگەڵ سۆفی ئەحمەدە و لەگەڵ سۆفی رەسوڵ و دەروێش مەجیدیدا یەکن، لوولەی تفەنگەکەی هەڵدەزڕێ؟ سەگەلیش هەروان... تا یەکێکیان لە دواوە نەبێ و حەلەلەیان لێنەکا پەلامار نادەنە گورگی. هەر بۆیەشە کەکاتێك گورگ لەمەڕی دەدا لە پێشدا شوان بەخۆ و بە گۆچانەوە هێرش دەبا. لەو بێنە و بەرەیەیدا بەردەوام گۆچانی لە عەردی دەدا و تێیانەوە دەقولێنێ و سەگەکان هاندەدا. دەنا هەر هەمان سەربازی ئەو حوکوومەتە زۆردار، و ملهوڕانە، چن و کێن؟ و چ ماناییەکیان هەیە؟ ئەو سەربازە کوڕی هەمان سۆفی ئەحمەدە، منداڵی هەمان دەروێش مەجیدە و بەو مانایەی کە کوڕی تۆ، کوڕی من... من و تۆ-هەردوکمان- بکوژێ، تا ئاغایان خۆش بژین و خۆش ڕابوێرن... و ئەوجا وایان لێبکەن و وایان دروستکەن و ئەوتۆیان تێبگەیەنن-بەتایبەتی ئەگەر لادێیی بن- یا کوڕە شاریەکی تێماوی بێدەرەتان- کە ئێمە و مانان لەشاریدا موفت دە لەوەڕێین و کلکێ بادەدەین، ماڵی وان (ئاغایان) دەخۆین، تا بتوانن لەمەیان بەردەن و بڵێن: ((بوەستە!...)- ها چ بووە؟- حکوومەت حکوومەتی سەربازییە! ((کرێکار)) قاوقیژیان بەرپاکردووە، و خەوی ئاغای زڕاوە، بە قسەی بابە سەی عەلی، ئیلا ماشەڵڵا لە قودرەتی خودای. هەر لە چاخی بەردینەوە تا ئێستا نەخش و دەستکارەکانی گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە و هەروەك خۆی! سەردەمی وی دەیانهێنا لە قەراغ گۆمە ئاوێکی داوەستاویان دادەنا تا بەردەوام بەردان باوێتە گۆمێ و نەهێڵێ بۆقەکان قاڕە و قوڕیان بێت و پرخە پرخ و پف و پوفی ئاغای تێکدەن. ئێستا تەنیا ئامێری کارەکان گۆڕاوە- ئێستا گوللەیە بەنێو خەڵکی وەردەکەن، تا قاوقیژیان نەیە... ((بوەستە!... ناسنامەت... پسوولەی ڕێپێدان... لە کوێڕا دێی؟ ئەوجا جگەرەیەکی پێکات و تۆ ڕاگرێ، و زۆریشی کەیف بەوەی دێ کە رایگرتووی و خێرا خێراش چەسپان لە جگەرەکەی داتەوە، گوایە دەتوانێ راتگرێ و چەندیشی حەز لێبێ بتهێڵێتەوە. بن هەنگڵی ئارەقەیان دەرداوە و گەمرەی خوێی بەستووە، نانی خواردووە، زگی هەستاوە و بای کردووە- لەڕێی نیشتمان و ئەوانەی دیاردە و نوێنەری نیشتمانن و ئەو تفەنگەیان داوەتە دەستێ، و لە تەلارەکانیاندا ڕادەبوێرن- لەبەر ئەوانەیە کە تۆیان ڕاگرتووە و هێشتوویانیەوە-

نێوبڕی دوو سێ ویشە ویشی هەسان و داسەکەی کەوتە نێوانێ. سەرم لەبن جاجمەکەیەوە دەرێنا بە تەك دیواریەوە بوون, بەرامبەر پەنجەرەی. شەویش هەروا بە چاوی لاکێشەیی کتروکوێری پەنجەرەکەوە سەیری دیوی ژووریی دەکرد.

((ها؟- لە کێت بیست؟)) ویش، ویش!

((قسەی ماڵیٚ رەسوڵی بوو. وەك دەیانگوت كارلەكار ترازاوە)) و ئەوجا سەریٚكیان بادا ((های، ئەوە تۆ لە كویٚی... دەڵیٚی ئاگات لە هیچ نییە! واپیٚكەوە نووساون مەگەر ئاگریان لەبن كلكیٚ بەردەی دەنا قەت لیٚك نابنەوە... مەلا سەعدوڵڵاش...))

((یانی چۆن؟ كاری كچەی لەكارترازاوە، یا هەر دەیانەویٚ پیٚكەوە هەڵیٚن؟))

((هەڵیٚن؟ بۆ كویٚ هەڵیٚن؟ كرمانجی بیٚچارە و دەرەتان كویٚی هەیە-بۆ كرمانجی بیٚ دەرەتان ئاسمانی هەموو جیٚیەكی یەك رەنگە. ئەوانە وەك تۆوی تەڕەتیزەی بە هەموو جیٚیەكیدا پەرت و بڵاو بوونەتەوە و هەن. لە عیٚراقیٚ هەن، بچنە وڵاتی موكریانیٚ هەن، بچنە هەوشاری هەر هەن- بچنە كویٚ؟ بۆ هەر جیٚیەكی بچن بە دوایانەوەن و دەیانكوژن. لەشكر و لەشكركیٚشیە پیٚرارت لەبیرچۆوە؟ هیٚندەی نەمابوو لەناو ڕووسانڕا لەشكری بیٚنن...))

من بیرم نەدەهاتەوە، بەڵام وەك دەیانگوت كوڕە كرمانجیٚك ژنە ئاغایەكی لە دەوروبەری هەوشاری هەڵگرتبوو و هەڵاتبوو و هەرچی تیرەو تایفەی ئەو ئاغایە و ئاغایەكانی دیكەشە وەدوایان كەوتوون و سەرەنجام لەسەر سنووری گرتوویانن و ئاوریان تیٚبەرداون- تا بە كرمانجان بڵیٚن كە كرمانج كرمانجە و هەموو شتیٚك سنوور و پەرژین و لەمپەری خۆی هەیە و ئەو پەرژین و سنوور و لەمپەرانەش شتیٚكی ئەزەلی و ئەبەدین و ناكریٚ بشكیٚنریٚن، هەتا خوداوەندیش هەر پیٚنج ئەنگوستی دەستانی وەك یەك دروست نەكردووە... خەڵكی ئەو ناوەش زۆریان بەیت و باڵۆرە و شیعری جوان بەسەر ئەو كوڕە لاوە و ئەوژنەیدا هۆندنەوە و پیٚیان هەڵاٚگوتن...

((وەك دەشیانگوت (پوور حەلیمیان) لە نیٚوانیٚدا بووە، قەرەواشەكەی ماڵە برای ڕەعنا خانمیٚ... ئەو ژنەی كە جاروبارە دیٚت تریٚی بە شتی دی دەگۆڕیٚتەوە... ئەو بووە كە ئەو دووەی پیٚك گەیاندووە. دەشیانگوت براژنەكەشی دەستی لەو كارەیدا هەیە-دەیەویٚ كچەی بەدناوكات و ئابڕووی بەریٚ...))

بابە گوتی: ((ئمم... ئاوا!)) ویش، ویش، خۆ هیٚنان و بردن لەگەڵ ئاوازی بەردەسانی... جاجمەكەم لەسەر چەناگەم لادا و گوتم: ((پوور حەلیم لەویٚ نەبوو...))

دایكم گوتی: ((بیسمیللا! ئەوە خەونیٚ دەبینی!...))

گوتم: ((ئەی ئیٚوە ڕەعنا خانمیٚ ناڵیٚن؟-من لە پشت تووتڕكەكانمەوە دیت- پوور حەلیمیان لەگەڵدا نەبوو...))

بابە گوتی: ((بیبڕەوە بنوو... ئیٚمە باسی شتیٚكی دی دەكەین...))

بەڵام دایكم نەهاتە ڕەدایە، ئیٚستاكە سەرەپەتیٚكی وەگیر كەوتووە ئیدی شەمریش دەستی پیٚ لیٚ بەرنادا. ((تۆ چتدەكرد لەویٚ؟ هەر بۆیە پیٚت دەڵیٚم سەی پیٚ سووتاو... ئەوە تا ئیٚستا



بووویە مەیموونی لۆتی مرادی و چاوانیش دەگیٚڕی!...)) مەیموونی لۆتی مرادی هەر كە ژنی جوان، یا هەر ژن و كچیٚكی چارۆكە سپی یا كراسی سوور، یا شتیٚكی تەنكی لەبەردا دیتبانایە ئیدی ئەوە دەستیدەكرد بە چاو و برۆ لیٚهەڵتەكاندنیٚ، جاری واشبوو شلەی دەدایە و ئامبازیان دەبوو. ((ئیٚستا ئەوە تۆش خەریكی ئەو بەزمەی)) و ئەوجا دەهات لە حەوت ئاشی دیكەشی لیٚدەكرد و دەهاتە سەر ئەوەی گوایە كەس گوی بە كڵاوی وی ناپیٚویٚ و هەر دەیگوت و دەیگوتەوە و ئامۆژگاری دەكردن و ئیٚمەش من و بابە، وەك میٚشان بە گونی كەرە شینیٚوە بژمیٚرین و بەسەر و پرچی وی پیٚبكەنین! هیٚندەی گوت و گوتەوە كە بابە لەبیری چۆوە كە گوتبووی بنووم، هەرواش لەبن لیٚوانەوە و بەدەم داس تیژكردنیٚوە پرسی: ((باشە، چت دیت؟))

بیٚدەنگی.

دیار بوو دایكیشم بە تاسەی بیستنیٚوەیە، تا بزانیٚ چیم دیوە، تا دوایە لەسەر بنەمای ئەو دیتنانە ئەویش شتیٚكی لیٚ زیادكات و قسەیەكی خیٚری تیٚدا بكات، هەر بەو بیستنانەوە ئەویش لەگەڵ خەڵكی ئاواییدا قسەی پیٚ بن و بیٚتە ناو قسانەوە. من هەروا خەریكی جیٚی خۆ خۆشكردنیٚم بابە گوتی: ((نەتگوت-لە كویٚ؟ چیان دەكرد؟...))

گوتم لە كویٚ و گوتیشم كە چیان دەكرد: ((یەكتریان ماچ دەكرد...))

((كاك سەعید و ڕەعنا خانم...))

ڕەعنا خانم خوشكی مەحمود خانی ئاغای دییەكەی هاوسیٚی ئیٚمە-كانی ڕەش- بوو، زڕخوشكی بوو كچە مامی ئاغاكەی مەبوو. لەنیٚو خۆیاندا هەر بەناوی ڕەعنا سارداویانەوە بانگدەكرد-گوایە دایكی خەڵكی سارداویٚ بووە، بەڵام ناوی ((سارداو))ییان وا دەهیٚنا وەك بڵیٚی ناوی گڕویٚخانەی بیٚنن، و گوناهیٚكی گەورەی كردبیٚ كە دایكی خەڵكی ویٚ بووە و دایكیشی گیروگرفتیٚكی هەر بووە كە خەڵكی ویٚندەریٚ بووە. ژنیٚكی كورتە باڵاٚ و دووچاوی لیٚك نزیك، لوت و لیٚو كورت، سپی پیٚست، پاوپووز كورتیلە- بە قسەی لای خۆمان ((لیٚوكورتی كورتە باڵاٚ-و خۆش پاوپووز، ئەوە بە قسەی بابە، چونكە ئەو جۆرە وەسفكردنانە ئی پیاوی گەورە و تەمەن زۆرە، ئەو دەمی من دیارە هیٚندە وردبین نەبوویمەو ئەو مجیٚزەشم نەبووە، ئاوایان بزانم، هەرچەندە میٚشكم تازە فەریك و لاوبوو، ئەو شتانەشی وەك ئەركیٚكی خۆی، هەروا لەخۆوە تۆمار دەكردن- بۆ سەردەمی پیرییە. پاوانەیەكی زەنگیانەی پیٚنج فەیرۆزەیی لەپیٚ بوو... دوای چەند رۆژیٚكان كە لە جۆیە پەڕیەوە دیتم- هەم پاوانەكەشی و هەم پاوپوزیشی بۆ شاردنەوەی باڵاٚكورتەكەشی كڵاویٚكی دوو چینی لەسەر نابوو و چەند جاریٚكانی سەرپۆش لە دەوران دەور ئاڵاندبۆوە و ریشووی پوولەكەداری پیٚوە هۆندبۆوە. دایكم

به بابەی دەگوت: ((غەمیٚ مەخۆ، چەند لەسەر زەوییە دوو هێندەش لەبنەوە، وای تێمەگە!)) و من نەمدەزانی کە بۆ بابە غەمیٚ نەخوا! خۆ خوشکی ئاغای مە نەبوو تا بڵێن ناشیرنە و پیاو غەمێی لیٚ هەڵگریٚ. ئەوجا کوا دوو ئەوەندەکەی بن زەویەی؟ کە من ئەو ڕۆژەی وەك ئاشقە و ماشقەم دیتن، چاوم لێبوو ماشقەکە، بە ئەنگوستە گەورەی پێی، بنە پێی ئاشقەکەی قدیلکە دەدا، هەر ڕاست وەك بابەی کە جاروبار دایی قدیلکە دەدا و داییش بە دزییەوە پێدەکەنی تا ئێمەی منداڵەکان هەڵنەستین و وەئاگا نەیەینەوە. من هیچم دەبن عەردیدا نەدیت. ئەوەی دیتم تەنیا بۆنکردنیٚ پاوانە و قدیلکەدان بوو و ((لینگە فرتیٚ)). ((هە، ئەوەش بووە لەشولار هەر دەڵێی دیزەی بیٚ دەسکە... نە بە ژنێك، نە باڵایەك، نە لێوێك، نە دەمێك، نە چاوێك، نە برۆیەك... تیتراوسك خان! حەیف کەچی سەعید! ماشەڵڵا بە برام بێت- وەك داری عەرعەرە!))، ئەوجا بابە بە گاڵتە پێکردنەوەی قسەکانی دایکمەوە دەیگوت: ((نا، ئێوەی ژنان ئیرەییە دەبەن... سالارێکە- ئەشهەدوو!))

((ئمم- بەو بستە قەد و باڵایەوە! نەمردین و مانای سالاریەشمان زانی!))

بابە دوا بەدوای قسەکانی خۆی هاتەوە: ((ئەشەدو بیللا... هەر پاك و تەمیزییەکەی سەد دانە کچە کرمانجی دێنیٚ کە یەك قاپە هەرزنیان لەسەرەوەڕا پێداکەی هەموو دەقلێشتی پاژنە پێیانیاندا وندەبیٚ و هەموو لەشیشیان دەڵێی تەختی ژووری ئاغەڵێیە گەمرەی سەد ساڵەی گرتووە لەبەر چڵکنیان... پیاو وێنەی خۆی دە روومەتاندا دەبینیٚ، دەمارە شینەکانی گەردەنێی هەموو لە بن پێستیڕا دیارن بە قسەی ئێوەی ژنان مێوژە ڕەشکەی بخوا لە گەروێی دیارە.)) دایکم ئاوری دەگرت و هەروا فیشکە فیشکی بوو لە ڕقان: ((تۆ بەلای خۆتەوە سۆفی و تۆبەکاریت و نەزەری حەرام ناکەی، ئەو شتانەت چۆن دیون!؟))

((ژنەکە، خۆ سەد ساڵ نییە تۆبەم کردووە!)) هەروا یەك دوو ساڵ بوو تۆبەی کردبوو و کەمەندی پیر و پیاوچاکانی لە ملی خۆی کردبوو ((با تازە تۆبەکار (نەوتۆبە)ش بم... تۆبەکاریش هەر بەندەی خودایە... و بە قسەی بابە سەی عەلیش خۆ هەموو نەزەرێك هەر حەرام نییە... خەڵکی سەیری دەستکاری خوا دەکا... بەوەش کافر نابیٚ... هاااا...!))

دانیشتنەکە چۆڵ ببوو، فسکە فسکی ژنەکەم و ڕووناك خانمیٚ بەرزبوو و لە بیر و مێشکی مندا-کە لەو چەند ساتانەدا ئەو هەموو ڕێیە چوو بوو- لە فسکە فسکی ئامادەبوواندا دەگەڕا. تا ئەو جێیەی کە بۆم ساغ بۆوە زانیم کە دوو کچ و کوڕێکی هەیە، لەگەڵ سیٚ براو و دوو خوشکان. کچەکان دەچوونە قوتابخانەی ڕاهنەمایی، کوڕەکە هێشتا منداڵ بوو... بۆ خۆشی دیپلەمە بوو، و وازی لە خوێندنیٚ هێنابوو- منداڵە بەری نەیهێشتبوو خوێندنیٚ تەواو



کا. ژنیٚ ئامۆزای خۆی بوو، کاکە فەرەیدوون. وەك ئەو دەیگوت دایە شیرین-بانگی دەکرد دایە گەورە- پیر و پەککەوتە بوو، و هەر ئەوەندە دەژیا، لە دەشتی شارەزووریٚ...

((دەشتی شارە زوور؟!))

((بەڵیٚ...))

ئەوە وەڵامی پرسیاری من بوو، کە بیٚ ئیختبار چووبوومە نێو قسەکانیانەوە و ڕووناك خانم بە خەیاڵی ئەوەی کە لە تەواوی ئەو ماوەیەیدا هەر گوێم ڕاگرتووە سوور هەڵگەڕا، جوانتر بوو- و من تەریق بوومەوە، ژنەکەشم دیاربوو پەست ببوو، بەتایبەتی لەو ڕەفتار و خان باجی بازیەی من، کە گویٚ بۆ قسەی ژنان هەڵدەخەم و شەرمێش ناکەم... دانیشتنەکە چی وای نەمابوو چۆڵ بیٚ و لەمەو دوو سیٚ کەسی دیکەی زیاتر لیٚ نەمابوو...

((بۆ کویٚ؟ هەروا زوو تەشریف دەبەنەوە؟ خۆ ئێوە بێگانە نین... هەر نەبیٚ تۆزە میوەیەکی هەربخۆن میوەیان هێنا و دانا... توخودا-شەرمیٚ مەکەن- تو گیانی منداڵەکان!...))

ژنەکەم هەروەك ڕاهاتووە لەو جۆرە کات و شوێنانەدا لەجیاتی من کێشە و ئاریشەکانی دیزە بەدەرخۆنە کرد و هەروا بۆ نەهێشتنی گلەییان قاشە پرتەقاڵێکی خوارد، کووزێکیشی دا بەمن... و هەستا... زۆری بەڵێن و سۆزی بیٚ جیٚ دان، کە ئێستا ئەوە-بە ناشوکری نەبیٚ- ئەو خوالێخۆشبووەش کە نەماوە هەروا بە تەنێیان لێناگەڕیٚ و هەموو هەفتەی جارێکیان سەر لێدەدا... و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتانە، ئێوەش دەبیٚ بفەرموونە لای ئێمە، ماڵی خۆتانە، کچەکان بێنن و لەگەڵ خۆتاندا بفەرموون، ڕووناك خانمیش هەروەتر -من لەجێی پووریانم- یانی بۆ خۆی —ڕەحمانیش لە جێی مامیانە- یانی من، (بۆ پشتیوانییە ئەو کەسایەتییەش کچەکە ڕولاڵەکەی ماچکرد)، ئەگەر ئیشێك یا تێگیراوەیەکیش هەبوو-خودا نەخواستە- شەرمیٚ نەکەن، دەنا بەگیانی ئەو منداڵانە لێیان زیز دەبیٚ و گلەییان دەکات —خۆ ئێمە غەریبە نین... ئیدی بە کورتییەکەی هەمووی هەر فەرموو فەرموو بەرابەر و سوپاس و پێزانین و سەرەنجامیش ئەم کە دەیزانی ماندوون، و خانمیش دەبیٚ بحەسێتەوە... ماڵئاواییان کرد...

## -٣-

ئەو شەوە خەوم هەر لێنەکەوت- شەوەکانی دواتریش هەروەتر. مێشکم بە سەختی خەریکی پینەو پەڕۆ و وەسەر یەکخستنەوەی کیشە و ئاریشە دوورەکان بوو. هەندێکیان بۆخۆم ئاگام لێبوون و شایەدیان بووم، هەندێکیشیانم لە باوکم و هەندێکی دیکە شیانم لە هاوشاریانەوە

بیستبوون، ئەمانەی بیستبوومن ئەگەر چووبانایە ئەقڵەوە لەگەڵ قەوارەی داستانەکەیدا نەدەهاتنەوە و ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵانە و ئەو هەموو ڕووداوە و بەسەرهاتانە، نەوەی دادەشیرینێ دەبینمەوە!.

دوای ئەو چاوپێکەوتنە ڕێکەوتە، لەگەڵ ئەو هەموو هۆشداریانەی دایکیشمدا، دیسانەوە دووجاری دیکەشم ڕەعنا خانم دیتەوە-یانی، ویستم بیبینمەوە، چووبووم تا بیبینمەوە- ئیدی ئەمجارەیان ڕێکەوت نەبوو، چەند ڕۆژێك بوو لە خەفتام و دووراودوور هەستم ڕاگرتبوو، ئێستا ئیدی گوێلپاران دەبەمە دەوروبەری لای ((گۆمە سپی))یە و خوار ((بیشە))ی بۆ لەوەڕێ، کە جێیەکی چڕە و هێندەی دار و درەخت و تووترك لێیە زەحمەت تاوی لێدەدا.

بەرەبەری نیوەڕۆیە بوو. نان و دۆم بۆ بابەی بردبووە دەشتێ، لێمدا بوو بە دامێنی دار هەرمێیاندا دەهاتمەوە کە جووتێك سەرپۆش بەسەرم دیتن. زۆر بە پارێزەوە، گوایە ئیشێکم هەیە، پێم هەڵێنا، هەر لەو دەمەشدا زۆر بە پارێزەوە بە تیلەی چاو خەریکی سەیرکردن و دیتنێ ژنەی سەرپۆش بەسەر بووم-ئا ئەلێرە بوو کە پاوانەکەی ڕەعنا خانمێم دیت: لە جۆیەی بازدا- زۆر نەمابوو بکەوێ. وەك بمەوێ یارمەتی بدەم ڕامکردێ... نەکەوت. زۆر قیت و سینەکۆتریانە دەڕۆیی. سڵاوم کرد، چمکی سەرپۆشەکەی نەهێنایە خوارێ. نەشدەبوو دایکێشێ، من هێشتا ئیوەی نەبووم کرچ و کاڵ بووم و زۆر تێنەدەگەیشتم و چاکە و خراپەم نەدەزانی. زۆر بەگەرمی وەڵامی سەلامەکەی دامەوە. چەند هەنگاوێکان ڕۆیی، منیش چەند بستێکانی لێ نزیك کەوتمەوە-((خەڵکی کانیی سپیت؟)) دێیەکەی مە کانی سپی بوو. ((بەڵێ)) ((کوڕی کێی؟))، ((کاکەخانە.)) و ئەوجا، سەر ژمێرییە بنەماڵەی-ژمارەی برا و خوشکان... ئەوجا ((دەڵێی بەدوای شتێکیدا دەگەڕێی؟)) بەدرۆوە گوتم: ((بەدوای گوێلکەکەماندا دەگەڕێم...)) و بە نیگەرانییەوە ڕووم وەرگێڕا، ((دەترسم شتێکی لێبێ...))، ((نا، لەو دەمانەی ڕۆژێدا هیچ نابێ-هەر لەو دەوروبەرانەیە... ڕەنگە وەدوو بۆنێ گوێلکەکانی گوندی مە کەوتبێ و داگەڕابێ...)) سەبەتەیەکی بچکۆلەی بەدەستەوە بوو. پڕبوو لە هەرمێ و دەستەسرێکی سپیشی بەسەردا دابوون. ((قۆندەرە))ی لەپێ بوو، بەنارەحەتیەوە ڕێی دەکرد... بە پێچەوانەی منەوە کە ئاسوودە بووم چونکە پێخواست بووم. بۆنی مێخەك و بنەوشەی لێدەهات... ئێستا ئیدی ((شان بە شان))ەوە دەڕۆیشتین. دایکم ڕاستی دەکرد، کورتە بنە بوو، بەڵام بابیشم هەر ڕاستیدەکرد زۆر جوان بوو. دەموچاوی, دەستەکانی, سپی سپی بوون, وەك شیرێکی کە لە دوورەوە شین بنوێنێ... زەردەخەنەکەشی هەر جوان بوو. گوتم داخوا دەتوانم تا بەر دێی سەبەتەکەی بۆ هەڵگرم. یەکسەر و بە زەردەخەنەیەکەوە سەبەتەکەی دایە دەستم،



((بەڵێ، تا ئەو گۆڕستانەم لەگەڵ وەرە... ماندووت ناکات؟ قورس نییە؟ ئەگەر ماندوو دەبی یا نایتوانی بیدەوە بە خۆم...)) ماندوو، قورس! منیش وەك هەر منداڵێکی دیکەی کە دەکەوێتە بەرچاو و لوتفی گەوران و کارێکی ڕادەسپێرنێ، ئەگەریەك مەن بایە هەستی قورسایی و ماندوو بوونێم نەدەکرد.

گەیشتینە خوار گۆڕستانی ئاوایی، کە ڕێیەکەی بە تەنیشتیێدا تێدەپەڕی. کە گەیشتینە نشێوێ کچ و ژنێکمان لە پێشە خۆمانەوە دیتن. ژنەکە ((نانەبەرە))یەکی بە پشتێوە بوو کە ئەویش هەروەك من نانی بۆ مێردەکەی بردبووە دەشتێ و دەهاتەوە. نزیکبوون، خانم بانگی کرد: ((گوڵناز... گوڵناز!)) ژنەکە ئاوڕیدایەوە... ڕاوەستا تا ئێمە گەیشتینێ ((ئەو سەبەتەی لەو کاکە چکۆڵەی وەرگرە...)) سەبەتەکە هێشتا بەدەست منەوە بوو. دەستی درێژکرد دوو سێ هەرمێی دەرێنان-دوو دانەی دا بەمن ((ئەوە بۆتۆ... لەڕێیە بیانخۆ...)) دانەیەکیشی دایە کیژۆڵەکە... ((ئێستا نازدار تای نایەتێ؟)) ژنەکە گوتی: ((نا، خانم-سوپاس بۆ خوای ئێستا بەریداوە- تای نایەتێ...)) سەبەتەکەی لێ وەرگرتم: ((بردمە لای مامۆستا بۆی لە تای بڕی... لەودەمیەوە تای نەهاتۆتەوێ-بەڵام هەر دەنووزێتەوەو سەری هەر لە عەردییە- بە ناشوکری ناڵێم ئەو ساڵ هەموو ساڵێ هەروا بووە، ئێستا چاکترە...)) منداڵەکە کز و زەرد و لاوازبوو، چەند مێشێکی بەسەرو چاوانەوە پێ خەنی ببوون. دیاربوو هەر لە ماڵێوەی لەگەڵ هاتبوون و پیاسەی خۆیان کردبوو و دەچوونەوە ماڵێ.

جاری سێهەمم ڕەعنا خانم لە ((بەردەبووك))ێ دیت. دەیانگوت بەردەبووك، وەختی خۆی بووك بووە، خەریکی چوونە خانەی بەخت بووە-ئەو بەردەش، هەرسوار بووە. کۆمەڵێك پیادە و سواری کوڵەبنەتریشی لەگەڵدا بووە، کە ئەوانیش هەر بوونەتە بەرد. بووك لە هەمووان بڵندتر و ئەسپەکەشی لە ئەسپی هەمووان کەتەتر بووە. هەر کاتێ کە بە تەکیا ڕادەبوردین دایکم سەروڕوو و چاو و برۆ و هەموو چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی پێشاندەدا. من هیچم لێوە نەدەدیت، بەڵام ئەوەی کە دەیگوت ((هەست))م دەکرد- و ڕاست و ڕەوان زۆر بە چاکیم دەدیت. دەیگوت چۆتە ماڵە بەختی خۆی کە ئاغای دێیەکەی مە، کە شێت و شەیدا و ئاشقی بووە و دوژمنایەتییە زاوای کردووە و سواری ناردوون بیفڕێنن و بووکەش کە مارەبڕی ئەو لاوەی دێی ئەوبەری بووە لە دەرگای خودای پاڕاوەتەوە و داوای یارمەتییەی لێکردووە و هانای وەبەرناوە و خوداوەندی پەروەردگاریش بۆ ئەوەی لەو ئابڕووچوونەی ڕزگارکات و دەستدرێژی نەکرێتە سەر داوێن پاکیەی و لوتی ئاغای مە بسووتێ ئەو و ئەوانەی لەگەڵیشیدا بوون و لەگەڵ سوارەکانی ئاغایدا هەموو کردنە بەرد. ((سەیریکە، ئەوانە هەموو سوارەکانی ئاغای مەبوون-)) بەردە

بچکۆلەکانی پێشان دەدا... ئەوانەش ئەوەی لەگەڵ بووکێدا بوون-بەردە زلترەکان. ((سەیرکە! بە قودرەتی خودای ئەوانەی گەڵ بووکێ گەورەترن، سوارەکانی ئاغای بوونە ئەو تاشە بەردانە... ماشەڵڵا لە قودرەتی خودای!!))

لەڕاستیدا بەردە بووک شتێك بوو وەك کەلەشی مووشەکی-بەزاراوەی ئەورۆ- پەڕ پەڕەی بە تەنیشتانەوە، و دەوروبەریشی بە تاشەبەردی ورد و درشت تەنراو، و پێشەوەشی -تا دەم چۆمی- تووترك و دار و دەوەن و بی و جەگەن سەریان تێکنابوو-و تاکە دارگوێزێکیش کە باریکە جۆیەکی کوێستانی بە خوڕەخوڕەوە بە بندا دەڕۆیی- وەك هەموو شتە بچکۆلە سروشتیە پڕ هەراوزەناکان. کەش و هەوای بن دارەکەش پڕی شێ و هاژە و خوڕەی ئاوێ و ویزەویزی زەنگە سووران بوو. دایکم دەیگوت چونکە بووك بووەو ناکامیش بووە، خوداوەند بەزەیی پێیدا هاتۆتەوە و ئەو دارگوێز و ئاوەی لێرە بۆ ڕەخساندووە تا دڵتەنگ نەبێت، و دەوروبەریشی چۆڵ نەبێت. دەیگوت ئێستاش کاتی عادەتی مانگانەی ئاوەکە خوێناوی دەبێت- ((چاوت لێیە!...)) و دەڵێ ڕاستدەکا- باریکە دەماری سوور بە لێواری جۆیەکەوە دیاربوو، و تلّپی سوورایپەش دەبن ئاوی جۆیەکەیدا بەسەر بەردەکانەوە دەدیترا. کیژ و کاڵی خوازراو و تازەپێگەییوو دەهاتن و داوایان لێدەکرد و لێیدەپاڕانەوە- نزایان بۆ بکات لە قەرەبووی بەخت ڕەشییە خۆی ئەوان بە چارە و بەختی چاك بکات، جاری وابوو کە بەوێدا ڕەتدەبووی- کە خەڵکی کەمتر بەوێدا دەچوون، چونکە لاتەریك بوو، لە وەختی گیا دروونێدا نەبایە هەمیشە چۆڵ بوو- چەند کیژ و کاڵێکت دەدیتن کە لە بن دارگوێزەکەی دادەنیشتن بۆ نیازگرتنەوە و حەسانەوێ.

ئەو ڕۆژەش هەر کە چارۆکە سپییەکەم دیتەوە لەجێی خۆم وشك بووم- دوو کەس لەبن دار گوێزەکەی بوون، یەکێکیان ڕەعنا خانم و ئەوەی دیکەش پوور حەلیم بوو. پوور حەلیمم ناسییەوە ((کارەکەر))ی ماڵێ مەحمود خانی بوو (ڕەز))ێکیشی هەبوو، کە خۆی بەسەری رادەگەیی، کە دەگەیشتێ سەوەتە و قەرتاڵەی لێ بە کۆڵێ دادەدا و ماڵە و ماڵی پێدەکرد و لەجیاتی ترێی قەند و چاو گەنمی وەردەگرتەوە و دەیگۆڕیەوە- هەر لە ماڵێ ئاغا و قاچاغچی و کوێخاو پاتاڵدارانڕا تا دەهاتە ماڵێ ئاغای گوندی مە ئەوە قەرتاڵەی هەر بە کۆڵێوە بوو. ئەوجا لە شووکردنێ ڕەعنا خانمێ و گواستنەوێشیدا بوو بەپێ خەسوو (بەربووك)ی... تێما بوو. ڕەعنا خانم دەگریا، زۆر بە نەرمیش دەگریا... گریانێکی کچانە و پوور حەلیمیش دڵی دەدایەوە لە زۆرینەی قسەکانیان نەدەگەیشتم-خوڕە خوڕی جۆیەکەی نەیدەهێشت- ((بۆ خۆشت بێ پارێزیت کردووە... کوڕەش هەر کەرایەتی کردووە... قەرار و بڕیەی مە وانەبوو...



ئێستاش هەر دەڵێ ئەرز و ئاسمان سەرلێکدا، دەیهێنم- دەیهێنم و هەر دەیهێنم... جارێ بابزانین، بەڵکە لە بەندیخانەی بەربوو... و چ پێویستیەکی بەو کارەی نەبوو... ئێستا ناڕەحەت مەبە، تەگبیرێکت هەر بۆ دەکەم... ئەگەر لە پێستی سیقەتۆرەم بۆ کردبی شتێکت هەر بۆ دەکەم... شەوی پەردەی هەروا تۆزێك وریابی کار تەواوە... بۆ خۆشم لەوێم، ئاگادارم... پیاوان لەو جۆرە کاتانەدا هێڕن- زۆریان ئاگا لە شتان نییە... هەروا کەمێك وریابی بەسە...))

کچە هەروا دەگریا، بەڵام دیاربوو هێندەشی باك نییە... ئیدی قسەکان زۆریان نەبرد-ئەوان منیان نەدیتبوو، منیش لە خەرەندی کەناری بەردەبووکێوە دامقەڵاشتە لای گۆمە سپییە. هەندێکم بە چواردەوراندا ڕووانی، ئەوجا چوومە لای بابە- کاتی گێرە بوو. بابە گایەکانی لە گێرەی بەردابوون و لەبن درەختێکی پەنا جۆخینێ، ڕاکشابوو. لە ترپەی پێم وەئاگا هاتەوە، گوتی گایەکان خڕکەوەوە-گایەکانم خڕکردنەوە، هەمووی (کەلەمە) کردن و بەگای بنەیەوە بەستنەوە و نەقیزەی دایە دەستم. تا بەرەبەری ئێوارێمان گێرە لێخوڕی. ئێوارێ خۆرئاوایەش دیزەی دۆ و بادییەی دۆمان تاودانێ و گایەکانمان بەرەو دێی هێنانەوە. ((بە مەزرایە دراوسێیەکەمان گوت چاوێکیان دەجۆخینێوە بێت، تا بابە دێتەوە- ئێستا ئیدی خەرمان و جۆخینی هەروا بەجێ نەدەهێشت. بابە وەك جاران چووبووە مزگەوتێ-نوێژی ئێوارانی هەر لە مزگەوتێ دەکرد. نازانم کەنگێ هاتەوە، وەك بڵێی زۆر گرژ بوو- ماندوو بوو، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ گێرە لێخوڕیبوو و ئەویش لەبەر قرچەی سوورە هەتاوێ، بەڵام لە روخساریڕا دیاربوو گرژییەکەی هەر تەنیا ئی ماندوو بوونێ نییە- تووڕە و تۆسنیشی تێکەڵ بوو.

دایکم گوتی: ((چییە، دەڵێی تەواو نیت؟))

((ماندووم...)) و ئەوجا ((ئاه... پیاوی لە کار و ژیانی خۆی بێزار دەکەن-قسەی وا دەکەن کە پیاو دەست و دڵی لە ئیشێ سارد دەبێتەوە...))

((چۆناو چۆن... کێ؟ لە ماڵێ ئاغای بووی؟))

((نا، لە مزگەوتێ بووم-لای بابە سەیی...))

((چی دەگوت؟))

((هیچ، هەر ئەو قسانەی جاران...))

بابە سەیی بەجۆرێکی وای قسە دەکردن کە هەروا سەعاتێکی دی، یا ئەوپەڕی تا سبەینێ یا دوو سبەی دنیا خراپ دەبێ و قیامەت ڕادەبێ-لەگەڵ ئەوەشدا کە قسەشی دەکردن ئاگاو هۆشیشی لە دەوروبەرێ بوو، دەنێو بڕیاندا یەك بەخۆی هاواری دەکرد: ((ئافرەت)) مەهێڵە ئەو گوێلکە بچێتە دە دەرماڵێ و دیسانەوە هەر لە هەمان ئاوازی پێشووەوە کە بەڵێ هەموو

نیشانەکان دیارن کە کارەساتی دنیا خراپ بوونێ نزیکە، و کارەساتی گەورە بەڕێوەیە و ڕەنگە ئەو لە قسەکانی نەبێتەوە و کارەسات بگاتە دەرکێ ((ئافرەت چت ئامادەکردووە بۆ نیوەڕۆیێ؟)) یا ((خودا بیکردبایە سبەینێ چووبامایە شاری، قەندمان نەماوە... دەبێ هەر بۆخۆشم بچم- قەردی بە ڕاسپاردە نادەن...)) دەك خوا ماڵت کاول کا، پیاو! ئەوە خۆی دەستە پاچە و بێ ئیش و کارە، دەست و دڵی کەسانی دیش سارد دەکاتەوە و لە کاریان دەکا، کەوایە چ لەو خەرمانەی بکەین و بۆ چیمانە!

خەڵکەکە یەك دوو ڕۆژان گێژ و وێژبوون، سەروچاوەکان مرچ و مۆن، خوا کردی ژنەکان هەبوون. ژن سروشتی ترن، لە سروشتەوە نزیکترن-ژن هەر لەخۆوە هاودەست و هاوڕەگەزی سروشتە و سروشت مانایە...

لەسەر کەپرێ بووین، بابە خەریکی نانخواردنێ بوو، من ڕاکشابووم، دایکم دۆکولێوی لێنابوو و بابە سەرقاڵ بوو. ((لاولاو)) و ((نەرمێ)) خەریکی سەر و بەرکردنێ سەتڵەشیر و تاقەتکردنێ پاتاڵی بوون. ((بێری)) بوو-مەڕ و بزن لە کێوی بوون. هەوا تاریك ببوو، بەڵام شەو هێشتا ڕانەشکابوو، کیوەکان زۆر دیار نەبوون. کێو و لێرەوار هەموو تاریکیان دەنواند و بە پەردەیەکی زۆر تەنکی دووکەڵ ئاسای ڕەنگ مۆری وەنەوشەیی کە بەسەریاندا هەڵکشابوو و تاریکییەکەی تۆختر دەکرد، دەنگی سیسرکە و بۆقان بڵندبوو. تروسکەیەکی سووری سەبیلەی لە تیلەی تامانێوە دەرکەوت و بەدوای ویدا دەنگی پێیەك، ((کاکەخان نەنووستووی؟...براژن! حەسەن...!)) بابە پارووەکەی قوتدا، و گوتی: ((نە... ئەحمەد، ئەوە تۆی؟ ئەوە چۆنە واوە هاتووی... خێرە!)) ئەحمەد باپیر بوو کە- دەقساندا بە هەموو کەسێکی دەگوت باپیرەکەم.

گوتی: ((خێر دەبێ... ئیشاڵڵا...)) و ئیدی هیچیدی نەگوت، وەك دوو دڵ بێ... نەهاتە پێشێش.

ماوەیەك تێپەڕی، بابە بانگیکرد: ((ئەحمەد، ئەوە هەر لەوێی؟ وەرە وەرە... جەواهێر دۆکولێوی لێناوە, وەرە پارۆێکمان دەگەڵ بخۆ...))

دایکم چاوی زەق کردنەوە، لەبن لێوانەوە گوتی: ((هەر ئەوە ماوە... چ هەیە بخوا... تۆش، پێتوایە تەشتێکم...))

بابە گوتی: ((ئێ خۆ نەهاتووە- ئەگەر هاتیش با دەگەڵە من بخوا...))

ئەحمەد هات، بەڵام چەندی بابە کردی و کراندی لێوی لە دۆکولێوێ نەدا، گوتی خوا بەزیادی کا هەروا ئێستام نانخواردووە- خودا نەیبڕێ ((هەروا پیاڵە چایەکی دەخۆمەوە و دەڕۆم-ماندووم...))



بابە گوتی: ((دەڵێی بێ کەیفی، چ بووە؟))

((هەروا چارەکێك لەمەوپێش لە (کانییە ڕەش)ێڕا هاتمەوە...)) و بەدوای قسەکەیدا نەچوو. کانیی ڕەش دێی مەحموود خانی برای ڕەعنا خانمێ بوو. وەڵامەکەی وەڵامی پرسیارەکەی بابە نەبوو، رستەیەکی خەبەری سەربەخۆ بوو: چووبووە کانیی ڕەشێ بەڵام ئەو ڕستەیەی بەجۆرێکی واگوت وەك چوونەکەی کارێکی زۆر نابەجێ بووبێ، ئەگەر خۆ چوونەکەشی نابەجێ نەبووبێ ئەوە هاتنەوەکەی هەر یەکجار نابەجێ بووە. چەند چەسپێکی بەدوای یەکدا لە سەبیلەکەیدا. بابە هەروا چاوەڕێ بوو. پارووەکەی ڕاگرت و دووبارە فەرمووەکەی تازەکردەوە- ((بابە، هەرنەبێ پارووێکی بخۆ... سوونەتە...)) ئەوجا، باشە، ئەوە هاتییەوە! دەنگوباس چییە؟.

ئەحمەد باپیر بە دەنگێکی کزەڵەوە گوتی: ((وەڵڵا، دەنگوباس زۆرن-باپیرەکەم... ئەوڕۆ یەك هات و بە بەرچاوی هەموانەوەو لەو گۆڕەی مەلا سەعدوڵڵای کوشت...!))

هەمووومان داچڵەکین، من ڕاست لەجێی خۆم قیت بوومەوە و دانیشتم و لە تاریکییەدا چاوم دەدەمیەوە بڕی-سەرسام و ترساوانە. بابە پارووەکەی دە زاریدا وشك بوو، دایکم ڕوومەتی خۆی ڕنییەوە، هەروەك ژنان- بێ ئیختیار, ئەوجا: ((سوبحانەڵڵا! دیسانەکە چ بووە- لەسەرچی؟ خۆ مەلا سەعدوڵڵا لەو بەسەرهاتانەدا نەبوو...!))

راستە تێدا نەبوو، تێوەیان گلاند... ئەویش خۆ بۆ خۆت دەزانی پیاوێکی یەکسەرە بوو... و هەمیشەش سەری هەر لە کتێب و حەدیساندا بوو... کە بیگوتبایە کەوتووە ئیدی بە ((نۆێلێ))انیش ڕاست نەدەبۆوە...))

دایکم گوتی: ((پەنا بەخوا!!... خودایە بۆ خۆت ڕەحمێ بەمەی بێچارە و هەژار کەی!...))

((لێگەڕێ با قسەکەی تەواوکا... باشە، دەی؟ خۆ ئەوانە تەڵاقیان نییە تا بکەوێ یا نەکەوێ- من سەد جاریشم بەو گوێیانەی خۆم، هەر لە ماڵێ ئەو ئاغایەی، لەو مەحموود خانەم گوێ لێبووە کە دەیگوت خۆ تەڵاق گوێز نییە لە داریێ بوەرێ... باشە، دەتگوت...!))

((وەڵڵا بڵێم چی، منیش هەر بیستوومە... نازانم چیان لە نێوانێدا بووە، چۆن بووە، ئەو ڕەحمەتییەش نەماوە تا بڵێ چبووە و چنەبووە و چیان لە نێوانێدا بووە، ، خۆ ئەو بابایە یەك ڕیخۆڵەی ڕاستی لە زگیدا نییە و ڕۆژێ هەزار درۆیان دەکات و هەزار سوێند و تەڵاقی درۆ دەخوا- ئێستا قسێك و سەعاتێکی دی قسێکی دی- تازەش خۆ قسەی خۆی بۆمە ناکا، باپیرەکەم!

دەنگۆ وابوو کە مەحموود خان بۆنی شتێکی کردووە و تەڵاقی شەش بە شەش خواردوون- چونکە ئێستا دوو ژنی هەن، ژنیّ گەورەی تەڵاق دابوو- کورتییەکەی، تەڵاقی خواردبوو ئەگەر بزانیّ پوور حەلیم پێی دەویّ ناوەتەوە-یانی لە ماڵیّ وان- یا چۆتە ماڵیّ کوێخا رەحیمی یا بیبیسێتەوە لەگەڵ رەعنایەی قسە کردووە... هەر پێنجان بکوژیّ، و پوور حەلیمیشی دیوە کە لە ماڵیّ کوێخا رەحیمی هاتۆتە دەریّ و بیستووشیەتەوە کە دەگەڵ خوشکەکەی و سەعیدی لەبەردە بووکیّ بووون... و هیچیشیانی نەکوشتوون...))

((دیارە تریاکەکەی زیادی کردووە... باشە؟))

دەنگۆیەکە وا بڵاوبوو مەلا سەعدوڵڵا بە ((کیشوەر)) خانمیّ... ژنە گچکەی مەحموود خانی گوتبیّ، کە مەلا زۆری لایەن دەگریّ و گوایە لەو بنەماڵەیدا هەر ئەو ژنەیە کە نوێژان بکا و رۆژوان بگریّ-لێی راسپاردووە کە لەم ((سەعات))ەوە لەو پیاوەی حەرامە، جا ئەگەر ناشیەویّ جێی گازاندان بێت ئەوە نامەحرەمە و نابیّ لەو ماڵەشدا بێت، و کیشوەر خانمیش سوود لە لەماڵ نەبوونی ئاغای دەبینیّ کە چۆتە شاری و سوار دەبیّ و دەچێتەوە ماڵە بابی. مەحموود خان لە شاری دێتەوە و لە دووی مەلا سەعدوڵڵای دەنێریّ و پڕی دەداتیّ. مەلا سەعدوڵڵاش هەر دەڵیّ ئیللان و بیللان هەرکەوتووە، زۆر چاکیش کەوتووە، بەهیچ قیل و قالێکیش چاك نابێتەوە، مەحموود خان دەڵیّ ناماقوولیت کرد، نەکەوتووە،-بۆخۆی دەزانیّ کە نەکەوتووە و دەبیّ هەر ئێستاش چاکی کاتەوە، ئەگەر چاکی نەکاتەوە کارەساتی بەسەر دێنیّ و ئابڕووی دەبا- دەنگدەدا، حاشای حازریان، ژنەکەی پەرژینێکی قایم بیّ لە ڕووی جەماعەت- بە نوێژی نیوەڕۆیە و لەبەرچاوی هەمووان وا لێبکەن. کوڕی مەلا سەعدوڵڵای کە دەگەڵ بابیدا دەبیّ لە دەماری غیرەتێی دەدا و بۆ پشتیوانیە لە بابی وەڵامی سەرزەنشتەکانی ئاغای دەداتەوە. ئەوە شاهیدەکان دەیانگێڕایەوە... گوایە ئەو دەمەقاڵێیە لەسەر کانییە باغچەی ماڵیّ ئاغای ڕوویداوە. مەحموود خان یەکسەر، دەست بۆ خەنجەریّ دەبا، مەلا سەعدوڵڵای دەکوژیّ. لەو بێنە و بەرەیدا خزمەتکاریش دەگەنیّ-ئیدی کۆمەکییە دەکەن یا نایکەن، دیار نییە... دیارە کێشەکەی کوێخا رەحیمیشی تێدا هاتۆتەوە ناویّ، کوێخا رەحیم زاوای مەلا سەعدوڵڵای بوو، بە پاڵپشتییە مەلا سەعدوڵڵای و دنەدنیّ سەعید بەگی ئامۆزای دووری مەحموود خان و مالیکی ((خۆرئاوا))یە کە هاوسێی موڵکەکەی بوو، داوای زەوی و ئاوێی دەکرد. بە کورتییەکەی کوێخا رەحیمیش هەر کوژرابوو... ئەو ڕووداوە، بەسەرهاتێکی زۆر لەمێژبوو ڕوویدا بوو...



دایکم هەناسەیەکی هەڵکێشا و وەك لەگەڵە خۆی بڵیّ، گوتی: ((ئەوە ئەگەر ئێمە بووینایە تا نێرەکەرێکیان ناویشتبانایە دڵیان دانەدەکەوت-ئەوە دەشبینی هەر ئەوڕۆ و سبەیەکە هەموو شت وەك خۆیەتی و خانمە خاسیش بەخێر و سەلامەت بە حەوت قەڵەم ئارایشتەوە دێتەوە و وەك نەبای دیبیّ و نە باران، بەڕیشی هەمووان پێدەکەنیّ...))

((دوایە؟))

((دوایە هیچ... دوعای سەرت. شین و شەپۆڕێك هەستا، ڕۆژ بە پێوە ڕاوەستیّ، هەر ئەودەمی لە ترسان کوڕەیان دەربازکرد-و سەعەی، کوڕی کوێخا ڕەحیمیشیان نارده شاری هەواڵیّ بداتە دەوڵەتی.))

((ئەوانەش هەر دەکوژن... هەر ئەوڕۆ و سبەیەکە... لە پەنایەکییەوە گوللەیەکیان پێوە دەنێن و ئەو دەستە بەو دەستەیدی نازانیّ. هەیانە ((بەرتیل)) دەدەن و ئەوەی بشیانەویّ دەیکەن...!)) دایکم بە دزییەوە سەرنجێکی هۆشدارانەی بەسەرتاپامدا خشاند.

ئەودەمی دەوروبەری مە نەگەیبووە ئەو قۆناغە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەی قودرەت و توانایی بەدەست کەسانێکی غەوارە و نەناسراوەوە بێت کە بیّ خۆبادان و خۆ دەرخستن لەو دیو پەردەوە سەرەپەتان ڕاکێشیّ، یا دەستوپێوەندان هەڵبژێریّ. قودرەت بەدەست کەسانێکەوە بوو نەك هەر حەز بێزو (مەگیرانی)شیان پێوە دەکرد، خۆ ئەگەر سیاسەت و سیاسەتبازیش بایە ئەوە ((گایانە)) بوو: دوو دوژمن کە دەگەیشتنە یەك شاخیان تێك بادەدان، ئەوجا لێدە...

لەو حاڵەیدا سڕمە سڕم و راپسکان ڕاپسکان پەیدا بوو. چ بووە؟ هەستام لە کەپریّ بێمە خواریّ بچم بزانم چ بووە، دایکم چاوی زەق کردنەوە، بابە گوتی: ((لەجێی خۆت دانیشەوە... ئاغا و نۆکەر و برایەکانیەتی بۆ یارمەتییە و پشتیوانیەی هاتوون...))

دایکم ڕووی دەمی لە بابەی کرد و گوتی: چمگوت- نەمگوت هەر لێوان بجولێنی و بە ((بەگ))ێکی بلێی چغە هەزار گورگ و بێچووە گورگت لیّ خڕ دەبنەوە!؟ بەڵیّ، دەچن بزانن ((پسمام)) هیچی پێدەویّ یانە نا...!)) بابە ئەو قسانەی کردبوون، داکم کردبوونیە ئی خۆی!

کاتی نووستنیّ بوو، ئەحمەد باپیر کیسەی تووتنەکەی وەبەر پشتێندیّ نایەوە و پرسی: ((ئەتۆ سبەینیّ دەچییە سەرەخۆشییە؟))

((نەخێر، بچم چبکەم... خودا عافووی کا... ئەمانە وەك کەری وەستاو وان چاوەڕێی چۆشێکین، هەر ئەوەی ماوە ئەوەندە زەویەشمان لیّ بستێننەوە و ئاوارەی کێو و بیابانانمان کەن، نا، ناچم... خودا عافووی کا-ئێمە چمان لەدەست دیّ!...))

((حەواڵەی خودای بیّ!)) ئەوەیان دایکم بوو.

ئەحمەد باپیر ڕۆیی، ئیدی بابەش ئارەزووی چوونە سەر خەرمانێی نەما... و مایەوە.

ئەحمەد باپیر ڕۆیبوو، خوشکەکان لەسەر کەپری خۆیان نووستبوون، دایکم جێی بابەی ڕاخست. بابە هەروا کە لەسەر لێفەکەی لەسەر لاکەلەکێکی راکشابوو و سەبیلەی دەکێشا و قسەی تێکەوە دەدان جاکێ بەسەرخۆی هێنابان، بێگومان هەر دایکیشم بوو کە هەمیشە خۆی لە قسان دەکردنە خاوەن- گوتی: ((خوا بەخێری بگێڕێ-خوا ڕەحمێ بە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان بکا... هەر ئێمە و مانان وئەوانین کە وەبن دەست و پێیان دەکەوین. ئەو کوڕەش زۆر بە خراپی وەبن پەڕەی ئەو خەڕەکەی کەوتووە و تا ئەو کچەش تەفروتوونا نەکات وازناهێنێ. خودا ڕەحمێ بەوانیش بکا. کەریم ڕەحە[1] دەیگوت ئەمرۆ لە ((بەردە بووك))ێی دیتوون- ئیدی ئەوەش بۆ خۆی شایەدێك- کوڕەتیو بە عالەمی ئاشکرا لە ئەجەلی خۆی دەگەڕێ!...))

بێ ئیختیار گوتم: ((بەڵام ئەوڕۆ کاك سەعیدی لەگەڵ نەبوو... هەر تەنیا ئەو و پوور حەلیم بوون...)) دایکم قولاّغ بوو، بابە هەڕەشەی کرد، و منیش خۆم ماتکرد...

((لێگەڕێ بزانم چی دیوە، دەڵێ چی. کێ؟))

((ڕەعنا خانم!...))

((کێ؟))

((ئەوڕۆ لای نیوەڕۆیە...))

((جا تۆ چتدەکرد لەوێ؟))

دایکم گوتی: ((دەتویست چبکا لەوێ؟-وەك هەموو دەمێ لە بەرەڵڵاییە بووە!... هەر بینە ڕۆژێکی بووە خلەشێت و ملی لە کێو و بەندەنان نا... ئەودەمی نەڵێی پێم نەگوتی... زمانم مووی لێهات هێندەی وابڵێم! ئەو مندالّە خراپی دەست داوەتێ... ئمم-م!))

بابە گوتی: ((گوتم چتدەکرد لەوێ؟))، بەسەر و روخسارێکی واوە وەك ئاگای لە قسەکانی خۆشی و منیش نەبێ، هەروا ((چەسپ)) بوون و لە سەبیلەکەی دەدان.

((نانم بۆ ئێوە هێنا...))

((بۆ من... جا لەوێڕا! داکت ڕاستدەکا، بۆ لەوێڕا؟... ئەو هەموو پێچە بە دەورە بۆ؟...))

((چووبوومە تووتڕك خواردنێ...))

((هەموو جێیەکی ئەو گوندەی تووتڕکە... چ زۆرە تووترك زۆرە... باشە!؟))

---

(١) رەحە: رەحیم



دایکم لەسەر لایەکی دانیشتبوو، هەردوو دەستی لە ئەژنۆی وەرێنابوون، کوڵی هەستا بوو و لە تاریکیەیڕا دە منەوە دەڕوانی و تێمڕامابوو... بەڵام شێوەی سەر بە ئەژنۆ کردنەکەی واپێدەچوو گوێی بۆ من ڕاداشتبێ.

((هیچ، هەروا دانیشتبوون، ڕەعنا خانم دەگریا و پوور حەلیمیش دڵی دەدایەوە، دەیگووت ئەو هەتیوە کەریەتی کردووە، نەدەبوو وا بکا... ئەویش بێ پارێزی کردووە، نەدەبوو بیڵێ. رەعنا خانم هەر دەگریا-دوایە پوور حەلیم گوتی باشە، بزانێ داخوا لە پێستی ((سیقە تۆرەی))ی...)) هەر ئەوەم لە زاری هاتە دەرێ دایکم وەك مشکی لە ئاوەڵ کراسی کەوتبێ سەراسیمە لەجێی خۆیەوە دەرپەڕی و لە ڕوومەتی خۆیدا و ڕوومەتی لەسەرێڕا بۆ خوارێ دەنێو هەر پێنج پەنجانیڕا گوشی و گوتی: ((دەك خوا مەرگ! تازەچی! هەی پیرێژنی خوا نەناس دەڵاڵ خانم!... پێستی سیقەتۆرە... بەڕاست!))

باوکم گوتی: ((ژنەکە دەلێیگەڕێ با قسان بکا... چی دیوە با بۆ دای و بابی خۆی وەگێڕێ- ئەدی ئەگەر بەمەی نەڵێ بەکێی بڵێ؟ دیاربوو هەر ئێمە و خواجە حافیزی شیرازی بووین کە لە گوێی گایدا نووستبووین. خۆ خەڵکی هەموو دەزانن- باشە دەی؟))

گوتم: ((هیچیدی... چیدیم گوێ لێنەبوو... دوور بووم...)) بەنیوە سەرنجێکەوە لە دایکم- ((گوتی شەوی پەردەش هەر بۆخۆی دەبێتەوە ((بەربووك)) و پێستی سیقەتۆرەی بۆ دادەنێ... ناڕەحەت نەبێ... بەڵام دەبێ وریابێ خوانەخواستە نەکا زگی هەستێ تا ئەودەمی...))

باوکم گوتی: ((ئم-ئم...وە...ه!))

چەند چرکە ساتێك چوو، بێ ئەوەی ڕووی دەمم لە کەس بێت گوتم: ((نازانم پێستی سیقەتۆرەی بۆ چ دادەنێن؟))

دایکم گوتی: ((نا تکا دەکەم بزانە! چۆن دەبێ نەزانی-تۆ نەزانی ئەدی کێ بزانێ! وەڵڵا هەر ئەوە مابوو!)) باوکم گوتی ئەوە جێیەکی کوتراوە، یا شتێکی وێکەوتووە- دێنن بەردووگە بەرخێی لێدەنێن تا چاك وەبێ... هەرچی هەیە ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، هەرچەندە دوایەش لاقی مە هەر دەگرێتەوە... بڕۆ بنوو-ماندووم، حەوسەڵەم نییە و دایکم پڕیدایە سەرین و لێفەکەم و هەڵیدانە لایەکی کەپرێوە و گوتی بچم و خەوی مەرگم بێ و ڕاست نەبمەوە. ڕۆیشتم- لە حاڵێکیدا تەنگوچەڵەمەکەم هەروا وەك خۆی بوو و بۆم لێك نەدەدرایەوە...

بۆ سبەی ئێوارێ هەواڵ هات کە ((گەورەی دەوڵەتێ)) دوو خاوەن پلەوپایەی قۆزاغی ناردوون و مەحموود خانیان بردۆتەوە شاری، کوڕ و ئامۆزا و کوڕە خاڵیشی هەموو لە هەموو لەگەڵ چووون.

دەوڵەت سەعیدیشی لە شاری گلداوەتەوە، نەوەکو درۆی لەگەڵ دەوڵەتیدا کردبێ و ئاریشەکە جۆرێکی دیکە بووبێ...

مەحموود خان هاتەوە گوندی، هەروەك دەیانگوت سەعید بەگی ئەرز و حاڵ نووس، کە کتێبی یاسای هەبوو، قانوون و یاسایان بۆ لە تارانێڕا هێنابوو، گوتبووی کە لە یاسایدا نووسراوە کە ((شەریك))ی هەیە و عەریزەی نووسیوە و داویەتە ڕەییسی قۆزاغان- کە بەڵێ، ئەو گوناهبار نەبووە، شەریکی هەبووە.

ئەودەمی وانەبوو هەر کەسێکی بە نوێژی نیوەڕۆیە لەولا ڕابێت و یەکێکی بکوژێ و وەك پشیلەی دەم و لەوسی خۆی بسڕێتەوە و حاشایە بکات-نا، مەحموود خان بۆ خۆشی چ قسێکی نەبوون، دەیگووت هەموو دەزانن و دیویانە، بەڵام ناوچەکە ناوچەیەکی عەشایەرییە، سەرسنوورە، ئەگەر ئەرباب زەبر و زەنگێکی نەبێ ناوچەکە دەشێوێ و وڵات ئاژاوەی تێدەکەوێت و ئاداری لەسەر پاداری نامێنێ. ((بابە سەی عەلی دەیانفەرموو ئەوە ئاژاوە دیارە- یانی ئاڵۆز و بڵۆزی، کە ئاڵۆز و بڵۆزیش بوو دەبێتە نێر و بەرانی و ئەودەمی سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە و زەلام زەلامی دەخوا!)) کورتییەکەی گوتبووی-مەحموود خان گوتبووی- ئەویش بە ئامۆژگارییە سەعید بەگی ئەرزوحاڵ نووس کە بەڵێ کوشتوومە بەڵام شەریکیشم هەیە...

بابە سەیی بیرێکی کردەوە و گوتی: ((بەڵێ (شەریك) لە بابی موشارەکەیە، لەسەر کێشی موفاعەلە... هەروەك دەڵێن شەریکی موڵك، ئەویش شەریکی (موزارەبە)یە...))

دیارە ئەوە لە شەریکی موڵك دەگەیشتین و دەمانزانی چییە، بەڵام موزارە بەو موشارەکە و موفاعەلەمان بۆ نەدەچۆوە سەریەك و تێینەدەگەیشتین، گەورەکان ریش و بناگوێیان خوراندن و ئەوانەی وەك منیش چاویان بەردانەوە و لە عەردیەوە ڕامان. بەڵام شتێکی شاراوەی گەورە مابوو: دە شەراکەتێ موڵکیدا قسەی یەك دانگ و دوو دانگ و سێ دانگان دێتە گۆڕێ-ئەدی لێرەدا قسە لەسەر چەند دانگانە؟ ئایا وردە دانگی وەك دەنکە جۆیانیش هەبوو؟ پیاو کە هەرای دەبوو بێگومان باوك یا برا بە هاوارێیەوە دەهاتن، کەسیش نەیدەگوت کە داخوا لەو هەرایەیدا چەندی کلکە بێڵ وەشاندوون یا چەند بەرچیغی بەرامبەری وێکەوتووە، یا کاتێ دەستی یا سەری شکاوە چەندی بەش بەو هەرایەیەوە بووە. چونکە زۆر جاران هێشتا دەستت بڵند نەکردبوو کلکە بێڵت وەپشتێ و بەرچیغت وەسەری کەوتبوو... ئەوە کێ حیسابی قازانج و زیان و پشکی شەراکەتێی لێك هەڵدەبواردن و دیاریدەکردن؟



بابە و ئەوانیدی بەو سەرەنجامە گەیشتبوون کە کتێبی یاسایەکەی سەعید بەگی ئەرزوحاڵ نووس پشکی هەموو شەریکەکانی زۆر بە وردی لێك جودا کردوونەوە و لە بەریەکی ترازاندوون و گومانی نەهێشتوونەوە: لەو یاسایەدا هەیە، یاساش لە پایتەختێڕا دەنووسرێ، شای مەملەکەتی دەینووسێ، شای مەملەکەتی هەمووان بە دەستوپێوەندی خۆی دەزانێ، وای نانووسێ کەس مەغدوور بێ و بەش و پشکی کەسێکی دی بخورێ.

بەهەرحاڵ گوتیان ئاغا سەردارخان-کوڕە گەورەی مەحموودخان-ی شەریکی بابی بووە، بە سەرۆکی قۆزاغییەکانی گوتووە کە بەڵێ، بابەخان تەنیا نەبووە، خەنجەرەکەی خۆی-بابەخانی- ئەو بڕشتە پێویستەی نەبووە، ئەو چۆتە پێشێ و یارمەتی داوە، شەریکی بووە! هەردووکیشیان هاتنەوەو دەگەڵ ئامۆزا و بن ئامۆزا و زۆرانی دیکەدا لە دێیدا گەڕان و سووڕانەوە و لە گۆڕەپانی بەردەرکیماڵێش دەستیان بە ڕمبازی و تەقڵە و جلیتبازییە کرد و ئەسپیان لینگدان. سەعیدیان هەروا هێشتبۆوە-تا نەکو لەلایەکییەوە درۆیەك سەرهەڵدا... بابە و ئەوانیدیشی، نابوێر و سەرکزەڵانە گوێیان هەڵخستبوون و ئەگەر یەکێکی وا بە متمانەش لە شارییەوە ڕاهاتبایەوە ئەوە لێیان دەپرسی داخوا چ باسە. دەنگۆ وابوو کە لە ((قشڵە))یدا هێشتوویانەتەوە و هەمدیس هەواڵێکی دی دەهات کە دەمە دەمی ئێوارێ دوورا و دووریان لە حەسارێ قشڵەیدا دیوە-دیتوویانە ڕاوێچکەی کردوون، بابە سەیی عەلی دەیگووت هەرگیز ((ئیستیمزاج))ێ دەکەن، بەڵام ئیدی نەیگوت کە ((مادده))ی ئیستیمزاج لە چ بابێك و لەسەر چ کێشێکە و هەر بەوەندەی لێی بڕیەوە و کرمانج و بۆرە پیاوانیش هەر بە بۆن و بەرامەی تێگەیشتنێ خۆیان بای ئەوەندەیان لێ هەڵکڕاند کە دەوڵەت دەیەوێ، لە شەراکەتییە هەر یەك لەو تاوانبارانەوە لەو بزانێ کە ئاگای لە مەسەلەکەیە- لە بابی ئیستیشارە-وە.

ئاخ هەر تۆزێك وریا بایە، و کوڕی بابی خۆی بایە و کەمێکیشی لەو پشك و شەراکەتییەش بۆ ئەو ئامۆزا و بن ئامۆزایانەش لەبەرچاوگرتبایە و تۆزێکی بۆ وانیش تێگوشیبایە.

بەڵام زۆری نەبرد کە هەواڵ هات کە هەی!-ئاگاتان لە چییە! سەعیدیان لە کونەڕەشێ ئاخنیوەو لە حاڵی وەززاریا تێدایە و لە تەواوی ئەو ماوەیەیدا نە چاوی بە ئەستێرەیەك ونە بە ڕۆژی ڕووناکی خودای کەوتووە!...

دایك و خوشك و برا بچکۆلەکەی سەعیدی هەموو لە هەموو چوونە شاری و دەستەودامانی میرزا رەشیدی عەتتار بوون و لە رێی وییەوە سەعید بەگی ئەرزوحاڵچیان دیت-سەعید بەگ گوتی کە بەڵێ لە یاسای ویشدا ((هاندەر))-موحەڕیك-تاوانبارە- لە بابی حەرەکە-دا، ئەویش لەگەڵ خوالێخۆشبوودا جۆرە ((موازەعە))-داشکاندن-ێکی بووە-

له بابی ((مونازەعه))... سوبحانەڵڵا شیراکەت و موشارەکەت هەروەك شەریکەی زیاد و کەمکردنیٚ ئەم سەردەمەی پەرەی گرتبوو و لێك کشابۆوە، داکە و منداڵەکان به غەم و نائومێدییەوە له شاری گەڕانەوە و هاتنەوە و پەیام و وەڵامیان دایەوە سەعید بەگی کە دەستمان بە دامانت کارێکی بکە. ئاخر تۆ فەرموو بووت هێندە بەسە ئێوە-یانی ئێمە-تۆزێك بجولێن تا منیش وەخۆ کەوم، ئێمەش وەجووڵە کەوتین و ئەو ماڵە باوك و ئێمەش کوڕمان لەدەستدا-زووتر پێش ئێستاکەش پیاوی ماڵێیان کوشتبووین-کوێخا رەحیمیان دەگوت- کەچی کەس مووی لە سمێڵیٚ نەبزووت و تەنانەت تۆش بۆخۆت سەرەخۆشییەکت لێنەکردین. ئەو کاتی سەعید بەگ فەرمووبووی من لای ((دەوڵەت))یٚ کاری خۆم دەکەم, ئێستاش وەڵامی داوەتەوە دەیکەم-ئەوەندە بەسە ئێوە بجووڵێن و ئەوی-یانی مەحموودخان-ی ((بیٚ دەست))کەن ئیدی هەقتان نەبیٚ و بۆمنی لێگەڕێن!

ئەو بێدەست کردنەش خوو و خدە و شتی باو و ڕسومی سەردەمی قاجارییەکان بوو-رەنگە ڕێوڕەسمی لەوەش کۆنتر هەبن: خانێك بە ملهوڕێکی، ناحەزانێکی گەڕەکێی بێدەست ((ترۆ)) دەکرد و خۆی دەکردە حکوومەت، ئەوجا دیاری و بەخششی پێشکەشی مەقامی سەڵتەنەت دەکرد و مەقامی سەڵتەنەتیش فەرمانی حکوومەتیەی بەناوی وییەوە دەردەکرد. دوای ماوەیەك ملهوڕێکی دیکە دەهات و ئەو ملهوڕەی پێشدانی ترۆ ((بێدەست)) دەکردەوە، بانگی حکوومەتییەی دەدا و فەرمانی هومایۆنی بەناوەوە دەردەچۆوە. لەم دوایانەشدا-هەروا لەو نزیکانەی بەر لە ئێستا حکوومەتی شۆرەویش هەر ئەو سیاسەتە ((بێلایەنە ئەرێیە))ی پەیڕەو دەکرد: ئەویش بە پارتە چەپەکانی دەگوت هەر هێندە بەسە حکوومەتە خانییەکانی خۆتان بخەن، ئیدی هەقتان نەبیٚ- بەڵام بە پێچەوانەی سەردەمی قاجارییە، ئەگەر خانی حاکمت خستبایە دەبوو خانێکی دیکەی جیٚ پەسەندی وی لەجیٚ دانێی، ئەوجا کە خانت دەخست وەك ئەو دەیەویست، لەبەر وەی کە خۆشت لەو دەوروبەرە بوویت و یا نەتدەزانی یا ئەگەر بشتزانیبایە کە وەك ئەو ڕووداوە کە لە دوورەوە دەبینیٚ و تۆ لە نزیکەوە نایبینی و گومرادەبووی، لەبەر ئەوە فەرمانی هومایۆنی دەرنەدەچوو، کەچی لە سەردەم و زەمانی قاجارییەدا بە تەواوی بیٚ لایەنییەوە لەبەرچاو دەگیراو فەرمانی دەردەچوو...

ئاغا سەعید بەگیش هەرچووە لای سەعید ئەرزوحاڵچی و سەعید بەگ بۆویشی لاپەڕەی کتێبی یاسایە هەڵدایەوە و بۆی تێڕوانی، گوایە گوتوویەتی کەوا چاکترە ((موازەعە)) زۆر پەرە نەستێنیٚ چاکە و تۆزێکیش خۆکەنار بگریٚ باشترە.



ئاغا سەعید بەگ هاتەوە و بە ماڵیٚ سەعدوڵڵا و کوێخا رەحیمی ڕاگەیاند و چنگێکی ڕاست و درۆ تێکهەڵشێلان کە بەڵیٚ چۆتە لای فەرماندە ساخلو و گوتوویەتی کە ئەوە ئەو چاوەڕێیە بزانیٚ یاسای دەوڵەت چدەکا و چ تەرتیبێکی لەو کارەیدا دەکات، دەنا هێندەی بەسە قامکیٚ بڵندکا و لە عێراق و موکوریانێوە تفەنگچی بێن، وا بکەن تا وابچیٚ و سەرهەنگ میرزا عەلی خان فەرماندەی هەنگ گەیوەتیٚ و گوتوویەتی جاریٚ دەست ڕاگریٚ و مەملەکەت مەملەکەتی یاسای دەوڵەتێیە، یاسای دەوڵەتی خان و مسکێنی ناناسیٚ، لە بەرامبەر یاسایدا هەموو وەك یەکن و یەکسانن- لە بابی مساواتدا و بە کورتییەکەی ئەو هەر بەڕاستی ڕایسپاردووە کە جاریٚ دەست ڕاگریٚ. بەڵام ئەو- ئاغا سەعید بەگ- هەر بەڕاستیش بە چاکی دەزانیٚ لە بەرژەوەندییە، بەرخێك، شەکە بەرانێك هەروا بەناوی دیارییەوە لەڕێی هەمان میرزا عەبدوڵڵای عەتتارەوە بۆ فەرماندەی هەنگ ببەن-زۆر دوور ناڕوا، یەك لە دنیایە سەد لە قیامەتیٚ.

ماڵیٚ مەلا سەعدوڵڵا و سەعیدی سەرەتا هەر بەشێوەی هەوای پارتە چەپەکان هەندێکیان بۆڵە بۆڵ کرد-دیارە زۆر بەدزییەوە، دیایلاکتیك و ئازادانە-و دوایەش سەرەنجام بە گوێرەی ڕاسپاردەکان جووڵانەوە، سەعید کوڕی کوێخا مەجیدی هاتەوە گوندی و خەڵکی هەردوو دیٚ-دێی خۆیان و دێی ئێمە-ش زۆر بە دزییەوە خۆشحاڵبوون- تەنیا خودی سەعید نەبیٚ کە ئیدی خۆخودای ناناسیٚ، دەڵیٚ لە قەڵای سەنگبارا نێوەڕا هاتۆتەوە بە قرچەی نیوەڕۆیە، لە دەمی کاروگێرەی خەرمانێدا، جلە نوێیەکانی دەبەر دەکرد، دەستی دەبەر پشتێندیٚ دەنا، وەك کەڵەبابی جەنگی- کە لەنێو کۆمەڵە جوجك و مریشکێکی سەرگوفکی خۆی گێڤ کاتەوە دەهات و دەچوو- و ساڵدانە ساڵدانە بە دێیدا دەگەڕاو بە دەم ئەهم و ئەهمێوە دەچووە نێو ژن و منداڵ و پیر و جوانێوە و تێکەڵیان دەبوو. ئەویش وەك هەر جحێڵەکی لەو کات و شوێنانەدا لاف و گەزاف و خۆدەرخستنی خۆی هەبوو. دەیگوت ئەو چەند ڕۆژانەی هەر لەگەڵ ڕەییسی ساخلویدا نان خواردووە، هەر کاتێکیش کە ڕەییس دەهاتە قشڵەی هیچی نەدەکرد تا بانگی منی نەکردبایە لای خۆی...((ئەو کوڕە لاوەم بۆ بانگ کەن!)) و ئەو ڕستەیەشی بەشێوە زمانێکی کوردی ئەوتۆوە دەگوت ((ئەو))ەکەی وا دەردەبڕی وەك بۆخۆی فەرماندە ساخلو بێت، چونکە بەرغەبابەشی نەبوو دەنگەکەی بە مەیلەو تووڕەبوونێکەوە دەردەبڕی. بەڵیٚ، سەرەتا هەندێکی قەد و باڵای خۆ ڕادەنا و دوایە دەیفەرموو دانیشن، ئەوجا بە ((بەردەست))ەکەی دەگوت شەربەت و ((شیرینی جات))ی لەگەڵ قلیانی بێنن (لە کاتێکیدا قەڵافەت و ڕوخساری هاواریان دەکرد کە-نەك هەر شەربەت و شیرینی جات لە گۆڕیٚ نەبووە، بەڵکە نانی ڕەقیشی

هەروەچەنگ نەکەوتووە. بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە دەیانگوت دەبێ لە قشڵەی مەشقی سەربازی زۆر کردبێ، بۆیە وا زەرد و کز و لاواز و سیسەڵە بووە. بۆ خۆشی هەر هاواری بوو لە دەست خواردنی عەجەمان. دەیگوت خواردنی عەجەمان ناخورێ، جارێ ڕۆنی دەخواردنێ هەر ناکەن-خواردنیان دەڵێی چڵکاوە-پیاو بێزی لێ دەبێتەوە!

کە ماوەیەك تێپەڕی دووبارە دوو پلەداری گەورەی قۆزاغیان هاتنەوە ڕێی مەحموود خانی و ئاغا مەحموود خان و کوڕەکەیان بردنەوە شاری بەڵام هیچیانیان کەلەپچە نەکردن... کەسیش پێی سەیرنەبوو. ئەمجارەیان ئامۆزا و بن ئامۆزا و کەسوکار و خزم و خوێش درەنگتر چوون. دوای ماوەیەکی کەم هەواڵ هات کە بەڵێ هەردووکیان دەگەڵ هەردووکیان دەگەڵ دوو پلەداری قۆزاغی و ((١٠)) دە سەربازاندا ناردوونە سەقزی و لەوێشڕا بۆ دیوانی جەنگی سنەی، بەڵام ئەمجارەشیان هیچ کامێك کەلەپچە نەکردن، هەمدیسیش کەس پێی سەیر نەبوو... باشە دەی، نەیانکرد نەیانکرد، ئاغایان ئاغا گوتووە و کرمانجیش کرمانج-دەتهەویست ئەو دووانەش وەك هەموو هەرچی و پەرچییەکی کەلەپچەکەن! جا ئەگەر کەلەپچەیان کەن جگە لە مەسرەف و خەرجی ڕێیە، ئیدی بەرتیل و دیاری و پێشکەشیشیان نەدەدا!

گوتیان تەسلیمی دیوانی جەنگیان کردووە، تەسلیم؟-جا بۆ تەسلیمی وێ؟ دیوانی جەنگ چییە؟ بابە سەیی گوتی: ((جەنگییەکەی ئەوە جەنگە- ئەوە دیارە. بەڵام... لە دیوانەکەی تۆزێك دوو دڵم. دیوان...ئمم!)) و تەواوێکی ڕیش و بناگوێ خوراندن... و لە پەنجەرەیڕا ئەخ و تفێکی خەستی ئاودیوی ((دەرماڵێ)) کرد-بەڵام چۆن، تاتینی تێدابوو (ماشاڵڵا بەو هەموو ساڵ و تەمەنەوە، ئەو هەموو هێز و تینە!) چەند چرکە ساتێکانیشی هێڵ و ڕێچکە و شوێنی تفەکەی چاو ئەندازکرد... و زەردەیەکی وەك دڵۆپە مەرەکەبی سەر کاغەزێکی وشك کەرەوە وردە وردە لەنێوان مووە ماش و برنجەکەی ڕیشە تەنکەکەیەوە بڵاو بوو. مسکێن هەموو خۆشحاڵ و شاگەشکە بوون لە خۆشییە ئەوەی کە ئەو هەتەڵ مەتەڵەشی وەك گوڵی دەمەو بەیانێکی بەهاریی تاو وێکەوتوو لەبەرچاوان پشکووت و کرایەوە... هەموو چاوەڕێ بوون، هەمووش هەر بە زەردەخەنەوە پێشوازییان لە زەردەخەنەکەی وی کردەوە. بەڵام خوا هەڵناگرێ چاکی بۆچووبوو، ڕاستەو ڕاست لە نێوەندی نیشانێی دابوو!- ئەخ و تفەکەی دەڵێم- هەر ڕاست لە نێوەندی بڕکە خەیار (ئاروێ)یان کەوتبوو.

((بەڵێ... دیوانەکەی کەمێك نادیارە، چونکە دیوان یانی هەیوانێکی وەکو ئێرە، کە لێی خڕدەبنەوە و لێی دادەنیشن- هەروەك دیوەخانێ ماڵە ئاغای و چاو شەربەتانی لێ دەخۆنەوە و باس و خواسی کاروباری گرنگی لێدەکەن... بەڵێ، ڕەنگە بردبیاننە دیوانی دادوەری وێ))



باوکم گوتی: ((بەڵام بۆ تەسلیم؟))

((چۆن بۆ؟ تەسلیمی دیوانیان دەکەن، خۆ بۆخۆی نەچووە، بردوویانە، یانی وەك تۆ چۆن بڵێی فلان کەس ئەو ژەمولکە ڕۆنەی بەرە بۆ ماڵێ مەلا حوسێنی یا ماڵە ئاغای، ئەویش ئاوا دەبێ بیبا و تەسلیم بە حاکمی بکا... خۆ دادوەری ئەوێ هەروا بە دیتن و سەر و سەکوتیەوە نایناسێ تا بۆخۆی بە تەنیا بچێتە بەردەمی حاکمی و بڵێ قوربان بۆ خزمەت هاتوومە پایتەختی- بۆیە یەکێکی لەگەڵ دەنێرن، کە دەگاتە خزمەت حاکمی بڵێ قوربان ئەوە فلانە، کوڕی فلانی، خاوەنی فلانە دێ... هەروەك چۆن تۆ کاکە ڕەحیمی لەگەڵ حەسەنی کوڕتدا بنێرییە لای حاجی فەیزوڵڵای...))

باوکم گوتی: ((بەڵێ... بەڵێ-تێگەیشتم.)) و ئامادەبووانیش هەموو قنیاتیان هات... چەند ڕۆژ پاشتر ئەحمەد باپیر لە شارێڕا هاتەوە و گوتی کە لە دوکانێ حاجی سەعیدی بەزازی گوێ لێبووە کە سەعید بەگی ئەرزوحاڵچی گوتوویەتی وەزعیان خراپە و زۆریش ترسناکە، دووریش نییە هەردووکیان گوللەباران کەن، دیوانی جەنگ دادگای سەربازییە...

بابە سەیی زۆر خۆشحاڵ بوو، زەردێکی هاتێ و گوتی: ((بەڵێ، مەحکەمە لەسەر کێشی مەزلەمە!))

((یانی چۆن؟))

ئەحمەد باپیر وەڵامیدایەوە، گوتی: ((گوتیان لەوێ چەند ڕەییسی گەورە گەورە دادەنیشن و لێیان... شتێکی گوت-درۆم نەکردبێ باشم لەبیر نەماوە-بێ ئەدەبی نەبێ- شتێکی وەك ((سێ تەڵاق))ەم هاتە گوێی... گوتی ((سێ تەڵاقە))یان دەدەن...

بابە سەیی پێکەنینێکی پانی هاتێ، گوتی: ((ئیستیتڵاق-لەبابی...))

((بەڵێ، ئەوە... ئەوەی کە فەرمووت...))

((بەڵێ، ئیستیتڵاق، لەبابی ئیستیفعال-یانی داوای دەست لێك بەردانێ... یانی دەبێ هەوڵدەن و تەقەللا و کۆششێ بکەن خۆیان رزگارکەن...))

هەموو بە ماتی و کزەڵەییەوە تێیان ڕووانی، ئاریشەکە ببووە دوو سێ سەرە: ئیستیفعال، ئیستیتڵاق... بە قسەی وی ((خۆپەڕاندنەوە... و هەوڵ و تەقەللای چی!))

راستیان فەرمووە، هونەرمەندی گەورە خوێنەر و بیسەر و بینەری گەورە و مەزنی گەرەکە، ئیدی بابە سەیی لەوەی زیاتر مەبەست بە ڕوونکردنەوێ نەبوو، شتەکە لە مانایەکەیڕا دیار و ڕوون و ئاشکرا بوو: ئیستیتڵاق لە بابی ئیستیفعال. سەرنجەکان لە بابە سەیی عەلییەوە پەڕینەوە سەر ئەحمەد باپیری.

((بەڵێ))، عەرزی دەکرد-سەعید بەگی ئەرزوحاڵچی عەرزدەکەم... بێ ئەدەبی نەبێ، درۆم عەرزنەکردبێ، من لە خۆیم نەبیستووە-خۆم ڕووڕەشی ڕۆژی قیامەتێ ناکەم، فەرمووبووی دادگاییەکە دادگاییەکی سەربازییە، یەك حوکمە، یان بێ گوناهی یا...))

بابە سەیی بە نیشانەی پەسەندی و پشتگیرییە سەرێکی لەقاند و بە پێکەنینەوە گوتی: ((بەڵێ، بێ گوناهی و بەرهەڵدان-یا تاوانبارکردن و فەرمان بە...))

ئیدی هیچ گرفتێك نەبوو.

بەڵێ، درانە دیوانی جەنگی و گوایە ئیستیتلاق یا ئیستینتاقیشیان دەگەڵ کردوون و ماوەیەك ئەو دەنگۆیە لە هەر دەرکێکییەوە بەسەر زمانانەوە بوو. دەو ماوەیەشدا سەعید هەروا خەریکی مشومڕۆڵێ بوو، نیوە دیار و نیوە ون لەگەڵ ڕەعنا خانمێ پەیوەندی هەر هەبوو، بە ئاشکرای وەڵام دەدایە سەعید بەگی و پەیامی لێوەردەگرتەوە، سەعید بەگ بە ئاشکرا لاف و گەزافی ئەوەی لێدەدا کە بەڵێ، بۆخۆی بە ڕەییس ساخلووی گوتووە، هەڕەشەکانیشی کاری خۆیان کردووە ئێستا چتاندیووەٚ

بەڵام خزم و کەس لە هەردوولاوە هەروا دەستەوەستان و ڕاوەستاو نەبوون و هەروەڵامیان دەدایە سەعید بەگی وانەکا قسەی مسکێن و کرمانجان وەسەر قسەی ئاغای کەوێ. کرمانج ئاگرە، خوانەکا داکەوێ-ئەگەر داکەوێ تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتێنێ، ئەویش لە موڵکایەتییە خۆیدا ئەو گەمانەی زۆرن، نەوەکو! هەرچەندە سەعید بەگ لە قساندا ئێرە و ئەوێی زۆربوو بەڵام لەکارو کردەواندا لە کورتییەی دەدا- ژمارەیەکی خزم و کەسوکار لە دەوربوون، هەوای کارێکیان دە کەللەیدا بوو. هەر ئەویش بوو کە هەناسەی هەڵدەکێشان و پشووی دەخواردەوە، کە ئەگەر دەمارگیرییە عەشیرەتییە نەدەبوو، دەنا ئەی ڕۆژگار!

چەپۆکێکی بەڕانی دادەدا... یانی هەل و دەرفەتێکی چاکە، بەڵام بەداخەوە...! و کرمانج و مسکێنیش وەك هەمیشە دەست بە دارەوە بوو، گوێ قوڵاغی دەنگۆ و پڕوپاگندان بوو کە بەو گوێیەی وەردەگرت بەویدیکەی دەسپارد:

((هەردووکیان لە سێدارەدان، کوڕی ئامینە درێژێ لە سەقزێڕا هاتۆتەوە، دەیگوت لە (قولەشین)[٢]ێکی بیستووە کە لە ناو چایخانەی قسەی بۆ خەڵکی کردووە و نەشیزانیوە کە ئەو خەڵکی ئەو ئاواییەیە...

---

(٢) قولەشین: ئەمنیە



((های بابە، تۆش چەند خۆش باوەڕی!-ئەوان لەوێ چوونەتە میوانییە، هەرکە لە میوانییەش بەخێر و سەلامەت تەواو بوون ئەوە دێنەوە! تا ئێستاکێ دیویەتی یا بیستوویەتی کە ئاغایەکی بۆ کرمانج, یا ڕەشوڕووتێکی بە قەنارەیەوە کەن، یا تەنانەت لە گوڵێی کاڵتر پێ بڵێن؟ ئەوە ئێمە هیچ باو و باپیرانیشمان وەك دەڵێن هەر نەیاندیووە...))

((نا بابە مەحموود خان گوتوویەتی ((من لێرە دادگاییە ناکەم-من شەرمم بەخۆیە- جا هەر ئەوە ماوە کە دادگاییەکەی ڕەتکەمەوە!)) و ڕەییسی دیوانی جەنگ کە ئەوەی دەبینێ هەواڵ دەداتە ڕەزاشای بە ((تەلەفۆن))...

((تەلەفۆن؟-تەلەفۆن چییە، کاکە عەزیز؟))

((تەلەفۆن... مەکینەیە... بە تەلەفۆن قسان دەکەن... هەروەك چۆن ئێستا ئێمە ئەوە دانیشتووین و قسان دەکەین و لەگەڵەیەك دەدوێین... مەکینەیەکە وەك ئەو قوتووە جگەرەی... دەڵێن ڕەزا شا بۆخۆی یەکێکی هەیە، یەکێکیشی داوەتە گەورەی ناوچە و مەملەکەتەکانی دیکەی وەك مەملەکەتی لای خۆمان و یەکێکیشی داوەتە مە، هەر کاتێ کارێکی بە پەلە و دەستوبردی بوو قووتووەکەی لەبەردەمی خۆی دادەنێ و قسان دەکا، ئەویدیش وەڵام دەداتەوە...))

((ئەو دەنگە چۆن لەو قوتووەیڕا دەڕوا-چۆن؟))

((ئاخر خۆ قوتووەکە بۆش نییە، مەکینەیە، دەڵێن جەڕ و مەنگەنەیەکی زۆری تێدایە ئەو سەر تا ئەو سەریشیان تەل ڕاکێشاوە- هەروەك لە ماڵێ مەڕا تەلی ڕاکێشیە ماڵێ کوێخا عەزیزی.))

((ها- ئەو هەموو تەلە! ماشەڵڵا لە قودرەتی خودای!))

((...بەڵێ ڕەییسی دیوانی جەنگیش بە تەلەفۆن بە ڕەزا شای گوتووە، ڕەزا شاش گوتوویەتی بیانێرنە ئێرە، تارانێ- لای خۆم...

((تۆ قسەی سەیر دەکەی! وەك مەحموود خان سمایلاغای سمکۆ بێت! ڕەزا شا تەنانەت هەر ناویشی نەبیستووە- هەزارەها مەحموود خان ئەوەتا لە کەلێن و کەلەبەر و پەنای مەملەکەتیدا کەوتوون. ڕەییسی دیوانی جەنگ- دوور لەڕووی ئێوە- چ سەگێکە بتوانێ یەك بە دووان لەگەڵ ڕەزا شایدا بکا... ئەوە ئەوانیش گوتیان تۆ باوەڕ دەکەی! ئەوان دەیانهەوێ ئابڕوو پارێزییە بکەن...))

بە کورتییەکەی، بازاڕی قسەوقسەڵۆکان گەرم بوو، چەند تێپەڕی، بازاڕی ئەو دەنگۆیانە هەر گەرمتر دەبوو، گوتیان بەڵێ، هەردووك- باب و کوڕ- لەژێر چاوەدێریدان، پارەیەکی

زۆریشیان داوە و دەست و دیاری و بەروبەرتیلێکی زۆریشیان پێشکەش کردووە، دیوانی جەنگیش هێشتا هەر تێماوە...

دەنگۆی ئەمجارەیان دیار بوو لەخۆڕا نەبوو- وەك باس و خواسێك هەبێ، مەحموود خان وەکالەتنامەی بە حەمە لاپانی نۆکەریدا بۆ عەبدوڵڵا خانی ناردبوو، عەبدوڵڵا خانیش یەك دانگی ((کانیی ڕەش))یی کردبووە رەهنی حاجی عەزیزی ئاسنگەر- لەبەرامبەر سێسەد تومانیدا. های، سێسەد تومان ئەو دەمی پارەبوو. بەخۆت و ژن و منداڵتەوە بتخواردبایە تا ڕۆژی قیامەتێ نەدەبڕا.

بێگومان لەو نێوەشدا مسکێنی دێش، بەتایبەتی ماڵێ مەلا سەعدوڵڵا و کوێخا ڕەحیمی، سەرو کلکێکیان قیتکردنەوە، سەعیدیش هەنگاوی گەورە گەورەی داویشتن و جگەرەی بەلالێویەوە دووکەڵی بە بادەدا و ((سەرەتاتك))یی دەکرد و چاوی دەگێڕا. جوانووە ئەسپێکیشی کڕیبوو، بەتایبەتیش بە سواری بە بەر ماڵێ ئاغایدا تێدەپەڕی و خۆی بادەدا و خۆی هەڵدەشەنگاند، بەڵام ئامۆزاو براو خزمەکانی دی ماڵێ مەحموود خانیان چۆڵنەکرد و هەروای لێنەدەگەڕان.

((قوربانی ئەو دەمارگیری و خۆبەزل زانینەتان بم!)) ئەوە سەروبەندی قسەی بابم بوو. هەروا ماوەیەکی دی ڕابرد، هاتنەوەی ئاغا مەحموود خانی کۆتایی بە دەنگۆ و هەموو ئەو قسەو قسەلۆکانە هێنا: بەرەبەرەی خۆراوایەکی پەیدا بۆوە- بەڵام بە تەنێ. ئاغا سەردار خانی لەگەڵدا نەبوو، وای بڵاوکردەوە کە بە ((بارمتە)) هێشتوویانەتەوە، بۆخۆشی کردییە قاو گوایە دادوەر (حاکم) زۆری کەیف بە دەستوبازوو و قەد و قەڵافەتی سەردار خانی هاتووە و گوتوویەتی دەبێ هەر لەوێ لەلای خۆی وەمێنێ، ((وەك کوڕی خۆم))-ئەویش، مەحموودخان دەبێ چ دەستان نەبزێوێ.

بەڵام وردە وردە ڕوون بۆوە کە بەڵێ، سەردار بە هاندانێ بابی و پەسەندییە سەعید بەگی ئەرزوحاڵچی لە دیوانی جەنگی هەرچی گوناه هەیە و هەرچی تاوانە بە عۆدەی خۆیەوە گرتووە و حەپسی ئەبەدی، تا کۆتایی ژیانی بۆ بڕاوەتەوە، گوتیان گوتوویەتی بابەخان ڕەییسی تایەفەیە و نەبووە و ناشبێ هەر ئەو ڕەییس نەبێ، بەڵام ئەو تازە دەگاتێ و جحێڵە و هەروەك کە بابە خانیش گفتی داوە یەك دوو ساڵان دەگیرێ و دوایە بابەخان دەیکرێتەوە و بەرهەڵدا دەبێ. لەوە بەدواوە دایکە داماوەکەی ئەو جحێڵەی بوو کە هەر ((ڕەییسێکی گەورە)) هاتبایە ئەو شارۆچکەیەی ئێمە، ئەوە لە قەراغی چۆمی دەست بە عەریزەوە رادەوەستا و داوای کوڕەکەی دەکردەوە و زۆر جارانیش رەییسی گەورە هەر ئاوڕیشی نەدەدایەوە و بێ عەریزە



وەرگرتن دەچووە قشلەی و ئەوی بەدواوە. جاری وادەبوو رەییسی گەورەشی دەدیت و ڕەییسی گەورەش چەند قسێکی بە زمانەکەی خۆی دەگوتن، کە ئەو هەر تێشی نەدەگەیشت و ئەویش لە وەڵامدا گەرمەشینێکی خەستی دەگێڕا، کە ڕەییسی گەورە هیچی لێ حاڵی نەدەبوو... و پیرێژنانی شاریش ئەوە چاو لەڕێی ئەو دایکەن بەخۆ و بە کوڕەوە بێتەوە، هەروەك کوڕەکەی لەگەڵ دەستوپێوەندەکانی ڕەییسی گەورە دابێ!

ئێدی مەحموودخان سۆراغێکی کوڕەکەی نەکردەوە، هەروەك قەتا و قەتی ئەوکوڕە هەر نەبووبێ کە خۆی بە قوربانی وی کردووە و ئێستا بێ پوول و پارە و بەدەستی بەتاڵ ئەوە لە زیندانێدایە. هەواڵێکی نەپرسی، دەنگۆیەکیش بەدوای ئەم بەسەرهاتەیدا بڵاوبۆوە. گوتیان کوڕەکە پەیامێکی ناردووە- کەس نەیدەزانی بەکێدا- کە بە بابەخانی بڵێن ئەگەر پارەم بۆ نەنێرێ عەریزەی دەدەم کە مەلا سەعدوڵڵا ئەو کوشتوویەتی. بە قسەی دایکم ((ئمم... دوای بارانێ کە پەنك! ئەوەی بە بێوەژنییەی دەکەی، ئەگەر بە کچێنیت بکردبایە ئێستا کۆزت پڕ دەبوو لە وردتکە و پرتکە!))

ماوەیەکی دی ڕابرد- هەواڵی مردنیی هات، گوتیان لە زیندانێدا ((دەردەباریکە))-سیل-ی گرتووە و مردووە، دیسانەوە گوتیان پزیشك و نۆژدارەکانی وێ ((سپڵ))ەکەیان کە هێندەی یەك شووتی لێهاتووە، دەرێناوە و دەشووشەیەکی داودەرماناندا وەك شتێکی سەیری زەمانەی هەڵیانگرتووە. ((ئمم!)) نۆژدارەکانی خۆمان سەریان باداو زەردەیەکیان هاتێ... ((دە داودەرمانییاندا هەڵگرتووە! ئەقڵیان بەوەی نەشکاوە بە خەنجەرێی بۆ بقەڵێشنەوە!)) (لەو کاتانەدا لەلای مە نەخۆشەکەیان دێنا و لەسەر گازی پشتێیان درێژ دەکرد، لە جێی ((سپڵ))ەکەی کراسەکەیان هەڵدەدایەوە و بای لەپە دەستێکیان لەجێی سپڵەکەی بەدەمی خەنجەرێ وردە وردە بە پێستی زگیدا دینا و دەیانقەڵاشتەوە و ئیدی هیچ شوێنەوارێکی ئاوسانی سپڵەکەی نەدەما و چاك دەبۆوە! و ئیدی هیچ پێویستییەکی بەو هەموو گەرد و تۆزە سوور و سپی و زەردەی نەبوو). هێی... دنیا کەوتۆتە دەست کێ! هێندەشیان هۆش و گۆش نەبووە کە هەر نەبایە هێلکە و ڕۆنێکیان بە بەزی ورچێ بۆ دروستکردبایە!))

بەڵام با ئەو هەقەش بڵێین، کە هەواڵی مردنیی هات بابی پرسەیەکی تا بڵێی پیاوانەی بۆ دانا، لە هەموو لایەکڕا هاتن- بەڵام چۆن! وەك شارە مێرووله هەستابێ. دەورووبەری مانگێکی ڕەبەق ئەوە هەر حەشیمەت بوو دەهات و دەچوو و نەدەپسایەوە. ڕەییس ساخلووش هەرچووە سەرەخۆشییە مەحموود خانی. ئیدی بڵێم چیان هێناوە-بۆ پرسەو سەرەخۆشییە! هەروەك دەیانگوت دووسەد دانە هەر پێستی بزنێ و مەڕ و ماڵاتی بە حاجی عەبدوڵڵای دەبباغ

فرۆشتووه- ئەوه بێجگە له ڕۆن و مریشك و کەڵەباب کەللەقەند و دەفتەره سیغار و بەرماغ و جگەره و ئەو جۆره شتانە. ئەوجا یەك دەسته ((کەوا)) و ((پانتۆڵ)) و ((پشتێند)) و ((شەده))ی نوێی بۆ کوڕه گەورەکەی-کوڕه گەورەی سەرداری، که شەش حەوت ساڵە بوو کڕی، دوای ماوەیەکیش ژنێ سەرداری لەزڕ برایەکەی خۆی مارەکردەوه و حەمه صالحه بەگە ڕووته بوو که کوڕەی دینایه مزگەوتێ، لەبن دارێکی کەناری حەوزێی دادەنا و ڕێ و ڕەسم و ((ڕەوشت))ی ئاغایەتییه و چۆنیەتی هەڵس و کەوتی مەجلیسانی فێردەکرد، که له مەجلیسان چۆن دانیشێ و چۆن هەستێ و چۆن بخوا، کاتێکیش پرسیاریان کرد چۆن و چ وەڵامێك بداتەوه، کاتێ که لەگەڵ گەوراندا دەدوێ دەبێ چ بڵێ- هەر ڕاست وەك سەردار خانی. لەگەڵ منداڵی ئاواییدا گەمان نەکا، چونکه ئەو ئێستا ((جێنشینه))، لەجێی بابیەتی، که کوڕه گەورەی بابەخانی بوو. ئیدی نەکا هەر دەقیقه و ساتێك ڕاکاته ((مدبەق))ێ و له کارەکەرو ئەم و ئەوان داوای بابۆڵەی نان و ڕۆنەکەرەی بکا، له دیوەخانێش کاتی نانخواردنێ هەر پڕنەداتێ و زۆر نەخوا- نەجیب زاده کەمی دەخۆن-، ئەوه هەر کرمانجه زۆرخۆره- دوو سێ پارووی که خوارد دەبێ له سینییه بکشێتەوه. بەڵێ منداڵەی بەستەزمان هەروا پاشی حەوتووێکی بووه قامیشی کلۆر- هەر ڕاست وەك جوجکه مریشکێکی نەخۆش. هەر فووت لێکردبایه- به قسەی دایکم- دوور له گیانی دەکەوت و لووتیت گرتبایه گیانی دەردەچوو.

بەڵام که ((کەوا)) و ((پانتۆڵ کۆن بوون و ئاو له ئاشی بڕاو ژنی دووەمی ئاغا مەحموودخانی- خوشکێ حوسێن بەگی ((کونه ماسی))یه که له پیاوماقووڵانی ناوچەکه بوو و ئەویش بەو پشتیوانی و بارودۆخەوەی ماڵێ بابیەوه جێی و ڕێ و شوێن و پایه و پلەیەکی توند و پتەوی له نێومالێدا هەبوو- سەر لەنوێ دەستی بەسەر کاروبار و وەزعەکاندا گرتەوه، حەمه خانیش له کۆت و بەند و خوو و ڕەوشتی مەجلیسان ڕەهابوو و کۆتایی به خزمەت کردنێ دەمانچەی هێنا و ئیدی ئەوبوو و مشتێك مێش و مەگەزی درشت و ورد که هەمیشه لەسەره کەچەڵەکەیەوه ئاڵابوون و لێی نەدەبوونەوه و بۆ هەر جێیەکی چووبایه، دەر و دەشت و کێو و بەندەنانیش، چووبایه و لەنێو دار هەرمێ و هەڵووژه و دەوەنانیشدا- ئەوه هەر لەگەڵی بوون و ڕایان دەبوارد. ئازاد و سەربەستی حەوت دەوڵەتان بوون، ئیدی ئەوه نەبوو نەچێتە نێو ((مدبەق))ێ و نەچێ داوای شتی له قەرەواش و نۆکەران نەکا. دەشچوو بەڵام کەسیش گوێی نەدەدایە، تەنانەت کەسێك پێی نەدەگوت چڵمیشت بسڕه. له لەکەشی هەر ئازاد بوو... ئەی ئازادی، چ نیعمەتێکی به نرخی بوونێی تۆ!...



یەك دوو ساڵ بەسەر کوشتنی مەلا سەعدوڵلای و چەند مانگێکیش بەسەر مردنێ سەردار خانیدا تێپەڕیبوو، ژیان ڕێچکە ساده و ساکارەکەی خۆی گرتبۆوه- سروشتیش هەروەتر. گرانەتامان به گوندەکەی فێربوو و کوشتاری کرد- ((گرانەتا)) ڕۆیی، ((ئەسپەك)) هات، ئەویش بەشی خۆی برد و ڕۆیی... و ئێمه ماینەوه و ئاغاو دژایەتییەکانی لەگەڵ قەوم و قیلان و ئێمه و دژایەتییه یەکتریمان و خۆبەخۆ، ژن هێنان و ژن دان و هاتن و چوونی مەزرایه. لەو نێوەیدا چەند پێکداهاتنێك بوو: شەوێکی ئاغا سەعید بەگ پیاوی ناردن و تووتنی دێی مەیان هەموو به داسان هەڵبڕی و زیانێکی زۆر وه قەپرغەی ئاغا و کرمانجی کەوت. ئاغاش له تۆڵەی ئەوەی، حاجی عەزیز بەگە ورگه و ڕەشید بەگە چێشتەی نارد و کوێخای دێیەکەی ئاغا سەعید بەگیان کوشتەوه.

حاجییه ورگه نۆکەری ئاغای بوو، له خزم و کەسه دوور و تێماوەکان بوو-بەگ بوو- له ڕەسمیاتانیشدا حاجی عەزیز بەگ بوو. هەروەك له ناوەکەیڕا دیاره پیاوێکی ورگن و گەده زل بوو، شەست ساڵێك دەبوو، وەك له قسەی بابم و خەڵکی دێیەوه دیاربوو تا ئەو دەمی چل پەنجایەکی کوشتبوون. دیاره که بۆ خۆی نەیکوشتوون-بۆخۆی پیاوکوژ نەبوو... پیاوێکی خودایی بوو، حاجی بوو، هەمیشه دەمولێو بەنزاو پاڕانەوەوه بوو، ((ئاغاوات)) ناچاریان دەکرد خەڵکی بکوژێ.

نهێنییه بەسەرهاتی ئەوینی ئەو ئێستره ماچه پیرەش که کچه قەراوەشەکەی کوشتبوو هەر به دەستووری ئاغاوات بوو. من تا ماوەیەك هەر نەمزانی ئێستره ماچەی پیر هەر کێشه، چ پەیوەندییەکی به کچه قەرەواشییەوەیە-هیچ ئێسترێك لەو دێیەی مەدا نەبوو-نه له تەویلەی ئاغایدا و نه له ماڵە کرمانجانیشدا. ئەودەمی ئێستر ((باو))نەبوو- له چیرۆکاندا نەبایه که دەیانگوت فلانه خانی خوالێخۆشبوو هێنده قورس و قەبه و بەخۆوه بووه و لەبەر ئەوەش که ئەسپ نەیکێشاوه-نەیبردووه و نەیتوانیوه- سواری ئێسترێ بووه- و دیاره ورگ و گەده و گیپاڵی زلیش نیشانەی کەسایەتییه بووه. دیاره سوود وەرگرتن له ((خوازه))ی ئێسترێ وەلای ئارەزوو و حەزو ((داوای)) خانمێ گەورەوه بووه که گوایه تایبەتمەندییه هەردووکان وەك دوو مێینان سەرچاوەی بناوانێکین... ئەوەشیان نەبوو کرمانج تایبەتمەندییەکی دیکەی بۆ لەبەرچاوگرتبوو. کرمانج بوونەوەرێکی سەیرن، هەر بۆخۆیان قاموسێکن، قسێکی دەکەن و مانایەکی دیکەی بۆ لێك دەدەنەوه که دەقوتووی هیچ عەتارێکیدا نییه...

بەڵێ به دۆزینەوەی کلیلی ئەو ((هێما))یه تێگەیشتم که ئێستره ماچەی پیر خانمێ گەورەی داکێ ئاغایه، که وەك دەیانگوت گوایه لەگەڵ کوێخا ((ئەولا))ی- بابی ئەو کوێخا شەریفەی-

کوێخای پێشان-دا کە پیاوێکی کەتەی بەخۆوە بووە و ماینێك نەیکێشاوە، کاکە و برالەیەك و سەین و بەینێکیان بە جووتە پێکەوە هەبووە. کوێخا ((ئەولاّ)) واز لە سوارییە دێنیّ و وەڕەز دەبیّ و لێی دوور دەکەوێتەوە و کچە قەرەواشێکی دەخوازیّ و دەیهێنیّ- ئێستر گەلیش ئەوە دیارە بە چەمووشییە بەناوبانگن و ناسراون. ئەو پیرە ئێسترەش دیارە ئەوەی پیّ قوت ناچیّ و کچەی دەداتە دەست حاجییە ورگەی-و حاجیش دەیباتە خڕێکی و لەوێی گوللەیەك لەسەری دەدا، لاشەکەی دەبن مشتەگڵ و خۆڵێکیدا دەشارێتەوە.

بەکورتی، کچە ونبوو، کەسوکار پێکەوە لەسەر پێیەکی هەموو جێیەکیان لێکرد و پیاویان بێروبەوێدا هەناردن، تەنانەت ((کونە ورچ))یش نەما نەگەڕێن، نەوەکو نێرە ورچ بردبێتی و بە عەردیدا چووبووە خواریّ. کوێخا ((ئەولاّ))ش کە دەیزانی کەر لە کویّ کەوتووە و کوندە لە کویّ دڕاوە- بەگوێرەی قسەی خەڵکی لای خۆمان- بە دزیەوە کەوتبووە شوێن دۆزینەوە و یارمەتیدانیّ. هەر لەو نێوەشدا، ئێسترە ماچەی پیر و دەستگای دژە زانیارییەکانی هەموو جێیەکیان پڕکرد کە بەڵیّ، کچەتیوە ڕەدووی لاوێکی پاپەتی کەوتووە و چۆتە دیوی عێراقی، خواش دەزانیّ، ڕەنگە چووبێشتە عەجەمستانیّ. تا ئەوەی کە سەرەنجام بەرێکەوت تەرمەکەی دەرکەوتەوە: نێو قەدی هاوینیّ بوو، وەرزی دار هەڵپەرداوتنیّ، بارانێکی بە لوزەوباری، خڕی هەموو ڕامالێن، گڵ و خۆڵ و کەرسەکی لەسەر تەرمەکەی لادایەوە، شوانکارە هەواڵیان هێنایەوە... تەرمەکە ڕزیبوو و هەر تەنیا بە جلەکانی و گوڵ و گەردانەکەیڕا زانیان کە ئەوە ((بەلاّلۆك))یّ قەرەواشی ماڵە ئاغایە...

حاجی بەگ لەو کارانەی زۆر کردبوون، هەرچەندە بۆ خۆی ئەم جۆرەکارانەی بە کوشتن ((قەتڵ)) دانەدەنا. ڕەنگە ڕاستیشی کردبیّ: کاتێك کوشتن قەتڵە کە پیاو نییەتی لێبێنیّ، خۆی بۆ ئامادە بکات، بە قسەی سەعید بەگی ئەرزوحاڵچی ((موازەعە)) بکا ئەوجا بکوژیّ- جا لەبەر هەر شتێك بیّ. کاتیّ کەسێك یا دەزگایەك فەرمان بە کەسێك دەکات یەکێك لە ناوبەریّ، ئیدی ئەوە قەتڵ نییە، ئەگەر قەتڵیش بێت شتێکی وانییە، چونکە هاوبەشی تێدا زۆرن- بکوژی ڕاستەقینە پشکی زۆری ناگاتیّ. هەروەك ئەوەی کە گوتم سەربەندی کارەکە نیەت و دڵی ئادەمیزادە، کە دەبیّ پاك بێت... خۆ ئەگەر ئەویش نەکوژیّ یەکێکی دیکە ئەوکارە دەکات و دەکوژیّ-بەهەرحاڵ چ جیاوازییەکی بۆ کوژراوەکە نییە و هەروەك یەکە. هەر بۆیەش بوو ئەو کارانەی دەکرد و گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە بوو- ئەوکارانە پەیوەندییان بە کەسێك یا کەسانێکی دیکەوە هەبوو، گوێرایەڵیەکانیش پەیوەندی بەخۆیەوە و بەشێك بوون لە کاروبارەکانی خودی خۆی.



سەرو سەکوتێکی ترسناکی هەبوو: چاو زەق و ترسناك، چەپ و چیڕ و خێڵ و خوار، ئالۆز- هەروەك چاوی بەوری بریندار، وەك ئەوەی ئێستا لە فلیماندا دەیبینین، سمێڵ و برۆی قرژ، لچ و لێو دەرپەڕیو، ورگ وەك تەپڵی ئەسکەندەری، مووی سینگی زبر و زەرد و مردەڵە، هەروەك ئەو مۆدنە نایلۆنە چڵك گرتووانە، دەنگێك دەنگی پیرە بۆقێکی سەروەختی زاو زێیە. من لەسەر و سەکوتی دەترسام، ئەودەمی پێموابوو هەموو شتێکی بەخوار و خێچی و نالەبارییەوە دەبینیّ- تەنانەت خۆشی، دیارە زگی لاواز و مووەکانی سینگیشی بەلانی کەمەوە خورمایی دەبینیّ!

چووبوون- ئەو و ڕەشید بەگە چێشتە- لەنێو درەختەکانی پشت مزگەوتێوە خۆیان مات کردبوو کوێخا کرمانجی لەخۆوە خڕکردبوون بۆ بێگاریّ و ئەوانیش ئەو هەلەیان قۆستبۆوە و پێکەوە هەردووکیان دەستڕێژیان کردبوو، هەر لەگەڵ دەستڕێژی هەوەڵیّ کوێخایان کوشتبوو.

ماوەیەك چاوەڕیّ بووین... خوا بەخێری بگێڕیّ!... ئاغا تفەنگچی لە چواردەوری دێی دانان- هەموو شەویّ ترسی بەسەر دادانیّ (شەبەیخون) هەبوو. دوو سیّ شەوانی هەوەڵیّ خزم و خوێش و کەسوکاریش لەگەڵ بوون، چوون هیچ نەبوو ڕۆیشتن و نەهاتنەوە. شەوی پێنجەم یا شەشەمی کوژرانی کوێخای بوو کە ...بەسەر گوندیان دادا! کوێخا شەریف نەمابوو، بابم ببووە جێگری کوێخای. تفەنگچی دەنگی تارماییانیاندا، تارمایی دەستڕێژیان کرد و شەڕ گەرم بوو. ماوەیەك بە تەقە و جنێو و دایك و خوشك و ژنی یەکتر ڕەقاندنەوەوەی هەردوولا تێپەڕی. بەڵام تفەنگچییەکانی ئاغا سەعید بەگی هیچیان نەکرد و مەلا بانگدانیّ لێیاندا ڕۆیشتنەوە. بۆ بەیانی ئاغا چووە شاری، تا بەسەر هات و ڕووداوەکە بە ساخلووی ڕاگەیەنیّ، چەند قۆزاغ گەلێك بۆ ((ئیستیتلاّق)) هاتن، هەندێکیشیان هەر بۆ ((ئیستیتلاّق))یّ چوونە دێی ئاغا سەعید بەگیش... ئاغا سەعید بەگ هەر ئینکار بوو، هەندێکیشی بەرو بەرتیل دا... ئاگری هەرایەکەی تا ماوەیەك دامردەوە، بەڵام هەندیّ ڕووداوی دی ئاوری هەرایەکەیان دووبارە خۆشکردەوە و هەڵیان ئابیساندەوە..

## -٤-

هۆی ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژەش زیاتر هەر ئەو حاجییە ورگە بوو، بە دڵی خۆم کۆتایی هاوینیّ بوو، بابە گاگەلی لە گێرەی بەردابوون و چووبوو دەستنوێژی عەسریّ هەڵگریّ. ئیدی ئێستا شەوانە نەدەهاتەوە نێو دێی و هەر لەسەر خەرمانیّ دەنوست. منیش وادەبوو لەلای دەمامەوە، نان و دۆم بۆ بردبوو... ئێوارە درەنگانێکی پاش عەسریّ بوو. کێوەکان کەم کەمە

سێبەریان داکەوتبوون، دەشت یەکپارچە هەتاو بوو، سێبەرەکان لەلای خۆرهەڵات و سەرووی خۆرهەڵاتیدا کەوتبوون. تا چاوبڕی دەکرد تا ((خۆرئاوا))ی- گوندی ئاغا سەعید بەگ-ی کە بەبنی دەشتێوە نووسابوو- هەموو شوێنێك لەبەر شەوقی هەتاوێ سپی دەچۆوە، تەنیا بەشێکی کەمی خڕێك نەبێ کە لە داوێنی قاوەخانەکەوە بە دێیەکەی مەوە لکاوە. کە هەمووی سێبەر و فشە فشی ئاو و چرپەچرپی بای بوو لەگەڵ داروباران.

لە دەوری قاوەخانەی دەسووڕامەوە... بێ ئیش و کاربووم، دەبوو تا ڕۆژئاوایە هەر لەوێ بم تا گایەکان چاك بلەوەڕێن ئەوجا بیانبەمەوە نێودێی. بێ ئیش و کاربووم، لە دەوروخولی قاوەخانەکەیدا دەهاتم و دەچووم و دەسووڕامەوە... بەردم داویشتە چوێلەکە و قەلە ڕەشکە و جارو بارەش ناو ڕووبارێ... چەند چەکدارێك لە قاوەخانەکەیدا بە پەلە پەل و هەڵپەوە هەرمێیان دەخواردن، وەك ماڵی تالآنییە بێ ئاوا، تالآنیش بوو: پیاوێکی ((سەدباری)) بە بارە هەرمێیەکیەوە هاتبوو، دیاربوو بۆیەش بەو دەمەی هاتبوو تا شەوێ لە قاوەخانەکەی وەمێنێ و سبەینێ لەو سەریەوە، ئەو چەند دێیانەی نزیك قاوەخانەکەی بەسەرکاتەوە و دەوەختدا بچتەوە شاری کە نزیك بوو، تا کەل و پەل و پێویستییەکانی بکڕێ و لە وەختیشدا بگەڕێتەوە گوندی. لەوێ بوونەکەی شتێکی نائاسایی نەبوو. ئەوانە- ترێ و هەرمێ فرۆش- لە ناسیاوانی ئەو دەوروبەرانەی ئەو ناوە بوون. میوەیان دینا و سەر بەسەر یا دوو بەیەکی گەنمیان دەگۆڕیەوە: تای یەك تەرازوو ترێ و تایەکەی دیکەشی گەنم، یا دوو تای تەرازووی ترێ و یەك تا گەنم.

کابرای هەرمێ فرۆش هاواری لێ هەستا: ((باشە بۆ مەگەر ماڵی تالآنیەیە وا کەوتوونەتە سەری! وەڵڵاهی خودا هەڵناگرێ، پێغەمبەر بەرداری نییە... کۆمەڵە کوێر و کەچەڵێك و ئەوەندە هەرمێیانەم هەن..!))

بەڵام کێ گوێی دەدایە! کابرا چەکداربوو، چەکداری ئاغاش بوو، بۆیەش چەکدار بوو تا هەر بخوا و پارەش نەدا... خوا و پێغەمبەر کەریمن! بۆیە بۆتە چەکدار تا گوێی لەو قسانە نەبێ، دەنا دەچوو دەبووە وەرزێر، دەبووە شوان و گاوان!... ((خوا بەرداری نییە، وەڵڵاهی ئەوە زوڵمە..!)) و ئیدی تاپ و تیپی قونداغە تفەنگ و سینگ و پشتان، وەك لە پارچە لبادێکی لوول دراودەی...

لەو بگرە و بەردە و بێنە و بەرەیەیدا بوو کە سوارەکان گەینەجێ ئاغای مەبوو و هەردوو زاوایەکەی- ئاغا عەلی بەگ و ئاغا ئەحمەد بەگ- و یەکەی دوو نۆکەر... و حاجییە ورگە. هەر کە گەینەجێ چاوە خێل و خوارەکانی حاجی بەگی کەوتنە پرتە پرتێ، پاش چەند چرکە



ساتێك دەنگی تەقەی لە هەیوانێ قاوەخانەیڕا بڵندبوو. نۆکەرەکانی ئاغا سەعید بەگی بوون، ئەوانەی کە هەرمێیان دەخواردن.

حاجی بەگ هەر گەیشتێ و ناسینی، ڕانەوەستا و ئەو چەکدارەی کە کابرای هەرمێیانی وەبەر قۆنداغە تفەنگاندا بوو ئەوی کوشت. یەکێکیش لە چەکدارەکانی ئاغا سەعید بەگیش نەیکردە نامەردی و کابرای هەرمێ فرۆشی کوشتەوە، دە ئاڵۆز و بڵۆزیەیدا جەواڵی هەرمێیان بەربۆوە و هەرمێ غلۆربوونەوە و بە گۆڕێ وەربوون.

چەکدارەکانی ئاغا سەعید بەگی بە پەلە لە قاوەخانەی دەرپەڕین، ئاغای مە و زاوایەکانی زووتر دابەزیبوون و دامەزرابوون. هەر کە چەکدارەکان لە قاوەخانەکەی دەرپەڕین، دەستڕێژیان کردنێ، هەر لەوێ هەردووکیان خستن... برای ئاغا سەعید بەگیش لەگەڵ چەکدارەکاندا بوو- ئاغا ئەنوەر بەگ. شەڕ دامەزرا... چ شەڕێك!

هەروەك دوێنێ بێ... هەر کە چاوم هەڵێنا دیتم ئەوە لەگەڵ قادر خانی برا گچکەی ئاغای کە لاوێکی کەتەی لەندە هۆری بێکارە بوو و هەمیشە بە پێخواستی و ڕانکی دڕاوەوە، لێرە و لەوێ، دەهات و دەچوو و لە ملۆمۆشێ دەگەڕا و ئاوارە بوو لە قەراغی جۆیە درێژ بووم. نەشمزانی کەی هاتبوو و لە کوێڕا هاتبوو.

ئاغا و چەکدارەکانی لەو دەوروبەرەی ڕووبارێ- بە لای دێیەکەی خۆمانەوە- سەنگەریان گرتبوو و دامەزرا بوون، چەکدارەکانی ئاغا سەعید بەگیش لە بەرزاییە پشت قاوەخانەی بەسەر ڕێیەیاندا دەڕوانی و لەوێ دامەزرابوون. پیاوە لادێیەکە لە هەیوانی قاوەخانەکەیدا کەوتبوو و ڕێچکەی باریکە خوێنێکیش بە خوار هەیوانە نزمەکەیدا سەرەو خواربۆوە. جەواڵی هەرمێیەکان بە لایەکیدا هاتبوو، کەری کابرای مردووش لەبەر هەیوانێ قاوەخانەکەی ڕاوەستابوو و هەرمێی دەخواردن، بەڵام چۆن، بە تەواوی حەز و ئارەزوو و بێ غەمیەوە- وەك فەیلەسووفێکی سەر لەنێو دوو توێی پەڕی کتێبێك بنێ و نقومی خوێندنەوە و موتالآ بێت. گوێی لەو هەموو هەراو زەنایە نەبوو. سەری لە جەواڵی نابوو و خەریکی کاری خۆی بوو. هەردەیخوارد، بەردەوامیش زۆر لەسەرخۆ و بە تێڕامانەوە کلکی ڕادەوەشاند، کە تا بڵێی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش بوو!

دە تەختی جۆیەدا ڕاکشا بووین، گوللە هەروا بەویزەوە بەسەر سەرماندا گڤەی بوو- جاری وابوو وەك دەنگی مزراحی قۆڕقۆڕە، دەتگوت لە هەوایدا دەخولێتەوە: ((غوڕڕڕڕ!)) تێدەپەڕی، جاری واش بوو وەك زیروبەمی مۆسیقای بوو. قادرخان دەنگی تفەنگەکانی هەموو دەناسین.

دەیگوت: ((ئەها، ئەوە سێ تیری فەڕانسەوی بوو!)) یا ئەو ((قرچە)) قرچەی پێنج تیری ڕووسی بوو!)) ((گیانمی! ئەو (قریشکە) قریشکەی (جان بێزار)ێ ! بوو!)).

هەر کە دەنگی ((ویزە))ی گوللەیەکیشمان بەسەر سەریدا دەهات خێرا سەرمان لەنێو هەردوو لەپە دەستمان دەنا و گوێشمان توند دەگرتن و خۆمان بە تەختی جۆیەکەوە دەنووساندەوە و هەر کە دەنگی گوللەکەش نەدەما ئەوە دەستمان لەسەرمان دەکردنەوە و لە لێواری جۆیەکەیڕا سەرەتاتکێیەکمان دەکردەوە.

ئاه..! واپێدەچوو لەبەر فشاری لمبۆزی کەرەکەی، کە سەری لە جەواڵەکەی- وەك لە توورەکەی کای نێت- نابوو، چەند هەرمێیەك لە هەیوانێوە خلۆرببوونەوە و هاتبوونە قەراغی جۆیە-بەڵام قەراغیێ و ئێستاش ئەوە هەر قادرخان بوو پێیەکانی تا لێوی چاڵێ هێنابوون و لاو نیو دەڕۆیی کە بەڵکە ئێ لە هەرمێیەکان وەنزیك کەوێ-و نەدەبوو. پاڵی وەمن و وەلێوی جۆیەوە دەنا. خۆ جۆی تاین لاناچێ و هەراویش نابێ، ئەوەیدی هەر من بووم کە دەبوو سینگم فراوان بێ و گوێ نەدەمێ، کەلەشی وردیلەی من کە لە هەمبەر پەیکەری لەندەهۆر ئاسای ویدا شتێکی وا نەبوو وردە وردە تا دەهات تێك دەشکا و ورد دەبوو... و ئەویش هەر رانەدەوەستا... ((ئەهـ ها! ئەهـ ها!...)) دەنگێکی گڕ و ناخۆشی هەبوو، لەجیاتی ((ئەهـ هـ)) دەیگوت ((ئەح)) و لە بنێ زگیڕا دەهات... و هێشتاش سەرەپەنجەی پێی هەر نەدەگەیشتێ، هەرمێیەکە هەروا لە نیوەی ڕێیەدا مابۆوە، چاوی دادەگرت. نا کەسە ((هەرمێ لاسوورە))شە: لایەکی سوور وەك سەرکوڵمەی تاقمە کچێکی تازەو کاڵ، بە سووری ئاسۆ- و دەمار دەماراوی، هەروەك بە پەمبەی سوراوت لێدابێ. ئاخ ئەگەر نزیك دەبوو!... و نەشدەبوو. ئەم هەموو تاسەی دیدار و پێك گەیشتنە لەلایەکەوە و ئەو هەموو بێ مەیلییەی لایەکەی دی! ریڤینگ بەوپەڕی تاسەوە، هەنگاو کورت و رێ دوور و جۆی بەرتەنگ و تەسك، گۆنای یار شەرمێون... بەڵام ئەوەی کە هەروەك خۆی راهاتبوو روخسار و سەر و ڕوو و لەشی دڵدادە بوو... دڵدار هەروا لە قەراغێوەبوو و گوێی نەدەدایە حەز و ئارەزووەکانی دڵدادەکەی و وەڵامێکی نەدەدایەوە، دڵدادەش قوڕ بەسەرانە هەروا سینگی خۆی لەخاك دەسووی و قاچەکانی دێر و دەوێ دەکوتان. هەر کە تەقەی گوللەیەکیش دەهات، ((ئەو خۆی مات دەکردەوە و ئەوەندەی کە رۆیبوو بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە بە یەك جووڵە دەهاتەوە نێو تەختی جۆیە، جێیەکەی وەتەنگ دینایەوە و هەموو لەشی من دەگوشرایەوە. بەڵام هەر کە تەقە کزدەبۆوە و نەدەما باڵوێز دووبارە خۆی بۆچوونە پایتەختێ ئامادە دەکردەوە. سەرەنجام بە هەرچی هەوڵ و



تەقەڵڵایەك بوو و بە دوعا و نزا و پاڕانەوە و ئەحە ئەحی گەروێوەیە ئەوەی لە هەمووان نزیکتری راکێشا و وەك گورگی داستانان بە ((حمە حم!)) کە گیسکی دەخوا، ئاوا داپپاچی.

ئەو رۆژە بێجگە لە کابرای هەرمێ فرۆش دوو چەکداری دیکەی ئەو تاقمەی کوژران، چەکدارێکی ئاغاش بریندار بوو و ئەسپێکیش ئەنگوا و ماینێ ئاغای لەدەست نۆکەری بەرهەڵدا بوو و هەڵات و بە چوار ناڵی چۆوە گوندی.

بەرەبەری خۆرئاوایە بوو، تازە دەنگی تەقەی کزببوو کە دەنگی شیوەن و گریان و بابەڕۆیە ئەو دۆڵەی پڕکرد. ژن و منداڵ و زڕدایك و خوشك و برایەکانی ئاغای بوون کە ماینێ بێ سوار دەبینن و گوێشیان لە تەقەیە، وا دەزانن ئاغا کوژراوە و ئەو هات و هاوار و گریان و شیوەنەیان ناوەتەوە-و کۆمەڵێك ژنە کرمانجیشیان بە ((ئاغاڕۆ، ئاغا ڕۆ))وە لەگەڵ هاتوون و قوڕێ دەپێون و خۆڵێ وەسەری دەکەن. وای ڕەعنا خانم چ قوڕێکی دەپێوا و چ خاکێکی بەسەری خۆیدا دەکرد و چۆنی ڕوومەتی خۆی دەڕنیەوە و چ شیوەنێکی دەکرد! ئەوە دووەمین جاری گریانێی بوو ببینم... ئەو رۆژە ئاوا، ئەمڕۆش ئاوا، راستیان گوتووە، ناسینی مرۆڤ دژوارە: ئەو دەرکەی دەکەیەوە ئەو کونجەی دەبینی، کە سەریش خواردەکەیەوە دەبینی دەرکەیەکی دیکەیە. دەچیە دە ژوورێ، کەچی هێشتا لە چاوگێڕانێ نەبوویەوە دەرکێکی دییە و هەمدیس یەکی دی و یەکی دی، دووبارە دەرکێکی دی، پاشخانێکی دی... کە جاری وایە ناشکرێتەوە... دەرکەکانیان داخستوون-لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەن ماڵ ئەوە لە ماڵێیە کەچی وەڵامی لە دەرکەدانێ ناداتەوە و نایکاتەوە، کونجی دڵەکان بە نائاشنایی دەمێننەوە.

ئەو شەوە نا سبەی شەوەکەی دی هەراو هەنگامەیەك قەومایەوە. هێشتا نوێژی خەوتنان نەببوو، خەڵکی وەك خۆیان نوێژی خەوتنانیان لە مزگەوتێ دەکرد-ئەودەمی بابم جێ نشینی کوێخای بوو و وەك جاران خەڵکی لێ خڕ نەدەبۆوە- ئێستا ئەویش ببووە بەشێکی سەر بە ماڵە ئاغای. دایکم و بۆ خۆشی زۆریان غەم لەو ساردی و سڕیەی دەر و دراوسێیان دەخوارد و پێیان ناخۆش بوو. بابم نەچووبووە مزگەوتێ... بچێ چ بکا... بە قسەی خۆی بچێ ئەو سارد و سڕیەی ببینێ؟ خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتنێ بوو لە حەسارێ، کە قریوە هەستا، بەجۆرێك کە سەگ ساحێبی نەناسێتەوە. گوللە وەك ((برێشکان)) تەقینەوە. ئاغا و زاوا و نۆکەر دەست بە چەکەوە بەرەو ((گڵە زەردە)) ئەو گردەی ئەو بەرێوەچوون و دامەزران، نەکا دوژمن پارێزێ بستێنێ و دێیەکەی ئاوردەن و زیاتریش ئەوەیان لەبەر ماڵ و منداڵ و خاوخێزانێ بوو تا لە خەتەرێ دوور بن-گردی گڵە زەردە بەسەر دێیدا دەڕوانی.

شەڕ گەرم بوو، ئێمە هیچمان نەدەدیت، راستە بابم جێنشینی کوێخای بوو، بەڵام کوێخا نەبوو و لە ماڵێ بوو. کەپرمان بەجێهێشت و خۆمان لە ژووری هاویشت، هەرچەندە دێیەکەمان لە داوێنێوە بوو و بەرەو خۆرئاوا، بەڵام چونکە چەکدارەکانی ئاغایان بەرامبەر بوون گوللەی نەدەگرتەوە، بەڵام دووریش نەبوو گوللەیەك گاسکەی بکات و لە دەستمان چێ. بەڵێ، شەڕ گەرم بوو و ئەوەی لە زاریان هاتە دەرێ هەردوولا پێکیان گوت و لێکیان هەڵدا. لەم بەرەوە کوێخا ئەولاّ، سەعیدی کوڕی کوێخا رەحیم و حەسەن بەراز، لەولاشەوە قالە گوێ پان و میرزا رەشید و فەقێ کەریم بوون کە ئێمە نەماندەدیتن بەڵام گوێمان لێبوو کە گوایە دایك و خوشك و کچەکانی سەعید بەگی پیاڵەیان لێکداون یا لێکیان دەدەن...

((هی هی!...)) ئەوە باوکم بوو. ((دەست لەسەر هەر کامێکیان دانێی وەك مریشکی کڕ فس دەدەنەوە!)) و ئەوجا زارەخەندەیەك.

دایکم هەلەکەی قۆستەوە، گوتی: ((قسە هیچە، راستییەکەی پاو پووزیانە کە ئی هەریەکەیان پاوپووزی سەد کچە کرمانجی دێنێ!...))

لەو دیوی لای پشتەوەی چەکدارەکانی سەعید بەگیەوە دەنگی غەڵبە غەڵب و تەقەی بەرز بۆوە-مەحموود خان و براو نۆکەرەکانی بوون کە بە هاواری ئاغای مەوە هاتبوون. چەند دەستڕێژێکی بە دوو یەکدا لەپاش و پێشەوە، چەکدارەکانی سەعید بەگیان لەجێ هەڵکەند و بەرەو دۆڵێیان هەڵبڕین... تەقە هەر بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی چەکدارەکانی مەحموود خانی هاتنێ خۆیان ئاشکرا کرد و ئاغا و ئەوانیدیش هاتنە ناو دێی. گوتیان کە ئەوانە ویستوویانە ماڵێ ئاغای و هەموو دێیەکەش ئاوڕتێبەردەن، نەوت و هەموو شتێکی دییان ئامادە کردووە و هەر مەحموود خان دە دەقیقەی دی درەنگتر گەیبایەجێ کاری هەمووان دەبینرا.

ئەو شەوەش بەخێر بەسەرچوو، بۆ سبەینێ ئاغا چووە شاری و چووە لای رەییس ساخلو و شکاتی کرد، سەعید بەگیش هەرچووە شاری و لەلای رەییس ساخلوی شکایەت کرد، هەردووکیان، گوژمە پارەیەکی باشیان بەرتیلدا و هەردووکیشیان هاتنەوە-و خۆیان بە سەرکەوتووش دەزانی و پەیامی هەڕەشە و گوڕەشەیان بۆ یەکتری دەنارد.

ئێوارێی سبەی ئەو رۆژە لەگەڵ بابما چوومە ماڵێ ئاغای-باوکم شەوی پێشترێش دوای مرانەوەی هەرایەکە چووبووە وێ، تا بزانێ کارێك فرمانێك، فەرمایشێك، بەڵام ئاغا رووی نەدابوویە- هەروەك کە بۆ خۆی بۆ دایکمی گێڕایەوە.

دایگم گوتی: ((بە جەهەننەم!... جاران بە باری دەنارد با ئەو جار بە خەرواری بنێرێ... لە لێوان نەخواردی لە سمێڵان مەیی!... ئەوە هەر خەڵات و بەراتی وییە جێ نییە لێیدانێم... هەر



ئەوە ماوە کە ئیدی خەڵکی بەردە بارانمان کەن- کار و پیشەمان بۆتە دەنگدانی بێگارێ، جەریمە کردن، ئێستا هەر کە پێ لە کانییە ژنان دەنێم هەموو وەك سەرپەرشتیاری خوفیەیان دیبێ، هەموو گەروویان دەگیرێ... هەر هێندەی ماوە وەڵامی سەلامێشمان نەدەنەوە!...))

بابە وەك خووی خۆی دەو جۆرە کاتانەدا ریشی دەخوراند و خۆی کەڕ دەکرد- و وەك پیشەی خۆی کارێکی پێ رادەسپاردم و ئیشێکی بۆ دەدیتمەوە.

بەڵێ چووین، ئاغا نەخۆش بوو، تا بڵێی تووڕە و گرژبوو، زاواگەل چوو بوونەوە و رەعنا خانم خۆشحاڵ و شاد و شەنگوڵ بوو، بە ڕوومەتە رنراوەکانییەوە لە دەوروبەریەوە دەڕوانی. خرمە و زڕەزڕی خڕخاڵ و گێل گێلە و ((گۆبەرۆك))ی ژوورەکەی پڕکردبوو. ((ئامۆژنە)) خانمیش لەوێ بوو- داکێ ئاغای وا بانگ دەکرد. هیچ شوێنەوارێکی دروشمەکانی دوێنێ شەوێیان بە هیچ یەکێکیەوە دیار نەبوو. هەر بەڕاستیش وابوو- خۆ لە شەڕێدا هەلوای نابەشنەوە: شەڕ، توندوتیژی، پیاوکوشتن- بە هەردوو رووانداا راستی و مەجازی...

دیسان ماوەیەك رابرد، ئاغا بۆ بەروبووم خڕکردنەوێ چووبووە دێیەکەی دیکەی-کە لە دێیەکەی ئێمەوە دوور بوو، بەگوێرەی زاراوەی ئێمە ((مەیانە)) کەوتبوو، یانی لەنێوەندی گوندەکانی دوژمندا. دوژمنەکانیش هەر ئەو بن ئامۆزا دوورانە بوون. ئاغا لەپێشدا هاوبەشی زەوی و زاری وان بووە و بۆ دوورکەوتنەوە لە بەگژیەك داچوونێ لەجیاتی هەقە بەشی خۆی لە دێیەکی گەورە هاتووە ئەو کوێرە دێیەی لە بری ئەو هەقەی وەرگرتووە تا سەربەخۆبێ و نێوانیان ناخۆش نەبێ و لە بەگژیەك داچوونێ دووربن. بەڵام هەروەك هەمیشە بەگژ یەك داچوون هەر هەبوو: لەسەر ئاوێ، لەسەر گەلاجاڕێ، لەسەر کەمایە... ئەو جۆرە شتانە. هێندە بەس بوو مسکێنێك لەو دێیەی بڕوا و پەنا بباتە بەر ئاغای ئەو دێیەی دی. بڕوا؟ بۆ دەیوێرا؟ ((بارکردن)) و رۆینێ مسکێنی قەدەغە بوو. لە حکوومەتی رەزا شاشدا ئەو شێوەیە باوبوو. راستە، مسکێن هەر مسکێن بوو، بەڵام دیسانەوە هەر بوونی ئەو مسکێنەش بوو کە دڵی ئاغای خۆش دەکرد، ئەگەر رۆیبایە ئیدی کەسێك نەبوو تا شەڕێ بۆ ئاغای بکا یا شەڕکەرانی بۆ پەیداکا. دامودەزگای ئاغای هەر تەنیا بۆ ڕاو و رووت بوو- لێرە و لەوێ- جاری وابوو مسکێن لە کەللەی دەدا و دەڕۆیی. شامگایەك کە پەز بەرەو دێ دەبۆوە بە دزی ئاغاوە یا بە دزی شوانەکەوە یا بە رێکەوتنێکی لەگەڵ گاوانیدا گاو و گۆل و مەڕ و ماڵاتەکەی لە گەلێ هەڵداوێرا و جودای دەکردەوە و دەیبردنە دێی ئەو ئاغایەی دەچووە کنی. بەڵام ژن و منداڵەکانی ((بارمتە)) بوون و ئیدی ئەوەش بە دەسەڵاتی ئەو ئاغایەی ئەولاوە بەند بوو کە ژن و ماڵ و منداڵەکەی بۆ وەرگرتنەوە و مسکێنەکەی بەخۆ بگرێ، یاخود دوای ماوەیەك

مسکێنەکە ناچار بێ بە ملکەچییەوە بچێتەوە لای ئاغاکەی و خۆی لە تەویلەی وی باوێتەوە و لەسەر ئەم جۆرە رووداوە سادانەش جاری وابوو چ خوێنێك دەرژا- ئاخر ئاغا پێی کەمایەسییەکی گەورە بوو کە ئەو ئامۆزایەی خۆی لەوێ بە پیاوتر و چاکتر بزانێ، مسکێنی لێ هەڵگێڕێتەوە. دەنا خۆ مسکێن گیانی لە گیانی دەی هەر مسکێنە و ((سپڵە))یە، نان و نمەك نەناسە. ئاخ ئەگەر وەك داستانی ئەمیر ئەرسەلانی دەستێك لە پەڵە هەورێکیڕا دەهاتە دەرێ و ئەو زەوییانەی دەکێڵا و ئەو گوێزانەی دەوەراندن و خڕ دەکرنەوە و ئەو پاتاڵەی رەنێو دێنا..! بەڵام کە بیری دەکردەوە، نا خۆ دەبێ یەکێك هەر هەبێ خۆی لەسەر باداو دوو جنێوانی پێ بڵێ. راستە، نۆکەر هەیە، نۆکەریش هەر مسکێن زادەیە، بەڵام جیاوازە. دەنا ئاغا دەمێکە لەسەر و سەکوتی مسکێنی بێزارە... چووبووە ئەو دێیەکەی دیکەی کە هەواڵ هات ئەوە چ دەکەی لێرە دانیشتووی ئەوە ئاغایان گرتووە و بەدەست بەستراوەیی ئاودیوی عێراقێیان کرد-ئەی بابە! چۆن؟- چۆن چاك... ئیدی بردیان و ئەها!...

هەر کە بابم ئەوەی بیست لێوی سپی هەڵگەڕان و لالێوی کەفیان دەردا.

سوبحانەڵڵا! ئێستا هەر خۆی و خۆی ماوەتەوە و یەك دێ و ماڵێکی بێ سەروبەر و کاولە وێرانی ئاغای و یەك عێل خوشك و براو زڕدایکێك!...

بەڵام من پێمابوو ئاریشەکە وانەبوو: هۆیەکی سۆزداری لەو کارەیدا هەبوو-بەلای منەوە بەم جۆرە بوو: ئێستا کە هاتوچۆی ماڵێ ئاغام دەکرد جۆرە دەمارگیریەکم بە نیسبەت ماڵێ ئاغایەوە پەیداکردبوو. ئەگەر یەکێك یا هەر کەسێك پاشەملە قسەی نابەجێی بەخۆی یا بە ژنی تەنانەت هەتا بە خوشکەکانیشی گوتبایە ئەمن پێ قەڵس دەبووم. منداڵەکان ئیدی لەلای من هیچیان نەدەگوت، زیاتر ستایشیان دەکردن. رەنگە هەر ئەوەش بووبێ کە ئەو هەستی پەیوەندییەی منی بەوانەوە وا وروژاندبێ: ئێستاش کە ئەمانە ((ئەم خەڵکە)) من بە یەکێك لە خۆیان دانانێن، منیش خۆم بە ماڵە ئاغایەوە هەڵدەواسم و خۆ لەوان دەبەستم.

هێندەی نەبرد کە خانمێ گەورە جەڵەوی تەواوی کارەکانی گرتە دەست و هەمووی کردە ماستی مەییوو و ئاغا سەعید بەگیش چ دەستی نەبزاوتن و لەجێی خۆی نەجوولا.

((ئەگەر ئەوانە مسکێن و کرمانج بانایە بە بنەچەیاندا دەچوونە خوارێ و ماڵ و منداڵی پەرتەوازەی دەشت و دەر و کێوان دەکرد. دوژمنە، بەڵام لەبەروەی کە ئەسیرە دەبینی کارێکی بەسەر ژن و منداڵەکانیەوە نییە. دەڵێی چەکدارەکانی کوێخای دێیەکەیان کوشتووە... کوشتیان کوشتیان-بەگونی کوڕەکەی، دوور لە ڕووتان، مسکێنە، مسکێن زادە و ئەوە دایکیشم بوو دەیگوت: ((نۆشی گیانیان بێ- بەندەی خودای شایانی هەموو شتێکییە))...



خوا مسکێنی مسکێن دروستکردووە و ئاغاش ئاغا- ئەمە نەبێ لەو ناوەی تێماوین کە هەر خودا بۆ خۆی دەزانێ چ ئافەریدەیەکین- نەسوارین و نە پیادە- لە نێوەندی عەرد و ئاسمانان چەقیوین و لە هەر چوار لایانیشڕا گوێمان لە قسەی سووك و بێ جێو جنێوانە بۆمان دێت.

بەڵام ئێمەش هەروا لەو ناوەڕاستەیدا نەماینەوە، چووبووینە ئاسمانێ.

گوتیان کارەکە کاری ئاغا سەعید بەگی بووە و ئەو بووە کە نامەی بۆ زاوایەکەی عێراقێی ناردووە، کە لە سنووریەوە نزیکە (ئەو دێیەی ئاغای نزیکی مەرزێ بوو) و لە ساخلو و هەنگی قۆزاغییەکانەوە دوورە با کارێکی بکا- چاوترسێنی بکا (سەرەتای چەك وەرگرتنەوەی عەشایران بوو و تفەنگ تا دەهاتن ون دەبوون و نەدەمان.) بەڵێ، زاوایەش نایکاتە نامەردی، پیاوان دەنێرێ و رێی بە ئاغای دەگرێ کە لەگەڵ پیاوێکی خۆیدا بە سواری دەیەوێ بێتەوە دێیەکەی خۆمان و دەیبەن...

ئاغایان برد، سێ مانگان لەوێ گیرا- کەس هەواڵێکی نەدەزانی، ئەوەندە نەبێ کە دەیانزانی ماوە و سەرەنجام مستەفا خان- ئامۆزا گەورەی ئاغای- دەستە و داوێنی فەرماندەی لق بووە و فەرماندەی لقیش گوایە نامەی بۆ شێخ محەممەد سەعید نووسیوە، کە لە ناوچەکەدا دەست رۆیشتوو و بەناو و دەنگ بووە، دەستوور دەدات ئاغامان کە دەوڵەت ویستبوو، ئازاد کەن و بەریان هەڵدا... و رۆژێکی دەمەو خۆرئاوایە وەدەرکەوتەوە- بەخۆ و بەسەر و قژ و موویەکی ئاڵۆزکاوەوە هاتەوە، بەڵام بە چ سەر و سەکوتێکەوە، ماڵە ئاغای هەموو پێیان وابوو دەروێشە! ئەوە ئاغاش بۆخۆی بە دەم پێکەنینێوە دەیگێڕایەوە کە بەڵێ، ئامۆزا لەگەڵ ئەوەشدا کە بەستوویەتیەوە زۆریشی رێز لێناوە و هەمیشە وەختی نانخواردنی نیوەڕۆ و شامێ نۆکەری ناردووە و زۆری لێکردووە لەگەڵە خۆی لەسەر سفرەی دانیشێ- هەردەبوو لەگەڵە خۆی نان خواردبا. ((دوایەش پێکەوە دادەنیشتین و دەکەوتینە ((پەرەنتو))ێ. بەڵام وەختی نووستنێ لە ژوورەکەی خۆیدا بە پێی بەستراوەوە لێیدەنوست پیاوێکیشی لێبوو تا ئەگەر چاییەك یا شتێکی دیکەی ویستبایە یا کارێکی ببوایە دەچوو و بۆی ئەنجامدەدا...

ئیدی ئەوە بابم بوو شەنەی تێنابوو و فشە فشی دەکرد: ((ئەودەمی دەڵێن چۆن ئەوان واو ئێمە وا! زۆر سادەیە، چونکە ئەوان وان و ئێمەش وا!...))

دایکم هەموو شتێکی دەزانی- هیچی نەدەگوت و بابە بەتەنێ هەروا بەردەوام بوو: ((لەبەر ئەوەی کە ئاوان. ئێستا ئەگەر ئێمەش کرمانج بانایە بۆ نموونە ((ئەحمەد درێژ)) لەگەڵە مندا دوژمن بایە و دەستی پێڕا گەیشتبام، حەوت بنەچەی ماڵی لە رەگ و ریشەوە دەردێنام و بەزەیی بە هەرچی نەوە و تۆرەمە و رەچەڵەکمدایە نەدەهاتەوە... ئەوانەش دوژمنن!)) هەر لەو

کاتەوەی کە ئاغایان گرت هەر ئەو سەعید بەگەی کە جاران هەموو شەوێ دەهات و ئەو بەزمانەی دەنایەوە ئیدی دەستی نەبزاوتەوە...)) جا ئەتۆ ئێستا چیت دیوە..!)) ئەمجارە رووی دەمی لەمن بوو ((وای بەو کاتەی کە لێرە بەدەر، لە پشت دە کێوانەوە بەولاوەتریش بە خزمی خەزووری سەپانی شێخی بلێی پشتی چاوت برۆیە، ئیدی ئەوە تا رۆژی قیامەتێ رزگاریت نابێ-هەر بە دەستی ئەو منی مسکێنە، یا هەر ئەو کەریم مەیتەر و کەریم نەوبەند و ئەحە رووتەیە- ئاخر تێلای دەستیان ئێمەین. ئەگەر ئێمە نەبین ئەوان ناتوانن ناماقوڵیان بکەن، بۆ خۆشمان ئەوەی دەزانین- دار دەبێ ((پواز))ی لەخۆی بێ... دەنا ئەوانە نرخی یەك مەڕە لەڕە یا شایانی یەك کۆڵە گیای درواوەیان نییە، ئیدی کێلان و خەرمان و داکردنێ ئالیك و تفاقی پاتاڵی و هەموو ئەو جۆرە شتانەیان پێشکەش و بۆ وان چاکە، ئەوە هەر ئێمەین کە ژیانیان دابین دەکەین و کاروبارەکانیان هەڵدەسووڕێنین- کەچی بۆ خۆشمان ئاوا..!))

نەخشە و پلانەکان گۆڕابوون، ((گوتم چ بووە!)) دایکم بوو و دڵنیاش بووم ئەگەر ریشی هەبایە ریشی دەخوراند و ئەگەر ((گێل گێلە))شی نەبایە دەستێکی بۆ بناگوێی هەر دەبرد. ئیدی بە سەرو سەکوتێکەوە هاتە نێو گێژەنەکەوە: ((ئیدی ئەوە هەرای ناوێ... منداڵە بەستەزمانەکە چ گوناهێکی هەیە... ئێمە زۆر پێشتر دەمانگوت و کەسیش نەیدەبیست و گوێی نەدەدایە! باشە، دەتویست چ ببێ؟ مسکێن ئەوەیە. خۆ خودا، ئەستەغفیروڵڵا بەخیلی نەکردووە کە ئەوی بە مسکێن دروستکردووە، دەنا خۆ دەیتوانی و بەلاشیەوە ئاسان بوو بیکردبایەتە ئاغا و بۆ ئەویش چ جیاوازییەکی نەدەبوو... و لەلاشی وەك ئاو خواردنەوێ بوو!...))

بابە ئەمجارەیان بە دەموچاوێکی گرژ و مۆن و تووڕەوە گوتی: ((زۆر سوپاس بۆ خودای، کە لەوەی چاکتر دروستنەکرد. ئێستا... ئێستا... ئەگەر تۆیەکی وەك دایکی دروستکردبایە و منیشی وەك حاجییە ورگەی))، ((بەسە ئیدی، کفران مەکە!. لەمە رابورد خوا رەحمێ بەو منداڵە و ئەوانیدی بکا.))

لە نەبوونێ ئاغای لەگەڵ ئەو هەموو چاوەدێریەی خانمێ گەورە و دڵسۆزییە بێ جێیەکانی بابەشدا، ماڵەکە هەر پەرت و شێواو و شیرازە هەڵتەکیو بوو و تا دەشهات وێرانتر دەبوو. هەرکی هەرکییەك بوو مەپرسە! هەر کە سەر و کەللەی ترێ فرۆشێك یا هەرمێ فرۆشێك یا دێوەرەیەك لە پێچی رێیەڕا وەدەردەکەوت ئیدی ئەوە دەتگوت داریان لە هێلانە زەردەواڵەی وەرداوە، خوشك و زرداك و براو ژنەکان و تەنانەت خودی خانمێ گەورە بۆخۆشی، قاپ و مەسینە و لەگەن بەدەستەوە لە ژوورێ دەردەپەڕین و هەر بەغار رایاندەماشتە عەمبارێ-و کاسە کاسە و بادیە بادیە گەنم و جۆیان دێنا و بە هەرمێ و ترێیان دەگۆڕیەوە. مانگێك بەسەر



دیارنەبوونێ ئاغایدا نەڕۆیبوو کە بای دانی مریشکانیان گەنم لە ماڵێدا نەما. ئاغا پێش گیرانەکەی وەڵامی دابوو گوێزەکان لە ژووری تەنیشت ژوورەکەی نزیکی مزگەوتێ داکەن. بابم ئەوەی کردبوو.

کەس نوێژی بەیانیانی لە مزگەوتێ نەدەکرد- مانگی رەمەزانان نەبێ، رۆژێکیان هێشتا لە خەوێ هەڵنەستابووین کە مجێورەکەی مزگەوتێ بە شڵەژاوییەوە هات و هەواڵی هێنا کە شەوێ دەرکەی ژوورەکەیان شکاندووە و بەشی زۆری گوێزەکەیان بردووە...

((ئەدی ئەتۆ چ کارە بووی- چیت دەکرد؟- ئاخر تۆ بە ناگیانت مجێوریشی!))

((من چ بکەم، کاکەخانە؟ کەسێك کە بەزەیی بە ماڵی خودایدا نەیەتەوە بەزەیی بەمندا دێتەوە؟... بۆ لەمن دەپرسی، لە خوداکەتان بپرسە..!))

((ئمم..!))

((بەڵێ...))

((باشە ناسیت! بڵێ، کێ بوون- ئاخر دەبێ منیش حیساب و کیتابان بدەمەوە...))

((ئەتۆ بۆ؟ با برایەکانی بیدەنەوە... ئەو لەندە هۆرانە...و ئەوانیدی.))

((پێکەوە؟.. بەڵام ئاغا دەرکەکەی مۆر و مۆم کردبوو..!))

((باشە، ئەوە کردبووی، کردبووی... مۆر و مۆمەکەیان شکاندووە، خۆ مۆر و مۆم دەروازەی خەیبەرێ نییە!...))

لەو هێڕ و وێڕەیدا- بە قسەی دایکم- وەرە گونم بگرە! ماڵێ ئاغای بە ژن و پیاوەوە ئەوەن- هەر زگ-و زگ... هەی زگتان دڕێ بۆ ئەو هەموو خواردنەی. دنیا ئاو بیبا ئەوان خەو دەیانباتەوە!

بەیانی بوو تازە گاو گۆلمان لە حەسارێ دەرکردبووە گاڕانێ کە ((سەعە شوان)) هەروا لە دەرکێوە لە پشت ((تەیمان))ێڕا، بانگی کرد: ((براژنە جەواهێر... کوێخا ژن..!))

دایکم کە هەروا خەریك بوو و بە ژوورەکەی رادەگەیشت لە بن لێوانەوە بۆڵەیەکی هاتێ:

((همم- کوێخاژن! بەڵێ، زۆریش- کوێخای بێ خەڵات و بەرات!... کێیەوە؟...))

((منم... سەعە شوان...))

چتدەویست، کاکە سەعە؟ وەرە ژوورێ... وەرە پیاڵە چایەکی وەخۆ...))

((نا، بە زیاد بێت، ((گاڕان))ەکە بەرەڵڵایە...))

دایکم چووە بەر دەرکێ.

((ئیشێکت هەبوو؟))

((بەڵێ، ئەوەم لە بن دار هەڵووژەکان دیوەتەوە، گوتم رەنگە ئی ژنەکانی ئاوایی بێت... لەوانەیە دوای شوشتنێ هەڵیان خستبێ وشك ببێتەوە... با بردوویەتی... هێناومەتەوە لای ئێوە و کاکە خانە، تا بیدەنەوە خاوەنەکەی...))

((- چیەوە؟...))و پاش چرکەساتێك لە سینگی خۆی دا: ((وای، نەمێنم... خودا زەلیلتان کا!... وای...)) سەعە شوان رۆیشت، دایکم بە ڕەنگ و ڕوویەکی پەڕیوەوە هاتەوە ژووریّ، بە تووڕەییانە و -سەرکەوتووانە-وە ئاوەڵکراسی گوڵداری لەبەردەم بابەی بڵاوکردەوە... ((فەرموو... دیارییان بۆ کوێخا ژنێ هێناوە! سبەینێش چیکڵدانەی مریشکێی داوێنە سەریّ! هەر ئەوە مابوو... کوێخا ژنێ بەستەزمان نەکردی و نەخواردی لە سمێڵان مەیی!...))

((دەی، ئەوە رەنگە ژنێکی نالەباری تەمبەڵ و تەوەزەڵی وەك حەلیمە پێ پانێ شوشتبێتی، هەڵیسخستووە و لەبیری کردووە...))

((همم، حەلیمە پێ پان... حەلییمە پێ پان و ئاوەڵکراسی گوڵدار! بەڵێ، تۆ راستدەکەی لانەی ورچێ و لەگەنی مس! نا قوربان، ئەوە ئی ئەو پاوپووزە جوانانەیە!))

((هەرچی هەیە، بە گۆڕی بابیان، بەمە چی...))

دەنگۆ داکەوت کە بەڵێ، دوێنێ شەوێ سەعیدی کوڕی کوێخا رەحیمی لەگەڵ رەعنا خانمێدا لەبن دار هەڵووژەکانی تەنیشت ((دەرماڵ))ێ ماڵە ئاغای دیتراون، سۆفی رەسو دەنگی داون، سەعید هەڵاتووە، بەڵام رەعنا خانمی دیووە. بابم رەسوی بانگ کرد و کەوتە سۆراغی بەسەرهات و رووداوان و رەسو وەڵامی دوولایەنەی دانەوە. گوتی بەڵێ، گوێی لێبوو چرپە چرپ لەبن هەڵووژەکانەوە دەهات، پێیوابوو، لەوانەیە هەمدیس چەکدارەکانی ئاغا سەعید بەگی بن یا داکە دزانە بن. ئەوانی دەنگ داوە، بەڵام کەسی نەدیوە... هیچ کەسێکی نەدیوە- نە رەعنا خانم هەر هیچ کەسێك... ((کاکەخانە- کوێخا... خۆ بەزۆریی نییە، نەمدیوە!)) زۆر نارەزایانە.

بابە گوتی: ((باشە، خۆ خوا نەخواستە من نەمگوتووە تۆ درۆ دەکەی... دیارە نەتدیوە!))
سۆفی رەسو بەسەر و ڕوویەکی ترشاوی نارەزایانەوە گوتی: ((سوبحانەڵڵا! کاکە خانە... کوێخا... ئێستا چ سووربوونێك لەسەر ئەوەی هەیە کە هەر دەبێ دیتبێتم!؟... نەخێر، نەمدیووە! سوێند و قورئانانیش ناخۆم- من هەقم چییە- بێکارم، سەرم ژانێ دەکا..!))

بابە گوتی: ((جا بۆ نارەحەت دەبی، ناماقوولیان کردووە، تۆ گوێ مەدە ئەو قسانە...))

((نا ئاخر، بەجۆرێکی وای دەڵێن پیاوی والێدەکەن کە ئەوە بۆخۆیان دیویانە... باشە، ئەگەر بۆ خۆت دیتووتە و وای دەزانی ئیدی بۆ لەمن دەپرسی، ئەگەر نەشتدیوە بۆ هێندەی



لەسەر دەڕۆی، دنیای پڕ دەکەی کە فڵانە کەس دیویەتی. دەیانهەوێ سەری منی بێ دەرەتان بە داوێ وەکەن...))

نا، نارەحەت مەبە- کەس سەری تۆ بە داوێوە ناکا... منیش لە یەکێکی دیکەم بیستووە.))

چۆن نارەحەت نەبم، کاکە خانە؟ ئەمجارەیان ئاوازی قسە و شێوەی دواندنەکان وەك جارانی- پێش کوێخایەتییە- دۆستانە و ئاشنایانە بوو. ((دوور لە ڕووی ئێوە ئەوەی بیستوویەتی ناماقوولی کردووە... با لە یەکێکی دیکەی ببیسن... منی بێ دەرەتان بۆ تێوە دەگلێنن!... بۆ خۆت دەزانی من ساڵە و ساڵ دوو وشان لەگەڵ کەسدا نادوێم، ناچمە ماڵێ کەس- هەر بۆ ئەوەی گوێم لەو قسانە نەبێ...))

بێ دەرەتانە هەقی بوو- دەیزانی هیچ دوور نییە ئەو خوانەناسانە حاجی ورگەی لێ راسپێرن و کەتنێکی پێ بکا.

((رەسو، تۆش زۆر هەستیار بووی... گوتم نارەحەت مەبە... من بۆخۆم وەڵامیان دەدەمەوە))

((خوا دەست بە عومرتەوە بگرێ، کاکەخانە.))

بابە هەندێکی ریش و بناگوێ خوراندن سەرەنجام بە دایکمی گوت:

((جارێ هەڵیگرە بابزانین... شتێکی هەر لێدەکەین-خۆ بۆخۆت ناتەوێ؟))

دایکم تێکڕابوو. ((من!؟ هەرئەوەم مابوو... کە ئاوەڵکراسی ئەو...! هەر ئێستا دەیسووتێنم- ئەوە شوومە لە ماڵێدا، بەڵای پێوەیە...))

((نا، نەکەی، نەیسووتێنی... ڕەنگە هەر ئەوەی هەبێ...)) دیاربوو هەردووکیان خاوەن ماڵیان دەناسی ((بۆخۆم بەشێوەیەك دەیبەمەوە- دەیهاوێمە ژوورەکەی... یا کاتێ ئەو ناوە چۆڵ بوو لەسەرخۆ لە پەنجەرەیڕا دەیهاوێمەوە ژووریّ...))

بێدەنگی.

بابە دوای تاوێك رامان و ریش خوراندن، لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: ((تێگەیشتی؟...))

دایکم بە گرژ و مۆنییەکەوە گوتی: ((نا، لۆکەم لە گوێی خۆم ئاخنیووە... گوێم لە چ بێ و چ تێبگەم؟ ئێمە دەبیستین، ئێوەش دەبینن-ئێوەش پاوپووزخڕێ دەناسن-..!))

بابەگوتی: ((نا، نەبوو... تۆ کارەکانت بەدەست خۆتەوە نین-قسەی ژنانە مەکە!...))

دایکم هەروا لە بیرکردنەوەی خۆیدا بوو: ((باشە، تۆ چ کارت بەمنە- تۆ قسەی (پیاوانە) بکە!... دەبن هەنگلێی نێ، یا بە شانتی دادە...))

بابە لەپڕ تەقییەوە، گوتم هەر ئێستا لێی تاودەداتە دۆژەنگێ و وەردەگەڕێتە دایکم.

((ئەڵڵاهو ئەكبەر لەو ژنە نەزان و تێنەگەیشتووەی! هەستە هەر ئێستا بچۆ كانییێ ژنان و لەوێ حەللەق و مەللەقان بەداوێوەكە! ژنەكە، بە خودای تاك و تەنیاكەم ببیستمەوە لەلامی تا كامی لێوت لێككەیەوە لووتت دەبڕم!... لەخۆڕا دەشتانمەوە مەگلێنە... وامەكە ئەوەندە كوڕەت شوێنە ون كەن- كچەكانت ریسواكەن و ئابڕوویان بەرن... تێگەیشتی!؟))

دایكم واپێدەچوو لە سەرەتادا وەڵامبداتەوە، بەڵام هەر كە بابە ئەو قسانەی كردن هەوت بوو و دەستەكانی شل بوونەوە و بە تەنیشتێیدا بەربوونەوە و دوایەش بە دەنگێكی كزەڵەوە گوتی: ((من هەقم بەسەرەوە چییە... هەر ناشچمە كانییە ژنان... بشچم لەگەڵ كەس قسان ناكەم...))

((باشە، ئەوەبوو... نەكەی لەوێ دانیشی و قسێكت لە زاری هەڵوەرێ!...))

((هەی، تۆش!- لەوێ كەس من نادوێنێ!))

((ئەوە دامانناكردیان... تۆ مەچووە ناوچی و چیانیانەوە، ئیدی خۆتۆ منداڵ نیت، تەمەنێكت بەسەر بردووە- داكێ منداڵانی، هەر دوێنێ و پێرێ بوو ئەو بەڵایەیان بەسەر ئەو كچە بێ دەرەتانەیدا هێنا... لەبیرت چۆوە؟ ئەوانەش وەكو هەموو ئەوانیدی ئەگەر خوارییە خۆیان پێ بڵێی لێت دەبنە دوژمن...))

سەیرە، بابە ئەو شتانەشی ئەودەمی هەموو دەزانین!. ئێستا پێیدەڵێن دژە دەمارگیری. یارۆ تەمەنێكی لەنێو ساواكی شایدا خەڵكی ئەشكەنجەداوە، كلاّوی لەسەری خەڵكی ناوە، خەڵكی رووتاندۆتەوە- و ئێستاش ئەگەر ئازای بەخۆی دەڵێی ((ساواكی!)) هەروەك مارێكی كە لە ناكاو پێی لە كلكێ نێی هەڵدەگەڕێتەوە و وات پێوە دەدات تووكی سەرت بە بابێ... ئەو رۆژە دەستوبرد و بەپەلە بەرەو مەزرایەوە چووینەوە- باوكم لەگەڵ ئەوەشدا كە بەناو كوێخا بوو بە فەرمی هیچ نەبوو و بە قسەی ئەم سەردەمە لە كاری مسكێنییە نەبەخشرابوو- و دەبوو بەسەروەختی كشتوكاڵەكەیەوە هەر بچێت و غەمی لەبەر بێ. لە پشتی ((كانیی ماران))ەوە بەلای (٠بەردە رەشان))دا، دامان قەڵاشت. گاڕان دووراو دوور دیاربوو...

((راكە، بچۆ... سەعەی بانگ كە، بڵێ بابە ئیشی پێتە...))

چووم: ((كاكە سەعە بابە ئیشی پێتە))

سەعە نێوچەوانی تێكنا... ((ئیشی پێمە؟... ئیشی چی هەیە- نازانی ئیشی چی پێمە؟...))

((نا، هیچی بەمن نەگوتووە.))

لەبن دارێكی دانیشتبوو و سەبیلەی دەكێشا. ((چیلكە))یەكی لە سەبیلەكەی وەردا، ئەوجا كلكی سەبیلەكەی لە نەرمەی دەستیدا و بە چەند جارێكان سەلكەكەی پاككردەوە. سەبیلەكەی لەبەر پشتێندێ راكردەوە و قیت بۆوە.



بابە گوتی: ((ماندوو نەبی، كاكە سەعە... ئاورت پێیە؟)) سەبیلەكەی تێكردبۆوە، بەدەستە چەپی- وەك ئاڕ بی جی هاوێژەكانی ئەم سەردەمە- ئامادەباشی هاوێشتنێ، بەڕێكی شانیەوە بوو.

كاكە سەعە كیسە تووتنەكەی لەبەر پشتێندێ كردەوە و ((ئەستێ و بەردی)) لێكدان، پووشووەكەی خستە سەر سەلكە سەبیلەكە.

((باشە!...)) دیاربوو دەیویست مەبەستەكەی بەجۆرێك دەستپێبكا نەبێتە مایەی ناڕەحەتییە، هەرچەندە لە خستنەڕووی ئەم جۆرە ئاریشانەدا- هەر ئاریشەیەك- ئەو گەمە دیپلۆماتیكیانە دەگۆڕێدا نەبوون و هەر شتێك بایە راست و ڕەوان پێشان دەدراو دەخرایەڕوو- بێ پێشەكی و دەسپێك و جێ بۆ خۆشكردن...

((گوتت... گوتت ئەو ئاوەڵكراسەت لەنێو دار هەڵووژەكاندا دیتەوە؟))

((كوێخا... كاكەخانە... بەخودای تاك و تەنیا... بەگیانی ئەو كاكە حەسەنە- ئەوە ئێستا كە تۆ دەڵێی دەزانم ئاوەڵكراس بووە... دەنا هەر لێكیشم نەكردۆتەوە... پێموابوو كراس بووە- ... بۆ ئاوەڵكراس بووە؟...

((نا... هەروەك بۆ خۆت دەڵێی كراس بووە... رەنگە من بە پێچەوانەوەم دیبێ... بەڵێ، هەر بە كراسانیش دەچوو.)) بابە لەو گەمە دیپلەماتیكەیدا دۆڕاندبووی و ئێستاش خەریكی پینەو پەڕۆكردنەوێی بوو. ((بەڵێ، كارێكی چاك نییە... با ناوی ئەو ژنە بێدەرەتانەی نەكەوێتە سەر زاران- تۆ بۆخۆت ژنەكەت نەدیت؟)).

((نا، كاكەخانە، ئەو كاتانەی رۆژێ ژن چ دەكا لەوێ!... رەنگە با هێنابیەتی... جاری وا هەیە سەگیش ئەم جۆرەكارانە دەكەن. بۆ خۆم لەو كێو و بەندەنانە ناوێرم ((كەڵاش))م دانێم- سەگەل دەیبەن، گەمانی پێدەكەن- دەیانشارنەوە، هەروەك چۆن ئێسكان دەشارنەوە ئاوا. رۆژێكیان لە نێوەڕۆیەدا تا شەوێی لە دوو گەڕام... هاتبووم چاوان گەرم كەم ناكەس بەچانە بردبوویانن و چووبوون لە پەنا بەردانیان شاردبوونەوە- تاكێكیان لەبن ئەو بەردی و ئەویدی مەگەر خودا بزانێ لە كوێ- فرسەخێك بەولاوەترەوە... ئەمنیش تا خواردیان كوتامن...))

بابە گوتی: ((بەڵێ باشە، وا دەبێ ئیدی... خۆ لەلای كەست دەنگ نەكردووە؟))

((دەنگی چی؟))

((ئی ئەو كراسەی سەر لە سبەینێت هێنابوو.))

((نا!)) بە روخسارێكی هەوتەوە، وەك- بە قسەی ئەوڕۆكە- وەك دێگەڵەی نەدیبێ چەند ماڵە...

((نا کاکەخانە... هەر لەبیریشم نەمابوو- کەسیشم نەدیوە- کەسیش نەیپرسیوە...))

((باشە، هەرواش چاکترە لەبیرەخۆتی بەریەوە... وەك پیسابیە وایە- تا چیلکەی تێوەردەی بۆنی زیاتر دێ...))

((وایە، ئێوە باشتر دەزانن، کاکەخانە...)) ئەوەی بە تێڕامان و گومانێکەوە گوت.

((لە زمانی تۆی نەگێڕنەوە چاکترە... بەتۆ چی... هەرکەسێك پرسی، هەر کەسێك باسی کرد بڵێ نازانم، نەمدیوە... منیش داومەتە ماڵێ... خەڵکی بێ ئیش زۆرن، قسە جوینەوەش ئەوە دیارە ئیشی خەڵکی بێ ئیش و کارە...))

ئەو جۆرە شتانەیان زۆر بە سانایی لای ئێمەی منداڵان دەگوتن. ئەوەش لەسەر ئەو رێسایەی هەستابوو و پەیڕەوی دەکرا کە ئێمەی منداڵان هەرچییەکی ببیستین و ببینین بۆ داك و بابمان وەگێڕین- ببیستین، ببینین، بەڵام وانا کە گوایە گوێ هەڵدەخەین و خۆ دە شتی هەڵداوێین و دەمانەوێ ئێمەش شتان بزانین. دەبێ چاو و گوێ کرابنەوە، بەڵام دەم بەستە، بیروهۆش کراوە ئەمە نهێنی مانەوەی مسکێن و کرمانجەتییە. ئەڵبەتە ئەم رێسایەش جارجارە شازێکی دەبوو و لە رێسایەکە دەردەچوو و ئەوەش دایکان دایاننابوو کە بەهەرحاڵ بەگوێرەی قسەی ((رێزمانەوانان)) لەگەڵ رێسایەکەدا دەهاتەوە.

کاتێ کە ئاغا هاتەوە، بەسەر سفرەی بەتاڵدا هاتەوە، تەنانەت باراشە گەنمێکی ئاشییان نەبوو، ئەی خودای گەورە، ئێستا ئەو پیاوە ئەو هەموو نانخۆرانە چۆن بگەیەنێتە بەهارێ! ئاخر خۆ هەر یەك و دوو نەبوون، عێلێك بوون و هەمووش هەر رووت و برسی... بەڵام بەهاتنەوێ ئاغای باری گوزەرانێ لەبنڕا گۆڕا- دیارە نەوا، کە کەسایەتییە کەسێکی بگۆڕێ یا قابیلی گۆڕان بێت. نا، بەڵام لە ڕووتی و برسییەتیەیان رزگار بوون و هاتنە دەرێ. هەر کە ئاغاگەییەوە بە قسەی خەڵکی لای خۆمان خولێکی بە دەوری خۆیدادا- و هیچ رانەوەستا تا بۆ پێ پیرۆزانەی هاتنەوێی خەڵکی لە دەوروبەرانڕا دێن: بۆ خۆی کەوتە رێ. لە پێشدا چووە لای مەحموود خانی و هەندێکی گەنم لەوێ قەرد کرد، دوایە دەستیکرد بە چەکدار راگرتنێ- هەر کەسە بە تفەنگی خۆیەوە- ((لات و پووت لە هەموو لایەکیەوەڕا هێرشیان هێنا. تا چاومان هەڵێنا بیست سی کەسێك خڕ ببوونەوە و دوایەش لەپڕ هەموو غەیب بوون و تا چەند رۆژێکان هەر شوێنەواریشیان نەما. گوتمان هەر دەبێ بۆ حیسابی ئەو چەند مانگەی چووبێتە لای سەعید بەگی زاوای. بەڵام نا، بەیانییەکیان زوو کە لە خەو رابووین دیتمان بەڵێ... بەخشش و خار و باریان هێنا، چ خاروبار و بەخششێك!- بەلانی کەمەوە بیست بار ئێستر و بارگیر گەنم، قەند- ئەوانەیان هەموو لە دەوروبەری میاندواوێڕا هێنا بوون.. شەربەت و شیرنی



خواردنەوێك بوو، سەیر! هەر قەند بوو لە ئاوێ دەکراو شەربەتیان دروستدەکرد و دەیانگێڕا. ئێستر و بارگیرەکانیشی ناردنە عێراقێ- بۆ فرۆشتنێ ئیدی ئێستا تۆپی پڕبوو، ئاغا سەعید بەگیش بە تەواوی پۆشتە ببۆوە.

ئەو شەوەی هاتەوە بۆ بەیانی رەعنا خانمیش لە خۆشیان خەنەی گرتەوە-سەرو دەست و پێی تێگرت... و بە خرینگ و هۆڕەوە بەرێییەدا دەڕۆیی و وەك تاوسێ جوان خۆی بادەدا، تریقە تریقی بوو، دەتگوت ماکەوی بەهارییە...و قسە و قسەلۆك و باس و خواسیش ئەوە بە شەلە شەل هەروا بەڕێوەبوو...

## -٥-

هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، هەروەك سەعاتێك لەمەوپێش بێت، ئیدی ئەوە هەر قسە نەبوو ئەمەیان راستی و کارەسات بوو-ڕووداو بوو. چیرۆککگەلێکی- تراژیدی- هاتبوو و هەوەڵێن کەسایەتی و هەموو کەسایەتییەکانی داستانەکەی هەڵبژاردبوو و دەستیپێکردبوو.

چ ببوو؟ لەپڕ جەنجاڵ بوو و شڵەژا... دەمە و چێشتەنگاو بوو، تاو بە تەواوی داکەوتبوو. سەرەتای هاوینێ بوو. منداڵ هەموو لە دێیدا بوون- پیاوەکانیش، وەرزی کاری دەشتێ هێشتا دەستی پێنەکردبوو و نەهاتبوو. دەنگی تەقێکی لە دێیدا گەڕا- دەنگەکە بە دۆڵێدا تێپەڕی و لە کێویدا و گەڕایەوە گوندی، ئەوجا وەك هەر تاکە تەقێکی بێدەنگییەکی بە دوای خۆیدا هێناو لە دێیدا بڵاوەی کرد... و لە دوای ئەوە ژاوە ژاو: یەك گوللە- بۆ هەریەك گوللە؟ ئەو گوللە تەقیوە کەسی کوشتووە؟ کەس خۆی کوشتووە؟... کەس کەسی کوشتووە؟...و ژاوە ژاو... تەقەکە لە دەوروبەرو نزیکی ماڵێ ئاغاوە بوو.

دایکم لە پاشخانێوە قیژاندی: ((نەچیە دەرێ.. راوەستە، ئیشم پێتە!...))

بابم لە ماڵێ ئاغای بوو. گوتم: ((دەنگەکە لە ماڵێ ئاغایڕا هات... بابەش لەوێیە...))

((لەوێیە لەوێیە- تۆ هەقت نەبێ!))

عەزە رەحیم لەو دیو تەیمانێوە بوو و بەدەست و سەر و مل و دەمولێو، و چاوەکانیەوە کە پڕبوون لە شادی و شەیتانی دەیگوت ((راکە وەرە! وەرە..!)) لە خۆگنخاندنێ منەوە ددانی دەچیرە دەبردن.

چووم، لەبن لێوانەوە پرسیم: ((چبووە؟ کەسیان کوشتووە؟...))

((نە بابە.))

((ئەی چییە؟...))

((ئەوە تۆ لە کوێی؟- گوتم ئیشم پێتە!)) دایکم بوو.

((نەچوومەتە چ جێیان...))

((تۆ هەقت نەبێ... هەندێك هێلکان بێنە و وەرەوە!))

((هێلکە بۆچی؟))

((گوتم تۆ هەقت نەبێ- زووبە خێراکە خۆ مەگنخێنە ئیدی..!))

سەرەتا بە پەلە پڕووزێ دەستێکم دەکولانەی مریشکان گێڕا- هیچی وام وەبەردەستان نەهات. پۆپنە دارێك لەسەر هێلکان کەوتبوو- ئەوانیدی هەموو لە حەساریێ بڵاوببوونەوە. سێ دانەیەکم خڕکردنەوە-و چوومەوە. دەنگی دایی لە پاشخانێوە دەهات، بەڵام ئیدی ئەمن گوێم نەدەدایە قسەکانی دڵم گیرابوو- بابە لەوێ بوو.

کەس کەسی نەکوشتبوو- سەگی ماڵێ بابە سۆفی بوو- سۆفی ئەحمەد، باوکی دادەشیرین و کاکە مەحموود و کاکە حەسەن. چاوێکم لە عەزەی کرد، بۆ پرسیارێکی، گوتی: ((قولە پێی حاجیە بەگی گرتووە... و بەسپایی گوتی ((حاجییە ورگە)) چونکە حاجییە بەگ بۆ خۆی لەوێ بوو ((هەر کە دەست دەبا دادە شیرینێ بگرێ و سواری کەرێی کا، دادە شیرین دەزیڕێنێ، ((بازە)) دایدێتێ و قولە پێی دەگرێ!)) و حاجی بەگیش رادەکێشێتە تفەنگێ و هەر لەوێ خپی دەکا. سەیرێکی قولە پێی حاجییە ورگەم کرد، خوێن بەسەر برینەکەیەوە قەتماغەی گرتبوو. دادە شیرین پشتاو پشت سواری کەرێ بوو. سەروبرۆکانیان تاشیبوون، لایەکی کراسەکەی شەلاڵی ئاوێ بوو. وەك سەمای بێ- پێستی دەموچاوی رێ رێ ببوو. وەك ئەو بزنە بڕاوەی لێهاتبوو کە موویان پێوە نەهێشتبوو. هەوساری کەرەکەی بەدەست ((ئەحە بەراز))یەوە بوو-ئەو کەرەکەی رادەکێشا. رۆژی حەشرێ بوو، منداڵی دێی هەموو لێبوون، هەمووش پێکەوە دەدوان و باری سەرنج و بۆچوونی خۆیانیان دەدا، مەتەڵەکیان داویشتن و پێدەکەنین. خانمێ گەورە لەنێو پەنجەرەی شانشیندا دانیشتبوو، بەردەست و قەرەواشیش لە پەنجەرێکی دیدا-زەردەخەنە بە لێوانەوە و هەندێکیش گرژ- بووك و خوشکەکانی ئاغاش لەسەر پلیکانەکانەوە پڕمە پڕمیان بوو- برایەکانی ئاغاش تێکەڵی ناو حەشیمەتەکە ببوون.

خانمێ گەورە بە حاجییە بەگی گوت: ((کلکەکەی بدە دەستێ..!)).

ئەحە بەراز زەنگوڵەی ملی کەرەکەی بەردا، کلکی کەرەکەی دایە دەست دادەشیرینێ... و ئێمەی منداڵانیش لە هەرامان دا...



بابە سەیی لەماڵێ ئاغای هاتە دەرێ و بە تەنیشت قەراغی سەرەوەی خانووەکەدا باریکەی دایە و چۆوە ماڵە خۆیان- ئەو دەمانەی رۆژێ چی دەکرد لەوێ؟

هەوا حەویق مابوو، هەوای کوێستانێ هەواڵی بارینێی دەدا، هەورەکان بەلاپاڵی چیاکانەوە لێك بڵاودەبوونەوە، تێکەوەیان دەدایەوە، تێکەوەیان لوول دەدایەوە، خۆیان پێکدا دەدانەوە و سواری کۆڵی یەکتر دەبوونەوە و بەسەرە و بێ سەرە بە باڵاو لوتکەی کێویدا هەڵدەزنان. کراسی کێوی لە دوور ڕای تەڕ دەنواند... ئاسمانی بەری لای رۆژهەڵاتی دێی ساف بوو...

کەلاکی سەیەکەی هەروا لەوێ کەوتبوو، مریشك و کەڵەبابەکان هەموو لەسەر گوفکی دامێنی لای سەرەوەی گوندی سەرقاڵی کاری خۆیان بوون. لەولاترەوە سەگێك دەپارچە ئێسقانێکیەوە ئاڵابوو، و لەولای وییەوە گوێلپارێك لە لێوی جۆیە دەلەوەڕا، لەبن ئاخرین دار هەڵووژەی قەراغی خڕێ دوو سەگ بەشێوەیەکی سەردەمانەی فرۆکەکانی ئەمەریکایی پشتاو پشت قوونیان تێك کردبوو و بە هەواوە سووتەمەنیان تێکدەکرد.

دادە شیرین لەسەر پشتی کەرێ دانیشتبوو، پێخواست، ئارام- شڵەقاو، پێستی قۆڵ و مەچەك و دەموچاوی گرمۆڵە گرمۆڵە ببوو، وەك پێستی مریشکی ئاوەڕووت کراو. لێوەکانی بەلْغیان گرتبوو، لووتی باریك ببۆوە- رەنگی زەردهەڵگەڕابوو. هەر زەرد؟ هەمە رەنگ: زەرد، سپی، خۆڵەمێشی، شین، رەش رەش... هەموو رەنگێك. وای، ئەو هەموو ناخۆشی و توندوتیژی و رەقی وناهەمووارییە لەوەندە دەموچاوە قلقلانەییەیدا!

دەموچاوی خڕو بچکۆلانە و گرد و کۆبوو-هەر بە قەد قلقلانێکی تۆ بڵێی یەك دڵۆپە فرمێسك چییە بە چاوانیەوەیەتی! چاوەکانی بەو هەموو غەم و کەسەر و سەختی و بێ دەرەتانیانەیانەوە، پڕبوون لە ستەم لێکراوی و بێکەس و کار و بێدەری. لەو دواییانەشدا ئەو حاڵەتانەم هەموو دەچاوی سەگی دراوسێیەکەماندا دیتنەوە- هەر لەو تارانەی، کاتێ کە هاوسێیەکەمان لە ئاپارتمانەکەیدا نیشتەجێ بوون، ئەوی ((سەگەکە)) برد و لە کەرەجێی بەرهەڵدا کرد... وای، لەو غەمانەی لەو چاوانەدا بوون... هەستیکردبوو. سەگەی برد و لە بن دارێکی دانا و گوتی: ((بکەوە... بکەوە! لێرە بکەوە..! نەجووڵێی، تازە ئێرە جێتە!)) و بە ئاماژەی پەنجە تێیگەیاند کەنابێ بجووڵێ و سەگەی تاین جووڵەی نەکرد و وای سەیرکردین کە ئێستاش ئێستایە و ئەو دیمەنەم وەبیر دێتەوە دڵم دادەخور پێ.

وەك منداڵی گچکە جارجارە لە پشتە دەستی خۆیەوە رادەما... تەنانەت یەکجاریشی سەیری مە و ماڵێ ئاغای نەکرد. شوێنەواری هیچ دڵۆپە فرمێسکێکیشی بە ڕوویەوە نەبوو، تا بڵێین دەپێشێدا گریابێ. من ئەو دەمی نەمدەزانی کە کچ گەل ئاوان، هەر کاتێ بیانەوێ

دەتوانن ببنە هونەرمەند. ئەو سەردەمانەی ئەو کاتی ناوی هونەرمەندمان هەر نەبیستبوو، ئەگەر بشمانبیستبایە هەر تێینەدەگەیشتین- لە کوێی بزانین و تێبیگەین؟ خۆ ئەگەر زۆریش زیرەك باین و بشمانبیستبایە ئەوە ئەو پەرەکەی بیرمان بۆ ئەوە دەچوو کە شتێکە وەك مەیموون هەڵپەڕێنی بێ مەیموون. ئەو سەردەمانە فێربوونەکانی مە زیاتر گوێ بیستی بوو- جگە لەو شتانەی کە لە چوارچێوە و قەڵەمڕەو و سنووری دێیەکەماندا دەماندیت. زۆر شتیش هەبوون نەدیتە دەمانناسین- بەڵام تەنیا بەگوێرەی ناسینی تایبەتی خۆمان و مێشك و هزر و بیری خۆمان و تازە چ فێر دەبووین، لە کوێمان زانیبایە و فێربووباین کە لەوانەیە کەسێك بەبێ ژان و ژوار بگری، یا بێ هەستکردنی شادی و خۆشی پێبکەنێ- هەرچەندە ئەو جۆرە پێکەنینانەمان روونتر بوو: دەمانزانی کاتێ ئاغا قسەی سووك و ناسکی بە کەسێکی دەدا، یا خانمێ گەورە بێ ڕێزی بە ئەژداد و ئاباد و حەوت پشتی کەسێکی کردبایە دەبوو ئەو کەسە پێبکەنێ و لە خۆشیان خەنیبێ. بەڵام نەمانزانیبوو یەکێك بێ ژان و ژوار و دەرد و مەینەتی هەروا لەخۆوە بگریەت یا بێ جێ لەخۆڕا پێبکەنێ. ئەگەر ئازار و ژان و دەردەسەری هەبان ئەوە دەگریای، ئەگەر نەبان ئەوە بە ئاسوودەیی لەجێی خۆت دادەنیشتی... و ئەو نەدەگریا و ئێمە دڵ پڕبووین و تووڕە و ئەو گوێ نەدانەشیمان بەسەر زەنشت دەزانی و وامان وەردەگرت... کە وەك سەگێکی دانە دەناین.

نازانم دوایە لە کێم بیست- پێموابێ پوورە مەنیج بوو. دەیگوت: ((ئای ڕۆڵە ئەو جۆرە کەسانە کاتێکی دەگرین کە دەمرن یان مردوون- دوای مردنێ دەگرین!

دەنگی خانمێ گەورە هەمووی بۆ لای خۆی بادانەوە:

((نێرەکەری سەگباب، ئەو زەڕە زەڕە بەسە!)) ئەوەی بە ئەحە بەرازی دەگوت کە پێکەنی و هەردوای ئەوە دەنگی زەنگوڵەی ملی کەرەکە نەما. هەروەك ریکلامی بازرگانی رادیۆیی، ئەوجا بانگەشە سەرەکییەکە: ((دوو جارانی بەنێو دێیدا دەگێڕی، دوایە دەیبەیە سەر ڕێیە و دایدەبەزێنی، یەك شاپی لە قوونێ هەڵدەدەی، تا ئیدی جارێکی دی هەڵە و ناماقووڵیە وا نەکاتەوە..! ئێستا کە دەیەوێ ببتە سۆزانی، با بچێتە شاری- لای قۆزاغەکان... ئێرە جێی ئەو کارانە نییە!...))

ئاهە، بەڕاستی دەیویست ببێتە سۆزانی! دەیویست ببێتە سۆزانی... هەموو لە سووکایەتییان هەناسەمان هەڵکێشا و وەك هاتینەوە سەرخۆ، لاونیو سەیری دادەشیرینمان کرد... خانمێ گەورە ئەوەی گوت و پەنجەرەی ژوورەکەی توند پیوەدایەوە. ئەوە بە مانای دەست بەکاربوون بوو، ئەحە بەراز هەوساری کەرەکەی راکێشا و کەوتەڕێ و ئێمەشی بەدواوە...



ناو دێ کتر و کوێر ببۆوە، باڵندە پەڕی تێدا نەدەبزاوت- چ ژنێك لە پشت پەرژینی ماڵە خۆی دیار نەبوو، چ ژنێك یا کچێك نەدەچووە کانییە و نە لە کانییەڕا دەهاتەوە- وەك ئاوایی تاعوونی لێدابێت.

ڕۆیشتین، هێشتا چەند هەنگاوێك نەچووبووین کە ئەحە بەراز بەو سەر و ڕووە ترش و تاڵەیەوە- ئای لەو ناوە چاکەی لێیان نابوو- ئاوڕیدایەوە، گوتی: ((منداڵینە، خۆ مردووی نابەنە سەر قەبران باشە ئێوە چ کارەن دەی یاڵڵا!)).

چۆن سەگ بۆنی ترسێ لە ڕێبواری دەکا منداڵیش ئاوا کەسانی لە پێ کەوتە و بێدەستەڵات دەناسنەوە- من ئەوەم بۆخۆم چەند جارێکان بە تاقیکردبۆوە. ئەوەشیان ئیدی ئەوە دیاربوو...

هەر کە ئەوەی گوت عەلی شەیتان- کوڕی سەلیم تڕکەنی- یەکەمین هێلکەی ئاخاوتە کەللە سەری دادەشیرینێ. هێلکەکەی شریق دەنگی لێ بڵندبوو. ڕێك وەسەری برۆیەی کەوتبوو. زەردێنە و سپێنە بەلای برۆیەکانیدا هاتنە خوارێ- بەسەر ڕوومەتەکانیدا شۆڕابەیان بەست.

ئێستا دەموچاویم چاك نەدەدیت- کلکی کەرەکەی بەردابوو، هەردوو دەستی بە دەموچاویەوە گرتبوو... وەك بە چاوی کەوتبێ!

من نازانم چۆنە، مرۆڤ لەنێو کۆمەڵێکیدا هیچ سەربەخۆییەکی بیروڕای خۆی نییە، بارودۆخی دەروونی گرووپێك هەر وەك بارودۆخی دەروونی میگەلێیە، هەر کە بزنێك لە جۆیەی بازدا ئیدی ئەوانی دیکەی هەموو بەدوادا دێن و باز دەدەن. هێندە بەسە یەکێك شتێك بڵێ و ڕێیەکی پێشاندا-ئیدی حەشیمەت بە کەس ناگەڕێتەوە. وەبیرم دێ زەمانی شەڕ بوو و قیوام سەرۆکی وەزیران بوو. خەڵکی لەبەر گرانییە هاواریان لێ هەستابوو. حەشیمەتێك بۆ نارەزاییەگرانییە و بە شەقامەکانی ئەستەمبۆڵێ وەرببوون. دروشمی حەشیمەتەکە ئەوەبوو: ((نان و پەنیر و پونگە... قیوام برسی و دڵتەنگە!)) ماوەیەك ڕۆیشتن و دروشمیان دان، هەروا تۆزێك بۆ پشوێکی لە دروشمدانێ وەستان کە لە پڕ لە ناوەڕاستی حەشیمەتەکێڕا بە دەنگێکی بڵند گوتی: ((کوڕینە بابچین ماڵێ قیوامی ئاگردەین و بسووتێنین!...)) و حەشیمەت وەڕێ کەوت، وەك ئەوەی کە ماڵەکەی بسووتێنن- هەروا بە سانایی!...

ئیدی منداڵانیش شوێن و جێی خۆیان هەیە- ئەوانیش لەو جۆرە ((گەمە و خۆشییە بێ وەبیانە))دا.

هەر کە عەلی شەیتان هێلکەکەی خۆی هاویشت ئیدی ئەوە هەر دەست بوو دەچووە دەگیرفانانەوەو هەر هێلکە بوون داباریین و بووە هەراو هۆریاو ژاوەژاو و پێکەنین و مەتەڵەك هاویشتن. ڕۆژی ڕەش بە چاوی خۆت نەبینی!

دایکان هەریەکە و لە ماڵێڕا منداڵەکانیان بە ناو بانگ دەکردنەوە- ئەڵبەتە بە تووڕەییەوە. بەڵام کێ دەچۆوە! خۆمان لێ کەڕ دەکردن. هەر کەسە لەلای ماڵی خۆیانەوە بە جۆرێکی خۆ پەنا دەدا، تا کەسێك- برا، خوشك، دایك و باوکی- نەبینێ. من بە بەرماڵێ خۆماندا نەچووم- لە دوورەوەم گوێ لە قریشکەی دایکم بوو، بەلای ماڵێ بابەسیی و بە پشتەوەدا دامقەڵاشت، لەبەردەمی حەشیمەتەکەوەم سەر دەرێنایەوە. پوورە حەلیم بەگەسکەوە وەدوای کوڕەکەی کەوتبوو- نەصە تێیتەقاند، تاوێکی لەناو هەلوژەکان هەڵبەز دابەزیکرد، دوایە نیوەخولێکی دا و لە نزیك ((بەردە گەورە))ی گەیشتەوە مە. ئەوە شتێکی شازبوو، دەمانزانی کە ئەگەر ژن و پیاو و جحێل و هەرزەکارەکانیش لە دێیدابان کە زیاتر هەر لەوێش بوون دیسانەوە هەر نەدەهاتنە دەرێ لە ماڵێ سووڕێکمان لێدا، لەبەردەرکێ ماڵێ بابە سۆفی- باوکی دادەشیرینێ- تاوێك راوەستاین و زەنگوڵەی ملی کەرەکەمان راوەشاند، هەرچەندە ئەو سەردەمی زەنگ لێدان باو نەبوو. چوێلەکەکان لەنێو لق و پۆپی هەڵووژەکاندا جیکەجیکیان بوو. هەر کە ئەمە چووین هەڵفڕین و رۆیشتن... چەند هەنگاوێ بەولاترەوە دوو باڵندە کە لە حەسارێدا دەسووڕانەوە بە سەرنج و تەماشاکردنێکی سەرسامانەوە کردیانە غاتە غات، دەنگی قەلەڕەشان لەوبەری خڕێوەڕا دەهات، پیرە بزنێکی نەخۆش کەنەچوو بووە گەڵ مێگەلێ و بە ((تەیمان)) یوە بەسترابۆوە و لەجیاتی خاوەن ماڵی، بەڕیش بادانێوە چاك و چۆنی لەگەڵ هەمووواندا کرد و فەرمووی لێکردن. ئەویش هەر دەتگوت وەك بابە سەیی هەناسە و پشووی سوارە: لەبەر هەتاوێ کەوتبوو، هەر هانکە هانکی بوو. ((مێو))ێك کە خۆی بە دیواریەوە هەڵواسیبوو و خۆی راکێشابوو، گەڵاکانی لە تاکە پەنجەرە بێ شووشەکەی ژوورەکەوە دەسوی. پەڵە هەورەکانیش خۆیان بە لاپاڵی چیایەکاندا هەڵکێشابوو، لوتکەی چیای دیار نەبوو... وێکڕا دەتگوت وێنەی تەقینەوەی ئەتۆمە ناوەکییەکانە و دەردەکەوێ-وەك قارچکێ، کە بە پەل و پۆیەکی تەنکەوە بەرەو دۆڵ و خەرەندێ خۆڕادەکێشن.

ئەحە بەراز زەنگوڵەکەی راوەشاند و منداڵانیش لە قریوەیاندا و چەند هێلکەیەکیان گرتنە سەری سوارەی. ئیدی ئەوجا هەر نەیانداویشتە سەر و دەموچاوی و بەس... عەلی شەیتان هێلکێکی هاویشتە پەنجەرەکەی- بزنەکە ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی کردین، بەڵام لەجێی خۆی نەبزووت، مریشکەکان بە قیڕەقیڕ و گاڕەگاڕ و هەراسانیەوە رەوین. دەستێك وەك بە تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ راست و چەپێکی بەسەر پەڵە هەورەکەی سەر ترۆیکی چیایەکەدا کێشا- هەر ڕاست وەك مەئموورەکانی گومرگی سالۆنی فڕۆکەخانەی کە بە قەڵەمی مۆمی راست و چەپان لە جانتای رێبواران دەدەن، رێی چوونە دەرەوە دەدەن. دوومەڵی کێوی تەقی...



کێوەکان دوومەڵی دڵی کوردستانن- زۆر جاران دەتەقن و دەردەبن، بەڵام ژانی دڵەکان ناشکێنن... دەنگی شریخەی بروسکەی لە دۆڵێدا گەڕا، چۆوە کێوی و تەواوبوونی فەرمانەکەی راگەیاند و هەر بەدوای ویدا پەیامی چیای گەیشتەوە: سۆزێکی سارد، دیمەنێکی جوان و سامناك و ساردبوو- هەر دەتگوت پارچە مۆسیقایەکی واگنەرە- سامناك، قورس، شووم- دەرخستنێکی ئایندە- بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا جوان... بە جوانی تۆفان و زریانێك بە جوانی ڕووبارێکی پڕ کەف و کوڵی هەستاو و سەرشێت، بە جوانیە ژنێکی سادیستی... ئاوایی کتوکوێر بوو: هەموو لەوێ بوون. بەڵام کەس دیار نەبوو، گوند بە حوکمی مانەوە یەکپارچە و یەکگرتوو بوو. ئەم یەکگرتنەش بە هاونرخێکی نەرێیانە هەبوو: هەموو خۆیان کردبووە مردوو تا بمێنن- کەچی زیندووش نەمابوون. بەڵام وەك هەستیان کردبێ کە هەرچۆنێك بووە ژیان ومان لەمەرگ و نەمانێ چاکترە...

دەڵێن، دەڵێین- دەمانگوت- سوودی زۆرانبازی و بەگژ رۆژگار داهاتنێ چییە؟ ئیدی ئەوە رۆژگارە، وەك ئەوەی بەگژ باو بروسکە و چەخماخەی هەورە تریشقە و زریانێدا بچی. ئەوە رۆژگارە، جارێکی بڵندی و یەك نەوی، جارێك هەوراز و یەك نشێو... و هەمیشە بەرەو پیری و پەڕپووتییەوەچوون و تێپەڕین. هەمیشە هەروا بووە و هەر واش دەبێ... حوکمەتان دەکەن، خان و بەگلەر دێن و دەڕۆن و تۆ هەروا بە نشێوی تەمەندا شۆڕ دەبیەوە، گەورە دەبی بچووك دەبیەوە، چرچ و سیس دەبییەوە و دەمری... زۆرانبازی و بەگژ داچوونەوەی رۆژگار سوودی چییە؟...

وا دەڵێ، بەڵام هەر بۆ خۆشی قبووڵی ناکا (نا، ماشاڵڵا بەگوێرەی ساڵ و تەمەنی زۆر چاکە!) ئەو شتانەیان هەموو بە کوڵك و پێستەوە لەبەرچاوە و دیویانە و هەستی پێدەکەن، کەچی باوەڕیان نییە کەوایە- خەسیون، لە هەموو بارەیەکەوە کەڵەبابی خەسیوت دیووە کە پۆپنەکەی چۆنە؟ ئەسپی خەسیو (یەختە) وای لێدێ کە ئەسپی دیکەی سواربن و لێی بێن. بێنەوایە تا ماوەیەك هەروا دەزانێ بەڕاستی ئەسپەکەی جارانە و کە دەگاتە مایینان دەحیلێنێ و کلك و باڵی بادەدا- حیلەیەکی وەك گریانێ- کە خۆ دەرخستنی پیاوی و پیاوەتیەیە. دوایەش بە ملکەچییەکەوە رادەوەستێ و ئەسپەکانی دی خۆی داوێنێ!... ((ئاغا)) لە هەمووان دەپەڕێ و دەوڵەتیش لە هەرچی ئاغایە... و ئەمانیش ئاوا دەوەستن و تەنانەت جووتەیەکیش ناوێن. دەرکێ لەسەرخۆ دادەخەن تا نەبینن- گوایە ئەگەر ببینن لەوانەیە خوانەخواستە دەماری جێیەکیان هەڵاوێت و بجووڵێ و هەقیان دەمستی نێن، یا هەر نەبێ ئیدیکە ببینن کە هیچیان لەدەست نایە. هەموویان کەڕن، هیچ کەڕێکیش ناگاتە ئەو کەسەی

بۆ کەڕیە کە خۆی کەڕ دەکا. هەموو بەدبەختی و سووکایەتی و دەستدرێژییەکیان قبوولە و تەنیا دڵیشیان بەوەندەی خۆشە کە لەسەر عەردی (خان)ی دانیشتوون... کە بەڕاستی دەستی وانەن، چۆن خودانەکردە پێ خوار دانێن... خەسیون... هەروا دەڕۆیشتین و بەرد و هێلکەمان داویشتن و زیاتریش بەوەی هارتر دەبووین کە ئەو کیژە وەك سەگیشی دانەدەناین، هەروەك ئەو هێلکە و بەردانەش بەوی دانەدرێن و سپێنە و زەردێنەی بە دەم و لەوساندا نەیەنە خوارێ. ئەحە بەرازیش هەر ناوە ناوە زەنگوڵەکەی بە توندی ڕادەتەکاند، تا خانمێ گەورە گوێی لێبێ و ئێمەش هوهامان دەکێشایەوە و خەریکی کاری خۆمان بووین. یەك دوو جارانی ئاوڕ دایەوە و لەبن لێوانەوە بە عەلی شەیتانی گوت: ((گوناهە، زۆر بە توندی پێدامەدەن!...)) ئاه... ئەوانەی کە لێوەی نزیك بووین لە بنەوەڕا سەیرمان کردێ! زەنگوڵەکەی بە توندی ڕاتەکاندەوە. دادەشیرین هەروەك خۆی دانیشتبوو، هەروەك پێشان سەرنجەکانی لە هەوایدا ون ببوون. یەکێك لە منداڵەکان کە نەمزانی کێیە- ئەحە بەرازی لە قسان گرت و پێموابێ عەلی شەیتان بوو هات لەسەرخۆ دڕکەزی وەبن کلکی کەرەکەی دا... کەرەی بێدەرەتان یەك دووجارانی خێرا خێرا، کلك راوەشاند و نەدەحەوایەوە... دادەشیرین بە هەردوو دەستانی خۆ بە کورتانەکەیەوە نووساند-کەرەکە نارەحەت و بێ ئارامتر بوو و لەقەیەکی هاویشت، لەقەکە راست چوو وەلوولاکی ئەحە بەرازی کەوت. ئەحە ((وەیش))ێکی هاتێ و لەسەر عەردی پان رابوو. دادەشیرین لەو بانەوە پێکەنی-پێکەنینێکی کەم و سووکەڵە. ((وەیش!)) ئەحە هەروا کە قاچەکەی بەهەردوو دەستانەوە گرتبوو دەستی بە جنێو و قسەی سووك و ناشیرن کرد- جنێوی بە هەمووواندا... ((ئەوە کام دایك حیز بوو؟)) بە تووڕەییەکی واوە و سەروسەکوتێکی ئەو تۆوە کە دە جاران لەوەی لەوەوپێشتر گرژ و مۆن و تاڵتر بوو ((دایك حیز، راوەستە تا دەتگرم..!)) کەرە هەروا بێ ئارام بوو، بەڵام ئێمە هەر چوار دەوریمان تەنیبوو، ڕێی هەڵاتنێی نەبوو. پێموابێ ئیشی عەلی شەیتانی بوو، کە دۆست و دوژمنی نەدەناسی و هەرکەسێك بایە ئەو پێی رادەبوارد. کەرەکە زۆر نارەحەت بوو و دادەشیرینیش بە هەردوو دەستان بە کورتانەکەوە نووسابوو. ئێستا ترسێکمان لە روخساریدا دەدیت و قاقا پێدەکەنین، هوهامان دەکێشا و کەرەکەش لەگەڵەمەدا هەڵدەپەڕی و دەڕەقسی و تا دەشهات دڕکەزییەکەی زیاتر بە بن کلکێدا دەچوو، ئەحە بەرازیش هەروا لە قاچەکەیەوە رامابوو و بەوییەوە خەریك بوو. سەرەنجام کەرەکە لە توانای دانەما و دەستیکرد بە هەڵاویشتنێ و دادەشیرین زریکاندی و لەو بڵندایییەڕا یەکسەر، تەپپەی لێهات و بەربۆوە و ئێمەی منداڵانیش هوهامان لێدایەوە، پرمە پڕم پێکەنین: هەموو دەستمان بەسەر دڵی خۆمانەوە گرتبوو لەبەر پێکەنینێ و کەرەشمان کە بە جووتە و



هەڵاویشتنێوە بەرببوو و دەڕۆیی بە هوها و پێکەنینێوە بەڕێکرد. دەنگی زەنگوڵەکەش لەنێو قاو و قیژ و هەراو زەنای مەدا ون ببوو تا دەهات وردە وردە نەدەما.

دادەشیرین زۆر لەسەرخۆ هەستایەوە سەرپێ و کراسەکەی تەکاند و سەیرێکی ئانیشکی کرد، کە رووشابوو و هەمدیس بە هەمان کەمتەرخەمیەکەوە لە کێوەکانەوە رامایەوە. ئێستا رەنگی وەك زەعفەرانی لێهاتبوو. ئەحە بەرازیش لوولاکی هەڵکردبوو، پەڵەی خوێنێی بە لوولاکیەوە وشك ببۆوە، بەڵام-سوپاس بۆخوا- قاچەکەی زۆری تێن نەگەیبۆیە. هەستایەوە، شلان شلان دوو سێ هەنگاوێکان بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە و چاوێکی لەمە سوورکردەوە و گووتی: ((هەر دەیبینمەوە!... دایك حیزە... چی وای نەمابوو بەڕاستی شەلمان کا!...)) دیار نەبوو داخوا لەگەڵەمەیەتی یا لەگەڵ کەرەکەی. کەرە لەوێ نەمابوو، بۆیە ئێمە لەجیاتی ئەویش بە زەردەخەنەی سەرلێوانەوە و لە بنەوەڕا چاوی خۆمان حیزکرد و هەر بەو جۆرەوە داوای لێبوردنمان کرد. ئەحە دادەشیرینی قەرداربارێش کردبۆوە: ((بەڵێ، خانم... لەسەر گەمە و مەمەی تۆ هەر خەریك بوو شەلیش بین... خودا رەحمی کرد!)) و ئەوجا، وەك لەگەڵە خۆی بێ، بەڵام لەگەڵەمەیەتی ((باشە، ئیدی تا (بەردە گەورە) رێ نییە-چەند هەنگاوێك ماوە..!)) راستیشی دەکرد. گەیبووینە خوار گوندی و تا بەردە گەورەش لە چل پەنجا هەنگاوێك بەولاوەتر نەمابوو. ((پێ هەڵێنە، وەڕێکەوە!)) ئەوەی لەگەڵ دادەشیرینێ بوو. کەوتە ڕێ، ئێمەش ملمان لێنا. ئیدی هێلکەمان پێ نەمابوون، دەنگی زەنگوڵەش نەمابوو-هەروەك مردووی بەرینە گۆڕستانێ عەلی شەیتان لە پێشی پێشەوە دەبەزی. بۆن کەلاکێك هەوای ئەو ناوەی پڕکردبوو. کەلاکی بزنێکیان لەلاڕێیە فڕێدابوو- بزنێ ماڵێ دەروێش رەحمانی بوو. هەڵامسا بوو دادەشیرین و هاوڕکێفەکانی هێشتا چەند هەنگاوێکمان لەگەڵ بزنەیدا نێوان بوو، کە عەلی شەیتان بە جووتە پێیان چووە سەر زگی کەلاکە بزنەی. رۆژی رەش نەبینی-بۆ گەنێوێکی بڵاوکردەوە پیاو هەناوی لە ژێللا دەهات و جەرگ و ریخۆڵەی دەهاتنە دەرێ. من لەگەڵ لایەنی تاقمەی ئەحە بەرازی بووم، کە شلان شلان دەهات. رەنگی سوور هەڵگەڕابوو، دوایە رەش داگەڕا و سوور بۆوە، ئەوجا دەمارە سپییەکانی شین و مۆر هەڵگەڕان. ((پف!... ئەی، دایکەکەت دەگێم..! پف!...)) و کلکەی فەقێیانییە (سۆرانی)کەی خێرا کردەوە و وەبەر دەمامکی خۆیدا، ئێستا دەتگوت ئەوە چاوەکانی وەك دوو چاوە بۆقان خەریکن دەردەپەڕن. ئیدی هیچ رانەوستا، هەروا بەولاقە شەلەیەوە پارێزی دیت و بە پیلەقان وەرگەڕایە گیانی عەزە رەحیم و خلە باپیری. منداڵەکان هەموو قوچاندیان و هەڵاتن و ئەویش هەروا کە چمکی فەقێیانیەکەی بە بەرلووتییەوە زیاتر پاڵ پێوەدەنا رەشتر و سوورتر و زەردتر هەڵدەگەڕا،

لاونیویش پێلەقەیەکی-زۆر توند نا- بە کەمەری دادە شیرینیش دادا، هەرواش کە ددانی دەچیڕەوە دەبردن، گوتی: ((دەو جا گۆرت ون کە... دەی دەبڕۆ دەی ئیدی- لەسەر چی ڕاوەستاوی!)) دادەشیرین بە گەردەن کێلیەکەوە کەوتە ڕێ... ((دایکە... دەتگوت سەری کەیومەرزی بە دیاری هێناوە- قیت و قنج بە ڕێیەدا دەڕۆیی- هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات!)) ئەوانەی بە حاجییە ورگەی دەگوتن. ئەوە لە مردنێ بەولاوەتر و خراپتر بوو. ئەوە ئێستا دەزانم. مردووی دەبەن و لەو جێیەی لەبن گڵی بەجێی دێڵن و دەڕۆنەوە، بەڵام چ پێلەقانیشی پێدانادەن. ئێستاش کە مردوو مرد شەیتان دەستی لێ هەڵدەگرێ. تۆش هەروەك کە لەشەمەرێکی، وەك ئەو کەلاکە بزنەی یەك دوو ڕۆژی دی دەمری و بۆگەنیوت سەرداری بێ سەر دەکا. وای، دنیا چەند ترسناك و دڕندەیە، مرۆڤەکان چ بوونەوەرێکی ترسناکن!... ((گەورەکان)) لەمانەش خراپترن... هەر نەبێ لەو دەوروبەرەی کە ئێمەی لێ دەژین، لەو ژینگەیدا، گەورەو بچووك هەمووی هەر ترسناکن. ئەم جۆرە تراژیدیایانە هەر ئێمە وەپێکەنین ناهێنێ- هەمووان وەپێکەنین دێنێ، هەموو لە هەموو بە قاقای پێکەنینەکانیان هەر تراژیدییەکی هەیە دەیکەنە ((کۆمیدی))یەکی نایاب، کە ئەمەش ئەوپەڕی بێ دەرەتانی و بێ چارەیی و بەدبەختی و بێ نەواییە، کە مرۆڤ بە تراژیدیای خۆی و خەڵکی دی پێبکەنێ و پێیوابێ کۆمیدیایە.

وەبیرم دێ ڕۆژێکی سواری ئۆتۆبۆسی هێڵی ژمارە یەك بووم- ئەودەمی شەقامی سەپەدوو بەردرێژ بوو، ئۆتۆبۆسەکان هەموو شەق و شڕ و لەق و لۆق بوون-سەردەمی شەڕێ بوو. بەرەبەری نیوەڕۆیە بوو. ئۆتۆبۆسەکان زۆر قەڵەبالغ و جەنجاڵ نەبوون، لە ڕاڕەوەکانی نێو پاسەکەیدا کەسی بەپێوەی تێدا نەوەستابوو. لە کورسی دووەم یا سێهەم خاتوونێکی جحێڵە لە تەنیشت ئەفسەرێکیەوە بوو. کورسییەکانی ئۆتۆبۆسەکانی ئەودەمی لە کورسییەکانی ئۆتۆبۆسی ئێستاکێ بەرتەسکتر بوون. بە هەڵبەزو دابەزی ئۆتۆبۆسەکەی سەرشەقامە بەردرێژکراوەکە قژی سەری خانمێ بەسەر شانی ئەفسەرەیدا تەخشان و پەخشان ببوو و هاتبووە خوارێ. ئەفسەرەکە ستوان یەك بوو، کە ئەستێرەی کانزایی بە شانەکانیەوە بوو. لە دەنگی گفتوگۆی شوفێر و سەکنەکەی و جەفەنگی چێوداران کە پێکەوە دەدوان دەنا دەنگێك نەبوو. گەیشتبووینە گۆڕەپانی باغی شای. کە سەکنەکە وەك هەموو جاران هاواری کرد: ((باغی شا... نەبوو!؟))

ئەفسەرەکە گوتی: ((ڕاوەستە!)) و بەشێوە سەربازییەکەوەی ڕاست و قیت و قنج هەستا... و بەدوای ویدا زریکەیەك لە پاسەکەی گەڕا. سەر و چاوەکان هەموو- بەتووڕەییەوە- بەرەو لای



خانم و ئەفسەرەکەی تەنیشتێوە ئاوڕیان دایەوە- بە بۆچوونی ئەوەی کە ئەفسەرە دەستی بۆ بردبێ، دوای کەوتنی ڕەزا شای بوو و بە داگیرکردنێ وڵاتی و هەڵاتنێ ڕەزا شای و سەرانی گەورەی سەربازییەکانی، هەستی دوژمنایەتی و نەفرەت لە دامودەزگا ملهوڕییەکان خەڵکی هێندەی دی لێ تیژکردبوون.

ئاه... خانم سەری لەنێو هەردوو دەستان نابوو و سەریشی بردبووە بن کورسییەکەوە تاس کڵاوەکەشی بەلاشانی ئەفسەرەیدا شۆڕ ببۆوە! هەر کە حەشیمەت ئەوەیان دیت تەقینەوە، ئەفسەرە بێ ئاگا لەو هەموو پێکەنین و گاڵتەجاڕییە، داوای ڕێی ڕۆیشتنێی کرد. ژنە جحێڵەش ئەوە هەروا سەری لەنێو دەستی خۆی گرتووە و سەری لەبن کورسییەکان ناوە و ڕێ ناکا... شوفێرەکە کە تازەی بەوەی زانیبوو بەسەر بازنەی ستێرنەکەیدا دوولا هاتبۆوە و شین ببۆوە لەبەر پێکەنینێ. ئەوجا نۆرەی هات و باتی پیرێژنێکی نیو پاسەکەی بوو. پیرێژن سەرپۆشەکەی خۆی بەسەری ژنەی تاین دادا: ((قەیدی نییە، کچەکەم- هەستەوە، هەستەوە!))، کچەکەی دەبن چارۆگەیەوە پێچا. کچە ڕاستبۆوە و لەگەڵ پیرێژنێ بەرەو دەرکەیەوە چوو. ئەفسەرە تاس کڵاوەکەی لە ئەستێرەکانی شانی کردبۆوە و دابوویەوە پیرێژنێ.

((دایکە، ئێستا تۆ لەسەرتی کە، بزانین چ دەردەچی!))

ئەوە سەکنەبوو وای بە پیرێژنێ گوت، پێکەنین... تا ئەو سەری هێڵێ هەر جارێکی کەسێك شتێکی گوتبایە هەموو پێدەکەنین و شوفێرەکەش لەخۆ دەبۆوە، ئۆتۆبۆس دەکەوتە قاڵدوان... وای، کە ترسناکە، وای کە مرۆڤ زاڵمە و تێڕوانینەکان چەند خوار و خێچن کە ئەو هەموو تراژیدیایانە دەبینن کەچی پێیان وایە کۆمیدیای دەبینن. من دڵنیام بیرەوەری ئەو ڕۆژە باشترین بیرەوەرییەکی سواربووان بوو.

## -٦-

لە پەنا پەرژینێ زییانەوە ڕاوەستا، کراسی مەزرایە لە چەند لایەکانەوە دادڕا بوو و بە دەزوێکی ئەستوور و کاڵیان دووریبۆوە- بە دوورینەوەیەکی شەش تەقەڵ و مانگەشەو، هەر ڕاست وەك کراسەکەی کاکە مەحموودی کە هەر بۆخۆی بەو دەست و پەنجە زبرانەی و بە تەقەڵی ناڕێك و پێك و گەورە گەورە پینەی دەکردەوە، کراسەکەی خۆشی لە چەند لایەکانەوە دادڕ دادڕ بوو...

لەسەر تاشە بەردێکی پەنا پەرژینی دڕکە زییەکانەوە دانیشت. داهۆڵی گوڵە بەڕۆژەکانی بێستانی بابە سۆفی کە لە فسکە فسکێ کاکە حەسەن و کاکە مەحموودی تووڕە دەبوو لە

دوورەوەڕا نارەحەت و بێ ئارام دیاربوو و پەی دەرپەی داوای لێدەکرد خێرا کا... وای ئێستا پیرەمێردە لە چ حالێکدایە! ئێستا ئەوە دانیشتووە و خێرا خێرا چەسپان لە سەبیلەی دەدا. لەولاتریشەوە ئەحە خەرامانی برای رەشەی تەنەکەی بۆ چوێلەکان دەکوتێ... بروسکەیەکی بەدڵیدا هات. باشە ئیدی ئەو سەردەمی ئاوابوو-تالان، دەستدرێژی، رێگری و ئەتکی ناموس- یانی هەمان دەستدرێژی و دووبارە هەر دەستدرێژی و تالان و بڕۆ و... دیارە بەبیر و باوەڕی ئەورۆکە ئەم جۆرە کارانە عەیبێکی وایان نییە. خۆ ئەگەر خەڵکەکە تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بانایە ئەم جۆرە شتانە نەدەبوون و روویان نەدەدا، خۆ ئەگەر بشبانایە و رووشیاندابایە ئەوە لە دادگایدا دیزە بە دەرخۆنە دەکرا و لێك هەڵدەبڕدرا. بەڵام بەم شێوەیە کۆمەڵگایەکەمان کۆمەڵگایەکی پیر دەبوو، کەچی ئێستا کە لاوین و تازە هەرەتمانە! لاوین، لاو ناتوانێ- کەسیش ئەوەی لێ چاوەڕێ ناکا- کێشە و ئاریشەکانی خۆی بە تێڕامانێوە حەڵکا، یا بەشێوەیەکی ماقووڵانە مەبەستەکانی بڵێ، جا چونکە ناتوانێ ناچار بۆ حەڵکردنی ئاریشە و تەنگوچەڵەمەکانی پەنا بۆ مست و پێلەقە و گوللە و تفەنگ و چەقۆ و خەنجەرێ دەبا. رابواردن و خۆشییەکانیشی هەر لاوانەیە، کەر سواری، دەبن کلکی کەرێ وەژاندن و... ئەمانەش دیارە وەك هەر کارێکی لاوانە خۆشی خۆی هەیە- بەهەرحاڵ دڵ خۆشکەرە...

لەسەر تاشە بەردەکەی پەنا پەرژینی دڕکە زییەکان دانیشت، دیاربوو زۆر ماندوو بوو، وەك کێوێکی هەڵکەندبێ. مێشکی دەگەڵ پڕیەشیدا بۆش و بەتاڵ بوو. وەك راکا دەنگی ترپەی دڵی خۆی لە گوێیەکانیدا دەگەڕا... تووڕە بوو؟

نا، ئەوە تووڕەبوون نەبوو، ئەگەر تووڕەبوون بایە دەتەقییەوە و چی لە دڵدابایە دەیگوت و کەسەرەکانی دەروونی هەموو هەڵدەڕشت، ئیدی ئەو هەموو بیرو تێڕامان و خۆخواردنەوە و چۆڵپەرستییەی نەدەویست. راستییەکەی خۆشییە تووڕە بوونێ ئەوەیە کە دەتەقێتەوە و کلکی بیرکردنەوێ هەڵدەکەنێ. ئەوە تێماوی بوو... داهۆڵەکە لە فسکە فسك و نەبزوتنێی لەجێی خۆی نارەحەت بوو...

دەو گرژی و تەزیویەیدا دەستی راستی بێ ئیختیارانە کەوتە سەر مەچەکی دەستە چەپێی سەر ئەو لێرانەی کە لە ئەڵقێکییەوە شۆڕببوونەوە. ئەمە ((ئاغا)) بە جەژنانە دابوویە. بە بابە سۆفی گوتبوو ئەوانەی لە دایکییەوە بۆ بەجێماون- تا هێشتا هەر دە یەغدانێدا بوون...

مێشکی- جلەوی پساندبوو- چووبۆوە سەرو سۆراغی گوندی- نەك چووبۆوە، دووبارە چۆوە. مێشکی هەمیشە هەر لە گوندی بوو، هەمیشە لەگەڵ گوندیدابوو. ئێستاش گوندەکە هەر چەند دوور و دوورتر و بچووکتر دەبۆوە، لە مێشکی ویدا جێیەکی زیاتری دەکردەوە و



گەورەتر دەبۆوە و دیارتر، وەك هەموو شتە رابووردوو و دوورەکان گوێی لە ژاوە ژاوی گوندی بوو لە مێشکیدا و هەمووی لە ئان و ساتێکیدا دەدیتن، لە هەموو جێیەکی بوو: کانیی ژنان، ماڵێ ئاغای، ماڵێ بابە سۆفی... خۆشی دەدیت، گۆزە بە شانەوە، لەسەرچاوەیڕا دەهاتەوە و کوڕە لاویش بوون تەزبیحیان بادەدان و بەسەرنجە خواستاوییە پڕستایشتاوییەکانیانەوە هەموو لەش و لاریان دەچنییەوە.

مێشکی وەك ئاسکێ بازرەقەی بەست...

وای کافر نەبینێ و موسڵمان نەبییە! ((دەردە رەشە)) پەیدابوو... گرانەتا هەر هەبوو، مەگەر خودا بۆ خۆی رەحمێ بکا! هیچ ماڵێکی بێ فرمێسك بەجێ نەهێشتبوو. زستان بوو، هەندێك دەیانگوت لە ئێراقێڕا هاتووە، هەندێکی دی دەیانگوت لە عەجەمستانێڕا هاتووە و هەمدیس ژمارەیەکی دی دەیانگوت لە هەنگی ((فەوج)) قۆزاغەکانەوە داکەوتووە. تازە بە تازە دەوڵەت هاتبۆوە- ژمارەیەکیش ((هەرچی و پەرچی)) یان لەگەڵدا هاتبوون: مەمەد عەجەم، عەلی عەجەم، کە لایی ((کەربەلایی)) حوسێن، ئەڵلاوردی-و لەم بابەتانە. گوایە ئەو دەرد و نەخۆشییە لە نەساغییە عەلی عەجەمیەوە بە شاری وەربووە و هەر لە شاریشەوە تەنیوەتییەوە لادێی- وەك ((مامەخانە)) دەیگوت. هەندێکانیش لەوانە وەك بابە سەیی بڕوای وابوو ئەوە هەر لە خواوەیە، ((ئافەریدەکان))ی خودای گوناهان دەکەن و هەژار و نەدارەکانیش سزاکەی دەچێژن و باجەکەی دەدەن. ((ئافەریدەکان)) دیار نەبوون- دەبایە بیسەر هەر بۆ خۆی بیزانیبایە. حەکیم (قشوون)) گوتبووی کارکاری ئەسپێیانە، جلەکانتان بکوڵێنن، ئیدی هەقتان نەبێ... هی هی! جلەکانتان بکوڵێنن! باوکی خوالێخۆشبوو! ((مووی سەرو لەشتان لە بنڕا بکەن...!)) ئیدی هەر ئەوە ماوە!- خودا ئەو رۆژەمان پێشاننەدا. هەندێکی دیش هەبوون کە دەیانگوت ((کوللو سەبەب))، ئەو پێکهاتەیە دیاربوو کە راستە، دەرد و دوو خودا دەیاننێرێ و لە خوداوەن. بەڵام چارەو شیفاش دەنێرێ. ئەمانە لە تیپی ((پیاوخاسان))ی گەڕەکێ بوون و بابە سەییش بەگوێرەی شوێن و جێ و رێی خۆی-و پیاو ماقووڵیەی- جاری وابوو لە پێشەوەی ئەو تیپە و جاری واشبوو لە پشتەوەی تیپێ بوو. مەرگ هەروا دروێنەی دەکرد، کەم ماڵ و خێزان هەبوون نووکی ئەو داسەیان نەگەیبێتێ یا وێنەکەوتبێ. هەروەك چۆن گەزۆ لە شینایییە دەدا ئاوای زۆربەی دێی گرتبۆوە، هەبوو هەموو خێزانەکەی هەبوو یەکێکیان، هەبوو دە تا سێ کەس لە ماڵێکی- تەنیا ماڵێ ئاغای نەبێ کە بە گەورەیی و قودرەتی خودای یەکیشیان لێ نەخۆش نەبوو تەنیا کوڕە گەورەکەی نەبێ کە ئەویش هیچی وانەبوو- ((هێندە پیسن، کە دەرد

و نەخۆشیشیان پێوە نانووسێ. دەبێ هەر بمێنن بۆ پەندی دنیایە، هەربکوژن و ببڕن! هەتا خوا دەڵێ بەس!)) و سەریان باداو سەرسامیان پێشاندا لە دەسکاری خودای.

بابە سۆفی و خەڵکی گوندی هەموو پاڕانەوە و نزایان کرد- چوونە کێڵگەکیەوە، بە پای پەتیەوە و بەو چلەی زستانەی دوعای بەڵایانیان خوێند... چوونە لای حاجی سەیید باهری و نوشتەیان کردن. بەڵام ئەو بێ دەرەتانە بۆ خۆشی تووش ببوو- دێیەکەشی هەموو گرتبوونەوە- هەر لەناو ماڵ و خێزانی خۆیدا دوو کوڕ و دوو بووکە جحێڵەکانی نەمابوون. بەڵام ئەوەیان هەر نەیسە، ئەگەر نوشتە و دوعایەکانی دەهانای ماڵەکەی خۆی نەیەن ئەدی چۆن لە فریای ئیدیکە دەکەون. ئەویش دەبایە هانای وەبەر لە خۆی بەرەوژوورتر بردبایەوە...

دووەمین مانگی زستانێ بوو، دایك و بابی حەوتوویێکیان کەوتە بەینێ هەردووکیان مردن... پوورە حەبیبەش مرد. بەڵام ئەو- شیرین- تەنانەت پەسیوێکی سووکەڵەشی نەگرت! هەرسێکی ناشتن، لەگەڵ تەرمی هەمووواندا چووە سەرقەبران. ئێستا ئیدی وەك جاران نەبوو زۆریان گوێ نەدەدایە ئەوەی کە هەردەبوو پیاو بچنە سەر قەبران و ئەوجا کە ئەوان هاتنەوە ئینجا ژن و ژاڵ چووبانە زیارەتێ مردووی... ئێستا هەموو لە هەموو پێکەوە دەچوون- هەموو خەڵکی گوندی و ئەویشیان رەگەڵ کەوت- کچۆڵەیەکی وەك شووی ((شووڵ)) باریك و لۆق درێژ...

سۆزەی بای دەموچاوی دەبڕین... بابە سەیی تەلقینی دەخوێند... سەرچاوەی فرمێسکێی وشکی کردبوو، هەوت ببوو، مێشکی بۆش و بەتاڵ بوو... چاوەکانی نوقاندن. کەوتە خەیاڵی دەموچاو و سەر و ڕووی دایك و باب و پوورە حەبیبەوە. هەوڵیدا روخسارەکانیان بێنێتەوە بەرچاوی، گوێی لە دەنگیان بێ، حەزی لە ئاواز و ئاهەنگی دەنگی ئەو سات و کاتانەیان بوو کە قسەیان پێ لەگەڵ کردبوو و پێکەوە دوابوون و پێیان بانگ کردبوو.

دایکی دانیشتبوو و پینە و پەڕۆی دەکرد، ئەویش درێژ ببوو و چاوی دەبن ساپیتەیەوە بڕیبوو و دەنێو خەیاڵانەوە گلابوو. ئاورێکی خۆشیش لە سۆبەیدا لرفەی بوو، لە خوار ژوورێوە گوێلپارێکی تازە بوو، لەنێو چوار دیوارە چوکەڵەکەیدا تلی دەدا: بە یەغدانێك و یەك دووتریانان ئەویان لە ژوورێ ناو ماڵێ جودا کردبۆوە. دەنگی حەپەی سەیان بە گوێیان خۆش بوو. بابە خەوی لێکەوتبوو، پوورە حەبیبە هەروا خڕوپفی بوو و لێوی دەجووڵان- وەك لە خەوێدا مێشان دەرکا: ئاخر هەموو دەمێ مێشی بە دەموچاوانەوە بوو- مێش هێندە زۆر بوو، ئیدی بۆ دەرکردنێیان سەر و دەستی نەدەجولاند. دەم و لێوی دادەخستن-و بە گوێرەی دوور و نزیکییە مێشەکان-یا لەسەرخۆ کەم و زۆر لچ و لێوی بادەدان و گوپی پڕ دەکرد لە هەوا و بەو



زمانی ئاماژەیە لە مێشەکانی دەگەیاند کە کاتی رۆینێیە. گوڵەستێرە بەسەر حەسارێدا تیژ دەڕۆیشتن- ئەوانەی نەدەدیتن بەڵام دەیزانی، قاو قیژ و قیڕە قیڕی بۆقانی گوێ لێبوو و بۆنی دۆ و دۆراغ و ماڵاتی دەکرد. ئەمانە هەموو ئارام بەخشبوون، ئاشنا بوون و لە خۆشەویستانی کۆن و دێرین بوون... بەو دەنگ و رەنگ و بۆیانەی خەولێدەکەوت... ئەمانەئێستا هەمووی رۆیبوون و تێپەڕیبوون...

گەورە بوو، بەڵام هێشتا بالّق نەببوو، باشتر! بالّق بێ و پێبگا چبکا؟-کە تێگەیی هیچ شتێك سادە نییە، ئەوجا ناچار دەبێ لەگەڵ هەموو شتە گرێ و گۆڵاویەکاندا دەستە و یەخەبێ، چونکە تازە ئیدی ئەویش وەك جاران سادە و ساکار نییە!؟ تا بێت هەر دانیشێ غەمان لەوەی بخوا کە لەگەڵی ساردە و ئەویدیکەی لەگەڵدا گەرم وگوڕە، یا ئەژنۆی غەمێ لە باوەش بگرێ چونکە مێردەکەی هێشتا نان و ئازووقەی زستانێی نەخستووە و کەندووی ماڵێ بەتاڵە؟ شینایی و بەروبووم ئافەت لێیداوە و ئەو ساڵ هیچیان بەدەستەوە نییە؟- هەزار دەردی بێ دەرمانی دیکە. ئەمانە زۆربەیان ناوەڕۆکی قسەو باسی سەر سپی و بابە و دایی بوون. ئەمانە هەمووی خەڵکی دیش دەیانگوتن و ئەو هەر تێینەدەگەیی و بەلای گوێیدا نەدەچوو، خۆشییە لاوەتی و هەرزەکارییە هەر ئەوەیە کە تێناگا، هەر بۆیەشە کە نێوچەوانی وا سافە، چاوەکانیشی هێندە پاکن-چونکە بوونەکەی هێشتا تێکەڵی ئاریشەکانی ژیان نەبووە. ئەو گاڵتەی بەم جۆرە شتانە دێ و پێیان پێدەکەنێ. ئەو پێکەنینانەش ئی لاساریە نین- نا، کە دایکی غەمبار بێ ئەویش غەمبار دەبێ، کاتێ بابی بێ سرەوتە و لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ، دەزانێ کە ماندووە و رەنج دەکێشێ و هەر بۆیەش شەوانە پێش نووستنێ کۆڵنجی بۆ دەشێلێ و دەچێ زۆر بە نەرم و نیانیەوە شان و مل و نێوشانەکانی و رەگ و دەمارەکانی لا مل و گەردەنی بۆ دەشێلێ و وایان نەرم دەکاتەوە هەر مەپرسە. بابەش بە دەم ئۆخەی ئۆخەیەوە و بە دەم شان و پیل بادانێوە-وەك ختووکەی (قدیلکە) درا بێتەوە- ماندووەتییەکەی دەشکێ و دەحەسێتەوە، ئەسپەکانی ماڵێ ئاغاش کاتی شاڵ و ڕنەك کردنێیان ئەو جووڵە و بزاوتانەیان دەکردن. (ئای بە دایکی کوڕان بی، دادە گوڵ! روو سپی دنیا و قیامەتان بی! ئۆخەی- لەشم سووك بوو، هەروەك پەڕەکای کە بە هەواوەیە...

هەروەك دایکی دەیگوت ((خۆی ناسیوە))، بەڵام بۆ خۆی دەیزانی کە لەگەڵ جارانی چ فەرقێك نەکردووە، نازانێ خۆناسین یانی بەرپرس بوون و ئەرك بە ملەوەگرتن، یانی حیسابی چاکە و خراپە راگرتن، گوێڕایەڵی و وەڵامدانەوە. هەرگیز ئەو وشانەی وەبەرگوێ نەکەوتبوون. دیتوویەتی کە دایکان-یا تەنانەت باب و کەسانی دیش- زۆرجاران پەنجەی شادەیان لەسەر لووتی

کوڕان دادەنێن و پاڵی پێوە دەنێن و دەڵێن: ((ئاه، بالق بووه!)) و دایك شەرمێونانە، دایکانە، زەردێکی دێتێ و خوشکانیش زەردە بە لێوانەوە، لچێکی هەڵدەقرچێنن... یانی ((ئەو فەرنەگولە!... ئەوەش بالّق بوو! هەی قوربانی قودرەتت بم خوایە)) و کەسیش نازانێ بۆ خۆشحاڵن. دایکە ئیدی پێیوایە کە ئیدی منداڵەکە لە غەم رەخساوە، بابیش لەوانەیە پێیوابێ کە ئێستا ئێسکی بەدەنێی رەق و پتەوتر بووون و رەنگە بتوانێ کۆلەباری زیاتر بکێشێ. بەڵام ئەو لەو دەمیەوە کە دێتەوە بیری دەزانێ کە کەم و زۆر لەکار و باراندا یارمەتی داکی هەرداوە.

دەنگی کوڕان هەر لە دوور ڕا هاوار دەکا کە بالّق بوون- دەنگەکە گڕ دەبن. گەرووش وردە وردە وەك تەختی نێوچەوانان لۆچی تێدەکەوێ و لە هەڵلای دەدا کە بەڵێ ئەو کەسە وردە وردە دەخۆ دەگا، یا دەبێ تێبگا کە ژیان پڕ پێچ و پەناو هەڵدێر و خەرەندە- ئەگەر تێشنەگا ژیان هەرتێیدەگەیەنێ- و دەبێ وردە وردە ئەویش خەتان بەسەر لاپەڕەکانی ژیاندا بێنێ و رەشیان کاتەوە. کوڕێك کە بالّق دەبێ وردە وردە دەتوانێ بەشێوەی گوێگرێکی ئازادانە لە کۆڕ و کۆمەڵی جحێلاندا هاوبەشییە بکات. ئێواران لەسەربانی مزگەوتێ لەگەڵ کوڕە جحێلان ڕاوەستێ و لە بگۆ و مگۆ و پێکەنینانیاندا هاوبەش بێ-و هەمیشە، بە پارێزەوە، ریشی لە شتان وەردا و دوایەش کیسە و سەبیلێکی بۆ خۆی پەیدا کا. کچۆڵەش هەروەتر- ئەویش گەرووی گڕیەکی تێدەکەوێ و ژێیەکانی دەنگی گۆڕانێکیان بەسەر دادێ. ئێستا خۆشی هەر بە ڕەمەکی- ڕەمەکییەکی وا کە ئیدی شێوەی جۆرە لاساییەکی لێ پەیدا دەبێ- دەزانێ کە ئەو دەنگە بە گوێی وەرگر خۆشە. دەزانێ کە ئەم ژێیە گۆڕاوانە ژێی جێیەکی دی دەهەژێنێ. هەر بۆیەیە کە بەردەوام ((حیلکە حیلك))یەتی، و حیلەیەکی وەڵامێی دەوێ. چاوەکانی بروسکە و گرشە گرشێکی تایبەتیان تێدایە- هێشتاش سادەیی و پاکی و بێگەردییە منداڵییەیان تێدایە، ئەمە سەرەڕای بلێسەی لاوەتییە کە هەریەکە و بۆخۆی جۆرە حاڵەتێکی دەداتە چاوانی: مەستی، سوورهەڵگەڕاوی، شەرمێون-و زۆر شتی دیکەش کە هەر باس ناکرێن. زۆرجێی بەدەنی هەڵیانداوە، هەڵس و کەوتیان نەرم و شل و لەبارتر بووە، کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی منداڵیەیاندا جودایە- هەروەها پاکی و بێگەردی چاوەکانیشیان. ئەویش-کچەش- ئێستا ئیدی غەریبە و غەوارەیەك نییە: لە کانییە ژنان، لە ماڵێ، لە کێوی، لەگەمە و گەنجەفەی ژنانەدا هاوبەشییە دەکات. لە بەرامبەر لە خۆی بچووکتر ئاوازی دەنگ و هەڵسوکەوتی رازناکتر بەخۆوە دەگرێ و لەگەڵیاندا نەرم و شل و لەسەرخۆتر دەجولێتەوە و لەگەڵ منداڵی وردیلە و ساوایەکانیشدا رەفتاری دایکانەیە. ئیدی ئەوە نەماوە هەر کە فیتووەکی بۆ بکێشن راکات و تێکەڵی منداڵە وردتکان ببێت و دەستکا بەهەڵماقۆیە ((پێنج بەردووکێ))، یا بووکانێ بکا. ئێستا ئەویش



دەبەنە نێو گەڕی ڕەشبەڵەکێ- لەگەڵ کچانی دیدا- بۆ ماڵێ ئاغای یا هەر بووکێکی دیکە لەگوندیدا و لەنێو گەڕی شاییەدا دەستێکی دێتە نێو دەستی، یا لە دەستێکی دەگەڕێ...

ئێستا ئەو زیاتر لەبەر سەماوەرێ دادەنیشێ-و کە دانیشتیش وەك جاران چۆنی حەز لێیە وا دانانیشێ: چوار مەشقی دادەنیشێ، کە چاش تێدەکا لایەکی سەرپۆشەکەی بەلایەکی ڕووی خۆیەوە دەگرێ و ئیدی بە پەلە پەل چای سارد هەڵ ناقوڕێنێ، تا زوو بگاتە گەمان. چای لەژێر پیاڵەی دەکا، بە هەر پێنج پەنجان ئەولاولای ژێر پیاڵەکەی دەگرێ، زۆر لەسەرخۆ فووی لێدەکا. کاتێ کە چای لەبەردەمی بابەی یا لە بەردەمی میوانان دادەنێ دەستێکی هەر بەلای لەچکەکەی یا سەر پۆشەکەیەوەیەتی...

وردە وردە دەبێ لە کل و کلدان و کلتور و ئاوێنەیەکی چووکەڵەی بەرباخەڵی بخەفتێ: ڕۆژان یەك دوو ساعەتان لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا بچێتە مازوو چنینێ- کۆکردنەوێ- و بە پارەکەشی شتە پێویستییەکانی خۆی پێ لە دێوەرەی بکڕێ، یا بەهۆی دایکییەوە پارەکەی بداتە بابەی تا لە شاری بۆی بێنێ. بەڵێ، دەبێ وردە وردە مووە ئالۆزەکان ڕێکخاتەوە و رایانبێنێ، کلێ دە چاوان کا، تەنانەت بە دزی دایکیشیەوە هەندێك شیر وەلانێ و دەموچاوی پێ بشوا... دایکی پێبزانێ ناڕەحەت دەبێ- شیر بەرەکەتی خودایە، نابێ بەرەکەتی خودای حەرام کرێ. بە قسەی بابە سەیی ئەوە کفری نیعمەتە، نەهامەتی بە دواوەیە.

بەڵام هێشتاش هەر سادەیە، هەموو شتێك بە سادەیی سەیر دەکات، غەمی نانی زستان و مەرگ و مردنی پاتاڵ و ژەنگ هێنانێ دانەوێڵە و بەروبوومانی نییە. بەوەی ناڕەحەتە کە لە وەختی خۆیدا باران نەباریوە و دێراو لەوەختی خۆیدا لێنە دراوە و زەوی نەکێڵراوە ئەو ناڕەحەتیەش زیاتر لەبەر دڵی دایە و بابەیە، کە ناڕەحەتن، دەنا تا دایە و بابە هەبن ئەو غەمێکی نییە. ئەوان بۆ خۆیان دەزانن چ دەکەن-ئەوان بۆ خۆیان بە هەر جۆرێکی بووە کارەکان بەڕێوە دەبەن...

وای، لەو ڕۆژەی کە خۆی ناسی! بە قسەی دایکی- دوور لە گیانی- لە ترسان لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە. دەیزانی هیچی لێ نەوەشاوەتەوە-هەرگیز لەبیری ئەو جۆرە شتانەدا نەبووە-و ئەو لەکوێ و ئەو جۆرە شتانە لەکوێ؟... پاتاڵی دیبوو- کەر و ئەسپ و مەڕ و بزنی دیبوون... هەموو ئەو شتانەی دەدیتن، حاجییە ورگەشی هەر دیبوو کە بەو چاوە قیچ و خێل و خوار و ئەو ورگە دەهۆڵ ئاساییەیەوە لەسەر لێوی خڕێ لەبن دار بەڕووێ بەجۆرێکی خۆ دە رنیەوە کە هەر وەك گڕی گرتبێ-و بێ شەرمانە لە ڕوویەوە رامابوو! ئەوانەی دەدیتن، تێیان نەدەگەیی. بیستبووی کە فلانە بووك شەوی پەردەی کچ نەبووە، یا فلان لە بانی بەربۆتەوە، یا

لەجێیەکیەوە بەربۆتەوە و کچێنییەکەی لەدەستداوە و قەباڵەیان بۆ دروستکردووە... و بۆتە قەباڵەدار-بەڵام بۆ خۆی هیچ کاتێ ئەو جۆرە کارانەی لێ نەوەشاوەتەوە. هەر کە دایکی پێیزانی رەنگی لە ڕووان بڕا. ئاخر ئەودەمی هەر دەستە جلێك هەبوو- کراسێك و ئاوەڵ کراسێك. هەر کە دیتی هیچ رانەوەستاو دوو چەمبۆڵەی توندی بەسەری دادا... و کەوتە لێپرسینەوەی: هەردوو پرچەکانی گرتن و هێنای بە قوژبنێکی ژوورەکەیەوە نووساند و بە دووچاوی دەرپەڕیوەوە دە چاوەکانی راما و بە هەڕەشەوە قامکی شادەی لێ ڕاوەشاند: ((بڵێ بزانم لەگەڵ کێ چوو بووی!))- ((بەخودا و بە پێغەمبەر لەگەڵ هیچ کەسێکی نەچووم!))- ئەدی ئەمە چییە؟)) و ئاوەڵ کراسەکەی وەبن لووتی دا. ((ئیدی- بڵێ)) دەنا قوزت داغ دەکەم!... بە بابت دەڵێم لە خەویدا بتخنکێنێ!...))- ((بەخودا و بە پێغەمبەر لەگەڵ هیچ کەس...)) و لە پڕمەی گریانێی دا. هەر ئەو کلیلی گریانێی بادا چرای زەردەخەنەی دایکەی پێبوو، هەر بەو ئاوازەی پێشدان- بە هەمان نەرمییەکەوە، بەڵام ساردو سڕو شێواو، گوتی: ((باشە، مەگری...)) و هەناسێکی هەڵکێشا. ئەو دەیزانی ئەوە خۆی ناسیووە و شان و قۆڵی بن کوڵ و باری ژیانی هێشتا خۆیان نەگرتووە و لاوازن... ئێستا تا هەواڵی رەشبەڵەکێکی دێت، ئەو لە پێستی خۆیدا ناحەوێتەوە. هێشتا مۆڵەت نەدراوە، کلی لە چاوان کێشاوە و لەبەر ئاوێنەی دەستێکی بەسەر و قژیدا هێناوە و حازر و ئامادەیە! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا- بە قسەی دایکی- هەر منداڵ بوو. بەو گوێرەی لە راستییەکانەوە نزیك بوو-و راستیش، هەست و نەست بوو نە لۆژیك و پەردەپۆشی و رێیەکی دوورودرێژ لەگەڵ سەردەمێکی نێوان بوو کە لە دووەمین سەردەمی منداڵییەدا دووبارە لە راستیەکان نزیك بێتەوە، یا بە رێکەوت شێت ببێ دە راستییەکاندا ون ببێ. منداڵ بوو، بەڵام تۆزێکی ((تێگەیشتن)) پەیدا کردبوو، بای هێندەی کە لەنێو خەڵکیدا ئاگای لەخۆ بێت و وریا بێ.

جوانی و پێگەیشتن وەك لە رەچەڵەکێکی بن، دەڵێن پێگەیشتن گوڵێکی زۆر ناسکە و لەبن تاشە بەردێکیدا رووابێ. کاتێکی لە جێیەکیەوە سەر دەردێنێ و خۆی پێشاندەدا. جوانیش هەر وایە، جگە لەوەی کە هەڵدان و خۆ دەرخستن و جیلوەی زیاترە-زۆر زوو خۆی دەردەخا: لە هەزار درز و کەلێن و کەلەبەرەوە خۆ پێشاندەدا، لە رێزەی ددانانەوە، لە گەرموگوڕی لێوانەوە، لەبەر جەستەیی یا خڕوپڕیە ڕوومەت و سەرکوڵمەکانەوە... ئاە، جوانیش هەروەك پێگەیشتنێ سەدەها رووی هەیە، و سەدان زمان-هەریەکەو لەگەڵ یەکێکی و هەر بیسەرێك لەگەڵ بیسەرێك. ئیدی کەس سڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناکا- تازە بتەوێ و نەتەوێ، نارەحەت نیت. وەك شیعرێکی جوان کە مەقام و رێ و شوێن و جێی جۆراوجۆری هەیە، هەر یەکەش بە جۆرێك



رازی دەکا. ئیدی ئەوە نییە تۆ بچی سەدان کتێبت خوێندبێتەوە تا پەی بە تایبەتمەندییەکانی هەڵکەوتنی فلان یا فیسار ببەی و رەگی ملت دەرپەڕێنی بەجۆرێك بتوانی هەڵکەوتنی خۆتی لە جێ دانێی و ببیە ئەو هەڵکەوتە، ژنی جوان، تابلۆی جوان، دیمەنی جوان و هەزاران شتی دیکەی جوان، هەریەکەیان بە زمانێك و شێوەیەك تۆ بەرەو لای گەشەی سروشتی خاوەن شتێك لەوانە رادەکێشن. پێگەیشتن جوانییە شتێکیە پەیوەند بە خودی خۆیەوە، پێویستی بە بانگەشە نییە. ئیدی تێگیراوییە رۆمان نووسانی نییە کە پێیان وایە شارێکیان پێشکەش کردووە و ئیدی ئەوە هەر هەڤپەیڤین و دیدارە دەکرێ و بانگهێشتن و میوانداریە ساز دەکرێ و ئیدی هەزار و یەك بانگەشە و روونکردنەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێ هەر بۆ دەرخستن و پێشاندان و جوان کردنێی کە بەڵێ شاکارەکە شاکارە، کە ئەوە هەر بۆخۆی لە سەرەتاوە جوانی خۆی لە دەستداوە و پێویستی بەو گەمانە نییە.

ئێستا لەگەڵ رەشە خەرامانی دڵدادە و دڵ ئەستێنن... و دڵدادان چەند جوانن لەڕاستیدا جوانییە لادێی هەر ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستی بە دەوڵەمەندییە نییە تا بتوانێ ژنێکی چاکی دەستکەوێ- هەروا ئاهێکی هەبێ بەسیەتی، جا با کچی هەر کەسێکی بێ. ئاوایی هەموو جێیەکی هەروایە... ژنی جوان چین و توێژان ناناسێ، سەرو سامانی ناناسێ هەر بۆخۆی دەوڵەمەندە- ساماناکەشی هەر ئەو جوانیەیەتی، کە ئەوەش سامانێکی کەم نییە، بەڵام وەك هەر سامانێکی دی چاودێری و بەکارهێنانی گەرەکە. جوان بە خانم و خاتوون بە-یانی ئەگەر کەمێ تێبگەیی و حیساب گەربی، دەنا جوانیش وەك پێگەیشتنێ دەبێتە دەستخۆشانە...و لە دەست دەچێ.

جوان بوو، بە بۆچوونی هەمووان چاو ڕەش و گەورە، مژۆڵ درێژ، برۆ کەوانی و نیوە شکاوە... و شەیتانی، لووت قەڵەمی و لچ و لێو خڕو پڕ و دەموچاو بە قسەی دایکم- بە قەدەر تاك قڕانییەك- تاك قرانیەك تازە لە کوورەی هاتبێتە دەرێ-بریقەدار و بەخۆوە لۆق درێژ... وەك هەندێك لەو کچە رەش پێستانەی کە دەڵێی پەیکەرن. ئەو جۆرە جوانییەش ئەودەمی زۆر لەباو نەبوو، ئەودەمی قسەی سەر زمان و بن زمانی ژنان ئەوەبوو کە یەك دەستە گۆشت سەد چاو و برۆی جوان دێنێ. دیاربوو ئەوانیش هەر قسەی دڵی پیاوانیان دەکردەوە. ئێستاش گوایە هەر وایە، دەڵێن لەلای ئێمە ژنان ((کۆرتۆن))ی دەخۆن تا پان و پۆڕ و فش و فۆڵ و خرپن بن، تا مێردەکانیان رازی بن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە قسەی دایکم ((دڵ پەسەند)) بن و ((ڕووخۆش))- کە ئەمەش هەر بۆ خۆی لایەکی دیکەی رووی جوانیەیە کە لە ناوچەی مەدا باوی نەبوو.

ئەو سەردەمی- زووتریش- بەو چاوە ڕەش و وریا و زیتەڵانەوە و بەو دەموچاوە بچکۆڵە و نوقڵانەوە بەو گیسکە شەیتانۆکە بزێوانە دەچوو کە هێشتا شاخیان دەرنەکردووە، بەردەوام جوتکان لێدەدەن و هەڵبەز و دابەزیانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خانمە کچ بوو- زۆر پاك و خاوێن. ئاخر خۆ پاك راگرتن لە هەژاری و نەدارییەدا زۆر ئەستەم و دژوارە، هەرچەندە خەڵکیش مەتەڵەك و تانە و تەشەرانیش باوێن. بەڵام ئەو هەر پاك و خاوێن و تەمیز بوو- بۆخۆی، جل و بەرگی- بە قسەی دایکم هەمیشە یەك چەپکە گوڵ. هێندە متوحی ئاوێ بوو دایکەکەی لێ هەستیار ببوو: ((باشە، هەر راست ببە بە مراوی و خۆ باوێ دە ئاوێوە! بە قوربانی خوای بم! ئەوە چت لێقەوماوە، خۆ نیو سەعات نابێ دەست و دەموچاوت شوشتوون! بۆتە حەنبەلی!)).

ئێستا جوان بوو، ئێستا ئیدی ئاسکێك بوو بۆخۆی، بزنە کێویەك بوو- ((ماشەڵڵا، چ بەژنێك چ باڵایەك، چ لێوێك چ دەمێك چ چاوێك چ ئەبرۆیەك چ لامل و چ گەردەنێك! چ پێستێك... مێوژە رەشکەی بخوا دە ئەوکێڕا دیارە!)) ئەوانە هەمووی دایکم دەیگوتن و قسەی وی بوون. من پێموایە ئەودەمی منداڵ بووبم، دەنا گیانیشیم لەبن پێستەکەیەوە دەدیت- دەمدیت کە زۆر سادە و ساکارە، بە قەدرابییە یەك تاك قڕانی تازە و دڵنیاشم ئەگەر- ئەودەمی- گوتباتایە گیانت بێنە هەڵماقۆ ((پێنج بەردووکێ))ی پێ بکەین، وەك بووکۆکەکەی دەستوبرد دەیهێنا و بەدەم پێکەنینێوە دەیدایە دەستت. کیژۆکاڵ کە هەڵماقۆیە دەکەن، وان- گیانیان بە قەدرابییە بووکۆکەکانە، کە ئەوانیش بە رێکەوت هێندەی تا قڕانیەکیە و پەڕۆکیان پێداداوە، بە خەڵووزێیان دەموچاو بۆ دروستکردوون. هەتا بزانی کە کچن- خۆ دەنا گیانی خودی ئەوانە- سادە، بێ چاو و برۆ. ئەو زەردەخەنەی کە ئەو دەیهێنایە سەر لێوان، لەگەڵ ئەو لێوە ناسکانەدا و ئەو لەرەو لەرزەی کە بەو لێوانەوە دەهاتن و دەچوون، ئەو چاوانەی کە شەرم دایدەگرتن... ئەوانە هەموو باسیان لە هەمان ئەو گیانە سادە منداڵانەییەوە دەکرد کە هێشتاش هەر هەڵماقۆ و پێنج بەردۆکێی دەکرد، هێشتاش بێ درێغ ئامادەی خۆبەختکردنێ بوو، گیان سادەبوو، وەك سادەیی خۆی. وەبیرم دێ منداڵبووم، هەر کە دەیگەیمێ بێ ئیختیار کلیلی پێکەنینێم لێدەدا و هەستی خۆشییەم دەکرد، هەروەك بزنێکی بە چلەی گەرمای هاوینێ بگاتە پەڵە گیایەکی شین و تەڕ و تۆڵ. هەر کە ئەوم دەدیت چاوەکانم نائارام دەبوون و رانەدەوەستان-هەر لە دوورەوە دەکەوتنە پتە پتێ. ئەم تایبەتمەندیەتە دەبوو لە پێگەیشتنێشدا هەبێ، تا مرۆڤ بۆ خۆبینینێ کە چرای دەروونی هەروا لەخۆوە سەربەخۆ هەڵدەبێت و دادەگیرسێ، یانی ئەگەر بینەر گەشە یا پێگەیشتن ناسبێ ئەوە دەزانێ.



رادەوەستام و وەك فڕوجێکی تێوەی رادەمام و سەیرم دەکرد- بەڵام بە پێچەوانەی فڕووجەکەوە بە زاری بەشەوە. پێموایە دێتەوە بیرم لاسایی فروجەکەم دەکردەوە و خۆم داویشتە سەر پەنجە پێیان و خۆم هەڵدینا و ملم درێژ دەکرد وەك چۆن مارێکی کە لە پڕ لەبەردەم ئادەمیزادێکی پەیدا بێ. حوزووری هەموو مێشکمی دادەگرت-ئەوە ئەو شتانە ئێستا دەڵێم، ئێستا فێر بووم. ئەو دەمیم نەدەزانین. جوانی راستییەکەی ئاوایە- هەر کە لەبەرچاوان دەرکەوت ئادەمیزادی هەوت دەکا... مێشکی ئادەمیزادی دادەگرێ پڕ دەبێ لە خۆشی، لە ئاسوودەیی، لە شادیی و لێوان لێو لە ڕەهایی و سەربەستی... ئەویش جۆرێك بوو وەك هەمیشە شایی لە دڵیدا بێ هەمیشە و بەردەوام شتی خۆشی بۆ بگێڕێتەوە و وادە و سۆز و بەڵێنی تەلاری خۆش، پەردەی سوور و باغی گوڵانی داتێ: هەر ئەو بڵێ و ئەویش بتریقێتەوە. وەك ئەویش لە شتێکی زۆر جوان رامابێ. وەك ئەو مارە لە بەردەمی وی پەیدا بووبێ، مێشکی بە حوزووری وی پڕ بووبێ حەزی دەکرد پێبکەنێ، بەڵام چونکە گەورە ببوو لەلای ئێمە و لەبەردەمی مە پێنەدەکەنی، یا پڕ بەدڵ پێنەدەکەنی.

دەبایە بەدوای کچە بێریاندا کە دەچوونە بەردەبێرێ و یا دەهاتنەوە، چووبای یا وەدوای ئەوانەی دەچوونە مازوو چنینێ کەوتبای تا گوێت لە تریقە تریق و حیلکە حیلکێ پێکەنینانیان بایە، کە وەك زەنگوڵەی کارە بزنی بێ سرەوت تاوێك دانەدەمرکا. ئێستا کە هەردوو لێوەکانی لێك ترازاون و بەسەرهاتەکە شیرین بوو و ئەو چاوەڕێی سەرەنجامەکەی بوو و تۆش چاوەڕێی ئەوەی لە پڕ لە پڕمەی پێکەنینێدا و دەست بە دڵیەوە بنێ و دوولاو راست بێتەوە، پێنەدەکەنی. دەتگوت، ئەوە هەر ئێستا یەك دوو هەنگاو دوورکەوێتەوە لە فلقەی پێکەنینێ دەداو دەست بە دەمیەوە دەگرێ و سەری بەیەخەی خۆیدا بەردەداتەوە تا وردە پێکەنینەکانی حەرام نەبن-ئاخر ئەو وردە پێکەنینانە بەرەکەتی خودان، دەبێ بدرێنە نیازمەندان. بەڵام کوا ئەوەندانە بەشی ئەو هەموو نیازمەندانە دەکات؟ هەروا چاترە لە یەخەیدا وەمێنن، تا بەڵکە ئێ بای یەك دوو نەفەران بن و وەك گۆشتی سەرەی لەپڕ بڵێن ئەها تەواو بوو و ریزە درێژەکەی خوازیاران گرژ و ناڕەحەت، بە بۆڵە بۆڵەوە، لەبەریەك هەڵوەشێ...

نا، پێنەدەکەنی، گوێی بۆ سەربوردە و قسەی خۆشی گۆیندەی شل دەکرد و جاروبارەش بە شەیتانییەکەوە بە نازەوە، لابرۆیەکی هەڵدەتەکاند-یانی کە ((وای لەو قسانە!)) و من بەزاری بە شەوە رادەوەستام، تا ئەو سەوەی سەرگینی، لەسەرانگوێلکێ هەڵرێژێ، یا گۆزەکەی سەرشانی بۆ حەسانەوێ تاوێك دانێ و هەناسێکی بە سووکی و نەرمی و ناسکی گیانیەوە هەڵکێشێ.

کاتێ کە بەگۆزە ئاوی سەر شانیەوە لە کانییەڕا دەهاتەوە بەزۆری شان و بەرۆکی شەلاڵی ئاوێ بوو. دەتگوت ئەودەمەی کە لەگەڵ هاودەمی دەروونیدا سەربوردە و بەسەرهاتی تاوتوێ دەکرد، گوێگرەکەی لە قەراغ حەوزی هەمان باغەوە کە جێ ژوانیانە شەڕە ئاویان کردووە، کە ئاوا بەو جۆرە شان و پیل و بەرۆکی تەڕبوون و ئەو لێوە خەندەیەش هەر پاشماوەی بادەوەری ئەو جوولە و بزاوت و هەمان ئەو وادە و بەڵێن و سۆز و پەیمانەیە. لەو جۆرە دەمانەدا وەك لە ناخدا، نا بە دڵ، گەیبێتە بڕیارێك، دوای چەند ساتێك ئاهێكی بچكۆلانە، بە بچووكی ئاهی كچۆڵەیەكی چوار ساڵانەی هەڵدەكێشا، گۆزەكەی تاودەدایەوە، دەچۆوە و من یا ئیدیكانێ بەسەرنجامان بەرێ دەكردەوە- هەرواش بە پێكەنین و قاقا و زەردەخەنەوە یەكسەر، سەرمان لە دوو دەنا و بەدوای دەكەوتین، تا لە سیلەی دیواری باینەدابایەوە و نەچووبایەوە ژووری هەروا بە دەم پێكەنین و زەردەخەنە و چاوبازییەوە، لەسەر پێیەك بە دوایەوە بووین...

هەموو دەیانزانی- تەنانەت ئێمەی منداڵانیش- كە دڵدارن و هەمووانیش دڵداران دەناسن، هەمووش خۆشیان دەویستن- تەنیا خوازیارانی دڵدار نەبێ. دڵداران چەند پاك و بێ گوناهن، چەند جوانە دڵ دارەگی: چاو بەردانەوە، لاونیو روانین و چواردەور بە تاقیكردنەوە و دوایە رووبەڕوو سەیركردن و... بەدوای دڵداگەڕان و دڵدیتنێ بە تەنیشت خۆتەوە و سوور هەڵگەڕان و سەربەردانەوە، لە حاڵێكدا كە هەموو هەوڵدەدەن ئەو دوو دڵە ئەگەر بۆ ساتەوەختێكیش بووە پێكەوە بن و بەیەكتر بگەن، تەنیا ماڵێ دڵداری نەبێ، كە بە چوار چاوانەوە دەڕوانێ، لە ترسێ وەی نەكا دولبەر دڵ بە خەتا چووبێ و هەڵخەڵەتابێ و دڵدار نەزانێ چۆن رەفتار لەگەڵ ئەو دڵەیدا بكات و ناشایستەی بێ ئاخر لەو تەمەنانەدا دڵ سادەیە، زوو بە قسان باوەڕ دەكا، یا ماددەی تەقینەوەیە و بەرپرسایەتییە و ئاگا لێبوونی زۆر خەتەر بێ. بەهەرحاڵ، سەودای دڵە و چەند و چوونی نییە و بێ وەڵام و پرسیارە و باشە، ئەو كارە كارێكی سادەنییە...

دەڵێن بوونی منداڵ و پاكی و بێ گەردییەكانیان سەختی ژیانی پێشینانیان سووك دەكا، دەڵێن منداڵان هەست و نەستی گەورەتران ناسك و نەرم و شلكتر دەكەنەوە. هەموو دایك و باوكێك، زۆر و كەم ئەوە بە تاقیكردنەوەوە دەزانن، چونكە زۆر جاران بۆخۆیان هاوبەشییە گەمە و شەیتانییە منداڵەكانی خۆیانیان كردووە و بوونەتەوە منداڵ. دایك هەمیشە هەر منداڵە، هەمیشە لەگەڵ منداڵاندایە، تەنانەت بە گەورەبوونی منداڵی نارەحەتە و بەوەش زیاتر كە دەبینێ قسەی گەوران دەكاتەوە! قسەی خودی خۆشی دەگەڵە ویدا هەر منداڵانەیە. ئەوە باوكەشە كە بە حوزووری منداڵەی دەبێ لە قەپێلكی خۆی بێتە دەرێ و گەمانی لەگەڵدا بكات و ببتەوە منداڵ-لە قەپێلكێش دێتەوە دەرێ و هاوبەشییە گەمانیشی دەكا—و بە ڕەفتار و



گوفتارەكانی خۆی و ئیدیكە، كە بەسەر زمان و بیر و گیانی ناسكیدا دێن، واپێدەكەنێ دارەڕای بن میچەكە دەلەرزێنێتەوە... ئای ئەو هەڵسوكەوت و بزاوتانە چەند جوانن، ئێستاش كە سادەبوونەتەوە! بۆیە جوانن كە سادەن، هەروەك، جوێبار، كێو، وەك هەمان تاقەدار بە رووێك كە هیچ كاتێ دڵی كەس نایەشێنن و كەس ئازار نادەن...

بوونێ ئەویندارێش راست وەك ئەوانەوایە، لەو دەمانەدا پاكییە كیژوكاڵان بەو چاو و رخسارانەوە لەگەڵ ئاوازی قسەی بەساڵداچوواندا دیدار تازە دەكەنەوە بە ساڵداچووان بە سۆز و بەزەییەوە تەماشای وان دەكەن، هەروەك ئەو كارژۆڵەی كە تازە لە زگی دایكی هاتۆتە دەرێ و بە لەرزە لەرزەوە هەوڵی هەستانێیەتی. هەر هێندەی ماوە دەست درێژكەن و لەسەرەخۆ نەرمەی دەستی وەبن زگی دەن و راستیكەنەوە، یا قەپۆزیان بەرنە پێشێ و وەك دایكەكە بۆنی پێوەكەن و بیلێسنەوە. ماشەڵڵا لە قودرەتی خودای، تا دوێنێ منداڵێكی ئاوابوو... ئێستاش ماشەڵڵا سەد ماشەڵڵا!

ئەمانە بە سۆز و بەزەییەوە لە تەك یەكەوە چاودێری دەكەن و ئاگایان لێدەبن دەیانەوێ لە پێكگەیاندنی دوو دڵاندا پشكێكیان بەركەوێ، پاداشتی هەیە خێرە. ((دڵە گڵ نییە)) و ئەو دووانە، كە لە نەبووندا هەر پێكەوەن، كە دەگەنەوەیەك، یەكتری ون دەكەنەوە. من بۆخۆم دیومە، هەموو هەروان ئەوانەی لای مە ئەگەر ببینن دوو ئەویندار یا ژن و پیاوێك-یا جحێڵەكان- چاوێكی لێك دادەگرن، ئیدی ئەوە رەنگیان پێ نامێنێ، پەڕەی لووتیان هەڵداوێ و هەناسەیان سوار دەبێ و سەرنجەكانیان دەمۆڵەق دەوەستن، دوور لە گیانیان دەڵێی ((دەردە باریكە))یان پێوە نووساوە. ((باشە، دەی..!)) ئەمە ئەو كاتەیە كە دادەشیرین بە وێستگەی ناوەندی رێیە- بەردەمی ماڵێ پوورە نازێ- گەیشتووە، زۆر نەرم و شل، كچانە و بەشەرم و شكۆوە، لەبن لێوانەوەی سەلام كردووە: ((سەلامەلێ)) و گۆزەكەی داناوە و لەسەرخۆ دەستێكی بۆ هەنیای بردووە و مووە پەرتەكانی لەسەر هەنیای لاداوە و هەر بەو بزاوتەوە، هەموو لایەكی بە چاوگێڕانێ لێكداوە، هیچ گوێی نەداوەتە كاكە رەشە و خەتێكی راست و چەپی پێدا هێناوە، لەو خەت پێداهێنانەیدا مەرەكەبەكە رژاوە و ئەویش بە سەراسیمەییەوە، دەستە مەرەكەباوییەكەی بۆ روومەتەكانی بردووە و روومەتەكانی مەرەكەباوی كردووە! گۆزەكەی لە بەرپێی داناوە و خۆشی لە پەنا ژنێكیەوە ناوە و دەو بێنە و بەرەو بگرەو بەردەیدا، كوڕیژگە یا كیژۆكەك لەولاڕا بە هانكە هانكەوە هاتووە و دەمی بە لێوی گۆزەكەوە ناوە و هەروا بە هانكە هانكەوە چەند قومە ئاوێكی خواردۆتەوە و رۆیشتووە...

گفتوگۆ پەڕی هاویشتبوو، رەشە یەکجار زۆر بێ ئارامانە تەزبێحی بادەدا، جاری وایە پرچ سپییەکی وەك پوورە نازێ بە سوود وەرگرتن لە پرچە سپییەکەی،بە زەردەخەنەی دایکانەوە، زەمینەیەکی دەرەخسێنێ- ئاخر لەو تەمەنەیدا هەر کوڕە لاوێك، هەر کچە جحێڵەیەك کچی مرۆڤێکە... بەستەزمانانە دڵیان بە قەدەر دڵی یەك چوێلەکۆڵەی لێ هاتۆتەوە... گوناهن... بە قوربانی دڵتان بم، خوایە!... هەموو هەروان، تەنانەت رۆمان خوێنەوەیەك، کە دڵی بۆتەوە دڵی چوێلەکۆکەکی، لە ترسێ ئەوەیە نەکا شتێك رووبدات و نێوان بخاتە نێو ئەویندارانەوە و لێکیان کا... و لێرەش، ئێمە و مانانێك کە شارەزا بووین هەر بە دەموچاوڕا ئەویندارانمان دەناسینەوە، بێگومان شوێنی خۆمان هەبوو و جێمان دیار بوو...

((باشە، دەی ئیشاڵڵا کەی پلاوی بووکێنییە دەخۆین؟))

بووکە مەزەندەی بێ دەسەلات و دەستەوەستان، رەنگی پێ نامێنێ، رەنگێکی دێنێ و یەکێ دەبا، لە ترسی وەی نەکا نەبێت و سەر نەگرێ-ئەگەر نەبوو خاکی کوێ بەسەری خۆی داکا، ئەوە هاتە خوازبێنییە و بابە نەیدا، یا ئەوە بابە دای و حاجی مەجید بەو هەموو ماڵ و سامانە و پاتاڵەیەوە نەهاتە ڕەدایە، ئەودەمی چ قوڕێ بەسەری خۆیدا کا!؟

دەستەکانی وێڵن، یەخەو گۆشەی سەرپۆشیان بەسەرکردوونەوە، دەچێ گۆزەکەی تاوداتێ- ئێستا ئەوە ماڵات بەرەو ئاوایی دەبێتەوە- دەبێ بچێ هەوڕەکانی بشوا، بۆ مەڕ دۆشینێ... حەبیبە چاوی دێشێ دەبێ بچێ جۆللانەی بۆهەڵخا... ئەوە جۆللانەی دڵی خۆشی هەر دەهاتوچۆیە دایە. رۆژێکیان هیچ ئاگایەکی لە دەوروبەر نەمابوو، ئێستا دەزانم کە لە دووی گراوییەکەی بوو-کە لە پێشی بوو- و لەبن لێوانەوە گۆرانی دەگوت:

((هەر کەسێ بکا مەنعی دڵداری  پەڕو پۆ دەرکا هەروەك پاساری)).

رۆژێکی لە کانییە ڕا دەهاتەوە، من هەروەك جاران بێ ئامانج دەگەڕام- هێشتا رەعنا خانم نەدیتبوو. تووشی کاکە ڕەشەی بووم، کە ئەویش- دادە شیرین- لە پشت ماڵێ بابە سەییەوە پەیدابوو. کاکە رەشە کە جاران هەر گوێشی نەدەدامێ و- ئەگەر سەلامیشم لێکردبا- هەر بە سەری لووتی وەڵامی دەدامەوە، ئەمجارەیان بەڕوویەکی زۆر خۆش و گەش و بەشەوە، بەرەو لامەوە هات و چاك و چۆنیەکی گەرمی لەگەڵدا کردم و لە قسانی گرتم... ئاه، تازە دەزانم... دادە شیرین دەهات! کاکە ڕەشە دیار بوو خولێکی بە دەوری ماڵی بابە سەییدا دابوو و بە قەراغ دەرماڵێدا قەڵاشتبوویەوە و لەسەر رێی وی سەری دەرێنابۆوە.

((حەسەن، نەتزانی ئەو گوێلکەی بابە بردبوویە شاری بە چەندی داوە؟))



ئێستا دادە شیرین گەیبووە گوێ لە دەنگ بوونێ و رایەڵی قسەکانی رەشەخەرامانی ئاڵۆز ببوو. زۆر چاکم ئاگا لە قسەکانی نەبوو. کاتێ کە دادەشیرین گەییە بەرامبەری مە، لە بنەوەڕا چاوێکی بە دزییەوەی لێکردین، ئاو لە زالکی گۆزەکەیڕا قولپێکیدا و کاکە رەشە بە دەنگێکی بەرز بەرزەوە گوتی: ((حەسەن، چۆنە ئەوڕۆ عەسرێ بچینە مازووان و هەندێکان بێنین... هەروا لە تەنیش کانیی گاڕانێوە؟)) گوتم دایکم نایەڵێ، دەبێ بچمە بەر مانگایان... لە دەشتێ، لای بابە.

دادە شیرین پێی لێ هەڵێنا و تا ئێمە بە خۆمان زانییەوە ئەو بە تەواوەتی دوورکەوتەوە. کاکە ڕەشە گوتی ((کە هەر دەبێ بچیە دەشتێ لای بابە-زۆر چاکە، بڕۆ-)) و رۆیی ((ئای، رۆڵە، بە توند ژەنینێ مەشکەی کەرەی زۆر نابێ- مەشکە دەبێ لەسەرخۆ بژێ...)) ئەوە قسەی دایکمە. ((خوا بکا کارەکەیان ریسوایی پێوە نەبێ!)) ئەمانەی بە ((لاو لاو)) و ((نەرمێ)) دەگوتن، ئەوە ئێستا دەزانم کە بووکێ لەگەڵە تۆمە، خەسوو گوێت لێبێ. ((لەو ساڵ و تەمەنەیدا کەس چاوەڕێی کچێکی نییە ئەژنۆی غەمێ دە ئامێزگرێ و بێ دەنگ و بەنگ دانیشێ. پیاوان حەز لەو جۆرە ژنانە ناکەن. بەڵام کچیش نابێ ئیدی پەڕۆی لەبەر دەرێنی و بێ جڵەو و سەرکێش بێ ... و هەموو دەمێ هەر حیلکەی بێ! کوڕەی تاین پێی وایە خۆر لەودا هەڵدێت و ئاوا دەبێ... و تازە ((خانم)) دەیەوێ عەسرێ بچێتە مازوو چنینێ- ئمم!... ئیدی نازانن کە نە لە وڵاتی مە- و نە لە هیچ شوێنێك- چێشتی بە حەزی من و تۆ لێنانێن!... ئەو کوڕەش- لەولاوە-وە دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە- بێ سەر و شوێنی هەر دەکەن...)) ئەمە ئاماژە بە کاکە سەعیدی کوڕەکەی کوێخا رەحیمی بوو.

من تازەم دەزانی کە مازوو چنین وەك باوە بەیانیان دەچنێتەوە و دایکم دەیهەوێ بە ئاماژە بیدرکێنێ کە ئەوە بە بیانووی مازووانەوە بڕیاری جێ ژوانێ و یەکتر دیتنێیان داوە!

((بەڵام مام خواکەرەم عەسرێ ورچ گرتبووی))

((رۆڵە عەسرێ کاران تەواو دەکەن و لێدەبنەوە... کەس عەسران ناچتە مازووان، چونکە عەسران مازوو لە جەنگەڵێدا بە دارێوە نابیندرێ..!))

راستیدەکرد، مامە خواکەرەمیش هەر وای دەگوت-دەیگوت کارەکەم تەواو کردبوو، نوێژی عەسرێم کردبوو، کە ورچە پەیدا بوو.

لەسەر لێواری کانییە ((گوێزە گەڵوازە))ی نوێژی عەسرێی کردبوو، سەلامی نوێژێی دابۆوە، کە دەنگی ((کڕەکڕ))ێکی دێتە بەرگوێی-ورچە بوو کە تێری گوێز خواردبوو و خەریك بوو لە درەختێ دەهاتەوە خوارێ، کڕەکڕەکە دەنگی چنگوڕکەکانی ویبوون. گوتی: ((هاتە خوارێ و

هەر کە گەییەوە عەردی من قیت راوەستام و ((چەڵاوگ))م دەستدایە- نەمزانی بۆ دەستم بۆ چەڵاوگێ برد. خۆ ئەگەر دەستم بۆ چەڵاوگێ نەبردبایە رەنگ بوو کاری بەسەر منەوە نەبایە و خۆی تێنەگەیاندبام. هەر چەڵاوگەم دەستدایە زۆر بە ئارامییەکەوە هات و لەبەردەمم راوەستا و دەستی بە نرکە نرکێ کرد-نێرە ورچێك بوو گێزەکەی ملی ئەهێندە ئەستوور بوو! بازووی خۆی والێك کردەوە کەتە پیاوێکی تێوە بچێ. گوتم: ((حیزە، نەیە پێشێ و بە هەڕەشەوە کەوتمە چەڵاوگ هەڵسووڕاندنێ لە هەوایدا، دەستمکرد بە نارەتە لێدانێ و سەردولکە گوتنێ. ورچە هەمدیس نرکە نرکێکی لێوەهاتەوە... بەڵام هەڵەیەکی کە کردم ئەوەبوو کە هەروا لەخۆوە چەڵاوگەکەم بەرزکردەوە و نەمزانی چۆنم وا توند لە تەختی نێوچەوانێیدا... ئەوە رۆژی رەش کردم!)) ورچە لە عەردێی دابوو و خستبووی، وای چنگوڕك لە زگی دابوو هەر پێنج چنگوڕکی لە کولەجە کوردیە بەناوەکەیڕا رۆیبوو و چووبووە دەزگی لەسەر سینگی دانیشتبوو، ویستبووی پشتیشی بشکێنێ. دەیگوت: ((دەیویست سێبەندەم بشکێنێ، بەڵام من هەموو هێز و توانای خۆم کۆکردەوە و خۆم ((قیت)) راگرت و هاوارم وەبەر پێغەمبەر و چاك و پیرانەوەبرد. دوای ماوەیەکی خۆم مرداند... گازی لەبن هەنگڵێش دابوون، خوێنێکی زۆرم لەبەر رۆیبوو. خۆم کردە مردوو بە تیلەچاوێکی دیتم بە وردی سەیرم دەکا، دەموچاو و لووتی بۆن کردم-هەناسەم نەدەدا... لە دڵی خۆمدا هاوار و هیمەتم لە چاك و پیران بەستەوە... ماوەیەك هەروا سەروڕووی بۆن کردم و... رۆیی. ئەوە لە بنەوەشڕا هەر ئاگادارم... ئاوڕێکی دایەوە، هاتەوە، ئەوجارەشی روخسار و لووتم بۆن کردەوە، دەستی بڵندکردم، خۆم تێك نەنا- دەستم وەك دەستی مردووان بەربۆوە. هەمدیس رۆیشتەوە، دوای چەند هەنگاوێکان راوەستاو دووبارە ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی کرد... من هەروا کەوتبووم و لەو باوەڕەدا نەبووم رزگارم ببێ. ماوەیەك رابرد، نازانم چەند، لەوانەیە هێندەی دوو قلیانە کێشێك. گوێم لە دەنگی ئاواز و بگۆ و مگۆ و پێکەنینی کوڕ و کاڵان بوو کە لە مازووان دەهاتنەوە. کانییەکەش هەروەك دەزانن لە پەنا رێیەیە... خوا تەمەنیاندا ((دارەباز))ێکیان دروستکرد و هێنایانمەوە ماڵێ...)) دەروێش رەحمان گوتی: ((ئەی رەحمەت لە بابی ورچەی- کە هەر نەبێ خۆی لە مردوو و ژن و منداڵی خەڵك ناگەیەنێ... هە، دەك-بە قوربانی بم- ئەوەی بە ورچ دروستکردووە و ئەمانەش بە ئادەمیزاد. من گرەوت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بۆخۆت شەڕت پێ نەفرۆشتبا ئەو خۆی تێنەدەگەیاندی. ئەو بەستەزمانە برسییە، دەیهەوێ زگێ تێرکا، کە تێریش بوو خۆی لەمەڕ و بزنانیش نادا- هەر ئاوڕیشیان لێ ناداتەوە. بەڵام ئەمانە کە تێردەبن تازە وەخۆ دەکەون-تازە حەزیان دەچتە شەوچەرەی- گڕگڕ ژنێ دێنن، ئەسپ و تفەنگان دەکڕن... ئەوجا دەکەونە دووی



ژن و منداڵی خەڵکی. بەخودای لە سەران ورچ سەدجاران لەوانە بە شەرەفترە- نەك هەر ورچ، تەنانەت گورگیش، کە دەڵێن دڕندەترین جانەوەرە، هەموو جانەوەرێك لە خشپەخشپێ دەسڵەمێتەوە، تەنیا گورگ نەبێ کە لە دەنگی خشپەکەی دێتە پێشێ. من بۆ خۆم شایەدم دە جاریشم گورگی تێر دیوە و تێیهەڵنەگوتووم، هیچیشم وێ نەبووە- گورگە! گوێشی نەداوەتێ! گورگیش لەوانە بە شەرەفترە! ئێوە کامتان دیوتانە ورچ یا گورگ هەر جارێکیش بێن لات و لووتان لە دەوری خۆ خڕکەنەوە، تا وەدووی ژن و کچی خەڵکی کەون و پەیامی هەڕەشە و گوڕەشە و واڵدرم بولڵدرمان بۆ خەڵکی بنێرن!؟))

ئاماژەی بە حەسەن بەراز و حاجییە ورگە بوو کە هەردووکیان بۆ دادەشیرینێ نەمابوون و دادەشیرینیش ئەوانی بە سەگیش دانەدەنان. ((حاجییە ورگە!... پیەح! دەك کاول و کوێربیەوە دنیا، کویراییت دایە بەخت! خەڵك سەی پێ دەوەڕێ ئێمە پشیلە!))- حەسەن بەرازیش..! پف!)) دەڵێی بۆگەنیوی ئاودەستێی وەبەر لووتی هەڵاهاتووە ((هەتیوە چڵکاو خۆرە!))

راستە، منداڵ بووم و وەك دەڵێن چ سەرێکم لەو پەندەی دەرنەدەچوو، بەڵام کە سەرەدەریشم لێنە دەکرد هەستم بە زۆر شتان دەکرد- بە حوکمی هەمان هەستی منداڵانەی کە دەڵێن زۆر بەهێزە و هەڵە ناکا. زۆر شتم هەست پێدەکردن و هیچ کاتێك هەستم بەوە نەکردووە پەیوەندی و نێوانێکی لەگەڵ حەسەن بەرازیدا بووبێ. ئەوە حاجییە ورگەش بەجێی خۆی-ئەو وەك باپیری بوو. بەڵام حەسەن جحێڵ بوو و لەگەڵ ئەوەشدا کە جحێڵ بوو هیچ کاتێ نەمدیت دادەشیرین کاتێ کە رووبەڕوو دەیگاتێ چاوی ببریسکێنەوە، یا روومەتەکانی سوورهەڵگەڕێن و بپشکوون، یا بشێوێ و چاوی داخات و هەروا لەخۆوە تەشییە بادا. دادە خەجیجێ کچێ پوورە کەوێ، جارێکیان هەروا کە کاکە سوارەی لە پشت پەرژینێرا دەبینێ سوێنەی تاماوێی لەدەستی بەردەبێتەوە و دەشکێ، ئەویش وەردەگەڕێتە گوێلکێ بە جنیوان و ئەوەی لەکن خوای ناخۆشە پێیدەکا: ((نەگبەتە دەڵێی لە ساڵی گرانیەڕا هاتۆتەوە... ڕاناوەستێ!)). پوورە نازەنین کە لە پشت پەرژینێ ماڵە خۆیانەوە سێبەری کاکە سواری دیبوو، سەرێکی باداو وەك لەگەڵەخۆی بڵێ، گوتی: ((هی هی... کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە- گوێلکی بێ نەوا! چەتیوە ئاوری گرتووە، خوا رەحمێ بە داك و بابی بکا!))

حەسەن بەراز ناردیە خوازبێنییە- دایك و باوکی نەیاندا، گوتیان: ((ئێمە کچێ نادەینە مەیتەر و نۆکەران- ئێمە کچێ نادەینە بێگانان.))

نازانم چۆن بوو، چ جۆرێکە... خەڵکی وەرزێری لای مە هەرگیز نۆکەر و مەیتەریان خۆش ناوێن و چاویان پێ هەڵنایەن و حەز لە کەسانێکیش ناکەن سەروکاریان لەگەڵ زەوی و زار و ئاو

وکشتوکاڵ و مەڕ و ماڵاتیدا نەبێ- ئەوانە بە ئی خۆیان نازانن. ئەڵبەتە نۆکەر و مەیتەریش وەرزێر و مسکێنان بە بەنیادەم نازانن، چونکە کارێ دەکا، مسکێنە، هەمیشە پاژنەی قەڵشیون و دەستەکانی زبر و شەقار شەقارن، ریشیشی بەو قەڵەمەوەی کردوویەتی دەڵێی پاژنەی ورچییە. لە کاتێکا کە بۆخۆشیان دەستوپێوەندی ئاغان، دەموچاویان پاك تراش دەکەن، بەرماوەی ئاغای دەخۆن، گوایە بەشێکی ماڵێ ئاغاشن-هەروەك پارەی قەڵبی رژێمێکی دکتاتۆر دەتۆ وەرە بیربکەوە ساواکییەکانی زەمانی شای یان هەتیوە تورکەکانی زەمانی خەلیفەکان چاویان بە وەرزێرەکانی سەردەمی خۆیان هەڵدەهات، یا خەڵکیان وەك خۆیان سەیردەکرد و بە ئی خۆیانیان دەزانین؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جاری وابوو ئاغایەتیشیان دەکرد و دەبوونە (ئاغا)ش و زنجیرەیان دەبەست. ساواکی ئەوە هیچ کە هەمیشە ((ئاغا)) بوو. لەم رۆژانە لە ناو مسکێناندا قسێکی دی دەکەن: دەڵێن ئەمانە-یانی نۆکەر و دار و دەستەکان-ئەوە هیچ کە هێندە بێ عیززەتی نەفسن ناتوانن بێلێکی تاودەنێ یا داسێکی هەڵگرن، یا لە پشت گایەکیەوە بڕۆن، بە کلکی ئاغایەوە نووساون، بۆنی فسێی دەکەن-حەزیان لە بۆ فسێ ئاغایە. ئەوە بۆیەیە کە لەو تیرەیە بێزارن و نەفرەتیان لێدەکەن. من ئەودەمی منداڵ بوون، چاکم سەرلێ دەرنەدەچوو- یانی هیچ تێنەدەگەیشتم، لەگەڵ ئەوانەشدا بۆنی پاتاڵیم پێ لە بۆنی ئاغای خۆشتربوو. دوورنییە ئاغا بۆ خۆشیان ئەوەیان هەر زانیبێ بۆیە ئەو هەموو بۆن و لەوەنتە (عەتر)ەیان بەخۆ دادەکرد. بەڵام دوایە کە گەورەکان ئیدی ئەوەجێی خۆیان هەیە. بۆنی گەورە گەورەکان عەتر و عەبیرە. لە جێیەکیم خوێندەوە کە شاژنە ماری لویز، کچێ ئیمپراتۆری نەمسای و ژنێ بۆناپارتی، عەترێکی زۆر کەسکون و ناسکی دەکیسەیەکی زۆر تەنك و ناسکی وەك پێستی سیقەتۆرەی لای خۆیان دەکا و بە ئامۆژگارییە ((پوورحەلیم))ێ خۆی ئەو کیسەکە بتەقێ و بۆنەکەی دەرکات و بڵاوببێتەوە و کاتێ بۆن وەبەر لووتی ئیمپڕاتۆریەوە دەچێ، سەرسامی خۆی دەردەبڕێ عەلیا حەزرەت زۆر بە تێکڕابوون و شەرمێونییەکەوە دەڵێ فشارەکە زۆر لە سنووری هێز و توانای وی بەولاوە ترە، ئەو بڕگەیەش هەر لە قەڵەمە دەرکردە ((اقلام صادرە))کانە و جودابۆتەوە ئەڵبەتە ئەعالی حەزرەت دەبوورن!...

دە سەیری ئێمە کە لە کوێین! بۆنی قەڵەمە دەرکردەکەی شاژنە ماری لویز بە فسێ گاو ئاغای بەراورد دەکەین... خودا لە باوکت خۆشبێ! و وەرە سەیرکە ئێمە هێشتا لە کوێین کە دەڵێین ئەو بۆنە ناخۆشانە لەوان بۆنە خۆشانە خۆشترن!

گوتیان نایدەین-تەنانەت گوتیان ئێمە لەو تیرەیە بیزاریشین-و نەیاندا. بەڵام جووتەی شەیدایان هەر لەسەر سێ جار بیستەی خۆیان بوون و ئەو دوو دڵ براوانە هەروا خەت و نیشانی



خۆیان دەکێشا- هەروەك کە دەیانگوت-و پەیامی هەڕەشە و گوڕەشانیان دەناردن بۆ ماڵێ دادە شیرینێ. ئەودەمی دادە شیرین بەگوێرەی ئێستاکێ زۆر منداڵ بوو. دایکم دەیگوت هێشتا ئێسکی رەق نەبووە، هێشتا چاکە و خراپەی نازانێ... هێشتا خۆی نەناسیوە، تێنەگەیوە-لاسایی گەوران دەکاتەوە و خوازیارانیش دەیانگوت ئەوانیش پەلەیان نییە، رادەوەستن-رادەوەستن تا دەگاتێ و ئێسکی رەق دەبن و هەر لەو نێوەشدا ئێسکی پاشماوەی ئاغایان لە دەمی دەگرت و بەم و بەو و بە هەموانیان پێشان دەدا...

کزەی بایەکی لە ڕوویدا- تێکڕابوو...

ئاورێکی خۆش دە سۆبەکەیدا دەسووتا، سەماوەرگیزەی دەهات، دەستی سۆز و میهرەبانییە هاوسێیان هەمیشە دەو جۆرە کارە خێرانەدا درێژ بوو. ئاە، ئەگەر ئەو شتانە نەبانایە دنیا دەبووە دۆزەخ هەر ئەو گەرمی و گوڕیەیە ئومێدی ژیانێ دەداتە ئادەمیزادی. لە هەردوو و سێ ماڵێکانڕا خۆراکە چایەك و چەند کلۆ قەندێك-و هەر دوو سێ ماڵ، یا یەکێك کە زۆرتری هەیە، نانی ئێوارێ یا نیوەڕۆیە لەوێ لێ دەنرا... دەك خوایە دڵ سوتاو و زگ سووتاو نەبن... خودا منداڵتان لێنەستێنێ...!

لە ماڵێ خۆیان بوون...

ژنان دەورەیان لێدابوو، پیاویش لە بارێ سەرەوە دانیشتبوون و قەڵنەیان دەکێشا، بەردەوامیش فاتیحایان دەخوێند... بابە سەیی یەك دوو عەشەرە قورئانی خوێندن...

هەموو بێدەنگ بوون، ماڵەکە بەو حەشیمەتەشەوە هەر کوتر و کوێر بوو، ئیدی ژوورەکە بۆن دۆی ترشاو، بۆنی ژیان و بۆن ئارەقەی دایی و باب و خەنەی سەری دایی لێنەدەهات. هەر بۆنی خەو و نەخۆشی و هەوای ترشاو و بۆن دووکەڵ بوو... بۆنی هەژاری، و بۆن مەرگ... وەك لە غەمان بروسکەی لە دڵی وەستابێ... تێکڕابوو...

ژنان هەموو ئاهیان کێشا، ((خودا رەحمی پێبکا! خودا کەس بێکەس نەکا! ئاە... ە، کەسی بێ کەسان هەر تۆی!))

هەستکردنێ دەردان لە گێژی و سڕبوونێ چاترە، ئەوڕۆژە هەر لەگەڵ یەکەمین هێلکەی کە بەسەری کەوت وەك بڵێی هەستی ئاسوودەییە بکا...

هەموو قسەکان هەر لەو بارەی مەرگ و مردن و مردووان بوو و دەربارەی ئەو بەڵایەی کە هاتبووش و هەر پێی مانەوەشی دادەگرت و قسە دڵ فێنك کەرەوەکانی بابە سەیی بوون کە خەڵکی بۆ شوکرانە بژێری و ملکەچییە لە بەرامبەر ناخۆشییەکان و بەسەرکردنەوەی خودایدا هاندەدا، هەرچەند جارێکان نەرمە کۆکەیەك، یا کۆکەیەکی تەواو دەناو بڕیاندا لەگەڵ نووکە

نووکێ ژنانی بەرەوە تێکەڵ دەبوو، کە هەر کەسە و بۆ ئازیز رەفتەی خۆی دەگریا. ((ئێستا چ لەو منداڵەی کرێ؟... بەناشکوری نەبێ کەس و کارێکی نییە، خۆ تازە ئەگەر نانی زستانێشی هەبێ هەر نا دروستە تاك و تەنیا لەو ماڵە دێر و هەرشەمەیدا بژیەت...))

ئەوە مام خواکەرەم بوو وایدەگوت.

یەك دووێك لەبن لێوانەوە گوتیان: ((راستە... دەبێ تەگبیرێکی بکەین...))

ژنەکان بێدەنگ و ژێرببوونەوە، هەموو چاویان بڕیبووە بابە سەیی و کاکە خانە و حاجی مەجیدی. حاجی مەجید لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتبوو و قۆڵی لەسەر ئەژنۆی دادابوو و تەزبیحی بادەدا، کاکەخانەش هەروەك لەمەجلیسێدا نەبێ: سەبیلەی داگرتبۆوە و نەرمەی دەستی وەبن سەلکەکەی دابۆوە و بە روویەکی دڵ مەشغووڵەوە و رەفتاری پیرانەی نا بەدڵەوە، تووتنی ناو سەرە سەبیلەکەی دەپەستییەوە.

بابە سەیی گوتی: ((ئێستا ئەوە یەکێك لەبەر خاتری رەزای خودای دەست پێشخەری کرد...)) و لە بارەی پاداش و چاکەی هەتیوبارییەوە چەند فەرمایشێك فەرموون و شیعرێکی شێخی سەعدیشی خوێندەوە و دێڕەکەی دوایەی دوو سێ جاران دووپات کردەوە:

چاوەڕێ ما، بۆ خوای داوەربوو، بۆیە ئەو بەشێك نەبوو لە یارییەکە ((ئێستا ئەوە خودا لە دڵی کەسێکی نا، بۆخۆی دەست پێشخەری کرد...))

هەموو سەیری حاجی مەجیدیان کرد، کە لە دێیدا گوزەرانی ماڵ و سامان و پاتاڵی دیاربوو، بەڵام دەی، بە دەردی دەڵێن سەری گەورە دەردە سەریشی هەر گەورەیە و هێشتا ئەو لە زاری نەهاتبووە دەرێ ئەو کارەی دەکا یانە نا: نەوتی چرای مزگەوتێ دەکڕێ، شووشە لامپای دەکڕێ، حەوزی مزگەوتێ نۆژەن دەکاتەوە... بۆ مەگەر چییە؟ خۆ لەسەر گەنجی قارۆونی دانەنیشتووە...

وەك بەری تێیەکەس نییە، مەجلیسەکە سارد و سڕە، هەر کەسە و بەسەر دەردی خۆیدا کەوتووە و هاواری خۆیەتی. ژنان وەبن گوێی شیرینەوە هەڵدەدەن: ((ئێستا ئەوە ماشەڵڵا ژنێکە بۆخۆی. ماشەڵڵا گەورەیە، بۆخۆی دەبێ کاری خۆی هەڵسووڕێنێ...))

((ئای، لەو قسەی! پێشانیش هەروا ماڵێکی بەڕێوە دەبرد...نا، وای سەیر مەکە، ماشەڵڵا لە خەم رەخسیوە...!))

شیرین زۆری لە خۆی دەکرد نەگریەت و نەدەگریا...



ئەوە بابە سۆفییە کە لە راهی خوا دەست پێشخەریە دەکات، بابە سۆفی خزمێکی بۆرە خزمی دوور دوورە-وەك هەموو خەڵکی ئاوایی، کە دوور و نزیك و زۆر و کەم خزمی یەکن. سەرنجەکان هەموو بەرەو لای وی دەبنەوە، لێوە خەندەیەك بەسەر ریشی بابە سەییدا پەخش دەبێتەوە و وردە وردە روخساری دادەپۆشێ و دەگاتەوە چاوەکانی دیش، کاکە خانەکە هەر خەریکی پەستانەوەی تووتنی سەر سەرە سەبیلەکەی بوو و دڵ مەشغووڵ هاتەوە سەرخۆ، حاجی مەجید چوار مەشقی خۆ خڕدەکاتەوە. بابە سۆفی بە دوو دڵی و گومانێکەوە دەست بە قسان دەکا: ((رەنگە هەر تەقدیری خوداش بێت... بابە سەیی رەنگە سەد جاران لە دەرگای خودای پاڕامەوە خوا کچێکم داتێ، هەر نەیدامێ و نەیدامێ و داکێ منداڵانیش هەر بەو کەسەرەیەوە سەری نایەوە...))

((خودا عافووی کا!))

((لەگەڵ مردووی هەموو لایەکی!))

((ئامین! ئەجمەعین!))

((بەڵێ... دیارە ئاوای بڕیوەتەوە... منداڵەکانم گەورە بوون-و سوپاس بۆ خودای، تا خوا حەزکا چاکن. من بۆ خۆم باوکیانم، نابێ پێیان هەڵ بڵێم، بەڵام سوپاس بۆ خوا تا ئێستا کارێکی نا شایستەم لێ نەدیون... ئەوە خۆ ئێوەش بێگانە نین، بۆ خۆتان دەزانن...))

(٠نا، ئەشەدوو... خوا عەمر درێژیان کا!...))

((ئیشاڵڵا، لەگەڵ منداڵەکانی وەش... بەڵێ، عەرزم دەکرد گەورە بوون و بە پشتیوانییە خوای ئیدی دەبێ وردە وردە وەڕێ کەون و ماڵ و خێزانێکی بۆخۆ دامەزرێنن. مەحموود ئەوە ئێستێ پیاوێکە بۆخۆی، حەسەنیش هەروا یەك دوو ساڵی دیکە دەبێ وەدووی ژیانی خۆی کەوێ...))

((ئیشاڵڵا، بە کەرەمێ خودای...))

((بە هەر حاڵ کاولە ئاشێك هەیە، ئەگەر دادە شیرین بە بابایەتییە من و برایەتییە کوڕەکان رازی بێت، پێی سەرچاوان، با بێتە لای خۆم، بە پشتیوانییە خودای وەك بابێکی زۆر چاکی ئاگادارییە دەکەم-کوڕەکانیش وەك دوو برای چاك لە دەوری دەگەڕێن.)) و رووی لە شیرینێ کرد و درێژەی دایە: ((ها، دادەشیرین، بەسەر تەندووریێ ئەو پیرەمێردەی رازی دەبی؟... ئامادەی ببیە کچی ئەو پیرەمێردەی و لەو دووا ساڵانەی تەمەنیدا جامە ئاوێکی بدەیە ئەو پیرەمێردەی؟...))

ئەو قسانەی چەند لە دڵەوە و چەند بە خۆشەویستییەوە گوتن! تەنانەت ئەویش تێگەیی کە دڵ و زمانی یەکن. دەیزانی کاتێ کە دڵ و زمان یەك نین هەروا لە خۆوە لێوەکان تەتەڵەی دەکەن، چاوەکان جۆرێکیان لێدێ، تەنانەت وەك بڵێی دەنگەکانیش هەریەکە و بەلایەکیدا دەڕوات و دەبنە حەللەق و مەللەق.

بابە سۆفی هەروا رووی لەوی بوو، نووکی ریشەکەی بەرەو بن میچەکە هەڵگەڕا بۆوە.

بابە سۆفی، سۆفی ئەحمەدی بێستانەوان بوو، دەموچاوێکی رەقەڵە، دامەزراو و کۆك، تاوبردوو و تۆپەڵە ریشێك، کە لەنێو قەدێیەوە بەرەو خوارتر نەچووبوو و هەڵگەڕابۆوە، وەك بڵێی لە نیوەی رێیەدا پەشێمان بووبێتەوە و بەرەو سەرهەڵگەڕابێتەوە- سپیەکی زەردباو، تێکەڵ بە ڕایەڵەی رەشی زەردباو، چاو زیت، کە بە کلی دەڕشتن چونکە سووننەت بوو، هەنیا، نە هێندە لۆ چاوی و سەرێك لە چاو لەشی گەورە.

دووپاتی کردەوە: ((ها، دادە شیرین؟...))

پوورە نارنج لەولاڕا لەجیاتی وی وەڵامدایەوە، پوورە نارنج-داکی حەمە خەسرەوی بوو- پرچ سپی گوندی بوو.

((بابە سۆفی، خوا تەمەنی خۆت و منداڵەکانتدا، ماڵت ئاوەدان بێ، ئەو قسانە چن، پەرژین بێ قوڕێش دەخوا کە باوکێکی وەك وەی هەبێ-لەوە چاکتر کێ؟ وەڵڵا، خوا لەو سەرەوە شایەدە، من خۆم بەو پرچە سپییانەمەوە ئامادەم، منەتێش ببەم، ئەوجا خزمەتی ئێوە بکەم! ئەوە کچۆڵە هەرزەکارێکە وەك دادە شیرینێش هەر جێی خۆیەتی خزمەتی وە بکا. خودا لەو سەرەوە شایەدە، بە جەددی ئەو بابە سەییە، هەر دوێنێ و پێرێ بوو کە بە حەمەم دەگوت کەسانی وەك ئێوە ئیشاڵڵا لە ئەولیایەکانی خودان...))

بابە سۆفی وەك لەو قسەی نارەحەت بێ، رەنگی سوورهەڵگەڕا، پیاوێکی تا بڵێی دڵپاك بوو و وەك هەموو پیاوە دڵپاکەکانیش زۆر توند. هەرچەندە زیاتری فشار بۆ خۆی دێناو زۆری لە خۆی دەکرد و تووڕەبوونەکەی دەرنەدەخست. لەو کاتانەدا تەنیا کاردانەوەکەی ئەوەبوو کە سەری بەلای قسەکەرەکەدا بە ئەندازەی یەك گۆشەی پازدە پلەیی بەلای راست یا چەپدا کە- زیاتر بەلای راستدا- وەرگێڕێ و نووکی ریشەکەی کەمێك لە هەواکا و بەو چاوە زیت و تیژانەیەوە لە هەوای بڕوانێ و بڵێ: ((هەیهو!))-یانی، بەسە ئیدی تەنیا شتێك کە لەو رێسایەی بە دەربوو خاك (زەوی) بوو. لەگەڵ خاکدا زۆر نەرمونیان بوو، خاك کچۆڵەی ئازیزی دوڕدانەی ئەوبوو و کاردانەوەی بابە سۆفی لە بەرامبەر کاری دوور لە یاسا و رێسای وەك کاردانەوەی باوکێك بوو بەرامبەر رەفتاری نەزانانەی منداڵێکی خوردە ساڵ و نەخۆش-



بەزەییەکی تێکەڵ بە ئاخ و داخ و دەردەوە. نەمدیوە سەیری خاك بکات، زەردەی نەیەتە سەر لێوان. ئەگەریش نێوچەوانی تێکنابایە و گرژبایە، ئەوە لە داخی جڕو جانەوەر و گژوگیای مشەخۆر و بژاری زۆر بوو کە حاڵ و باڵی بە خاك و زەویی بێدەرەتان نەهێشتبوو. لەو دەم و ساتانەدا چاوەڕێ دەبووی وەك دایکێکی کە سەری منداڵەکەی دەدۆزی بە دڵەکوتەوە بڵێ: ((ئەی ڕۆ!...)) لە پەنا عەردەکەوە دەستی دادەدا و هەر لەوێ خێرا خێرا زەوییەکەی دەکۆڵییەوە- هەر چەندە بۆ ماوەیەکی کورتیش- جا زەوییەکەش ئی هەر کەسێکی بایە. هەموو لایەك پێیان خۆش بوو ((بابە سۆفی دا سەیرێکی بکە... نازانم بۆ وای لێهاتووە! ئەگەر بڵێی بێ ئاوە و وشکە، وشك نییە، تەنانەت پاراویشە، لە وەختی خۆشیدا بژارکراوە... سەرم سوڕماوە!)) بابە سۆفی هەر بەو باڵا کورت و پشتێندە توند و تۆڵ و مشتووی خەنجەری بەرپشتێیەوە، سەر و گەردەنی رەپێش دەکرد و نووکی ریشەکەی بەلاوە دەنا، هەروا تۆزێك بەسەر و روویەکی خۆش و میهرەبان و داخەوە سەیرێکی زەویەکەی دەکرد، ئەوجا لاردەبۆوە، چنگە خاکێکی هەڵدەگرت و بەلای پێچی ریشەکەیدا دێنا، هەروا بەدەم خەندەیەکی تاڵەوە: هەروەکو مەلای سەر مینبەرێ کە کورتەی ژیاننامەی مردووەکەی وەخوێنێ و دڵخۆشییە کەسوکاری داتەوە و تۆش چاوەڕێی بڵێ: ((عاش سعیداً، و مات سعیداً-بەخۆشی و بەختیاری ژیا و بەخۆشی و بەختیاریش مرد-)). دەستی پڕ دەکرد و خاکەکەی دەگلۆفی و ئەوجا تەماشای دەکردەوە- ئەوجارەش هەر بە سۆز و میهرەبانی و داخەوە. ((کوڕەکەم، ئەم زەوییە زەوی ماشی نییە، دەبێ ئەو زەوییەی بکەیە هەرزن... خاکەکەی چ عەیبێکی نییە، خاکەکەی یەکپارچە گەوهەرە-هەر قسەی لەسەر نییە- هەر خاکە بۆ خۆی گەوهەرێکە-خوداوەند هەروا لە خۆڕای زەوی بێ سوود و دەرامەت دروستنەکردووە... ئەوە هەر ئادەمیزادە کە چاوی لە مەیتەری و نۆکەریەیە و زەوی و زاری پێ هیچە. خاك و ئاوی خودای رەنێویشی نەهێنێ و دەستیشی بۆ نەبەی بای خۆی هەر دەدا- هەر بە باراناوێ... نا، کوڕەکەم زەوییەکە عەیبی نییە، ئەوە نەبێ کە بە کەڵکی ماشان نایە. ئەوە ئەمساڵ چوو،ساڵێکی دی بە پشتیوانییە خودای هەرزنی پێوەکە و بزانە. من بەڵێنت دەدەمێ، خودا بیهێنێ و حەوسەڵەت هەبێ دەتوانی دوو جارانی بەرهەم لێ هەڵگریەوە...)) و چاوێکی لە گڵەکەی ناو لەپی کردەوە، خاکەکە وەك بەڵێنی شەرەف بدا. وردە وردە گڵەکەی بە نێوان پەنجەکانیدا هەڵرشتنەوە، هەردوو دەستەکانی زۆر لە سەرەخۆ و بە کاوەخۆ و بە بزاوتێکی نەرموشلەوە لێك سوین و تەکاندنی. خۆی هەمیشە بێستانەوان بوو و کاڵەك و ترۆزی و شووتی دەکردن. ئەوەندەی من ئاگادارم نەمدیوە-دوای ئەوەش هەر نەمبیستووە- تەنانەت لە عێراقێش- کارێکی دیکەی کردبێ-

ئەمەیان هەر تایبەتمەندییە وی بوو. بێستانەکەی نیوەکار بوو، یانی لەگەڵ ئاغایدا بە نیوەییان بوو و بەلانێکەوە ئەویش سەر بە ئاغا بوو، بەڵام خوانەکا بڵێی چڵکاو خۆری ئاغای بوو، لە راستیدا ئاغا چڵکاو خۆری وی بوو، لەگەڵ ئاغاشی وەك خەڵکی دی جەفەنگ لێدەدان، جگە لەوەی کە هەرگیز ((هەیهوو)ی لەگەڵە ویدا لیَ نەدەدا، ئاغاش رێزی لیَ دەنا.

ئەمجارەش وەك هەموو جاران ریشەکەی لادا، بەڵام دوایە هەیهووەکەی هەر نەگوت، لەبن لێوانەوە گوتی: ((ئەستەغفیروڵڵا، خودایە تۆبە!))

مەجلیسەکە تەواو ببوو، بابە سەیی پێشەکی دوایین فاتیحای هەستانێی فەرموو: ئەعزەمەڵڵاهو ئوجورەکوم وە غەفەرە لەنا وە لەکوم بە حورەمەتی سورەتی ئەلموبارەکە... ئەل فاتیحا!)) و خەڵکەکە فاتیحایان خوێند، گەیشتنە کۆتایی سورەتی موبارەکە و بابە سەیی بە دەنگێکی گڕی قەبەوە پاداشتی فاتیحایەکەی هەدییە کردەوە: ((ئەڵڵاهوممە بەللیغ وە ئوصل میسلە سەوابی ما قەرەئناهوو...)) و پیاوەکان هەموو دەستیان بە ریشیاندا هێنا. ژنەکان سەرپۆشەکانیان داکێشابووە خواریَ: (خوا لێی خۆشبیَ و بە گەورەییە خۆی چاو لە گوناهەکانی بپۆشیَ!)) و هەموو گوتیان: ((ئامین، ئەجمەعین!))

بابە سەیی گوتی: ((یاڵڵا!)) هەموو هەستان، تا بابە سەیی ئەڵڵا خوای و نێویَ خوای تەکانی دایە بەرخۆی راستبۆوە، بابە سۆفی یەك سەڵەف بەرەو لای ژنەکانەوە چوو، لەبەردەمی دادەشیرینێوە راوەستا و دەستی لە ئەستۆی کرد و سەری راکێشایە پێشە خۆی و تەوقە سەری ماچکرد، بە دەنگێکی بڵندەوە گوتی: ((ڕۆڵە، کچم، بە شایەدییە بابە سەیی و ئەژداد و ئابادی و بە ئاگادارییە هەموو ئەوانەی لێرەن، سۆز و بەڵێن و پەیمان دەدەم کە باوکێکی چاك بم بۆت و نەهێڵم بیَ بابیت پێوە دیار بێت...))، ئەوجا نێوچەوانیشی ماچکرد. لێوە لەرزەیەك کەوتە سەرلێوەکانی دادە شیرین و دەروونی کوڵی... پوورە نارنج گوتی: ((ماڵت بە خانەی خوای بیَ، بابە سۆفی-خودا باوکایەتییە تۆ لەسەری هەمووان کەم نەکا...کچەکەم، شانی بابەی ماچکە!))

و شیرین شانی بابە سۆفی ماچکرد و هەندێکیشی سەر وە شانی کرد و گریا-بەستەزمانانە، هەتیوانە، کچانە گریا.

سوبحانەڵڵا... بابە سۆفیش گریا! تا ئێستا کەس نەیدیبوو، کە لە بەڵاو بەسەرهاتی زۆر ئەستەم و ناخۆش و تەکاندەر فرمێسکی لە چاوان هاتبیَ. تەنیا کاردانەوەیەکی لە بەرامبەر ئەو جۆرە کارەساتانەدا هەر ئەوەندەبوو کە پێستی دەموچاوی رەش دادەگەڕا و کەمێکی غەمباری لە چاوان دەزا. ((خوا وای پێخۆشە...، هەرچی خودا بیهەویَ ئەو چاکە!)) ئەوە سەر



و بنی قسانی بوو... و هەر دەشگریا و ژنەکانیش کوڵیان هەستابوو و دەکوڵێن... ((ماڵت ئاوەدان بیَ خوایە، چرای رووناکیە دنیا و قیامەتێت بیَ!))

ژن و پیاوەکان گەیبوونە دەرکی حەساریَ، بابە سۆفی پێی گرتبوونەوە و لەگەڵ دادەشیرینیَ دەهات، دادە شیرین سەری بەرداوەتەوە، دەگەنە زالکی دەرکیَ، کوڕوکاڵ لەگەڵ ئەو کارەساتە گەورەشدا- بە روخساری غەماوییەوە- هەندێکی هەر لیَ ورد دەبنەوە. وا هەست دەکا وەك رووت و قوتیان کردبێتەوە و بە رووتی بەناو ئەو حەشیمەتەیدا دەبەن... بێکەسی رووتییە... حاجییە ورگە و حەسەن بەراز لە خۆشیان گوێزی بە کلکیان دەشکێنن: ئیدی ئێستا دنیا شامیَ شەریفە و چ لەمپەرو پەرژین و بەربەستێك لەبەردەمدا نەماون و نین: داك و بابێك نەبوون ناڕازی بن، رەشە خەرامانیش سەگی چ قەسابخانێکییە! ((ئمم! رۆژگارێکی سەیرە. یەکێك هیچی لە زگیدا نییە قرپی تێریە دەداتەوە!)) ئەوەیان دایکم بوو وایگوت، مەبەستی حاجییە ورگە بوو. ((هیچ کامێکیان بە ترشیاتیشەوە ناخورێن.)) مەبەستی هەردووکیان بوو: حاجییە ورگە و حەسەن بەراز.

ئەو شەوە بابە سۆفی لەکن مایەوە، سبەینێش گاوگۆل و بزنەکانیشیان لەگەڵ جوجك و مریشك و ئەو شڕ و شالاَت و ئازووقەی ماڵە مسکێنێکی چییە هەموویان راگواست.

چاوی لەسەر یەك دانان، بە قولابەی پێڵووەکانی رابوردووی هەموو هێنایەوە ناو چاوەکانیەوە- نەك بەزۆری، بەسەرهات و رووداوەکان بۆ خۆیان دەهاتنەوە. گرتە و وێنەکان زۆر خێرا دەهاتن و هێشتا رانەدەوەستان کە دوور دەکەوتنەوە و هەر لەو دەمەشدا یەك باوەش کاریگەری و غەمیان لە سینەیدا بەجێدەهێشت، هەر بارەکەشیان خستبایە هیچ رانەدەوەستان و تێدەپەڕین.

ماڵە مسکێن زۆر و کەم هەموو وەك یەکن و پێکدەچن-هەم لەلایەنی رەنگ و هەم لایەنی بۆ: ژوورێك و پارچە بەڕە یا لبادێك، سەماوەرێکی تەنەکە و چەند فنجانە گڵێنەیەك... و سوێنەیەك)) و دیزەی چێشتیَ، بۆنی دۆ و دۆراغی ترشاو، بۆنی رەنج، بۆنی هەژاری-بۆنی ئاڵۆزی و شێواوی- ئاڵۆزی ئەوڕۆ، دەربارەی سبەینیَ، دەربارەی نانی زستانیَ و داکردنیَ ئاردی... خراپییە گاسن و پیریەگای کێلانیَ. هەر کە چاوت دەکردەوە هەر ئەوانە بوون- و هەر ئەوانەشی بە ناخ و مێشکیدا چووبوونە خواریَ و بەس.

گویَ بۆ قسان هەڵدەخا-هەر ئەو قسە باوانەی هەموو رۆژانیَ ماڵە مسکێنان: قسەی ئیش و کار، قسەی نانی زستانیَ، ((ئالیکی پاتاڵی هەر خوا بیدابایە نانی زستانێت دابین کردبایەوە بە خەیاڵی ئاسوودەوە سەبیلەت لیَ تێکردبایە و لە قوون ئاگردانی ماڵێت پاڵ دابایەوە و

راتبواردبایه!... و لەو دواییانەش خوا بیکردبایە وردە وردە دەستێکیشیان بزاوتبایە و کچێکی عادل و پادلیشیان بۆ کاکە مەحموودی دیتبایەوە...))

((مەحموود ئەوە ئەورۆ تۆ ئاوت بەردابۆوە سەر ئارویییان؟ خۆ ئەورۆیان نۆرە نەبوو...))

((چۆن بابە، ئەورۆ نۆرە ئاومان بوو-چۆن؟))

بابە ژماردنی: یەك شەمە تا یەك شەممە دەکاتە هەشت رۆژ... ((بەڵام زۆریش تێنوو نەبوون-دەبوو وەسەر باینجانانی کەی- من درەنگی پێ راگەیشتم، زۆریشی هەرواچوو. بیرت نەچێ ئاوێ وەسەر کالیار و ترۆزییەکان نەکەی...))

((شیرین، رۆڵە هەوا تەشقی شکاوە، گیا وردە وردە ((خاکەلێوە)) بووە، لەسەرەخۆ گوێلکەکان هەروا رۆژێ یەك دوو سەعاتێکان بەرەو لای ((کانیی بەردە))ی-خۆشت بایەکی باڵی خۆت بدە و لەگەڵ هاوتەمەنەکانتدا هەندێك بجوولێ- با هێندە هەر لە کونجی ماڵێدا ئەسیر نەبی... ئەوە حەسەن لێرەیە، تەویلەکەی خاوێن دەکاتەوە و دەیماڵێ.))

جێیەکەی لە باری سەرێی ژووری رادەخا-لە پێشدا ئەو، ئەوجا بابە سۆفی، جا کاکە مەحموود، دوایەش کاکە حەسەن. هەر یەکەمین شەوی هاتنە ماڵێی هەموو لە هەموو نانی خوشك و برایەتییەیان پێکەوە خوارد... و شان و قۆڵی یەکتریان ماچکرد. لەلای مە خوشك و برا شان وقۆڵی یەکتری ماچ دەکەن. دادەشیرین-کاکە مەحموود، کاکە حەسەن-دادەشیرین... ئەوە شتێکی باوە. مەحموود و حەسەن و دادەشیرینیش شان و قۆڵی بابە گیانیان ماچکرد، ئەوەش قسەی بابە و وەڵامی خوشك و برایانە.

سەرەتا کە چووە ماڵێ بابە سۆفی، بابە سۆفی گەش بۆوە، تەنانەت زەردەخەنەی لە لێو و دەموچاوی نەدەبڕا. بەڵام دوای ماوەیەك روخساری ترش و تاڵ و تاریك بوو. بابە سۆفی لەگەڵ شەکەتی و ماندوویەتیەشیدا شەوانە هەر جینگڵی دەدان، لەبن لێوانەوە شتی دەگوتن-زۆر جارانی بەدەم خەوێوە قسە دەکردن: ((بێ دین- کافر...!)) و ئەوجا ناڵە ناڵ: ((ئاه...هە!)) و لەسەر تەنیشتێ دەکەوت. دیارە لە شتێکی دەترسێ- وەك بابی، ئەویش بەزۆری وابوو. بۆ خۆشی لەسەر جێی هەر ئەودیوە و دیوی بوو و تلی دەدان، جاری وایە نازانێ داخوا خەو بردوویەتییەوە یا لە خەوێیدا شتێك گوتووە یانە نا. جارێکیان کاکە حەسەن گوتی: ((دادە! دوێنێ شەوێت لە خەوێدا گۆرانی دەگووتن!)) بابە سۆفی برۆیەکانی تێکنان و سەرو ریشی لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە گرتن و حەسەن بێدەنگ بوو... بابە سۆفی بۆ خۆی ئیشەکان دەکا-بۆخۆی هەویری دەشێلێ، هەر بۆخۆی نانەکەش دەکا. نانی ساجی-بۆخۆی چێشتی لێدەنێ-لەو دەمیەوە کە داکێ منداڵەکان مردووە، حەسەن دوو ساڵە بووە، هەموو ئیشەکانی ماڵێی



هەر بۆخۆی کردووە... کاسە و گۆزە و دیزە منداڵەکان دەیان شۆن، ماڵاتیش شیرین دەیاندۆشێ و چایەکەش هەر ئەو تێیدەکا.

حاجییە ورگە و حەسەن بەراز، نۆکەرەکانی دی دێن و دەچن و تێدەپەڕن و بە هەویر شێلانەکەی پێدەکەنن، جاری واشە مەتەڵەکانی داوێنێ... بابە سۆفی وەڵامێکی دانایانەی دانەوە، کە پێموانییە تێیگەیشتبن: ((هەموو کەرێك دەتوانێ نانی بخوا.))

لەسەر جێیە-خەوی لێناکەوێ... هەر بیر دەکاتەوە و خەیاڵان دەکا، رێڕەوی بیرکردنەوەکەشی لە رێچکەیەکی بەولاوەترەوە زیاتر نییە. جاران دڵی وا نەبوو. کە دەگەییە رەشە خەرامانی دڵی لێیدەدا، بەڵام ئێستا وەك منداڵێکی چاوێشەداری ناو جۆلانەی هەمیشە لە هاتوچۆیەدایە: هەروا تەپە تەپیەتی، بەڵام چۆن!

گوێی لە دەنگی ترپە و تەپەی دڵیەتی، جینگڵان دەدا، تا دێ هەر زیاتر، جینگڵان نادا کەچی هەر بێ ئارامترە... هەر ئاه و هەناسان هەڵدەکێشێ.

بابە سۆفی دەڵێ: ((رۆڵە، ئەوە بۆ هەر جینگڵان دەدەی- جێیەکت دیشێ؟))

((نا، بابە گیان، چ جێم نایەشێ، خەریك بوو دەبۆرژام...))

دڵی بابە سۆفیش ئەوە هەروا لە هەلۆرکەی خۆیدا هاتوچۆیەتی.

هەستی بێ ئارامییە دەکا، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو شتێك بە جوان دەبینێ- هەموو شتێك بۆنخۆش دەبینێ و بۆن دەکا... چاوە گەورەکانی، روخسارە جوان و ساف و لووسەکەی، دەستە سپییەکانی، پاروو گرتنە جوانەکەی.

پشتی بە دیواریەوە بوو، چاوەکانی نوقاندبوون و لە بۆشاییەکی درەخشاندا مەلەی دەکرد، ئەوی لە بەردەمیدا بوو. ئەگەر دیوارەکە نەبوایە، بەو لەرەی لەش و لەرزەی گیانەوە دەکەوت و بەردەبۆوە. چاو لەسەریەك، گەرمی هەناسەی لەسەر لامل و دەموچاوی هەست پێدەکرد. سەری دەگێژەوە دەهات.

ئاوێنە بچکۆلانەکەی لەبەر باخەڵی کولەجەکەی دەرێنا... وای، روومەتەکانی چۆن سوور ببوونەوە، چاوەکانی هەر دەتگوت هەڵامساون، لێوەکانی سپی هەڵگەڕابوون...

خۆشی دەویست، دەنا هێندەی هەڵنەدەمیست... بەڵام دڵخۆش و دڵارام نییە، نا، زۆریش توند نییە- ئەگەر خۆشی نەویستبایە...

دەنگی لێدانی دڵی لە گوێیدا گەڕا... ئاهێکی لە باوێشکێدا دەشارێتەوە ((ئاه...ه!)) زۆر بەسپایی... تۆ بڵێی بزانێ کە جاری وایە هەندێك سەرکەوتن زۆر لە تێشکان و کەوتنێ

خراپترە! ئەوە چیرۆکەکە گەیبوو و یەکەمین کەسایەتییە داستانەکەی حەشیمەتەکەی هێنابووە دەرێ.

تازە چووبووە ماڵێ ئاغای، ئاغا ئەوی دە ڕەشبەڵەکێدا دیبوو و وەبەر دڵی کەوتبوو. نەیگوتبوو بچێ قەرەواشیە بکات، گوتبووی بچێ یارمەتی دایە گەورەی بدا.

بابە سۆفی نێو چەوانی تێکنا بوو و سەروڕیشی دەگۆشەیەکی دیاریکراو گرتبوو و گوتبووی: ((ئاغا، کچۆڵەکە هەتیوە، بێکەسە، خواهەڵناگرێ...))

((سۆفی، دیارە خراپی تێگەیوی: تۆ تا ئێستاکەی دیوتە من چاوم لە نامووسی مسکێنیەوە بووبێ؟... من ماڵ و منداڵی مسکێنیم پێ وەك ماڵ و منداڵی خۆم وایە...))

پیاو نابێ پێ لە هەقێ بنێ، تا ئێستا کەسێك چاوی ناپاکییەی لە ئاغای نەدیبوو... بەڵام دایك و خوشکەکانی... ئەوانە لە کوێڕا هاتبوون، یا ئەمەیان لە کوێڕا هاتبوو!؟... ئەستەغفیروڵڵا، خودایە تۆبە، هەزار گومان و دوو دڵی خراپ بە دڵی ئادەمیزادا دێت- شەیتان بە لەعنەت بێ! دووساڵ بەسەر دەرد و دوو و مەرگ و قڕانی گوندیدا چووبوو، دادەشیرین بەڕاستی ڕاستی هەڵیدابوو. حەسەن بەراز و ڕەشە ڕەحیم- کە هاوکاسەلێسی حەسەن بەرازی بوو- پێکەوە ڕەشەخەرامانیان تەختکردبوو، ئاغا ئەو دووانەی لەبەرچاوی خەڵکی هێنا، لە حەوزی مزگەوتێی هەڵکێشان و دارکارییەکی چاکی کردبوون، تا جارێکی دی ناماقووڵیە وا نەکەن و لە خۆڕا کاریان بەسەر مسکێنانەوە نەبێ و هەرچی مسکێنیشە هەموو دەست بە هەواوە دەپاڕانەوە خوا لە دەست و دوو و پلەوپایەی ئاغای زیادکات و تەمەن درێژی کا.

ژنەکان بە پلارتربوون: ((بەڵێ، ئەرێ بەگیانی خۆی، دڵی بە مسکێنان سووتاوە-ئەویش چۆن سووتانێك، هەر بۆتە کەباب!... ئەو پیرە دێوە دەزانێ چ دەکا!)) پیرەدێو داکێ ئاغای بوو، کە هەر بەڕاستیش بەو پەیکەرە زلە لەندە هۆریەی و چاوەزەردەکانی و قژە سوورەکەیەوە کەتە دێوێك بوو بۆ خۆی، ئەوەش وەك دایکم و ئەوان دەیانگوت.

لەو ناوەی ئێمە دێو نەبوو. دەیانگوت لە ((هیندستان))ە، گیانەوەرێکە جاری وایە ئادەمییە و جاری واشە مەیموون، زۆر لە ئادەمیزادێکی گەورەتر، سێ هێندەی ئەو مەیموونە قوون سوورانە- دەیانگوت ئادەمیزادی دەخوا. ((پیاوە بۆخۆشی لە کەری نێر (نێرەکەر) ناگەڕێتەوە... خوشکێ هاشمی وەك دێڵە سەیان وایان لەوانەکرد کە هەریەکە و دەسکە بێڵێك و بەرچیغێکی لە پەناخۆ بگرن- شەو و ڕۆژ ئەوە سواری منداڵی خەڵکی دەبن!)) ئەمەش هەر لەو قسانە بوون کە دەکران: دایکم قسەی وای دەکرد کە مرۆڤ شاخ دەرکا بەڕۆژی



ڕووناك: هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ مەلا بانگدانێ لە دێیدا لەبن درەختان دەهاتم و بەرهەڵدا دەسووڕامەوە یەکێکم نەدیت سواری کەسێك بێت- جا نەك هەر سواری خەڵکی نەدەبوون و خۆیان لە کەس نەدەگەیاند بەڵکە زۆریش نەرمونیان بوون. تەنانەت وەبیرم دێ ڕۆژێکیان کەریم، مەلەکە خانمی بەدیواریەوە نووساندبوو، بەجۆرێکی وا هێندەی نەمابوو هەناسەی لێ ببڕێ، کەچی ئەو مەلەکە خانمە بەستەزمانە ڕووی گرژ نەکرد، هەر پێدەکەنی و خێرا خێراش دەیگوت: ((هەتیو مەکە! دە مەکە، هەتیو!)) و پێدەکەنیەوە، و کەریمیش هەر وازی نەدەهێنا. و ئێستاش دەڵێن: ((بەنوێژی نیوەڕۆیە سواری پیاوان دەبن- هەر ئەوە ماوە بەڕۆژی ڕووناك دەرپێیەکانیان بە کۆڵێ دادەن و وەنێو دێی کەون و چەپڵەی بە قوزیان لێدەن!)) من ئەو دەمی ئەو جۆرە چەپڵانەم نەدیتبوو، تەنانەت دە کۆنفرانسەکانی (شا)شمدا هەر نەدیت...

لەبیری چوو بۆوە، هەروا چەند ڕۆژێك لەمەوپێش بوو، کە هەر کە گەیشتمەوە ماڵێ بەهەمان ئاوازە تاڵ و ناخۆشەکەی هەمیشەی گوتی: ((ئەوە لە چ جەهەننەمێکی بووی؟ خۆ گەرووم پچڕا هێندەی هاوارکەم- دوایەش هەر خۆم بردم...)) (نان و دۆی دەگوت کە دەبوو من بۆ بابەی بەرم.) کاتێ گوتم چووبووینە گۆیژان (گێوژ)، و گوتم لە کوێ بووم، دایکم وەك چۆن کە کەریم مەلەکە خانمی بە دیواری پشت تەویلەیەوە نووساندبوو منی بردە قوژبنی پەنا سۆبەکەوە و بەوێوەی نووساندم و گوتی: ((توخمی سەی، سەدجارم پێ گوتووی هێندە لەوانە نزیك مەبەوە. خوایە خێرێ لە خۆیان نەبینن! سەد جارم پێ گوتی، زمانم مووی لێهات! بە خودای هەر بینە ڕۆژێکی لەدەست تۆ و کارەکانی بابت پەتم لە ملی خۆم کرد و خۆم حەساندەوە...!))

ژنە بە تەواوی شێت ببوو...! قسەی دەبزرکاندن- دەرپێیەکانیان بە کۆڵێ دادەن! بێدەرەتانە بەندەی خودا هەر دەرپێشی دەپێدا نەبوو- هەروا لاکراسێك بوو... من بۆخۆم بەو دوو چاوانەی خۆم دیم...

چووبووین کاڕکەگۆیژان بچنینەوە. من و کەریم و ساڵحە درێژ و توباخانم بووین. کەریمان وەدوا کەوتبوو، نەیدەهێشت بە داران هەڵگەڕێین، دەیگوت ئەوە قەدەغەیە و ئێمە نابێ لێیان کەینەوە و بیانڕنین. توباخانم چووبووە سەردارێکی، و گۆیژی لێدەکردنەوە و دەیخواردن، و کەریم لە خوارێ ڕاوەستابوو، ڕاست لەبن وییەوە و ئاگای لێیبوو نەکەوێ و جێیەکی نەشکێ، کەماڵێ ئاغای لە چاوی وییەوە بزانن و زۆر بە نیگەرانییەوە چاوی هەر دەوییەوە بوو و هێندەشی دەو سەرەوە هەڵڕوانیبوو چاوی دەوێ چەقیبوو، و لە ترسانیش ڕەنگی ببووە کفنی

مردووان. بەڵام توباخانم وەك مێشیشی لێ میوان نەبێ- هەر دەیخوارد و پێدەکەنی. ئەوکاتی بوو دیتم. تا کاتێکیش کە نەهاتە خوارێ ئەو بەستەزمانە لەبن ئەودارەی نەبزووت... ئێمەش ئەوەمان بە هەلزانی و دڵی خۆمان دامرکاندەوە- و بەڕك و گیرفانەکانمان پڕکردن لە گۆیژ.

کاتێ کە هاتەوە خوارێ کەریم چووە یارییەی، نەکا بکەوێتە خوارێ و جێیەکی بشکێ. لە قەلاندۆشێی کرد و وەك ئێمەی منداڵان کە یەکتری لە کۆڵێ دەکەین، بەلانی کەمەوە دە جاران بەغار بەدەوری ئەو دارەیدا سووڕایەوە، و توبا خانمی ترساند. وای، چۆنی دەزریکاند...! ((دە مەکە هەتیو... دەوامەکە هەتیو!...)) و زریکە و زریکە!، ئەوە من و ساڵحیش پێدەکەنین، بەڵام چۆن، کەریم هانکە هانکی بوو چۆن...!

دەیگوت: ((ئەوە ئەو دێوە بووە کە ژەهری خۆی بە حەسەن بەرازیدا ڕشتووە... بەڵێ، مسکێن... بەشەویلاکەی باوکییەوە!...))

دادە شیرین ئێستا بەزۆری هەر لە ماڵێ ئاغایە، نێوچەوانی بابە سۆفی ئەو ڕۆژانە هەمیشەی خودای هەر ترش و تاڵ و تاریکە. نووکی ڕیشەکەی زۆربەی کاتەکان بەلای شانی ڕاستێوە ناوە و چەسپی یەك لە دوای یەکیش لە قەڵنەکەی دەدا، دایکم زیاتر خۆی دەخواتەوە، و بە هەق و ناهەق لەسەر هەموو شتێکی کەم یا زۆر، داخی دڵی بەمن و دادە لاولاو و دادە نەرمێدا دەرێژێ، و بەردەوام دە شیڕێنێ.

پوورە جەواهێری ژنێ کاکە خانەی، ڕۆژێکی لەبن ((دارسێوە رمێیەکان))ی گۆڕستانی پیرمرادی دەقسانەوەی دەگرێ.

((شیرین، ئەرێ بەڕاستی ئێستا چەند ساڵی؟ بە ناشکوری نەبێ غەم و خەفەت هێند زۆرە حیسابی ساڵ و مانگانیشمان لێ تێکچووە...))

((شازدە ساڵ پوورێ.))

((ئاه، ساڵ چەند زوو دەڕوا-تا چاولێکدەنێی، ناگەی هەڵی هێنییەوە ساڵ هاتووە و تێپەڕیوە! ماشەڵڵا، ئێستا ئەوە خانمێکی بۆخۆت... ئیدی وردە وردە دەبێ بۆخۆم دەستێکی ببزێوم و بە پشتیوانییە خوای بەڕێت کەم. خوالێخۆشبووی داکت زۆری چاکە بەسەرمەوەیە... ئەو جۆرە ئیشانە ئیشی ژنانە... ئیشی ئی وەکو بابە سۆفی نییە...))

شیرین هیچ ناڵێ-بەڵام پوورە جەواهێر لەسەر ئەوەی ڕاناوەستێ تا بەرامبەرەکەی وەڵام دەداتەوە یان نا. هەر بە دوای خەیاڵەکانی خۆیەوەیەتی.



((دەبوو هەر زوو ئەو بیرەم کردبایەوە- دوێنێ بە پوورە نارنجم دەگوت- خۆ دەبێ یەکێك بێتەپێشێ و دەست پێشخەریە بکا... خۆ کچە بۆ خۆی ناچتە پێشێ- هەرچی بێ هەر کچە. بە ناشکوریش نەبێ نە دایکە و نە هیچ...))

ئادەمیزادێکی کە لە ماڵە بێگانانداـ لە راستیدا دوو بێگانە- دەژی و هەمیشە خۆی بەسەربار دەزانێ (هەرچەندە نابێ پێ لە هەقی بنێین، بابە سۆفی لە هەموو بابێکی میهرەبانترە) و خوو وخدەی وای لێپەیدا دەبێ مەپرسە. هەمیشە دەبێ گوێی کلۆر و چاوی کراوە بێ: لە قساندا وردبین بێ، لە دەموچاوان وردبێتەوە، ئاوازی دەنگی گونجاوبێت و لەو دیوی و شانەوە لە دووی ماناو چمکە نائاساییـ و شاراوەی سادە و ساکار بێت. ئەوەی قسەیەکی پێدەڵێ، بزانێ چ دەڵێ؟ ئەو قسە پەیام و ڕاسپاردەیە؟ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاتۆتە خوازبێنییە- بۆ کێ؟ تامی بن زمانی دەکا؟ دەیەوێ بزانێ لەو دەمیەوە کە لەگەڵ ڕەشە خەرامانی لێك هەڵبڕاون لە چ جێیەکی دی بارگە و بنەی نەخستۆتەوە و بە تەمای شتێکی دی نییە؟

((تۆش ئیدی نابێ هێندە زیاد بەرزەفڕ بی... ئاخر بە ناشکوری نەبێ چ بنەماڵەیەك و کەسوکارێکت نییە... جیازی و ماڵ و حاڵێکی واشت نییە بڵێم بە خاتری ماڵ و دەوڵەتەکەت دێنە پێشێ. بەڵام لە خوای بە زیادبێ لە جیاتیان بەروڕوویەکی جوان و لێوەشاوە و بەچاوت هەیە، ئەگەر نا دەبوایە مێردت بە یەکێك لەو ژن مردووانە بکردبایە و هەتیوەکانیت گەورە کردبانایە، و شەو و ڕۆژی خودای بۆ نانەزگێك و لاتەختێکی نووستنێ سەد شەقت وێ کەوتبایە!... یەکێك بێ، نە زۆر پیرو نە زۆریش جحێڵ- وە دوو جحێل کەوتن کارێکی راست نییە، جحیلی هەروا یەك دوو ڕۆژێکە، تا چاو لێکدەنێی وەك بەفری بەهارێ هاتووە و تێپەڕیوە... ئێمە و مانان دەبێ سەیری دواڕۆژی کارەکان کەین. تا ئاخر خێر بین، و سەردەمی پیرییە ببینە داروە کازی یەکتری لەگەڵ مێردەکانماندا...))

((بەڕاستی هەرگیز ئەوەم هەر بە خەیاڵیشدا نەهاتووە، پوورێ... هێشتا ساڵێك بەسەر مردنی دایە و بابەیدا تێنەپەڕیوە- ئێستا چ وەختی ئەم قسانەیە پوورێ...!))

پوورە جەواهێر هەستیکرد ئەوەی دەتێریەدا گوتووە... ((یانی گەرووی لەناوی پیاوێکی چەقی- هەروا زوو!)) پیاوە ((ئاغا)) بوو... (ئمم!))

((منیش هەر پەلەم نییە، کچەکەم. خۆ منیش خودا نەخواستە نەمگوتووە هەر سبەینێ!... منیش دەزانم کە ئەوە کاری دڵە نەکاری گڵ. تۆش دەبێ ببینی و بی پەسەندی-

ڕاستییە کارەکەی تۆی... کات زۆرە، جارێکی دیش پێکەوە قسان دەکەینەوە، جا ئەودەمی تۆش بەرخوردێکی لەگەڵە خۆتدا دەکەی...))

سەیرە! تۆش دەبێ ببینی و بی پەسەندی! ڕاستییەکارەکان تۆی...!

زۆر بەسەر ئەو دەمە تەقێیەدا نەچوو بوو کە رۆژێکی حەسەنی کوڕی کاکەخانی هاتە دەرکێماڵە ئاغای و گوتی کە دایکی گوتوویەتی ئەگەر واوەهات بێ زەحمەت سەرێك خوارکاتەوە و بیبینێ، ئیشی پێیەتی.

چوو، بەڵام پوورە جەواهێر کاری بە پەلە و دەستوبردی بەوی پێوە دیار نەبوو، بەڵام هەر پێی داگرت و داگرت تا دانیشێ و پیاڵە چایەکی بخواتەوە...((ئەوە کاکە قاسمە، بێگانە نییە- خۆمانەیە... نەوەی خاڵمە... تۆ نەتدیوە، لە شاری دادەنیشێ- لەوێ خەریکی سات و سەودایەیە سوپاس بۆ خوا ماڵ و حاڵ و ژیانێکی چاکی هەیە، وای تێمەگە، دە کەسی وەك ئێمەی پێ دەکڕێ...)) و ئێستا دانەنیشتبوو دیتی: پیاوێکی تەمەن مام ناوەندی، سیسەڵە، لووت سووتاو، رەنگ و روویەکی زەردەڵەی پڕ جۆش، چاوی بە قوڵداچوو... ((وییی)) پیاوێکی چارداو ڕوو، و دەڕوخسیارییەوە حەوق بووە، دەڵێی ئادەمیزادی هەر نەدیوە..!.

((پوورێ، کاری چت پێم بوو؟- ئاخر بە کاکە حەسەنت گوتبوو کارت پێمە...))

((وای... خوا بمکوژێ... هێندەم سەرقاڵە لەبیرم چۆوە ئیشی چم پێتە... دەتۆ دانیشە پیاڵە چایەکی بخۆوە... بەڵکە وەبیرم بێتەوە...))

((خودا نەیبڕێ... ئیشم هەیە- میوانیان هەن، دەبێ بچمەوە- خۆ تۆ بۆخۆت دەزانی...))

(دەیزانی، بۆ خۆشی کە ئێستا مێردەکەی جێنشینی کوێخایە زۆر دەمان لەوێ خەریکی هاریکارییە) و دوو لاقی هەبوون دووی دیشی قەرزکردن، و ڕۆییەوە، بە چ دڵە خوتەیەکەوە!... وای خودایە چ تەگەیەکی بۆ دیوەتەوە...! خەڵکی چەند بێ ئیش و کارن! ئەمانە!... تا خەڵکی تێوە نەگلێنن ئاسوودە نابن و دڵیان داناکەوێ...!

ئەو رۆژانە وەك شتێکی لێ هاتبێ. ئێستا ئیدی وەك جاران بە چیرۆك و داستان سەرای دەروونی پێناکەنێ. بە رواڵەت گۆیندە شتگەلێك دەڵێ کە ئەو زیاتر بەرەو بیرکردنەوە دەبا. تۆ دەڵێی گومانی تێدا نییە کە گەورە بووە و هەڵیداوە، ئاوازی گوێندە و قسەکەریش گۆڕاوە و وەك دایك و باوك و پیرێژنان کەوتوونەتە ئامۆژگاری کردن و تانە و تەشەر لێدان و ئیرادگرتنێ! هەر کەمێك گەورەبی و تۆزێك تێبگەی، هەر لە دایك و باوکەوە بگرە تا هەمووان ئاوازی دەنگیان دەگۆڕێ، و دەکەونە ئامۆژگاری کردن و ئیرادگرتنێ. ناوێری



پێبکەنی... ((پێ مەکەنە، تۆ ئیدی گەورەی!)) ((مەکە... بەخێری ناگیانت پیاوێکی بۆ خۆت!...)) ((ئەو هەموو حیلکە حیلکەت لە چییە- بەناخێری گیانت بە کەڵ هاتووی!...))

ئێستا زیاتر دەناوەخۆیدایە. دیارە کە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای دەروونی بڕاوتەوە. ئێستا نەك هەر هەڵناوێ، زۆریش ئاڵۆز و دڵ مەشغوولە. لە حاڵێکدا کە پڕوپاگەندە و قسە و قسەلۆکێکی سووکەڵە لە دێیدا چرپە چرپ و فسکە فسك- بەرگوێ دەکەوێ: ((ئاغا ئاشقی بووە!...))

((نا: ئەوە غەمی ناوێ، دەبێ پێشی خۆش بێ، و قوڕیش بخوا...))

شایەعە بە شەلە شەل بەڕێوەیە و لە هەموو جێیەکی زووتریش دێتە ماڵێ مە... پیرۆزە چاومان ڕوون... دەی بڵێ: ئێستا دەزانم ئەو هەموو فێس و ئیفادەیە لە کوێوە بووە! ئمم... ((ئێستاکەی وەختی ئەو قسانەیە، پوورێ!...)) دێڵە سەگ خانم!... دوو رۆژ نییە دایکە مردووە... بە خۆڕاییان نەگوتووە... ماڵ و بنەماڵەیان گوتووە-باوك و دایکایەتیان گوتووە. سەرەتا دەبێ بزانی لە کوێڕا دێی تا بزانی دەچیە کوێ- تا نەزانی لە کوێڕا دێی نازانی بۆ کوێ دەچی. باوکە بێدەرە تانەکەی بە گوریسی لە زەوی جودا نەدەبۆوە، بۆ خۆشی ناز و ئیفادەیەکی دەفرۆشێ کە ئەگەر نەیناسی پێت وادەبوو هەر بۆ کەیفەی دڵی خۆی خانم سبەینان تا رەتێ بە ئەسکەنجە بینی هەڵدەگرێ... دەك کوێر بیەوە دنیا!))

ئەوانە هەمووی دایکم لە ڕقان دەیگوتن. دەیگوت: (( ئاه، ئەوە من مردوو و ئێوە زیندوو... ئەگەر دوو چەپۆکی لەسەری خۆی نەدا تفێکی خەستم لەڕووی کەن- ئاه! ئەرێ، ئەوە ئێستا دەزانم ئەو هەموو ناز و خۆبادانە بەخۆڕایی نەبووە... خانم بۆنی کەبابی کردووە! بەخۆڕایی نییە ئەو گوڵ و گێل گێلانە بە بسکییەوە دەکات... ئمم! تازە ئەویش ئیدی بە بۆن تسی گەوران کەوتووە و ڕاهاتووە... بەڵام پەشێمانیش دەبێتەوە- جا دەیبینن، ئەگەر نەبۆوە! پێشینانی مەشتێکیان دەزانی کە دەیانگوت هەر منداڵێکی شەوێکی لە ماڵان مایەوە بە کەڵکی دایك و باوکی نایەتەوە- یەکێك منداڵە جوولەکێکی دزی، جوولەکە هات و کەوتە تکاو پاڕانەوە... کە سی تۆمانی دەدەم منداڵەکەم بۆ بێننەوە، چل تومانی دەدەم... سەد تومانی دەدەم، بەس ئەمشەو منداڵەکەم بۆ بێننەوە، دزە بە خەیاڵی ئەوەی کە بەیانی دووسەد تومانی دەداتێ، منداڵەکەی نەدایەوە. بۆ بەیانی جووە لە منداڵەکەی نەپرسییەوە. ئەوجا دزە بۆخۆی کەوتە دووی جووەی. گوتی: ((خواجە، بێنە سەد تومانەکەی بدە و منداڵەکەت ببەوە.)) جووە گوتی: ((بە حەزرەتی مووسا ئەگەر هەروا بە خۆڕاییش بمدەیتەوە نامەوێتەوە. منداڵێك کە شەوێکی لە ماڵان مایەوە ئیدی بە کەڵکی پیاوی نایەتەوە!...

ئەو قسەلۆکانەش هەروا لەخۆڕا نەبوون. ئێستا ئیدی ئەو گەرم و گوڕییەی جارانی نەما، ئیدی زۆر تێکەڵی ناو ژنان نەدەبوو. کە قسەوقسەلۆکیش داکەوتنەوە و گوڕوتێنێکیان تێگەڕایەوە ئیدی ئەو سۆزە دایکانەیەی جاران لە دڵ و دەروون و سەرو ڕووی ژناندا دەرهەق بەوی نەمان ڕووخسارەکان هەموو وەرگەڕان، کە لە پێشدا هەمووی هەر سۆز و بەزەیی بوو- ئێستا ئەو سەرنج و تێڕوانین و بەزەییانە، وەك ئی کەسێکن لە نەخۆشێکیەوە بڕا بن هیچ ئومێدێکی چاکبوونەوەیی لێنەکرێ.

-٧-

قسەوقسەلۆك گەرم بوو، خۆپێش بە قسانیش ناگیرێ. هەر هێندە بەسە وەك بەفرێ پارچەیەك لە لێوی کێوییەوە بترازێ و خلۆربێتەوە، جا وەرە بزانە دەبێتە چ هەرەسێك و چۆن هەرچی بیگاتێ، کاروانێك، دێیەك، کەسێك یا کەسانێك هەمووان ڕادەماڵێ و وەبن خۆیان دەدات. بیروباوەڕی خەڵکی زیاتر لەسەر قسەی سەرزاران بەندە و ڕاوەستاوە. خەڵکی بە قسانەوە ماون-ئەودەمیش وەك ئێستا-وەك هەمیشە- قسەیەکیان فڕیدەدا، و بە هەموولایەکیدا هەڵیدەدەن تا لەجێیەکی وەعەردی کەوێ... و ڕاپۆرت و لێکدانەوانی لەسەر بکەن. جاران لە ئێستا خراپتربوو- ئەو دەمی کەس نەبوو، دەستەو تاقمە نەبوون تا زەحمەتی بیرکردنەوە وەبەرخۆیان دەن و قسەوقسەلۆکان هەڵسەنگێنن و عەیاری ڕاستی و ناڕاستییەکەی بە مەحەکی ئەقڵ تاقیکەنەوە-ئەو دەمی محەك لە ئارادا نەبوو. کە دەستە و تاقمە داکەوتن و هاتنە ناوێ زۆربەی کارەکانیان لەباربرد. هەر تاقمە بەلای خۆیدا رادەکێشا و هەریەکە بە یاری خۆی هەڵدەگوت و تا دەورروبەریش هەناسەیەکی دەهاتەوەبەرێ، نەزانی و هەژاری هەزار داستان دەوروبەرەکەیان پیس و ژەهراوی دەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو هەموو بۆگەن و ژەهراوی بوونەش لووت و مێشکی کەسی نەدەزووراندەوە. هەموو، هەریەکە و لەلای خۆیەوە، شاد و شەنگوڵ بوو، قاقای پێکەنینی بڵاوبوو، خۆش بوو، ((پێکەنین)) بوو- گریانەکانیش هەروەتر، بەرز و بڵند و بڵاوبوون، گریان بوون، تاڵ بوون. بە ساڵداچووەکان ئەزموونێکیان هەبوو، داخی دڵی خۆیانیان لەدەست ڕۆژگار و ((ئەستەغفیروڵڵا)) وەپاڵ خودا و چاك و پیر انەوە دەدا. نا، نەك وەپاڵدان؟ نا، هەر ڕاست باوەڕی ڕووت بوو- ئەوە لایەنە ئەرێییەکانی ژیان بوو، کە هەرنەبێ بەلانی کەمەوە باوەڕێکی تێدابوو قنیاتی خەڵکەکەی دەدا. ((هێی، کوا ئەو تاعەت و خواپەرستیەی جاران، ئەدی کوا ئەو شەرم و شکۆ و ڕێز و حورمەتەی جاران چیان لێهات!...))



ولاوەکان هەروەکو لاوی ئێستا، جحێڵ و لاوبوون، و کوڕێنیان دەکرد، و گەورەترەکانیش دەیانزانی کە دنیا تا دێ بەرەو پیسی و ناپاکییە زیاترەوە دەچێ-بۆ ئەمەش هەریەکە و نیشانەی خۆی هەبوو و عەلاماتی لێ وەدەرکەوتبوو: لەك لەك نەهاتوونەوە، ڕۆیون! لە ((دەرماڵێ)) ماڵێ بابە سەییدا، ئاروێ (خەیار) هەموو گرمۆڵە گرمۆڵە بوونەوە، حاشا لەڕووی حازریان، هەر دەڵێی ((گونە بەرانن))! شتێکی دی، کەری خالۆ حەمە حوسێنی-پەرژین بێ لەڕووی حازریان- ((ئالۆش)) ببوو و بۆنی پێوەنەدەکرد.-هەر خەریکی نێرەکەران بوو و سواریان دەبوو و خۆی داویشتنێ و لێیان دەهات و خاوەن کەرەی بێنەوای سەرشۆڕ دەکرد. سەرەتا خەڵکی هێندەیان گوێ نەدەدایە: ((باشە، ئیدی، ئەوە گیانلەبەرە، کەرە، بەستەزمانە چووزانێ- کەر لێی ناگیرێ!)) بەڵام نا، دیتیان کە ئەو کەرە لە سنووری کەرایەتییەی تێپەڕاندووە و گەیووەتە قەڵەمڕەوی بەرهەڵدایە کەرانەوە! چ بەرچیغ و گۆچان و نەقیزەیەك هەبوو لەسەر و پۆتەڵاکی ئەو کەرەیدا نەشکێنن-کەچی عاری هەر نەنا و نەنا. ئەودەمی پزیشکییە دەروونناسییە ماڵاتی و ئەو جۆرە شتانە باویان نەبوو و دانەکەوتبوون، شیتەڵکارییەکی ئەگەر هەبایە هەر حەواڵەکردنێ جنێو و کیران بوو بۆ کەسوکاری کەرەی و کوتانەوەی سەروپۆتەڵاکی کەرەی و جاروبارەش پێك هەڵپڕژان و تیهەڵدانی خاوەن کەرەی بەرهەڵدا و ئالۆش بوو. پێکەنینەکانی خالۆ حەمە حوسێنیش لە هەزار جنێوی بە داك و خوشکان ناخۆشتر و خراپتر بوو. بەخۆ و بە کۆمەڵێك ریش و سمێڵەوە خۆی بەوەیەوە بادەدا و شانازی بەوەیەوە دەکرد: ((هە، کەرە سووری من!)) هە، ژەهرەمار! وەك بڵێ: ((هە، کوڕەکەی من-تێکوتە و تێ بڕەیە، لێدە مەغدیدە!))- کەرەسوور! کەرەسوور سەرت خوا، پیرەمێر دەی خەڵەفاو!)) دایکیشم بە ناڵە و نووکە نووکەوە دەیگوت: ((قوڵتە))کانی سەر دار چنارەکانی کەنار کانییە ژنانیش کە هیلانەیان دەکرد، هێلانەکانیان وەك کۆجیلەی قشتیلە بەسەری لقە چنارەکانەوە شۆڕدەبوونەوە، ئەوانیش ئەو ساڵ نەهاتوونەوە و دیار نین... ماشەڵڵا لە قودرەتی خودای، باوەڕکە پووڕە زینەتی گۆزەکەریش وای دروست نەدەکردن- ئەویش بە دەندووکێ، نەك بە دارساوێ! ئەوساڵ ئەوانیش نەهاتوونەوە- تووڕە بووون... بێنەوە چبکەن، باڵندەی بەستەزمان؟ بێنەوە لەو بڵندایییەڕا سەیری گوناه و خراپەکارییەکانی مە بکەن!؟

بەندوباو پەرەی گرتبوو و پێ بەپێی زۆری و بڵاوییە ویش گۆڕان بەسەر مێشك و بیر و حاڵ و باڵی ئەوانەشدا هاتبوو کە سەریان دەدووی ئەو بەندوباوانە نابوو. ڕاستییەکەشی ئەو بەندوباوانەش هەر بۆ ئەو شتانەن- تا کەسێك یا کەسانێك وشیار ببنەوە، یا ڕاست ببنەوە،

بجۆشین، یا بکۆشێن. کاریگەریەکەی زیاتر بۆ ئی دەوروبەرانە، تا دەگاتە ئەو کەسانەی کە بۆ خۆیان لەنێو گۆنگەڵەکەیدان، هەرچەندە ئەمانەش ناتوانن لە کاریگەرییە ئەو بەندوباوانە پارێزراو بن: جاری وایە بەلای ڕکەبەرایەتییەدا دەکەون و چوار ناڵە بە ڕێچکەی بەندوباوەکاندا تاو دەدەن و دەڕۆن، جاری واشە- زۆر بە دەگمەن- بەلای پەشێمانییەدا. لە بەسەرهات و ڕووداوی ئەوین و دڵدارییەدا بەندوباو پارەی ناکاو ئەویندار هەر بەلای گوێشیدا ناچێ. ئەوانە هەر دەگەڵ گەلێش نین، ونن، تێکداتواونەوە. ئەوانە ئەگەر بەندوباو و قسەوقسەلۆکان ببیستن پێیان خۆشە و چێژی لێدەکەن. ئەگەریش چێژی لێنەکەن ئەوە دەزانن کە ئەوەی لە بەراوان ڕاوەستاوە هەر لە ڕۆژی ئەزەلێوە گاڵتەیان بە ئەوین و دڵدارییە هاتووە، ئێستاش گاڵتەیان پێدێ...

گۆڕانێ بابە سۆفی بێ دەرەتان لە هەمووان دیارتر بوو. ئێستا مەگەر بەدەگمەن نەرمە خەندێکی کردبایە. لەگەڵ منداڵەکان توندتربوو- ئەو منداڵانەی کە جێی داکیشی بۆ گرتبوونەوە. ئێستا ئیدی مەیلی گۆشەی لاملی زیاتر بەرەو عەردی بوو و مەیلی نووکی ریشەکەشی بەرەولای هەنیایەوە بوو- وەك هەمیشەی خودای چاوی بە دوای پێشکەی موزاحیمەوە بێ. (٠پێشکەی موزاحیم)) کە مەکە مەکەی نەبوو. ئێستا وردە وردە کووڕیەکی لە کۆتاییە ملیەوە، لە نێوان هەردوو شانانەوە، لێ پەیدا بووە و سەری دەرێناوە و ((گرێبەند))ی پشتێندەکەشی بە قۆڵتی سینگیەوە توونددەکرد.

بەندوباو دەیگوت یەك و دووی لەگەڵ ئاغایدا کردووە و گوتوویەتی کە خودا بەرداری ئەو زوڵم و زۆرەی نییە، کچەکە هەتیووە، ڕۆژی قیامەتێ چ وەڵامێکی خودای دەداتەوە؟ و ئاغا هەروەك جاران گوتوویەتی کە ئەو وەڵامەی بۆ خۆی لێگەڕێ، دوایەش بە دەنگ و ئاوازێکی دڵ بزوێنەوە گوتوویەتی کە ئەویش دەزانێ کچەکە هەتیووە و خودا نەخواستە چاوی لە پاکییەوییەوە نییە، ئەوی بە بەشێك لە کەسوکار و خاوخێزانی خۆیان دەزانێ، لەم بابەتانە. دووبارە بەندوباو و قسە دەیانگوت کە بابە سۆفی، بابە سەییی بە تایبەتی بانگهێشت کردۆتە ماڵێ، ئەو کاتەی کە شیرین لای نیوە شەوێ لە ماڵێ ئاغایڕا دێتەوە تا چەند فەرمایشتێکانی لە بن گوێی بخوێنێ، وریای کاتەوە و بە پشتیوانییە خودا و هیممەت و بەرەکەتی چاك و پیران بیهێنێتەوە سەرخۆی)).

لەوەیدا کە چەند شەو بەر لە ئێستا بابە سەیی  بە تەنێ بانگهێشت کردبوو چ گومان نەبوون. دیارە ئەوە یەکێکە لە شتە سەیرەکانی گوندان، چونکە لە گوندان‌دا بە دەگمەن وا ڕێك دەکەوێ کەسێك یەکێکی بانگهێشتی نانخواردنێ کا بە تەنێ. بەڵام کەسیش نەیزانی چبووە و چیان گوتووە و چیان نەگوتووە.

ئەودەمی بەرد گرتنە شووشە پەنجەرەی ماڵێ یارێ یا پەنچەرکردنی ئۆتۆمبێلی ناحەز یا ناحەزان، یا میوانانی ماڵە یارێ باو نەبوو. شووشە پەنجەرە نەبوون تا کەس بەردیان تێگرێ، کەسیش (ئۆتومبیل))ی نەدیبوو، یەك دوو حاجی نەبێ کە چووبوونە شام و مەککە و مەدینان، کە شتی وایان دەگێڕایەوە، زیاتر وەك قسەی گەڕیدان دەچوون، ولا حەولە وەئیلا ماشەڵڵایان بە گوێگران دەردەفرتاند، لە دڵ و مێشکی کەسیشیاندا جێ نەدەبۆوە.

چەند ڕۆژێك لەمەوپێش دەنگی نارەتەی بابە سۆفی لە دێیدا بڵند بوو... دایکم گوتی: ((ئاه، ئاخیرەکەی تەقیەوە! بێ دەرەتانە ئیدی گەییە ئێسکانی... هەقیەتی وەڵڵاهی هەقیەتی، تاکەی ددان بە جەرگی خۆیدا بنێ! بێ دەرەتانە هات چاکەی بکا کەچی بووە کەباب! ((هەتیوباری خێری دوو حەجانی هەیە...!)) ئەگەر ڕاستت دەکرد بۆ خۆت بتگربایەتە خۆت، ئیدی گەیوەتە ئێسکانی... وەڵڵاهی هەقیەتی... کچەتیوە شۆڕشی ناوەتەوە- ئەستەغفیروڵڵا، خودایە تۆبە، ئەولیائوڵڵاش لەڕێ لادەدا، بەو هەموو ناز و خۆبادان و ورتە ورتی بن لێوانەوە... دارەکە کرمەکەی لە خۆیەتی، کچەتیوە بۆخۆی سووکە. بەو تریقە تریقەی ئەوە حاجییە ورگە هیچ، ئاسانە بابە سەییش لەڕێ لادەدا... کچەتیوە شەیتانی چۆتە دەکەولێیەوە)) و ئەوجا: ((ئەگەر دێڵە بەبایە گۆڵە سەگ دێ لە بەغدایە!)) (ئەوە بابم ئەوانەی بۆ شتی وێکچوو دەگوتن: ((نا ئیدی-تۆش خەریکی هەر قسەی خانمێ دەکەیەوە! کچی چاکە، جحێڵە، منداڵە- چاك دەبێ... جارێ ماویەتی. ئەگەر جحێل جحێڵییە نەکا چبکا؟ ئەو قسانەی هەموو لەزاری داکمەوە بیستبوون و بەچاوی دادەدانەوە...)

هەموو گوێمان ڕاداشت... بابە سۆفی کە تا ئێستا کەس قسەیەکی ناسکی لینەبیستبوو، جنێوی دەدان بەڵام چۆن جنێوێك!...

نا، جێنودان ڕوویان لە یەکێکی تایبەتی نەبوو. بە قسەی سەردەمیانی ئەوڕۆ ( To whom they may concern) بۆ ئەو کەسە بوو کە دەیگرتەوە، یا بۆ ئەو کەسەی بوو کە بەسەر خۆی هێنابایە. جا چ دەبوو بابایە! شیڕە شیڕ و نەڕە نەڕێکی گرتبۆوە ئەو سەری دیار نەبێ- ((داکێ وەی... بابی وەی... جا مەگەر وەبەردەستانم نەکەوێ شەرتە هەر بەو چەقووەی (بیلا تەشبی، حاشا لە ڕووی حازریان) قوزەکەی داکی هەڵدەتریشێنم!))

((ئای ی! پیرەمێردە شێت بووە! حەسەن لەسەرخۆ، بە ماتە ماتە برۆ، بزانە چ بووە، بۆ وا تێکچووە...))

بابم گەیبووە پشت دەرکێ، دیاربوو بەشە کۆتاییەکەی قسەکانی داکمی گوێ لێببوو، گوتی: ((بۆ کوێ؟)) گوتم بۆ هیچ کوێ. گوتی: ((نا، پێویست ناکا... وادیارە کەسێکی لە بێستانەکەی کەوتووە و کاڵەك و شووتی ڕنیوون.. و پیرەمێردەش ئاوری گرتووە...))

((ئەوە کام خوا نەناسێك؟)) ئاوازی قسەی دایکم بوو، یەکسەر بە هاوارییەوە چوو.

((چووزانم... بۆ خۆیان دەزانن...))

((وەکو کێ؟))

((ئێ، تۆش ئوسولّی دین دەپرسی- من چووزانم!))

دایکم هەروەك جارانی ئەو جۆرەکاتانە هیچی نەگوت، بابە ڕۆژی لێ تاریك بوو، لە ڕیش خوراندن و لە قوژبنی ژوور ڕامانەکەیڕا دیار بوو شتێکە- ئێمە) شارەزای ئەو بارودۆخ و حاڵەتانەی بووین.

هەندێکی لا ڕیشی خوراند، دوایەش وەك یەکێك پرسیاری کردبێ گوتی: ((ئمم- بەڵێ (وەك لەگەڵ خۆی بێ) لەوێڕا دێمەوە...)) ماڵێ ئاغای دەگوت.

((هاتبۆوە- کوڕی سۆفی ئەحمەدی- دەیگوت حەسەن بەراز و حاجییە ورگە بوون، کەس لەسەر بێستانی نەبوو، بەڵام ئەو- حەسەنی کوڕەکەی سۆفی- زۆر دوور نەبووە و لە دووڕ ڕا قەد و قەڵافەتی ناسیونەوە- حەسەن بەرازی لە بێستانێدا دیوە، کە داهاتۆتەوە و شووتی و کاڵەکی هەڵبڕیوون...))

((دیارە نەیوێراوە... دەیگوت هەر کە لە دووڕڕا ئەوی دیوە فیزماڵکی داوەتێ و تێی تەقاندووە... حاجییە ورگەشی هەر لەو دەمیدا لەو دەوروبەرانەدا دیوە...)) و ئەوجا دووبارە وەك لەگەڵە خۆی بێتەوە ((جارێ دیار نییە ئەوکارەی بۆ کردووە- ڕەنگە بۆیەشی چەقو پیداهێنابن، تا بزانێ گەیوون یانە نا... بەڵام دیسانەوە پیاو دەڵێ دەی باشە... ئەوە یەك دووێك قەیناکا، ئەدی پەنجا شەست دانە بۆ...!))

((خوا چاکەی بۆ نەکا خوایە! ئاغا چی گوت؟))

((هیچ، ئاغا چ بڵێ؟ حەسەن بەرازی بانگ کرد و لێی پرسی... ئەویش هەزار سوێند و قورئانی خوارد کە هەر ئاگاشی لێ نییە-ئاغا چ بڵێ؟ ئەگەر دەبێستانێیاندا گرتبایە ئەوە قسێکی دی بوو. کوڕی سۆفی ئەحمەدیش نەیتوانی سوێندێ بخوا کە ئەوبووە. دەڵێ هەر لە دوورەوە سێبەرێك، ڕەشاییەکی وەك قەد و قەڵافەتی حەسەن بەرازی بووە و بەوی چووە.



حەسەن بەرازیش سوێند و قورئانێ دەخوا کە پێی دەوێ نەناوە، لە قسەکانیشیدا وای دەردەخست کە دەبێ ڕەشە خەرامان بووبێ...))

((هی هی! سەرەبەنی ئەو گلۆڵەی درێژە... ئەوە سەرەتایەکەیەتی! چەتیوە وەك مانگا بە کەڵێ یەك گاڕانی وەدوو خۆی خستووە. ئاخیری ڕۆژێکی پیرمێردەش لەبن دەستوپێیان دەکەوێ...)) دیبووم، هەشت نۆ دە کەڵێك و دوو مانگا بە کەڵێکی دەکەوتن، مانگایە هەڵدەهات و کەڵەگایەکانیش بە غارەوە بەدوایەوە سەریان لە دوو دەنا، تا دوا هەناسە کێهەیان لە هەمووان پشوو درێژتر بایە، پێشی لەوانیدی دەگرتەوە، لێی دەهات-چونکە وادیارە تۆوی ئەوەی لە هەمووان چاکترە بۆ مانەوێ و بەردەوامییە- ئەو سەر لە دوونانەش جاری وابوو تا بەردەرکەی ماڵە یارێ دەچوو، جاری واش بوو کە دەرکی ماڵێ ئاوەڵابایە کتوپڕ چەند سەلکە گایەك لە دیوی ژوورێ پەیدا دەبوون و ئەوەی تێکشکاو و مردەڵەش بایە، ئەوە لەبن دەست و پێیان دەکەوت و لەو سەودایەی ئەوین و ئەویندارییەیدا لەگەڵ ئەوانەی ماڵێدا بە ساغی دەرنەدەچوو. بەهەر حاڵ، ئەوە سروشتی ئەشقە لەلای ئێمە بەلانی کەمەوە بێجگە لە دوولایەنی تێوەگلاوی ناو بەسەرهاتەکە، ئیدیش جا بەهەر جۆرێك بووبێ تێوەدەگلێنێ.

بازاڕی بەند و باو و قسەوقسەلۆکان سەرلەنوێ گەرم داهاتبۆوە-بازرگانی و ئاڵوگۆڕی هەوالان، بە قسەی خەڵکی بازاڕی، شیرینە. کچی پوورە حەلیمەی کە ئاوکێشی ماڵێ ئاغایە هێندە شتێکان دەڵێ کە دایکم و دایکەکانی دیش هەر ئەوەندەیە جووتە شاخێکی جوان دەرناکەن، هەرچەندە بەنا بەدڵیەوەش لێیان زیاد دەکرد کە دەیانزانی، هەر لە هەوەڵێشەوە گوتبوویان: ((نەمگوت! نەمگوت ئاه، من مردوو و ئێوە زیندوو! ئێستا خۆ دیدتان ئەو پرچەم لە ئاشی یا لەبەر تاوێ سپی نەکردووە!)) ڕووی دەمی ئەو درێژدادڕیەش لە دادە لاولاو و دادە نەرمێیە- سەروپرچ سپییەکان هەموو جارێکیش شتێك دەخەنە سەر ئەو ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوە و ریاکردنەوانەیان و دەڵێن کە: ((ئاه، خوا تەمەن درێژت کا... خۆ ئینسان ناکرێ هەموو قسێکی هەر بکا-خوا پێم نەگرێ دایکی خوالێخۆشبووشی هەر-گوێی لە دەنگم نەبێ- کەمێك سەر بە گۆبەندبوو. ئەویش وەختی خۆی تۆزێك سەربزێو بوو... زینەت، ئەگەر درۆ دەکەم بڵێ تف لەو ڕووەت، درۆ دەکەی!)) ((دوور لە ڕووی ئێوە، پوورە زلێخا- ئەوە چ فەرمایشتێکە دەفەرمووی! ئەز قەزا هەردوێنێ شەوێ بوو منیش هەر ئەو قسەیەم بە خوشکە کەوێ دەگوت... وەڵڵاهی چ بڵێم... ڕۆژگارێکی خراپە-خوا کچی وا نەداتە هیچ دایکێك!))

((هە، پیرەمێردە ویستی-پەرژین بێ- خۆی بنوێنێ- بۆنی کەبابیی کردبوو. ئیدی نەیدەزانی، حاشا لەڕووی حازریان، کەرێ داغ دەکەن! ویستی خۆ دەرخا و خۆهەڵنێ و بە بەردێکی دوو چوێلەکان بکوژێ: هەم چاکەیەك بۆ دنیا و قیامەتێی دابین و مسۆگەر بکات و هەم ژنێکی مفت و خۆڕایی بۆ مەحموودە زەردی کوڕیشی وەگیرکەوێ... پوورە زلێخا دەڵێن ئەو سەرینەی کە بۆخۆی سەری پێدەکا پڕە لە لیرەی عوسمانلی...))

((ئمم...وەڵڵاهی چ بڵێم... سەرم سوڕماوە... خودایە چمان بەو چاوە چوکەڵانەی خۆمان نەدیت! چەتیوە وەك لەتفنکی فیلی بەربووبێتەوە، زۆر بەخۆی ڕادەپەرمووێ و زۆر لەخۆی دڵنیایە... خوا لێخۆشبووی بابی گێزەری دەدیت وایدەزانی مریشکی ئاوەڕووت کراوە، ئێستاش لە بەربۆنی (کاستوری) —جۆرە سابوونێکی بۆنخۆشە- ناتوانی سەد هەنگاو کەمتری لێ نزیك ببیەوە... دەك بە قوربانی قودرەتت بم خوایە- هیچ کارێکت بێ حکیمەت نییە!...))

(دەڵێن ڕەشە خەرامانیش شتێکی دەبن سەریدایە ((کێ دەڵێ، دیار نییە)). ئەویش دەگەڵ حاجییە ورگە و حەسەن چڵکاو خۆریدا چاو بڕکێیەتی و سەرەتاتکێیان لەگەڵدا دەکا... دەك وێران و کاول بی دنیا- بەو قەد و فەوارەوەی، کە هەر دەڵێی ((کۆڵەوژ))ی تەندووڕێیە... بۆ یەك مسقاڵی گۆشت بە تەواوی ئەو لەش و بەدەنەوەیە، بە قودرەتی خودای نەء...!))

بیروڕای گشتی وەك هەمیشە-هەمیشەی هەموو جێیەك و لەو جۆرەکات و شتانەشدا-تا دەهات پێچکەکەی خێراتر دەسووڕا.

زێنەبێ کچێ پوور ئایشێ گوتبووی (بە کێ و لەکوێ، ئەوەش هەر دیار نەبوو، چونکە لەناو خەڵکی و ئاوا بە ئاشکرا نەیدەوێرا ئەو جۆرە شتانە بڵێ) گوتبووی بۆتە دەستەگوڵی ئاغای!...

(دایکم سەرێکی باداو گوتی: ((ئمم... خوای دەکرد هێندەی بۆن دەکرد چرچ و سیس و پیس دەبوو و فرێیدەدایە بن پێیان!،...))) گوتبووی چەتیوە دەڵێی کەرەو دڕکە زیت وەبن کلکێ داوە شمریشی پێ ناوەستێ و دەروەستی نایە... ئاغاش ڕووی دەداتێ. گوایە جارێکیان کە شووشە لامپایەکی دەشکێنێ و خانمێ گەورە لێی بە جواب دێ و پری دەداتێ، ئەویش ناهێنێ و نابا دەڵێ: ((چاکم کرد، بە قەستیم واکرد!...)) و دایکەکەش بە کوڕەکەی یانی بە ئاغایدا هەڵدەشاخێ و پێیدەڵێ کە ئەو کچەت کردۆتە کەڵەگای هەمووان و هێندەت ڕووداوەتێ کە هەر هێندەی ماوە بڵێ هەستە لەو جێیەی و با من بێمە جێیەکەت-و ئێستاش



هەموو دنیای پڕکردووە و دەیهەوێ منیش بگرێ- ئابڕووی پێ نەهێشتووین. و ئاغاش گوتوویەتی جارێ مندالە، چ نازانێ، خۆی چاك دەبێ، خانمێ گەورەش گوتوویەتییەوە: ((ئومم... مندالە... بەرگەی یەك فەوج عەسکەر دەگرێ... مندالە!؟)) و بە جۆش هاتووە، جارێکی دیش لە پێکداهاتنێکی دیدا گوتوویەتی-یانی دادەشیرین گوتوویەتی- کە، بەڵێ، چاك دەکەم، دەبمە ژنی... بۆ من چیم لە کچەکانی تۆ کەمترە!)) و خانمێ گەورە ئاوری گرتووە و تا خواردوویەتی لێیداوە... دیسانەوە دەنگۆیە کە بۆخۆشی لە کانییە ژنان، ئەو شتانەی هەر بۆ کیژۆکاڵ و دەستە خوشکە هاوتەمەنەکانی هەر باس کردووە، (کام؟- هەمدیس هەر دیار نەبوو کام کیژوکاڵ و دەستە خوشك؟ دیسانەوە کەس نەیدەزانی) ویستوویەتی دیقیان پێبکات، ئەوانیش وەك هەموو کیژ و کاڵانی هاوتەمەنی خۆیان لەو جۆرە حاڵ و باڵ و وەختانەدا کەڕکەڕ و پڕمە پڕم پێکەنیون- حەسودانە، بەتانە و تەشەرانەوە: ((تی تی تی! تی تی تی تی! هەروەك خۆی دەستیان لە زاریان ناوە، چاویان حیزکردوون و قاقایان لێداوە. ((خۆ، بەڵێ-ئەوانە چیان لەمن چاکترە... تای سەد خانمان دەکەم و سەد خانمیشم تێدەبێ!)) و هەمدیس پڕمەپڕمی دووبارەی پێکەنینێ. ((سەد خانمم تێدەبێ...!)) دایکم دەستی دەکەمەرێ نا.

((کچەتیوە لە هەوەڵێشەوە هەروا دڕ بوو! هەر لە سەروەختی منداڵیەشیەوە ئەو تی تی تی تی، هی هی هی هییە و ئەو ژەهرە مارەی هەر بەدەمیەوە بوو!))

بەڵام دادەشیرینیش ئێستا هەروەك بابە سۆفی زیاتر خۆی دەخواردەوە، هەرچەندە بە پێچەوانەی وییەوە کە هەمیشە مرچ و مۆن و گرژبوو، جارجارە چرای زەردەخەنێکی لەسەر لێوان هەڵدەکرد. بێدەرەتانە چبکا- ئێستا پێموایە- دەبوو ئەو چرایەی هەڵدات و خۆشیکا تا هەر نەبێ گیانەکەی نەژاکێ! دایکم دەیگوت ئەوە قوڕێ وەسەری شەرمێ دادەکا. ئەوانە نەڵێ دڵی دەتەقێ.

قسە هەمیشە لەسەر بابە و دۆزینەوە زانستی و کارکردەکانی دایکیشم کە بۆ پەسەندکردنی خەمل و تیۆرییەکانی خۆی و دەستنیشانکردنی هاوسەنگییە ڕاستی و درۆی قسە و قسەلۆك و بەند و باوان ئەوە وەخت و ناوەخت دەچووە ماڵێ ئاغای و لاقێکی هەر لەوێ بوو- هەمیشە و کاتی خودای ئیدی ئەوە هەر قسەو باس و پەیام هێنان و بردن و دەست لە ملدان و ئەرێ وەڵڵا و بەڵێ بوو- جاری وابوو قسەکان ئاواز و تام و بۆنێکی دڵسۆزانەیان بەخۆوە دەگرت و جارجارەش سۆزی گلەیی و دایکانەیان لێ دەتکایەوە، وەك پوورێکی کە قسان بۆ کچە خوشکەکەی سازکەن و قسانی پێوە بکەن و ئەویش بەدوای بەڵگە

و سەرچاوەی ئەوان قسانە بکەوێ. ((ئاه، بێدەرەتانە چبکا... جحێڵە...جحێڵ زوو هەڵدەخەڵەتێ-هەموو کەسێکی وەك خۆی پاك و بێگەرد دادەنێ. خودا چاکە بۆ ئەو کەسانە نەکا کە دەچنە بن کلێشەی ئەو جۆرە کچە بێ پەنایانەوە و لە خشتەیان دەبەن-خوایە خێریان نەیەتە رێ، ئیلاهی!)) هەموو دەیانزانی کە جحێڵە و دەشیانزانی کە جحێڵ سادە و ساکارە و هەمووان وەك خۆی دادەنێ و زوو بە پێداهەڵگوتنێدا هەڵدەخەڵەتێ، چێژ لەلالا و لی لی پیاوان دەبینێ، حەزی لێیانە، دڵی بەوەی خۆشە کە دڵ لە پیاوان بستێنێ و ببێتە جێ سەرنج و تێڕوانینی گەوران-بە تایبەتی ئەگەر گەورەکان ساڵی تەمەنیان هێندە هەڵکشاو نەبێ و قەیرە پیاو نەبن- و ژنان بەتایبەتی ئەوەیان دەزانی کە پیاوان هەمیشە ئافرەتی سەربەستیان لاپەسەندترە. ئاغاش بە گوێرەی خۆی جحێل بوو. و هەم ژن نەوازیش بوو- و شیك پۆش و خۆش قیافەش- بە قسەی دایکم بە برای بێ... بەڵام حەیف! یانی حەیف کە ئاغایە، کردەوە و گفتولفت و قسەی جێی متمانەی نییە. وێنەیەکی پێچەوانەی خوشکەکانی بوو-وەك کە دەیاندیتن: ئەگەر ئەوان ماینێ دەستەمۆ بوون، ئەویش بە قسان وەك دەڵێن ئەسپە بەڕەڵڵا بوو، ئەویش هەروەك کەرەکەی خاڵۆ حەمە حوسێن هەر سێبەری ماکەرێکی لە دووری فرسەخێکیەوە دیتبایە، دەستی دەکرد بە زەڕە زەڕێ...جا ئەوە چ جای کچۆڵەیەکی جوان و جحێڵ و پاکیزە...و لەش و لار و ئەندام رێك و پێك...

ئەو جۆرە کاتانە دادە شیرین هێندەی دی لەش و لار و ئەندام رێك و پێکتر دەبوو و تا دەهات زیاتری هەڵدەدا!

هەرچەند تا ئەو دەمی بەڵگەیەکی پەسەند دەربارەی قسەکانی خۆی-پەیوەند بەوەوە- نەدەکران لەوەی زیاتر کە دەیانگوت ژنەکەی- دایکی هەمان ئەو کوڕە گەورەیە- لەسەر جێگەی گیانەلا بووە کە ژنی دووەمی هێناوە، هیچ گوێی نەداوەتە ئەوەی کە ژنە بێچارە نەخۆشەکەی دەقی مەرگی کردووە و لە داخان مردووە، ئەو دەمانەی کەمەی هەڵدەدا و دەیخواردەوە و دەیگرت زۆر بە گاڵتە و ڕاشکاوییەوە گوتوویەتی هەرگیز خۆ ڕاناگرێ جێیەکەی-جێی ژنە مردووەکە- بە چۆڵی ببینێ، هەر بۆیەشە پێش ئەوەی ئەو بمرێ ئەو هەوەسی ژن هێنانە وێی هەستاوە- دەنا خوا هەڵناگرێ ژنێ چاك بووە، داوێن پاك بوو، زۆری لێ رازی بووە- رازی ئەوەی بووە کە چاوی بەجێ و بانە چۆڵەکەی هەڵنەهاتوتەوە و نەیتوانیوە جێیەکەی بە بەتاڵی ببینێ، ئەگەر ئێستا گیانی خوالێخۆش بوو ئاگای لەو کار و ئاکارانە بایە لە خۆشیان هەر نەدەسرەوت و ئەوانەی هەموو بە وەفا و ئەمەك و هەق ناسی دەزانین دەرهەق بەخۆی کە مێردەکەی لەگەڵی کردووە ئیدی شتی لەو بابەتانە-و ئەوجا پێکەنین))



باوکم کەم کەمە چاوەڕێی چاوکردنەوە و بەخۆداهاتنەوێی لەو کچە جحێڵ و هەرزەکارە دەکرد. وەبیرم دێ دەیگوت لە پیر و پێشینانەوە گوتوویانە: ((نە لە پێش گەوران و نە لە پاش ئێسترێوە نەڕۆی.) دیارە من ئەودەمی نەمدەزانی و تێ نەدەگەیشتم- ئێستاکە تێدەگەم دەزانم کە ئەو چاوەڕێییە زۆر لە ئەندازە بە دەرە- ئەویش لە کچێکی جوان و جحێڵ، کە بە قسەی هەمووان حەزی لێیە هەردەمەی لە باوەشی پیاوێکیدا بلاوێتەوە.

دایکم کەوتبووە هێما و ئاماژە و ڕەمز و ڕازەوە: ((بەڵێ بە لیلی...میلی... و لالەوە... تامارەکەی پێوە دەدا و هەڵدەدامسێ...)) لە بارێکدا کە جاران بۆ ئەمە لە وەڵامی قسەکانی بابەیدا دەیگوت: ((هەی هەی، ئەو نازان دەفرۆشێ و تۆش حیکمەت...)) و ئێستاش ئەوە ئاوا.

و خوشکەکان لە بنەوە بە دزییەوە پێدەکەنین، ئەو چاوی زەق دەکردنەوە و خۆی توورە دەکرد.

((زۆر چاکە، دەیبینین... ئاوس بوون بە دزییە و زان بە ئاشکرا...)) چەندە بە دزییەوە! زگە یەك مەتر هەڵدەستێ تازە بە دزییە!

((...کە لە کەف و کوڵ کەوت و دامردەوە و زگەکەی هەستا، ئەودەمی قوڕێ وەسەری دەکا، بە هەردوو چەپۆکان بە ئەژنۆی خۆیدا دەدا، ئاغایانیش تازە تێدەگەن کە مسکێن گیانیشی دەرێنی هەر مسکێنە! ئەودەمیش دەبێ منداڵە مسکێنی سڕگوم کەی- بۆ، چونکە ئاغا ئابڕووی دەچێ! ئەودەمیش تا لەماڵە مسکێن منداڵەکەیان سڕگوم نەبێ دەبێ نیوە شەوێکی شڕ و شاڵاتی لە پشتی کەر و گایان نێن و ماڵ و حاڵ و لانەی خۆیان بەجێ بێڵن و بارکەن و بڕۆن و پەڕاکەندە و دەربەدەری ئێر و ئەوێ بن...!))

ئەمە بەسەرهاتێکی هاکەزایی بوو، زۆر بە سادەیی ڕووی دەدا، هەر یەکێك لە کوڕانی گوندی-جا هەر دێیەك با- لە تەمەنی خۆیدا بەلانی کەمەوە جارێکی لەو جۆرە ڕووداوانە هەر دیبوو و دەدی. ڕووداوەکان وەك دووبارەی فلیمە تەلەفزیۆنییەکان وساڵێ دوو سێ جاران دووبارە دەبۆوە، لە گوند و دێهاتەکانی دەوروبەرێ، کە دید و بیستنیان بەلانی کەمەوە هاوبەش بوو و وێك دەچوون. لەو فلیمە دووپات بووەوانەشدا وەك هەر فلیمێکی دیکە ئاریشە و کێشەکە دوو جەمسەری ڕاستەقینەی هەبوو: کچ و کوڕ: ئەگەر لە بنەماڵەی ئاغای کچە مسکێن خراپ کردبایە، ئەوە کچە لە هەردوو سەرانەوە، لەناو مسکێن و لای ماڵە ئاغاشەوە هەر خەتابار و تاوانبار بوو. خۆ ئەگەر ماڵە ئاغاش هەوڵی لەناوبردنێیان نەدابایە، ئەوە بنەماڵەی خۆی هەبوون- بەتایبەتی ئەگەر برای هەبان- ئەوە ئارامیان نەدەما و تا لە ناویان

نەبردبایە دانەدەنیشتن و نەدەحەسانەوە. ئەوجا ئەو برایانە بە دزییەوە هێندێکیان شاتە شات و هێندێکیان خۆ دێنا و دەبرد و خەت و نیشانیان دەکێشان و ئەوجا کوڕ یا برا یا هەر خودی ئاغایان دەدایە بەر هەڕەشە و گوڕەشان و هەڕەشەی مردنییان لە هەمووان دەکرد، دوایەش... کە تێی ڕادەمان و بە وردیان بیر لێ دەکردەوە، جێبەجێکردنی هەڕەشە و پیلان و نەخشەیان دوادەخست و هەڵیان دەگرت و کاتێکی دیکەی ئایندە، نەخشەکە هەروا بە هەڵاوەسراوییەوە دەمایەوە و هەرگیز نەدەکەوتە سەر پێیان و دەبووە خشپەی بن دەوەنێ. بەڵام ئەگەر ئاریشەکە بە پێچەوانەوە بوایە و جێبەجێ کارانی نەخشەکە بنەماڵەی ماڵێ ئاغای بانایە، ئەوە کارەکە جۆرێکی دیکە بوو: ئاغاوات هەروەك باوبوو هەمیشە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەخشە ناچاریانە خۆیان لێ بە خاوەن دەزانی و خۆیان تێوەدەگلاند. و نەخشە و پیلانەکەیان زۆر زوو جێبەجێ دەکرد و کارەکەیان ئەنجام دەدا.

لە کورتییەی بێنینەوە، هەموو ئەو هات و بات و قسە و قسەڵۆکانە ئەوەبوون کە بە زمانی خوازە و مەجاز بلێین، دادەشیرین کەوبارێك بوو کە وردە وردە وەقوونە قوون هاتبوو و قنەی دەکرد، ڕەمەکیانە دەبوو باڵەفڕەی بکا و بفڕێ، ئاغاش جوڕڕە بازێك بوو کە ڕەمەکییەکەی-لەگەڵ ئەو ئەزموونانەشیدا- فەرمانی پێدەکرد کە کەوبارەکە بگرێ.

ئەمە شتێکی سروشتی بوو. کچ و کوڕ، ژن و پیاوی جحێڵ، هەروەك دوو جۆگەلەن کە لە دوو تەلانی بە تەك یەکەوە بێنەخوارێ، کە سەرەنجام لەبنی بنەوەی تەلانی هەر پێك دەگەنەوە. هاوسێیەتیش پەرژینێکی هەیە. هەر لە زووێکی زۆر زووەوە هەموو دیویانە و پەیان پێ بردووە کە کچ و کوڕی جحێڵ ئاگر و لۆکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەمیشە لە هەندێ شتدا کە پێی کچە مسکێنێکی تیوەچووبێ-هەمیشە کچەکە گوناهبار بووە...!

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەشق، بە گوێرەی ناساندن، گورگێکی برسی بوو کە لە هەی هەی هیچ شوانێکی نەدەترسا. شتێکی سەیرە ئەو ئەشقە... هیچ بەڵێن و پەیمان و یاسا و ڕێسایەکی نییە، گوێ بە هیچ فەرمانێك نادا، ناکەوێتە ژێر ڕکێفی هیچ شیکار و شرۆڤە و شیتەڵکارییەکەوە. دەڵێی ((ئاشقە)) یانی کە شێواوە، ئاڵۆزە، سەربەست و ئازادی حەوت مەملەکەتانە! لەڕاستیدا بۆ؟ شێتە؟-ڕەنگە. بلیمەت و زانایە؟- دەبێ. بەو حاڵەشەوە دەبینی هیچیان نییە- ئاشقە. کچە مسکێنە؟- باشە، ئاشقە. لای خانە؟- باشە، ئاشقە- ئاشق گوێی لەو قسانە نییە. سەیرەکە لەوەدایە کە بۆخۆشیان هەر نازانن چ قەوماوە و چ ڕوویداوە. لاو لاو یا مێوێ دەبینی... دەزانی ئەوە لاولاوە- ناسك، تورت... بەڵام سەیر دەکەی بەو ناسکی و شلکی و تورتیەیەوە، بێ هەست و نادیار، لە هەنگامی شەوێدا باڵای کردووە و



گەیوەتێ... پێنج ڕۆژ، دە ڕۆژ، مانگێك ڕادەبرێ، چاو هەڵدێنیەوە دەبینی گەورەبووە و پێگەیوە، بۆتە درەخت، چنگی لە هەموو جێیەکی درەخت و دیواران گیرکردووە و لێی نابێتەوە. قەدەکەی وا پتەو بووە کە چەقوش کاری تێناکا و تێی ناچێ و نایبڕێ!...

ڕاستە، ئاغا بە ئەزموونە: باغەوانی نەکردووە، بەڵام گوڵی زۆر چنیووە، بەو هەموو گوناهەشیەوە هەرگیز پاك نابێتەوە. ئەشقە، ئەشقیش دوو سەری هەیە-سەرێکیانی ئەوە. دەستە گوڵە، دەستە نبۆیە-باشە چبکا؟ دەبن پێیانیدا بپڵیشێنێتەوە؟-چاوەڕوانییەك و داوایەکی بێ جێیە... دەستەنبۆیە، بۆنخۆشە، بۆیە دروست بووە لووتێکی بلاوینێتەوە، ناتوانێ هۆی بوونی خۆی بەلاوەنێ... دەبێ یەکێك هەبێ دەستی بگرێ و بۆنی کا.

((دڵی لە ئاغای ستاندووە؟)) قسەی سەیر! دەیویست نەیەڵێ بیبا. ((دڵی داوەتە ئاغای!)) دەیهەویست لە دەستی نەدا و نەیدۆڕێنێ. یاری فرمێسك و سەرشکانی بەدواوەیە: یەکدەیباتەوە، یەك دەیدۆڕێنێ-لە حاڵێکدا کە ئەو دۆڕانەی کە دەیبینی تەنیا هەر دیاردەیەکی دەستکردە و هیچی دی: کەس هیچی نەدۆڕاندووە. ئەوە کەسانی دیکەن-وار وەرگرانن-کە بەدڵی خۆیان پێیان وایە بەڕکی هەردوو لایانیان بە تاڵ کردووە و هیچیان بۆ تێدا نەهێشتوونەوە.

هەندێکیش دەیانگوت. قسەی ئەشق و ئاشقیە نییە-قسە لەسەر ڕابوردن و بەرەڵڵاییەیە، ژنێکی کوشتووە (ئاغایان دەگوت) ژنی دووەمی هێناوەتەوە، ئێستا دەیهەوێ سێیەمیش بێنی- هەر قسە بوو- و لەو نێوەشدا دەستێکی بەسەری کچەشدا بێنێ- بۆ مەزەی ئارەقێ! ئەو قسانەش هەروا لەخۆوە نەبوو بەگوێرەی قسەی زانایان ڕاستییەکی ڕوونی تێدا بوو: خانەکان ئەو گەمانەیان زۆر بوون. من خۆم بەچاوی خۆم دیتم، وەبیرم دێ ساڵی هەزار و سێ سەدو بیست هەر کە حکوومەتی ڕەزا خان ڕوخا خانەکان پشتیان گەرمایی تێگەرایەوە و لە سڕیەیان ڕزگار بوو و تینێکیان هاتەوە بەرێ وەك تامەزرۆیان کە لە پڕ بگەنە سەر سفەرەیەکی پڕ و ئاوەدان کەوتنە ژن هێنانێ-کاریان بووە ژن هێنان و جلیتبازییە- وەك هەر چین و توێژێکی نەزانی بە حکوومەت و ئازادی گەیشتوو: بەسەر جێیەکیاندا دەدا، دەستێکیان پێدا دینا، ئەوەی لە ماڵە جوولەکە و موسوڵمانانیان وەگیرکەوتبایە دەیانکردە مەسرەفی شایی و لۆغانی ژن هێنانێ. جاری واش-لەڕاستیدا زۆربەی جاران-کاتێ کە مچ و مۆڵێك دەکاردا نەبایە بە کەمە پارەیەکی کەم کە ئەویشیان قەرزدەکرد دەهاتن ژنیان پێ دێنا- جاری واش بوو بە زۆرەملێ، تەنانەت وادەبوو کە نوێنی شەوی پەردەشیان بە قەرزدێنا، دوایەش نەیاندەدایەوە. ئەگەر زەماوەندەکەش لە شارێك یا شارۆچکەیەکی

تالآنكراو بەرێوەچووبایە، بووك و زاوایەتییەكەش لە شارێك یا شارۆچكەیەكی تالآنكراو بەرێوەچووبایە، بووك و زاوایەتییەكە بۆ سبەینێ دەگەڕانەوێدا هەرچی كەل و پەلی ماڵەخانە خوێی كە میوانداری كردبوون، دەبرد!... ئەمە پیشەی ئاغا ڕووتەكان بوو، ئاغای خاوەن موڵك و ماڵ دەست و دڵیان والآبوو.

بەو هەمووو گوناهانەوە قەت پاك نەدەبۆوە، هەر بەو جۆرەی كە دەیاندیت و دەیانگوت ئەویش ((دەردەدار و گرفتار)) بوو. لە هەڵس و كەوتیرا دیاربوو، ئەوەشی لەو پێك هەڵپڕژین و ڕووبەڕووبوونانەوەیدا كە لە ماڵێ لەگەڵ دایە خانمێدا هەبوون و لەو مەتەڵەك و تانە و تەشەرانەدا دیاربوو كە ئامۆزاكانی لێیان باردەكرد و دەیانهاویشتێ. ئاشق و ئەویندارانیش میللەتێكی سەرنجڕاكێشن: هەرچەندە قسان وەشێرن، هەرچەندێكی وریا بن و ئاگایان لەخۆبێ، كارەكان خراپتر دەكەن.

((بۆ كزەی دەروونیان وەك سیپاڵی نەوتاوی دوو ماڵ لەولاترەوە بۆن دەكەن!))

سەیرە! ئەوە قسەی دایكمە، ئەمەشی وەك لەخۆبایی بوونێك- بەسەر دادە شیرینێدا- بەجۆرێك دەگوتن كە یانی وامان سەیر نەكەن، ئێمە شتێكی دیكەین- ئێمە ئەمەین! بابە دەڵێ: ((مرۆڤ نابێ هێندە بەرزەفڕ بێ، چونكە لەوانەیە بكەوێتەوە و قاچی یا ملی بشكێ...))

بۆ؟ بۆ نابێ مرۆڤ چاوی لە بەرزییەوە بێ تا ئەگەر كەوتیش یەك دوو پلە بەرزتر بكەوێ؟ چونكە لەوەی هەر باشترە كە لە بنی بنەوە بێت و بكەوێتە بن دەستوپێیانەوە!...

بابە وەك ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە كە لە مێشكی خوشكەكاندا سەرەتاتێكێیان بوو درێژەی دایە: ((ئیدی هەر ئەوە نییە كە دوای یەك دوو پلان بكەوێ ئیدی ببڕێتەوە. كە كەوتی وادەكەوی تا قامی قیامەتێ هەڵنەستیەوە!))

دەو نێوەیدا دیارە كە دەزگای هوشیار دەرەوە هۆشیاریان هەرداوە... بەڵام كوا گوێی بیستنێ، كوا دەزگای وەرگر؟))... هەروەك رژێمێكیش (سیستەمێك) نەمابێ: كاری دەزگایەكان هەموو تێكچووە، تاقیگای كیمیاوی دەروون هەموو ئان و ساتێك  هەر لەكاردا بوو- هەروەك برا ژاپۆنییەكان: ئەم سیستەمێكی دروستدەكرد و دەیدایە لایەنێكی بوونی تۆ، بەیانییەكەشی هەڵوەشاندنەوەكەی دەدایە لایەكی دیكەت... یا بە لایەنی بەرامبەرت، دوو بەیانیش دیسانەوە بە یەكێكی دیكە، سێ سبەش بە...

كار لەوەی ترازابوو، (بە قسەی دایكم) كچەتیوە بەو حیلكە حیلكانەی هەزار تاڵە تانوپۆی نادیاری بە دەوری ئاغایدا تەنیبوو، رایدەكێشا· لەو راكێشان و هەوڵ و



تەقەڵڵایانەشدا، تاڵەكان لە دەست و پێی خۆی ئالآبوونەوە. هەردوو سەرە داوی تاڵەكان لە خاڵێكی هەستیاردا لێكیان دابوو، هەردووكیان لە ریبوونەوە، هەردووكیان هێندێكیان وزە وزكردبوو، هەندێكیان یەكتر هەڵمژیبوو، لە ویزە كەوتبوون-لە گۆشەی باریكەی كاردا بێ ویزە، بەڵام هەروا وشیار و بە ئاگا، لە بۆسەدا، وریا بوون... و وزە وزیان بوو، خەڵكی وزە وزەكەیانیان بە حیلكە حیلك و تریقە تریق لێكدەدایەوە- و سەیرەكەش لەوەدابوو كە ئەو دەنگانە بە گوێی هەردوو ((مێش و جاڵجاڵۆكە)) بە یەك ئەندازە خۆش و دڵەنگێزبوو. بەڵام بۆچوونی دایكم هەروا هەر یەك لایەنە بوو: ((كەڵە شاخی واتێنەگرتبوو كە هەروا زوو لێیكاتەوە..! هەی كچە تیوەی بەرهەڵدا بە كێوە بەندە كە سەماكەرەی خودایە!))

حاجییە ورگەی بێنەوا! لە دوورەوە سماقی دەجوێ و لە نزیكیشەوە خوێنی دڵی دەخواتەوە، كاریگەریە ئەو هاوسێیەتی و نزیكییە ناچارییەی وەك كاریگەرییە ڕووناكییە بوو. هەروەك چۆن ڕووناكی شتە كرێت و دزێوەكان ناشیرینتر و قێزەونتر و نەفرەتەنگێزتر پێشاندەدا. ئێستا حاجییە ورگە و داكێ ئاغات سەدجار لە جاران ناشیرینتر دەدیت. راستیان گوتووە كە ڕووناكی جوانترین شاكاری سروشتە... تاریكیش هەر- ئاخر تاریكی شێرەرەوەی دزێوی و ناشیرینییەكانە. ئای، چەند خۆش دەبوو ناشیرینییەكان هەمیشە هەر شاراوە بانایە! من بۆخۆم زیاتر شێت و شەیدای شاكاری دووەمی سروشتم-تاریكیم زیاتر خۆشدەوێ. ((رۆشنبیر))-((رۆشنایی بیر! ئێستا هەی تۆ بچۆ دەرسێ بخوێنە، چەپۆكێكی بەسەری خۆت و دووانیش بەسەری كتێبێكدادە-ئەنجامەكەی چییە؟-تا ناخی ناوەوەی ناشیرینییەكان و چۆنیەتییە ناپاكییەكان و تاریكییە مێشكی خۆت و كەسانی دیكە چاكتر و ڕوونتر ببینی! تا لە داخی دزێوییەكان تووشی شێرپەنجەی بی!... ئێستا ئەگەر ((زەین كوێر))بای- هەموو جێیەك و هەمووانت وەكو یەك دەدی-هەروەك تاریكی شەوێ. خۆت و كەسانی دیشت وەك ئەستێران لە دوورەوە دەدیت، درەوشاوە، بەڵام نەتێكدەر و نە مزاحیم... جوانە، تاریكی!

بابە سۆفی بێدەرەتان! وەك تووشی مۆتەكەی بووبێ- وەك بڵێی هەموو شتێكی بە چاوێكی دیكە و جیا لە گۆشە نیگای هەموو خەڵكی ئاواییەوە ببینێ... وەك خەونە ترسناكەكانی كە مرۆڤ دەیانبینێ... خەونی دەدیت، خۆی لە خەوێدا دەدیت مردبوو و لەگەڵ خەڵكیش راوەستابوو، سەیری تەرمی خۆی دەكرد، زگی بەخۆی دەسووتا... و ئەوە سەیربوو كە دڵگیریە خەڵكی زیاتر هەستپێدەكرد، دەیدیت ئەوەندەی كە ئیدیكە بۆ نیگەران و دڵگیرن، ئەو هێندە بۆ خۆی وانییە...

دەگەڵ ئەمانەشدا باری سەرنجی هەمووی هەر سەرگەردانی و چاوەڕوانیان لێوە دەتکایەوە...چرچ و لۆچییەکانی هەنیای ئێستا بە تەواوی قووڵ دیارن- هەروەك لۆچەکانی مووشە دەمەی ئاسنگەری. بەنێو چەوانێکی گرژ و روخسارێکی توندوتیژەوە. بەبێ ئارامی، بێ باوەڕیەوە، چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و دەنگوباسان بوو... و سەرەنجام دەنگوباس بەشێوەی قسە و قسەڵۆکان لە ئاواییە گەڕا...

بەڵێ، هەروەك سەرەنجام دەریا هەستابێ و شێت بووبێ و ئەو دوو لۆتکەیەی کە ماوەیەکی زۆر بوو لە کەناری دەریایە تاوەگاز بوون بردبوو. ئیدی ئەوە باس هەر باسی زەماوەندی ئاغا و دادەشیرینێ بوو!

- ٨ -

سالێك رابردبوو، دووبارە بەهار هاتبۆوە، بازاڕی چەك وەرگرتنەوەێ گەرم بوو، بەلام چەك هەر هەبوو-زیاتریش شەوانە. بەهار بەسەرچووبوو، هاوین هاتبوو، چەکدارانی ئاغا سەعید بەگیش یەك دووجاران هاتبوونەوە و چەکدارانی ئاغاش یەك دوو جاران چووبوونەوە شاری. هەردوو ئاغاش وەك جاران، هەروا بە کورتە نێوانێکی، یەك دوو جاران چووبوونەوە شاری، لێکیش دڕدۆنگ بوون و فەرماندەیی ساخلو ڕووی دابووە هەر دووکیان- و هەردووکیانی بە دەستە راستی خۆی دانابوون. ئەوانە ئەو شتانەیان دەهاتنەوێدا بەدەمی خۆیان باسدەکردن و دەیانگێڕانەوە. هەردوولا بەرتیل و مەرتیلیان دابوو، لە بەرامبەر فەرماندەیی ساخلو-و بەلای دەوڵەتیشەوە- هەردووك لایان خزمەتگوزار و گوێ لە مشت و پیاوی دەوڵەتی بوون و دەوڵەت پەرست، ئەو هەموو دڵسۆزی و دەوڵەت پەرستی و گوێ لە مشتیەشیان زۆر روون و ئاشکرابوو. هەردوو لایان دەگەڕانەوێیاندا لاف و گەزاف و ئیفادەی ئەوەیان لێدەدا کە بەڵێ وایان گوتووە، وایان کردووە و دەئایندەشدا وا دەڵێن و وا دەکەن تا وا بچێ- ئێستا ئەوە دەبینن و بۆ خۆشیان دەیانزانی کە بەو دەست و دیاری و بەرتیل و مەرتیلەی چۆنیان ماڵە خۆیان خانە خراپ کردووە. دوو دانگی ئاوایی ((خۆرئاوا)) لە رەهنێدا بوو و باسی ڕەهن کردنێ ((کانیی سپی))ش بەسەر زارانەوە بوو. مەحموود خانیش گوزەرانێکی وای نەبوو- گوندەکەی ویش هەر رەهنی حاجی عەزیزی ئاسنگەر بوو- چەك وەرگرتنەوەش بەنا شوکری نەبێ- بە دەردی دایە خانم دەڵێ- هەمووی بێ دەسەلات کردبوون. بەلام بەسەر خۆیان نەدەهێنا. وای بۆ ئەو رۆژەی کە مسکێن شەرمی بشکێ و رووی بکرێتەوە. مسکێن زۆر نانەجیبە. شەرمی رووانی لە چاواندا نییە... و مسکێن هەروا بێشەرمانە و-بە تەواوی بێ



ئابڕووییەوە- بە ئاشکرا بێڵی رادەوەشاند و دەسکەبێڵیشی حەواڵە دەکرد، بە ئاشکرا زەویی دەکێڵا و دوعای بۆ ئاغا و دەوڵەتی دەکرد، پاشملە و بە دزیەوەش هیچیانی بە گونی خۆشی دانەدەنان و ئەژداد و ئابادی دەردێنان.

هێشتا کلاوی پەهلەوی دانەکەوتبوو، دەوڵەت لە شارەکاندا هەبوو، لە کوردستانی عوسمانلیدا شەڕبوو-دەیانگوت کوردستان بۆتە عێراقی عەرەب، شێخ مەحموود هەروا لە شەڕدابوو- لەگەڵ ئینگلیز و عەرەباندا-جاروبار دەیکوتا، بەلام ئەو زیاتری دەخوارد و زۆرتری وێدەکەوت. فڕۆکەکانی ئینگلیزان جاروبارە لە ئاسمانی دێیەکەی مەش پەیدا دەبوون و وەدەر دەکەوتن... وەك دەیانگوت، شێخ لە دزلی بوو. وەك دەشیانگوت ڕەزا شاش لە تارانێی جێی خۆی لێ خۆش کردبوو و پاڵی دابۆوە... ڕەزا شا کوتەك وەشێن بوو-لەو کوتەك وەشێنە بەهادۆریانە!)) هەی، دایکت مەرگت نەبینێ! بەڕاستی گوێزە بانەکەتت حەرام نەکردووە!، ئەوانە قسەی چلکاو خۆرەکانی دەوڵەت بوون. سمایل ئاغای سمکۆی بێ دەسەلات کردبوو- گوتیان سمایل ئاغا دەخالەتی کردووە، گوتیشیان رەزا شا دڵی داوەتەوە و دڵنەوایی کردووە، کردوویەتییە فەرمانڕەوای شنۆیە... عەشایەر هەموو خۆشحاڵ و شاد و شەنگول بوون... بازرگانی لە شارەکاندا رەونەقی پەیداکردەوە. رێ و بانەکان کەم و زۆر دڵنیاییان لێ پەیدا بۆوە... حاجییەکان قەڵەو بوونەوە... حاجییە ورگە داغانە.

ئاغا میوانی هەبوو.

دادە شیرین بێ ئارام بوو، شتێك ئازاری دەدا، وەك سۆزەی بایەکی سارد کە دێت و پێوە دەدات، کەسیش ئاگای لێ نییە کە یەکێك لە پەنجەرەکان کراوەتەوە... بێ ئارامە، بەلام ئەم بێ ئارامییەی بێ ئارامی کەسێکی چاوەڕێیە کە چاوەڕێی ئازیزێکی بێ، هەمیشە چاوی لە تۆز و خۆڵی رێ و بانێوەیە، کە رۆیشتووەکەی، کەی دەگەڕێتەوە و دەگاتەوە جێ. پەنجەرەی دڵی خستۆتە سەر پشت و بە تەکیەوە چاو لەرێ، دانیشتووە. زەردەخەنەیەکی بەسەر غەمەکانیدا دابوو... سۆزەکە هەروا دێت و ئەویش لێی بێ ئاگایە... ئاه، کە چاوەڕوانی دەردێکی سەخت و گەورەیە!...

سەرەنجام چاوەڕوانییەکە تەواو بوو، تۆز و خۆڵی رێیە هەواڵی هاتنەوەی رۆیشتووی چاو لە رێیدا... ((ئایندە)) هات... بەلام...

ئاغا میوانی هەبوو ((کارەکەر)) یەکجار سەرقاڵ بوون، بۆنی برنجی دەمکردوو تەواوی گوندی گرتبۆوە. بەلام بە پێچەوانەی هەموو جێیەکی دیوەخان قەڵەبالغ نەبوو... هاتن و

چوون زۆر نەبوو. ئاغا مەحموودخان و تەنیا نۆکەر بوون-یەك سوار زیاتری لەگەڵە خۆیدا نەهێنابوو.

شەو بوو، نانیان خواردبوو، دایە خانم لەو سەرەوە دانیشتبوو، هەرچەندە سەر و خوارکردن لە بانیژەکەوە دیار نەبوو، خانمێ گەورەش لە هەر جێیەکی دانیشتبایە ئەوە باری لای سەرەوە بوو، لای سەرەوەی ئێستا لای قیبلەی بوو، و خانمێ گەورە پشت بە قیبلەوە دانیشتبوو... ئاغا مەحموود خان رووبەڕوو-و ئاغاش لە تەنیشتییەوە، خالۆ مرادیش بە خۆ و بە سمێڵە سپییە ئۆزبەکییەکەیەوە لە خوارێ، لە شوێنێك کە هێڵی نێوان ((دوو گرۆ))بوو- چوار مەشقی، لای سەرەوەی بەرز و لای خوارەوەی تەواوی نەوی دانیشتبوو، هەر دەتگوت ژنە ئاغایە هەندێکی بە کارتۆن و هەندێکی بە کۆنە پەڕۆیان هەندێکی هاویشتبووە سەر قەد و قەڵافەتی. ڕاوێژکاری ماڵێ ئاغای بوو: بۆرە خزمێکی دوور بوو، کوێخا مامی خانی خوالێخۆشبوو بوو. هەر بەو هۆیەشەوە ببووە راوێژکاری کاروباری ماڵێ، قسەی قەڵەو قەڵەوی دەکردن. تازە لە عێراقێ- لەلای کوڕەکەی- هاتبۆوە.

قسە و باس هەروەك جاران بوو: ڕەزا شا، شێخ مەحموود و سمایل ئاغا، رەهنی موڵك، بێ شەرمییە مسکێنی، بێ چاو و ڕوویە بەزاز و خەڵکی بازاڕی-و بەو دواییانەش باج و سەرانە. باج و سەرانەکە خراپ نەبوون. ئەوانە مسکێن دەیدان، ئاغا کۆی دەکردەوە. لەگەڵ کوێخای دادەنیشت و باجیان بۆ ماڵان دادەنا و بۆیان دەبڕینەوە و ئەویش وەریدەگرت و بە هەزار چەقە چەق و سوێند و ئایەتانەوە کە دەبێ بۆ خۆشی هێندێکی دییان باوێتە سەرێ و-ئەوجا بەرتیل و دەست و دیاریش ئەوە هەر هیچ بە قوربانی ئێوە- پێشکەشی دەکا ئەوجاریش هەر ڕوویان گرژ و مرچ و مۆن و تاڵ و ژارن...

((کچێ، چای بێنە!))

کچە چای هێنا، خانمێ گەورە دەستێکی بەسەر و رووی خۆیدا هێنابوو، سیخاری بە مۆدنە قونچك زەردە کارەباییەکەیەوە کردبوو. ((چەسپی)) خانمانەی- زۆر لەسەرەخۆی- لەمۆدنەکەدا، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

((باوانەکەم، نەتپرسیوە مامۆژن وا بەپەلە منی بۆچی داواکردووە- چ ئیشێکی پێمە!؟))

مەحموود خان، بەخدەی ئاغایەتییە، زۆر بە ئەدەبانەوە گوتی: ((ئەوە چ فەرمایشتێکە، مامۆژن دیارە هەر بۆیەی بووە فێرە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانم کەی... ئێوە لەجێی دایکمن-مامۆژنی گەورەن. کەمتەرخەمی لەمنەوە بووە -من شەرمەزارم- من هیچ نەبایە دەبوو هەفتەی جارێکی بۆ دەست ماچکردنێ هەر هاتبامایە، بەڵام بۆخۆتان دەزانن و لەنێو



ڕووداوەکاندان... بەداخەوە سەرقاڵی دەرفەتی نەداوە-و دەنا ئەوە هەر ئەرکی منە...)) و چاوەڕێ ما.

شیرین چای هێنا، سینییەکەی هەروا لەخوارێ لە پشت سەری خالۆ مراد خانییەوە دانا (ئەودەمی باو نەبوو چای بە سینییەوە بە بەردەمی میوانان‌دا بگێڕن تا میوان بۆخۆی چای هەڵگرێ-چایان لەبەردەمی میوانی دادەنا) لە پێشدا خانمێ گەورە، ئەوجا مەحموود خان، دوایی خالۆ مراد خان-و دوای هەموانیش، ئاغا. ئاغا سەری بۆ پێشەوە بەردابۆوە، ڕەش و شین ببۆوە. هەر چۆنێکی بوو، بە دەستی لەرزۆکەوە، چایەکەی لەپێش ئاغای دانا- پیاڵەکە لێی رژا، خانمێ گەورە پێکەنی... بەتانەوە!

مامۆژن گوتی: ((خۆ تۆ بێگانە نیت... هەروا دوێنێ و پێرێ بوو بە مراد خانم دەگوت بەناشوکری نەبێ رۆژگارێکی خراپە، سەردەمانێکی چەوت و چەوێڵە، بنەماڵەی مەش بەداخەوە خراپ لێك هەڵوەشاوە و پەرت و بڵاو بووە... ئەوە تۆ، بە هەموو گرفتاریەتەوە، ئەوە سەلیم، لەگەڵ تایەفەی قادر بەگی-منداڵەی بێ دەرەتان-بێکەس و بێ پشت و پەنا- تێکەوتووە، یەك ساتەوەختیش چاوێکی ئاسوودە لێك نانێ، دوور لە گیانی، هەر ساتەوەختێك چاوەڕێی هەواڵی مەرگیم... ئەوە ئێمەش بۆ خۆت دەزانی ئەو پیاوە هەردوولامان هەڵدەپەڕێنێ و وەسەمای خستووین)) ئەو پیاوە ئاغا سەعید بەگ بوو. ((تۆ ڕەنگە باوەڕ نەکەی، مەحموود-چونکە تۆ دایك نیت و ژانی دڵەڕاوکێی دایکان نازانی... رۆژێك نییە کە سوارێك یا پیادەیەك لە دێی تۆ ڕابیت و من بەندی دڵم نەپسێ... چبکەم، دایکم... تۆ لەلایەکەوە و عەبە لەلایەکەوە (عەبە ئاغای مە بوو)) تۆ وەرە بیربکەوە کاتێ کوڕە جحێڵەی ماڵێت دە زیندانێدا دەکوژن...)) چەند هەنیسکێکی بێ مایەی هاتنێ، مەحموود خان برۆی تێکنان، مراد خان دەستێکی بە سمێڵاندا هێنا، لەسەر پاژنان سووڕا.

((کوڕی جحێڵت... ئهو، ئهو..!)) ڕستەکە لە هەوایدا ڕاوەستا... شیرین هەر لەوێ بوو. بۆ لەوێ مابۆوە؟ چایەکەی دانابوو، دەبایە رۆیبایە، کەچی نەشرۆیشتبوو... خانمێ گەورە دەستەسڕەکەی لەبەر پشتێندێ دەرێنا، بۆ لای چاوی برد... و بە پەلە پڕووزەیەکەوە گوتی:

((خالۆ مرادخان... پاشماوەکەی.. تۆ بیلێ... من دڵم پڕە... ناتوانم... ئهو، ئهو..!)).

خالۆ مرادخان هەرچی قورساییەکی لەشی هەیە هاویشتییە سەر پاژنەی پێی راستی، دەست و تەزبیحیشی هاویشتنە سەر ئەژنۆیان... کەف وکوڵی دەروونێ خانمێ گەورە دامردبۆوە. خالۆ مرادخان لەجیاتی ئەوەی باسەکەی تەواوکات، سەرەتا دەستی بە چاکە و پیاوەتی و رێکی و ئاو دەنگیە تایەفە گەریەتییە کرد، نموونە و شاهێدی سەردەمی خانی

خوالێخۆشبووی دێنانەوە، زۆری لەو بارەیەوە گوت و گوتەوە، ئەوجا عەرزی کرد کە خانمێ گەورە بەتایبەتی بەتێ بینییە ئەم لایەنانە، هەر لەبەر هەندێش ئەو زەحمەتەی وەبەر (خان)ی داوە چونکە یەکەم هەروەك فەرموویان خان لەجێی کوڕەکەیەتی، دووەمیش ئێش و ئازاری لاق و لەتەری نەیتوانیوە بۆ خۆی بە خودی خۆی سوار بێت...

مەحموود خان گوتی: ((دیارە کە مامۆژن لەجێی داکمانە، ئەوە ئەرکی ئێمەیە بێینە خزمەتیان...))

((چای بێنە کچێ...))

کچە لەپڕ لەو هەوتییەی داچڵەکی... و دەیزانی کە نەدەبوو لەوێ بێ، کەچی لەوێش بوو و خانمێ گەورەش چ چاوی لێ زەق نەکردبوونەوە ڕۆیی... و دوای تاوێکی هاتەوە.

ئاغا هەروا سەری بەرداوە، هەروا هەر شین و رەش بوو... قسە گەیبوونە ئێرە: ((مامۆژن، ئێوە لەجێی داکمانن... هەرچی دەڵێن ئەمر دەفەرموون، ئێمە فەرمانەکانتانمان بەجێ گەیاندووە. ڕاستە کە رەعنا خوشکێ منە، بەڵام خۆ کچی ئێوەشە-ئێوە کەم لوتفیتان نواندووە. دەنا هەر هێندە بەس بوو وەڵامێکت دابایە، من خۆم کچەم سوار دەکرد، دەمناردە خزمەتتان- بۆ قەرەواشییە. کەم لوتفیتان فەرمووە...))

خالۆ مرادخان گوتی: ((پیرۆز بێ، ئیشالڵلا... بەخێر و خۆشی و سەلامەتی...))

خانمێ گەورە گوتی: ((بەخێر و خۆشی و پیرۆزی ئیشالڵلا... عەبە، ڕاستبەوە شانی مەحموودی ماچ کە!))

عەبە بە ناقایلییەوە هەستا، مەحموود خان بە گورجییەکەوە هەستایە پێوان، شانی یەکتریان ماچکرد، ئەوجا پێکەوە چوون و شانی خانمێ گەورەیان ماچکرد و خانمێ گەورەش نێوچەوانی ماچکردنەوە...

سەری دەگێژەوە هات، بەرچاوی تاریك بوو.. ئاغا تەنانەت هەر جارێکیشی نەڕوانیبوویە... نەیزانی چۆنا و چۆن و بە چ حاڵێکەوە هاتەوە ((مدبەقێ))... دڵی لە ژێڵڵا دەهات... وای خاکی دنیا، ئابڕوو چوونە ئەگەر سەری خات! پوورە ((گوڵبەدەن)) خەریکی پاشماوەی سینییەکان بوو کۆی دەکردنەوە و بۆ نۆکەر و کارەکەرانی لە دەوریان دەکرد.

((کچەکە، گندۆرەیان، دەوێ... هەستە ئەو گندۆرە گەورەی باوێ سەرسینییەکی و لەگەڵ ئەو چەقوەیدا بێنە...))

پاڵی بەلاشیپانی دەرکێوەدا. ((چەقوو؟))

((گوتم ئەو گندۆرە زلە... ئەوە تۆ چییە... نەخۆشی؟))



((نازانم، دەڵێی خەریکە بڕشێمەوە...))

((دەك خوا بمكوژێ... رەنگت بە ڕووانەوە نەماوە... چت بەخت کردووە؟... لێرە نەڕشێتەوە-تازەم خاوێن کردۆتەوە... هیچی وات خواردووە؟ دەبێ شتێکت هەر خواردبێ، یا سەرمات بووە! هەر دەڵێم هێندە چڵە و مڵەی مەخۆ... دیسانەوە ئارویی پاك کەوە و داپپاچەوە و توێکڵەکەی لە دەموچاوت خشێنە..!)) بە حاڵی حەڵوەلایە هاتەوە ماڵێ، تا ماڵێشیان-ماڵێ بابە سۆفی- ڕێیەك نەبوو.

بابە سۆفی بە ئاگابوو، پیرەمێردە بەسترابۆوە... خوا نەخواستە بەسترانەوەی ڕاستی، نا زۆر چوست و چالاك و گورج و گۆڵ بوو، بەڵام ((بەستراوەی)) وی بوو. مندالەکان لەسەر بێستانی دەنووستن، شەو و ڕۆژ لەوێ بوون، بابە سۆفیش ببووە ((بەستراوەی)) وی. هەرزاڵێکی لە گۆشەی لای ڕاستی حەسارێوە هەڵنابوو-بیانووی مانەوەشی لە ماڵێ ئەوە بوو گوایە بێستانەکە لە قەراغ ڕووبارێیە و شەوانە لەبەر سرمە سرمی بەرازان و هەبیا هووی ((پاسەوانان)) و تەنەکە و تەقە و ڕەقەی ئاسنەواڵی داهۆڵان و شێی ڕووبارێ نایەڵن خەوێکی ئاسوودەی بێتە چاوان. ((بەد بەختەی بێ دەرەتانە-عەجەب کەسب و کارێکی دیتەوە... خۆی کردە لینگە کەوشە کۆن و بەلاقی خانمێیەوە بەستەوە- خوایە بە دوورمان کەی... خانم تەنانەت پیاڵە ئاوێکیش چییە دەیداتە دەست ئەو پیرەمێردە بێنەوایە!)) ئەوە هەمووی بناشتێ ژنانی ئاوایی بوون... ((خانم)) بۆ خۆشی هەردەیزانی.

پاشماوەی ئەو گۆرانییەی کە هەر لە دەمی خۆرئاواوە لە دۆڵێدا وە غول غول کەوتبوو جارجارە تاك و توك، لەسەر نەرمەی باڵی (با)وە دەهات. جاری وابوو دڵدادە بوو هاواری لە کچەی دەبەست و بانگیدەکرد و دەیدواند، کە ڕێی، مەبەستی، عەلیاوایە و داوای لێدەکرد کە ئەسپەکەی بەرێتە لای وی بۆی ناڵ کات و لە ناڵی هەر پەلێکی لەجیاتی چوار بزماران چوار لیرەی بۆ لێدا. جاری واش بوو هەر دڵدادە دیسانەوە داد و بێدادی بوو لەدەست شەوێ و بەدەم هاوار و ناڵە و سکاڵاوە دەیگوت:

((دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
بۆ و دڵەی پڕ خەیاڵی من

عالەم سووتا لە ناڵەی من)) و لەولاشەوە ناڵەی شمشاڵی شوان عاشقانە و دەردەدارانە و شەیدایانە وەڵامی ئەو ناڵە ناڵانەیان دەدایەوە و مانگ سەری دەرێنابوو، لە پشت کێوییەوە بە حەسرەتەوە، وەك کچەتیوەڵەیەکی لە سەربانییەوە بە ترس و لەرزەوە لە بووکی ماڵە دراوسێیەکەیانەوە بڕوانێ-ڕەنگ لە ڕووان پەڕیو، لەولاشەوە دەنگی قسەو پێکەنینێ ماڵە

ئاغای کە لە بانیژەکەوە دەرژایە هەناوی تاریکییەوەو بە تاریکییە دڵان پێدەکەنی... بە تاریکییە دڵی وی... دەنگی چرکە چرکی سیسرکان و حەپە حەپی ناوە ناوەی سەگەل، هەموو دەنگەکانی شەویٚ و خوڕەی ئاوی خەرەندیٚ کە هەر کۆتایی نەدەهات و نەبوو.

مانگ دوایین پلە پەیژەی کێوی بڕیوە، سینگی بە لێواری کێویەوە ناوە و هێندەی نەماوە سەراوسەر بکەوێتە خەرەندێوە. بەو حاڵەشەوە لە نێوان لق و پۆپ و گەڵای دارانیشەوە دیارە کە لە ئاوی جۆی نێو دۆڵێدا، دوور لە چاوی پیس و ناپاکان ئەوە بەدزییەوە خۆی دەشوا. شنەی با جاروبارە پەردەی لادەدا تا سابوون، یا شانەیەکی بداتیٚ-یا هەر نەبیٚ پەشتە ماڵێك. لەش و لاری ماوەیەك دەبریسکایەوە- لە دوورەوە سپی، وەك کەفی سابوونیٚ... و مانگ کچانە، سەراسیمە پەردە لادەداتەوە و-دەچێتەوە جێیەکەی خۆی سەر لێوی کێوی، هەر هەڵی بۆ هەڵکەوێتەوە دووبارە دێتەوە... کێوەکانی بەرامبەریٚ بە دۆڵی ((ناوپلوسکان)) کە خۆی گرژومۆن کردووە، پێدەکەنیٚ، هەروەها بە تەپەی ((گڵە سپی))ش کە هێشتا جلە شۆڕاوەکانی کۆنەکردوونەوە... قوڕ بەسەر... هاوسێکان بگەنیٚ تا ئەو مێرددارییە بکا!

بابە سۆفی هیچی نەپرسی، ماڵەکان وردە وردە تا دەهات دەنوستن یا هەندێکیان هەردەمێك بوو نوستبوون- ئەو خۆی پیٚ لە ماڵە ئاغای پیٚ لە پێشتربوو لە دێیدا. بابە سۆفی لەسەرجێی ئانیشکی بەسەرینێوە دابوو- لەسەر لاکەلەکیٚ راکشابوو، ڕووی لەوی نەبوو. قسەی دەکرد، لەبارەی بێستانێوە، کە ئەگەر خوابیدا خراپ نییە و هەروا ئەوڕۆ سبەیەکیش بۆ خۆی دەچێتە شاری و پەنا بە خودای قەند و چا و ...دەکڕیٚ-ئەو پێویستی بە هیچ نییە؟ وردەواڵەی ژنانە ئەو با بۆ خۆی بچیٚ بیانکڕیٚ- ئەوانە کاری پیاوان نین-ئیشالڵا با ڕۆژێکی لەگەڵ مەحموودیدا بچیٚ و ئەگەر خەنەیەك، چووزانیٚ سابوونێك، دەرزییەك، دەزوێك، چی ویست بیکڕیٚ...

(٠پێڵاویٚ هەڵدەگرین بۆ پاییزیٚ، بە پشتیوانییە خودای... ئێستاش چ وەرزی کوڵەجەی نییەو... کراس و ئاوەڵ کراست هەن؟))

((هەنم، بابە گیان، ئەوانەی پار هێشتا هەر تازەن...))

پێیوابوو هەستی شتێکی کردبیٚ، واشی هەستدەکرد کە ئەو شتانە هەموو بۆ دڵدانەویٚ دەڵیٚ-دەیهەویٚ بیرنەکاتەوە، دەیهەویٚ باری غەمەکانی سووك کا.

ئاھ، ئەو بارە کێوێك بوو... کێوێك... کێو چۆن سووك دەبێت!

بەڵام بابە سۆفی دەزانیٚ کە جحێڵ خۆڕاگر و بەرگەگرە- دەزانیٚ، دیویەتی کە ناخۆشی و دەردەسەرییەکان زوو لەبیر دەکات... ئای، لاوی و لاوەتی- هەردەمە بە هەوایەك جحێڵ دەو



کات و ساتانەدا وەك بڕکی پێشوولە لێدراوە، هەر کە تۆزێکی لەش سووك بوو ئیدی لەنوێوە هەڵدەداتەوە و دەژیەتەوە... یا وەك درەختێکی سەرما ئەنگاوتبێتی و کروشمەی کردبیٚ و توێکڵەکەی فڕیدابیٚ، هەر لەگەڵ یەکەمین شنەبای بەهارێدا تەڕ و تازە دەبێتەوە. بەڵکە خواش بۆ خۆی ڕەحمیٚ بکا...

دڵ تێکەڵاتن و ژانەسەر و سەردەگێژەوە هاتنەکە نەمابوو، بەڵام ناو سەری هەروا دنگە دنگ و هاواری بوو- دەنگی دە گوێیەکاندا لوول دەخوارد... مێشکی بەتاڵ بوو- بۆ خۆی- و بوونیشی... هەردووکیان ڕەحەوا کەوتبوون و بەدەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە... نەرمە بایەك گەڵایەکی وشکی بە چەرخ و لوولانەوە بەرەو لای جێیەکەوە هێنا. ئایا ژیانی مرۆڤیش هەروەك ئەو گەڵا وشکەڵاتووە نییە، بەدەم باوە؟. لە هەوایدا، لەبەر تیشکی خۆرەتاویٚ، لە زەلکاویٚ، دەجۆیە پەنا گوندی، پلیشاوە و وەریو، لەبن پێیاندا... یا پەڕاکەندەی ئێر و ئەویٚ بەبیٚ خواست و بەبیٚ مەبەست؟ بە ئارەزووی بای؟ بۆ (با)ش ئارەزووی هەیە؟ بۆ خۆی گێژەدەی چ هەوەسێکە... هەوەسی خانمە گەورەی خۆی؟...

گێژ بوو، لەپڕ یەکاندەردوو گوتی: ((بابە گیان، هیچ هەیە ئەگەر ئەمنیش لەگەڵ کاکە مەحموود و کاکە حەسەنی لەسەر بێستانی بنووم؟...))

نەیزانی بۆ وای گوت... بەڵام هەردەبوو شتێکی بڵێتەوە.

((چۆن؟...))

((هیچ، هەروا پرسیم...)) و دڵنیابوو ئەگەر لەو دەمەیدا بابە سۆفی داوای لێکردبایە مێرد بە کاکە مەحموودی بکا، لێی ڕانەدەوەستا و قبووڵی دەکرد.

تێکرا بوو...

((بۆ ئیشت لەویٚ تەواو بووە؟...)) و بیٚ ئیختیار لەسەری ڕۆیی: ((سوپاس بۆ خوا-زۆر شوکر خودایە- هەزار هەزار جار شوکر..!)) و لەبەر تریفەی مانگیٚ چاوی تێبڕی، بەڵام شیرین ڕووی لەوی نەبوو...

((ئیدی ماندوو بووم...))

سەیرە ماندوو بووی! بە چاوی خۆت دیت، (٠ئەو)) خۆ هیچی نەگوت، ((ئەو)) تەنانەت سەرێکیشی بڵند نەکرد، ((ئەو))یش وەك تۆ ناڕەحەت بوو...نا، هێشتا تەواو نەبووە، ماویەتی... بە گۆڕی بابیان!...

((هەر چۆنێکت حەز لێیە، ڕۆڵە-ئێرە یا ئەوێ. چت لێ بشارمەوە بۆ خۆشم ئیدی لێرە وەڕەز بووم بە تەنێ. ڕەنگە ئەمنیش هەربێم... ئێستا بنوو، تا سبەینێ... بیرێکی لێدەکەینەوە...

بەیانی و دوو بەیانیش چ باسێك نەبوو... چوونە سەر بێستانی، ئیدی چ کارێکی وایان لە دێیدا نەبوو، لەوەی بەولاوە کە ڕۆژانە سەرێکی لە دێی هەڵێننەوە، تا بزانن ئەگەر بزنێك لەگەڵێ هەڵبڕابێ و نەچووبێتە دەرێ تا ماوەیەك ئالیکێکی لەپێش دانێن... و ئێوارانیش مالاتی بدۆشن- بەیانیان زوو پوورە زلێخا دەهات و مالاتی بەردەدا-یا ئەو شیرین- هاتبایەوە و ئاوێکی گەرم کردبایە و لەسەر تەندوورێ دەستێکی لەسەر و لەشی خۆی دابایە. بابە سۆفی و کوڕەکان وەك هەمیشە هاوینان لە چۆمی خۆیان دەشوشت... بۆ سبەی ئەو شەوە ئاغا و مەحموودخان پێکەوە چوونە شاری- قسە وابوون گوایە چوون جلکی بووکێ هەڵگرن. بازاڕی قسان گەرم بوو- و سەرچاوەی ئەو قسانەش خانمێ گەورە و دەوروبەرەکەی بوون.

((...کچەتیوە ئاوسە-گوڵبەدەن و ئیدیکەش بەچاوی خۆیان دیویانە... کە هێڵنجی هاتۆتێ و ڕشاوەتەوە..!))

((ئەی خوا بلێم چتان لێبکا، جانەوەرانی بێ بەزەیی! خۆ مسکێنی بە مرۆڤ نازانن، پێیان وایە لەگەڵ مالاتی تەڕەفن، وا دەزانن کچە مسکێن-پەرژین بێ- گوێلکە مێیە و هیچ هەست و نەستێکی نییە... دەك خوا زەلیلتان کا!...))

((ئەگەر خۆش لە خوای نەکەی ئەویش گوناهی نەبوو... کچەتیوە بە کەڵ هاتبوو و بە عالەمی ئاشکرا سواری پیاوی دەبوو!... پیاوەکە چ بکا-تۆش بای چت دەکرد؟... جارێك دووجار، دە جار- ئەویش ئەستەغفیروڵڵا خۆ وەلی خودای نییە-پیاوە ئیدی- خۆ تۆ بۆ خۆت پیاوان دەناسی، دۆڵ لێنەدراوە هەڵدەپەڕن... هەمدیس ڕەحمەت لە بابی دەنا دەبوایە لە پارو پێرارەوە ئاوس بایە...))

((ڕەشە خەرامانیشی هەر لێ تەکیوەتەوە...))

((باشە، دیارە... خواردنێك ورچ دەمی تێنابێ تۆ دەیخۆی؟ ئەویش وەك تۆ... نا، ئیدی بۆژۆبووە..!

((نەمگوت!... ئاخری و ئاقیبەتی دوو چەپۆکان بەسەری خۆیدا دەدا! ئێستا لە کوێیەتی جارێ ماوەیەتی..!))



((ئاخر بابە سۆفی بێچارە کچێکی لە خودای دەویست! ماشەڵڵا لە قودرەتێ خودای... باشە، وەڵڵا ئێستا خانم ئەوە نەوەیەکیشی دەکۆشێ هاویشت-زەنگوڵەی دارەبازەکەی هەر دانیشێ و گەمانی پێ بکا..!))

((ماشەڵڵا لە قودرەتت خودایە... هێندە ئارەزوومەند بی و بپاڕێیەوە... خوا کچێکت دەداتێ وەك ئەو کچەی بتچزێنێ- دەك خۆرە چەرەت لێکەوێ چ کچەکی!... ئەگەر ناتخورێ بنی ڕانی، چتداوە لە نانی شوانی..!))

لەسەر تاتەکانی تەنیشت پەرژینە زیپەکانی مەزرایە دانیشتووە، سەری لە نێوان هەردوو دەستەکانیەوە گرتووە... مەزرایەکە لەنێوەڕاستیدا، لە چەند جێیانەوە زەندۆڵ زەندۆڵ بووە و قەڵشیوە و هەر دەڵێی بە داو و دەزوو و بەنی ئەستوور درواوەتەوە و لێکدراوەتەوە.

لەبن کەپری بێستانێ دانیشتوون، ئەو و بابە سۆفی بەتەنێن...

((...کچەکەم ژیان وەك دەریایە وایە، لە کەنارییەوە وەستاوی، بەڵام هەر کاتێ پشتت تێکرد، ئیدی ئەوە نییە و نامێنێ. کاتێکیش کە ڕووت تێکردەوە، ئیدی ئەوە لەو زیاتر هیچ شتێکی دیکە بوونی نییە- لەویش زیاتر هیچ شتێکی دیکە نابینی...)) ئەوە بابە سۆفییە دەیهەوێ دڵی بداتەوە.

((مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە هەر پشت لە ژیان-ئەویش جحێڵ، کە تازە دەیەوێ بژیە-و خوداش هەر بۆیەی ئافەریدە کردووە بژیەت. ژیانیش بەشێکی هەر ئەو شتانەیە... ئەمانە گەند و گووی ژیانن... بۆ تۆ پێتوایە من ئەو قسە پڕ و پووچ و قۆڕانەی دەکرێن، نابیستم؟ بۆ نەمبیستۆتەوە کە تەنانەت گوتوویانە من بۆیەم تۆ هێناوەتە لای خۆم تا ژنێکی موفت و خوتو خۆڕاییم بۆ مەحموودی وەگیرکەوێ؟ ڕۆڵە، کچەکەم، من ئەمانە هەموو دەبیسمەوە-و دەبیستم... تۆ دەبێ بەخۆتدا بێیەوە، بزانی ئێمەت بە چۆن کەسێك دێتە پێش چاوان. تۆ ئێمەت واهاتۆتە بەرچاوان کە لە ماڵێ خۆم، کچێکی بێ پەنای وەك تۆم هەر بۆیە هێناوەتە بن باڵی خۆم تا بتدەمە مەحموودی کوڕم و مێرد بەوی بکەی؟- ئەوە هیچ لەوەی کە لەگەڵ مەحموودی نانی خوشك و برایەتییەتان پێکەوە خواردووە. باشە ئیدی... من گوناهی خەڵکانی دی ناشۆمەوە-دەزانم کاوێژی ئادەمیزاد هەر قسەیە، قسەش وەك زۆر شتی دی قەڵەو و لاوازی هەیە، چاك و خراپی هەیە. خوداوەند هەمووی وەك یەك دروستنەکردوون... بەڵام کچەکەم، تۆ گوێ مەدە ئەو قسانە، ئاگات لە کاروبار و ژیانی خۆت بێ. ئەگەر لە منیش دەپرسی من بەش بە حاڵی خۆم یەکجار زۆر خۆشحاڵم کە خودا ئاوڕی لێدایتەوە و سوپاس بۆ خوا تۆی لەو زەلکاو و قوڕ و لیتاوە دەرێنایەوە...

((ئاوی ناو دێراوە گندۆرەکان دا وەستاوە، مەحموود... ئاوەکەی راگوێزە سەر دێراوە شووتییەکان..!))

((..ئەوانە بە کەڵکی ئێمە و مانان نایەن، ئەوانە هەر بۆ خۆیان چاکن، ئێمەش بۆ خۆمان هەر کەسە بۆ دەستە و دایەرە و تیرە و تایەفەی خۆی هەر ئیشە و بۆ هاوڕەگەز و توخمی خۆی. هەر کەسە و تیرە و تایەفە و دەستە و تاقمی خۆی... خۆدەبینی-کوڕە گەورەکەی دەبینی- لەنێو تیرە و تایەفەی خۆشیاندا هەروا یەك پلە دوورتر یا نزیکتربن ئەوە جێی دانیشتن و ڕێز و ڕەفتاریشیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕێ و جیاوازە. من ناڵێم ئەوەیان چاکە یا ڕاستە، بەڵام باشە، ئەوان ژیانیان ئاواو هەروا هێناوە... ئەو دەبێ کچی فلان خان بێنێ- کچی فلانە مام، خوشکی فلانە ئامۆزا، هەر بۆ وەی کە ئەگەر سەعید بەگێك، چووزانم، زەهرەمار خانێك هات و تەقەیەکی کرد بۆ خۆی و هەموو دارودەستەکەی بێن و تەقەی بۆ بکەنەوە. من و تۆ و ئی وەك مەش چمان لەدەست دێ بۆی بکەین؟ ئەگەر یارمەتیشی بدەین لە دڵەوە نییە-من ڕاستیەکەی دەڵێم. ئەوانە گرێپێچی یەگدین، هەر شل ببنەوە دەکرێنەوە و ئیدی لێك دەترازێن و گرد نابنەوە-و ئەوەش دەزانن... ئێمەش ئەگەر هۆشێکمان هەبایە ئاوا دەبووین. لەگەڵ ئەو هەموو کەش و فشەشدا بە چ دەچێ کە کچۆڵەیەکی پاکی بێ گوناه لە نێو حەشیمەتێکی نامۆدا-وەك مرۆڤ سەیر نەکرێ و هەر بە چاوی قەرەواش و کارەکەرەوە تەماشا بکرێ- بێت و لەنێو ئەو ئاپۆڕەیەدا بژیەت؟-ئەو ژیانە ژیان نییە.. وەك دەڵێن هێڵەك لە کلکی سەی چێ نابێ، کچەکەم...)) دادە شیرین لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتبوو و سەری بەرەو پێش داخستبوو. باری سەرنج و ڕوانینی پەرت بوو. بەو جۆرە دانیشتن و سەر بەرەوپێش داخستن و سوور و شین هەڵگەڕانەشیەوە- ئاغا وازی لێنە دەهێنا و نەیدەهێشت بە ئاسوودەییەوە دانیشێ و هەمیشە-وەخت و ناوەخت- لە کەلێنێکی میشکیەوە، لەو سەری بێستانێوە، لە پەنا دا هۆلێوە و لە تەنیشت ریزەتەنەکە و وشکەکەڵەکی هەڵچنراوەوە و لەگەڵ هەر ورشە و نەرمە بایەکیدا هێندە بە سپایی چۆیلەکەی شێلو و (شلوێ) نەدەکرد، سەری وەدەر دێنا و یەکڕاست دەهات و لە چاوانییەوە ڕادەما. بابە سۆفی هەروا بە دوای قسەکانی خۆیەوە بوو و نەیبڕیبوونەوە: ((لەوانەیە لە دڵی خۆتدا بڵێی ئەگەر ئەوە ژیان نییە، باشە ئەدی ژیان چییە؟ ئەگەر لەمن دەپرسی ژیان هەر ژیانە-ژیان یانی کار، یانی هەمان ئەو گوڵە وردیلە-هەمان گوڵەستێرە- هەمان بڕکە ئاروێ و تەماتە چاندنە، ئاوی دەی و کەفراژووش بوو وەك دایکێکی زۆر چاك دانیشی و بژاری کەی، کە پاکیش بۆوە دانیشی و تێڕامێنی و بزانی چۆن گوڵێ دەکا و دەبێتەبەر... ژیان ئەوەیە. ئەو ژیانەش جەهەننەمە کە گوڵ و بڕکە



ئاروێ و تەماتەی لەغەم ڕەخسابن، بڕك وەك دەستە گوڵان بەڕووتەوە پێبکەنن، کەسانی دەوروبەرت بێن وەناویان کەون و هەمووان پێخوست کەن. هیچ دایکێکیش حەز ناکا گیان و تەنی منداڵەکەی وەبن پێیان درێ و خۆشی هەمیشەی خودای دڵەڕاوکەی ئەوەی بێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان زڕبرایەکی لە پەنایەکیەوە لەبەر تەماحی ماڵ و میراتی دنیایە گوللێکی لە قەپرغەی دات و جگەر گۆشەکەی بکوژێ. کچەکەم، تۆ ئێستا گەورەی، دیوتە، ئەگەر نەشتدیبێ بیستووتە... هەروا دوێنێ و پێرێ بوو کە هەر کە کوڕە لە زیندانێدا مرد زڕدایك و زڕخوشکەکانی خەنەیان گرتەوە و لەسەرو دەست و پەنجەیان گرت، و زڕبرایەکان هەڵپەڕین لە خۆشییان- خۆ، ئەوە لە خۆشیان بوو. خوا ڕەحمێ بە هەموو لایەکمان بکا... خوا ڕەحمی کرد... بە هەمووان... زیاتر بە تۆ... من هێندەم تەمەن دە دنیایەدا نەماوە... بەڵام کچەکەم ژیان ئەوەیە تۆ گوێ مەدە قسەی ئەم و ئەو و خەڵکی. خۆشت لە خەڵکی دوورە پەرێز مەگرە- خەڵکیش چاویان هەن و دەشبینن، ئەقڵیان هەیە و تێدەگەن و دەزانن... ڕۆژێك دوو ڕۆژ، دە ڕۆژ... ئاخری هەردەزانن. دنیا ئاخیر نەبووە، ڕۆژێك، دوو ڕۆژ- بەیانی، دوو بەیانی...))

بەیانی، دوو بەیانی، سێ بەیانی... ئاغا بەتەنێ لە شارێڕا هاتەوە.

((پیاوەکە شێت بووە- لە کەللەی داوە! ئەو بەختولنەسرەی بابە سەیی دەڵێ ڕاست هەوە، خۆیەتی... وەڵڵا هەزار ڕەحمەت لە بابی بەختولنەسری- ئەوە لەگەڵ تری خۆی شەڕیەتی!))

بابە گوتی: ((چۆن؟ چ باس هەبوون؟)) بۆ خۆشی تازە لە ((کانییە ڕەش))ێ هاتبۆوە، دەیویست هەروا سەرپێی نان و دۆیەکی بخوا و سەبیلێکی تێکا و بچێتە ماڵێ ئاغای.))

((وەك منداڵە وردەکان هەمیشە گڕووی دەگرێ... ئەوڕۆ لەسەر مێشێکی هەرا و زەنایەکی نایەوە مەپرسە، هەمووی-کارەکەر و نۆکەر- وەك کەرێ، تا دەتوانن کوتاون. هیچ کاتێ ئاوام نەدیبوو...))

((گوتت مێش؟ مێش بۆ؟))

((چووزانم-کەوتبووە نێو دۆی، مەحسووم دەیگوت چ جنێو و قسەی سووك نەماوە بە خانمێ گەورەی نەڵێ... گوتویەتی دەی چۆنت بڕیوە و چۆنیشت درویوە، ئاواشی لەبەرکە-بۆخۆتی لەگەڵدا بنوو... دەیگوت خانمێ گەورە فرمێسکی دادەباراندن، ئەمما چ فرمێسکێك-بە پانایییە دەموچاوانی!...))

((باشە، دەی ئەویشی لە پاڵ نەنوێ ئیدی هەن لە پاڵێدا بنوون-خۆ پیاو نەبڕاون- ئەولای دیش هەر لەوانە نییە پیاوی نەدیبن و نەزانێ دێگەڵە چەند ماڵە...))

((تۆ پێت وایە هەر بەڕاستی ڕاستی دەیویست کچەی بێنێ؟))

((خوا دەزانێ... کچە خۆش ڕوو و کراوەیە- ئەوانەش هەر حەزیان لەو جۆر و شتانەیە...))

((باشە، دەی ئێستا چ نەبووە- با ئەوەش بێنێ و ئەویدیش هەربێنێ. هەروا سووکە مارەییەکی بداتێ... دوایەش خوا کەریمە- هەیەتی!))

((هەیەتی؟ یەك دانگی دێیەکەی هەروا دوێنێ و پێرێ بوو ڕەهن کرد، دایە حاجی ڕەسووی...))

((دێیەکەی مە!)) دایکم چاوی زەق کردنەوە و شاق لە روومەتێ خۆیدا ((دەك خوا بمکوژێ!))

((بەڵێ، ئەم دێیەی مە... رابواردن پارەی گەرەکە، خانم، بەلانی کەمەوە، ئەگەر هەر هیچی نەوێ یالّڵا بە دووسەد تومەنی تەواو ببێت- ئەگەر تەواویش ببێت...))

((جا باشە بۆ ئەمە فەرز بوو؟... ئەوە کچەکە هەبوو، دەستبازییە خۆی لەگەڵدا دەکرد- ئەو ژن هێنانەی لەچی!...))

((هەوەس... تۆش زۆر پەرتی! ناچارە، ئەو پیاوە زۆری بۆ هێناوە ئەویش بە تەنێ دەروەستی نایە-لەشکری دەوێ، چەکداری دەوێ. مەسەلە هەر کچە نییە، بۆیە کچەی دێنێ تا براو چەکدارەکانیشی هەبن...))

((ئەدی ئەو هات و هاوار و دەنگ و زەنایە چییە ناویەتەوە-بۆتە دۆڵمەی لێك هەڵوەشاو...پیاوە، لەگەڵ خۆشی هەر بەشەڕ دێ! چاك بوو من نەبووم، دەنا دەستی لێ ڕاست کردبامایەوە بەڕوویدا دەهاتمەوە...))

((ئەو چەند رۆژانە تۆ هەولّدە زۆری لێ نزیك نەبی... چاك دەبێ... هەولّدە کەمتر بچیە وێ...))

((من کەی چووم! هەر بۆ خۆیان لە دوویان ناردووم... بەڵێ، زۆریشم پێخۆشە نەچم!... بۆ خۆیان دەنێرن...))

((نا، تۆش وەك هەموو ژنێکی حەزت لێیە سەرێکی دێر و دەوێ هەڵکەی و بزانی چ باسە. بەڵام ئەگەر بە گوێی من دەکەی کەمتر دەچی... تۆ وەك من نیت، من ناچارم... من گیرۆدەم. خودا لە بابی وەی خۆش نەبێ ئێرەی بۆمە دیتەوە-ئاوای ئێمە لە کاروکاسبی کرد...)) هەروەك بابەش دەیگوت زەماوەندەکە هەر ئەو رۆژانەدەکرێ.

هەروا زوو؟ بۆ مەگەر چبووە؟-هێشتا نەچوونەتە پێشێ و خوازبێنی نەکراوە..!))



((بۆ خوازبێنی کلك و شاخی هەن؟ ئەو پیاوەی لێرە بوو، ((داویەتی))-ئەویش هەر خوا خوایەتی زووی لە کۆڵ خۆ کاتەوە- ئەوە بەوی ناکرێ هەموو رۆژ و سەعاتێکی پیاوێکی لەسەر زڕ خوشکێ بکوژێ. تا ئێستا هەرچی بەرتیل و دەستو دیارییە بردوویەتی و داویەتی، کوڕەکەی لە زیندانێدا مرد... موڵکی هەموو رەهن کرد... تۆش دەڵێی تازە لە ئاشی دێیەوە...)) شەو درەنگانێك بابە لە ماڵێ ئاغایڕا هاتەوە. سەر و چاوی داتەپیوو مرچ و مۆن بوو- ماندوو، وەك تازە لە ڕێوە هاتبێ. شەو درەنگان بوو، بەڵام دایکم هەر چاوەڕێی هاتنەوێی بوو و نەنووستبوو. منیش هەروەتر. ئێستا ئیدی ئەمنیش دەهاتمە نێو قسەو باس و هەواڵانەوە، یانی گوێم لە قسان ڕادەگرت و گەیبوومە تەمەنێکی واجار جارێکان ریشی دە شتان وەردەم. دایکم یەك دوو جارانی گوتبوو: ((بڕۆ بنوو، کوڕم-ئەوە بابت درەنگ هاتەوە... تۆ نابێ هەر چاوەڕێی وی بی تا دێتەوە... سبەینێ هەزار کار و دەردەسەریمان هەیە- بڕۆ بنوو!)) بەڵام من هەر خۆم گنخاند...و بە قسەی وی لەو گوێیەمڕا دەهات و لەوەی دی دەچووە دەرێ... دایکم ئەو شووتیەی لە بێستانی بابە سۆفیم ڕا هێنابووەوە لەسەر سینییەکی تەنەکەیڕا هێنا و چەقووەکەی دایە دەست بابەی: ((بەشی کچەکان لەولای دانێ- با سبەینێ بیخۆن-)) کچەکان لەسەر هەرزاڵێ دەپرخەی خەوی شیریندا بوون. مانگ هێندەی کلکە بێڵێکی لە کێویەوە دوور بوو، کێوەکان نوستبوون، پارچەیەکی رەشیان بەسەر خۆدا هەڵکێشا بوو، کوندەبەبۆیەك لە گۆڕستانی پشت ماڵانەوە نەزگرەی بوو، حەپەی سەی شوانان لە دوورەوە هەواڵی بێدارییە پاسەوانانی پەزی دەدایەوە ئاوایی، و...ها هووی و دەنگی ها بیگرە، ها بەردەی شوانانیش هەواڵێکی دیکە بوون!...)) شووتییەکەمان خوارد، بابە بەدەستی پاڵێکی بە سینییەکەوە نایەوە-نیوێکی شووتییەکەی بۆ کچەکان دانابوو... ((بەزیادی کە!))

دایکم پاڵێکی بە سینییەکەوە نا بەرەو خوار هەرزاڵێوە، بابە وەك ئەسکوێی لە بنی دیزەی ماستی بگێڕێ سەری سەبیلەکەی دەبنی کیسە تووتنەکەی کوتا و تا ماوەیەکی بە هەڵتەکان هەڵتەکانێوە سەبیلەکەی دەرینایەوە و بە کەڵە پەنجەی کەوتە سوینەوەی تووتنی ناو سەرە سەبیلەکە و سفتی کرد و بە نەرمەی ناو لەپی ئەوجارەشی سوویەوە.

((ئای رۆژگار!... ئیدی وردە وردە دەبێ ئێمەش جل و بەرگ و پەڵاسمان کۆکەینەوە و لەو کاولە وێرانەی وەدەرکەوین و بڕۆین!))

دایکم گوێ قوڵاغ بوو-من زیاتر، بابە هەمووساڵێ ئەوەی دووبارە دەکردەوە و دەیگوتەوە- بەڵام ئەمساڵ ئەوە سێهەمین جاری بوو یا چوارەمین جار-و هەموو ساڵێکیش ئەو ڕۆینەی دەخستەوە ساڵێکی دوواتر- و دەماینەوە.

بابە وەك لەگەڵ خۆیدا بدوێ، چاوی بەلای هیچ کامێکمانەوە نەبوو، ((ئەگەر زانیمان هەڵنەسووڕا ((جوانەگا)) و ((نۆبن))ەکەی دەفرۆشین... ئەگەر زانیمان هەر تێینەبوو ئەوە تەگبیرێکی لە گوارەکانی تۆش دەکەین...)) دایکم بەخۆشی و ناخۆشییەوە نێوچەوانی تێکنا.

((دەیفرۆشین، بە پشتیوانییە خودای بارگەی تێکدەنێین و دەچینە ئێراقێ... نێرینە هەرچییەکی بێ نێرینەیە، هەرچۆنێکی بێ بەڕەی خۆی لە ئاوێ دەردێنێ، دەبێ ئاگامان لە مێینەکان بێ... ئەم وێرانەیە جێی دانیشتنێ نییە. من دەمەوێ لە جێیەکی بم هەر نەبێ جارێکی سەری ئاسوودەییە وەسەرینێ کەم-جا ئەودەمی دەمرم بابمرم، بەجەهەننەم!)) تا ئێرە قسەکان ئی پار و پێرار بوون، بۆیە کەس- دایکم- هیچی نەگوت: ((لە جێیەکی بم هەر نەبێ بەلانی کەمەوە بزانم کە ژن و ماڵ و منداڵەکانم ڕیسوا نابن و بۆ خۆم سووکایەتیم نایەتە سەرشانی. ئەوانە پێکەوە بابە کوشتەی یەکن و ئێمە دەبن پێیانەوە دەچین... ئێستا ئێمەش بووینەتە لایەنێك لەو داواکاری و دوژمنایەتیەیدا، هەر بینە زانیت ڕۆژێکی بێ سەر و شوێن چووین و لە ناویان بردین...)) و ئەوجا بێ سێ و دوو ڕووی لەمن کردەوە و گوتی: ((لەگەڵ تۆمە، کوڕە ئیدی ئەوە تۆ گەورەی-هێندەیان بەدەوروبەراندا مەیە و مەچوو، هەقت بەسەر شتانەوە نەبێ... نەچی وەك ژنان سەر دێرە و دەوێ هەڵکەی. ئیدی تۆ گەورەی، پیاوێکی. پیاویان پیاو گوتووە و ژنیان ژن. دەنا ڕۆژێکی دەبینی بەردێکیان بە لینگییەوە بەستووی و فڕێیانداویە چۆمیەوە، ئەودەمی بۆ خۆت هەر ماسییان بخۆ... ئەو ماسی گرتنەشت بەسە، چیدی مەچووە ماسییان!...))

دایکم وەك گوللە یان لە پشتی دابێ دەموچاوی ڕێ ڕێ بوو و تێکچڕژا- دەوەندە ڕووناکییەشمڕا هەر دەدیت.

بابە هەروا لە درێژەی قساندا گوتی: ((جا بەمەچی، بە گۆڕێ بابی هەرچی ڕەعنا خانم و پوور حەلیم و سەعیدیشەوەیە. با پیاوە بۆ خۆی بە جواب بێ. هەریەك دوو ڕۆژی دییە هەر بینە دیتت گوێیان گرت و تەمبێیان کرد... بەمەچی- ئێمە نە سەری سیرو نە قونچکی پیوازین. ئەوەی گندۆران بخوا دەبێ کوتەکانیش بژمێرێ، ئەوەی بچتە ماسییان قونیشی تەڕ دەبێ... ئێستا ئەوەتا من ناوێرم سەوەڕە ڕێیەك دوورتر بەلای ((خۆرئاوا))یدا ڕاببڕم. هە!)) و سەرێکی بادا.



بەڵام من لەو جارەی ((بەردە بووك))ێوە ماوەیەکی زۆربوو پوور حەلیم و ڕەعنا خانم نەدیبوونەوە. بە ناڕەزاییەکەوە گوتم: ((جا باشە من چیم کردووە؟ من هەقم چییە و چ ئیشم هەیە! لەمەودوا ناچمە ماسییانیش-بەولایەیدا هەر ناچم...))

بابە گوتی: ((باشە، ئەوەم بۆیە پێ گوتی ئاگات لە خۆت بێ... بەمە چی، بەگۆڕی بابی هەمووانیانەوە...)) و گرژ بوو: ((لەو نێوەیدا تێماوین!...))

دایکم گوتی: ((وەڵڵاهی چ بڵێم، مەگەر خوا بۆ خۆی ڕەحمێ بکا! وەڵڵاهی منیش بەو هەموو کارانەی کە بە سەرمدا کەوتوونەوە، هەر کە سەر وەسەرینێ دەکەم هەزار و یەك بیر و خەیاڵ و ختوورەم بەسەر و مێشکیدا دێ، خەوم لە چاوان دەزڕێنێ. بچینە کوێ؟ حەوت پشت ئەژداد و ئابادمان لێرە لەو کاولە وێرانەیدا بەجێ بێڵین بچینە کوێ؟ بچینە وڵاتی غەریبیان چ بکەین! ئەوێش هەروەك ئێرەیە- لە کوردستاناتەکەشی بەردی بە سەری هەر گوربە و سەیەکیدادەی ئاغا ڕووتەیەکە-توخم و تۆرەمەیان وەك توخم و تۆوی تەڕەتیزەیە بە هەموو جێیەکیدا بڵاوبوونەتەوە- ئەوێش هەروەك ئێرەیە. خۆ هەر نەبێ ئەوانەی ئێرە دەناسین و لەگەڵیان ڕاهاتووین-بەڵام لەوێ هەمیشە دەبێ هەر لەسەر هەست و گوێ قوڵاغ بین...))، دوایەش لەبن لێوانەوە ((خوا ئەو ژیانەی ببڕێ- ئەو ژیانەی کە ئێمە هەمانە!)) و پاش کەمێك ((ئەوە دیسان چبووە؟))

((دەتویست چ بێ؟ ئاغا بۆ خۆی بووکی بە دڵی نییە من و ئەوانەی وەك من خەتابارین. ئاغا خوشکێ گچکەی دەوێ ئەوەی لە کیشوەر خانمێ زڕداکی، تا بێجگە لە مەحموودخانی برایەکانی ئەویشی هەبن. کیشوەر خانمیش پێی خۆش نییە، بیانووشی هەیە. دەڵێ باو نییە خوشکێ گەورە لە ماڵێدا وەمێنێ و خوشکێ گچکە مێردی بکا- ئەوە سەر نزمییە بنەماڵەیە...))

((ئاه، کچەی کردۆتە بیانوو..!)) دایکم دیار بوو دڵی خۆش بوو، زەردەی بە لێوانەوە بوو. ((چووزانم، لەوانەیە ئەوەش بێ- بەرد زۆر و چوێلەکە زۆر. لەوانەشە هەر ئەو شتانەی ئێمە بیستوومانن ئەویش بیستبنیەوە... ڕەنگە لە دڵی خۆشیدا بیربکاتەوە باشە، ئێستا کێ ئەو ناچارە، کەم زیانەکەیان هەڵبژێرێ، جوانترەکەش... ئاخر وەك دەڵێن گوایە کچەش هێندە وانییە. کیشوەر خانمیش وەك تۆ دەڵێی، نایەوێ کچەکەی باوێتە بەردەستی ئەو ((نەسناس))ە دێوەزمەی.))

((کەواتە تۆ ئەوڕۆ بۆ هێندێ چووبووی؟... چت گوت، چیان گوت؟ ئەم کارە کاری پیاوان نییە-ئەوە دەبایە ئاقڵە ژنێکیان ناردبایە!))

((بەڵێ، هەر دەڵاڵیمان کەم بوو! تۆ ئیدی وردە وردە پەڕۆی شەوی زاوەیەتییەشمان بە شانیەوە دەدرووی!... گوایە ئەوان بۆ خۆیان لەنێو خۆیاندا ئەوانەیان لێك هەڵبڕیون و چارەیان کردوون-خانمێ گەورە هەروا بۆ بای باڵی خۆدانێ تا سەر چۆمی چووە، کیشوەر خانمیش لەولاوە بە پێشوازیەیەوە هاتووە... من بیستم، بۆ خۆم نەمدیتووە...))

بابە راستی دەکرد: چووبوونە سەیرانێ، بن داربییەکانی قەراغ ((گۆمەسپی))یە و لەوێیان مافوور و بەڕە ڕاخستوون و چایان لێناوە، تا دەمەو ئێوارێ...

((باشە ئەتۆ بۆ چووبووی؟...))

((چووبووم هەواڵێیان بدەمێ کە میوانیان هەن-ڕەییس ساخلو گوتوویەتی کە دەیهەوێ سەردانێکی بکات، ئەگەر کراش ڕاوە بەرازێکی پێکەوە بکەن... چووبووم هەواڵێ بدەم.))

(هەر هەمان ئەو ژنەشیان بە مل دادا-نا؟))

((بەڵێ، وەك ئەوەی کە...))

((نەمگوت!... سوبحانەڵلا، وەك بە دڵمداهاتبێت!...))

ئەوە قسەی بابەی بوو لە بەرامبەر ئەو هەواڵەی کە گەیبووە دێیەکەی مە، هەواڵەکە دەیگوت کە ڕەییس ساخلو و چەند خاوەن پلەوپایەیەکی دی لە ماڵێ ئاغا مەحموودخانی میوان بوون-ئاغای مەش لەوێ بووە-و دەیگوت کە ((کوڕەتیوە)) بۆ خۆ دەرخستنێ و خۆ بادانێ لەبەردەمی ڕەییس ساخلوی دەستیکردووە بە شاتە شات و هەراو زەنایە و پەنجەرەی ماڵێ خانی شکاندووە، دەگەڵ نۆکەرەکانی خانی لەبەریەك راچووە و سەری حەمە مێرووی ورد و خاش کردووە، بە فەرمانی ڕەییس ساخلوش کە بۆخۆی ئاگای لە هەرایەکە بووە دەست و پێیان بەستووە و تا بەیانی لە ئاغەڵی ماڵێ ئاغایاندا زیندانی کردووە و لەگەڵ بەیانیدا بە کەلەپچەکراوی نێردراوەتە ساخلوی! ((ئمم..!)) بە دڵ مەشغوولییەکەوە ((بەڕاستی خوا هەڵناگرێ ئەوەی ئەو نەخشە و پلانەی داناوە چاکی داناوە-سەرە کەرێکی نارێك بوو. ئێستا بێستان بێ سەرەکەرە... بەڵێ... ئەمەش ئاوا!))

هەواڵەکە تەنیا یەك لێکدانەوەی هەبوو: کە بەرتیل کاری خۆی کردووە، بەڵام سەعیدیش نەزانی کردووە، لەو دەمەی رۆژێدا و لەو شوێن و کاتەیدا نەدەبوو بە دەوروبەری ماڵێ ئاغایدا بخولێتەوە... بۆ بەیانی وردە هەواڵی دیکەی لێ پەیدابوون: کە دیارە پێشتر کەم و زۆر دیار بوون-لە ڕاستیدا هەر پەسەندییە ئەوەی پێشان بوون. گوتیان کە کاك سەعیدی بە ستەزمان بۆ نوێژی عەسرێ چۆتە مزگەوتێ- حەوزی مزگەوتێش هەروا بە ماڵێ ئاغایەوە نووساوە... بەڵێ، کە دەچێ، هێشتا نەگەیووەتە حەوزێ تووشی حەمە مێرووی دەبێ، حەمە



مێروو بێ سووچ و قەباحەت دایدێتێ و وەبەرمست و پێلەقانی دەدات. کاك سەعیدی بەستەزمان چەندێکی کە لێیدەدرێ دەنگێ ناکا... ژنانی ماڵێ ئاغاش ئەوە لە پەنجەرەیڕا سەیر دەکەن... کورتییەکەی، تا ئەوەی کە غیرەتی دەبزوێ و حەمە مێرووی دەپێچێتەوە، دەو دەمیدا بەردێك بەسەری حەمە مێرووی دەکەوێ و خوێن فیچقەی دەکا، نۆکەر دەگەنێ و حەمە مێرووی بە سەری شکاو و شەڵاڵی خوێنەوە دەبەنەوە بەردەمی خان و رەییس ساخلوی کە لەسەر بانیژەکەوە ئاگایان لە شەڕەکە بووە...

((پلان و نەخشەیەکی چاکت دانا- دەست خۆش!... ئێستا لەوێ چەند قومە ئاوێکی سارد دەخواتەوە و دێتەوە سەرەخۆ، تا کارەکە تەواو دەبێ!...))

ئاغا لە شاری بوو...

((ئەرێ تو خوداتان... ئەو کچە بێ چارە و بێ دەرەتانە هەقی ئەوەی نییە لەسەر تەندووری ماڵەخۆشی ئاوێکی گەرم کات و دەستێکی لە خۆیدا و لەشێکی خۆی بشوا... هەر لەبەر وەی کە هەمیشە چاوی (حاجی بەگ)ی بە دواوەیە و لێی نابێتەوە..!))

خەریکی نانخواردنێ بووین، من تازە- بەقسەی دایکم- لە لۆتیگەڕیەڕا دەهاتمەوە- تازە لە بەڕێکردنێ دادە شرینێڕا هاتبوومەوە.

بابە گوتی: ((تۆش زۆر سادە و ساکاری- جاری وایە قسەی وادەکەی منداڵێکی سێ ساڵانە نایکا... حاجی بەگ، حاجی بەگ سەگی کێیە! یارۆ بە بەردێکی دوو چۆلەکەی ئەنگاوتن... ئێستا خەیاڵی ئاسوودەیە، ئێستا ئیدی دەست و پێی پیاوەی وا لە توێکڵە گوێزێ نەناوە بتوانێ تەکانێ بدا- ئێستا ئیدی قوڕیش دەخوا...))

دایکم وەك هێشتا ئاگای لێنەبێ، هەر بەپێوەبوو، قاپە ماستەکەی هەروا بە دەستەوەبوو دەستی چەپەی بۆلای زاری بردبۆوە، دامابوو...

((یانی دەڵێی..!))

((ئێستا ئەتۆ ئەو ماستەی نەرێژی...بەڵێ، دەڵێم بە بەردێکی دوو چێلەکەی ئەنگاوتن: هەم کچەتیوەی ریسواکرد، هەم حەسەنیشی بە هەڵاتندا... حەسەنیش ((سەعە))ی کچەکەی بوو.

((ئاه...)) و زاری دایکم هەروا بە بەشی مایەوە.

قسەو باس دەیانگۆ کە دادە شیرین بە نیازی سەرشوشتنێ هاتۆتەوە گوندی و لەگەڵ حەسەنی بە تەنێ پێکەوە بووون، حاجییە ورگەش کە چاودێری حەسەنی بووە دیویەتی و هەواڵی داوەتە خانمێ گەورە و خانمێ گەورەش رەشید بەگە چێشتە و کەریم نەوبنی دەنێرێتە سەریان، حەسەن بە کۆلانەکەی بانیدا هەڵدێ و ئەوانیش دادە شیرینی بە رووت و قووتییەوە

دەگرن و دەیبەنە لای خانمێ گەورە، خانمێ گەورەش تفێکی لەڕووی دەکا، لە پێشدا دەیهەوێ هەروا بەڕووت و قووتی لەسەر پشتی کەرێی سوارکەن و بەناو دێیدا بگێڕن و بەردە بارانی کەن بەڵام بابە سەیی خۆی داوێتە سەرێ و بەهەر شێوەیەك بووە خانمێ گەورە رازی دەکا بە جلەوەی بگێڕن.

((ئێستا تێگەیشتی، زانیت، کە دوێنێ شەوێ و پێرێ شەوێ چم گوت! ئێرە جێی مە نییە... ئاگات لە کچەکانت بێ... ئەو شایی و رەشبەڵەك و مەشبەڵەکانە تووشی شتێکمان دەکەن. هێشتا ئاغا کەریم خان و ئاغا قادرخان هەن... حەسەن بەرازیش زۆرن- حەسەن بەرازان هەر لە داری بۆ کچی خەڵکی دادەتاشن... تۆش لە کانییە ژنان و ئەو جۆرە جێیانە هەر لەخۆوە هەڵمەدەیە و شەنەی تێ مەنێ- تۆزێکت ئاگا لەمە بێ... لەوانەیە ژنان لە داخان جنێو و منێوان بدەن- تۆ هەقت نەبێ...))

((ئاه تۆش، ڕاستییەکەی من هەر بەخۆ ناگرن!))-بە تووڕەییەکەوە.

لەسەر تاتە بەردەکانی تەنیشت پەرژینە زیبیەکەوە دانیشتبوو، سەری دەناو هەردوو دەستەکانییەوە نابوو-دڵی پڕو مێشکی بەتاڵ بوو...

خۆر لە پشتەوەی دابوو و ئەویش وە دوای سێبەری خۆی کەوتبوو، لەپڕ سێبەرەکە ون ببوو- و کەوتبووە دە قولاییە دۆڵێوە!... ئەو خۆرەی بۆخۆی دروستکردبوو کە سێبەرەکەی وەپێش خۆدا، دەنا ئاغا خۆر نەبوو...

لەسەر لاپاڵی چیای، باران قژە خۆڵەمێشییەکەی هەورانی دەشوشتنەوە و بە شانەیەکی زلە تاڵە تیشکەکانی خۆرەتاوەکەی لەودیوی شووشەی تەم گرتووی ئاسمانێوە دادێنا... خوارتر- لە دەشتێ- دەستی شنەبایەکی نەرمۆڵە پرچی هەورەکانی ئالۆز دەکرد و دەشت نەرم نەرمە دەگریا...

سۆزێکی سارد نینۆکی لە دەموچاویدا و دەستێکی کەوتە سەرشانی... لەجێی خۆی داچڵەکی و زریکاندی...

کاکە مەحموود بوو... هەستایە سەرپێ، سەری وەشانی کرد و لەگەڵ بارانێ دایدایە گریانێ.



## -٩-

کاتێکی ئەویان لە دێی وەدەرنا وردە وردە ئاش لە ئاوکەوتن دەرکەوت کە مەسەلەکە بەو جۆرە نەبوو کە کەوتبووە سەر زاران و بڵاوبۆوە. ئێستا، ئەوەتا کێشەکە وەك هەر بەسەرهاتێکی وەك وەی خەڵکی بە ئاخ و داخەوە یادی دەکەنەوە، سەروڕووی پیرو پەککەوتە و سەروپرچ سپییەکانیش هەموو گرژ و مرچ و مۆنن- بە هەرحاڵ ئەو هەرچی بێ یا بووبێ لە خۆیان بوو، بنەماڵەی ئاغا بێگانە. ئێستاش ئیدی ئەگەر لە کانییە ژنانڕا بێنەوە یا لە جێیەکی قۆمرغانەی بگرن یا پیرێژنێك هەرایەکی نابێتەوە، یا منداڵی یەکێکی نەخۆش بێ و سەردانی بکەن و هەریەکە داو دەرمانێکی بۆ وەبینێ، ئەوە باس و خواسەکە هەر ئەوەیە کە: ((خوا ئەوەی بەسەر کەس نەهێنێ، خوایە هیچ دایك و باوکێك ئەوەی بە چاوی خۆیان نەبینن! خودا سەبەبکاری کوێر و زەلیل کا! نەسناس-خانمێ گەورە- تۆڵەی کچەکانی خۆی لە منداڵی خەڵکی دەکاتەوە...)) ئەدی ئەو پیرەمێردە بەخۆ و بە گەزێك ریشەوە... بەلای خۆیەوە باوکیشە، یەك مێگەلە کچی لە ماڵێیە، دیارە وەجاغ زادەیە..!)) ئیدی لەو بابەتە قسانە و ((خوا زەلیلیان کا)) و ((خێریان نەیەتە ڕێ)) و لەو جۆرانەی دیش زۆر بوون. وەك هەمیشە هەروا بووبێ، ئێستاش هەروایە کە: کاتێ کەسێك زۆرییەکی لێدەکرێ و پێی کەل دەبێتەوە هەموو دەستەوەستان دەمێنن، ئەگەر بە ئاشکراش لایەنی زۆردار نەگرن ئەوە زۆر لێکراوە بەستەزمانە لێقەوماوەکە دەکەوێتە سەر زمانان و بن وردە مەتەڵەك و تانە و تەشەرانەوە. تا کاتێ ئەو بەستەزمانەیان بە تەواوەتی شوشتەوە، ئەوجا دێن دەم و لەوسی خۆیان دەسڕنەوە...)) و دەست بە ئەژنۆیان دادەدەن و غەم و حەسرەت و ئەفسوسان دەخۆن- یانی تازە هیچ، سەیرەکەش ئەوەیە کە هەموو دەیانزانی-یا هەموو دەشزانن. وای بۆ ئەو کاتەی کە بکەوێ- ئەودەمی دەزانی کە هەموو پێش بینیان کردبوو، دەیانزانی وادەبێ، هەموو هۆشداریان دابوو، گوێت نەدایە، دانە ساتای- و ئێستاش برۆ هەڵیگرەوە هەقی خۆتە..!

سەعە لە قشڵەیدا حەپسە، کەس و کاری چەند جارێکان چووون و هاتوونەوە، سۆز و بەڵێن و پەیمانەکانی میرزا عەبدوڵڵای عەتاریش تا ئێستا هیچیان لێ شین نەبۆتەوە... ((حەزرەتی ڕەییس بە لوتفن.)) ((حەزرەتی ڕەییس زۆر سەرقاڵن.)) ((حەزرەتی ڕەییس فەرموویانە پێی رادەگەن...)) میرزا عەبدوڵڵا فەرموویەتی گفتی لە ڕەییسی وەرگرتووە نەیداتە دیوانی جەنگ، هەر لەوێ لە جێی خۆی بەکارەکەی رابگەن. سەعید بەگی ئەرزوحاڵچی گوتوویەتی: ((بۆ ناردنێ، ناینێرێ، لێرە بۆ خۆی دادگای خۆی هەیە-دادگای خۆی هەیە- دادگای سەربازی. جێی بابە سەیی خاڵی ((مەحکەمە لەسەر کێشی مەزڵەمە-

لە ماددەی حکوومەتدا: حاکم یوحاکیم و موحاکەمەتەن-حاکیموهو- مەحکوموهو...)) دوو هەفتەیە بابە سەیی وەفاتی فەرمووە-((خودای لیٚ خۆش بیٚ!)) لەگەڵ مردووی هەموو لایەکی پیاوێکی چاك بوو، غەریقی رەحمەتیٚ خودای بیٚ!

داکیٚ سەعیدی ببووە جووتەی قەراوڵی قشڵەی. رۆژانە بەیانیان زوو دەڕوا، لەبەردەمی قەراوڵی بەر دەرکیٚ رادەوەستیٚ، ئیٚستا دادەنیشیٚ- و شەوانەش لەو سەرێڕا دێتەوە. رێی نادەن دەنا شەوانەش هەر لەویٚ دەبیٚ. بە ناشوکری نەبیٚ بەیانیان لەگەڵ کەڕی بەیانیدا دەڕوا بەلارە لارەوە رادەوەستیٚ، دەنا ئەوە لە دوورەوە بەرامبەر قەراوڵەکەی دادەنیشیٚ. چەندین جاریان دەرکردووە سەرەتا جەنابی سەرهەنگ چەند جارێکانی پڕ دابووە ئیٚشکگرەکە، بەرپرسی ئیٚشکگرەکانی بەندکرد، بەرپرسەکانیش چاویان لەوانەی خوار خۆیانەوە سوورکردنەوە و هەڕەشە و گوڕەشەیان لیٚکردن و پڕیان دانیٚ کە ((هەی پیاوی دەبەنگ، باشە تۆ لیٚرە گوو خۆری چی؟! باشە ئیٚوە لیٚرە چ گوویٚکتان دەخوارد؟!)) یەکیٚك بە رابوردوو و یەکیٚ بە ڕانەبوردوو، یەکیٚ بە تاك و یەکیٚ بە کۆ- بە هەموو شیٚوە کۆیەکان... و وەکیل باشییەکان سەربازیٚکیان راسپارد تا دووری خاتەوە... لە کۆڵیٚیان نا، بردیان. بەڵام نەك هەر سوودی نەبوو خراپتریش بوو. هەر کە دەستی وەکیل باشی دەگەیشتیٚ پیرێژن بەو پەڕپووتیەیەوە زریکەی وای لیٚدەدا هەر دەتگوت سەرمای زەمهەریریٚیە گوێی بەردی کەڕ دەکرد... باشە، دەی ئەلحوکمو لیللا، با هەر لەو دوورەوە راوەستیٚ یا دانیشیٚ...

یەکەمجار هەر کە دەنگی فیتەی شاوری پاسەوانی بڵند دەبوو و سەربازەکان لەبەردەرکیٚ ریز دەبوون و سەرەك پاسەوان سەربازێکی بانگ دەکرد تا پەڕۆیەکی بە چەکمەکانی دابیٚنیٚ، جەناب سەرهەنگیش بە سواری جوانووە ئەسپەکەتەکەیەوە لە دووڕڕا پەیدا دەبوو... پیرێژن خۆی رێك دەخستەوە و دەستیٚکی بەسەر و پۆتەڵاکی خۆیدا دێنا و چەند هەنگاوێکان دەچووە پیٚشیٚ، تا ڕکیٚفی ئەسپەکەی بگرێت و ماچی کا- ئەوە لەلای مە بۆ لانەوازییە خۆپیٚشاندانیٚ لە حاند گەورە پیاوان باوبوو. تا ئیٚستا دەستی نەگەیشتە ڕکیٚف و لیٚوی بەرچەکمەکەی نەکەوت...

ئیٚستا لەگەڵ جەناب سەرهەنگیدا بە تەواوەتی تیٚکەڵ بووە... سەرەك پاسەوان و وەکیل باشییەکان ڕوویان لەگەڵدا خۆشە، چوون هەر کە جەناب سەرهەنگ لە دوور ڕای دەبینیٚ چرای سەوزی زەردەخەنەیەکی تیٚدەگریٚ-ئەوەش کەم نییە. پیرێژنیش لە وەڵامی شەرمیٚونانەیدا، زۆر لانەوازانە، چاوەڕوانانە پیٚدەکەنییەوە. دەموچاوی پیرێژنیٚ هەر راست دەڵیٚی دەموچاوی ئەو پەیکەرە مۆمیانەی ئەم سەردەمەیە: زەرد و سپییەکی تیٚکەڵاو-زیاتر زەرد- ساف و لوس، بیٚ چرچ و لۆچ و پرچی یەکپارچە سپی (ژنە کورد لە تەمەنی هەوراز هەڵکشیودا تاس کڵاویٚ



لەسەر نانیٚن) دوو لیٚوی قەیتانی و دووچاوی رەشی وەك دووکەڵی کای، لووت و هەموو هیٚڵەکانی دەم و چاوی تا بڵیٚی ناسك و تەنك و جوان.

جەناب سەرهەنگ پیٚدەکەنیٚ، ئەو پیٚدەکەنیٚ... جاری وایە جەناب سەرهەنگ شتیٚکی دەڵیٚ کە ئەو هەر تیٚی ناگا، بۆخۆی قاقا پیٚدەکەنیٚ، ورگە زلەکەی کە دەڵیٚی جەواڵە و بە قەیاسەی شەتەك دراوە هەڵدەپەڕێنیٚ و بەرغەبابەی چەند جارێکان شۆڕ دەکاتەوە و هەڵدەکیٚشیٚتەوە... بەڵام ڕاناوەستیٚ! ئەویش هەندیٚك شتان بە زمانەکەی خۆی دەڵیٚتەوە کە جەناب سەرهەنگیش تیٚیناگا، ئەویش پیٚدەکەنیٚتەوە، بە کلکی ئەسپی جەناب سەرهەنگییەوە. ئەسپەکە لەبەر مامزەی رکیٚفی سوارەی کلکی بادەدا، ئەویش لەبەر ئازاری نەقیزەی دەردی دەروونی خۆڕادەژێنیٚ. هەر چەند جارێکان لە دوورەوە زەرفیٚکی لۆچاوی بە جەناب سەرهەنگی پیٚشاندەدا، بیٚ ئەوەی هیچیش بڵیٚ، جەناب سەرهەنگ بە سەربازە پاسەوانەکەی دا دەفەرمویٚ زەرفەکەی لیٚ وەرگریٚ و بیبا-سەربازەکە زەرفەکەی بۆ جەناب سەرهەنگی لیٚ وەردەگریٚ-و دەیبا، دەیداتە جەناب سەرهەنگی. جەناب سەرهەنگ زەرفەکە وەردەگریٚ، بەڵام کاغەزەکەی ناوی ناخوێنیٚتەوە. ئاخ ئەگەر دەیخوێندەوە-هەر دەر لە حاست بەر هەڵدای دەکرد!...

چەند قەراوڵیٚکیان بۆ دانابوو تا کاتیٚ کە جەناب سەرهەنگ تەشریف دەبەن نەهیٚڵن لەو جیٚیەی لیٚی دانیشتووە بجووڵیٚ. ئەو دانیشتووە، قەراوڵەکان بەپیٚوەن، دەست بۆ سەرەوە-وەك یەکیٚك لە تابلۆکانی بیکاسۆ-بەڵام لەبارێکی دیدا. ئیٚستا ئەویش بەشیٚکە لە سەربازە ریزبووەکانی بەردەرکیٚ، بەشیٚکە لە نان بگیرەکان... جەناب سەرهەنگ گوتوویەتی نانی رۆژانەی لە خواردنی سەربازەکان بدەنیٚ-خواردنیٚ وەریش دەگریٚ و وەریش ناگریٚ. سەرباز قسعەکەی دەبا-وە پیٚشی دەنیٚ- پیرێژن هەردوو دەستی دەبن هەنگڵیٚ ناون، ئەگەر حەوسەڵەیەکی هەبیٚ ئەوە خۆ ڕادەژێنیٚ.

سەربازەکە قسعەکە بە نانی سەربازییەوە لە تەك پیرێژنیٚ دادەنیٚ-نانەکە لەسەر قسعەکەیە... قسعەکە بەجیٚدیٚڵیٚ و دەڕوا- سەعاتیٚك دواتر دیٚتەوە... ((ئەوە هیٚشتا نەتخواردووە، دایکە!)) دایکە وەڵام ناداتەوە، سەربازەکە چیٚشتە ساردەکە یا پڵاو نیسکە ساردەکە بەنانەوە دەباتەوە... بە ناشکوری نەبیٚ ((بیروڕای گشتی))ش هەر پاڵپشتیٚکی نییە. ((قشڵە)) هەرچەندە لە ناوەڕاستی شاریشە بەشیٚك نییە لە شاری. خانوویٚکی دیٚر و هەرشەمی سەر تەپەیەکی شارییە-کۆنینە- بارەگای ئەمیرەکانی ئیختیار وردین، کە فەرمانڕەوای ناوچەکە بوون، هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلام و ئەولاتریشەوە. لەسەردەمی

خەلیفەی دووەمدایە کە بانە دەگیرێ، ئەمیری شوێنەکە بە دڵ و بە ڕەزامەندی خۆی ئایینی ئیسلام قبووڵدەکا و دەبێتە ((ئیختیار و ددین. ئیختیارو ددیینییەکان لق و پۆپی سەرەکی ڕۆژگاری ئەوان بەگزادە رووتەی ئەم سەردەمە بوون، سەیرەکەش ئەوەیە تا سەردەمی حکوومەتی ناسیرەددین شاش هەر فەمانڕەوای ناوچەکە بوون..!

((قشڵە)) نشیمەنگای فەرمانڕەوایانی ئەم خانەدانە بووە، بێژەی قشڵە تورکییە، گوایە مانای سەربازخانەیە-و یادگاری سەردەمی داگیرکردنی لەلایەن عوسمانییەکانەوەیە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا پێشتر ناوی (جێی سوڵتان) بووە، لەسەر تەپەکەشەوە باغێکی بوو کە پێیان گوتووە-باغی سوڵتان- کە ئەمڕۆ وێرانەیە و نەماوە.

-دایە بەیانیان و ئێواران سەعیدی دەبینێ-سەتڵ بە دەستەوە، لەگەڵ دوو قەراوڵان- بێ پشتێند، بێ مێزەر-ئەوا بەر دەرکی قشڵەی ئاوڕشێن دەکا. وای لە دایکت، دایکت بمرێ! یەکەمجار کە دیتی، وای نازانی چی لێ بەسەرهات. رایکرد سەتڵەکەی لێوەرگرێ و بۆ خۆی گەسکەکە لێدات و ئاوڕشێنەکە بکا- هەروەك جاران. بۆ قەت دەیهێشت کاری وا بکا- ئەو ئیشانە ئیشی پیاوان نین، ڕۆڵە! گەسك و ئاوڕشێن کاری ژنانە- ژنیان ژن گوتووەو پیاویش پیاو... وەی دایکت بمرێ- خۆزگە دەمردم و ئەوەم بە چاوی خۆم نەدیتبایە! گوایە چەند هەنگاوێکانیشی راکردووە... بەڵام، کافرانەی، شمرانە، نەیانهێشتووە. زریکاندوویە هەر نەیانهێشتووە. ئەدی ئەوە بۆ خۆشیان داکیان نینە؟- بۆ نیانە، هەیانە. بۆ مەگەر کاتێ کوڕە هەرمێ فرۆشەکەت لەسەر یەك هەرمێ و کابرای کاروانچی لەسەر تا بارە قەندێکی دەکوژن چ گوێیان لە دایکیەتی؟ ئەو سەربازیش هەروەتر، وە کەوی ئەو پێویستی بەوەی نییە و بە پێویستیشی نازانێ بێت بیر لە دایکی خەڵکی بکاتەوە، دایکانیش هەر بە پێویستی نازانن بیر لە دایکی ئەو بکەنەوە و دایکی ئەویان لەبیر بێ. راستە کە کوڕێك دەکوژرێ دایکان هەموو لەسەری دەگریەن. بەڵام ئایا راستە بۆ وی دەگریەن؟-نا، ئەوە ئازیز مردەی خۆیان وەبیر هاتۆتەوە. هەر لە منداڵییەوە کە حەکایەتت بۆ دەکرد هەمیشە هەر باب و باپیری وی بوو دەیکوشت و دەیبڕی، هەمیشە هەر ئەو بوو دوژمنی زۆر و زەوەند بوو، هەر ئەو بوو دەگرەواندا، خەنجەری لە خەنجەری هەمووان تیژتر بوو و نەتەنیا هەر لە کەڵاشیڕا دەڕۆیی لە پشتە پێی کابرای کەڵاش لە پێشی هەر سەر دەکرد- دە گرەوانتدا دەدیت! هەمیشە ئەوە هەر ئەسپی بەرامبەرەکەی دی بوو بەبێ سوار بەرەو گوندی دەبۆوە، هەمیشە هەر ماڵێ وی بوو دەسووتا، هەمیشە هەر ژن و منداڵی وی بوون بەدیل دەگیران و هەمیشەش ئەوە کوڕ یا مێرد یا شووبرای تۆ بوون ژن و کچەی کوژراوەکانیان لەخۆ مارە دەکردنەوە!...



نا، نەتگوتووە-هیچ کەسێك نەیگوتووە، هاودەردی هەر ئەوە بوو کە ((خوا بە دووری کا)) یانی هەر بۆ خۆت هاودەردی خۆت بی، دەنا سەبارەت ((بەو)) ئەو دەیزانی. کەمتەرخەم و گوناهبارکێ بوو، چ بوو، چییە کە ئەم سەربازە، ئەو ئەفسەرە، دایکێکی وەك تۆ ئاوا میهرەبان و وەك تۆ فیداکاری نەبێ کە ئێستا ئاوا پاڵ بەتۆوە دەنێ و ئاوا دڵ ڕەقانەت رەفتار دەگەڵدا دەکات؟- دایکێ وان نەیانگوتووە، گەورەکانیان هەر نەیانگوتووە کە نەگبەتی و گرفتاری و نەهامەتییە زۆربەی زۆری ئەم خەڵکە ((گەورەکان))ن. دەنا خۆ کوڕی تۆ جووتیارە، ئەو سەربازەش هەر جووتیارە، کوڕی تۆ بێستانەوانە، برای ئەو ئەمنیەش هەر بێستانەوانە-ئاوای سەیر مەکە. ئەویش لە ماڵە خۆی غەمی خراپییە بەرهەم و زۆردارییە خاوەن موڵکی و زۆردارییە دەوڵەتی و ئیجباری و زۆر تێگیراوی دیکەی وەك تێگیراوی کوڕەکەی تۆی هەیە. خێرا خێرا چەسپان لە سەبیلەی دەدا، دایکیشی وەك تۆ بەدەست زۆردارییە مالکیەوە زاڵەیەتی... ئەوانە کافر نین، شمریش نین. وایان لێهاتووە، وایان لێکردوون-کێ؟ کامانە؟- بۆ؟...

باشە دەی-ئەوانەش یەکێکیان هەیە لەبن گوێیان بخوێنێ، و بڵێ:

((ئەوەی دەبینی؟ ئەوە تورکە... تورك پیسن، خوێن خۆرن، لەولاشەوە ئەوە دایکێکی تورکە کە قسەی دایك و داپیرەی دووپات دەکاتەوە، بە کوڕەکەی دەڵێ: ((ئەوەی دەبینی؟ ئەوە فارسە، زۆردارە، ئەوەیە پێوەیداوی، هەر ئەوەشە حکوومەتیەت بەسەردا دەکات و هەرچی ناگوترێ پێت دەڵێ و ماڵت دەخوا.)) و هەر کە گەیشتنە یەکیش ئەوە لایەنی سێهەم دیار دەکەن و پێشانی یەکتری دەدەن و بە کوڕەکانتان دەڵێن: ((ئا ئەوەی دەیبینی کوردە... دڕەندەیە، ترسناکە... نەکەی لێی دڵنیابی و باوەڕی پێبکەی! لێتدەدات و مێشکت دەپژێنێ!)) ئەوە کێ ئەو قسانە دەکات و ئەمانە دەڵێ؟-ئیدی ئەوە تۆ و گەورەکانن ئەوانە دەڵێن- خودی خۆت و خودەکانی دی.

پیرێژن دادەنیشێ و بە چاوە تەپو تۆز و خۆڵ لێنیشتووەکەیەوە، کە دوور نییە جێیەکی واشیان بە چاکی پێ ببینێ، لە چاوی قەراولەکەیەوە رادەمێنێ. قەراوڵەکە دەگۆڕێ، یەکێکی دیکە دێ، لەویشەوە رادەمێنێ-و لە ئیشکگرەکانی دواییش هەروەتر. هەموویان پێدەکەنن، سەیرە! ئاغا سەعید بەگیش جاروبارە وەدەردەکەوێ و پەیدا دەبێ. ئەویش لە دوورەوەڕا پێدەکەنێ-وەك بڵێی ڕێی نزیك بوونەوێی نەبێ- جاری واشە هەر بۆ خۆی، خۆی گێل دەکا. شەو درەنگانێك- بە قسەی گەڕەکێ- دەوروبەری نوێژی خەوتنان- کوڕە چکۆڵەکەی پوورە

رابیعەی بە دوادا دێت. پیرێژن هەڵدەستێ و بە کوورە کوورەوە بەرەو لایماڵێ پوورە رابیعەیەوە دەچێ، لە گەڕەکێ خوارێ- تا بەیانی... مەلا بانگدانێ))...

سەعید ئەوە لە قشڵەیە.. شاییە، شایی رەعنا خانمێ...

دۆڵەنگێو هەروا زرمەیەتی، زوڕنا ژەنیش ئەوە فیقەیەتی، دەنگی زوڕنای لە نزیکیشەوە خۆشە. رەحمانە لۆتیان هێناوە-چاکترین و پشوودرێژترین زوڕنا ژەنی ناوچەکە. هێندەی یەك هێلکە مریشکان بای لە گووپی دەکا و لێیدەدا، بەڵام چۆن لێدانێك، بە هەوای زوڕنایەکەی دەگەڵ ئاوازەکەیدا، سەرو بەدەن و زوڕناکەی بەرەو ئاسمان، بەڕاست و چەپە و پێشەوەدا خۆبادەدا و هەڵدەسووڕێ. لە پێش دەرکێ ماڵە ئاغای ڕەشبەڵەکە-شاییان دابەستبوو.

مەنجەڵی گەورە گەورە و زلە زلەیان لەولاوەی شاییێوە بەسەر ناون، سینیی پڕ لە پشکۆیان بەسەردا کردوون... بۆنی برنجی دەم کێشا و ئەو ناوەی داگرتووە. حاجیە ورگە و ئەحە بەراز کلکی ئەسپەکانیان و ئەسپی ئاغای بە ئاوی برنجێ دەشۆن، تا هەم بریقەی بێ و هەم کلکی چاك بگرن... خوشکانی ئاغای جلی شاییەیان لەبەرکرووە، قۆندەرەیان سڕیونەوە و کلیان دە چاوان کێشاوە و سووراوێکی خەستیان لە سەر گۆنا و لاڕوومەتان داوە و لێویان سوور کردووە، بەو بەرموور و گێل گیلە و لەرزانە و سەدان سکەدراو و تەنتەنە و بەنبەنەی بێ نرخ و بەهاوەی کە بە سوخمەکانیانەوە کردوون، لەگەڵ ریزی گۆبەرۆکێ- هەر دەڵێی ئەسپی پێش قەتارێن هەر دەجووڵێنەوە دەیان هاڕەیان لێ بڵند دەبێتەوە... ژنە ئاغا لە هەر چوار دەوری خانمێ گەورە دانیشتوون و جگەران دەکێشن...

داکێ ئاغای لەناو پەنجەرەی دانیشتووە، قلیانێ دەکێشێ-قلیانی خانی خوالێخۆشبوو... قوڵ قوڵ قوڵ قوڵ! کوڵەجەیەکی مەخمەری جەرگی و کراسێکی ئاوریشمی سپی گوڵداری لەبەردایە. براکانی ئاغاش تازە لە کوورەی هاتوونە دەرێ-پێڵاو لە پێ-و پشتێندی چیت لە پشتێ، خەنجەر دەبەردا و تەزبیحی کارەبا بە مشتووی خەنجەرێوە. کچان و ژنانی ئاواییش دەستێکیان بەسەر و پرچی خۆیاندا هێناوە و لە دەستی جحێلاندا هەڵدەپەڕن-شەرمێونانە... ڕەشەخەرامان باری بردۆتە شاری...

((شاباش..! ماڵیاوا کاك رەحمان، نەمری برالە... شاباش!)) و دۆڵەنگێو دەهۆڵێ دادەکوتێتەوە و ریزەکە گەرم دادێنەوە و هەڵدەپەڕنەوە بەڵام چۆن! سەرچۆپی کێشیش، هەر چەند جارێکان، دادێتەوە و نووکی دەسماڵەکەی دەستی لە عەردی دەخشێنێ و هوویەکی دەکێشێ، راست دەبێتەوە خولێکی بە دەوری خۆیدا دەدات، هێندەی باسکێکی لەوەی تەنیشتییەوە جودا دەبێتەوە. ئارەقەی لە حەوت لای لەشیەوە سەری کردووە... ئاوازەکە



دەگۆڕێ-چەپەپییە. چەپەیی تایبەت بە ژنانە، بێ هەڵبەز هەڵبەز، زۆر نەرم و شل، وەك ئاوێك بە شنەبایەك بجووڵێ. کچان و ژنان، لەسەرخۆ، جوان، کەمەران بادەدەن و بە نەرموشلی دەلەنگن: پێیەکی هەڵدەهێننەوە- لە سەرەخۆ-پێیەکی دادەنێنەوە، نەرم لەگەڵ ئاوازی گۆرانی:

((ئەمان لەرزانە، ئەمان لەرزۆکە

پایە دابنێ، پایە بەرزۆکە))...

هەندێکیش لە جحێل و مەیان ساڵ و قەیرەکانیش کە حەز لە هەڵپەڕین و شایی لەسەرخۆ و نەرم و شل ناکەن لە شاییە دێنە دەرێ و لە پشتەوە رادەوەستن، قسان دەکەن، پێدەکەنن و سەیری هەنگاو و رێ رۆینێ شاییەکەی دەکەن- سوار چوون بووکێ بێنن...

خۆرەتاو گەیووەتە دامێنێ شاخەڕەشی، کە سوارێك بەغار لەسەری هەورازێوە سەر و رێیەڕا وەدیار دەکەوێ: هاتووە مژدانەی وەرگرێ. ئەسپەکەی کەفی هەڵداوە، ئارەقە لە هەنیای سوارەی دەتکێ-دیارە کە بە پێش هەمووان کەوتۆتەوە و هەمووی بەجێهێشتوون...

ئەسپی ئاغایان زین کردووە، ئەوانەی دیش هەروەتر، ئاغا دەبێ بەرەو پیری بووکێوە بچێ...

((ئێوە خەریکی بەزمی خۆتان بن!... ئەوە خانمێ گەورەیە، بە شاییکەران و دۆڵەنگێو و زوڕنا ژەنی دەڵێ، کە دەیانهەویست شاییەکەی تێکدەن...

ئاغا لە پلیکانان دێتە خوارێ، ئەحە بەراز ئەسپەکەی دەباتە پێشێ، رکێفی دەگرێ و ئاغا لەسەرخۆ و بە ساردییەکەوە،-وەك پێ لە میرووڵان نێ- بە سپایی سوار دەبێ. حاجییە ورگە و دوو سێ سواری دیکەی کە ماون ئەوانیش سوار دەبن. ئاغا جڵەوێ توند دەکاتەوە، زۆر لەسەرخۆ وەڕێ دەکەوێ. سەری بەرداوەتەوە، بێ ئەوەی سەیری ژن و ژاڵ و کچە مسکێنان بکا. ئەمە یەك لە پیاوەتییەکانیەتی-وەك ئاغای دیکە چاوان دێر و دەوێ هەڵناکا و ناگێڕێ... رووی گرژە- نێوچەوانی تێکناوە.

سوارەکان لە دەم هەورازییەوە وەدیار دەکەون- بووکیش، ئاغا دەچتە پێش، بووك هەروەتر دێتە پێش، ئەگەر هاتبا و زاوا مسکێن بایە دەچووە سەربانی و بۆ بەرەکەت و پیت و فەڕیە بەرهەم و خەلە و خەرمان و رەز و باغی، سێوێك، هەر مێیەك، هەنارێکی دەگرتە بووکێ. بووك هەروا دێتە پێش، لە ((گوێزە نینۆکەی)) پێکدەگەن، ئاغا ئەسپەکەی رادەگرێ، جڵەوکێشی ئەسپی بووکێش هەر رادەوەستێ. ئاغا شتێکی لە بەرکی دەردێنێ- کە دوایە زانیم شووشەی لەوەنتەی بووە- بەسەر زینیدا دەچەمێتەوە و ئەو عەتر و لەوەنتەیە، بەسەری

بووکێدا دەکا، سەری جەڵەوێ بادەداتەوە و شان بە شانی بووکێ بەلای راستدا دەسووڕێتەوە. قالە نارنج پشتا و پشت لەسەر پشتێ ئەسپی دانیشتووە، ئاوێنەیەکی گەورەی درێژی بەرامبەر بە بووکێ راگرتووە، حەمە رەحیمیش جەڵەوکێشی ئەسپەکەیەتی...

بووك دێت، دەم و لێو و لووتێکی کولێ و کڵاوێکی دوو چینی بەسەرەوە-کە چینەکانی ئەوڕۆی دوو سێ ئەنگوست بڵندترن- ئەمانە هەمووی لەژێر تارای سوورەوە دیارن، بارگە و بنەو جیازی بووکێش دوو بارگینن، کە هەریەکەی دوو یەغدانی پێوەیە و لە دواوەوەی دێن.

سوارەکان- بە بەردەم و چوار دەوری بووکێدا رمبازیانە، ئەسپی کەریم نەوبەنی لە دەنگی دەهۆڵێ دەرەوێتەوە و کەریم نەوبەن، پانەو پان بەسەر پشتێدا دەکەوێ، هەروەك ئەوان فیلمە ئەمەریکاییانە-چەنگ لە هەوای گیردەکا، پەل بە هەواوە حینگەی لە عەردی دێنێ. هەموومان پێدەکەنین... یەك دوو کەس دەچنە یارییەی. کەریم لەجێی خۆی دانیشتووە و قاچێکی دە مێزێ ناوە و هەروا ئاخوئۆخیەتی-و ئێمەش هەموو پێمان خۆشە. چەند تەقێکان بەسەر بووکێدا دەکەن... بەڵام فیشەك گرانە، ئاغاش چاوی دەرپەڕاندوون. پوور حەلیم لە دوای بووکێوەیە-ئەویش هەر سواری بارگیرێکی بووە- بەربووکە. دەمی دەجووڵێ، وەك شتێکی بخوا.

سوارەکان هەروا جلیتبازێیانە-بووك گەیووەتە بەر پەنجەرەی، خانمێ گەورە لەو سەرەوەیڕا قاپێك نوقڵێ و شیرینی بەسەر سەری بووکێدا دەکات و قاپێك وردە دراو و دانەوێڵەش. ژنان ئەنگوست دەخەنە سەر لێوان و هەلهەلەی لێدەدەن: تلی لی لی لی لی! منداڵ و ژن و کچ دەکەونە بن دەست و پێی بووکێوە-نوقڵێ و پارە و شیرینییە خڕ دەکەنەوە...

بووك دابەزیوە، بەربووك هاتۆتە خوارێ... ئەسپی بووکێ بە هەلی دەزانێ، پاشووی هەندێك لێك بڵاو دەکا و پشتی کەمێك کووڕ دەکاتەوە، میزێ هەڵدەدا. ((نەکەی! نەکەی!)) یەکێك بەدەستی لەکەفەڵی دەدا. ئەسپە خۆی خڕ دەکاتەوە و میزەکەی بەنیوە چڵی رادەگرێ، بەڵام هەندێك میز بە پشتێ پوور حەلیم و بووکێدا هەر دادەکا... پوور حەلیم هەڵدێ، بەڵام بووك خۆ سڵ ناکا... دەك بڵێم خودا چت لێبکا! چەند کەسێك پڕمە پڕم پێدەکەنن...

بووك دەچتە سەرێ، ئیدی ئێمە چ نابینین...

دایکم لەماڵێ ئاغایە، ئیشێ دەکا، بابەش هەر لەوێیە، ئەویش ئیشان دەکا. خوشکەکان هاتوونەوە-بەڵام نەنوستوون: کچەکان ئەزموونی ئەوڕۆیان تاوتوێ دەکەن. هەر دەڵێن و پێدەکەنن، هەر جارەی بە شتێکی یان بە کەریم نەوبەنی یان بە میزی ئەسپی بووکێ. لە ماڵەکانی دیشەوە دەنگی پێکەنینێ هەر دێ.



لەسەر هەرزاڵێ درێژ دەبم، مانگی تەواو هاتۆتە نێوە ڕاستی ئاسمانێوە- هەر راست وەك سینییە زێوێکی. بابە شەکەت و ماندوو دێتەوە، ئارەقەی دەرداوە، گرژە... دۆی دەوێ. گۆزەکەی سەر لێوی پەنجەرەکەی دێنم، دۆی لە جامی دەکەم و دەیدەمێ... بابە هێشتا بە چاکی دانەنیشتووە و لاڕیشی بە چاکی نەخوراندووە، کە دەرکە چەپەرەکە هاواری لێ هەڵدەستێ و دایکم بە هانکە هانکەوە دەگاتەوە. بەڕە و ئەلبادی ژوورێمان لەسەر هەرزاڵێ راخستووە، بە پێڵاوەوە لە ژوورێڕا دێتەوە، لای پەنجەرەکەی پێڵاوان دادەنێ و بە ماندوویەتییەکی تەواوەوە بەرەو لای هەرزاڵێوە دێت.

((وای بییە!)) درێژ دەبێت و لاقان رادەکێشێ. ماندووە ((لە سبەینێوە تا ئێستا بە پێوەم... پشتم راست نابێتەوە... ئەوە هێشتا نەنوستوون... تۆ کەی هاتییەوە؟))

((لەگەڵە منتە؟)) بابەیە. ((هەروا پێش پێی تۆ هاتمەوە...)) و ئەوجا ((دەی باشە، بڵێ بزانم ئیشەکە بەخێر تێپەڕی؟...))

رەگی تانەیەك دە قسەکەی بابەیدایە کە دایکم هەروەك هەمیشە دەیهێنایەوە سەرخۆی.

((جا لەمن دەپرسی... کچم بووکە بۆ خۆم بەربووکم! وەخێر نەگەڕێ و بە چاکە تێنەپەڕێ-دیارە هەر تێدەپەڕێ... ئەوانە گۆشتی یەکدی دەخۆن بەڵام ئێسکی یەکدی ناشکێنن...)) گوێ هەڵدەخەم، وەك بڵێی مابێتی-و ماویشیەتی.

بابە گوتی: ((ئمم-ئمم! دەی باشە!))

(باشە، باشە... خۆ بۆخۆت لەوێ بووی... تۆ بۆ خۆت وەزیری دەستە راستی بووی!))

((من!؟ هەر بە قسەی خۆت بیسمیللا!...))

((هە، وەزیری دەستە راست، جێت خاڵی، لێدانێکی خوارد عەمرم! ژنەش وەبەرکەوت...)) لای ئێمە باوە، هەر کە بووك و زاوا دەستیان گەییە یەك زاوا دەبێ سامی خۆی بەسەر بووکێدا بنوێنێ-دەبێ هەر لە یەکەم شەوێوە چاوترسێنی بکا، تا لە دوا رۆژێ دوو لینگەی بەسەر ملیدا شۆڕ نەکاتەوە. لە بووکێ دەدا، بێ هیچ سووچ و بەهانەیەك- بەڵام دیارە لێدانێکی زۆر خۆمانەی خۆشەویستانە، بە دڵێکی پاکەوە. گوایە زۆری زەبر و زەنگ نوواندووە کەچی نازی داوەتێ و بە خۆشەویستییەوەی لێداوە-ئەوە بە قازانج و سوودی خودی وییە.

((باشە دەی، نەتگوت؟-ئاخر تۆ لەوێ لەناویان بووی- لەناو ژنان بووی... چیان دەگوت؟))

((هیچ، سەرەتا وەك هەموو جاران دوو سێ دەقیقان راوەستان...))

((کامانە؟))

((خوشکەکان ئیدی-دوایە هەموو چوون لە دەرکێیان داو بانگیان کرد: ((کاکەخان، ئەوە بووە چی- هەر تەواو نەبوو!؟))، هەر دەو دەمیدا بوو کە دەنگی ڕمبە ڕمبی لێدانێ لە ژوورێدا بڵند بوو. پیاوە خراپی لێدەدا. باوەڕکە خاڵۆ حەمە حوسێنیش کەرەسووری وانەکوتاوە... بەڵام تۆ بڵێی ئەو کچە متتەقی لێوەهات..!))

((ئەو کچە!... کامە؟))

((کە تۆ بۆ خۆت دەزانی ئیدی بۆ لەمن دەپرسی!؟))

((نا، من هەروا لە خۆوە گوتم، من لای کەسەکانی مەحموودخانی بووم-دەبوو هەندێکیان سەرقاڵ کەم. دەی باشە؟...))

((هیچ گوتیان ڕەنگە تێگیراوییەك پەیدا بووبێ، دیارە ژنە خۆی بەدەستەوە نادا و بانگی بەربووکێیان کرد... ئەوە دەنگی جنێوانیش هەر دێ-جنێوی خراپ و پیس پیس: ((کێرم بە گۆڕی بابت- کێرم بە روحی...)) تۆ بڵێی دەنگ و متتەق لەو دەرکەیەوە هاتبێ لەو ژنەیەوە هاتووە. تەنیا شتێکی کە دەمبیست نووسکە نووسك بوو، هەر ئەوە مابوو بڵێ: ((قەینا، هەر بڵێ-هەرچی بیلێی بە مامی خۆتی دەڵێی!...)) و پیاوەش هەر دەیکوتا و دەیگوت: ((کێرم بە ڕۆحەکەی!...)) حەشر بوو. بەربووك پێ دزەی بوو، نەدەچووە ژوورێ. تا لە دوایە چاو لێ سوورکردنەوەی خانمێ گەورە ناچاری کرد-و چوو. ئای، کەس نەبینێ-چ لێدانێکی خوارد! لە پشت دەرکێوەمانڕا گوێ لە کابرای بوو کە دەیگوت: ((سەگباب... پیسی بێ ئابڕوو، ئێستا دەڵێم لەبەر چیغانتان کێشن و سەری هەردووکانتان بتاشن و پشتاو پشت سواری کەرێتان کەن...)) کە دایکە ئەوەی دیت و ئەوەی بیست خوشکەکانی دەنگدان و دەستوبرد وەلای ئێخستن...وەی وەی لەو نارەتەی نەسناس لێیدا!...))

((سواری کەرێ؟ گووی سەی خوارد..!))

((ئێستا ئەوە ئەگەر کچە مسکێن بایە هەر دەر لە حاست سەریان پاك پاك دەتاشی و بەڕووزەردییەوە دەیاننارددەوە ماڵە باوانی...

بابە بێ ئیختیار گووتی: ((باشە؟))

((باشە، باشە! دیارە بەدبەختەی بێ دەرەتانە بیری کردۆتەوە، ئەوە ئامۆزایە، گوێ ناداتێ... گوایە لەو بگرە و بەردە و لێدان و پێدادانەیدا ئەو ژارەمارە دەترازێ و لەجێی خۆیەوە بەردەبێتەوە))

بێ ئیختیار گوتم: ((سیقەتۆرەکە؟))



هیچیان بەسەر خۆیانی ناهێنن و خۆی لێ بە خاوەن ناکەن.

((پیاوە کە ئەو ژارەمارەی دەبینێ، لێکدا لێکدا هەر دەڵێ: ((دەبێ بیخۆی... هەر دەبێ بیخۆی!))

((بە کێ دەڵێ؟))

((بە وەزیری دەستە راستێ...))

((ئەو دەیگوت چی؟))

((بەد بەختە چ بڵێ... دەیگوت: ((بە چاوان، بە چاوان..! بە چاوان... دەیخۆم، دەیخۆم!)) و پێشدەچوو خواردبێتی.

((ئەی؟))

((بەڵێ...))

((باشە ئیدی لەمەودوا گورچیلەشی نایەشێ!... هەر لەدوای ئەمەشەوە ئیدی هەراو زەنا کتوپڕ بڕایەوە-بەڵام وەك بڵێی دوایە بۆوە شەڕ؟...))

((شەڕی خوشکان بوو-لەسەر گیسکێ بوو. خانمێ گەورە گوتی بۆ سبەینێ ئاغا ((قوڕاو))-بەربەسێڵ-ی دەوێ- بەڵێ، بەگیان مامەیەوە-و دەبێ گیسکێکی بکوژنەوە- و هیچ کام لە خوشکەکانیش گیسکی خۆی نادا- بۆ خۆشت کە دەزانی، لەوێ هەر کەسەو بۆ خۆیەتی...))

((مریشکیان نەبوون؟))

((وەی... تۆش! بەو نیوە شەوەی بچنە زگ کۆلانەی مریشکان، عەیب و شوورەیی، بیکەنە قاو و قیژ و ژاوەژاو!))

لەپڕ هەمووومان لە دەنگی تەقەی تفەنگێك راچڵەکین و گوێمان هەڵخست... چ بوو... ئەوە چ پیاوێکە بەو شەوەی غیرەتی بزووتووە!

بابە زەردەخەنێکی هاتێ و دەستێکی بە ریشیدا هێنا و گوتی: ((باش بوو، سوپاس بۆ خوا- خوایە زۆر شوکر- بە سەلامەتی بە زاوا بوو!))

هەناسێکی ئاسوودەییەمان هەڵکێشا، ئاغا بە زاوا ببوو، دایکم سەرێکی لەقاند و ئاهێکی هەڵکێشا. بەیانیش بەروجیاز بەشرایەوە- دایانە هەمووان: هەتا ئەو سوارانەی لە ماڵە بووکێشرا هاتبوون و ئەوانەش کە لە ماڵێ ئاغای ئیشیان کردبوو. کڵاوێکیشیان دابووە داکم، کە ماوەیەکی زۆر بوو هەر لە تاقێدا کەوتبوو و فڕێدرابوو. تێکەڵ جلانی نەکرد، نەیدایە کچەکانیش، دەیگوت نەهامەتی پێوەیە، بەخت ڕەشییە دێنێ.

سەیر ئەوەبوو کە هەر بۆ بەیانی ئاغاش چووە سەفەرێ! گوتیان فەرماندە ساخلو و داوای کردووە، گوتیان (بە قسەی ماڵە ئاغای) بووك خوێنی بەربووە و خۆتێگەیاندن و لێ نزیك بوونەوەی نەکراوە... گوتیان شەوێش لە پەردەیدا نەماوە و لە بانێژەکەی نووستووە... گوتیان ئاغا و خانمێ گەورە گرژییان کەوتۆتە نێوانێ و لێك دڕدۆنگن: ئاغا بەڕووی خانمێ گەورەدا هاتۆتەوە و قسەی سووك و ناسکی پێ گوتووە، مەعسوومەی پوورە حەلیمێ گوێی لێبووە کە خانمێ گەورە گوتوویەتی: ((ئێستا ئەگەر دەتەوێ خوێنێ لە نێوان دوو بنەماڵاندا پێکتر بڕێژی... سەری سوڕماوە، نازانێ ئەو کچەتیوە مسکێنە چی پێ نیشانداوە-یانی دادە شیرین...

((غەممێ مەخۆ ئاو شارەزایە و دەزانێ چۆن ڕێی خۆی بکاتەوە... دەکەوێ... جا لەبیرتان بێ چیم گوت! وەزیری دەستە ڕاستێی هەیە.)) وەزیری دەستە ڕاست پوور حەلیم بوو.

((من غەمی خۆم و ژن و منداڵەکانی خۆمە. تۆ هەروا مەزانە-هەر هەلی لێ هەڵکەوێ داخی خۆی بە ئێمەدا دەڕێژێ- ئێستا ئاو ڕێی خۆی بکاتەوە یا نەیکاتەوە، بۆمە چ جیاوازییەکی نییە، ئێمە ئاو هەر دەمانبا! ئەو ئێستا ڕاستەوخۆ دوژمنی مەیە، ئێمە ئاگادار و شاهێدی سووکایەتییە وی بووین... تۆش زۆر سادەی... بەڵێ، لەگەڵت دادەنیشێ و پاڵوودەی دەخوا! تازە ئەو ژیانە ڕۆیی و بەسەرچوو! بووینە دەلالی غەمان-کوڕی فلانی لەگەڵ کچێ فلانی وا دەکات دەبێ من غەممێ بخۆم، نەکا خوێن و خوێنڕێژی بکەوێتە نێوانێ-هەر ئەوە ماوە سیقەتۆرەش بەکاربێنم! خەنە لە کات و ساتی خۆیدا نەگەییووەتە دەست خانمێ دەبێ من قسەی ناخۆشم پێ بگوترێ، تریاك و ئارەقی ئاغای بڕاوە دەبێ من وە هەلەکە سەما کەوم.

وەك جانەوەری جەنگەڵێ دەبێ هەمیشە هەر لەسەر هەستبم داخوا ئاغا بە سەلامەتی چاك نوستووە و چاك هەستاوە، پێشکەی پێوەنەداوە، لە وەختدا تەپاڵەیان سووتاندووە-ڕەییس ساخلو و لوتفی هەیە یا نیەتی... بووینە بووکە سەماکەرە- وەك ورچی ڕەحمانە لۆتی بە هەزار ئاواز سەما دەکەین و بایدەدەین... دەبێ بڕۆین، ئێرە جێی لێبوونێ نییە.))

((بچینە کوێ؟-کوێ هەیە بیچینێ..!))

((هەر دەرکێك بێ... هەر جێیەك تەنیا ئێرە نا...))

دوای باوەخوندی بووکێ، پەیوەندی نێوان دوو ئامۆزایان بەشێوەیەکی بەرچاو تێکچوو و ناخۆش بوو. نەك تەنیا یەکیەتی و لێکتر نزیکبوونەوە نەبوو و ڕووی نەدا بەڵکە کار گەیشتە



لێك دابڕان و جودابوو نەوێش و نامە و نامەکاری ڕەق و توند- خاڵۆ مرادخان لەو نێوبژیوانیەیدا بوو و هەڵدەسووڕا.

هۆی گرژییە ئەو پەیوەندییانە وەك دەیانگوت یەکەم ئەوەبوو کە براڵەکە وەك مە قسە و قسەڵۆکی دەربارەی سیقەتۆرەی بیستبوونەوە (وەك کە دەیانگوت ژنەکەی-کیشوەر خانم- کە پێ خوشکەی بووکێ بووە ئەو پێی گوتووە) ئەویش هاتنەوەی بووکێ بۆ باوەخوندێ بە هەل دەزانێ و نیوە شەوێکی دەچێتە گیانی و خەنجەری لەسەر خنخنۆکەی ملی دادەنێ بیکوژێ کە ئابڕووی ئەو بنەماڵەیەی ئاوا بردووە... و بە کورتییەکەی خوشکەی ناچار دەکا دەست لە میراتی خۆی هەڵگرێ بۆ برای. تا ئاغای مەش بەو سەین و بەینەی دەزانێ حاجی سەیید باهر لە قەباڵە نووسینێ دەبێتەوە...

کچە لە ماڵێ بابی هاتەوە، ئاغاش لە شارییەوەڕا هاتەوە- ژنە بێ پەڕۆ هاتبۆوە ماڵێ هیچ، بەشە میراتێکی کە دەبوو لەگەڵە خۆی هێنابایە ئەویشی هەر دابووە یەکێکی دی!

بەکورتی، هەر نامە و نامەکاری بوو... لە زاری کیشوەر خانمێ ژنێ مەحموود خانییەوە گوتیان... گوتیان گوتوویەتی- یانی کیشوەر خانم- ((ئەوە چ گوو خواردنێکە ها! گووی لە زاری خۆیان گەورەتر دەخۆن!)) گوایە ئەوەی بە خاڵۆ مرادخانی گوتووە. گوایە ئاغاش ڕایسپاردووە کە کچە بێ بن بووە، ئەو لەبەر لەبەرچاو گرتنێ ڕێزی بنەماڵەی وەسەری نەکردوونەوە، ئێستاش کە بێ بنەو هیچیشیان بەدەستەوە نەهێشتووە تەڵاقی دەدا. لەجێی وی تەڵیعە خانمی بدەن- یانی کچێ کیشوەر خانمێ. کیشوەر خانمیش نەیهێناوە و نەیبردووە بە خاڵۆ مراد خانی گوتووە عەبدوڵڵا خان وای لێهاتووە کە کچێ وی لەگەڵ کچێ ((...لینگ درێژ))ی لە ریزێکی ڕاگرێ! (لینگ درێژ، نازناوی داکێ ڕەعنای بوو) و تازە کوێر کوێرانە لە ئاوی جۆیەدا دەگەڕێ...! لە جێیەکی خراپ نەکەوتووە- بەڵێ، خوشکەکانی خۆی زۆریان ((بن)) هەنە! بە کورتییەکەی ئاشتبوونەوەکە سەری نەگرت- نە هەر سەری نەگرت خراپتریش بوو... بەڵام ئاو بۆ خۆی دەزانێ چۆن ڕێی خۆی بکاتەوە...

ماوەیەك ڕابرد ئیدی ڕەعنا خانم ئەو ڕەعنا خانمە نەبوو کە تۆ دیبووت، ئاغاش بە تەواوەتی گۆڕا بوو. ئێستا وەك دەڵێن باران باریوە و زەندۆڵ نەماون.

ڕاستیان فەرمووە: ((بەسەر هاتی تەکاندەی دەڕۆن و ئارامی-ئارامی دەمارگیری-دووبارە دەبێتەوە فەرمانڕەوا، حیساب و کیتاب دێنەوە گۆڕێ- حیساب و کیتابی سوود و زیان- و باری دەروونی دەگۆڕێ و ژیان وردە وردە دێتە سەر بارودۆخ و ڕەواڵی سادە و ساکاری

خۆی و خده و نەریتێکی کە گشتەکیان پسابوو دووبارە سەرلەنوێ سەقامگیر دەبنەوە؟ ئاو ڕێی کردبۆوە- ئەویش چۆن!

((خۆی بادەدا یانی وەرە و سەیرکە- عەبدڵڵا خانێکی بانگ دەکا سەد عەبدوڵڵا خانی لە لێوە کوڵەکانیەوە دەباری- هەی ئافەرین بۆ ئەو وەزیرەی دەستە ڕاستێت..!))

((بۆ خۆشی چاپووکە، هەر تەنیا وەزیری دەستە ڕاستێ نییە...))

((پیاوەکەش کە دەڵێ ڕەعنا گیان، هەر پێت خۆشە گوێت لێی بێ)) (ئەودەمی هێشتا ڕەعنا گیان ڕەعناگیانی دڵکەش لە گۆڕێ نەبوو... ئەوە ئاغا بوو ڕەعنای کردبووە ڕەعنا گیان). هەر لە ئێستاوە لەو دەوروبەرانەی بۆ کەوتبووە دەلاڵیە! بەقوربانی قودرەتت بم خودایە، گەورەیی هەر بۆتۆ باشە... ئەوەتا ئەوە ئێستا ژنە دەستە چەورەکەی خۆی بەسەری کچە بێدەرەتانەکەی عیسمەت خانمێ دەسڕێتەوە!))

عیسمەت خانم ژنە گەورەی ئاغای بوو، کە ماوەیەك بوو تۆرابوو، چووبۆوەماڵە بابی-وەك دەیانگوت ژنێکی ئابڕوومەند و ڕوو سوور بووە، لەگەڵ خانمێ گەورە و خوشکەکانیدا هەڵنەکردووە و کچ و کوڕەکەی بەجێهێشتوون و ڕۆیوە. ئێستا ڕەعنا خانم-وەك دایکم دەیگۆ- پێشینە و رابردووی خۆی بەوییەوە دەلکاند: ((بێ بنە)) ((هەر ڕۆژەی دەبن دارێکیدایە، خەریکی تیق تیقانێ و چاوبڕکێیە لەگەڵ کوڕان، هەروا بەخۆڕایی ماچان دەبەشێتــەوە!)) و ئاغا و برایەکەشی لە گیانی کچەی بەردابوون. ((ئای نەمری وەزیری دەستە ڕاست! ئێستا ئیدی ئەوە کەوتۆتەوە دەلاڵیە-سەر لەنوێ چۆتەوە سۆراغی برازاکەی خۆی...))

((کێ؟ کامە؟))

((هەر ئەوەی کە ئاغا دەورەی دەدا و حەزی لێدەکرد...))

((تۆ ئەوەت لە کوێ زانیوە؟...))

((من لای دار هەرمێیەکانەوەم دیتوون... خۆ کوێر نیم. عەبدوڵڵا خان گیانی و دڵی هەموو دابووە دڵی کچە و هۆشی لێ بڕابوو، ئەویش (ڕەعنا خانم) خۆی دزیبۆوە- سەری دێشا- وەی لەبەرت مرم چوو بوو لەلای پشتەوە نوستبوو، ئاخر عەیب و شوورەییە لەلای عەبدوڵڵا خانی درێژ بێت! کەچی عەیب و شوورەیی نییە لینگت لە هەواکەی بۆ خەڵکی، بەڵام عەیب و شوورەییە لەلای مێردەکەت و لە پێشەوی پاڵ کەویت و درێژ بیت!... ((بنەماڵەیە)) ((خانزادەیە..!)) وەڵڵاهی چ بڵێم..!))



بابە گوتی: ((سوبحانەڵڵا... جا باشە تۆ هەقت چبوو وا بە دوایانەوە بووی و خۆت لە شتان هەڵقوتاندووە؟ ئەوە چەند جارت پێ بڵێم... هەر وابکە، هێندە ملە قوتە و سەرتاتکێ بکە تا ڕۆژێکی سەری ئەو کوڕەش بە فەتارەت دەدەی- ئەگەر نەتدا!))

((ئاه! نۆرەی تۆیە-سەرەتاتکەی چم کردووە! چووبووم ئەو لەشە مردەخیوەی خۆم بشۆم... ئاخر خۆ منیش بنیادەمم..!))

((جا لە چۆمی!؟))

((بەڵێ ئەدی، منیش بنیادەمم، گەرمام دەبێ...))

((سەر تەندووری ماڵەکەت کوێر بۆتەوە..! بەڵام، نا تۆ دڵەخەمەی شتانی-خوا تۆی هەر بۆ جاسوسیە دروستکردووە و داناوە...))

دایکم ڕووی وەرگێڕا...

سەعید بەرهەڵدا بوو و لەگەڵ داکیدا هاتنەوە گوندی.

((زۆر سوپاس بۆ خودای، زۆر شوکر خوایە!))

((کوڕە ئەگەر ئاقڵی هەبێ ئیدی ئەوە مل لە کار و کاسبیەکی دەنێ بۆ خۆی- ئەگەر هەروا تۆزێکی تێگەیشتن هەبێ دەبێ شەو و ڕۆژ هەر شوکرانە بژێری دەرگای خودای بێ کە ئەو تۆقی لەعنەتەی لە ملی کردەوە...)) بەڵام ئەو هەر مەپرسە-کار و کاسبی هەموو بەلاوەنان و هەروا لۆژە لۆژ دەسووڕایەوە... یەك دوو جارانیشیان لە دەوروبەری گوندی مە دیبوو و گوتیان ئاغا بە حاجییە ورگەی ئەسپاردووە لە جێیەکی لەبۆ سەی خەن و نافۆکی ببڕن...

((خوا ڕەحمێ بە دایکە بێدەرەتان و بێچارەکەی بکا..!))

خوا ڕەحمی بە دایکە بێچارەکەی کرد: دایکە بێچارەکە هەروا دوای ماوەیەك پاش گەڕانەوێی لە شاری و بەرهەڵدابوونی سەعیدی مرد...

((پیرەژن حەسایەوە، زۆری تاڵی و سوێری چێشت... بێدەرەتانە!...))

((نا، ئەوجارەی کوڕە لە ژنییەکی دیکەدا.))

((چۆن؟))

((قاقەزی بۆ ئاغای نووسی...))

((قاقەز! بۆ ئاغای!؟))

((نەیگوت ئەو نووسیویەتی، قاقەزە واژۆی پێوە نەبوو، پەنجە مۆری پەنجەشی لەسەر نەبووە... نووسراوە هەموو دەزانن کە ژنە ژن بووە، کچ نەبووە-ئەوە تۆی کە خۆت هەڵخەڵەتاندووە... ئیدی چووزانم، لەو جۆرە و بابەتە قسانە...))

((کیٚ.... نازانی کیٚ بووه؟))

((وەك ئەوەی قسەکە ئی حەوت هەشت رۆژ بەر لە ئیٚستا بیٚ... راست نازانم.))

دایکم گوتی: ((ئاه..!)) و پەنجەی بۆ لای لیٚویەوە برد، کزومات بەسەرنجیٚکی قووڵەوە، لە پیٚشە خۆیەوە ڕاما.

((ها... چییە؟))

((ئەو رۆژە کە مەحسە (مەعسوومە) لەگەڵ داکیدا چووە شاری...)) بە قامکانی دەست بە ئەژماردنیٚ کرد... ((هەینی بوو، هەینی بۆ هەینی دەکاتە... شەممە، یەك شەممە، دووشەممە... دەکاتە هەشت رۆژ- لەبیرتە؟ ئەودەمی نەبوو!؟ تۆ خۆت گوتت...))

((بۆ خۆم چیم گوت؟))

((ئاخر ئەگەر لەبیرت بیٚ هاتی گوتت بچمە ویٚ- بەرەبەری نیوەڕۆیە بوو...))

((بەڵیٚ، باشە؟))

((بۆخۆت دەزانی ئەوانە تا لای نیوەڕۆیە هەر دەنوون و هەڵناستن...))

((باشە؟))

((قاوەڵتی لە ژووری خواریٚ خوارد، مەسینە و دەستشۆرم برد دەست و دەموچاوی بشوا... خاولیم دایە دەستی، کە لەپڕ گوتی: ((ئەو قاقەزە چییە؟)) گوتم: ((کامە، ئاغا؟))

گوتی: ((ئەوەی لەسەر لیٚوی پەنجەرەکەیە... کەسیٚك هیٚنای؟ گوتم: ((نا... من نەمدیووە... من کەسم نەدیوە- نازانم...)) گوتی: ((دابیەنە بزانم.)) بۆم برد-لە زەرفیدا بوو. خویٚندییەوە و هەروا گرژبوو، دووبارە خویٚندییەوە. دوایەش بانگی حاجیە ورگەی کرد، داخوا دویٚنیٚ شەویٚ و ئەورۆ بەیانی کەس هاتووە، کەسیٚکی دیوە؟-ئەویش کەسی نەدیبوو.))

بابە گوتی: ((تیٚگەیشتم... ئیٚستا تیٚگەیشتم..!))

هەر ئەو رۆژە بابەی ناردە لای مامۆستا مەلا سەیی شەفیع و ئەو عەریزەی کە بۆ فەرماندە ساخلووی نووسیبوو، دابوویە تا ئەو بە خەتی خۆی بینووسیٚتەوە چاکترە-پیٚیخۆشە پاك بیٚ. دیار بوو ویستبووشی دەستوخەتەکە وەك هەمان ئەو دەستوخەتە بیٚ کە نامەی بۆ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای کانییە رەشیٚ پیٚ نووسیبوو، بە رەشید بەگیدا ناردبوو و وەڵامیشی هیٚنابووەوە. ئەودەمی لە میرزای شاری و مەلای گوندەکان بەولاوە خویٚندەواری دی نەبوون. ریٚکەوت وابوو، هیچ سەرەنجامیٚکی لەو کارەش وەگیر نەکەوتبۆوە.

((کوڕەتیو بە عالەمی ئاشکرا شەڕیٚ دەفرۆشیٚ- ئەو سەرەی پیٚ لە خۆی زیادە... ئەوە خوو و خدە و رەسمیٚکی یەکجار پیس و دزیٚو و ناشیرینە- ئەو جۆرە تۆڵە ئەستاندنەوەیە. باوکی



دەگەڵ بابتی خراپە کردووە کچەی بیٚدەرەتان لەو نیٚوەیدا چبکا و گوناهی چییە))، ((گوناهەکەی هەر ئەوەندەیە هەر کە دەستت لە پشتیٚدا وەك مریشکە کورکیٚ فس دەداتەوە.))

((بە هەر حاڵ خوو و خدە و رەسمیٚکی پیسە...))

دویٚنی شەویٚیان زگی ماینیٚ ئاغای لە تەویلیٚدا دڕیبوو، کیٚ؟ دیار نەبوو، ئەحە بەراز تیٚهەڵدانیٚکی چاکی ئاغای خوارد-هیٚندەیان بە لیسان لیٚدا تا خۆی پیسکرد. سویٚند و قورئانی دەخوارد کە لەگەڵ بووە، بەڵام پیاوەکانی ئاغا سەعید بەگی کە دەمامکی خۆیان کردبوو هەڕەشەیان لیٚکردووە- دەیگوت دەست و دەمیان بەستۆتەوە و زۆری هەوڵ و تەقەللا داوە تا دەست و دەمی خۆی کردۆتەوە، تا بیٚ هەواڵ بدات و خەبەریٚ بیٚنیٚ...

((دەوڵەت)) زۆر هاتۆتە دە شاریەوە، سەربازی ئیجباری دەگرن، ئیجبارییەکانی مە دەبەنە ورمیٚیە. ئەوانەی ورمیٚیەش دیٚننە کوردستاناتیٚ- فەرمانی رەزا شایە دەبیٚ سەربازی هەر مەملەکەتیٚکی بچتە مەملەکەتیٚکی دیکە. ((ئاغاوات)) بیٚ دەسەڵات بوون. کاری چەك وەرگتنەویٚ بە ئەنجام گەیووە و ناشبیٚ بەو چەکانەوەی کە دەوڵەت بۆ پاسە بەرازی داویەتەوە خان و ئاغا و بەگلەرەکان پیٚوەی بچنە نیٚو شاری، نابیٚ چەك لە دیٚهاتیشدا بمیٚنیٚ-بەڵام هەشە، ئاغا سەعید بەگ بۆ دوایین جار بە هەلی دەزانیٚ و پیٚش ئەوەی چەك بە یەکجارەکی بشاردریٚتەوە، یا ئاودیوی عیٚراقیٚ بکریٚ پەیدادەبیٚتەوە. هەلیٚکی چاکە- ئاغا لە ماڵ نییە، چۆتە میوانییە- ماڵیٚ زاوایەکەی ماڵی خوشکی هەر نۆکەر ماون. شەوە، دانیشتووین نانی دەخۆین، کە دەنگی دەستڕیٚژیٚ لە دیٚیدا دەگەڕیٚ و لە دۆڵیٚدا دەنگ دەداتەوە و هیٚشتا نەگەیوەتە لا پاڵی و ئەو دەنگە نەگەڕاوەتەوە دەستڕیٚژیٚکی دیکە-و یەکیٚکی دیکە بە دوای یەکدا دیٚن. حاجیە ورگە و ئەحە بەراز و کەریم نەوبەن تاویٚك راوەستان- وەك سەی بیٚ خیٚو- ئاخر خۆ سەگیش دەبیٚ یەکیٚك هەبیٚ تیٚیبەردا، دەنا ناچتە پیٚش. سەرەنجام وەڵامی دەستڕیٚژ و تەقەکانیان دانەوە، بەڵام هیچیان پیٚ نەکرا، ناچار خۆیان گەیاندە لا پاڵی ئەوبەریٚ...

((ئاه- باشە ئەوە چییە؟))

دیٚ وەك رۆژی رووناکی لیٚهاتبوو، بە ترس و لەرزەوە لە ژووریٚڕا سەریٚکی خواردەکەینەوە... ماڵیٚ ئاغایە، ماڵیٚ ئاغایان ئاگرداوە!...

((ئای بەدبەختی!))

بابە ئەوەشی دەگوتن و دەشیگوت دیارە خەریکن گوندی ئاوردەن، دەستیان بگاتیٚ منیش دەکوژن... تۆ ئاگات لەخۆت و منداڵەکان بیٚت- من رۆیشتم.)) ئەوەی دەگوت و لە ماڵیٚش وەدەرکەوت... ئیدی ئیٚمە سووسەیەکمان لیٚی نەما...

دەرکا و دەرك لە بابە و حاجییە ورگەی دەگەڕێن، حاجییە ورگە لەو بەرەوەیە، بابەش دیار نییە خۆی دە چ کونەکی ناوە. دێی ئاور دەدەن، مەحشەرێکە گا و مەڕ و مالاًت و خەڵکی وا تێك قژاون سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە! ماڵێ ئاغایان چۆڵ کردووە، کوڕە مام، ژن و ژاڵەکانیان بەڕێزەوە ناردوونە ئەوبەری گوندییەوە، ئێمە و مالاًتیش زۆر بێ ڕێزانە بەرەو لای دۆڵێوە دەچین. ((شڕو شالاًتێکی)) توانیبێتمان لەگەڵە خۆمانمان بردووە-کەس دەروەستی کوژاندنەوەێ ئاورەکەی نایە. خوا ئەو ڕوحمەی کردووە کە هێشتا گزرە و کاو تفاقمان دانەکردووە. دەستەو ئەژنۆ دانیشتووین و بەدەم گریانێوە، تەماشا دەکەین... بابەش وەدی هاتۆتەوە-لەنێو ئەو گێژاوی نارەحەتیەیدا هەر خۆشحاڵین کە بێ موزەرڕەت بووە...

ئاغا هەر لەو جێیەوەی لێیبوو دەچتە ساخلووی، سەعید بەگیش دێیەکەی بەجێ دێڵێ و لەوێ دەڕوا: ئەو نارەزایە و ئەو حاشا دەکا-لە ڕاستیدا هەرچی ئاگابێ لەو ڕووداوەی نییە- ئەوە ئێستا دەیبیسێ. ئەو چووزانێ- لەوانەیە هەر خۆی بۆ سەلماندنی دوژمنایەتییەی لەگەڵە ویدا هاتبێ دێیەکەی ئاوردابێ. لەوانەیە ئامۆزایەکی دیکەی ویستبێتی تۆڵەی لێبکاتەوە. فەرماندە ساخلوو تێماوە... تازەی کاروباری چەك وەرگرتنەوێ بە ئەنجامگەیاندووە و ئافەرین کراوە- ئێستا چۆن و چ وەلاًمێك بداتەوە؟ داوا لە ئاغای مە دەکات ئەو زەرەر و زیانانەی بەخۆی و دێیەکەی کەوتووە بنووسێت و بیداتێ، تا ئەویش بۆ سەرەوەتر بنووسێ. ئاغا هەرچی گوارە و ئاڵقە و دەرزیلە و بازن و ئەنگوستیلە و زێڕ و زەبەر و رایەخ و کەلوپەلی ناو ماڵێیە هەمووان دەکاتە لیست و دەیداتێ. زیان گەیوەتە مسکێنانیش، بەلاًم ئەو بڕگەیەیان بۆ ناردنە سەرەوەتر، رادەگرێ. لیستەکە دەچتە سەرێ و ئاغاش دێتەوە گوندی و مسکێنیش هەروا لە جێی خۆیان دەمێننەوە...

نا ئیدی، ئەمجارەیان بڕیارە کە بە تەواوییە و زۆر راشکاوانەیە، دایکم هەتا ئێستا هەر نارەزایە: بڕوا؟ بچتە کوێ؟...

ئێستا لە هەوارێین، وەك قەرەجان بەرامبەر کەلاوەکانی گوندی شڕە چادرمان هەڵداون و تا بڵێی سەرقاڵین: هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارەی هەموو رۆژێکی ئەوە خەریکی دیوار هەڵنانەوێین-زۆر بە چالاکی و دەستوبردییەوە گوندی دروست دەکەینەوە... هەموو لە هەموو خەریکن- ژن، منداڵ، کچ، کوڕ، پیرو لاو- هەر هەموو. هەروەك هەرەوەزی جووت و دروێنەی کە بە رۆژێکی مەزرایەکی دەکێڵین یا دەدروویننەوە لێرەش هەر رۆژەی خانووێکی قیت دەکەینەوە. گەیووینە دارەڕایەکە خودا میرزا عەلی دەنێرێ. زۆرمان لێوە بیستووە- من و خوشکەکان- و زۆریشمان باس بۆ خەڵکی کردووە. میرزا عەلی کوڕەپووری بابەیە. لە شاری



دەژی، بەلاًم نەك لە شاری خۆمان لە شاری تەنیشتێوە، نزیك شارەکەی خۆمان، کە سێ هێندەی شارەکەی مەیە و شارەکەی مە هەر دەگیرفانە چکۆڵەکەی خۆی دەنێ-هەر گەڕەکێکی شارێکە... پیاوێکی بالاً بەرزەی دەموچاو پان و قەڵەوی، چاو رەش و برۆ پڕ و قەترانییە- و رەنگی دەموچاوی سپیەکی رەنگ پەڕیوەیە، مێزەرێك بە سەرەوە، پێلاًوی قەیتانداری لە پێیە، دەگەڵ لاکەمەرێکی...

((...شەریف زادە...))

((شەریف زادە!...))

((بەڵێ، پوورزا! لە بیرم نەبوو هێشتا ناونووس نەهاتبووە ئێرە...))

((...!))

((نفووس-ناسنامە- دەفتەرۆکەکە، دەوڵەت دەیدا دیارە کە بە خودی خۆتەوە بەندە-ئەگەر ویستت- ئەوە بۆ خۆت بە ئارەزووی خۆت پڕی دەکەیتەوە، دەنا ئەگەر بۆخۆت هیچت نەبوو ئەوە ئەودەمی دەوڵەت بۆخۆی پڕی دەکاتەوە و دەینووسێ... کە بەڵێ، لەمڕۆوە تۆ بۆ نموونە حوسێن زادە یا حەسەنی یا محەممەدی یاشەریفی یا هەر ناوێکی دیکەی کە بتەوێ ئەوەیت...))

((بۆ؟ خۆ من بۆخۆم ناوم هەیە... ئەو ناوەی کە هەمە!))

((ئەویش هەر هەیە و هەر دەمێنێ، بەلاًم ئیدی لەجیاتی ئەوەی بڵێن حەسەنی پوور حەلیمێ، رەشە رەحیم یا قالە خەرامان دەنووسن حەسەن حەلیم پوور، رەشید رەحیمی، یا قادر خەرامان زادە-قەباڵەکە شیت دەدەنە دەستێ-خراپ نییە...))

بابە گوتی: ((ئمم!)) دیار بوو چاکی نەچوو بووە مێشکییەوە و ئەقڵی نەیدەبڕی، دایکم دەمی بەش ببۆوە من و کچەکانیش هەروەتر.

پوورزا بە دوای قسەکاندا هات: ((خەریك بووم بڵێم-گوزەران و بارودۆخی ئێستا زۆری دەگەڵ جاراندا جودایە، شەریف زادە تەلارێکی دروستکردووە کە ئەستەغفیروڵلاً هێندەی نەماوە سەری بگاتە عەرشی پەروەردگار، کە سەیری دەکەی کلاًوت لەسەری بەردەبێتەوە...))

دایکم گوتی: ((پەنا بەخوا!...))

بابە گوتی: ((حاجی سەفەریش تەلارێکی لە پێنجوێن دروستکردبوو هەر مەپرسە..!)) و دەستی بۆ ئاسمانێ هەڵبڕی.

پوورزا گوتی: ((لە پێنجوێن! جا تۆ پێنجوێنێ لەگەڵ ئێرەدا رادەگری! پێنجوێن لە بەرامبەر شارەکەی مەدا کوێرە دێیەکە... پێنجوێن هەر تەنیا گەڕەکێکیەتی، ئێستا ئەوە خانوو و بەرە و دامودەزگاکانی بەلایەك، خەڵکی هەموو ئاسوودەن- سەری دڵنیایی دەنێنە

سەر سەرین و چاوی ئارامی لێك دەنێن. ئیدی ئەوە نییە یارۆ بە ئارەزووی خۆی بێت و ماڵەکەت ئاوردا، یا سووکایەتییە بەخۆت و خاو و خێزانت بکا... خان و بەگلەر چ سەگێکن بێن پڕ بە چاوان سەیری خۆت و ماڵ و منداڵت کەن. پەرژین بێ ئەگەر هات و قسەی ناشیرین و نابەجێشی کرد ئەوە دەیدەیە دەست دارۆغەی، دەماری دەردێنێ- وڵات یاسای هەیە و شاری بێ حکوومەت نییە!...))

((دارۆغە!))

((مەئموری حکوومەت- تێڵای یاسای بە کەلە کێوەیە، بۆ وی چ خان بێ یا مسکێن چ جیاوازییەکی نییە. کاری پێچەوانەی یاسای لە هەر کەسێك دیت تێڵا تڕێنی دەکات و دەکەوێتە وێزەی...))

((ئەوە لە کەیەوە وای لێهاتووە... دەك هەزار رەحمەت لە بابی!...))

((زۆر دەمێکە، هیچی لەگەڵ تارانێدا جودا نییە-عەسران کە شەقامان دەرشێنن وەرە و سەیرکە...))

((شەقام...))

((بەڵێ... کۆڵانەکانیان هەموو بەرینکردوون، رێك و پێك-درەختیان لە لێوارەکان داون. هەر دەڵێی بەهەشتە، پەرژین بێ، ئاوڕشێنیان دەکەن و عەسران خەڵکی-پیرو لاو- دێن و پیاسەیان تێدا دەکەن، تێکەڵی یەکتر دەبن. ئەوە ئەمنیەتیش هەر قسەی ناوێ... هەرچی بڵێم هەر کەمە، خەیاڵت لە هەموو بارێکیەوە ئاسوودەیە- شەوانە تۆ لەوێ بی یا لەوێ نەبی ئەوە دارۆغە قوفڵی موغازەکان...))

((موغازە؟- ئەدی موغازە چییە؟...))

((موغازە دوکانە، بەڵام دوکانێکی تارانێی رێکوپێك و پاکو خاوێن، دەڕابە دار و سپیکار... نەك وەك دوکانەکەی حەمە مستەفای لای ئێوە کە هەر تا تەرازوێك و بەن مووەکەی بستە چلکێکی لێ نیشتووە...))

((ئاه، ئەدی بۆ پێیدەڵێن موغازە؟))

((دەڵێن خەریکن وەك نەخشەی تارانێی لێدەکەن- لە تارانێ دەڵێن موغازە بۆیە لەوێش پێیدەڵێن موغازە... بەڵێ، تەرازووەکانیش ئیدی ئەوە هەموو فەرەنگین...))

((وەك بڵێی چۆن؟)) ئیدی بابە بینی گرتبوو.

((ئیدی ئەو داوەبەن و ئەو قوببەی ناوەڕاستی تەرازوێ و ئەو جۆرە شتانەی نییە، دوولایە- وەك دوو دانە دەوری. تۆ دانیشتووی و لەجێی خۆتەوە و ئەویشت لەبەردەمی خۆتەوە داناوە.



سەنگی کارخانە دەخەیتە ئەم لاتایەیانەوە و توخمی شتەکانیش دەخەیە ئەو لاتایەکەی دیبیانەوە... ئیدی پێی ناوێ هەستیت و تەرازووەکەی هەڵکێشی... ئەو شتانە نەماون- سەنگەکان ئیدی هەروا بەرد و ئاسنەواڵی لەخۆوە نین- سەنگێکن کارخانە دروستی کردوون و لێشیان نووسراوە: یەك کیلۆ، نیو کیلۆ...)) هەموو حەپەسابووین.

((٠جا تۆ وەرە قەپانی کارخانەی قەندی ببینە-حوشتر لەم سەرەوە بە بارە چەوەندەرەوە دڕوات و لەو سەرەوە بەبێ باردێتەوە- کێشراوە، بەبێ وەی پێبزانی...))

((سوبحانەڵڵا!))

((بەڵێ، شەوانە بێ ئەوەی ئاگات لە هیچ بێ ئەوە دارۆغە دێت و یەك یەکەی هەموو قفڵی موغازەکان بەسەر دەکاتەوە و ئەگەر لەبیرت چووبێ قفڵی موغازەیەکی بدەی و داتنەخستبێ ئەوە بە هانکە هانکەوە دێت، وەك دزی هاتبێتە سەرێ... دێت و بە تکاو پاڕانەوەوە داوات لێدەکا بچیت و دەرگای موغازەکەت قفڵ دەی و دایخەیەوە...))

کورتییەکەی پوورزا هێندەی بە ئاسایش و رێك و پێکی و قوتابخانە و کارچاکییە هەڵاگوت هەمووی گێژ و وێژکردن-و ئەوجا دوای ئەو هەوتبوونەی هەمووان گوتی: ((پوورزا، بۆ حەسەنی لەگەڵ مندا نانێری..؟ بۆ خۆم نفووسی بۆدەردێنم، دەیبەمە قوتابخانەی، بەر خوێندنێ... با لەوێ بخوێنێ تا ئیشاڵڵا دەبێتە ئەشتەك...))

((یانی تا ببێتە چی؟))

((کە خوێندنی تەواوکرد دەبێتە فەرمانبەر پیاوی دەوڵەتێ و بەخێر مووچەی وەردەگرێ- ئەوەی ئێوە هەتانە ژیان نییە...))

بابە گوتی: ((باشە بەڵێ، بەڵام...)) ئاهێکی هەڵکێشا.

((دەزانم نارەحەتی چی، من بۆخۆم دەستی دەگرم و لەگەڵە خۆمیدا دەبەم... هەر بەو لۆرییەی کە پێی هاتووم دەگەڕێینەوە... لۆرییەکە چەند رۆژێکان دەمێنێتەوە تا باری تەواو دەبێ، من هیچم لە تۆ ناوێ، ئەگەر زۆر دوو دڵی ئەوە خەڵوزی زستانێم بۆ بنێرە-ئەوەندە بەسە. ژوورێکی لە ژوورەکانی نێو ماڵێ خۆمان دەدەمێ، نفوسیشی بۆ دەردێنم، لە قوتابخانەشیدا ناونووس دەکەم، با بۆخۆی بخوێنێ... براژن، دەڵێی تۆش نارەحەتی... بەڵام من بۆ ئێوەمە-زۆریش پەلەی ناکەم... بەڵام راستیتان گەرەکە ئەمە ژیان نییە ئێوەی تێدان. دە لێگەڕێن با منداڵەکە بخوێنێ-دڵت هیچ نەکا- بۆخۆم وەك شمری هەمیشە بەسەریەوەم...))، ئەوجا بەدەم پێکەنینێوە لەگەڵەمندا ((گاڵتەی دەکەم، کوڕەکەم... تۆ لەگەڵ کوڕەکانی خۆم جودا ناکەمەوە...))

دایکم گوتی: ((خوا راوەستاویان کا- بەنازی داك و بابیانەوە گەورە بن، ئیشاڵڵا!...))

من ئارەقەم کردبوو، پێموابێ رەنگیشم پەڕیبوو...

بابە گوتی: (·زۆر سوپاس، پوورزا- ماڵت ئاوابێ، خۆ نا ئێمەش سوپاس بۆ خودای دەستێکمان بە خۆ ڕادەگا. سوپاس بۆ خودای رۆنە هەیە، ساوارە هەیە، ماش و نیسکە هەیە... ئەوانەی هەموو دەتوانین بۆ بنێرین-دەتوانین نانی دوو سێ مانگانیشی یەك جێ (بەسەریەکەوە) بۆ بنێرین. ئەگەر واشبێ و لەوێ بخوێنێ، هەرچەندە ماڵێ تۆ وەك ماڵێ خۆم وایە و دەشزانم براژنە حەبیبە لەجێی داکیەتی، پارە و پوولێکی گیرفانێشی هەر بۆ دەنێرم. پوورزا ئەگەر راستیت دەوێ بۆ خۆشم ماوەیەك بوو هەر لەو خەیاڵەیدا بووم و لە رێگا چارەیەکی دەگەڕام، بۆخۆت دەزانی کەسوکارێکی وامان نین لە شاری، ئێستاش کە خودا تۆی ناردووە باوەڕم هاتۆتە سەر ئەوەی کە هەر لەگەڵ تۆدا بێ. لێرە چبکا؟ لێرە ئەو پەڕەکەی یەکی وەك خۆمی لێ دەرچۆوە- نۆکەری بێ خەڵات و بەرات- پەرژین بێ داری هەردوو سەر بە گوو، ئاغا زۆرییە بۆ وی بێنێ و ئەویش بۆ مسکێنان- نە لەگەڵ ئاغای بێ و نە لەگەڵ خەڵکی مسکێن. دوایەش ئەو بەزم و ڕەزمانە... هەر نەبێ با جۆرێك باربێت و پێبگا نانی ئارەقەی ماندوویەتییە خۆی بخوات و بژی و شەوێش کە هاتەوە ماڵێ سەرێکی ئاسوودە وە سەرینێ کا. هەروا ئەورۆ سبێکیش دەچم مۆڵەتی لە ئاغای وەردەگرم- چونکە رێ و ڕەسمە... و هەر لە بەیانیشەوە بە پشتیوانییە خودای هات و باتی سەفەرێ رێك دەخەین... خەڵووزی زستانێش هەر بە چاوان. ئەوە ئێمە بە خەبەر نەبووین و نەمانزانیوە، ئێوەش خەتابارن و بێ مەحەببەتیتان کردووە کە دەنگتان نەکردووە- دەنا خۆ خەڵووز لە قاتییە نییە، چ زۆرە خەڵووز زۆرە...))

کورتییەکەی، رۆیشتین تا بچین...

بابە هەر ئەو رۆژە مەسەلەی چوونە شار و ناردنی منی بە ئاغای راگەیاند و سەیرەکەش لەوەیدا بوو کە ئاغا ئەو هەنگاوەی زۆر پێخۆش بوو زۆری پەسەند کرد و هەر ئەو شەوەش پوورزای بۆ ئێوارێ لەبن چادری خۆیان داوەتی نانخواردنێ کرد- هێشتا هەر بە لاپاڵی چیای رووبەڕووی گوندییەوە بووین و نەهاتبووینەوە ناو ئاوایی.

شەو درەنگانێك هاتنەوە، دایکم هەر لە ئێستاوە پرتە پرت و لشمە لشمی دەست پێکردبوو، منیش دڵم وەتەپە تەپ هاتبوو. گەینەوە ماڵێ.

((باشە، ئیدی بە تەنێ نییە...))

من و دایکم بە سەرنجێکی پرسیاراوییەوە سەریرێکمان کردێ.



((ئاغاش ئاخریەکەی هەر بڕیاریدا کە کەریم خانی بنێرێ، کەریم خان بە دوو سێ ساڵێکان لەمن گەورەتر بوو. ((ئیدی بە تەنێش نییە-زۆر هەست بە غەریبییە ناکا... جگە لەمەش، منداڵەکانی پوورزاش لەوێن. ژنەکانیش هەروەتر یارمەتیان دەدەن و خزمەتیان دەکەن و ئەوانیش وردە وردە رادێن چۆن بەسەر وەختی خۆیانەوە بێن و بە خۆیان رابگەن...))

دایکم گوتی: ((ئەدی کێ جلی بۆ دەشوا!...)) ئەوەی زۆر لانەوازانە گوت.

((براژن دڵت نارەحەتی ئەوە نەبێ، هەموو هەفتان جل شۆر دێت- پووڵی خۆی وەردەگرێ و جلی ماڵێ دەشوا.. بۆ مەگەر جلی ئەوانە چەندە، دوو کراس و... دوو دەرپێ- شتێکی وانییە...))

بەڵام بۆخۆم لەگەڵ ئەوەشدا کە حەزم لێبوو بچم بەڵام دڵخۆش نەبووم، چونکە هەر چۆنێك بوو ئەو گوندە ماڵم بوو، لەو ماڵەشدا دایکم و باوکم و خوشکەکانمی تێدا بوون-شێوازی ژیان و تەلەزگە و مەترسییەکانی ئێرەش دیاربوون- جۆری مەترسی و لایەنەکانیشیان... خۆشی و زەماوەند و شایی و جەژنەکانی هەر هەموویان... بەڵام لەوێ چی؟...

هەر خۆم بۆخۆم بم، بۆ خۆم شتێك بم، وانەبم کە بە کلکی ئاغایەوە لکا بم، بۆ هەر شتێك چاو لە دەست و منەتباری وی بم، هەر دوولا بێمەوە و هەستمەوە لە خوای بپاڕێمەوە خودا سایەی لەسەرم کەم نەکا و هەر کاتێ گرفتێکیشی هاتە پێش هەرچی داخی دڵی خۆیەتی بەمنی برێژێ و لەبەردەمی هەر پیاو و ناپیاوێکیدا بڵێ: ((هەمووی خەتای ئەو کوێخا ناکەس بەچەیەیە!)) نازانم، راستییەکەی وام هەستدەکرد!؟- نازانم، پێموا نییە.

هات و باتی سەفەرێ تەواو بوو: ماش، نیسك، ساوار، لەپە، نان، ڕۆن، تەنانەت لەتکە هەرمێ و هەڵووژەی وشك... بەلانی کەمەوە دە توورەگە. وەی خودایە، ئێستا ئەمن ئەوانە چۆن ببەم! چوومە ماڵێ ئاغای تا بزانم لەوێ چ باسە و لەوێ شتێکی هەڵکرێنم. کوڕی ئاغای چ بارگە و بنەی نەبوون، گوتی بابە خان گوتوویەتی بۆی لەگەڵ کاروانی دەخاو بۆی دەنێرێ... و خوا هەڵناگرێ چاکیشی ناردبوو: (دە) بار خەڵووز بۆ ماڵێ پوورزای و یەك دنیا نان و برنجی گردە و ڕۆن و یەك گۆزەی شین قاورمە-و تەنانەت بارێکیش هەنار و بەهێ...

خوشکەکان لە دێی مانەوە، بابە و دایکم لەگەڵە مندا هاتنە شاری.

بابە ئاگای لەخۆی نەبوو، من هەموو هەست و نەستم لەگەڵ هەموو شتەکان و لەگەڵ هەمووواندا بوو-بۆخۆم نەمدەزانی... درەختەکان سەریان بادەدا و بە روخسارێکی غەماوییەوە ماڵئاواییان لێدەکردم... خوشکەکان دەگریان- درەختەکان هەنیسکیان دەدا- هەموو دەیانزانی دەڕۆم، تازە رۆیوم، خۆ ئەگەر بێشمەوە ئیدی ئەو برایەی جاران، یا ئەو برادەرەی جاران نیم.

ئەو هەڵووژە، ئەو سێوە، ئەو دارگوێزە، ئەو دار بەڕووانە... هەموو سەریان بادا و سڵاو و ماڵئاواییان کرد... منیش بێ ئیختیار ڕووم وەرگێڕا.

سوار بووین، پوورزا و کوڕی ئاغای لە پێشەوە، لەلای شوفێرییەوە، منیش لەگەڵ هەندێك ڕێڤینگی دی لەسەر باریەوە سواربووین...

((ئاگات لە خۆت بێ... لەپڕ خەوت لێنەکەوێ و لەو حەوایەیڕا بەربیەوە!))

((خۆ منداڵ نیە-گەورەیە، چۆنی خەو لێدەکەوێ!...)) و لەسەرخۆ بە یەکێکیانی گوت ئاگایەکی لێم بێت. منیش بەسەرخۆم نەهێنا...

کەوتینە ڕێ... ئای، لەو درەختەی کە لە دوورەوە دیاربوو تەنیا درەخت بوو-ئەوە دارە زبیە... ئەودەمی نەمدەزانی. ئەوە ئێستاش پێچ و لۆفەکانی گەردەنەی شاخییە، کە شەوانە ئۆتۆمبێلەکان لێی بادەدەنەوە لاییتەکانیان لە دوورەوە دەبریسکێنەوە و بەرز و نزم دەبنەوە و هەڵبەز و دابەزێ دەکەن. ئای، ئەودەمی دڵم چۆنی لەگەڵ جووڵەی روناکییەکان لێدەدا، ئێستاش... ئێستاش ئەوە بەو پێچانەدا تێدەپەڕم!... سووڕاینەوە و شار و گوند و دەشت و دەروشیو و دۆڵ و ڕێ و بانمان بەجێهێشتن و درەختەکانیش بزربوون.

هەر کە لۆرییەکە لە پێچەکەی بادایەوە شارمان لەبەرچاوی ون بوو، ئیدی ئێستا شاری حاجی و بازاڕییەکان نەبوو-شاری مە بوو- شاری من، لە پێشدا شاری من ئەوجا شاری ئەوان. لاپاڵ و پێچ و چیا، بۆ هەمیشە تێپەڕین و حاڵی منیش-تەنانەت حاڵی ئایندەشم-هەمووی لێکترترازان و لێك جودا بوونەوە و دابڕان...، سەرەنجامیش، خوێندن-هەروەك ئەو کێو و لاپاڵ و پێچانە منی لە شار و گوندەکەم دابڕی. خەڵکی گوندی خۆم و خەڵکی شارەکەی خۆم-کەوتنە ئەولای کێوی- و خەڵکی شارەکەی دیش- کە ئەوانیش بوونە خەڵکی من- کەوتە لایەکەی دی...

ئێستا ئەوە بابە و دایکم لە ماڵێ پوورە زیبای دانیشتوون و چای دەخۆنەوە... نا، دایکم دەگری و بابەش لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە، پاڵی وەدیواریەوە داوە و ریشی دەخورێنێ، و دەبەرامبەرەوە ڕاماوە... من دەگەڵ پوورزا و کوڕی ئاغای چای دەخۆمەوە... ئیدی هەرگیز لەگەڵ دایە و بابەیدا چای ناخۆمەوە- ئەوەی بیشیخۆمەوە- ئەگەر بیخۆمەوە- دیسان ئەو چایەی جاران هەر نییە، ئیدی ئەو تامەی ناداتەوە... هەر کە لۆرییەکە لە لاپاڵێوە شۆڕ بۆوە ئەو جۆرە شتانەش هەموو ونبوون و نەمان.

ڕێ هەروا بەرەو پێش دەچوو، منیش هەر دەچوومە پێش-و ئەوانە بەجێ دەمان و لە دواوە بوون و تادەهاتیش دوورتر دەکەوتنەوە. ڕێیە خۆڵەکە هەر بەرەو پێشەوە-تا دەشهات زیاتر-



ڕێی خۆڵیێ درێژتر... قاوەخانە، پێشکە و مێشوولە، پیسایی- لە هەردوو سەرەوە- و من لە یەکێ تێدەپەڕیم و دەگەیمە یەکێکی دی... خاك و خۆڵ و تۆز و غوبار... ((تەنیشت تەنیشت... تەنیشت... هۆۆش!)) کابرای لادێی کەرەکەی لە ڕێیە لادەدا... ((دد-ید!)) هۆڕنی بێ پسانەوە. کرێکاری ڕێ بەبێ تاقەتیەوە خۆی لادەدا... ئۆتۆمبێلەکە گەرم داهاتووە و گەرمی کردووە... فشە فشی رادێتەرەکەی دێ- فشش- ئەوجا هەڵم! شاگردی لۆرییەکە خۆ فڕێدەداتە خوارێ، لە ژێر داشبووردەکەوە سەتڵێك دەردێنێ و بە پەلە پەلەوە و هەر بەغار سەرەو نشێو دەبێتەوە، ستڵەکە لە جۆیە پڕ دەکا لە ئاو... ((سەرت بەولاوە بەرە!)) سەری رادێتارەکە بادەدا... لەپڕ... دەموچاوی لە تۆقەڵە دێتە دەرێ و یەکپارچە دادەپلۆخێ، هاواری لێ هەڵدەستێ... دەنگی هاوارەکە نامێنێ و دەبڕێ... ئاوەکەی تێدەکا... رادێتارەکە هەناسێکی دێتەوە بەرێ و هێور دەبێتەوە دوای ماوەیەك... سەتڵەکە داوێتەوە بن داشبوردەکەوە... دەکەوینەوە ڕێ. دەنگی ئاوازێکی، پچڕ پچڕ تاك و تەرا دێت و دەڕوا، جاری وایە رێك دێت و چەند نەوایەك بە دوایدا-کوردی-تورکی... ئەوجا پێشوازی کێو لە دوای لە لاکەلەکەی لۆرییە، خزینی لۆرییە بەرەو هەڵدێر و خەرەندێوە...و پێچ و لۆفە و بادانەوەی لاپاڵی دۆڵێ... و پرد و جۆگەلان... قاوەخانە-کردنەوەی تۆیشەبەرە- نانی وشك، نان و چای شیرین-دیشلەمە... و لەپڕ کۆتایی ڕێ: گەیشتنێکی نەرم و بەسپایی، نشێو... ئەوەش مەقسەد... ماڵ و خانووبەرە... باغی قەراغ ڕێیە، چۆم... ئاهەه گەیشتین!...

شەوێ لە ماڵە پوورزای دەنووین... سبەینێش نفووسی وەردەگرین، من دەبمە رەحمانی، کوڕی ئاغای دەبێتە حوسێنی- باپیرەی من رەحمان بووە، باپیرەی ویش حوسێن-پورزا دەڵێ ئەوە وا باوە. سبەی شەوێش هەر دەمێنینەوە، ئەوجا دەچینە ماڵێ ئەو ماڵە پوورزایەکەی دی کە خانووی بەکرێشیان هەیە. ژن و مێردێك و منداڵێکی سێ چوار ساڵانەیان هەیە بەناوی ئیبراهیمە. پیاوەکە بەرگدرووە، جلی کوردی دەدروێ و تا بڵێی شەپڕێوە، ژنەکە، ژنێکی چاکە-ئایشە خانم. لێرە هەموو هەر خانمن-ئایشێ خانم، ناهید خانم، خورشید خانم... هەموو لە هەموو خانمن-بەپێچەوانەی شارەکەی مە کە هەموو پوور و ماموژنن. جلەکانمان ئایشێ خانم دەیانشوا، لەگەڵ جلەکانی خۆیاندا-چێشتیشمان بۆ لێدەنێ... ئیبراهیم شەوانە زیاتر هەر لەلای ئێمەیە. پیاوی ماڵێ، کا سەلیم، لەو قاڵتاغچیانەی رۆژگارێیە... بێدەرەتان خۆت ئایشێ خانم...!

دوای ماوەیەك، شارستانیەتیش دەگاتە شارەکەی مە، پۆستە خانەی لێ دادەمەزرێ... پۆستەخانە بە پشتی ئێسترێ نامە و پەیامان دێنێ. نامە لە بابەیڕا بۆ پوورزای دێت-

نووسیویەتی (پوورزا دەڵێ-تەنانەت نامەکەش دەرناخات و منیش زۆرم حەز لێیە نامەی بابەی ببینم- نامەی پۆستکراوم قەت نەدیووە) نووسیویەتی لەگەڵ ماڵێ ئاغایدا چۆتە ((گلاجار))ی. تێدەگەم-تێدەگەین... کوڕی ئاغای نارەحەت دەبێ. دەزانین ئاغا مەیدانی پێ تەنگ بووە بۆیە ڕۆیوە. بابە نووسیویەتی کە ئاغا بە حاجی حوسێن بەززازی گوتووە لەگەڵ پوورزایدا ئاگایان لێك بێت و پەیوەندی پێکترەوە بکەن، غەمێ نەخۆین، هەموو لایەك باشن- هەموو ساغ و سەلامەتن، دایك و خوشکەکانیش، بێجگە لە غەمی دوورییە مە هیچ غەمێکی دییان نییە. ئێمەش ناخۆشیمان نییە، تەنیا هەست بە غەمی دوورییە دەکەین... دەڵێن هیچ شتێك وەسەر غەریبییە شارێکی بێگانە و نەناسیاو ناکەوێ، هەر چەندە هەوا خۆش و تاو و ساو و هەتاوی بێ و خەڵکی بە ڕووی خەڵکیەوە پێبکەنن و بتریقێنەوە. بەڵام دڵ هەر غەییبە و بەڕووی کەسەوە پێناکەنێ و تۆ دەستبەجێ دەتوانی بێگانەی لە خۆیی جیاکەیتەوە-پێکەنینەکەی بێگانەیە، لە دڵەوە نییە، شێوە ئاکاری چاوەکان بێگانەن، گەرموگوڕنین... تەنانەت ئاکاری دەستەکانی... شێوەی ڕێ کردن... هیچیان دەجێیە سروشتییەکەی فێربوون و ڕاهاتنی تۆدا نین. گرفتمان نییە، بەڵام هەستی بێگانەییە دەکەین-هەروەك جلوبەرگێکی نائاساییمان لەبەر کردبێ... گرفتێکمان نییە، کەچی ئاسوودەش نین...

ڕۆژانە لە قوتابخانە دەخوێنین و یاری دەکەین... شەوانەش... دەنووین، تا سبەینێ کە ئایشێ خانم هەڵماندەستێنێ، تا بچینە دەم چۆمی و دەست و دەموچاومان بشۆین و قاوەڵتییە بخوێن و بچینە قوتابخانە، نێو بێگانەگەلێکی کە هەر بە زمانی خۆمانە دەدوێن کە هێشتا ئێمە بە ئی خۆیان نازانن: لەگەڵمان دەدوێن و پێدەکەنن، گەمە و یاری و گاڵتان دەکەن و جاروبارە شەڕو هەراش... کەچی هەر بێگانەین. لە ماڵێش بێگانە بووین.

## -١٠-

کۆڵە گەڵا یا گیا ئەوا وەڕێ کەوتوون، کۆڵەکان گەورەن، چوار سووچ، پان و پۆڕ، جاری وا بێ قەوارە. ئەوا بەرەوپێش دێن- لەسەرەخۆ، بە دڵنیاییەوە- بەڵام پتەو و گورج و گۆڵانە... بێ سەر، بێ پا... یەك ڕەنگ. وردە وردە نزیك دەبنەوە، دەبینی ئەوە شتێکی وەکو پێی مارمێلکە، دەنێو جاش کەوشی بن لاستیك، یا کەڵاش، یا هەروا پێخواست، شەقار شەقار، خەت خەت و ڕووشاو، لەژێر کۆڵەکانەوە دەردەکەون. تا هێشتا سەرێك دیار نییە، ئەوەی هەیە هەر کۆڵەکانە و ئەو جووتە جاش کەوش و کەڵاشانەش تا چەند هەنگاوێك بەر لەوەی بگەنە تۆ مەگەر ڕاستەو ڕاست بەرەو ڕووی تۆ بێن دەنا سەرێك نابینی. کە دەشگەنە تۆ دیسانەوە شتێك



دیار نییە پێی بگوترێ سەر. سەر هەر دەڵێی دەنکە سنجووە و دە کۆڵەبارێدا ونبووە. شان و شەپیلکیش، ئەگەر دیار بن، ئەوە گوریس پێچ کراون و شەتەك دراون، پشت چەمیونەوە، کۆڵەبارەکان قیت و قنجن...

ئەوە ژن یا کچە کوردن کە لە دەشتێوە کۆڵەگیاو لە کێویەوە کۆڵە گەڵایان دێننەوە گوندی... لە دوورەوە چەند نوختەیەك دیارە، لێك ئاڵاو و پەڕاکەندە، سەریان لە دووی یەك ناوەو وەدووی یەك کەوتوون- هەروەك کۆمەڵە مەڕێکی، یا کۆمەڵە تاشی لاپاڵێکی بە سینگی کێویەوە، کە دێوێك بە ڕێکەوت مشتێ تاشی هێنابن و بەولاپاڵەی وەرکردبن- هەندێ جێ پڕ، هەندێ جێ پەڕاکەندە و هەندێ جێش پڕ و تاك و تەرا، تاك و تەرا و کۆ، لێك دوور و نزیك، جاری واش بێ نێوان...

کە دەچییە پێشتر و نزیکتر دەبییەوە، تاش و تاکە بەردەکان تادێن گەورە و گەورەتر دەبنەوە، گیانیان وەبەردێ... نزیکتر دەبیەوە-مێگەلێ دەبینی، کۆمەڵ کۆمەڵ... پەرت و بڵاو و کۆمەڵە. کە هەریەك لەو کۆمەڵانە چەند سەر بزن و مەڕێکن مۆڵ بووون بە ئارامییەکەوە چاوەڕێن. چەند هەنگاوێك بەولاترەوە مەڕێك یا تاکە بزنێك دیارە وریایانە، خێرا خێرا، کاسەی تاماوێ دەلێسێتەوە و ریشی یا کلکی یا دووگی لەگەڵ بادەدا...

دەنگی فش فشێکی نەرم و پڕ ئاواز و نارە نارێکی بن لێوانەی جحێڵانە، جحێڵانە و جاروباریش غەمبار و دایکانە... زۆرتر ئاوازی شاد و غەماوێزانە بەدەم دۆشینی پەزیەوە دەپشکوون، بەردەبێری کە ئەو غونچانەی لەسەر ڕۆیشتوون و بە ڕیتمێکی دیاریکراو پاش و پێش دێن و دەچن و دوای ئەوەی کاسە شیر لەبن پاشووی پەزی دێتە دەرێ، بە لەپە دەستێکی ئەو غونچەیەی کە بە نەرمییەکی پڕ سۆزی دایکانەوە لەلاکە لەکەی مەڕ یا بزنەکەی دەدا، ڕەها دەبێ و ئەوەدەمی سەرێك وەدەر دەکەوێتەوە و روخسارێکی سوور هەڵگەڕاو دەرەخسێ... ((باشە دەی... بڕۆ دەی!...)) و ئەوجا دەستێکی درێژ دەکا بۆ کاسە بە تاڵەکەی تا ماوەکە تا نوێی کاتەوە. ئەوە بزن یا مەڕەکەش، زۆر دۆستانە و چاوەڕوانانە تێوەی ڕاماوە و سەیری دەکا، چاوەڕێیە فەرمووی لێبکا، بەڵام ئەو لە پێشدا ئەوەیانی هەڵناوە کە تا ماوەکەی بۆ گرتۆتەوە و ئەویش دەزانێ و بە ڕاکە ڕاکەوە بۆ لای دێت.

ئەوەش ژن یا کچە کوردە کە چۆتە ((بێری))یە.. بۆ مەڕ دۆشینێ... لە دوورەوەڕا بەلاپاڵێوە هێڵێکی دەبینی-تێکشکاو ورووژاو، نارێك... هەندێکی تیژ و هەندێکی نەرم و شلك و ناسك، جێ جێ پساو و تەنك... بەرەو پێش دادەگەڕێ-بە گۆرانییەوە جارجارە بە کۆڕس و زیاتریش تاك نەوا...

نزيك دەبيەوە... ريزەكە هێشتا تۆيان نەديوە، هێشتا هەستيان نەكردووى و تۆ گوێت لە دەنگ و ئاوازى گۆرانى و گفتوگۆ و قاقا و پێكەنينەكانيانە، بەڵام دەشزانى هەر كە هەستت بكەن ئەوەدەمە تەقىێ و خەندە و قاقاو پێكەنينانەيان دەپسىێ و ڕادەوەستىێ و دەبڕێتەوە، ڕشتەى ئاوازەكان دەپسێن، لە سروشت جيا دەبنەوە و دادەبڕێن- لە خۆيان دادەبڕێن... ون دەبن و تۆش ناتەوىێ كيژى سروشت هەرگيز لە سروشت ببێتەوە، سروشت پێنەكەنىێ، گۆرانى نەڵىێ، هەڵنەپەڕىێ، سروشت سروشتييەكەى جوانە. هەر بەو ئاواز و خۆشى و شادييە سەربەستانەييەيەوەى جوانە-بەو نازو ئاوازى قاسپە كەو ئاساييانەيەوە نازدارە. كەڵاش و جاش كەوشى بن لاستيكيان دەپێدايە، بەڵام هەنگاو و لەنجەولار و خۆبادانيان تا بڵێى زۆر شلك و نەرم و جوانە-هەروەك ڕۆينى كەوىێ...

نزيك دەبيەوە هێشتا هەستيان نەكردووى، دەبينى ئەوە شيرمەشكە و بە ملاندا كراوە، هەر وەك چۆن دايكێك منداڵەكەى لە ئامێز دەگرىێ-زالكى شيرمەشكىێ سەرى بە شان يا بە چاڵى بەرگەردەنێوە ناوە. كيژەى سروشتيش جاروبارە تينوو دەبىێ، دەمى بە زالكى شيرمەشكێوە دەنىێ و چەند قومێكان فڕ دەكا... خۆزگە بە شيرمەشكىێ دەخوازى كە لە جێى وى باى، خۆزگە بە سروشت كە لە داوێنى سروشتەوە بەخێو دەكرىێ...

هەر هەستيان كردى وەك بێدەنگييە پێش تۆفانىێ، دواى هەڵكردنى باى پێش وەخت... سروشت دەچتەوە ناوخۆى و خۆى خڕدەكاتەوە، ريزەكە لە گوتن و خەندە و قاقا و پێكەنين دەكەوىێ، هەندێكيان دەست بۆ زارى دەبەن، هەندێك دەست بەسەر و پرچان دادێنن، هەندێكيشيان شەيتانيان دەكەن، پێدەكەنن-نەرم، كچانە، وەك خوڕەى ئاوى جۆيە- زەنگوڵە ئاسا، خۆش. وەك شلكە نەمامان بە شنە باى دێن و دەچن و هەر يەكەيان بە روخسارى گوڵ غونچە ئاساى پشكووتووەوە، شەرمێونانە دەردەكەون و وندەبنەوە. زياتر چاوان بەردەدەنەوە-تاك و تەرايان نەبىێ، بىێ گوێدان، گەردن كێلانە، سينگ رەپێش، بەخۆ و بە سينييە ميوەوە، رووبەڕوو سەير دەكات... سەيرى تۆ ناكەن- بەڵام بە ورديیەوە تێوەت راماون. هێشتا چى وا نەڕۆيون، وەك بڕياربىێ، هەموو پێكەوە لە پڕمەى پێكەنينىێ دەدەن- نەرم، گەرم، وەك قاسپەى ماكەوىێ...

ئەوە كچە كوردە كە لە بێرييەڕا بەرەو ناو دىێ و ناو ئاواييە دەبێتەوە.

شيرينيش هەر كچە كوردێكە وەك هەر كچە كوردێك كە پشتاو پشت و نەوە بە نەوە چۆتە كێوى، گەڵاى هێناوە و چۆتە دەشتىێ گياى هێناوە، چۆتە بێرييە و لە بێرييە ڕا هاتۆتەوە-پێكەنيوە، گرياوە... جار جارەش پشتاو پێش سوارى كەرىێ كراوە... بەڵام لەگەڵ هەموو



ئەمانەشدا كچە كوردێكە كە نموونەى ڕەچەڵەكاو رەچەڵەكى لاو و كيژوكاڵى كوردانە، كچە كوردێكە كە هەزاران كچە كوردى تێڕا ديارە و دەدرەوشێتەوە، پێدەكەنن، دەگريەن، هەڵدەپەڕن، دڵ پڕ هيواو ئاواتن. كچە كوردێكە كە دايكانى كورد ئومێد و ئاواتان لەويدا دەبينن، هۆشدارييە دەدەن، توندوتيژييەى لەگەڵدا دەنوێنن، قسەى خراپ و بەند و باوى بۆ هەڵدەبەستن و جنێوى ناشيرن و دزێو و قێزەونى پێدەڵێن، كە نەيتوانيوە يا كارێكى وايكردووە كە نەيانهێشتووە بە گوێرەى رێوڕەسم و ياساو رێساى باو مێردى بكا و ببێتە دايك و تاڵ و سوێريان وەماڵىێ، منداڵان هەڵڕێژىێ و پياوان بخاتەوەو قەوم و قيلە بداتە دەست نەوەى ئايندە...

بە هەرحاڵ ژنە كوردە- ڕوو لە هەر جێيەكى كا هەر ئەوەيە كە هەيە- بەڵام لەسەر زەمينى خۆيدا لەنێو خاك و با و ئاو و هەواى خۆيدا زۆر بەولاوەتر و زياترە. لەسەر زەمينى خۆيدا لە شارى خۆيدايە، بەڵام ماڵەكەى خۆى لەو شارەيدا لە هەموو جێيەكى گەرم و گوڕترە. لە هەموو ئەو سەرزەمينەى خۆى گەرم و گوڕتر. ئێستا ئەوە لە شارەكەى خۆشيدايە، بەڵام لە ماڵى خۆى نييە. ڕۆيشتن لە ماڵىێ و رىێ پێوان و تێپەڕين لە چۆم و ڕووباران ماناى وانييە كە تۆ ماڵت بەجێهێشتووە و وازت لێهێناوە... ((ماڵ)) هەميشە هەر هەيە-هەميشەش هەر ماڵە. هەموو كەلێن و كەلەبەرێكى بوونى تۆى داگيركردووە و هەميشە تۆ و دڵ و دەروونت بەرەو لاى خۆيەوە بانگ دەكات و رادەكێشىێ.

شيرين رەنگە ئەمانە نەزانىێ-ديارە ناشيانزانىێ... بابە سۆفيش هەروەتر... بەڵام هەست دەكا كە ((ماڵ)) هەميشە هەيە-و هەميشە مرۆ بەلاى خۆيدا رادەكێشىێ. تروسكە تروسكى چراى لە دوورەوە، بۆنى پاتاڵێى لە نزيكەوە، بۆنى دايك، پێكەنينى باوك، لە سووچ و قوژبنێكى ژوورەوە. هەر ئەوەشە-هەمان كونج و هەمان قوژبنە- كە دە پيريەدا لێيدەگەڕێين، كەچى نايدۆزينەوە. ئەمە چييە؟ چ رازێكە؟... ئەو سىێ كوچكەى بن ديوارى كە بە دوو ريزە بەردان لە شێوەى بازنەييە هەڵنراوە و قۆرى يا قازانى چێشتێى لەسەر ڕۆ دەنێن تا سارد نەبێتەوە... ئەوە خۆ هيچ نييە، نەجوانە و نە ناشيرين- بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەموو ئا ئەم شتانەيە: بنەچەى بيرەوەرى و ياد و يادەوەرييەكانە. ئەوە قوژبنەكەى بابەيە كە بە دانيشتنەوە بە مقاشى پۆلووى لە نێوان ئەو سىێ كوچكەيەوە دەردێنان و دەيهاويشتنە سەر تووتنى سەرە سەبيلەى، لەو بەرەوەش ئەوە كونجى تايبەتى داييە، كە دادەنيشت و كراسى پينە دەكردن و ئاهى هەڵدەكێشا... و بەولاوەتر من-كە چاى گەرم گەرمى داغ هەڵدەقوڕێنم، خوشكەكان كە لێوان هەڵدەقرچێنن و ((تيتە تيت)) و تەنانەت بە پڕمە پڕم و هەڕە هەڕەوە، دەدايى دەگەيەنن كە كێيە وا دانيشتووە و بە فڕە فڕەوە چاى هەڵدەقوڕێنىێ!... ((سىێ كوچكە)) ئەمانەى هەموو

تۆمار کردووە... ژوورەکەش و ئێستا کە بۆ خۆشی نەماوە-ئەمانەی وەك نەواری ریکۆدەر بۆمن تۆمارکردووە و بۆم لێدەداتەوە-و چەند جوانیشی تۆمارکردووە- بیّ هاش و هوشە، روون و ڕەوان و بژاردە... زبری و توندوتیژی هەمووی نەرمی و ناسکی، نەرمی و ناسکیش هەمووی لوتف و خۆشەویستی... بابە چوست و چالاکە، ڕوو و روخساری دایی لە جوانیان دەبریسکێتەوە، لێوی سوخمە و کولەجەی خوشکەکان توانای فشاری سینە و بەرۆکانیان نەماوەو هەلّزەقیون. یا ئەو دەمانەی کە مندالّ بوون و بابە لێیان دەپاڕایەوە شیری بدەنیّ و نەیاندەدایە و خۆیان خڕ دەکردەوە ئەوە مالّە، بە هەزاران وێنای بیرەوەری، وێنای بۆن و بەرامە و وێنای هەست و نەستەکانەوە... رەگیان لەو خاکەیدایە، ئەوێیان بە مالّی خۆیان و خاکی خۆیان دەزانی- باشە، دەریشیان کردبن، با تووڕەش بووبن... بۆخۆیان نەڕۆیشتوون-کیّ لە مالّیّ خۆی تووڕە دەبیّ؟... دەریشیان کردوون... کەچی هێشتا دلّیان هەر لەوێیە- لەویّ بەجێماوە. دلّ لە هەر جێیەك بیّ مالّیش لەوێیە... دەلّێن دایك خەلّکی کویّ بیّ ئەوە زێدی دایکایەتییە، بەلاّم ئەو هەستدەکا-نازانیّ چۆن- کە سەرزەمین و زێدی دایکایەتییە نیشتمانە و مالّ نییە-هەر سەرزەمینە و هیچی دی. نیشتمان مالّێکی گەورەیە، کە ئەو گەنج و خەزێنەیەی تێدا ونبووە و تۆ دەبیّ ئەو مالّە گەورەیەی هەموو لێکدەی و بیگەڕێی تا ئەو کونجەی- ئەو دوو کونجە-ی کە ناوەزد و سەنتەری خڕبوونەوەی بیرەوەرییەکانی تۆن، یاد و یادەوەری و هەست و نەست و بۆچوونەکانتی تێدا رەخساوە و گەورەبووە و وەبەرهاتووە، بیانبینییەوە-ئەبیای... عومری نوحی گەڕەکە..! ئێستاش بیّ ئاگا لە رەگ و ریشە دەرکێشرانیّ. تۆفانێك هەستابوو. لەپڕ ئەوانی لەبن و بێخ و رەگ و ریشەوە هەلّکێشابوو-هەروەك ئەو تۆفانەی کە هات و ئەو بنە گوێزە زل و پتەوەی کەناری حەوزەکەی لەبن و بێخەوە دەرێنا. بابی دەیگوت هەزار سالّە سێبەری بەسەر ئەو حەوز و کانییەدا کردووە، ئێستاش تووڕەییە تۆفانیّ هەر بەودەمەی لە رەگ و ریشەوەی دەرێنا. رەگەکانی دەدیتن، هەموو ئەستوور و ناسك و باریك و گریّ گریّ و درێژ، وەك ماری سڕبووی بن گلّی-لە نێوەڕاست و سەرو بنێوە پسابوون. هەستی چیان دەکرد؟ هەستیان دەکرد؟ رەگیان لەو خاکەیدا بوو و ئێستا لە رەگ و ریشەوە هاتوونە دەریّ و هەلّکەندراون- رەگەکانیان بڕدراون، هەروەك چۆن بابە سۆفی و برایەکان رەگوریشەی بنە تەڕاش و دەوەنەکانیان بڕین-ئاخر کاتیّ کە چوون بابە سۆفی و برایەکان هەریەکە چەقۆیێکیان بەدەستەوە گرت، بە ئازارەوە نیوەی بنە بڕکەکانی بێستانێیان هەلّبڕین- رەگی خۆیانیان بڕی، دەگەلّ هەر بنە بڕکێکیدا رەگی خۆشییان... ئەوە رەگ بڕینە،



ئەوە لە خاك دابڕانە، بڕینی پارچە و ئەندامێکی لەشە، بڕینی بەشێکی گەورەی پەیکەریّ لە ژیان... کە لە خاوەن لەش و پەیکەرەکە بەولاوە کەس ئاگای لەو ئازار و دەردەکوشندەیە نییە.

خەلّکی بڕینەوەی ئەندامەکە دەبینن، بەلاّم ئێش و دەرد و ئازارەکەی هەست ناکەن... دەیبینن، بەلاّم هەست ناکەن-هیچ کەس هەست ناکا خاوەنی ئەندامە بڕاوەکە نەبیّ، کە لە کونجی مێشك و لە قوولاّیی دلّەوە- دەگەلّ بروسکەی ئازاری ئەندامەکانی دیدا کە لەتاو غەمی دابڕانی ئەندامە بڕاوەکە دەزریکێنن...

دلّ لە کوێیە مالّیش لەوێیە، ئیدی تازە ئەوە لەو پارچە دلّە جودایە کە لە مالّێکی دیکەی جێی خۆی خۆش کردووە و کردوویەتییە مالّە خۆی...

لە قساندا هەمیشە لەویّ ((لەلای خۆمان)) بوو، سەیرەکەش لەوەیدابوو کە خەلّکی لەوێش بە بابە سۆفییان دەگوت ((سۆفی بانەیی)).

دەگەلّ ئەمانەشدا جێی دلّخۆشییە کە ژنی کورد لە هەر جێیەکی ئەم سەرزەمینە بیّ هەر ژنە کوردە... و زۆر هەستی غەریبییە ناکا. وەك ژنە تورك و ژنە عارەبان نییە، کە لەگەلّ کەس نەگونجێن، یا بە پارێزەوە بگونجێن و هەلّکەن. ژنە کورد کە هات دێت، وەك هەندێکیان هەر کە هاتن چەتریان هەلّدەدەن و تێکەلّ دەبن، وەك سەد سالّ بیّ گیرسابنەوە و لەنگەریان هاویشتبیّ، هەر لەو جێیە بووبن...

((پوورە کەویّ، ماشو هەیە؟-لۆیچێکم بۆ ماشێنەی دەویست.))

((هەمانە، ئازیزی دلّەکێم... جاریّ دانیشە کەوچکە دۆیەکی وەخۆ، تا بۆت دێنم...))

(٠نا، هەر ئاوەدان بیّ، بابی کەژالّیّ چۆتە دەشتیّ... گوتم ماندوو و مردووە کە هاتەوە با خواردنێکی گەرم هەبیّ لە پێشی دانێم...))

((هەروا دەقیقێکی راوەستە، رۆلّە خۆ بۆ ئاوردووی نەهاتووی! دەقیقێکی راوەستە کەمێکیشت مێوژان دەمیّ بۆ کەژالّیّ... بە سەلامەتییە ددان هاتنێوەی..؟))

((مەرگی مندالّەکانت نەبینی، ئیشالّلاّ... خۆ دەمێکە ددانی هاتوون... ئەوە سیّ سالاّنە..!))

((ئۆی... هەر لە بیریشم نەبوو، ماشەلّلاّ هێندە ژیکەلّەیە مرۆڤ وادەزانیّ هێشتا هەر گاگۆلّکان دەکا! بیّ چاوێنی بیّ ((ئیشالّلاّ..!))

((مامە ڕەشە دەستم بەتالّە، پێتخۆشە بێمە هاریکاریەت؟))

((های ڕۆڵە... خوا خۆت و منداڵەکەت هەر ڕاوەستاو کا، وەرە، وەرە... ئەو مژانەی تاودەیە... ماندوو بووم... ئای، پیری و هەزار عەیب... ڕۆڵە، ئاگات لیبێ بن پەلکان نەشکێنییەوە- ئا ئافەرین، دادەگوڵ!))

((ماشەڵڵا ئەم ساڵ تووتن هاتیەتی...))

((بەتەمای خودای... جا ئەگەر کافر لێگەڕێن...))

((خوا چاکەیان بۆ نەکا خوایە!...))

((ئای کچی خۆم، تا ئێستا ئەوەی بەسەری هاتووە... رۆڵە، هەر بۆخۆی بووە، میللەتی کورد (میللەتێکی خۆخۆرە). کورد کە دوژمنی لە بەرامبەردا نەبوو، یا هەبوو و نەیدیت، لوولەی تفەنگەکەی بادەداتەوە سەرسینگی میللەتەکەی خۆی. ئەگەر بشیبینێ وردە حیسابی دیکەی دەگەڵ ئیدەدی وەبیر دێنەوە و لە رکێ وان دەچێ دەبێتە چڵکاو خۆری حکوومەتی تورك و عارەبان... ئای، کچەکەم، بەدبەختییە مە هەر یەك و دوو نین... میللەتی کورد خۆخۆرە...))

ئەوەی دیوە دەزانێ، سەعید بەگی نەدیوە، وەلێ کردارەکانی دیوە، مەحموود خانی دیووە و سەرەنجامی کارەکانیشی دیوە و تاقیکردوونەوە... ((ئەو یەکە))شیانی هەر دیوە...

هەمیشە هەروایە، وەك لە پەنایەکی مێشکیدا خۆی مات کردبێ، چاوەڕێ بێ ناوێکی یا شتێکی یا بێژە و بەهانەیەکی دەستکەوێ، وەك منداڵێکی بەخۆی و تاسە و زەوقەوە، دەستبەجێ وەڵامی لەخۆی گەورەترانێ دەداتەوە کە کارێکی پێ دەسپێرن، بەڕاکە ڕاکەوە لەلایەکی مێشکییەوە پەیدا دەبێ و کاتێکی دەزانێ چوار مەشقی دادەنیشێ و لێی پاڵدەداتەوە. سەر و چاوی هەروا هەر گرژە، هەروا سەرشۆڕە، ڕەش و شین هەڵگەڕاوە-سەر هەڵنایێنێتەوە... شەرمەزارە! هەمیشە هەروایە... خۆی ملی ئەو رێیەی گرتووە، وەك دوور لە گیانی حازریان، خەڵکی شیری کەرێیان خواردووە! دڵ توندە... ((ئەوەبوو سوێند و قوڕئانەکەت! کە سەر هەڵنەهێنییەوە... لەوانەیە بڵێی سوێندەکان لەملیان داوی... ئا... بەڵێ..!))

شەڕە: کۆمەڵێك دەوری شێخ مەحموودیان داوە، کۆمەڵێکیش وەدووی فەیسەڵ و ئینگلیزەکان کەوتوون... بۆ؟-لەبەر ئەوەی چڵکاو خۆرن، دوژمنی یەکن... هاوسێ موڵك بوون، هەروەك سەعید بەگ و مەحموود خان، مەحموود خان و ئاغا... (٠ئاه! دووبارە هاتییەوە! خاکی دنیام بەسەری، وەك کەوچکی نەشۆراوە... ئۆ خودایە هەواڵی مەرگت بدەنە داکێ!... خودایە...)) یا مەرگی وی یا ئی تۆ..؟ ئەستەغفیروڵڵا خودایە تۆبە..!



وای، ئێستا بەو سەرو برۆیە تاشراوەوە بچتە کوێ، چ قوڕێکی بەسەریداکا! بچێ و لەدەست ئەو ژنەی خۆی هەڵواسێ... ها... بۆ؟ ئەو ژنەی کە لە خوای دەوێ... باشە، لێگەڕێ با ڕەبیسی قۆزاغان با هەتیوەکەی کەلەبچە کات، بیباتە قشڵەی... داغێکی وای بە جەرگیەوەنێ تا سەد ساڵی دیشی پێوە بناڵێ! ئەوە هیچ ئەم شەو ناتوانێ بچتە چ جێیان- چ جێیەکی نیە... بە چ ڕوویێکەوە بچتە سەر بێستانێ... هەر بەڕاستی لەو دەوروبەرانە دەمێنێتەوە، دەمەو خۆراوایە وردە وردە دەچێ دە باقە گیایەکیدا، لە نزیك خەرمانێکییەوە، خۆ مات دەکا...

لەپڕ دەستێکی کەوتە سەر شانی، وەك ماری پێوەدابێ لەجێی خۆی هەڵبەزییەوە و زریکاندی... سەری لە خەنەی گرت و بە توێکڵەی فەریکە گوێزێی خەنە گرتەوە تا جێی مووەکانی پێ ڕەشکاتەوە و بە گەڵاگوێزێشی داپۆشی و برۆیەکانیشی هەروەتر لە وەسمەدان... ئەو شەوەی تا نیوە شەوێ دانیشتن، نیوەی ئەو ئاردەی هەیانبوو کردیانە نان، سێ سەربزن، جووتەگایەك، دوو گوێدرێژ، چوار مریشك... و دوو تا ئاردیان لەگەڵ چەند شووتی و گندۆران لە گوێدرێژان بارکرد، کاکە مەحموود و کاکە حەسەنیش هەریەکە و رەشکەیەکی پڕ لە گندۆرە و شووتی و تەماتە و کدوو بە کوڵێ دادا، هەندێك شڕو شاڵاتیشیان لە پشتێ گایەکان نا... گایەکان باربردە نەبوون و هەر فیشە فیشیان بوو و هەڵیان دەتیزاند. هەندێ جاران وایان دەکرد شڕ و شاتاڵەکان بەردەنەوە و لە پشتە خۆیانیان کەنەوە، هەڵدەهاتن- بەڵام زۆر دوورنەدەکەوتنەوە، وەك ئەوانیش بزانن کە سەلامەتی لە پێکەوە بوونێدایە. بزنە گڕوویەکی نەخۆش، لەگەڵ دوو مریشکاندا، سەرباری پشتی گوێدرێژێکین. ئەو و بابە سۆفیش هەریەکە و توێشە بەرەی کۆڵەنانێکی بە پشتێوەیە-و لێیاندا و بەخشکەیی بۆی دەرچوون... کێوا و کێو دەڕۆن، خۆ لە رێیە دەپارێزن. یەکەمجار کە گەییە تۆقەڵەی شاخی و گەورەیی چیاکانی ئەولاوەتر و پان و پۆڕی و بەرینییە دەشتە راکشاوەکەی بەردەمی دیت وەك پەڕەندەی باڵدار هەستی بە لەش سووکییەکی خۆش کرد-وەك دڵی کرابێتەوە، شادبوو... بەڵام دۆڵ قەبز و تەنگە و دڵگیر، لە دۆڵێدا وەك کێوێکیان غەم لەسەر دڵێ بارکردبێ-هەندێك راوەستان، دەمێکی تا حەسانەوە-بەڵام بارەکانیان نەخستن، دوای حەسانەوێ دووبارە کەوتنەوە ڕێ.

کێواوکێو قۆناغ بە قۆناغ-و قۆناغەکانی کورت... دیارە بابە سۆفی دەیهەوێ تا ئەوکاتەی دەگاتێ برۆیەکان کەمێك هاتبنەوە-بە ناشکوری نەبێ ((ئەسپەك))ی گرت، حەکیم باشی سەرەکەی تاشی... ((ڕۆڵە، ئەگەر کەسێك پرسی بڵێ ((ئەسپەك))م گرت- رەزام بە خەڵاتی خوای...)) کەر پێشەنگە، گایەکان لەدوای هەموانەوەن... گوریسیان لە دەم و قەپۆزان کردوون- سەری گوریسێ بەدەست کاکە حەسەن و کاکە مەحموودییەوەیە، جاری واشە

بەدەستەوییەوە... بابە سۆفی کوورپۆتەوە- هەنگاوێك لەپێش منداڵەکانەوەیە... ((کێواو کێو)) دەڕۆن. هەوای کوێستانێ ساردە، کانییاوەکان جوانن... بابە سۆفی کوێی پێخۆش بێ، بەڕەی لێ ڕادەخەن و لەسەر کانییە دایدەکوتن و چای لێ دێم دەکەن. چای بە کەیفی وی- شیرین- تێدەکا، پیاڵەکان لەسەر کانییە دەشواتەوە... منداڵەکان دەسێنەوە، بابە سۆفی یەکڕاست لێی پاڵ دەداتەوە و قەڵنەی دەکێشێ... شەوانەش گوڵی قەڵنەکەی بەردەوام چاوان دەتروکێنێ. کەر و گا و بزنەکانیش لەوناوە دەلەوەڕین-دوور ناکەونەوە. دەچنە سەروچاوێ، ئاوێ دەخۆنەوە و دێنەوە، تاکە کەوشێك یا کەلاشێکی لەپێی مریشکەکان دێخن... ئەدی ئەو مریشکانە چۆنا و چۆن ئاوێ دەخۆنەوە... ئەو مریشکانە شتێکی وەبیر وی دێننەوە... ئەویش کە دەستی دەبرد پەرداغە ئاوێکی دێناو بەسەریەوە دەکرد وەك ئەوانی سەر و گەردن بۆ دواوە بڵند دەکرد... هەی ژەهرەماری بخۆی ئیشاڵڵا! کەرە چووە ئاوێ وەخوا، وەك هەموو جاران دەجۆیە میزتووە... پاشووی لێك دەکاتەوە و پشتی کووڕ دەکا و کلکی تۆزێك هەڵدەبڕێ... و ئەوجا ((شوڕ شوڕ شوڕ!)) ئەی خوا چت لێبکا- لەگەڵ ئەو کەرایەتییەشیدا ناهێڵی میزەکەی بە لاق و لەتەران هەڵپڕژێ... بێ ناموسی بێ شەرەفە! کە بە دیواری هەڵدەمیزێ باریکەی میزەکەی (دە) هەنگاو بەولاوەترەوە دەڕوا. بەخێری ناگیانی چۆتە حەجیش... کەر بەو کەرایەتییە خۆیەوە ئاوا، ئەویش بەو هەموو سەر و کەشیدەیەوە ئاوا!

((ڕۆڵە، ئەگەر ماندوون با بارەکان بخەین- کانی و ئاوەکەی ناخۆش نییە... بۆخۆشم هەر ماندووم...)) ((نا، بابە گیان...)) بەڵام بابە سۆفی دەنکە ئارەقانی بە هەنیایەوە دەبینێ. دەیخەن... خۆی و سێبەرەکەی بە تەك یەکەوە لەسەر لێوی کانییە پێکەوە دانیشتوون. تەك بە تەکی یەکترەوە، لێك دوورن. هەر کە ئەو دەست بۆ برۆیان دەبا، ئەویدیش هەروا دەکا... ئەوە ئەوەیان سەری پێچاوە_ ئەویش هەروەتر، دووربێ، ئەسپەکی گرتووە. ژنێکی لەسەر ڕووی ئاوێنەی ئاوەکەوە دەبینێ- کچێکی جوانکیلە، برۆ بەوەسمە، دووچاوی رەش، بە رەشیە دوو پارچە بەردە مۆرەی رەش... رەنگ و روویەکی پەڕیوە و ژاکاو- لێو بەبار و دەلەرزن! دەڵێن لێوەکان بەر لە ئادەمیزاد دەمرن، کە ئەوان مردن ئیدی تەواو... لەوانەیە هەر بۆیەش بێ کە حکوومەتە ملهوڕەکان لە پێشدا هێرش دەکەنە سەر لێوەکان تا خێراتر و زووتریان بمرێنن! دەشڵێن، لێوی لە سێدارە دراوان ساردە و وشك...

برۆیان تێکدەنێ، ژنەکەی بەرامبەریش برۆیان تێکدەنێ، پێشداش هەروابوو، هەر کە ئەو پێدەکەنی ئەویدیش هەر پێدەکەنی... دەموچاوی بۆتە قلقلانە...



نەرمە بایەك ڕووی ئاوەکە دەشڵەقێنێ، ڕوخسارەکان تێك دەقژێن، لچ و لێوەکان چەپ و چێڕدەبن کوڵی گریانێی هەستاوە؟... سێبەرەکەی بێ هەست لە تەنیشتێوە دانیشتووە... لێوەکان لێك کراونەوە... ئاوڕ دەداتەوە، سێبەرەکەش ڕوو وەردەگێڕێ...

دەستی لە ئاوێ نا و وەك منداڵان کەوتە شڵپە شڵپێ... سێبەرەکە زووتر چەمابۆوە... کە دەستی لە ئاوەکە کێشایەوە... چاوەکانی خۆی دیتن-ئەی، هاتبوو لە ناوەندی چاوەکانیدا پاڵی دابۆوە- سەری بەردابۆوە، رەش و شین هەڵگەڕابوو... شەرمەزار بوو!

خۆرەتاوی ئێوارێ بە تیشکە پرشنگدارەکانی سووراوی بە لێوی هەورەکاندا دێنا... هەورەکان دووربوون ((دادە پیاڵەکان بێنەوە...)) کاکە حەسەن بوو... ئاخر چوو بوو پیاڵان بشوات و جامە ئاوێکی بێنێ-حەوجۆشەکەی زووتر وەبەر ئاورییەوە نابوو.

هەستا، کچەکەی نێوچاوی ونبوو، سێبەرەکە هاتەوە و یەکاندەردوو بە تەکیەوە کەوتەوە ڕێ. سێبەری مرۆڤ جۆرێکە، هەمیشە بە تەنیشت ئادەمیزادەوە نییە-جار هەیە لە پێشەوەیە، جاروایە لە دواوە، بەو هەتاوەوە بەندە کە لە چ لایەکی مرۆڤەوە هەڵبێ. جاری وایە وەپێش دەکەوێ، جار هەیە زۆر لە دواوەیە-خۆی دوور دەخاتەوە و هەر تۆ دەتەوێ لێی نزیك بیتەوە، ئەو چەند هەنگاوێکان دوور دەکەوێتەوە... ئێستاش هەروایە...

بەیان ئەنگوا بوو، بابە سۆفی لە نوێژێ ببۆوە، لێفەکەی بەویدا دابۆوە و ئەو ئاگای لێنەبوو... کەرەکە دەیپڕماند، مریشکەکان لە پەنا ئاورییەوە کروشمەیان کردبوو- سەرلە ئێوارێ- ویستبوویان بفڕنە سەر لاتایە ئاردەکانی نزیك ئاورەکەوە- لەبەر ئەو لینگە کەوش و کەلاشانەی بە قاچیانەوە بەسترابوونەوە نەیانتوانیبوو- زۆریان باڵە فڕکە کردبوو و ناچار هێور ببوونەوە و نەیانتوانیبوو، سەریان دەبەرەخۆوە نابوونەوە، وەك بڵێی خەونێ ببینن قرخەیەکیان لێوە دەهات و وەك منداڵە ساوایان گخێکیان دەهاتێ!)) تۆزێکیان سەر لەبن پەڕەکانیانەوە دەردێنا، چاوێکیان هەڵدێنا-سوور- هەر خێراش دەیاننووقاندەوە- وەك لە خەونێیاندا گوێ لە مەتەڵەکێکی بووبێ و ناکرێ پێبکەنن، پێکەنینیان لە گەروێدا هەلاتبوو. گا و بزنەکان لەلای تەنیشتی راستێوە پاڵکەوتبوون، بەخۆشی و ناخۆشییەوە دەکاوینەوە.

بابە سۆفی خەریکی شوکرانە بژێریە هەموو ئەو نیعمەتانە بوو کە خودا دابووی و نەیدابوو: ((خودایە زۆر شوکر بە داد و نەدادت، خودایە شوکر- هەزار و هەزاران جار شوکر... ئێمە بەندەی روو ڕەشین، خوایە هیدایەتماندەی، بمانبەخشە، بە گەورەیی خۆت ئاوڕێکمان لێبدەوە... کەرەمی خۆتمان لەسەر کەم نەکەیەوە- ئێمە بەندەی بەر دەرگای تۆین...))

ئەوەی گوت، دوعای بۆ هەمووان و ئەو کرد... ((ئامین یا ڕەببەل عالەمین!)) لە ئاسمان و ئەستێرەکانیەوە ڕوانی، هەموو دەدرەوشانەوە- یەك کەمتر یەك زیاتر- و هەموو ئارام و بێدەنگ و چەسپیو. چ ژیانێکی ئارامە! بەپێچەوانەوە لێرە- هیچ دیارنییە! دێیە دنیاوە- دیار نییە لە کام بنەماڵەوە، تامەزرۆ، تێر یا نیوە برسی- بەیەك دنیا حەز و ئارەزووەوە... حەز و ئارەزوو خۆ هەر بەتەنێ بۆ ماڵە خان و ئاغایان نەبڕاوەتەوە... و تەنانەت بێ حەزوئارەزووە گەورەکانیش- هەر دەستە جلێك و زگێکی تێرە. دوایەش مێردی دەکەی، ژنێ دێنی، دەبییە خاوەن منداڵ، منداڵەکانیش دەبنەوە خاوەن منداڵ... سەرلەنوێ هەمان ئاڵۆزی و پەشێوی... و هەمان بەخت و ڕێکەوت... ئەوێك کە خراپەی بۆ کەس نەبووە...! چوو نوست... لە خەونێدا گەڕابۆوە گوندی. لە دەنگی پێکەنینی خۆی بەئاگا هاتەوە... سەیرێکی دەوروبەریی کرد- بابە سۆفی لەسەر لێوی کانییە بوو، کوڕەکان پاتاڵیان بەسەر کردبوونەوە- خۆڵ بەسەرە، خەوی لێ زڕابوو!...

شەوانە هەر لەسەر هەستبوو... دەیزانی کە خەونی دیوە، خەونی دەدیتن، بەڵام هەر کە بەئاگا دەهات و دەهاتەوە سەرەخۆ. خەوەکەی دەڕەویەوە و ئیدی وردە بابەتەکانی خەونەکەی هیچ لەبیر نەدەما، جگە لەوەی کە دەیزانی لەو خەونەیدا هەر هەوڵیداوە لە چیای بەسەرکەوێ، یا بێتەوەخوارێ، دووبارە وێ هەڵگەڕێتەوە و بێتەوە خوارێ- رایکردووە، سەرسمی داوە و کەر جووتەی هاویشتووە. کێ بوو سواری کەرێ ببوو؟ بەخۆی دەچوو. سۆزی سەرمایە دەموچاوی دەتەزاند... ها... دەنگی زەنگوڵە بوو؟ بۆخۆی سواربیوو؟ ئەدی بۆ رایدەکرد؟... لە دەنگی تەقەی تفەنگێ حاجییە ورگە و ((قروسکە قروسکی)) سەگێ لە خەوێ رادەپەڕی... و ئێستا هەر بۆخۆی بوو کە دەبێدارییەدا-لەخەو و بێدارییەدا- کە گوێی بۆ قروسکە قروسکێ سەی راگرتبوو... زەردێنە و سپیێنەی هێلکەی بە پەنا گوێیاندا هاتبووە خوارێ... دەگریا و ئارەقەی دەڕشت...

((چییە ئەوە، ڕۆڵە؟)) بابە سۆفی بوو.

((هیچ نییە، بابە گیان...)) خەناوی بە بناگوێیاندا هاتبووە خوارێ.

((ئەدی بۆ دەگریەی؟))

((ناگریەم...)) لە گریانێ دەبۆوە، تلێکی دەدا و دووبارە دەنووستەوە و هەمدیس خەونەکە لەگەڵ دەنگی زەنگوڵەیدا دەهاتەوە...

دەنگی زەنگوڵەی ملی بزنێ بوو... کە بۆ تاراندنی مارانی لە مل کرابوو...



دە بێداریەشیدا خەون دەدیتن-بەڕێوەش هەر، لەنێوان دوو گوێی کەرێشڕا هەر دەیدیتن... بێ ئابڕووە دەیدیت، زەق زەق ئەوە تێوەی ڕاماوە، بە چ ڕوویەکەوە! بەو شێوەشەوە ئەویش دەوی ڕادەمایەوە، مێش و مەگەز و پێشکەش کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەوری سەریدا خولیان دەدا و دەگەڵەویدا دەڕۆیشتن، ئەویش ئەوە هەروا راوەستاوە و لەوییەوە ڕاماوە- ددانە زێڕەکانی دەدیتن، چاوە پڕ پێکەنینەکانیشی... ئاوی بە دەستی دادەکرد... و ئەویش ئارەقەی دەردابوو، گەرم داهاتبوو، سارد ببۆوە...

((بخۆ، دادە!)) کاکە مەحموود بوو، قاشە شووتییەکی بۆ راداشتبوو...

دەگەڵ ((بخۆ، دادە؟))یدا ئەو لە خەوەکەی رادەپەڕی.

هەواڵ هات گوتیان لە عێراقێن- لە پێنجوێن. خەڵکی ئاواییە کوردەکان ئاگایان لە باس و خواسیەکە- باس و خواس و هەواڵ و دەنگوباس گوندا و گوند دێت و دەچێ. ئەگەر کووکەیەك هەستێ، مەرگ و مردنێ ببێ، پێکداهاتنێك، کوشتن و بڕینێك ئەگەر هەبێ، ئەگەر دەوڵەتێك بهێت- هەموو لە هەموو ئاگادار دەبن. دێوەرە هێشتا لە یەکەمین ماڵی گوندیەوە رانەبوردووە کە هەموو دەزانن. شارێکی بچکۆلە کە (خان)ێکی هەبێ ئیدی ئەوە جێی خۆی هەیە: خان سەنتەر و نێوەند و مەڵبەندی کۆبوونەوە و هەواڵ و باس و خواسانە- یانی هیچ سنوورێکی نییە و بێ لەمپەرە.

ئەویش- ئەوانیش- وەك هەر ئاوارەیەك پڕتین و توانا و هێز و وزە، بابە سۆفی هەر ئەو بابە سۆفییە بوو کە بوو: چوو، دەوروبەری بەسەرکردەوە و گەڕا، لەگەڵ زەوی و زاریدا ئاشنا بوو- لەگەڵ هەمووانیدا چاك و چۆنی کرد و بە سۆزەوە دەست و مستیان بوو و پڕ بە دڵ و لە قووڵایی ناخەوە تێکەڵیان بوو... لەگەڵ خاك و زەوی و زار و خاوەنەکانیشیان گەیشتنە یەك و تێك گەیشتن...

برۆیەکانی دادە شیرینێ هاتبوونەوە، بەڵام چۆن! ئەگەر ئەنگوستی چەوری پێدا دێنان وەك شەبەقێ دەبریسکانەوە... و چەند چرۆپرۆیش هاتبوونەوە! ((ماشەڵڵا، دادەگوڵ!)) ئەوە هەموو پێداهەڵدانێ تێکەڵاو بە خۆشەویستی و زەردەخەنەی بابەی بوو و وەڵامی هەموو ئەو پێداهەڵدانانەش هەر ئەوەندە بوو کە کچانە چاوێکی بەرداتەوە و خۆی بەکارێکیەوە سەرقاڵ و مژوول کا...

نەختە تووڕەییەك و مێشك ئاڵۆزییەك هەراسانی لێ هەڵگرتبوو-خۆی بە پێوە ڕانەدەگرت، بەردەوام لە هاتوچۆ و جووڵاندابوو، نەیدەتوانی بەبێ ئیش و کار دانیشێ و ساتار بێ. لەو گرد بۆ ئەو گرد، لەو شیوە بۆ ئەو سەرچاوەیە. بەدوای ونبووەکەیدا وێڵ و وەیلان بوو و دەگەڕا-بێ

ئامانج، هەروا بەخۆڕایی، تەنیا... لەگەڵ سێبەرەکەیدا، کە جاری وابوو دەبوونەوە یەك لەگەڵ خۆیدا و جاری واشبوو لێی دوور دەکەوتەوە-ڕێڕەوی ڕۆینێی بە هەستی شەشەم سپاردبۆوە... لەسەرگردی دادەنیشێ لە سێبەرەکەی خۆیەوە کە لێی دوور کەوتۆتەوە، یا لێی نزیك بۆتەوە رادەمێنی و تەماشای دەکا، لەسەر لێوی کانییە دادەنیشێ و بە ناخی خۆیدا رۆدەچێتەخوارێ- دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە کانییە دایە و لە چاوەکانی خۆیەوە ڕاماوە و سەیرەکەش ئەوەیە کە ئەویش لەوێیە... بزانە ئەو بەلالێدراوە چۆتە کوێ!

وەك هەر ئاوارەیەك لێوان لێو هێز و توانا و وزەبوو... ئاخ بەڵام گۆڕەپانێك بۆ جلیتبازییە هەموو ئەو هێز و توانا و وزەیە هەبوو! ئاوارە ئاوهایە-تەنانەت لە جێوڕێ و شوێنی خۆشی. هەر ئەو کوڕەی ئاغای کە تەنانەت مەلا شێخ شەفیعیش زاڵەی بوو بە دەستیەوە، دوور لە ماڵێ مەحشەرێك بوو بۆخۆی. وەك بلێی زۆربەی منداڵان وابن. جێی خۆش و ئاسوودە، خواردنی گەرم و نەرم... هەموو شتێکیان هەیە کەچی ناخوێنن، بەڵام لە غەریبایەتییەدا زیاتر دەدرەوشێنەوە. ئەوە ئاوارە ئەمەریکاییەکان فەرموو بنێشتە خۆشکەی سەر زاری مێژوون...

شەو و ڕۆژ دەنێو جەگەن و نێو تەڕاش و دار و دەوەناندا دەخولایەوە، لەو تۆوانەی کە دەگەڵە خۆیان هێنابوون جۆرە گندۆرەیەکی بەڵەکی پەڵەپەڵاوی و پلینگانیان لێکەوتبۆوە زۆر شیرین کە بابە سۆفی ناوی لێنا بوو ((دادە گوڵ))- دادە گوڵ، ئەوە بوو و هەردووکیشیان (هەردوو دادەگوڵ) خوازیار و کڕیاری فتوفراوانیان هەبوون...

خوازیار هات- نەیاندا، دیسانەوەش هەر هاتنەوە- بابە سۆفی نەیدا، بۆخۆشی هەر حەزی لێنەبوو، نا، مێردی ناکا، هەرگیز هەر نایکا. لەو ساڵ و تەمەنانەدا جحێڵۆکە ئەو جۆرە بڕیارانە زۆر دەدەن-کە بە درێژای تەمەنیان تۆزی فلان ناشکێنن و بەو شتەش ناگەن...

پووره ((گوڵەباغ)) دەیگوت بیستوویەتی دارخورمای مێ ئەگەر بۆنی دارخورمای نێری بەسەردا نەیە دەمرێ. بەدوای ئەم قسەیەشدا سەرێکی رادەوەشاند ((هێی- کچی خۆم! بەڵام ئەدی ئەگەر دارخورمای نێرقاتی بوو- هەر دەمێنێ؟ دیارە لە ناچاریان دەبنە ژنی پیاوی وەك ((مینە ڕێوی)) و ((حەمە سەرسوتاو))ی-دەمرن، بەڵام بە کاوەخۆ!...)) هەواڵەکە پشت راست دەبێتەوە: ئاغا راستەوخۆ ((لەرێی جەنابی ئاغای میرزا عەلی مازووچی بازرگان باشیەوە خوا راوەستاوی کا)) بۆ کوڕەکەی دەنووسێ کە چوونەتە ((گلاجار))- هەموو تێکڕا ساغ و سەلامەت و تەندروستن. ناوی هەمووانی هێنابوو، تەنیا خوشکەکەی نەبێ... ((و هەمووش چاوی ماچدەکەن)) و نارەحەت نەبێ، بخوێنێ، لە بارەی ئازووقەی ساڵێشەوە کەم و کەسری



نابێ، لە خەیاڵیشیدایە ئەگەر دەرفەتێك بوو سەرێکی لێدەدا، هەرچەندە ئەمساڵ تازە درەنگیش بووە...

کوڕی ئاغای نارەحەتە، منیش هەروەتر، وەك بلێی دایکم راستیدەکرد دەیگوت: بابەش نانی نۆکەرییەی خواردووە و پێی راهاتووە و ئیدی دەستی ناچێتە کار و کاسبیە-بە کلکی ئاغایەوە نووساوە و لێی نابێتەوە. منیش هەر بە کلکی کوڕی ئاغایەوە نووساوم-منیش هەر نۆکەرم: جێیان رادەخەم، هەڵیان دەگرمەوە- شتی بۆ ئایشێ خانمێ دەکڕم، سفرەی رادەخەم، بەڵام ئایشێ خانم هیبارەکان دەشوا، ئەویش لە چاکەی خۆیەوە. منیش نارەحەتم، لەو دەمیەوە کە لەو دەوروبەر و ژینگەیەی هاتوومەتە دەرێ، ئەمن نارەحەتم. جاران وانەبوو. دەمزانی ئەو کوڕە ئاغایە و من کوڕە مسکێن. بەڵام ئێستا، لە قوتابخانەیدا، هەموو یەك جۆرە جل لەبەردەکەین، هەموومان بە تەك یەکەوە دادەنیشین، جەنابی مامۆستا هەمووان هەر بە گۆپاڵێکی لێدەخوڕێ... کەس لەبەرپێی کوڕی ئاغای هەڵناستێ، جاری وایە لێشی دەدرێ- و ئەگەر من نەبم لەوانەیە زیاتریش بخوا. یەك دوو جارانیشیان لەمن داوە-کرمانج و لادێیی بێ سووچ و بەهانە، هەروا بۆ چاوترسانێ نەك خوانەخواستە ڕوومان بکرێتەوە و سەرهەڵێنین لێدەدرێین-ئاخر ئێمە غەوارەین- بەڵام ئەو تەنیا هەر ناوبژی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بێبەش هەر نەدەبوو لە لێدانێ...

منیش نارەحەتم، کە دەگەمەوە ماڵێ دەبێ بچمەوە لە پێستی مسکێنییەوە... و زۆریشم لەلاگرانە... گوناه و ئۆباڵەکەشی بە ملی بابەیە- هەر ئەو پوورزایە (دە) بابی وەك بابەی وی دەکڕێ... زۆر نابا کاکە سەعە دێتەوە- کاکە سەعە ببووە چەتە ((یاغی))، لە پەلی حەمە ڕەشی بوو... و هەروا خەت و نیشانی بۆ مەحموود خان، ئاغای دەکێشا... تا بەلایەکیان بەسەربێنێ بە هەنگوینی بلێن ژەهرەمار..! بابە سۆفی زۆر بە توندییەوەی ئامۆژگاری دەکرد: ((کوڕی باش، شەرم و شکۆش خوا بیدا شتێکی چاکە-تۆ وەدوای کلاوی لارکەوتووی. وەڵلاهی بابت پیاوێك بوو-خوا هەڵناگرێ تا بلێی پیاو، شمشێری میسری نەیدەبڕی... تۆ زەوی و زار و بەراوت هەیە، ژیان وماڵ و حاڵ و گوزەرانت هەیە، حەیف نییە-شوورەیی نییە! تۆ و چەتەگەری... ئێستا ئەگەر حەسەن بەرازێك ببتە چەتەش هەر نەیسە- هەرچەندە ئەویش هەر کارێکی چاك ناکا، ئەویش بەدووی کار و بەدبەختییە خۆی کەوێ چاترە... چەتەگەریش بووە ئیش! کاریان گوتووە و باریان گوتووە- ئەو هەموو زەوی و زارەی خودای بێ خێوە، بڕۆ جێیەکی ئاوەدان کەوە، دارێکی بنێژە، پاتاڵێکی ڕەنێو بێنە، ژنێکی ڕوو سوور بێنە، ماڵ و حاڵێکی بۆخۆت پێکەوەنێ- تۆ هەقت چییە بەسەر ئاغا و ئاغاواتانەوە... شوورەییە کوڕی

پیاوێکی وەك کوێخا ڕەحیمی شڕە خۆرییە بکات- هەر شتە بەجێی خۆی... هەر کارە و یاسا و ڕێسا و بنەمایەکی هەیە. لە پیر و پێشینان و باب و باپیرانمانەوە بیستووە: ((نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب))! شوورەیی و نەنگە... ئەتۆ دەزانی خەڵکی چ دەڵێن!)) دەزانی سەعید لاوە و لاویش هەرگیز گوێی لەو قسانە نییە. لەوە بترازێ چەتەگەریش ئێستا ناو و دەنگێکی پەیداکردووە- ئیدی لە شڕە خۆرییەدا نەماوە، بۆتە جۆرە عەییارییەك، جۆرە سەرپێچییەك لە حکوومەتی ڕەزا خانی... بابە سۆفی ئەوەشی دەزانی بەڵام ئامۆژگاریشی هەر دەکرد- لای خودای ئاسانە، ئەوە دە دڵی نا و وازی لەو کارەی هێنا و هاتەوە سەر ڕاستە ڕێیە. بەڵام سەعید ئەو جۆرە ڕێیانەی نەدەگرت. نا، کەسێ کە بووە چەتە تازە بوویە ئیدی، خۆ ئەگەر بەجووتە پێوەش بچتە سەر قورئانێ ڕەزا شا و ساخلوو دەستی لێ هەڵناگرن. دەزانێ هەر هەنگاوێکی بەرەو لای ساخلووی باوێ، هەنگاوێکە بەرەو نەمانێی دەبا. دوایەش دەزانێتەوە خەڵکی چ دەڵێن، خەڵکی بە ترسنۆکی دادەنێن: ((ها، نەمگوت! نەمگوت هەردوو ڕۆژە و ماندوو دەبێت و گووی پێدەخورێ! دەبخۆ دەی... نۆشی گیانت بێ! تازە ئەگەر هەموو دنیات دەنێ کراسێکی نادڕێنیەوە. سنووری خۆت دەزانی! کوڕی سەلیم نادریش...))

هەر دەبوو خۆی بە خەڵك و بە-دێیەکەشی- نیشاندا، بە واتەی بابە سۆفی خۆی نەناسێ- و بەدوای کڵاو لارێ کەوتووە!

ئەویش ئاسنی سارد دەکوتێتەوە- ڕەنگە بۆخۆشی بزانێ، هەموو هەروایین، هەرواشە تا خۆمان دەناسین ئیدی کار لەکارترازاوە و گەیشتووینە ئەو سەری ڕێیە، شارەزای هێڵ و پەرژین و لەمپەران بووین و بەڕادەی خۆمان تەواو کامڵ بووین، بەڵام ئیدی توانای ڕێ کردنمان نەماوە. خەڵکی ئەودەمەی زیاتر دەربارەی ئێمە داوەرییە دەکەن کە بوونێکمان نەماوە. بابە سۆفی ئاگای لەوەش نییە کە هەر کەسە و بە ئەسپی هەوەسی خۆی دێتە دنیاوە و هەرکەسەش کڵاو لارێکی هەیە بەدووی کەوێ. سەعیدیش دەیتوانی ئامۆژگاری بابە سۆفی بکاتەوە و پێی بڵێ بەدوای کڵاولارێ کەوتووە، بێستانەوانیش بووە کار، چاتر بوو بچێ بازرگانییە بکا، کە هەم ئاسوودە تر و هەم سوودمەندتر بوو...

حەسەن بەرازیش هاتەوە، ئەویش هەر ببووە چەتە و لەگەڵ کاك سەعیدیدا لەیەك پەلی بوون، ئەویش هەر خەت و نیشانی لە ئاغای دەکێشان و لە بنەوەشڕا لە دادە شیرینیەوە گلابوو... دەردی دوورییە لە ئاغای هێشتا هەرمابوو، بەڵام نادیار، وەك ددان ئێشەیەکی سووك. ئەوە هەر ئەوەبوو کە هەرجارێك ددانی دەچیڕەوە دەبردن تا بزانێ ئازارەکە ماوە یانە نا، ددانەکەش دەیبرووسکاند و سەیرەکەش لەوەدابوو کە ئەو بەو ئازارە ناڕەحەت نەدەبوو-



دڵنیا دەبۆوە کە ئازارەکە هەرماوە و بۆ زۆر و زیاتر و دڵنیابوونێش زیاتر تاقیدەکردەوە و ددان دەچیڕەوە بردنەکەی چەند جارێکان دووبارە دەکردەوە ئەوەش سەیر بوو کە هەرکاتێك ئەو و کاك سەعید دەهاتنەوە دەکرایەوە- وەك هەر ئاوارەیەکی کە لە غەریبییەدا تووشی هاوولاتییەکی دیکەی ئاوارە بێت. ئەو شتانەی کە دەیانگوتن نەك تەنیا هەر دەیانبیست بەڵکە دەهاتەوە بەرچاویشیان و دەشیاندیت، هەستیشیان پێدەکرد. ئەوەندە بەس بوو ئەو شتێکی بڵێ تا ئەو وێنای بکاتەوە و بیبینێ، ئەو شتێك بڵێ و ئەو هەستی پێبکا... هەموو شتە ماڵییەکان دەستەمۆ بوون...

حەسەن بەراز ڕۆیشتەوە، هەر ئەو چۆوە ئیدی قسە و قسەڵۆك و بەند و باو بەو ناوەیدا بڵاوبۆوە: حەسەن بەرازیان لەسەروی گرتبوو، سەرقۆت و پێخواست، حەسەن هەڵاتبوو ئەویشیان گرتبوو، و ئابڕوویان بردبوو و پشتا و پشت سواری کەرێیان کردبوو و بەنێو ئاواییاندا گێڕابوو و شاربەدەریان کردبوو. هەواڵ و باس خۆش و ناخۆش دەڕۆیی و بڵاودەبۆوە-و ڕۆیشتبووش. وردە وردە خوازبێنییەکان کەمبوونەوە و خوازیار نەهاتنەوە، ئەو چەندانەی کە بە هەوای سەر و ڕووشیەوە هاتبوون لێی تەکینەوە- حەسەن کردبوویە دەنگۆ و هەموو جێیەکی لێ پڕکردبوو کە گوایە ((دەزگیران))ن... خودا سەبەبکاری کوتر و کوێر و زەلیل کا... خودا چاکەت بۆ نەکا!...

پەیوەندی زیاد بە کەسێك یا بە شتێکەوە و سەر لە دوونانی دەبێتە مایەی نەفرەت و بێزارییە، ئەو نەفرەت و بێزارییەش هەموو شتێکی لە مێشك و ناخی مرۆڤی دەردێنێ و لەجێی وی کینە و تووڕەیی و دوژمنایەتییە بەجێ دێڵێ. ئەو نەفرەتەش-نەفرەت لە ئاغای- تا دەهات هەوی دەکرد و هەڵدەدامسا و ئەستوور دەبوو، بەڵام وانا کە وەك گەردەلوولێکی توند و بەهێز تەنانەت هێڵی ئاسۆی مێشك لەبەر چاوان ونکا و دیتنێ بە تەواوی لێڵ و پێڵ کا. نەفرەتەکە هەبوو، بەڵام لەجیاتی دەماری دوژمنایەتییە دەماری گلەیی و گازاندە و تووڕەبوون و ڕەنجانی زیاتر تێدا بوو: ((تۆ پێتوابوو ئەنتیکەی نە سەیر و سەمەرە!... دەبێ زۆر داواکەی و زۆر پێداگری!...)) بە خەیاڵ ڕووی وەرگێڕابوو و لووتی لە هەوای کردبوو...

دایکم گوتی: ((کابرا ئەسپەکەی کردە بیانوو... بەڵێ، تۆ فەرمووت و منیش باوەڕم کرد... ئەوانە لە دوورییە سەد فرسە خێرا بۆنی مانگا بە کەڵێ دەکەن... لێرەوە لەناو یەك دنیا دۆست و دوژمن ڕا ملی ڕێیەی گرت و بەدوا ئەسپەکەیدا چووە پێنجوێنێ... بەڵێ، بەسەری بابی!... ئێوە شەرم و شکۆ چووزانن، بڵێ چووم بەدوو ماینێ کەوتم گیانە!))

بابە گوتی: ((قسەی سەیر دەکەی تۆ! باشە دەی خۆ چوو، هێناشیەوە. ئێستا ئەگەر نەیهێنابایەوە ئەوە قسێکی دی بوو... ئەسپەکەیان دزیبوو، چوو هێنایەوە و هاتەوە...))

((بەڵێ، هەروا بە سانی... ماشەڵڵا لە گەورەییت خوایە! نەیگوت کاتێ کە چوو، دەبینێ ئەوە بە قودرەتی ئەو خودایەی ئەوە ئەو گیانلەبەرە بەستەزمانە بۆخۆی دەلەوەڕێ! ئای چەند خۆش باوەڕی-چبکەی، خەتای تۆش نییە- تۆش دەبێ سەرێکی هەر بلەقێنی..!))

دەیویست بلێ تۆش هەر نۆکەری و ئەوەی ئاغا بیلێ دەبێ دەستی بۆ لەملی دەی و پەسەندی کەی، دەو جۆرە کاتانەدا بابە سوورهەڵدەگەڕا و دەیگوت: ((لاحەولە وەلا..!)) بەڵام بوونی من، کە بە واتەی دایکم بە سەلامەتی چەند ڕۆژێکان لەوێ دەمامەوە و دەگەڕامەوە، نەیهێشت هەرایەکەیان بتەقێتەوە. بابە هێشتاش خۆی سەر بە کەس نەدەزانی- وەك هەموو ئەوانەی کە داوای سەربەخۆییان دەکرد. بابەش- بە واتەی دایکم- ((قوڕ))ەکەی بیستبوو، بەڵام دواییەکەی مابوو بیبیسێ، یا ئاغا ((قوڕمساغ))ەکەی رووبەڕوو و ڕاستەوخۆ دەیگوت- و ئەمە بوو کە بابە هێشتا هەر سەربەخۆ بوو.

(( من گرەوت لەگەڵدا دەکەم کە ئەسپەکە خۆی ناردوویەتی... ئەو چەند رۆژانە ئەحە بەراز لە کوێ بوو؟ یانی تۆ نابینی؟- نابینی، تێناگەی!؟ من بە ژنایەتییە خۆمەوە تێگەیشتووم- کەچی تۆ نازانی!؟))

بابە خۆی دەخواردەوە، سەرەنجامی قسان ئەوەبوو کە ئەسپەکەی ئاغایان دزیبوو (یا بە قسەی دایکم بۆخۆی ناردوویەتی) و ئاغاش بە دوای کەوتبوو-سەرەتا سەرێکی لە سەلیم بەگی ئامۆزای دابوو، کە دێیەکەی لەسەر لێوی مەرزی بوو و دوایەش لەگەڵ کەسەکانی وی چوو بووە پێنجوێنێ، چەند هەفتێکان مابۆوە-و ئەسپەکەی هێنابۆوە. گوتیان وابووە کە لەو سەروبەندەیدا چەتەکانیش لەو ناوە نەبوون و ((ئاغا)) سۆفی ئەحمەدی دیوە و دڵی داوەتەوە، کە بگەڕێتەوە- ئەوجا دێتەوە...

دایکم گوتی: ((بابە سۆفی؟ هەرگیز! من لەسەر ئەو دووچاوەی خۆمی دەکەم، ئەو هەرگیز ئامادە نییە تفی لە ریشی کەن. ئێستاش بێتەوە و بێستانەوانییەشی بکات! هەرگیز... بەڵام نوێنگینە بە کەڵ... ئەوەکە..!)) یانی ئەو، ئەو ئیدی کاری لە کارترازاوە!...

...کورتییەکەی ئەوەیە کە دادەشیرینیشی دیوە، یانی ئاغا... راست و درۆیەکەشی ئیدی ئەوە خوا دەیزانێ و دایکم دیارە...

((ئەگەر کچەی دیوە و بە واتەی تۆ چاو و دڵی ڕوون بوونەوە ئیدی ئەو هەموو هات و باتەی لەچی بوو؟))، ((تۆش زۆر سادە و ساکاری!... هات و باتەکەی دیوە-ئەگەر لەلای بابە



ئەوەی نەدەکرد. ئەگەر منیش لەجێی وی بوومایە هەروامدەکرد... لەوێ دڵی هەزار ڕێی کردووە، ئێستا کە لەبەر چاوی نەماوە لەبەر دڵانیشی هەروەتر... هەقیشیەتی، ناڕەحەتە. باشە یانی تۆ هێندە سادەی! باوەڕ ناکەم، تۆ خەریکی بەراوەژووی ناڵ دەکەی...))

بەڵام دوایە...

دوایەش لەپڕ هەواڵ و باس هات کە دادەشیرین مێردی بە حەسەن بەرازی کردووە!

((نا بابە، کێ گوتی؟))

((راخلەسوور هاتبۆوە...))

((دەی بڵێ... بیستبووی کە سەری خۆی لەسەر دادەنێ... ئمم- دەی چیدی بڵێ!))

((دەیگوت ئەژداد و ئابادی ئاغای ڕەقاندۆتەوە...))

((کێ؟ حەسەن؟...))

((نا... هەر ئەو کچە...))

گوتیان ئاغا دڵی داوەتەوە و ویستوویەتی پان کاتەوە، کچەش نەیهێناوە و نەیبردووە پێی لێ راکێشاوە و جوانی شوشتۆتەوە و جنێوی وای بە دایە گیانەکەی داوە کە قەتارچی و چێودار بە چێوەکانی خۆیان نەدابێ.

((ئێی... بەڵێ- چەتیوە خێلە دڕبوو- زمانی زۆر ناخۆش بوو- خوا بە دوورمان کەی، جاری وابوو کە تەنیا قسەیەکی بە یەك مەن هەنگوینەوە نەدەخوراو قووت نەدەچوو..! بەڵام چاکیشی کردووە، بە قوربانی ئەو زارەی بم... هەر ئەو ئیشەی زۆر چاکبووە..!))

دوور نییە وابوو بێ...

حەسەن چەند جارانی داوا کردبوو- ئەوە راخلەسوور گوتبووی- و کچە ناڕەزایی پێشاندابوو و سەرەنجام بابە سۆفی ئامۆژگاری کردبوو، گوتبووی دیارە کە چارەنووسەکە وایە... کوڕێکی خراپ نییە- بابی پیاوێکی ڕەنجدەربوو- تەنیا عەیبەکەی ئەوەیە کە نانی نۆکەریەی خواردووە، کەسێکیش کە نانی نۆکەریەی خوارد ئەستەمە جارێکی دی دەستی بچتە ئیشێ... بەڵکە خودا لە دڵی نا، ڕۆژێکی دەستی چۆوە کارێ. ((بەهەر حاڵ، رۆڵە، ناوی بە تۆوە زڕاوە... پەنا بەخوا... چارەنووست ئەوەی لێ نووسراوە، دەنا خۆ ئەوە لە تۆ ناوەشێتەوە و شایستەی تۆ نییە، تۆ دەبوایە مێردت بە یەکێکی زۆر لەوی چاکتر بکردبایە-خوانەیدا... باشتر کە نەیدا، چونکە هەر کەسێك بایە بە هەرحاڵ مرۆڤ بوو وەك هەر پیاوێکی دیکە دوای یەك دوو ساڵان بە چاوی دادەدایتەوە...))

(وەك دوایەش بیستمان زۆری نەبرد حەسەنیش ڕووی دەکار و کاسبییە کردبۆوە.)

((پێم خۆش بوو... چاکی بەکابرایەوەدا... هەی ڕەحمەت لەو دایکەی شیری داویتیێ!))

ئەمجارەیان دایکم بوو. ((چاکی کرد، ئەگەر بزانیێ لە هەزار جنێوی ناموسیێ خراپترە.)) دوایەش لەبەرخۆیەوە ((ئەوە من خەریکم دەڵێم چی، ئەوانە چووزانن ناموس چییە، ئەوانە ناموسیان لەکویێ بوو!))

((زۆر چاکە، ئێستا بچۆ کانییە ژنان ئەو فەرمایشاتانە خوردکەوە... خۆ کچە ناتوانیێ تا قیامەتیێ هەر دانیشیێ...))

ڕاستی دەکرد: هەر تەمەنە و پێویستییەکی گەڕەکە، هەموو کەسێك دەبیێ هاوسەرێکی هەر ببیێ. مرۆڤ ناتوانیێ هەر بە خەیاڵەوە بژیەت و بە خەیاڵەوە بچتە سەرجێی-ژن یا پیاو، جیاوازییان نییە. ((...کارێکی زۆر چاکی کردووە... ئێستا دیتت کە پیرەمێردە ژنی موفتی بۆ ((مەحموودە زەرداوی)) هەڵنەنا بوو!؟-قسەکانت هەموو هەر ئاوا بیێ سەروپان، ژنەکە. ئێستاش ئەگەر بە قسەی من دەکەی هەمدیس بچۆ لێرە و لەویێ تا بۆت دەکریێ هەر قسەی قەڵە و قەڵە و و قەبە قەبە بکە..!))

## -١١-

پشووی هاوینە، گەڕاینەوە... لە پێشدا دەچینەوە گوندەکەی خۆمان: دەبیێ یەك دوو ڕۆژانیش چاوەڕیێ بین تا ئەسپانمان بۆ دەنێرن. گوندەکەی دیکەی ئاغای-گلاجار- لە شارییەوە دوورە، من تا ئێستا نەچوومەتە ئەو گوندە و نەشمدیوە. هەروا یەك دوو ڕۆژان لە گوندەکەی خۆمان کە زۆر لە شارییەوە دوورنییە دەمێنینەوە.

ئەو سەردانەوەیە بۆ من هەمووی ئێش و ئازار و ناڕەحەتییە، وەك بڵێی هەموو شتێك گۆڕابیێ! لە خودی گوندییەوە بگرە تا درەخت و جۆگەلە ئاو و هەموو شتەکان- تەنیا کێوەکان نەبیێ، ئەویش هەر تا ئەندازەیەك... وەك هەموو سیس و ژاکاو و پووکابنەوە. یانی لەو یەك دوو ساڵانەدا چاوەکانی مە هێندە گەورە بووون، یا بە واتەی ژنان گوند ((چۆتە ئاوێوە!))

دە گۆڕانە بابەتییەکان دەگەم-هەموو ڕۆژێم هەستپێکردووە: هەموو ڕۆژیێ کە لە قوتابخانەوە دەهاتینەوە من خۆ بەخشانە-بە زاراوەی نوێخوازان- لە پێستی جارانم دەردەچوومەوە و دەبوومەوە کوڕە مسکێن و کوڕی ئاغای بەیەك خۆبەخشانەی پێچەوانەوە، دەندەی دەگۆڕیەوە و بەرغەبابەیەکی بچکۆلانەی لەبن چەناگەیەوە بەردەدایەوە... و هەر بۆ خۆسەپاندنێش، جاری وابوو لەسەر سفرەی بەدەنگێکی کەم و زۆر ئاغایەنەوە دەیگوت: ((هەستە سەلکەپیازێکی بێنە!...)) منیش، ئەگەر پێشتریش نەچووبمە ئاوێوە، دەچوومە



ئاوێوە و چوك چوك دەبوومەوە. دەهاتنەوێماندا ئیدی هیچ کەم و کورتییەك لە ئارادا نەبوو: کوڕی ئاغای لە تەنیشت شوفێرییەوە و من و بەر و پرێسکە و بارگە و بنەکەشم لەسەرەوە لەسەر باری بووین. خۆ ئەگەر کەم و کەسرییەکیش ئیێ، هەبایە، هەر تاملەی چیای بوو- هەر ماشێن لە پێچەکە بایدایەوە و شۆڕبۆوە و لەبەردەمی قاوەخانەکەدا وەستا بە یارمەتی قاوەچی ئەو کەموکەسرییانەش نەدەمان. ئێستا هەموو دانە و توخمی شانۆیەکە هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدایە- کوڕی ئاغای، قاوەچی و من کە لەبەر کوڕی ئاغای لەسەر لاتەختێکی شەق و شڕ ئەو سەری بن دارگوێزەکە بە ئەدەبەوە دانیشتبووم تا قاوەچی ئەگەر هەوەسی هەستا و ویستی چایەکیش بۆمن بێنیێ... سەرنجەکانی کابرای قاوەچی هەروا لەخۆوە لەمن بەتانە و تەشەر بوو.

بەڵام هیچ چاوەڕوانییەکی ئەو گۆڕانانەم لەبارودۆخی دێیەکەمان نەبوو، دێیەکەش وەك چووبتە دەئاوێوە-وەك پیرێژنان گچکە ببۆوە. یانی هەروەك خۆی بوو و من هایم لێنەبووە! وای ماڵەکان چۆن داتەپیون، کوچە و کۆڵانەکان پیس، سەربانەکان چ نەگبەتییەکیان گرتبوو- نەگبەتی و چڵك و پیسایی لەسەر و ڕووی ئاوایی دەباری. ماڵەکان هەر دەتگوت ئەوە پیرێژنیێ پەڕپووت و سیسەڵە و چرچ و لۆچاوین و لەسەر جۆیە دانیشتوون و جلان دەشۆن- ئەمە جگە لە جلە چڵکنەکانیش نەگبەتی تەنانەت لەسەر و ڕووی درەختەکانیش دەباری. دار هەڵووژەکان ئەو گەشی و ڕەونەقەی جارانیان نەمابوو-هەموو کرماوی، جەوت دەرداو، لە جاران خوار و خێچ تر. دارگوێزەکانیش ئیدی ئەو تەن و مەندییەی جارانیان نەمابوو کە لەبەرچاوان چەند هێندە و چەندین بەرابەری گەورەیی خۆیانیان دەنواند و لەگەشیان دەبریسکانەوە. وای کە لق و پۆپی و هەموو ئەو بەژن و باڵایەی کە بادەیهێنا و دەیبرد، جوان و دڵنەواز بوو!... ئێستاش زۆربەی لق و پۆپەکانی پیرو وشکەڵ بووون، کە لە وەڵامی سەلاوی (با)یدا، پیرانەیان وەڵام دەدایەوە و سەریان بادەدا. ئەو جۆیەی دەچووە دە دۆڵێشەوە وەك جاران بەتین و تاو و کەف و کوڵ نەبوو-هاژەی فشە فشەکەی هەر بە فششەی میزی حاجییە ورگە دەچوو. ئەو کاتانەی کە زۆر منداڵ بووم میزکردنەکەیم دیبوو و گوێم لە دەنگی میزکردنەکەی ببوو-یەکێك لە چاکە و خۆشییە منداڵییە ئەوەبوو، کە ئەوەی نەدەبوو بیبینین دەماندی و ئەوەی نەدەکرا بیبیسین دەمانبیست...

یانی چاوەکانمان گەورە ببوون یا بە واتەی ئەم سەردەمە ((تەوەرەی دیتنمان)) گۆڕابوو؟ و دەبایە چاوەڕیێ بین تا ئەوانەش بەشێوەیەکی خۆبەخشانە دەچوونەوە قاڵبی جاران، یا دەبوایە خەیاڵ و هەست و نەستەکانمان ئەو کارەیان ئەنجام دابایە؟-ئاخر خۆ ئیدی کێوەکان سەریان بە سینگی ئاسمانێوە نەبوو! ئەوە دوایە بوو کە بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوت هەر شتێکی خەیاڵی

خۆش بێت، لە خەیاڵدا جوانە-هەروەك ژنی نێو ئەفسانان، کە چونکە زاییدەی خەیاڵە و بەڕاستی دەستت نایگاتیٚ زۆر لە ژنی راستی جوانترە... هەرگیز لەگەڵیدا بە دەنگ نایەی و هەرای لەگەڵدا ناکەی و شەڕتان نابیٚ)).

ئەسپەکان گەیشتن، ئیدی نەچووینەوە شاری و هەر لەوێڕا وەڕیٚ کەوتین، قەدبڕ ڕێی ((گلاجار))مان دایە بەریٚ... ئای، لەو کێوە لوتکە بەرزانە، لەو لیڕەوارە چڕوپڕانە... ئادەمیزاد نەترەی دەچیٚ! هەموو کاتێك لەسەر هەستی هاکا ورچێك، پڵنگێك، تەنانەت وەك دەیانگوت، کەمتیارێکت لەبن دەوەنێکیەوە لیٚ ڕاست بێتەوە. من دەترسام، سەروچاوی کەریم خانیش پێوەی دیاربوو کە دڵە خوتەیەتی و هەراسانە. ئەو ترسەش زیاتر ڕەحمان ئاغا وەبەرمان دەنیٚ، کە ئاغا بەدوامەیدا ناردووە. ڕەحمان ئاغا خزمێکی دووری ئاغا ژنییە، یانی ڕەعنا خانم، پەنای وەبەر ئاغای هێناوە، یانی بۆتە نانخۆری ئاغای. نۆکەرە، بەڵام بە خزمایەتییە خانمێوە بۆی هەیە لە دیوەخانیٚ دانیشیٚ و جارجارەش تێوەرێخان تێوەرێنیٚ- بەڵام زۆرنا. گزگلە پیاوە و لاواز و باریکەڵە، لە دوورەوە هەر بە منداڵێکی هەشت نۆ دەساڵانە دەچیٚ، کە پشتێندی بە قوڵفە بەستبیٚ. لە نزیکەوە ریشی هەیە و ریشیشی ماش و برنج بووە (برنجی چێشتیٚ زیاترە، دیارە چێشتکەرەکە لوێچێکی برنج زیاتر بەسەر کردووە) بە سمێڵێکی سادەی شۆڕەوە-و قایشێك بە کەمەرێوە، وەك قاشی گندۆرەی. شێوەی قسەکردنی زۆر ئاغایانە و پیاو ماقووڵانەیە- جووڵەشی هەروەتر. هەموو جارێکیش-لەگەڵ قساندا- دەستێکی بە پشتێندێدا دێنیٚ، یانی هەر پێنج قامکی دەستی، لووس، لێك، لەبەر پشتێندیٚ دەنا- ئانیشکی ڕێك لەگەڵ خەتی شان و شەپیلکیدا دەهاتەوە، یانی ئێمە ئەوەین. لەڕاستیدا ئەو جۆرە ڕەفتار و بزاوتە کردەیەك بوو کە بەو دواییانە شاهەنشا دەتەلەفزیۆنیدا دەیکرد: هەردوو ئەنگوستە گەورەی دەنایە بن لیٚوی چاکەتەکەیەوە و ڕۆژئاوای بەبیٚ کاری و کەم ئیشی تاوانبار دەکرد و خۆی و دەوروبەرەکەشی بە پڕکاری و پێشی ناخۆش نەبوو کە ڕۆژئاوا سوود لە کودەتا سپییەکەی و شێوازی کودەتایەکەی وەرگریٚ، بە پۆزێکیشەوە دەیگوت پاداشی دانانەکەشی ناویٚ- یانی هەروا بەخۆرایی و لە راهی خودا بێت لێی سوودمەند بیٚ. دیارە ڕەحمان ئاغاش لاسایی لە خۆ گەورەتری دەکردەوە، بەهەرحاڵ، بۆ دڵخۆشکردنی کوڕی ئاغای هەروا چیرۆکی دەگێڕانەوە، چیرۆکی سەردەمانی کۆن و پێشینان-دیارە کۆنی زۆر دوورنا، کۆنی جاران- هەروەك هەندیٚ لەو منداڵانەی جاران، کە بەرنامەی منداڵانیان پێشکەش دەکرد... کە بەڵیٚ... عەرزی بە حزووری ئاغا بیٚ، سوارە دەڕۆیی... ئەوە ئێستا ئیدی واز لە باسی ئەو ئەسپەی دێنیٚ کە سواری بووە و باس لە زین و و لغاو سەرجلەکەشی هەر ناکا. بەڵیٚ... ئایی!



بەڵیٚ... سەردەمانێکی خۆش بوو، تازە خەتی سمێڵیی دابوو. (دەستی، بەهەر پێنج قامکانەوە لە بارێکدا وەك پیاڵەیەکی بەدەستەوە بیٚ تا لای چەناگەی دێنا، یانی کە بەڵیٚ، تازە خەتی سمێڵیی دابوو، سەریان بەدەر نابوو و گەیبوونیٚ) بەڵیٚ، ئاوا وەك ئێوە-یانی کوڕی ئاغای- بەناو لیڕەوارێکی ئاوادا دەڕۆیشت... چەند کوڕ و کاڵێکیشی دەگەڵ بوون... بەڵیٚ ئاوا وەك ئێوە، خەریکی ڕۆیشتنێیە کە لەپڕ ورچێکی هێندەی جوانەگایەکی لیٚ دەردەپەڕیٚ... بەڵیٚ، ئەسپەکەی پڕمێکی دەکا و دەکشێتەوە دوایە (لە ترسان خۆم خڕکردەوە) و ئەو ((دیارە بە بزاوتێکی گونجا و برۆ تێکنانێکی واوە کە بۆ ئەو کاتانەی بشیٚ) رکێفی لێداوە... و کوڕوکاڵ... دەی ئیدی... جحێڵن ئیدی... بەڵیٚ، بەڵام ئەسپەی تایین پێی توند لە عەردی چەقاندن و نەڕۆیی و نەڕۆیی- و ئەو ئەوە ئێستا خوێنی خۆی دەخواتەوە و ورچەش وەك لادیوارێکی خۆی لاو و نیوکردووە بەڵام چۆن! و هەروا پنجوڕکانیش ڕادەوەشێنیٚ... وەك ئەوەی بڵیٚ: ((فەرموو... ئەوە ئەرزو ئەوە گەز!)) گوتم: ((حیزە، ڕێیە بەردە- ڕێیە بەردە ئەوە ڕەحمانە!)) یانی ڕێت بە کەسێکی خراپ گرتووە، ڕەحمان ئی وەك تۆی زۆر دیون. کورتییەکەی، سەرتان نەیەشێنم حیزە ڕێی نەدا و لەسەر ڕێیە لانەچوو، ئەسپەش هەر ڕێی دانەگرت، ڕەحمان کە وادەبینیٚ ئەلحوکمولیلا خۆ فڕێدەدا و شەپێکی لەبن زگی ئەسپە بیٚ غیرەتەکەی دەدات و تاو دەداتە خەنجەریٚ (دەستی لەبەر پشتێندیٚ دەرێنایەوە و بۆ خەنجەرێکی درێژکرد، کە پێی نەبوو) و دەچتە پێشیٚ... ئێستا کڕوکاڵ... هەریەکەیان چونەتە سەر دارێکی و خودا خودایانە... کورتییەکەی هەر ورچە نارەتان لێدا و ڕەحمان نارەتان لێدا... سەرەنجام ورچە هاتە پێشی و بەسەر و چاوی هەڵپڕژی...

ڕەحمان زەردەیەکی دێتیٚ و سەیرێکی ئێمە دەکا و ئێمەش کە لەترسان چووینەوە دە قەپێلکی خۆمان و بە ترس و لەرزەوە چاوەڕێی کۆتایی داستانەکەین. بەڵیٚ، دەو دەمەیدا قریوەی کوڕوکاڵان دەبیستیٚ، کە لەسەر درەختەکانەوە تانە و تەشەران داوێنە ورچەی، کە بەڵکە ئیٚ ئەوە خوایە ببتە کۆمەك و پشتیوانییە وی... و ئێستاش ئەوە ڕەحمان کەوتووە و دەبن زگی ورچەیدایە... بۆخۆشی هەر لەمە-یانە کوڕی ئاغای- چ پەنهان، هێندەی دڵخۆش نییە. راستە، خەنجەرەکەی خەنجەری مشتوماهی قەزوێنی بووە و وەك ئاوی جۆیەی جەوهەر لە تیغەی ڕژاوە و وەك ئەو شینەتیخانە نەبووە کە ئەو دەمانە دەماندیت، بەڵام خۆ ورچەش ئەو ورچە هاکەزاییانە نەبووە و لەبەرامبەر ورچێکی وا کە تیسکی مووەکانی لەشی هەریەکەی بستێك درێژ بووە خەنجەری بیٚ دەرەتان چی پێدەکریٚ؟ ورچە هەروا خەریکە هەڵیدەپشێویٚ و کروکاڵیش لێی بیٚ ئومێد دەبن، بەڵام ئەو لەو بنەوەڕا ناوی خودا و پێغەمبەران (د.خ.) دێنیٚ

و پەنا بەخوا، نووکی خەنجەریی لەبن خالیگەی راستی ورچەی دەچەقێنێ و بە تەکانێکی ئانیشکێی ((خرت)) خەنجەرە تا خالیگەی چەپێی دێت... دەك نەمری پیرە خەنجەر- هەروەك پارچە کارتۆنێکی شەقی دەکا..! ورچە نارەتەیەکی وا لێدەدا تەواوی ئەو کێو و دۆڵ و لێڕەوارە دەلەرنەوە. نارەتەکەی هێندە بەهێز بوو کە یەك دوویێك لە کوڕوکاڵان لەسەر درەختانڕا بەربوونەوە خوارێ. هەرچی ورگ و ریخۆڵە و هەناوی گیانلەبەرەشە-دوور لە ڕووتان- بە هەرچی تیاندایە، وەك کێوە زبلێ و پیساییەکی بەسەر سەری رەحمانی حازریدا قلّب بۆوە و رەحمانی حازریش بە هەوڵ و تەقەللایەکی-دوور لە ڕووتان- لەبن ئەو گەندوگووەی دێتەوە دەرێ...

بە کورتییەکەی، هەروا بە دەم رێوە ئێمەی بەو چیرۆکانەی کە ترسی خۆی پێ دەڕەواندنەوە زارە ترەك و نیوە گیان کردبوو. داستانی ورچەی کۆتایی داستانان بوو، کە لەگەڵ دوایین کلکەی جەنگەڵێ تەواو بوو. کاتێ کە رەحمانی حازری خەنجەری خوێناوی بەدەستەوە و بە پیساییەوە لەبن زگ و گەدە و گیپاڵی ورچەی دێتەوە دەرێ کوڕوکاڵ چۆن لە خۆشیان هەناسەی ئاسوودەییە هەڵدەکێشن و شادییە دەکەن، ئێمەش هەروەتر لەخۆشیان هەناسەی ئاسوودەیی و خۆشحاڵی هەڵدەکێشین و ئۆخەی دەکەین... گەیوینە داوێنێ لێڕەواری.

رەحمەت لە بابی بەو داستانەی ئێمەی نیوەگیان کرد و زراوی بردین! رێیەکە هێندەی نەمابوو، بە واتەی وی کەم کەمە گەیبووینە پشت ئاوایی-ئێستا ئەوە لە گۆڕستانی پشت ئاواییەوەین، کە هەروەك جاران دارستان بوو و بە لوتفی خەڵکی و رێزی مردووەکانەوە هەروا چڕوپڕ مابۆوە...

روخساری بابی و خوشکەکان هەروا وەك خۆیان بوون-دایی هیچ نەگۆڕاوە، هەر هەمان کراس و هەمان کولەجە... و هەمان زەردەخەنە و تاڵی و سوێری، ئاوازە خۆشەکەی دەنگی، کە هەر لەخۆی دەهات. خوشکەکان هەریەکە و بە یەك دوو زەردەخەنەوە و دوو سێ دەست لەملان و لە دەورت گەڕێمەوە هەریەکەیان چوونەوە جێی خۆیان کە لێی دانیشتبوون بەڵام رووی بابەی گرژە، وەك پیربووبێ. قسە هەر هەمان قسەکانی جارانەکە بوو، دەمبیستن، کەسایەتی یەکەمین چیرۆك و ئەوانەی دیش هەر هەمان کەسایەتییەکەی جارانە... جگە لەو رووداوە تازانەی کە لەو ماوەیەیدا هاتۆتە سەر چیرۆکەکان و لێی زیادبووە...

هەروەك کە بیستیان ئێستا ئەوە لە عێراقێ خۆی بە عەردی داداوە...

دادە شیرین لە تەواوی ئەو ماوەیەیدا ماڵ و حاڵێکی نەبوو، هەستی ماڵ و ماڵدارییەی نەکردبوو و لە هیچ ماڵ و حاڵێکیدا نەمامێك نەناشتبوو. کە گەورەبووم تێگەیشتم کە مرۆڤ



هەر کاتێ دارێکی چاند و درەختە فراژوو بوو ئەوکەسە هەستی مانەوە دەکات و ماڵەکە بە ماڵ دەزانێ و بۆ هەمیشە هەروا دەبێ...

هەمیشە؟ نا، نەك هەمیشەیی هەمیشە، هەمیشەیی هەروا، کە مرۆڤ شلکە نەمامێکی بچەقێنێ و لە وەختدا ئاوی دات و وەك ئەم سەردەمەش پەینی بدات و بیڕشێنێ... و تا شلکیشە ئاگای لێی بێ-چاوی لە گەورە بوونێیەوە بێ و بوونە درەختیەشی ببینێ...

منداڵی هەبن، گەورەیان کا... تا دوایەش، خوا کەریمە، کە فەیسەڵێك، عەبدولکەریم قاسمێك، عارفێك، مستەفا کەمالێك، رەزا خانێك، سەددامێکیان لێ دەربچێ و درەخت و خاوەن درەختیش لە ڕەگ و ریشەوە دەربێنێ.

رەنگە بلێی ئەدی ئەو هەموو رەنجە بۆچی و لە پای چی، دەڵێن ئەوە ژیانە، ئا ئەمەیە ژیان... ژیان باغە، بێستانە- باغ بێ درەخت بێ مانایە، بێستان بێ برك و بنك بێستان نییە. ژیانیش پێیدەوێ گوایە دەرد و دوو و ئافەتیشی گەرەکە، بەڵام نەك دەرد و دوو و ئافەتی وەك رەزاخان و مستەفا کەمال و سەددامێك...

رەنگە واش نەبێ و واش نەکەوێتەوە-لەوانەیە ئەو درەخت و درەختانە بۆیە بچێنێ تا بەهۆیانەوە رەگ و ریشەی خۆی توند و پتەو کات و داکوتێ- هەقی ئاو و گڵێ بداتەوە- بەڵام ئەم لایەنەی درەخت چەقاندنێ یا کار و کارتێکردنی ئەو کارەی تایبەتمەندی کردارێکی دوژمن کارانەیە، چونکە هەر نەبێ ئەو خاوەنی موڵکەکەیە. لەلایەکی دییەوە ئاکنجی ناچاری نەك هەر رەگ و ریشەی پتەو و توند و تۆڵی نییە بەڵکە بە تاڵەمووی لەرزۆکی هیواو ئومێدەوە شۆڕبۆتەوە و ئاوێزانە... لاقیان لە هەوایە. نا ئەوەش نییە، دەبێ بزانی پێویستی بە چ دێنتە پێش. چونکە هەموو کەسێك راوەستاون و لەسەر بنەچە و بناغەی ئەو بڕیارانە داوەرییە دەکەن، تا بزانن داخوا ژیانی ئەو کەسە بەلای وانەوە نرخ و بەهای ژیانێی هەیە، لەگەڵ ئەقڵی خەڵکانی دیدا رێك دێتەوە لەگەڵ هەمواندا دەگونجێ و ماقووڵە یانەنا...

دەڵێن منداڵی بووە... ((باشە..!)) بە پێکەنینێکی ناسکەوە کە دەموچاوی هەموو گرتۆتەوە، ئەگەر بیسەر دیدێکی نا موافیقی نەبێ- پێی ناخۆش نەبێ- ئەوە دەڵێ ((باشە، بەسەلامەتی، بە سەر و دڵی خۆشەوە!)) بە واتەی خەڵکی لای مە ((بەنازی دایك و بابی گەورەبێ ئیشاڵڵا!)) دیارە کە دەزانن هەر بە پەیدابوونی منداڵێکی ترسی دوارۆژ و ئایندە نامێنێ و دەڕەوێتەوە، دایك کەم کەمە لە قاڵبی خۆیدا دەسەکنێ- رەگەکان گیانیان تێگەڕاوە... ئەو لاق لە هەواییە تا ئەوکاتەی هەیە- کە بۆشاییەك هەیە. ئێستا هیواو ئاوات و ئومێدێك لە دایکبووە، بە لە دایکبوونی ئەو هیواو ئاوات، و ئومێدەی بۆشاییەکە پڕ

بۆتەوە، ئەوجا ئەو ئومێدانەی دی کە مردووانە دیارن و خۆ دەنوێنن هەموو یەکپارچە دەمرن، هیواو ئاوات و ئومێدێکی تازە و نوێ ڕەنگ دەگرێت و دێتەکایەوە.

ژیانیش شتێکی سەیرە... دایك بە ئاشکرا، وەك بڵێی دەم و دەست، دەگۆڕێ، ڕەنگە هەر خودی خۆشی بێ یا ئیدیکە بن وابیردەکەنەوە، دەنا پێشەکییە گۆڕانی زۆر لەمە و پێشەوە و بەر لە ئێستا دەستی پێکردووە. پێشەکییەکە هەرچەندە پێشەکی گۆڕان بووە بەڵام ئارامیەك و ئاسوودەییەکی هەر داوەتە وی-هەر ڕاست وەك هەمان ئەو ئارامییەی کە لە سەرەتای هەڵکردنی تۆفانێوە جەنگەڵ لە خۆیەوە دەپێچێت. زۆر جاران دایك زووتر دەگۆڕێ، دەشۆرێ، بێ ئارام دەبێ، بەڵام ئەوجار و بارانە بەشێکی هەمان بەدەرییە یاسا و ڕێساکانە. سەرجەمی ڕێساکانیش هەر نەرمی و ئارام و پاکی و ڕوونییە...

لە دایکبوونی یەکەمین منداڵ هەستی متمانە بەخۆکردن و خۆ پەنادان و خۆپاراستنێ دەگەڵ خۆیدا دێنێ- دڵنیایی و پشت بەخۆ بەستن لەولایەنەوە کە ئیدی تەنیا نییە، ئێستا یەکێك هەیە کە ئەوی خۆش بوێ-کەسێك هەیە کە بۆی بژی و ئاگاداری بێت و بی پارێزێ و ئەویش خۆی پێوە پەنادا- ئەگەر تا ئێستاش نەیزانیبێ ئێستا دەزانێ کە جەرگ جەرگە و ئیدیش ئیدیکە...

باشە، چۆنی دەوێ باوابێ، ئیدی دایکە ترسێکی نییە، منداڵەکە هەر چەند زیاتر بزەڕێنێ ئەو ئومێدە هێندەی دیکەی زیاتر ڕەگ و ریشە قووڵ دەبتەوە و ڕۆدەچێ... وای کە ئەو هات و هاوار و زریکانە لە گوێی دایکدا خۆشە! لە هەموو ئاوازێك شیرینتر و خۆشتر لە ئاوازی هەر هەموو باڵندەیەکی دنیایە. هەر بۆیەشە کە لەپڕ دەست دەبات، منداڵەکەی هەڵدەگرێتەوەو بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوە دەگوشێ... ئیدی ترسی لە هیچ شتێکی نامێنێ...

چ سەرەپەتی ڕووداوێکی سەیرە! کێ پێیوابوو ئەو جۆرە تۆوە لەو جۆرە خاکەیدا چوو زەرە دەرکات و بڕوێ و هەروا خاکەکە پێشوازی لەو جۆرە تۆوە بکات و ئەو جۆرە تۆوەش ئەو پارچە گۆشتە زیندووەی وەك موعجیزەیە باوێتە کۆش و باوەشیەوە، تا ئاکام و ئامانجێکی شیرین و بەتام و چێژی بەردەوامییە ژیان بەوی ببەخشێ، لە کاتێکدا کە هەموو هۆ و هۆیەکانی بەردەوامی ئەو شتەیان بە نەبوویی و نابووتی پێشاندەدا؟.

ئیدی ترسێك لە ئایندەی نادیار-نادیار لە ئومێد، نادیار لە هیز و وزەی ژیان، نادیار لە شیلەی ژیان- نەبوو. ئایندە هاتبوو، ئایندە هەمان ئەو پارچە گۆشتە بوو کە بە بەرو باوەش و سینگ و بەرۆکی خۆیەوە دەگوشی. بەڵام ئایا ئەمە بەڕاستی وابوو؟ ئایا هیواو ئاوات و ئومێدەکانی دی هەموو مردبوون؟ ئایا ئەو گەردەلوول و زریانەی کە هەڵیکرد لەڕاستیدا



درەختەکەی نەخست و لەرەگ و ریشەوەی دەرنەکێشا و ڕەگەکان وشك نەبوون؟ ئەو کە خۆی دیتبوو و هەمووش دیبوویان... ئەدی ئەوە چبوو؟ ئەوە هەر توولە (برالە)ێکی باریکەڵە بوو؟ ئایا ئەوەی پەیدا ببوو و هاتبوو، بە واتایەکی دی-فراوانتر- هەر پاشماوەی هەمان درەختە تەن و مەندەکە نەبوو و بەشێك نەبوو لە هەمان هیواو ئاوات و ئومێدە گەورەکە؟-ئاخر خودی ئەویش هەر نیوەی ئەو درەختەی ئومێدە گەورەیە بوو. بەڵام چ ئومێدێك؟ ئەو هەر تەنیا شلکە (برالە)یەك بوو کە لە داوێنی ئەو درەختەوە سەری دەرێنابۆوە؟...

ڕاستە ئەوە بەرهەمی شووی دووهەمین بوو... ئاخر پێشتریش شووی کردبوو، ڕشتەی ئۆگریەی لەگەڵ ئەوەی دیش هەر نەبڕیبوو-ئەگەر چووبایە ئەو سەری دنیایەش هەر نەیدەبڕی ئەدی بەو نزیکی و هاوسێیەتییە چۆن دەکرا ببڕدرێ: هەموو ئان و سەعاتێك ئەوی دەدیت، لە خەوێدا بایە یا وشیار- لە خەوێیدا زیاتر هەست پێدەکرد تاوشیاری و بێدارییە. لەگەڵی دەدوا و پێدەکەنی: ((هی هی هی هی، هو هو هو هو!)) دەردی دەدایە، لێی دەگرژایەوە و لێی تووڕە دەبوو... خەڵکیش ئاگایان لێبوو و دەیاندیت و دەشیانبیست...

ڕاستە، هەر کە بەو یەکەیانی گوت ((بەڵێ)) ئەویدیکە هەر ئەو دەمی مرد و ئەو بەچاوی خۆی دیتی و زۆریشی بۆ بە پەرۆش بوو و زۆریش گریا. وای چ شین و شەپۆڕێکی گێڕا. پرسەدار بوو، جاران هەر هەواڵی مەرگ بوو، ئێستا مەرگی ڕاستەقینەی دیبۆوە... پرسەدار بوو و هەر بەو یادەی ویشەوە پەلکەی بسکانی بڕین و چوو لەبن عەردی ناشتنی. ئەوجا هات دانیشتەوە و بە دڵی پڕەوە بێدەنگ و خامۆش...

دەڵێن بێدەنگی گەورەترین ((نیشان))ە، نیشانی چی؟ عیشق یا نەفرەت، یا نەفرەتێکی لە عیشقەوە لە دایکبوو؟ عیشق و نەفرەت لەگەڵ بێدەنگییەیاندا بۆنەیەك هەیە!؟... بێدەنگی زۆر جۆر و شێوەی هەیە... هێوری و بێدەنگی و خامۆشی دەروون بە مانای مەرگ و مردنە- هەر نەبێ مەرگی نەفرەت و عیشق. مرۆڤی عاشق یا بێزار لە یەکێکی دیکە بەردەوام لە ناخی ناوەوەی خۆیدا دەکوڵێ، بەردەوام هەڵدەچێ، تووڕە و تەنگاوە، پێدەکەنێ. جنێوان دەدا، دەگریە... نەفرەت! خەڵکی خۆشبەخت دەڵێن نەفرەت شتێکی سستە کە ئادەمیزاد کەی ویستی هانای بۆ دەبات و پێی دەژی. بیروباوەڕی خەڵکی ئێمە ڕاست بە پێچەوانەی ئەمەوەیە. ئەوان لە نەفرەت بەولاوە هیچ شتێکی دیکەیان نییە هانای بۆ بەرن... لەوانەیە خۆشبەختییەکەی لە بێدەنگییەدا بدۆزێتەوە!...

منداڵەکە ببوو و ئەو (دایکەکە) ئێستا ئیدی منداڵ نەبوو-هەرچەندە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دیسانەوە هەر منداڵ بوو و بەردەوام بووکانێی لەگەڵ منداڵەکەدا دەکرد. دایکان

هەمیشە منداڵن- هەمیشە دە دۆخی مەشقی منداڵییە و بوونەوە منداڵییەدایە... داپیرەکان لەوان خراپترن- هەمیشە کۆمەڵە بووکۆکەیەکیان لە دەوروبەری خۆیان کۆکردۆتەوە و هێندەشیان لەگەڵ ئاوێتە بووون کە راستەو ڕاست، خڕبوونەتەوە منداڵ- کارو پیشەیان بۆتە جنێودان و سەرزەنشت کردنی بووکۆکەکان و لێ تووڕە بوون، ئەوجا ئاشتبوونەوە لەگەڵیان و گەمە و بووك بووکێنێی دووبارە و پاڕانەوەی بەردەوامی و تەمەن درێژیە بۆ دیتنێ بووك و زاوایەتییە منداڵ و نەوە و تۆرەمەکانیان...

منداڵەکە ببوو، ئیدی منداڵ نەبوو... بەڵام ئیدی خۆ بۆخۆشی هەر نەبوو، ببووەماڵێکی بەکرێ، کە بەبێ ئەوەی لەگەڵ کرێچیدا هیچ هاودەنگی و ئۆگریەکی هەبێت دەبوو ڕوخسار و سەروسەکوتی ((کرێچی)) و کەل و پەلەکانی هەموو قبووڵکات و پێیان رازی بێ. نەخشەی ماڵەکە یەکێکی دی بۆی کێشابوو و ((کرێچی))ش هاتبوو و بووکۆکەکی لەگەڵە خۆیدا هێنابووە ماڵێ و ماڵەکە تا دەهات ڕەنگ و رواژاو پێکەنینی بووکۆکەکەی لێدەنیشت و بەدار و دیوارانەوەی ڕەنگ دەدایەوە.

دایکم گوتی: ((کابرا جگە لەو جارەی کە بە بیانووی ئەسپ دزرانێوەی چوو، یەك دووجاری دیش چووە... گوایە (خانم) بە دوایدا ناردووە... بێدەرەتانە چ بکا، دڵی تەنگە-وڵاتی غەریبایەتییەیە... بە ناشوکری نەبێ کێ هەیە بەدیتنێی چاو و دڵی پێ روون کاتەوە- بە بابە سۆفی و مەحموودە زەرداوی؟ وەڵامی دابوو ئەوەی دووەمیان نەهاتووە... وەرە. هەر بۆخۆی دەزانێ ((نەقامان)) چۆن بڵێ!))

((دووەم... یانی حەسەن بەراز؟))

بابە گوتی: ((نا، کوڕەکەم- هەر لەگەڵەمندا وا بە پێچ و پەنا و راز و نیازەوە دەدوێ... یا... نازانم...)) و ئەوجا رووی لە دایکم کردەوە، بە مۆنیەکەوە: ((من نازانم-بۆ خۆت بڵێ!))

دەرکەوت کە ناوەڕۆکی هەموو ئەو پێچ و پەنا و راز و نیاز و ئاماژانە ئەوەیە کە ئێستا مێردی هەیە و شووی کردووە و ئەو پەرژین و لەمپەرانەی سەردەمی کچێنییە نەماون و هەڵگیراون... ئاوا. بەڵام دایکم زۆر زانا و دانایانە ئەو راز و نیاز و هێما و ئاماژانەی وابێرە و بەوێدا دەدان و وای دێنا و دەبردن و تێکییە وەی دەدان ئی وەی نەبوون هەروا بە سانی لێك هەڵاوێرێن و لێك بدرێنەوە و بزانرێن.

پێکەنیم، بەڵام بابە هەروا فیشەفیشی بوو: ((زۆر چاکە، ئەو غەوارەیەك نییە، هەروایەك دوو رۆژی دی دێتەوە- لای ئەمە قەیناکا، بەڵام تو سەری ئەم کوڕە تاقانەت..ئاخ...!)) بە لای هەردوو لێویەوە پێنج پەنجەی دەستی چەپی بەرەو خوار تا نووکی چەناگەیەوە بە ڕیشی



داهێنا، یانی بەدەستی خۆت کفن و دفنم کەی و بمنێژی، بیکە بە خاتری ئەو ڕیشە سپییە... بەسیەتی، بیبڕەوە و لە چ جێیەکی دی ئەو قسانە نەکەی!

پێکەنیم، گوتی: ((ئێستاکە ئەو قسانە تەواو بوون... کاتی شتی دیکەیە...))

دایکم ڕێی قسانی بە بابم نەدا: ((های... خوا تەمەن درێژت کا، کوڕەکەم، تازە تەواو بوون؟ هەر لە هەوەڵێوە تەواو ببوون، قسەیەك نەبوو تا تەواو ببێ. وەبیرت دێ کە گوتم ئاو بۆخۆی دەزانێ چۆن ڕێی خۆی دەکاتەوە؟))د

((لەبیرمە...))

((ئێستاش کە ناتوانێ و کەسی بەدەستەوە نییە بیەوێ دەڵاڵییەی بۆ بکا وەزیری دەستە ڕاستێ ڕێیەکی دیکەی وەبەرناوە: ئێستا ئەوە خانمە کە لەبن گوێی هەڵدەخوێنێ کە گوایە خوا هەڵناگرێ ((کچەی بێدەرەتان و بێنەوا))تان پشتاو پشت سواری کەرێ کرد، بەدبەختتان کرد، هەڵوەدای شارو وڵاتان و دەربەدەرتان کرد، ئێستا دەبێ هەر ناوە ناوە وەك باوکێکی چاك سەری لێبدەی...)) و پیاوەی لە خشتە دەبا- هەر بۆخۆشی دەنێرێ دیاری بۆ دەکڕێ- خەنە و سابوون و هەوری و ئەو جۆرە شتانە، بۆ ڕێیەشی زرۆبی بۆ دەپێچایەوە و بەڕێی دەکرد...

باشە ئاخر خودایەك، قیامەتێك... وای خودایە!)) لەسەرەخۆ دەستێکی بە سینگی دادا و چاوی لە ئاسمانێوە بڕین.

((...!))

بابە گوتی: ((ڕاستدەکا-ئەگەر لەجێی دیکەی نەڵێ، ئەو تایەفە عەیب و عار و شوورەییە نازانن، ئێستا هەر بە دوو سێ هەفتان جارێك براله پەیدا دەبێتەوە- و هەر قەرزداریش دەبێتەوە وەك چۆن تۆ مانگایەکی شیردەر بە یەکێکی دەفرۆشی و دەبیسیەوە کە هەروەك خۆت گوتووتە ئەودەمی پێیوانە بووە هیچ کەماسی و عەیبێکی هەبێ و بیبووەتی و بتەوێ ئەوەی لە بەرامبەرەکەت بگەیەنی و بڵێی براله ئێمەش بۆخۆمان پیاوین و قسەی هیچ و پووچ و بێ جێ ناکەین، ئەویش هەروەتر.

بەلانی کەمەوە دەجارم بەو گوێیانەی خۆم بیستووە: ((ئامۆزا بەخت و ناوچەوانیش بۆی هەیە، تا ئەو تاکە ژنەت دەماڵێدا بوون ئەگەر شەڕە قۆچیان لە ماڵێدا کردبایە زیانێکیان پێ نەدەگەیاندی، قەت نانی ڕووتت لەسەر سفرەی نەبوو. لەخوای بەزیاد بێ لەو دەمیشەوە کە رەعنا خانم هاتووە- لە سایەی ناوچەوانی وییەوە- ماشەڵڵا نانت بە دۆی ڕاناگا!)) و رەعنایان رەعنا و عەبدوڵڵا خانیان عەبدوڵڵاخان گوتووە کە وەرە و سەیرکە و ببینە... ئەو بێنەوایە نەیتوانی هەڵکا، ناچار چۆوە ماڵە بابی... بە کورتییەکەی ئاوا...))

((خوا هەڵناگرێ ژنە ژنێکی پاکداوێن بوو...))

((بەڵێ، پاکداوێن بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە... وای خۆ پێشاندەدا کە وایە، ژنە وردە وردە ئەوجا دەموچاویشی نەدەشوشت. پیاو لەسەرو سەکوتی ئەوجۆرە ژنانە بێزارن- کە هەمیشە هەردانیشن و دەستە و ئەژنۆ هەناسان هەڵکێشن... کە بەڵێ، سەیرکە چۆنت جەرگ رەش کردووم و ئەژدادت سووتاندووم! نەك هەر مێرد، هیچ پیاوێك حەز بە چارەی ژنی وا ناکا...))

((بەڵێ دەزانم-ئەوەی دیکەیان پاوپووزی خڕ و خەپان و سپی و سۆڵترە...))

((هی هی..! تۆش وەك مەیموونەکەی لۆتی مرادی هەر بەزمێکی دەزانی..!))

ناوەڕاستی وەرزی دروێنەی بوو، بابە زۆربەی رۆژان لە هەرەوەزی دروێنەی بوو، زۆربەی شەوان، لە راستیدا هەموو شەوێکیش هەر لەبن کەپرێ ماڵە ئاغای بووین. هەر نانمان دەخوارد و دەچووین، ئاغا تەنیا بوو، مسکێنیش هەردەهاتن. دادەنیشتن و قسەیان دەکردن-زیاتریش ئاغا، کە بە رۆژ کتێبی ((کونت مۆنت کریستۆ))ی دەخوێندەوە و شەوانەش بۆ مسکێنانی دەگێڕایەوە و حەشیمەتیش بەزاری بەشەوە گوێیان شل دەکرد و سەیر و سەمەرەیان دەبیستن و تەمەن و پایە بڵندیان لە خوای گەورە بۆ ئاغای دەخواست.

ماڵەکانی گوندی هەمووی لە ریزێکیەوە پاڵیان وەتەپەی گۆڕستانی پشت گوندییەوە دابوو، هەر لە گۆڕستانێوە دەتتوانی یەکسەر بێ لەمپەر و پەرژینێك بچیەوە سەربانی هەموو ماڵەکان. بەڵام ئەگەر بتویستبایە لە حەسارێوە بچیە سەربانی، بەبێ پێلیژە (پەیژە-قالدرمە) نەدەکرا. دێیەکە هەمووی ئەو ریزە خانووە و دەرماڵ و مەزرای گەنمی بوو. گەنمی مەزرای بەرئاوایی هێشتا نەدروا بۆوە. بەرهەمێکی یەکجار چاکی هێنابوو. گەنمی بەرئاوایی هێندەی باڵا پیاوێکی هەستا بوو. هەر کە شنەبایەکی نەرمی لێدەدا، گەنم دەکەوتە کەروێشکان و دەنگی وێك کەوتن و خشەخشی گوڵەگەنم و داسووان ئەوپەڕ تا ئەوپەڕ هاشەی بوو و دەریایەکی زێڕی زەردی وای لەبەردەم دەنەخشاندی، بێ وێنە. ماشەڵڵا لە قودرەتی پەروەردگار! هەر شادی و خۆشی بوو لە سەرو ڕووان دەباری. بەڵام ئەو شادییە وادەبوو زۆری نەدەخایاند و سارد و سڕ دەبۆوە دەمی مردووان: پار خوانەناسێك خەرمانێکی ئاگر تێبەردا بوو و ئەمساڵیش ترسی ئەوە هەبوو کە ئەو هەموو بەرهەمە جوان و هاتە، کارێکی ئاوا بێزەوەر و قێزەون و ناشیرینی لێ ڕووبداتەوە، پەڵەی بگرێ، هەرچەندە ئەو جۆرە کارە دزێوانە، لە نێوان دوژمنانی خوێنیشدا باو نەبوو. نەفرەت و بێزاری لەو کارە بە ئەندازەیەك بەهێز بوو کە دوژمن لەگەڵ دوژمنی خوێنی خۆیدا نەدەکرد- تووتن شتێکی دیکە بوو- بێ تووتن کەس لە برسان نەدەمرد- تووتن گیایەك بوو بە کەڵکی پاتاڵیش نەدەهات. گەنم و نان بەرەکەتی خودای



بوون-بەرەکەتی خوای نا سووتێنن. ئەو سەردەمی کەس نەیبیستبوو کە بۆ شکانەوەی نرخی بازاڕی گەنمی یەکێك بێت و بە ئەنقەست ئاگری لە گەنمی بەرداو وای لێبکا کەس دڵی نەیە مستە گەنمێکی بداتە سواڵکەرێکی کۆڵان و بەردەرکەی... دەك خودا چاکەی بۆ نەکات و خێر نەیەتە رێی، ئەو بێ دین و ئیمانە چۆنی دەست چووە ئەو کارەی! هیچ شەرمێکی لە خودای نەکرد! شەرمێکی لەو دەست و پەلە پێچراو و ئەو ریشە سپی و دەموچاوە چرچ و لۆچاوییەی سۆفی قادری نەکرد و تەریق نەبۆوە!... لەو دنیای دی وەڵامی ئەو ماڵ و منداڵانەی وی چ دەداتەوە..؟

ئەو شەوەش هەموو لەبن کەپرێ ماڵە ئاغای بووین... تاریکە شەوبوو، لە گوندی خەڵك زوو نانی دەخۆن- هەر کە ئێواران لە دەشتێ هاتنەوە نانی دەخۆن و دەنوون. بەڵام ((کۆنت مۆنت کریستۆ))ی ئاغای ئەو ڕچەیەی شکاندبوو و تێکی دابوو. زۆر رچە و رێسای دیش ئاوا بەهۆی کتێب خوێندنەوەوە-ئەگەر هەبایە- بەتایبەتی شەوانی زستانێ لە مزگەوتێ، تێکچووبوو. لەبیرمە ئەودەمی منداڵ بووم پیاوێکی سنەیی هاتە گوندەکەی مە. گوتیان ((شایەر)) هاتووە-((شایەر)) شاعیر بوو. بەڵام ئەو شایەرە وەك شایەرەکانی دیکە گەیبانە هەر کەسێکی، بۆ شاباشی-تەنانەت ژنانیش- بەگوێرەی قەد و باڵا و قەوارە و دار و نەداری کەسەکە یەك دوو بەندی سەرپێیان رێك دەخستن... و بەواتای خەڵکەکە بە شان و باڵیاندا هەڵدەگوتن-ئەوەی خوا بیدابایە، پارەو هەر شتێکی دیکە بایە وەریان دەگرت. جاری واشبوو ئەگەر حەشیمەتی ژنان بایە و دەوروبەر لێگەڕابایە، لە قالبی شیعریدا هەندێ شتی چاوەڕێکراویان بۆ خاتری خۆیان داویشتن:

((ماچێکم پێ بە، لەو لێوە لەرزە

مزرە وەك هەنار،ساردە وەك تەرزە))- ئەو لەو دەمانەدا بوو کە شایەر بە دوور و درێژی چەندی توانیبایە بە دەم و لێو و چاو و برۆ و بەژن و باڵای ژنانی شۆخ و شەنگ و جوان و لەباریدا هەڵدەگوت، خۆ ئەگەر بیشیزانیبایە کێ لە هەمووان قەڵەو و چەورترە ئیدی ئەوە هەر لێی نەدەگواستەوە و بە چاوداگرتن و ئاماژە و ئەیماوە بەندی داویشتنێ و شاباشی وەردەگرت. جاری واشبوو هەندێك لە ژنەکان شاباشیان نەدەدا و بە ناڕەزاییەوە: ((نا، کاکە مستەفا، پێم هەڵا مەڵێ-نایدەم! سێ بەندت بەمندا هەڵگوتن و بڕایەوە، ئەدی بۆ چوارت بە ئامینێدا هەڵگوتن!)) و ناڕەزاییانە دەستیان بۆ سینە و بەروان دەبرد و بەرمووریان دەمشتێ دەگرت،

ناقایلانه لەسەر و چاوی شایەرەیەوە ڕادەمان و شایەرەش ناچار دەبۆوە چوار بەندانیش بەویدا هەڵ بڵێ... ئەل حوکمو لیللا!

بەڵێ، پیاوێکی سنەیی هاتبوو، کتێبێکی شیعرانیشی لەگەڵ خۆ هێنابوو، کە کەس هەتا ئەودەمی نەدیتبووی و نەبیستبووی: ((ئەی رەحمەت لە قەبرت!)) بەلامی قەڵەو و یا لاواز کە بە ڕێسایەکی سووکەڵە دەیخوێندەوە. ئیدی سەر لەقاندن و هێنان و بردنێ سەبیلەی نێو دەستان بەلای قوڵکی گەردنێوە. پێشوازییەکی سەیر لە ((دەروێش بە چە))ی کرا- هەر لە یەکەمین شەوی هاتنێشیەوە ناوی بووە ((دەروێش بەچە)). هەموو شەوێکی خودای دادەنیشت و ((ئەرچە و شێرۆ))ی دەخوێندەوە و دەروێش بەچە دەبووە ئەرچە یا شێرۆ و خۆی وەك ئەوان لێدەکرد و رۆڵی ئەوانی دەدیت-بیریشم نییە بۆ وایدەکرد. ((ئەرچە و شێرۆ)) بە زمانی شیرینی کوردی بوو و ((دەروێش بەچە)) بە ئاواز و دەنگەوەی دەخوێندەوە-بە ئاواز و ئاهەنگی ((هەڵپەرکێ))وە: ((ئەو دەروێش بەچەیە کەفتەسە شوونی))... مەحشەرێکی دەنایەوە- ئەی رەحمەت لە قەبرت! تەواوی ماوەی زستانێ لە مزگەوتێ ((ئەرچە و شێرۆ))ی خوێندەوە و خەڵکی ئافەرینیان لێکرد: ((هەی رەحمەت لە قەبرت!)) و ئەوجا سەرلەقاندن و دار قەڵنە بادان. هەر شەوەی بۆ نانخواردنێ لەماڵێکی بانگهێشت بوو، هەموو شەوێی هەر دەخوێندەوە و پێیدا دەهاتەوە و کەسیش بێزار نەبوو و کەسیش هەستی بەبێ تاقەتییە نەکرد، کە بەهارێش رۆیشت پیاو و ژن و منداڵی تا دەرەوەی گوندی لەگەڵدا چوون بۆ بەڕێ کردنێی و کۆڵ و بارێکی چاکیان رەگەڵدا و هەشبوو بۆشی گریا.

ئاغا ئیشی نەبوو رۆژانە هەر ((کۆنت مۆنت کریستۆ))ی دەخوێندەوە و ئەوەی بە رۆژیشی دەخوێندەوە شەویێ بۆ مسکێنانیشی دەگێڕایەوە. جاری واش کە ئیشی هەبایە و نەپڕژابایە و یا حەوسەڵەی نەبایە بە رۆژ بخوێنێتەوە کتێبەکەی دێنایە بن کەپرێ، لێکی دەکردەوە و ئەوەی کە بە فارسیەکەی تێیدەگەیشت دەیکردەوە کوردی-بێ کەموزیاد ((ئەی رەحمەت لە قەبرت!))، ئەوە هەر بۆمە- بۆمن و کوڕی ئاغای- کە خوێندەوار بووین، هێشتا هەر قوتابی بووین یەکجار زۆر خۆش بوو. ئێمە نەماندەتوانی یەکسەرە ئەو جۆرە کتێبانە بخوێنین، جا چ جای ئەو شانامەیە. شەوێکی ئاغا منی لە تەنیشت خۆیەوە داناو لەبەردەمی مسکێنان کتێبەکەی لە دەستی نام و گوتی بخوێنە- تا دێڕێکم بە هەڵەت و پەڵەتیەوە خوێندەوە کلکی حوشترێ گەییە عەردی-بابە دەمێك بوو لەبن کلکی ئەو حوشترەی کلکی گەیبووە ناو خاك و خۆڵێ ئارەقەی دەردابوو. وەك کارێکی زۆر کرێت و دزێوی لێ ڕوودابێ هەموو بەچاوی سووکەوەو بەلاقرتێوە سەیریان دەکرد و ئەویش-هەرچەندە من بۆ خۆشم تێما بووم و چاوم لێی نەبوو، بەڵام دەمزانی-



لە شەرمان شەلاڵی ئارەقەی بووە و ئارەقەی بە حەوت تیرەقەی پشتێدا دێتە خوارێ. دیسانەوەش هەر رەحمەت لە بابی ئاغای، کە گوتی: ((تۆش هیچی وات لە کەریمی کەمتر نییە!)) و بەم جۆرە هەندێکی لەباری گوناهی من سووك کرد... دیاربوو کە بەشێوەیەکی تایبەتی کەریم خانیشی بە تاقیکردۆتەوە. بەڵام بۆ ئەو قسانە دەچوونە دە گوێی بابەیەوە! ئاغا درێژەی دایەوە: ((سەردەمی مە وابوو، بەڵام ئەمانە هەموو گیرۆدەن-دەرس و دەوریان زۆرە، پێ ڕاناگەن... ئێستاش زووە- وردە وردە بۆخۆیان پێ ڕەوکە دەبن و دەکەونە سەرپێ!)) خوا وەتحەسێنێ، هەرچەندە ئەو قسانە چ کاریگەرییەکی واشیان لەسەر داوەرییە ئامادەبووان و سووکایەتییە بابەی نەبوو. ئەو شەوە خەریك بوو هەرایەك لە نێوان دایك و بابمدا بقەومێ ئەو سەری دیار نەبێ و کەچکە قوڵەی تێنەچێ... ((کابرا پێیوایە هەر بەو دوو سێ ساڵەی ئەو منداڵە فندەگولە ببێتە مەلای دوازدە عیلم!... فەقێ- هەر ئەو فەقێیەی دەیبینی- پێنج ساڵ دە ساڵان فەقێیەتییە دەکات و ئەوجا توێبەرەی بە کۆڵێ دادەدا و دە ساڵی دیکەش دێ بە دێ و شار بە شار مزگەوت بە مزگەوت دەچێ- و هەر لە ئەستەمبۆڵ و بەغداوە بگرە تا لە شامێ سەر وەدەر دێنێتەوە-ئینجا دەبێتە دوازدە عیلم، جا ئەو کاتەش کە دێتەوە تا نامەیەکی دەنووسێ کلکی حوشترێ دەگاتە عەردی... ئەو منداڵە بەستەزمانە بێ گوناهە هێشتا عیلمێکی نەخوێندووە، ماشەڵڵا قاقەزی دەنووسێ، وەك چی... ئاغا ((یانی بابە، بە تووڕەییەوە)) چاوەڕوانییە چی لێ هەیە!... بەڕاستی قسەی بێ جێن..!)) و ئەوە منیش بەو چلەی هاوینەی لێفەم بەسەر سەری خۆمدا هەڵکێشاوە و هەروا خۆم دەخۆمەوە...

بەڵێ، دانیشتبووین-هەوا هێشتا تارێك نەببوو، دوکەڵێکی مۆر پێدەشتی داگرتبوو... تا بڵێی جوان و خەیاڵاوی- تێکەڵ بە غەمێکی ناسك. تاو تاوێك گوڵەستێرەیەك بە بەردەمی کەپرێدا لەو سەریەوە بۆ ئەو سەری دەهات و تێدەپەڕی و تاریکاییەکەی وەك مقەسێ دەبڕی و هەر سەرەی بەلایەکیدا هەڵدەدا. بەڵام هەر کە دەگەیشتنە ئەوپەڕی کەپرێوە دوو لێوە تاریکی دەهاتنەوە یەك، وەك برینێکی کە وەبنی دابێتەوە سات بە سات رەش و شینتر دەبۆوە. تاریکی شەوانەش وەك وەرزێر و دارستانێ ئەزموونداره و هەمیشە لە پێشڕەوی و دەست دێرە و دەوێ کوتانێدایە. دارستانی دەبڕی، هەمدیس هەڵدەداتەوە و نەك هەر سەوزیش دەبێتەوە بەڵکە هێندەی دیش گەشەی دەکات و جوانتر دەبێ، وەرزێریش بەردەوام، لەدوو لایانەوە، ئانیشکان داوێ و تا چاویش هەڵدێنییەوە مەزرای تەنیشتێی قووتداوە-لە عەردی تێر نابێ. تاریکییە شەوانەش هەروایە.

ئاغا وەك هەموو جاران لەوپەڕی خوار کەپرێوە دانیشتبوو، لە خوار دەستیەوە کەریم خان بوو و بەرامبەر کەریم خانیش مراد خان بوو کە بەخۆ و بە سمێڵە شۆڕەکانیەوە تەزبیحی بادەدا-من و بابەش لەخوار کەپرێوە، لەباری سەرێوە دانیشتبووین. رەعنا خانم لەودیوی کەپرێوە بوو، لەبەر گیزەگیزی سەماوەری، کە هێشتا بە کوڵ نەهاتبوو، چا دێمی نەکێشا بوو.

دەشت لەتاریکیەدا پان راببوو، کە جارجارە خەستتر دەبوو، دووکەڵە مۆرەکە هێشتا هەر مابوو، دەنگی زیك زیکە و بۆقان... و لە پشت کەپرێشەوە جاروبارە قاڕەی قەلەڕەشێك، لە گۆڕستانێوە و دەنگی پەڕۆ و سیپاڵە کۆنان کە هەوای رادەتەکاند- وەك کۆنە باوەشێنی بن ساپیتەی شل و شۆق... و لە دوورە رێوەش، لە قوولاییە دەشتێوە، دەشتی پان و پۆڕ و هەراوەوە، وەك سێبەری پیادەیەکی- کە دەهات و دەچوو... لەو هەوا تاریکەیدا دیار نەبوو. کێیە؟ بۆ وا هێندە وەدرەنگ وەخت کەوتووە؟ ئەگەر بێت- رەنگە سەعاتێکی دیکەی پێ بچێ تا دەگاتێ-: ئەمەش شتێکە کە بە مێشکی مندا رادەبرێ و لە خەیاڵی مندا دێت و دەچێ.

کەس ئاگای لە چرای نییە، لەو هەوایە و لەو شتەیدا و لەگەڵ ئەو درەنگە شەوە ناوەختەدا، وەك هەموو کەسێك چوون سرووشت چووبێتەوە قەپێلکی خۆی- هەریەکە بۆ خۆی سەرقاڵی شتێکییە. خاڵۆ مراد خان مراد خانییە درێژەکەی کەمێك داکێشاوە و گەمان بە قووتووە جگارەکەی دەکا: قووتووەکەی لە نێوان چوار پەنجەی پێشەوە و پەنجەی گەورەی گرتووە و بایدەدا و دەیخولێنێتەوە-قووتووەکە لەسەر فەرشەکەی یەك دوو خولان دەدات و رادەوەستێتەوە. خاڵۆ مراد وای تێدەڕوانێ کە نابێ راوەستێ-بەخۆ و بە بەرغەبابەی شۆڕ و واقی وڕەوەی لێ دەڕوانێ. هەر لەو حاڵەیدا پەنجە گەورەی دەستی چەپێشی وەبن چەناگەی داوە و بە پەنجەی شادەشی لێوی خوارێی دەخورێنێ... ئەوەشی بەسەر و چاو و روخسارێکی واوە وەك بە نووکی پەنجەی قدیلکە (ختووکە)ی مێشك و بیر و خەیاڵەکانی بدا. ئاغا جاری وابوو بە قامکان لە گوڵی قالیچەکەوە دەگلاو پێی وەردەبوو- و نێوچەوانی تێك دەنا، جاری واش بوو لەپە دەستێکی نەرمی بەسەر گوڵی قالیچەکەیدا دێنا و سافی دەکردەوە و هەر کە گوڵەکەش وەدەر دەکەوتەوە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی مافوورەکەوە بە خێراییەوە دەستێکی بەسەر گوڵەکە دادێنایەوە و گوڵەکەی دەشێواندەوە... ئەو چوار قالیچە و لاکێشانەی کە لە نێوەڕاستیان راختبوون چەند رۆژێك بەر لە ئێستای لە شاری کڕیون. ماشەڵڵا، گوڵەکانی بە بنیادەمی پێدەکەنین-ماشەڵڵا، هەروەك ماڵێ شای..!

((کێ لەوێیە! و ئەوجا (رەعنا) بڵێ ئەو لامپایەی پێکەن!...)) ئەوە رێوڕەسمی ئاغایانە. ئەگەر یەکێك زیاتریش لەوێ نەبێ نالێن. ((فلانی پێیکەن، یا فلان)) هەر دەڵێن بڵێ پێیکەن-



تا ئەولا بزانێ کە ئیدیکەش هەن کە ئەو تا هێشتا نەیدیون و رەنگە هەر نەشیانبینێ، بەڵام وا چاترە کە هەر لە خەیاڵدا بن.

شووشەی لامپایەکە لە پەڕۆیەکیەوە کە لە هەردوو سەرانیەوە تێپەڕیوە پێچراوە و بەلایەکی کەپرێوە کراوە. بابە هەڵدەستێ، شووشە لامپای دێنێتە خوارێ و دەیداتە رەعنا خانمێ، نابینم، بەڵام رەعنا خانم گوایە شووشەکەی پاك دەکاتەوە: ((ها)) ((ها))یەکی لێ بڵند دەبێ و سیڕە سیڕی پەڕۆکەکەی بە شووشە چرایەکەیدا باس لە پاککردنەوێی دەکا. دوایەش، دەنگی خشەی دەنکە شخارتە و تروسکەی هەڵبوونی گۆگردی و دوای ئەوەش رووناکییەکە تاریکییە پشت کەپرێ دەشێوێنێ و لە پشت درزی گەڵاکانی کەپرێوە بەرەو لای مەوە سەرە تاتکێ دەکا و هەر بە دیتنی مە دەستوبرد دەکشێتەوە، بەڵام بابە دەست پێشخەرییە دەکات- دەترسێ لامپاکەی بشکێنم. لامپاکەی دێنی و دێتەوە- تاریکییە ڕاودەنێ، هێشتا نەگەیوەتەوە نێوەڕاستی کەپرێ وەك لە بانی بەریدەنەوە حەسارێ.

لامپایەکە کزە، بابە لامپایەکە لە نێوەڕاستی کەپرێ دادەنێ، لە نزیك ئاغایەوە و وردە وردە فتیلەکەی هەڵدەدات و لامپایەکە خۆشدەکات، ئەوەندە تاریکییەی ماویشە ئەویش هەڵدێ. دە دەقیقەیەك ا زیاتر رادەبرێ. هێشتا سەر و چاو و روخسارەکان لە قاڵبی خۆیاندان: ئاغا، کە پاڵی داوەتەوە و بە کاوەخۆ چەسپان لە جگەرەی دەدا، خاڵۆ مراد کە راست بۆتەوە و قیت انیشتووە، کەریم خانیش کە لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە و ئانیشکی دەستە راستێی لەسەر ئەژنۆکەی داداوە و گەمان بە تەزبیحەکەی دەکا: دەزووی تەزبیحەکەی لە سەری گوڵێنگەکەیەوە دەئاڵێنێ، بەجۆرێك کە فشاری دوو پەنجەکانی لەسەر شل دەبێتەوە تەزبیحەکە دەکەوێتەوە خول خواردن و سووڕانەوێ بە دەوری خۆیدا... و جارێکی دیش بە پێچەوانەوە... ((یالڵا، سۆفی حەسەن... دانیشە...!))

مسکێنەکان تاك و تووك هاتوون، ئاغا قادر خان و ئاغا عەزیز خانی، برای ئاغاش لەوێن، ئاغا قادر خان بە دەرپێی سپی درێژەوە هاتووە، گوایە شەرواڵەکەیان شوشتووە و وشك نەبۆتەوە... کەس بەو کارەی ناڕازی و نارەحەت نییە- ئاغا نەبێ، ئەویش نە بە قسە، هەر بە ئاماژە-بە ئاماژەی سەیرکردنێکی قیزەونانە کە بەردەوام سەرنجی دەدایە و خاڵۆ مرادیش زەردەخەنەیەکی بەدەوروبەری سمێڵێوە لەسەر لێوان یاریدەکرد و ئاغا عەزیز خانیش بە ئاشکرا پێدەکەنی. ئاغا قادر خان هەر گوێشی لێ نییە و قسەی دایی وەك یەکانەی غەزریوە و هەر خێسان دەکا.

هێشتا هەموو نەهاتوون، ژنەکان- ماڵە ئاغای- لە حەسارێیان ئاورکردۆتەوە و لە دەورەی دانیشتوون، چەوەندەری دە پیشێنن. دە دەرماڵی ماڵە ئاغایاندا چەوەندەر چاندوون و چەوەندەری داون هەریەکەی هێندەی گندۆرێکی و وەك قەندی شیرین. دەنگی ژاوە ژاوی ژنەکان لە پلیکانانەوە دەهاتە سەرێ، ئاغا ڕوو لە خوار کەپرێوە دەڵێ: ((خانە، بڵێ لەسەرخۆتر!)) بابە راستەدبێتەوە، لە کەپرێ دێتە دەرێ بە پەیژەیدا دێتە خوارێ و پێیان رادەگەیەنێ: ((ئاغا فەرموویانە لەسەرەخۆتر!...)) دەنگی پیف و پفی لەسەرخۆی نارەزاییە، بە گاڵتە جارێوە دەبیسترێ، ئاغا و ئەوانیدیش گوێی خۆیان دەخەپێنن. بابە هاتۆتەوە سەرێ، کە شووشەی لامپایەکە بێ هیچ هۆیەك و پێویستییەك هەوەڵێ ((چك))ەیەکی دەکات، بەدرێژی و پانییەیدا درزان دەدات و دەتەقێ، دوایەش ((چرق))ەیەکی دەکا و لێك بڵاو دەبێ و لێك دەبێتەوە و هەڵدەوەرێ. بە شکانی شووشەکەی گڕی لامپایەکە هەروا لەخۆوە هەڵدەستێ و خۆشدەبێ، دووکەڵی لێ بڵند دەبێ، وەك هەر کۆمەڵگایەکی گوشراو کە لە پڕ ئازادبێ و بگاتە سەربەستی-وەك هەر ئازادییەکی کرچ و کاڵ و خاو. لە پێشدا هەموو رادەچڵەکن... مسکێن دەستدەکەن بەنزاو پاڕانەوێ... بابە هەڵدەستێ، دێتە ناوەڕاستی کەپرێوە. ((وریابە... وریا بە-هەمووی وردە شووشەیە.)) بابە وریایە. دەگەڕێتەوە، دەچێتە پشت کەپرێوە و گەسکی دێنێ و وردە شووشەکان خڕ دەکاتەوە...

((برۆ بپرسە بزانە شووشە لامپامان هەیە..؟))

بێ پرس دەمانزانی نیانە: هەر کە شووشەکە تەقی رەعنا خانم هاواری لێ هەستا و گوتبووی کە ((وای، جا ئێستا چبکەین، خۆ شووشە لامپاشمان نییە!))

چ بکەن؟ چرایەکەی هەروا بێ شووشە لەسەر لێوی سەربانییەوە دانێن... لە هیچەی چاکترە. چرایەکەی لەسەر لێوی بانی دادەنێن... باشە، ئەوەش ئەوە!

ئاغا دانیشتووە و نزایان دەکا-ڕووی تێکناوە و شڵەژاو: هەر دەخوێنێتەوە و دەست بە برۆیان دادێنێ. پەنجەی شادەی تۆزێك لەسەر برۆی راستی دادەگرێ و ساتەوەختێك پەنجەکەی لەسەر ئەوێ رادەگرێ. دانیشتنەکە ورتە ورتی تێدەکەوێ. سووری یەکەمین چامان خواردەوە و چاوەڕوانین...

ئەوە خاڵۆ مراد خانە، کە شەختەی بێدەنگییە دەشکێنێ: ((عەبدوڵڵا خان دەڵێی چاوت دەفرێ... ئەگەر چاوت دەفرێ بڵێ با ریزە نانێکی رەق بێنن، لەسەری دانێ- باڕاوەستێ.))

لە پشت کەپرێوە لەسەر سینییە نانێکی دینن، ئاغا هێندەی یەك سەرە نینۆکی لە لێوی نانەکەی دەکاتەوە و لەسەر چاوەکەی دادەنێ و دەست دەکا بە نزایان. نا، نەبوو... نانەکە



دەکەوێ هەندێکی دیکە لێدەکاتەوە و لەسەر چاوەکەی دادەنێ و بەسەری پەنجەی بە پێڵووەکەیەوە دەنووسێنێ. نانەکە رادەوەستێ، فرەفری چاوەکەش هەروەتر، نزایەکان دووبارە دەبنەوە.

سێ چارەکێك، کەمتر یا زیاتر، بەسەرهاتنی ئاغا و شکانی شووشەی لامپایەکە و ئەنجامی چاو فرینەکەدا تێپەڕیوە، دەنگی یەکێکی دێت کە لە ماڵێ ئاغای دەپرسێ.

((بزانن کێیە؟)) هەروا لێوە و دەجولێن... ئاغا هەر لەجێی خۆیەوە کە دانیشتبوو بەرەو لای دەرکی حەسارێوە دەسوورێ و تەماشا دەکا، بەڵام وەك بڵێی هیچ نەبینێ. شنەبایەکی نەرم گڕە دووکەڵاوییەکە بەڕاست و چەپە و پێش و پاشاندا دێنێ و دەبا...

دەنگی حیلکە حیلك و ژاوە ژاوی ژنەکان نایە و ئۆفە ئۆف و ویشە ویشی لەسەرخۆ و بە سپاییان نیشانەی ئەوەیە، چەوەندەری گەرم و داغ داغیان لە زاری ناوە و ئێستا ئەوە لە تاوان سەربادەدەن و لچ و لێوان هەڵدەقرچێنن و ڕوو لەحەوای دەکەن و ئەستێران دەژمێرن...

((کاکە چتدەویست؟))

((ئیشم بە ئاغایە...))

((بڵێ، تا عەرزی ئاغای کەم...))

((ئیشم بە خۆیەتی، قسەم پێیە، دەبێ هەر بەخۆی بڵێم...))

دەڵێی هەر هەمان ئەو پیاوەیە کە لە دەشتێوەمرا سێبەرەکەی دیت... ئەوە ئێستا دەزانم. ئاغا لەوێرا بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێ: ((خانە، ئەوە کێیەوە؟)) و بێ ئەوەی لەسەر وەڵامێش ڕاوەستێ دەڵێ: ((بینێرە سەرێ...))

بابە لە پێشەوە-نابینم، دەستوور وایە- و پەیام هێنیش لە دواوە- لە پەیژەی وەسەر دەکەون.

((وریابە نەکەوی...!)) وریای بابەیە.

پیاوە دێت، وەك هەر پەیام هێنێکی دیکەی گاڵۆك بەدەست، سەلاوێ دەکات و لەپە دەستی راستی، بەڕووی مەجلیسەکەدا هەڵدێنێ، دوولا دەبێتەوە: سەلاو-ئیکلام. وەڵام دەبیسێتەوە و ((بەخێر بێی، کاکە!)).

ئەوە ئاغایە، پیاوە هیچ راناوەستێ و بەخۆ و بە گاڵۆکەوە و لاق و لەتەری چڵکن و پاژنە پێی قڵێشاوەوە بەناو مەجلیسەکەیدا رەتدەبێ و یەکڕاست بۆ بەردەمی ئاغای. لەبەردەمی ئاغای گورگانە هەڵدەتووتێ و لە حاڵێکدا کە گاڵۆکەکەی بە قیتی بەدەستەوەیە و لە ئاغای نزیکترە تا خۆی، بە گوێی ئاغایدا دەچپێنێ: ((پس پس پس... پشتی ئاربەبا... پسپس پس...)) ئاغا هەر لەو کایە و مایەیدا دەڵێ: ((نەیگوت کەنگێ؟))

((دوێنێ عەسرێ... پس پس پس پس...))

پیاوە لە چپەکەوت، بەڵام هەروا گورگانە لەبەردەمی ئاغای هەڵتووتەکاوە، چاوەڕێیە ئاغا شتێکی بڵێ. دەڵێ: ((ماڵیاوا... زۆر سوپاس...)) پیاوە راستدەبێتەوە. بەخۆ و بە گاڵۆکەوە بەناو مەجلیسەکەیدا تێدەپەڕێتەوە و دەڕوا...

ئاغا دەڵێ: ((بۆ کوێ؟... کاکە ناوت چییە؟))

((سەعەی نۆکەرت.))

((کاکە سەعە بۆ کوێ؟))

((بۆ ماڵێ، ئاغا... رێم دوورە... دەبێ بچمەوە سەر کار و کاسبییەکەم...))

((هەر ئێستا، وا زوو؟ جارێ دانیشە نان و دۆیەکی بخۆ، ئاوێکی بە دەموچاوت داکە... پیاڵە چایەکی بخۆوە... پەلەی چیتە- نانت خواردووە؟))

((نەخێر ئاغا، لە رێیەی دەخۆم... ماڵت ئاوەدان بێ...))

و کەوتە رێ

گەیبووە پشت کەپرێ کە ئاغا بانگی کردەوە: ((جارێ ڕاوەستە... ئیشم پێتە...))

پیاوە بە داهێزراویەکەوە گەڕایەوە، بە ناقایلیەکەوە، لەبەر کەپرێوە ڕاوەستا.

((بەڵێ ئاغا...))

((تۆ کەی وەڕێ کەوتی؟))

ئەمجارەیان قسەکان بەدزییەوە نەبوون.

((مەلا بانگدانێ، قوربان.))

((لە رێیە تووشی کەس نەبووی؟))

((نەخێر ئاغا... ئەوان (کێواوکێو دەهاتن... ئەگەر وابێ... ئەگەر زۆر تینێ دەخۆیان کەن و جەختی بکەن مەلا بانگدانێ دەگەنێ.))

ئاغا بە قووڵی لە بیرولێکدانەوێڕا چووبوو، کاکە سەعە تاوێك مایەوە، هەروا ئەو پێ و ئەو پێی دەکرد، لاقی شل ببوو... ئەوجا گوتی: ((ئاغا، وەڵامێکو هەن؟))

ئاغا گوتی: ((ئمم-م م...نا، ماندووی بچۆ خوارێ شتێکی بخۆ...)) و بەڵام کە بێ مەیلییە مانەوەی وی دیت، گوتی: ((زۆر چاکە، دەی خانە بڵێ نان و کەرەیەکی بۆ رێیە بۆ تێکنێن...)) و ئەوجا ((یەك دەقیقە راوەستە... ئیشم پێتە)) و هەستایە پێیان، هەمووش لەبەر وی هەستاین... چووە ئەو دیوی تیغەی کەپرێوە و ماوەیەکی پێکەوە فسکە فسکیان کرد، دوایەش شتێکی لە بەرکی دەرێنا. من لە ناو کەپرێ بووم و لە هەمووانیش نزیکتر بووم،



هەستمکرد پارە بووبێ... شوانە- دوایە دەرکەوت کە سەعە شوان بووە- ماوەیەك چاوی لەزاری ئاغایەوە بڕی. ئاغا گوتی: ((ئەوەی دەدەیە وی... (چپ چپ چپ چپ)- زۆر راشکاوانە و بە جووڵە و بزاوتی ماسوولکەکانی دەموچاویشیەوە و هەمدیس (پسپس... پسپس...)) کە تێینەگەیشتم و ئەوجا ئەسکەناسێکی سووری- دووتمەنی- بەو جۆرە کە لەو تاریکیەشدا هەر دیار بوو...((ئەوەش بۆخۆت...)) شوانە سەرەتا مات بوو، دوای تۆزێك دڵەڕاوکێ گوتی: ((مالیاوا... خوا لەسەر و ماڵت بەزیادکا!)) ئەو دەمی ئەوەندە یەك دنیا پارەبوو ئەو دەمی سەرەتای سەردەمی پەهلەوی بوو و ئێرانی پەهلەوی سەد ئەوەندەی ئێرانی کۆن چاکتر بوو، بە پارەی ئەو کاتی ئەوەندە پارەی مانگایەکی بوو، یانی دووسەد تومەنی سەردەمی کۆن، بەڵێ دنیایەك پووڵ بوو: ((خودا لەسەرو ماڵی ئاغای بەزیاد کا!...))

پیاوە رۆیشت، ئاغاش هاتەوە جێی خۆی، دانیشتەوە، ئێمەش دانیشتینەوە، پیاوەی پەیام هێن رۆیبوو، ئاغا برۆی تێکنابوون و دڵتەنگ بوو... مەجلیس هەروا بە چاوەڕوانییەوە و نیگەران چاوی دەویەوە بڕیبوو و ئەویش هیچی نەدەگوت، هەروا بە چاوان دەگەڵ گوڵی قاڵیەکەیدا شەڕبوو. هەمدیس هەر خاڵۆ مراد بوو دەست پێشخەرییە شکانێ شەختەی بێدەنگییەی کردەوە. وەك دەیانگوت خاڵۆ مراد دەستێکی باڵای لە لێو بزاوتنێدا هەبوو، داستانی سەیر و سەمەرەیان لە هێزی چاوەکانی و ئەو ئامادەگیەی دەگێڕایەوە، دەیانگوت لە دووریە سەد هەنگاوانەوە دوو کەس پێك هەڵوەستابان و لێویان جووڵابایەوە، دەیزانی چ دەڵێن... گوتی: ((عەبدوڵڵا خان، نەیگوتووە کەی وەڕێ کەوتوون، لەگەڵ کامە تاقمەیدان و ئاغا، بە هەوتییەکەوە کەمێکی سەیرکرد و گوتی: ((گوایە دوێنێ دوای نیوەڕۆیە... کەوتوونە رێیە بەلای پشت ئاربەبایدا... لەگەڵ تاقمە و دەستەی حەمەڕەشین...)) هەموو گوێ قولاغ بوون-قسە قسەی چەتان بوو! ((دەیگوت چل کەسن... کە من باوەڕ ناکەم... ناشزانم...)) ئاغا ئەرێ نەیگوت لە کوێوە ڕاهاتوون، کەسیش نەیپرسیوە- عێراقەکەی دیاربوو، بەڵام لەکوێی عێراقێوە؟...

ئەو کەسەی ئەو وەڵامەی داوە زۆر بێ منەتە، یا وەك هەندێکان گوێزێکی دەکاتە گومبەتێك))-کێچێکی دەکاتە گایەك-))

((هەندێکان)) ئەوە ئاغا مەحموود خان بوو کە خاڵۆ مراد لەبەر ئامادەبووان و لەبەر رەعنا خانمێ کە لە پشت کەپرێوە شیری دەدایە منداڵەکەی، لەجیاتی ناو هێنانێی بە وشەی ((ئەو))ی ئاماژە کردێ. رەعنا خانم دووەم زگی بوو، کوڕ بوو، ماشەڵڵا ژنێکی بە زگ و زایە و هەمدیس ئاوس بوو. ماوەیەك لەمەوپێش کە ئاغا مەحموود خان هاتبوو منداڵەکەی پاك و تەمیز

گۆڕیبوو و جلی لەبەر کردبوو و هێنابووی لە کۆشی خان خاڵی هاویشتبوو و ئیدی چ باس و پێداهەڵدان و ستایشی ئەو بلیمەت و بەهرەیەی لەوساڵ و تەمەنەیدا کرابوو! هەر مەپرسە، هێندەیان گوتبوو و گوتبۆوە تا ئاغا نارەحەت دەبێ و کەریم خانیش بەڕوو گرژییەکەوە لەکەپرێ وەدەرکەوت. ئاغا مەحموودیش بەوە بەناوبانگ بوو- قسە و کرداری بە واتەی مامۆستا مەلا سەیی وەك تەڵاقی بزنێ و دەستنوێژی گوربەی وابوو، قەتی پێ ڕانەدەگیران...

ئاغا گوتی: ((نا، پیاوێکی بێ منەتە... لەولایەنەوە خاتر جەمم...))

((کەواتە دەبێ چاوەڕوان بین...))

تا ئێرە بارودۆخەکە روون بوو: پیاوێکی بێ منەت و دڵنیا وەڵامی بۆ ئاغای ناردبوو کە تاقمە چەتەیەك وەڕێ کەوتوون و بە پشت ئاربەبایدا بەرەو ئەو ناوەی دێن، (ئەو ناوە)ش کۆمەڵە گوندێك بوون کە دێیەکەی مەش یەك لەوان بوو، هەمووش دەیانەویست بزانن داخوا ئەو هاتنەیان فەند و فێڵێکی لەبندا نییە بۆ گوندەکەی وان. گوندی مە نزیکی ((بۆگنە)) بوو کە باس و خواس وابوو و دەشیاندیت و ئێمەش دەمانبیستەوە کە خاوەنەکەی لەگەڵ چەتەکاندا پەیوەندییەکی چاکی هەیە. لەو بەریشەوە، بەلای خۆرئاواوە، پیرموسا بوو، کە کۆمەڵە سەیدێکی بێدەرەتان خوردە مالیکی بوون و لەو گۆنگەلەیدا نەبوو. بەملاوەتریش، بەرەو لای خۆرهەڵاتێوە و لە تەنیشت بۆگنەیەوە، ((دووگە)) بوو، کە ئەویش هەر بەدەست هەندێك خوردە مالیکەوە بوو، کە سەرقاڵی کار و ژیانی رۆژانەی خۆیان بوون و کاریان بەسەر کاروباری کەسەوە نەبوو. هەستمکرد-مەجلیسەکەش هەر هەمان هەستی منیان هەیە- کە هەڵبژاردنی وشە و بێژەی ((ئەم ناوە)) لەلایەن ئاغاوە بێ مەبەست نەبوو- نەیدەویست خەڵکەکەی نارەحەت کا، خۆ دەنا هەموو شتەکانی لەلا ڕوون بوو و وەك ئەوەش کە جێی نارەحەتییە نەبێ. راستە زۆر جاران، جەڵەبیان بەپێش خۆ دەدا و بۆ عێراقێیان دەبردن، هەرچەندە زۆر وادەبوو کە دوای ماوەیەکی دەوڵەتی عێراقێ ئەو مەڕو ماڵاتەی هەموو دەناردنەوە-و دیاریشە لەو بردن و ناردنەوانەشدا هەمیشە چەند سەر مەڕ و ماڵاتێکی خەڵکیشی لێکەت دەبوو کە دەیانگوت ساخلووی خوارد، کە ئەویش دەیگوت ئەو نەیخواردوون و لەو وەرەو بڕۆیەدا لەناوچووون، یا دەیان گوت چەتە ئاوەو ئاویان بردوون. زۆربەشیان هەر نە دەناردنەوە- دەیانگوت نێوانی دوو دەوڵەتییەیان چاك نییە و تێکچووون.

بەهەر حاڵ، لەم چەند ساڵانەی دواییدا مەڕ و ماڵات بردن کەمتر ببۆوە و ئەوە نەمابوو شەوانە ماڵاتی لە ئاغەڵێ دەرکەن و وەپێشە خۆی دەن و بیبەن-ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە ماڵات هەر لەبێرییە بوو و لە کوێستانێ ئەگەر بیانویستبایە هەر لەوێیانڕا دەبردن. ئەوجا



ماڵە مسکێنی، چی تێدابوو تا بیبەن؟ بەڕەیەك و دوو جاجم و یەك دوو شڕە لێفەی بە کۆڵێ دادەن و ئەو هەموو رێیەی بەرن، کە بۆخۆی چەندە و چەندی بفرۆشن!؟.

لە خوارێ، لە حەسارێ، دەنگ و جۆری ئاوازەکان گۆڕابوون و جودا بوون- لە تەقە و رەقەی قاپ و قاچاغ و هەوڕ و هیبارانڕا دیار بوو نانی ئێوارێ ئامادە دەکەن و چێشتێ لێدەنێن... ئاغاوات، بە پێچەوانەی مسکێنان درەنگ نانی دەخۆن- شەوانە ئەوە مسکێن دانیشتوون دوو سینییە خواردن بۆ ئاغا و ئەوانیدی دێت... چیرۆك و داستان دوای نانخواردنێ دەستپێدەکا...

هێشتا نانیان نەهێنابوو، کە لە پشت دێیەڕا، لە دەوروبەری گۆڕستانێوە، دەنگی سەوەڕی بڵندبوو... سەرەتا بە کەمی... هەموو گوێ قوڵاغ بوون، سەرو مل هەندێك سووڕان و خواربوونەوە. هەرکێ و هەرچیەك بوو دوور بوو- لەوانە بوو مانگایەکی پەڕیوە بێ.

((ماڵاتی کێیە تا ئەو شەوە ناوەختە لە دەرێیە!))

ئەوە بابم بوو و ڕووی قسەکەشی لە کەسی دیاریکراو نەبوو، مسکێنەکان سەیرێکی یەکتریان دەکرد، دیاربوو ماڵاتی کەسیان نەبوو.

دەنگەکە بەرزتر بۆوە، لەوەڕەی سەگەکانڕا دیاربوو هەرچی و هەرکێیەك هەیە، نزیك دەبێتەوە و دێت. تاوێك پێچوو، سەوەڕ هەردەهات.

ئاغا بە برایەکەی گوت: ((عەزە راستبەوە بزانە کێیە- چییە؟))

نەمزانی بۆ بە ئاغا عەزیز خانی گوت- ئەم جۆرە کارانە زیاتر بە نۆکەرێك- ئەگەر هەبێ- دەنا هەر بابمی رادەسپارد.

عەزیز خان ڕابوو و چوو، کاتێك کە لە داوێنی ئەو سەری بانییەوە بانگیکرد، گوێمان لێبوو لە گۆڕستانێوەی خوڕی: ((کێی، کوڕە؟))

وەڵامێك نەبوو، ئێمەش هەرچمان نەبیست، بەڵام حەپە و وەڕینی سەیان هەروا هەر بەردەوام بوو. هاتەوە و گوتی: ((کەس نەبوو، قوربان و دانیشتەوە)).

دوو سێ دەقیقەیەك چوون، سەوەڕ ورووژا، وەك دەنگەکەش بێتە پێشتر.

ئاغا دووبارە گوتیەوە: ((عەزە، راستبەوە بزانە کێیەوە... شتێك هەیە بۆیە سەگەکان وا گەرووی خۆیان دەدڕێنن!...))

عەزیز خان، بەبێ وازییەکەوە هەستا و گوتی: ((بێ بەڵابی، هیچ نییە... سەگە و دەوەڕێ!)) و پێی گرتنەوە.

دەنگەکە هێندەی دی بوو، ئێستا ئیدی لە دەنگی سەگەلەکە دیار بوو و چاکی هەست پێدەکرا کە هاتوو یا هاتووەکانیان دوور خستبۆوە و ئەوانیان- بە زاراوەی خەڵکی لای خۆمان-

گەمارۆ دابوون. من تەنانەت بە خەیاڵ چاوم لە بارودۆخ و هەڵسوڕ و داسووڕیان بوو و دەمدیتن کە فیزماڵکیان دەدایە و دەچوون لەلایەکیەوە کلکیان وەبن خۆ دەدایەوە و هەڵدەتووتەکان.

ئاغا سەیرێکی قێزە و نانەی برایەکەی کرد و گوتی: ((دەك دڵت تۆقیێ-دەترسی!))

ئاغا عەزیز خان بەسەر و ڕوویەکی ناڕازیانە و پڕدانەوەوە گوتی: ((لەچی دەترسم، قوربان! بێ بەڵابی... چ نییە- لە چ بترسم!))

و بە تووڕەییەوە کەوتەڕێ و چووە ئەو سەری بانی و بە دەنگێکی زۆر نێرانە و ئازایانەوە، گوتی: ((کێییەوە، کوڕە؟))

هەر کە ئەوەی گوت چل پەنجا گوللە لە کەپرێ کرا!

ئاغا عەزیزخان وەك کە سبەینێ گێڕایەوە هەر لەوێڕا خۆی داوێتە ناو دێی و دەچتە دە مەزرایە گەنمیەوە و دەڕواو تا گوندەکەی نزیکیانەوە ڕاناوەستێ.

هەموو حەپەسان، ئاغا قادر خان هەر لەوێوە لەجێی خۆیڕا فیزماڵکی دایە و بەدەرپێی سپییەوە خۆی هاویشتە حەسارێ، بەڵام لەبەدبەختیان-یا لە تەمبەڵیان- دەرپێ لە سواندەی سەربانی گیربوو و ساتەوەختێك وەك کەلەشی گۆشتی قەسابی کە بە قەنارێوە دەکرێ هەڵدەواسرێ، دوایەش ((شلَپ)) دەکەوتە حەسارێوە-بە قسەی ژنان بەبێ مزەڕڕەتی- بەبێ ئەوەی هیچی لێبێ. ئاغا و بابم لە هەمووان شلەژاوتر بوون. ئاغا یەکەم شتێکی کە کردی لامپا بێ شووشەکەی بە پێلەقێکی تێهەڵدا-لامپایەکە کەوت، بەڵام گوێزەکەی کە پلێتەکەی تێدایە لە لامپایەکە جیابۆوە، خولێکی بە دەوری خۆیدا و قیت ڕاوەستا، و بڵێسە بڵند بوو. هەر لەو دەمیدا چەند کەسێك بە پێلێژەیدا خۆیان هاویشتە حەسارێوە- بە ڕەعنا خانێشەوە... ئاغا ویستی گوێزەکەی بڵێسەی سەندبوو بکوژێنێتەوە، کە چەند کەسێك لەبەردەمی دەرکی کەپرێ پەیدابوون: ((نەجوڵێی!...)) هەموو بێ جووڵە ڕاوەستان. ئەوانەی مابوونەوە، ئاغا بوو و خاڵۆ مراد خان و بابم و حاجی فەتاح بوون... کە پیرەمێردێك بوو. ئاغا پیاوێکی مەیلە و بەخۆوە بوو و وەك هەموو ئاغایەکی، پیاوێکی دەستوپێ سپی بوو: نەیوێرابوو لە بانیەوە خۆ باوێتە حەسارێ-دیارە بانەکەش بەرزبوو. ویستبووی لامپایەکەی وەمرێنێ و بە تاریکییە بە پێلیژەیدا بچتە خوارێ...

هەندێك هەڵڕژابوونە حەسارێ، ژنەکان قاو و قیژیان بوو... منداڵ لە لانکەیدا زەڕەی بوو من و کەریم خان لەنێو کەپرێدا خۆمان کروشمە کردبوو و لە ترسان هەڵدەلەرزین، بابم ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو- تەنانەت لەو بوولێڵیەیدا دیاربوو... خاڵۆ مراد خان ڕاوەستابوو، زگی تۆزێك دەرپەڕیبوو، دەستی بە سمێڵی دادێنا...



یەکێك لە چەتەکان ڕاست بەرەو لای ئاغایەوە چوو و هەر کە گەیشتە لای چەند قۆنداغە تفەنگێکی ئاخاوتێ... لەو سەر و سەکوتەی کە دەربارەیەوە بیستبووم، وام مەزەندە کرد حەمە ڕەش بێت... ((دایك حیز... زمان لەمنیش دەکوتی!... زمانت دەبڕم!...)) و سەیرەکەش ئەوەبوو کە دوایە زانیم کوڕە پووری یەکتریش بوون: ((هەی وا وا لێکراو... زمان لەمنیش دەدەی... ئەمشە و ئیدی ڕزگاریت نابێ!...)) و هەمدیس بە قۆنداغە و ئەوجا بە لوولەی تفەنگێ وەرگەڕایەوە ئاغای. ئاغا دەستی بۆ لاکەلەکێ برد و گوتی: ((ئاخ!)) و دوولا بۆوە... خاڵۆ مراد خان، هەڵیدایە: ((حەمەد بەگ، نەجیب زادە وا ڕەفتار دەگەڵ نەجیب زادەیدا ناکا، شوورەییە!... دەتەوێ بیکوژی، بیکوژە... دەنا ئەوە ڕەفتاری پیاوانە نییە..!))

سوبحانەڵڵا! کتوپڕ حەمە ڕەش دەستی سست بوو، دایکم ڕاستیدەکرد، ئەمانە وەك مسکێنان نین... بەبێ ئەوەی خۆ لە خاڵە مرادی گەیەنێ، یا شتێکی بڵێ، ئاغای بەرهەڵداکرد..! هەر دەو هەنگامەیدا ڕاکێش ڕاکێش یەکێکیان هێنایە ژووری کەپرێوە... ((وای منداڵەکەم... وای منداڵەکەم مرد..!)) ڕەعنا خانم بوو، چووبوو خۆی لە تەویلەیدا شاردبۆوە و ئەوە ئێستاش هێناویانە.

ئی، کاك سەعید بوو!... کاك سەعید بوو کە ڕاکێش ڕاکێش دەیهێنا!

ڕەعنا خانم خۆی بەسەر لانکەکەیدادا، کاك سەعید قۆڵی گرت و بەتوندی ڕایکێشایەوە و لانکەکە بەربۆوە و زریکەی منداڵەی چووە ئاسمانێ. بەڵام سەعید گوێی لەو شتانە نەبوو... ((گوتم وازی لێ بێنە... ئەوە زەیستانییە... لێیگەڕێ، لێیگەڕێ با بمرێ!)) خانمی بە ڕاکێش ڕاکێشەوە هێنایە پێشێ... ((گوتم بوەستە...)) و خانمی بە توندی ڕاتەکاند، و هێنایە پێشەوە. ((چاکم تەماشاکە، هەی قورمساغ..!)) ئەوەی دەگەڵ ئاغای بوو، سەری بەردابۆوە، دەستیشی بە کەلەکێوە نابوو، کەمێکیش لار ببۆوە... ((چاکم تەماشاکە... من دەناسیەوە!؟)) خانم ڕەنگی ببووە زەعفەرانی زەرد، وشك هەڵاتبوو، وەك ڕەنگی دەرپێیەکەی مامۆستا مەلا سەیی ڕەسول. ئاغا سەری هەروا بەردابۆوە، سەعید کۆڵەمشتی وەبن چەناگەیدا، و سەری بەرزکردەوە. ((چاکم تەماشاکە، نامەرد! من هەمان ئەوەم کە ((جێ پێ)) یەکەمت دیت، بەڵام بەسەرخۆت نەهێنا. تۆ نەتدەزانی کە من سەدان جار دەگەڵ ئەو ژنەیدا نووستووم؟ کوێر بووی- نەتدیت؟... ئێستاش هەر پێشکەش بە خۆت.. دەڵێم سەرخۆش بووی و نەتزانی، ئەو قاقەزەت نەدیت کە بۆم هاویشتییە ژوورەکەتەوە!؟ زگی مایەنەکەشت من دڕیم، زگی ئەم ماینەشت من پڕم کرد- ئەویشت هەر نەدیت!؟ دەرپێیەکەی بن هەڵوژانیش کە

شوانەکە بۆی هێنایەتەوە- ئەویشت هەر نەدیت!؟ ((بێ غیرەت، کاتێ کە زانیت کچ نییە، ئەگەر ڕاستت دەکرد ئەدی بۆ سەرو برۆیەکانت نەتاشین و پشتاو پشتت سواری کەرێ نەکرد!؟))

ئی، حەسەن بەراز!... و ئەولاتر ئاغا قادر خان بە قوونی ڕووتەوە... ئەوی گرتبوو و هەروا هێنابووی. جا بۆ بێ دەرپێ؟ دەرکەوت ترساوە بەو دەرپێ سپییەو دەو تاریکە شەوەیدا بدیترێ و دەرپێیەکەی داکەندووە، بۆ خۆی دەیگوت کاتی گرتنێی بە دیرەگی لێوە سوانەیەوە گیربووە... راوەستا بوو و سەری بەردابۆوە...

((شەرمی ناوێ... خۆ خوشکەکانیشت قەتیان دەرپێ لە پێدا نییە..!))

و کاک سەعید بوو کە دەیگوت: ((ئەمە ژنی منە... هەر ئەمشەویش دەیبەم، هەڵیدەگرم...)) رەعنا خانم هەردوو لەپە دەستی بە دەموچاوییەوە نابوون. هەر ئەوەندەی توانی بڵێ: ((بیکە پیاوەتی کاک سەعید...))-و لە پەوڕوو کەوتە عەردی...

دیاربوو لە کاری خوارێ ببوونەوە، بۆیە هەموو خڕببوونەوە، زۆربوون-سی کەسیان زیاتر لەسەربانی بوون. دیاربوو هەندێکیشیان لە دامێنی دێیەوە، لە پشتەوەبوون، ئێشکگری ئەوانیدی بوون. وای خودایە... کە خراپیان لە بابەی دەدا! دایکم هاتبوو و دەگریا... ئەو و حاجی فەتاحیان خراپ دەکوتان- پارەیان گەرەك بوو. دایکم لەبەر باوکم دەپاڕایەوە ئەگەر هەیەتی، ئەگەر لەجێیەکی شاردۆتەوە، بیڵێ: ((بڵێ، بڵێ- هەرچی هەیە بیدە، هەمووی هەر بدە... ئەوانە کافرن، رەحمیان دە دڵیدا نییە، سەقەتت دەکەن!)) و بابەش هەر قسەکانی وی دووپات دەکردنەوە: ((جەواهێر، جەواهێر... هەرچی هەیە بیدە، لەهەر کوێیەکییە بیهێنە، هەموویان بدەیە..!)) ئەوجا خوشك و براکانی ئاغای ناواخنێکیان بۆمە کۆك کردەوە. بابم ئارام و لەسەرەخۆی قسە نەدەکرد، قسەکانی زۆر بە پەلە پەل و هەلە هەل بوو، لەسەر قسان رانەدەوەستا و ئێستا ئەوە خوشك و برایەکانی ئاغای بوون کە خێرا خێرا دەیانگوت: ((جەواهێر جەواهێر...)) و قاقا پێدەکەنین و ئێمەیان کلاڵفە کردبوو و هەڵیان وێزنیبووین... سەرەنجام بێدەنگییەك کەوتەوە. کاک سەعید پێی داگرتبوو و هەر دەیگوت خانمێ دەبا، دەیگوت ژنێ شەرعی وییە، و خانم لە هۆش چووبوو.

و بەو حاڵەوە بەسەر لانکەکەیدا شۆڕ ببۆوەو مەمکی دە زاری منداڵەکەی نابوو-نەمزانی کەنگێ هەستا بۆوە و وەهۆش هاتبۆوە. هەموو هەست و نەستێکی بەلای بابەوە بوو. پێستی دەموچاوی-ئی رەعنا خانمێ- بە ئێسکی روومەتییەوە نووسابۆوە، لێوەکانی بە هیچ حیلە و حەواڵەیەکی وێك نەدەکەوتنەوە، لە گریان کەوتبوو.



حەسەن بەراز لە کون و کەلێناندا بە دوای حاجییە ورگەیدا دەگەڕا و سەری بە هەموو کوناندا دەکرد، پوور حەلیم خۆی لە حەوت کونە مشکان نابوو. حاجییە ورگە و رەشید بەگە چێشتەش بە ئاگادارییە ئاغای چووبوونە راوە ماسییە. هێندێك لە چەتەکانی دی بە ماڵەکانی دیکە وەرببوون، لە شتی بەکێش بە کێش سووك و بە نرخ گران دەگەڕان- دەنگی قاو قیژ و هات و هاواری ماڵەکانی دی دەهات. حەمە رەش هات و دەگەڵ یەك دوو چەتانی فسکە فسکێك کرد؛ ئاغایان بە چەتێکی ئەسپارد و بۆخۆشیان دیار بوو بۆ پرس و راو شۆر و مەشوەرەتێ وەی داخوا چی لێبکەن. بە پشت کەپرێدا، چوونە لای دامێنی بەرەوەی گۆڕستانێ... لە دوورەوە لە تروسکەی ئاگری جگەران بەولاوە هیچیدی دیار نەبوو- هەموویان جگەرەی عێراقییان دەکێشا.

ئاغایان بردبووە ئەولای کەپرێوە، خالۆ مراد خان و کەریم خان و بابە و حاجی فەتاح هەر دەناو کەپرێدا بوون- خانمیش هەر لە پشت تیغەی کەپرێوە بوو و هەروا شیری دەدایە منداڵەکەی. داکێ ئاغای لە حەسارێدا لە سینگی خۆی دەدا و دەپاڕایەوە و تووك و دوعای دەکردن خودا ئەو خوشکەزایە توخم بە حەرامەی لەسەر عەردی نەهێڵێ و بە نابووت چێ، هەڕەشەشی دەکردن و بە دەنگێکی بڵندەوە دەیگوت ئەگەر موویەك لەسەری کوڕەکەی کەم بێتەوە هەر بۆ خۆی بە نینۆکانی چاوی ئەو حەرامزادەیەی دەردێنێ...

هێشتا چەتەکان نەهاتبوونەوە، رەنگی رووی کەریم خانی ببووە زەردەچێوە-و خانمیش لەودیو تیغەی کەپرێوە دوو چەپۆکی بەسەری خۆی دادان، زریکاندی: ((وای مێردەکەمیان کوشت!... کوشتیان، خوێنرێژانە... وای بۆ مێردەکەم، وای مێردەکەم!... خوانەناسانە کوشتیان!...)) و ئەوجا دەستیکرد بەڕوو رنینەوەی خۆی و سەر و پرچ دەرێنانێ و کەوتە سینگ کوتان و لە خۆدانێ...

و چەکدارە ئێشکگرەکە هاواری کرد: ((هەڵات- بیگرن! نەیەڵن دەرچێ..!)) بەڵام کەس نەچووە گوێی و باوەڕی نەکرد... یانی ئاغا هەڵاتبوو!

بەڵام دەنگی خانمێ گەورە بڕابوو... ئەگەر کوژرابایە دیاربوو دەنگی نەدەبڕا و بێدەنگ نەدەبوو... یانی لە هۆش چووبوو!... ئەدی ئەوانیدی چی؟...

و ئەوجا ژاوە... چەتەکان هاتبوونەوە، رژابوونە حەسارێوە، ((توخمە سەگ ئەمجارەش بۆی دەرچوو... دەستی بگاتە تفەنگێ کارمان دەبینێ...)) ئەوە حەمە رەش بوو دەگەڵ تفەنگچییەکی دیکەدا دەدوا، زۆر ناڕەحەت بوو. ((یەك دوو کەسان بنێرە دەرماڵێ... تا ئێمە ئێرە دەگەڕێین...))

هەموو جێیەکی گەڕان، هەتا تەویلەش-شوێنەوار و قولاغێکی نەبوو- ببووە دڵۆپە ئاوێك و بەعەردیدا چووبووە خوارێ- گوایە خۆی دەنێو گەنمی ناوە، و ڕۆیوە...

بابە و حاجی فەتاح دە کەپرێدا کەوتبوون، هەریەکەی چەند پەراسوێکیان شکابوون. مامۆستا مەلا سەیی ڕەسوڵ بەو ڕوخسارە کزەڵەیەوە قورئان بەدەستەوە ڕاوەستابوو، حەدیسی بۆ کاك سەعیدی دەگێڕایەوەو ئایەتی دەخوێندنەوەو ئەوی بە قورئان و خاوەنی قورئانێ سوێند دەدا کە کاری پێچەوانەی شەرعی نەکەن، و ژنێکی بە مێرد لە تەواوی ژیانیدا بێ ئابڕوو و ئەتك و لەکەدار نەکەن ((ئەو ژنە منداڵی بە بەرەوەیە، منداڵی هەن، منداڵەکان چ لێبکا، خوا قبوڵ ناکا!))

مامۆستای بەستەزمان! پیاوێکی زۆر و یەکجار بێوەی، بێ چاوێنی لە ماڵی دنیایە، بە مشتێك ددانی کرمێاوی، و جووتە چاوێکی پڕۆشاوی و چەندین منداڵی سەلك و بنك و زگی برسییەوە، هەرچەند جارێکی گەیبایە سفرەیەکی زەنوێر دەیگوت: ((دەناو (سوختە)کاندا پەندێك هەیە دەڵێن: ((کولو وەشرەبوو تۆ لە گوێ بگرە-وەلا توسریفو لەبیرخۆت بەرە!)) و هەروەك شێوەی کوردانیش (لە)ی پێش گوێ و بیرەکەی زۆر بە سووکی دەگوتن، دەگەڵ ئەوەشدا چاکی ئەو ئەسپاردەو ئامۆژگاری و پەندانە بەکار دێنا.

بەڵام سەعید هەر پێیوابوو- داواکاریش بوو- کە ((خانم)) ژنی شەرعی وییە و ئەو بێ ئابڕووە پێچەوانەی شەرع جولاوەتەوەو لەخۆی مارەکردۆتەوەو چووە هێناویەتی-چۆنی مارە کردووە؟- دارو بەرد و باڵندە و چەرەندەی خودای شاهیدن...))

وای!... لەپڕ ئاوڕی دایەوەو منی دیت-گوتی: ((حەسەن، تۆ بڵێ... تۆ بە مامۆستا بڵێ! بڵێ... بۆ خۆت دیتت یا نەتدی؟ ئێمە لەوێ چماندەکرد... ئەستەغفیروڵڵا نوێژمان دەکرد!.... مامۆستا بۆخۆت لێی بپرسە، بڵێ دیتت یا نەتدی؟ چت دیت؟)) و ئەوە مامۆستاش هەر خەریکی دەربارەی شەرع گوتنێ و قورئانێیە... و هێندەی گوت و گوتەوە، کە ئیدی کاك سەعید دەستبەردار بوو. چووە پشت کەپرێوە و هەروا بەپێوە، تفێکی خەستی بەڕووی خانمێدا کرد-کە لەوێش نەبوو-و گوتی: ((تف لەو ڕووەت! من هەڵە بووم، دەنا تۆی دێڵە سەگ ئی ئەوە نەبووی ئەو هەموو ئێش و ئازار و دەردو مەینەتییەت پێوە ببینم... تف-ف!)) ئیدی من کاك سەعیدم نەدیتەوە. کە چەتەکانیش لە گەڕان بە دوای دیتنەوەی ئاغا و حاجییە ورگەیدا نائومێد بوون، دەمەو بەرەبەیانی ڕۆیشتن-خەنجەرێکیشیان لێ بەجێما بوو. دەو گێژەنی مەینەتیانەدا دایکم خۆشحاڵ و کەیف ساز بوو بەوەی کە چاك بوو پیاوەکانی سەعید بەگ نەبوون، دەنا کابرایان لەجیاتی کوێخای گوندەکەی خۆیان دەکوشتەوە... ((هەر گوتم نۆکەرییە



مەکە... کوێخایەتییە مەکە- نەچووە گوێی-ئێمەو خۆشی بەو ڕۆژەی گەیاند...)) و کەواکەی هەڵدەتەکاند و دەگریا، بابەش ئاخ و ئۆفی بوو، وەك هەموو ئەو پیاوانەی کە لە کات و ساتی هۆشدارییە ژنەکانیاندا گوێیان نادەنێ و بە قسەیان ناکەن... ئاخر ژنان هەرچی دژایەتی و ناخۆشی و هەڵەکانی ئایندەی مێردەکانیانە دەبینن و سەرەنجامەکانیشیان پێشبینی دەکەن و دەوەختدا هۆشداری دەدەن!

سبەی بەیانی چوومەوە بن کەپرێ ماڵە ئاغای- ئاغا لە دووی بابەی ناردبوو، بابەش پەراسووی شکابوون، نەیدەتوانی بجوولێ- من لەجیاتیانی چووم. ئاغاش خالیگەی دێشا...

کەپر ڕووت و قووت ببۆوە- قالیچە و لاکێشەکانیان بردبوون، گەردانەی داکێ ئاغاش حەسەن بەراز لە ملی کردبۆوە، ڕەنگ و ڕووی ڕەعنا خانمێ هێشتا وەك خۆیان لێنەهاتبۆوە- بەڵام هەر جوانیش بوو. ((ڕەعنا قوتووە جگارەکەم، ئەگەر ماوە، بۆ پڕکە لە تووتن!)) و ڕەعنا قوتووەکەی برد، هێنایەوە. لە قسەکانی ئاغایڕا کە خەریك بوو مەسەلەی هەلاتنەکەی بۆ خاڵۆ مرادی باس دەکرد، دەرکەوت کە ئەو ئێشکگرەی بۆیان دانابوو، سەردەمانێك نۆکەری خۆی بووەو چاکەی لێ دیوە و گوتوویەتی کە نیازیان وایە یا زمانی ببڕن یا بیکوژن، جا چونکە نان و نمەکی وی کردووە دڵی بڕوای نەداوە... واچاکترە لەسەرەخۆ بۆی دەرچێ، و ئاغاش ئەو هەندە دراوەی کە پێی دەبێ دەیداتێ، و بە پێلیژەیدا دێتە خوارێ، بەڵام لە قسەکەشی هەر دوو دڵە-پێیوابوو لە پشتەوە لێیدەدا، هەرچەندە پێشداش سوێندی داوە... کورتییەکەی کە ئێشکگرەکە تەقەیەکی دەکا ئەو بە ناچاری خۆ لە تەویلەی داوێ، و لە ئاخوڕێکیدا خۆمات دەکا، و زۆریشی نامێنێ تێکەوێت و ئاشکرا بێت، کە تفەنگچییەکە بە ترس و لەرزەوە تەویلەکەی دەپشکنێ و شخارتەکەی دەکوژێتەوە، واز دێنێ و چیدی ناگەڕێ... ئەویش کاتێك ئەوەی دەبینێ لە ترسی ئەوەی نەکا بێنەوە، یا خانووەکەی ئاگردەن و دەنێو گڕ و دووکەڵێدا گیربێ، تا وەزعەکەش کەمێك هێورە لە تەویلەی دێتە دەرێ و خۆ دە پەڵە گەنمی داوێ...

ساڵی دواتر لە دایکمم بیست کە گوتی ئەو شوانەی-کە نامەکەی هێنابوو- دادەشیرین ناردبووی. گوتی شوانەکە بۆ کەسێکی گێڕاوەتەوە کە گوایە حەسەن بەراز هەروا بە گاڵتە و پێکەنینەوە وادەی گەردانەکەی داکێ ئاغای بە دادە شیرینێ داوەو کاتێ لێی پرسیوە، جا ئەوە کەی، زۆر ڕاشکاوانە گوتوویەتی سێ سبەی، بە پشتیوانیە خودای... و دادە شیرینیش ئەوی-یانی سەعە شوانی-ی وەگیر هێناوەو بە پەلە ناردوویەتی-ئەویش- دادە شیرین- هەر گوتبووی نان و نمەکم کردوون، خودا هەڵناگرێ، گوناهن... هەر ئەو ڕۆژە دوو بارگەیان بۆ حاجی فەتاح و بابەی دروست کردن و دەگەڵ ئاغا و خەنجەرە بەجێماوەکەیدا چوونە شاری بۆ شکایەتێ...

## - ١٢ -

گەورە بووین... هەڵماندا‌وە- هەرسێکمان: ئیبراهیم و کەریم خان و من، ئێستا ئیبراهیمی کوڕی ئایشە خانمێ زیاتر دەگەڵە مەیە- چوون کاسەلیم- کاك سەلیم- زۆربەی وەختان دیار نییە، ئەو کاتانەی کە دیاریشە و لە ماڵێیە نەك هەر سەردار و گەورەی ماڵێش نییە، بەڵکە سەرباریشە-چەل و ملە بە ملی ئایشە خانمێی بێ دەرەتانێوە، کە بە جلێ شۆری و تیك و دوورمانی خەڵکی منداڵان بەخێو دەکا، ئەو پارە کەمەی کە بە هەزار کوێرەوەری و رەنج و ئازارەوەش وەلای ناوە کاسەلیم بە هەزار دۆز و کەڵەك و فرت و فێڵانەوەی لە چنگی دەردێنا و گوایە بە قسەی خۆی سەودا و ئاڵوێرو کاسبی پێوە دەکات و سەیرەکەش ئەوەبوو تا ئێستا لە هیچ سەودایەکی جارێکی قازانج نەکردووەو هەر زەرەرو زیان بووە، و لەبەر ئەوەش کە زەرەری کردووە دەچوو ئارەقی دەخواردەوەو دەهاتەوە دەکەوتە وێزەی ئایشە خانمێ. ئێمە دەکەوتینە ناوێ و تێوە دەگلاین... رێزی کوڕی ئاغای لەلا بوو- بەڵام ئێمەشی دەکوتا، و زۆر خراپیشی دەکوتاین. ئایشە خانم هەموو جەلانی خۆ بەسەرمندا دەدا و دەبووە بەلاوەگێڕی من. لەوێ شەوێوە بەدواوە کاسەلیم من نادوێنێ، و لە قسانیشدا- ئەگەر هەبن و من بچمە ژوورەکەیان، کە ناشچم- بانگم دەکا ((هەتیوە))، دواییەش تێوەریخێکی دی داوێتە نێو قسەکانییەوە... لادێی قون هەڵدڕاوی ئەسپێواوی. ئایشە خانم دڵی من دەداتەوە: ((لە دڵی خۆتی مەگرە، حەسەن گیان... بۆ خۆشی نازانێ دەڵێ چی-هەمیشە هەر مەست و سەرخۆشە، بۆ خۆشی نازانێ چ دەڵێ- گوێت لە پووری خۆت بێ... تۆ دەنگێ مەکە-وەڵامی مەدەوە- لێیگەڕێ چ دەڵێ با بیڵێ-با هێندەی بڵێ تا ورگی دەئاوسێ... دەریا بە زاری سەی گڵاو نابێ...)) و ئیدی من دە دڵی ناگرم، بەڵام تا بڵێی ناڕەحەتیشم...

ئەوە دوایەیە کە تێدەگەم-ئەویش بە بێزەوە، کە سامانی باوك ئەوە نەبێ کە بەرهەمی بۆ کوڕەکەی هەبێ، سامان هەر سامانە... ئەوە قسەی لا بەلا نییە. ئێستا کە باوکت زەنگینە، فیتفیتەی خۆت لێدە ماڵت رەنگینە. هەر کاتێ بابت دارا بوو و هەیبوو ئەوە هەمووی ئی تۆیە، ئەورۆ نا سبەینێ... کوڕی ئاغای کوڕە ئاغایە و هەیەتی، هەر لە ئێستاوە ئاغایە، سبەینێ ئاغاتریشە... و من نیمە، من کوڕە مسکێنم...

سەرەتا کە هاتبووم بیرم لە قسەکانی پوورزای دەکردنەوە کە کردبوونی، بیرم لەسەر زەمینی ئازادی و یەکسانیە دەکردەوە کە بۆی هاتووم. رۆژەکانی هەوەڵێ خەڵکم بە جۆرێکی دەدیتن- تەنانەت خۆشم... رێ کردنیان، پێکەنینیان، تەنگاوییان و توندوتیژیانم دەدیتن و دە دڵی



خۆمدا دەگەڵ قسەکانی پوورزایەمدا پێك دەگرتن و دەگەڵ یەکدا لێك دەدانەوە. دیارە نە وەك ئەو کەسەی دانیشێ و بە مەبەستی شتێکییەوە لێك داتەوە. نا، من لەو ساڵ و تەمەنانەدا نەبووم. بەڵام وەك هەر منداڵێکم سەرنج دەدا و رادەمام و سەیرم دەکرد، و هەروا لەخۆوە لە مێشکی خۆمدا پێوانەیەك دەکرد و شتگەلێکم لە خۆم دەپرسی: ((ئەو خەڵکە لە کوێڕا هاتوون؟ تەبعەن ژمارەیەکیان هەر خەڵکی ئێرەن، ئەو هێندانەی دیش کە لەجێی دیکەوە هاتوون تۆ بڵێی وەك شار و گوندەکەی من بێ کە لێوەی هاتوون؟ ئەوانیش دەردی بابەیانە، ئەوانیش سەرێکی ئاسوودەییان نەناوەتە سەر سەرین... بۆ نەیانناوە؟ خەڵکی پەڕپووت و جوولەکەی نابووت و لادێیی جاش کەوش لەپێم دەدیتن... و قسەکانی دایکمم بیر دەهاتنەوە، کە ((هەموو جێیەکی موڵکی خودای وەك ئێرەیە))- قسەکانی وەك دۆخی بوون. راستە، حەسحەس شەوێ قفڵی دوکانان بەسەر دەکاتەوەو ئەگەر قفڵێك دانەخرابێ بەدوای خاوەنەکەیدا دەچێ و دەیبا و قفڵەکەی پێ دادەخاتەوە گوایە حەسحەس کارەکەی چاودێری کردنی قفڵەکانی ژیانە- کردنەوەو هەڵگرتنی قفڵەکان ئیشی کەسانێك و دامودەزگاکانی دیکە بوو کە - گوایە- هێشتا نەهاتوونەتە دەو شارەیەوە، نەك هەر ئێرە نەچوونەتە هیچ جێیەکی دی. بەڵام پوورزا دەیگوت چاك دەبێ، بەیانی ((ئاسایش)) دێت، چاك دەبێ- ئاسایشیش هەر نەهات.

و من هەروا کوڕە لادێییە قون هەڵدڕاوەکە بووم و خەڵکەکەش هەروەك خۆیان بوون، و کەریم خان ئاغا کەریم خان بوو، هەر راست وەك لای خۆمان، لەسەری سەرێوە دادەنیشت و کاسەلیم دە قسە دەگەڵ کردنێیدا هەر ((عەرز))ی دەکرد، و دەست بە سینگەوە چاوەڕێی فەرمان بوو، کە ئەگەر هەبێ بفەرموون- و من دە شایی یا قڕانێکم وەردەگرت و دەچووم باینجان و تەماتەم دەکڕی... نانمان بە سێ مانگان جارێك بۆ دەهات- لە نان کڕینێ بێ غەم بووم ئێرە بە پێچەوانەی شارەکەی مەوە نانەواخانەی لێبوو...

لەلای ئێمە شتێکی باوی چاك هەیە: هەر کەسێکی منداڵان بەخێوکا ئەو منداڵە بەناوی وییەوە بانگ دەکرێت و دەناسرێت: حەسەنی پوور زلێخایە، مەنیجێ پوور گوڵەندامێ، صالحی پوور خاتوونێ و لەو بابەتانە. بیسەر یەکسەر دەزانێ کە باوکی منداڵەکە هەر لە منداڵی وییەوە مردووە یا هیچ کاریگەرییەکی پەروەردەیی باوکی بەسەرەوە نەبووە، و ئیدی هەر بە نەبوو دانراوە. ئیبراهیمیش، ئیبراهیمی ئایشە خانمێ بوو، و لە راستیشدا ئایشە خانم بناوانێ دوو خێزانان بوو. چێشت و نان و شووست و شۆ لە عۆدەی وی بوو. ئیبراهیم بە چەند ساڵێکان لەمە چووکتر بوو- و دیاریشە لە قوتابخانێش چەند ساڵێکان لە دوای مەوەیە. ئێمە بە پشتیوانیە پوورزایەوە نامێنینەوە و دوو سێ پۆلی لەپێش ترین، تا پێمانەوە دیار نەبێ و

دەگەڵ تەمەنماندا یەك بگرنەوە- هەرچەندە کەریم خان واش هێشتا چەند هەنگاوێکی دەگەڵ تەمەنەکەیدا نێوانە.

لە شەوی بەسەر دادانەکەوە کەم کەمە ساردییەکمان کەوتە نێوانێوە- نێوان من و کەریم خانی- کە من تا ماوەیەکی زۆر هەر نەشمزانی لەسەر چییە. منداڵ بووم، دە قسانداا وادەبوو پێکەنینم بەوێ شەوێ دەهات و زۆر شتیشم هەروا نەزانانە بۆ هاوپۆلەکانم باس کردبوو و گێڕابوومنەوە، و دە قسە و دەمە تەقەی نێو ماڵێشدا هەروا بە پێکەنینەوەم شۆدابوونەوە، و ئایشە خانم و کاسەلیم پێکەنیبوون، و کا سەلیم هەر دنەی دابووم تا زیاتری وەگێڕم و ئەویش زۆرتری وەگێرکەوێ و زیاتر باخەبەربێ، و دیارە منیش هەر شەنەم تێنا بوو.

کاتێ کە ئەم رووداوە قەوما دوا دوای پشووی هاوینەمان بوو و بابم دە بارودۆخێکی وادا نەبوو وەك جاران هۆشداریە بدا، و جەخت لەسەر هۆشدارییەکەی بکاتەوە. دایکیشم لە بۆڵە بۆڵێ بەولاوەتر هیچی دیکەی نەکردبوو. بۆیە ئەوەم لەبیرچووبۆوە کە ئاگام لەو سووکایەتی پێکردنەی ئاغا بووەو کەسێکیش کە ئاگای لە سووکایەتی پێکردنێ کەسێکی دیکە بێ ئیدی ئەوە دوژمنی بابە کوشتەی ئەو کەسەیە کە سووکایەتییەکەی پێکراوە. رەنگە من خۆشم بە یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە و بنەماڵەیە دانابێ-و یەکێك بووم لەوان، چوون بە هەرحاڵ لە ماڵێ ئاغای لەدایك ببووین. جا دەو تەمەنانەدا، بەخۆشی و ناخۆشی- بە گوێرەی کەسەکان- باسی ئەندامەکانی بنەماڵەم دەکرد- هەروەك کەریم خانم سەیری باوەژنەکەی دەکرد و بە باوەژنی خۆمم دەزانی، و هەر بەو چاوەوەشم سەیر دەکرد، و هەر بۆ خاتری ویش ئەوەی بە زارمدا هاتبایە دەمگوت و نەمدەگێڕایەوە. تەنانەت سەربوردە و بەسەرهاتەکەی یەکەم ژوانی رەعنا خان و کاك سەعیدیشم بە دوورودرێژی و زۆر شتی دیکەی نەبووش و نە بیستراوی هەروا لەخۆوەشم بۆ داویشتە سەرێ و هەموویم بۆ گێڕابۆوە. بەسەرهاتی سیقە تۆرەکەشم زۆر وەستایانە، هەروەك بۆ خۆم پوور حەلیم بم و شارەزای ئەو جێیەی بم کە سیقەتۆرەکەی تێدا داناوە، ئەویشم هەر بۆ باسکردبوو- چەند جارێکانیش- و بۆچوونەکانی داکیشم کردبوونە ئی خۆم و لەویەوە لێدانی بووکێ و بەربوونەوەو هاتنەوە دەرێی... و ناچاربوونێ پوور حەلیمێ بەستەزمان و خواردنێ سیقەتۆرەی و هەموو ئەوانەم وەك شارەزایان گێڕابوونەوەو سوورهەڵگەڕانێ هەموو جارێکی کەریم خانیشم بەوەی دانابوو کە حەزی لەو قسانەیە و گوایە پێی خۆشە، و ئاگام لەوەی نییە کە لە ڕقان و لە بێزاریە ئەو قسانە ئەوە خەریکە لێك بێتەوە... بەتایبەتی ئەوەی کە کاك سەعید لەبەر دەمی خۆی بە مەلا سەیی رەسوڵی گوتبوو: ((هەر لەو حەسەنەی بپرسە-حەسەن بیلێ- بە مامۆستا بلێ چت دیت؟)) بە کورتییەکەی، من



بێ پارێزیم کردبوو، ئاگام لەوەی نییە کە ئەو باسە هەرچی بێ باسی بنەماڵەیە، خاو و خێزان و بنەماڵەکەش ئی وییە، و ئەویش هەر خانزادەیە، و ئێمەش مسکێن...

هەروا هەموو ساڵێکی دەچینەوە شارەکەی خۆمان، ئەوجا لەوێڕا دەچینەوە گوندەکەی خۆمان.

ئاغا لە ((گلاجار))ی نەحەوایەوەو گیرنەبوو، و هاتەوە ((کانیی سپی))یە، ئاغاوات، بە تەواوەتی لە دەست کەوتبوون، لە خۆشیان زەلیلتر نییە، ئەمنیە دەستی بەسەر هەمووانداا دەڕوا. بەلای منەوەو بە بۆچوونی من لەو سەردانانەدا یەخەی بابم لە جاران چڵکنتر بوو، جلەکانی پەڕپووت و بۆ خۆشی لە جاران سیسەڵە و داتەپیوتر. بەڵام دایکم هەروەك خۆی بوو، هەمان بۆن و بەرامەی جارانی دەدا- بۆنی خۆی، جل و بەرگی شۆراو، و ئارەقەی لەشی دایکانە. روخساری تا بڵێی گەش و بەشە. دۆخی روخساری میهرەبانترە، و کزەڵانەتر و جوانتر. دەگەڵ بابەیدا لێبووردەترە، ناخۆشترین قسەی بۆتە: ((زۆر چاکە، با قسەی تۆبێ!)) خوشکەکان دەمێکە شوویان کردووەو کۆشە منداڵێکی چڵمنە دەورەیان داون- لە چڵمی شۆڕەوەبوو-یان دڵم تێکەڵ دێ- ماڵەکەم زۆر لەلا هیچ و ناخۆشە...

کڵاوی پەهڵەویش داکەوتووەو هاتووە دوای ویش شاپۆ- شاپکا- ئەوجا لابردنی و هەڵگیرانی پەچە و رووپۆش... شار ئاسوودەو دڵنیایە: مار و توولە مارەکان چوونەتەوە دە کونەکانیان، ئەمنیەو پاسەوان و دەوڵەت زالکی کونێیان لێ گرتوون... بە ناشوکری نەبێ بازاڕی بەگزادان کە سادە. بەڵام بازاڕی سەوداو ئاڵوێر و بازرگانییە گەرمە. ئێستا ئیدی وەك جاران نییە. کەلوپەلی بارنامە دەکەی و بارنامە و پسوولەی کەلوپەلەکان دەدەیە دەست شوفێری تا بڵێین بیداتە میرزا عەبدوڵڵای. حیسابی کارەکەش دیارە، پسوولەکە- لیست- تەماشا دەکات: هێندە تۆپەچیتی رووسی، مەتر بەوەندەی، کرێباری ئەوەندە- یانیەتی. ئەوانە هەمووی پوورزا دەیگوتن. مەتریش تازە داکەوتبوو. هەر لەوکاتەوەی کە عەشایەریان دە شاریدا ئاکنج کردن بازاڕی ئارەق و تریاك و تەنبوور و دومبگی سەلەفی کەچی وای لە ئی ئێستا کەمتر نەبوو کەوتە برەو و رەونەقی پەیدا کرد: بەردەوام یەك دوو یەکت لەو خانانە لەبەر دوکانی بەززار و ڕەززازاندا دەدیت کە هاتبوون گەنمی سەلەم کەن و پارەی ئارەق و تریاك و ساز و دومبگی شەوانە پەیداکەن. ئیدی ئەوە هەر دەنگی ساز و دومبگ و کەڕەنایە شەوانە لە گەڕەکەکانی شاریدا دەگەڕێ. هەلەو هەڵکەوتووە، کێ دەڵێ بەیانی ئەمیری لەشکریان ناگاتە سەرێ و هەمووان ناپێچێتەوەو بە ماشێنان و نایانباتە ئەوجێیەی عارەب ئەوێلاخ یابەی تێدا دەڵێن. هەموو نابووت بوون، بەڵام کەس لە سازوبازی خۆی نانێ. شەروال دەزوویان چۆتەوە و وەدەرکەوتوون، سەردەستە هەموو چووون... بەڵام لە جیاتیان شەرواڵ ئوتوکراون: شەلواری

دەبن دۆشەکی دەنێن و بەیانی بە درەنگەوە، ئوتوی گرتووە، لەسەر خەت، سازو باز دەری دێننەوەو لە پێیانی دەکەنەوە. ئەو ڕۆژانە شێوازێکی تازە دۆزراوەتەوە کە کاری خانانی ئاسان کردووە. ئێستا ئیدی پێویست ناکا هەموو ساڵێ شەرواڵ و مرادخانیان لە نوێ بکڕیەوە- ئێستا هەروا سەعاتێك لە پشت دوکانێ کابرای بەرگدرووی دادەنیشی و بەرگدروو دەستوبرد دوورمانی جلکە کۆنەکانت بۆ لێك هەڵدەوەشێنێتەوەو جلەکان ئاوەژوو دەکاتەوەو بەسەر دوورمانەکەیدا دێتەوە و دەیدروێتەوەو ئوتوی دەکاتەوە- یەك تۆز دەگەڵ شەرواڵ و مرادخانی نوێدا جیا نییە، هەر ڕاست شەرواڵ و مرادخانی نوێیە، کە تازە لەبن دەستی بەرگدرووی هاتۆتە دەرێ و ئەگەر بۆخۆت نەڵێی کەس نازانێ هەڵت گێڕاونەوە. ئێستا بەرگدرووەکانیش تابلۆی هەڵدەواسن: ((بەرگدرووی...)) و ئێمەش دەیخوێنینەوەو خوێندووشمانەتەوە...

پێشکەوتن و شارستانییەتێکی دیکەمان هاتۆتە شاری. لەوێشیان شەقام ڕاکێشاون، ئێواران ئاوڕشێنی دەکەن، و خەڵکی لە شەقامێدا تێك دەقژێن و دێن و دەچن... لادێییەکان پەڕپووتتر بووون، هەوڵدەدەن کەمتر بێنە شاری-نێوانێکی زۆر کەوتۆتە نێوان شارو گوندییەوە. گوند ئی ئەمنیەیە و شاریش ئی پاسەوانان و ئەمنیە ئی دەوڵەتێیە-و دەوڵەتیش ئی ڕەزا شای... دەمەتەقە و قسەوباسی گوندی هەر هەمان ئەوەی جارانە-گوند هەر لەخۆوە هەمیشە دە ڕابوردوودا دەژی؛ دەوڵەت نەبێ دەنا کەس خۆیان تێ ناگەیەنێ و کەس بەسەریان ناکاتەوە، دەوڵەتیش کە دەچێ خۆ نوقل و نەباتیان بۆ نابا. ئاغایەکانمانیان ئاکنج نەکردووە. دەڵێن هیچیان نییە بێنەوایانە چ ئاکنج کەن- هەزار خۆزگەیان بە ((هاپۆ))کا! بۆن سۆیان لێ هەڵدەستێ و تازەش ئەمیری لەشکر و ڕەزا شاش پیاوی ئەو جۆرە سەودایە ئیعتیبارێانەش نین. سەرەتا دە مەبەستەکەی ناگەم، تەنانەت ناڕەحەتی ئەو جوداخوازیەشم- یانی ئێمە بە بنیادەم نازانن! دوایە بەهاریکاری و پشتیوانیە پوورزای دەکرێمەوە: ((ئەوانیش وردە وردە دەچنەوە سەر گوندەکانیان. ماوەیەك دەمێننەوە، ئەمنیە و ئەمیری لەشکر پارە و پوولێکیان لێوەردەگرن- و دەچنەوە سەر ئیش و کارو ژیانی خۆیان...)) و تا چاویش هەڵدێنیەوە دەبینی کە بەڵێ دەروازە پێکتری داداوەو دەرکە کەوتۆتە سەر گازەرەی پشتێ و حەزەرات ڕۆیشتوونەوە و دەنگی تار و دومبگ لە گەڕەکان بڕاوە، و کرێی خانووان داشکاوە- ئێمەش هەر بۆ دەفعی گلەییان مانگێ پێنج قڕانان کرێ خانووی دەدینە پوورزای، کە پوورزا بەلایەکی دیدا دەیداتەوە من و نێوانی من و کوڕی ئاغا شلۆیتر دەکا. منیش بەتایبەتی کشمیش و نوکێ دەکڕم و دە گیرفانێی دەکەم، و دەیخۆم و هیچیش نادەمە وی- تا دیق بکات و شەق بەرێ!



گوندەکانی مەش وەك هەموو گوندە کوردنشینەکانی دی دە ڕابوردوو و دەگەڵ ڕابوردوودا دەژی، دەگەڵ هەموو ئەو کاتانەشدا کە دەڕۆین و بەسەری دەبەین کەچی دایکم و باوکم-زیاتر بابم- هەرداخی ڕابوردوویانە، بە حەسرەتی ئەو ڕابوردووە خۆشانەوەن کە تێپەڕیون و قەدریان نەزانیون، ئەڵبەتە من ئەو ڕابووردووەم کە هەر نەدیوەو بە خەیاڵیشمدا نایەت، لە ئەژنۆی خۆیان دەدەن و دەڵێن ((ئای، هەی، هەزار ڕەحمەت لە قەبری بابە، دەگەڵ مردووی حازریان، ئای کە چیرۆك و داستان و سەربردەی خۆشی دەربارەی خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی دەگێڕایەوە... ئەودەمی ئاوانەبوو-ئەودەمی خەڵکی هەموو ئەولیای خودای بوون- خۆزگە بە خۆیان... دە ڕۆژگارێکی خراپەوە گلاوین و خراپ پێوەبووین، برالە!)) و ئەوانیدیش سەریان بادەدا، و بە حەسرەتەوە ریشیان هەڵدەکراندن، و بە سەرنج و تێڕامانەوە دە خەیاڵی ڕابردووی پیاوچاکانیانەوە وندەبوون... (بێ غەم سەریان دەکردەوە!)) وات هەستدەکرد حەزیان لێیە خۆزگە دەیانتوانی دووبارە چووبانایەوە سەری خەتێ- هەر ڕاست بەشێوەی ئادەمیزادی سەرەتای مێژووی هەوەڵێ. ئەوان-ئادەمیزادی سەرەتایی- زۆر ئاسوودە بوون: هەرچی هەیانبایە دەگەڵ خۆیانیان لە قەبری دەنان کە لە زیندووبوونەوەی ئەولایدا سوودیان لێوەرگرن و لەوێ پێخواست نەبن!... وای، لەو هەموو خۆشبینیەی، لەو هەموو بیروباوەڕە پتەوەی-و لەو هەموو بەدبینی و گومانەی ئێستا- کە بە هیچ شتێکی قایل نین! بابم و هاوساڵ و تەمەنەکانیان تەبعەن ئاگایان لەم کەشف و کەراماتە کۆمەڵایەتیانە نەبوو، بەڵام دەگەڵ هەست و نەستەکانیاندا دەگونجان. سۆفی حەسەنت دەدیت ئەوە لە دەرکی مزگەوتێ خەونەکەی بۆ مامۆستا مەلا سەییی شەفیع دەگێڕێتەوە، کە... بەڵێ ئەوێ شەوێ دەروێش عەزیزی دە خەوێدا دیوە (دەروێش عەزیز شەش مانگ بوو مردبوو)) زۆر بە کەیف و دەماغ و شادو شەنگوڵ، وەك تازە لەسەر خەرمانێ هاتبێتەوە، چاك و چۆنی دەگەڵدا کردووە، و زۆر بە گەرمی لێی پرسیوە، و گوتوویەتی: ((کاکە سۆفی، زۆر دەمێکە سەرێکت لێنەداوین... هاوسێیەتی وانابێ، دۆستایەتی و برادەرایەتی وانابێ- ئەدی بە تەمانی بەو زووانە سەرێکمان لێدەی!؟)) و بە زەردەخەنەیەکەوە درێژەی دایە: ((مامۆستا، بۆ خۆم دەمزانی دەیەوێ چ بڵێ... ئیشاڵڵا بە پشتیوانیە خواو هیممەت و بەرەکەتی پیاو چاك و پیران نایەڵم تەنیا بێ!)) و مامۆستاش دەیگوت: ((چاك دەبێ ئیشاڵڵا، مامە سۆفی، لە خوای بە زیاد بێ تۆ پیاوێکی پاك و بە نوێژ و ڕۆژووی، و ئیشاڵڵا خودا بەخێری دەگێڕێ!)) و سۆفی حەسەنیش بە هەوای ئەوەی کە هەروا بەو زووانە دەڕواو چاوی بە دۆستەکەی دەکەوێتەوە تا بڵێی زۆر خۆشحاڵ بوو!

دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خەڵکەکە بە ناچاری سەریان پێکەوە نابوو و لە تانوپۆی حاڵ و باڵی یەکتریدا —حاڵی خۆیان- هاوبەش بوون، بەدوای قسەو قسەلۆکان دەکەوتن: باسی شار و رەزا شا، و ئەمینە و دەوڵەتیشیان هەر دەکرد-لە دەوڵەتیٚ تۆقیبوون، بێزیان لە ئەمنیەی دەبۆوە،- بە ئەمنیەیان دەگوتن ((قوله شینه)) و جاری واشبوو پێیان دەگوتن ((کەللە قەند)): ئەو دەمی جل و بەرگەکانیان شین بوون، فاسۆنی کازەروونی شین بوو، ئەو کەللە قەندانەی ئەودەمیش لە عێراقێوە دەهاتن لە کاغەزی شینەوە پێچرابوون. یادی هەر دووکانیان دەکردنەوەو وەك خەڵکی هەر جێگایەکی دیکە بەبیٚ ئوسوڵی و ڕووداوی ناخۆش و ئەو بەسەرهاتانەی کە بەسەر قوله شینەکاندا هاتبایە، پێدەکەنین، و کەچی کە کوڕەکانی خۆیانیان دەبردنە سەربازییە ئیجباری، بۆیان دەگریان- و تازە بە نەبوویان دادەنان. لە دوای سەرەداوی قسە و قسەلۆك و بەند و باوان نەدەبوونەوە، دەگەڵ خزمانی عێراقێیاندا پەیوەندی خۆش بوون، جار جارە غیرەت دەیگرتن، و بە دزیەوە کچێکیان دەدایە خزمێکی عێراقیٚ یا کچێکیان بۆ خزمێکی یا کوڕێکی یا برایەکی لیٚ دەخواستن. ئاغاوات لێرە لەو یاسا و ڕێسایەی بەدەربوون: ئەوان- گەورەکانیان- مۆڵەتیان لە دەوڵەتی وەردەگرت و بە ئاشکرا دەچوون و بووکیان بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنایە دێنایەوە...

ئا... ((تەلەفۆن))یش هات..! هەر سەدمەتر، سەدمەتر، دارتێلێکیان لە عەردی دەچەقاند و تێلیان پێدا رایەڵ دەکرد-تێلەکان تا ئەو چەند رۆژانەی پێشتریٚ، هەر دوو هێڵ بوون، ئێستا بوونەتە چوار- دەڵێن دوویان بۆ دەنگی ئەولا، و دووانەکەی دیش بۆ دەنگی ئەملا... سوبحانەڵڵا! گوێت بە دار تێلێوەبنێی گوێت لە دەنگەکانە، بەڵام بەداخەوە تێیناگەی! جا بۆ ئەوەی ئاڵۆزییەکی لە نێوان گفتوگۆ و قسەکردنیٚ تەلەفۆنیی رەزا شا و فەرماندەی لەشکری دروستکەن بە قایمی بە بەردان لە دارتێلەکان دەدەن و هەڵدێن. تاك و تەراش کەسانێك هەن کە تێلەکانیش دەپسێنن. دیارە ئەوکاتانەش رەزا شا تووڕەیە ئیدی: ئەمنیەش دیٚ ماڵ بە ماڵی ئەو گوندانەی دەکەونە سەر ڕێی خەتی تەلەفۆنیٚ بە دوای تێلە بڕاو و بڕاوەکاندا دەگەڕێت. ڕەزا شا دوا بستی لە فەرماندەی لەشکر دەوێتەوە!... بابە، یەکجاری بە تەلەفۆن دەگەڵ ئاغایدا قسەکردبوو، ئەویش بەهۆی حاجی حوسێن بەرازییەوە... وەی وەی چی دەگێڕایەوەو چی باسدەکرد! دەیگوت: ((هەر ڕاست وەك خودی ئاغا خۆی... هەروەك ئاغا بۆ خۆی بیٚ و بڵیٚ ((خانە!)) هەر لەو قوتووە ڕەشەیڕا کە شتێکە وەك هەمان قوتووی ترەقەی دەنگەکە هاتەوە: ((خانە!)) سوبحانەڵڵا، بیٚ ئەدەبی نەبیٚ دەنگی کۆخینەکەشی هەر هاتەوە ((ئوهو-ئوهو!)) هەر



ڕاست وەك ئاغا خۆی. باوەڕکەن چاوەڕیٚ بووم بڵیٚ: ((کیٚ لەوێیە؟)) و پەرژین بیٚ، تا بچم مەسینەکەی بۆ بەرم! ئێستاش ئەوە من شتێکی دەڵێم و ئێوەش شتێکی دەبیستن..!))

و مسکێن چوار چاوبوون... شتێکیان بیستبوو! ((پەنا بەخوا... ئەو ڕەزا شایە، ئممم!)) یانی دواییەکەی کاریان بەدەستەوە ناهێڵیٚ و دەردیان دەبینێتەوە. ڕەزا شا پیاوێکی ئەفسانەیی بوو، هەموو کارێکی لەدەست دەهات، هەموو کارێکی دەزانی... وەك ئاغا دەیگوت ئەستەغفیروڵڵا، خودایە تۆبە، وەك کەشف و کەرامەتدار بیٚ- کەشف و کەراماتی خۆی. چونکە ئەویش (لەبن لێوانەوە ئەستەغفیروڵڵا زمانم لاڵ بیٚ) وەك مشایەخان دڵ و دەروون و مێشکی ئیدیکەی دەخوێندنەوە، ئاغا دەیگوت کە بەڵیٚ هەموو گەورە پیاوێك دیارە دۆست و دوژمنیشی هەن. دوژمنەکانی لە (کەرەج)یٚ کە شارێکە لە عەجەمستانیٚ، ئاوا وەك ئێرە لێك خڕدەبنەوەو دەیانهەویٚ لەناوی بەرن و بن کۆشکەکەی پڕ دەکەن لە باڕووت و چاوەڕیٚ دەکەن ڕەزا شا بنویٚ و خەوی لێبکەویٚ، ئەودەمی فتیلەی باڕووتەکە ئاوردەن، چونکە وەك دەیانگوت شەو و ڕۆژ لە دوو سەعاتان زیاتر نانویٚ. ئەوانیش دایاننابوو ئەگەر دوو سەعات لە نیوە شەوێوەی لادا ئەوانیش فتیلەکەی ئاوردەن کە ئەودەمی هەر لە جێیدایە، بەڵیٚ دوو سەعات بەسەر نیوەشەویدا دەڕوات کە دەیانەویٚ فتیلەکەی ئاوردەن و کۆشکەکەی بتەقێننەوە، بەجۆرێك کە هەر تیکەیەکی بگاتە ئەوپەڕی وڵاتی، کە لە پڕ دەرگا دەکرێتەوە و ڕەزا شا لە نێو دەرکەیدا دەردەکەویٚ- بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە: ((هەی ناڕەسەنینە ئەوە پیلانانم بۆ دادەڕێژن!...)) هەر ڕاست بەدەمی خۆی و هەمووان لە داردەدا...

بەڵیٚ ڕەزا شا پیاوێکی ئەفسانەیی بوو و بە خەیاڵ و روحی کەسدا نەدەهات کە پیاوانی ئەفسانەیی وەك کەسانی دیکە و لە ئیدیش زیاتر بەرچاو تەنگ و ترسنۆك و کەودەن بن...

چەتەکانیان ئێستا بە چاوی گەورەیی و پیرۆزیەوە سەیردەکرد، ڕاستە ئەگەر ماشێنێکیان لێدابایە، یا ئەمینیەیەکیان کوشتبایە، کە زۆر بە زەحمەت تێدەکەوتن: ئەو ڕۆژە لە هەرجێیەکیان نان خواردبایە، شەوەکەی لە هەر جێیەکی نوستبان، لە کوێوە هاتبوونە سەر ڕێی ماشێنی؟... بە کورتییەکەی، هەرچی دەردەسەری هەیە دەیانچێشت. بەڵام دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا: ((ئای دەستتان خۆش بیٚ! ئای بیٚ وەی بن!)) ئەوانەیان هەموو بەدیاردەی شۆڕش و ناڕەزاییە خۆیان دەزانی و کارەکەشیان بە شاکار دەزانی و زۆربەی شەوانەش بە گێڕانەوەی ئەو شاکارانەوەیان دەگوزەراند. ئەو بۆچوونە ئەم بیرەشی وەڕاست دەگێڕا: کە ئەو لاوە خوێن گەرمانە-خوا تەمەنیان درێژکا- رەزا شایان بەو هەموو سوپا و قۆشەنەیەوە بە پیاو نەدەزانی. ئێی، بازی بازی بە سمێڵی ڕەزا شای بازی! نا، بەڕاستی پیاو و لاوانێکی لەخۆبوردەبوون، نۆشی

گیانتان بێ، بەڵێ هەموو ئەو کەل و پەلی ماشین، تفەنگ و ئەسپی ئەو ئەمنیانەی کە دیانبردنە عێراقێ و ئەو نانەی لە دێهاتانیاندا دەخوارد و تەنانەت ئەو باجەی کە لە مسکێنانیشیان وەردەگرتن، هەر نەوشی گیانیان بێت، بۆ وان چاکترە تا ئەمنییەیەك...

کاك سەعید و حەسەن بەرازیش هەر چەتەن...

یادی رەعنا خانم هەروا لەسەر زمانان ماوە، چونکە لەبەر چاوانە و دایکیشم هەروا پێیوایە کە ئەو دەگەڵ وەزیری دەستە ڕاستییێ کە بە تەکیەوەیەتی- کە پیرو پیرتریش بووەو ئەزموونی زیاتریشی وەسەریەك ناون- لە جێیەکی نانوێ ئاوی بێتە بنێ و ژێر پێی هەمووانیشی ماڵیوەتەوە. خوشکەکان پەرت و بڵاون، زڕداکەکان مردوون، هێندێکیش مێردیان کردووە- هەموویان پێنج تاکە کەس بوون، ئامۆژنیش- یانی خانمێ گەورە- هەر ئێوە سەلامەت... ئەولاوەتر، چێ ئشاڵڵا... بڕوانەیەتەوە دوایین شاکاریان تاوانبارکردنێکی دزیەتیە بوو: ئەویش دزینێ قاڵبە سابوونێکی کەستوری ئافتاو خانمێ، ئەویش بۆ خۆی یا وەزیری دەستە راستبێ دزیبوویان و چووبوون خستبوویانە ناو کەشووی کۆمەدینەی کچە بیدەرەتانەکەوە. ((من لەوێ بووم، ئاگام لێبوو، نەیاندەزانی منیش سەرم لە شتان دەردەچێت و شارەزام. سەیرم کرد ((خانم)) هاتە ژووریێ و چاوێکی لە ئافتاو خانمێ داگرت و گوتی: ((ئەزەمزن لەزەوێزێ بوزم...)) ئاماژەی بە ژووریێ کرد... ((یازارازۆ سازابوزن زەزەکەزی...)) بە کورتییەکەی گوتی کە یارۆ، یانی کچەتیوە، سابوونەکەی لەناو کۆمەدینەکەی دەرێناوە. هەر کە ئەوەی گوت ئافتاو خانم وەك دووپشکی پێوەدابێ لەجێی خۆی دەرپەڕی و هەردووکیان پێکەوە چوون ستارە خانمیشیان دەگەڵە خۆدا بردە سەر کۆمەدینەی شایستە خانمێ. کورتییەکەی، بێ شەرمی و بێ ئابروییەکی وایان نایەوە دۆم و قەرەج نەیانکردبێ، و بابەیان دە کچۆڵەکەی بەردا، بەوەشەوە نەوەستان-هەر بەهۆی هەمان وەزیری دەستە راستێوە- کە بەڵێ کچەتیوە لە پەنجەرەیڕا بەربۆتەوە خوارێ و دوور لەڕووی حازریان بایەکی لێ بۆتەوە، و بێ بنیش بووە!... ((بەڵام خوا بۆ خۆی رەحیمە- لە خودای بەزیادبێ (بن)یشی هەبوو، زۆر چاکیش... و مێردەکەشی زۆر رازییە، و خانمیش ((زۆر خۆشحاڵ))ە- ئەویش بە گۆڕێ بابیەوە! دەڵێ گوایە سەری کردۆتە سەرێ، دەنا خودای خۆی لەو سەرەوە شاهیدە کە هەرگیز ئەوی لە کچەکانی خۆی جیانەکردۆتەوە))... نازانم ئەو خودایەی خۆی بۆ لە کەمەری نادات! باوەڕت بێ حەسەن- ئەستەغفیرولڵا، خودایە تۆبە، خودایە بۆم بە گوناه نەنووسی- جاری وایە گومانم لە کاری خوداش هەیە. بە قوربانی بم، ئاخر تۆ ئەو هەموو زۆر و زۆردارییەی دەبینی، خۆشت رادەگری!... و ئێستاش هەر ماوە نا ماوەیەك دەچێ و سەرێك لە ((دادە))ی دەدا، یانی لە



شایستە خانمێ... ((بەستەزمانە بێ دایکە، دەبێ ئاگادارییەك هەر بکرێ، و چاوێکی تێوەبێ، خوا هەڵناگرێ!)) ئەی دەعەجانەی جادووگەر و سیحرباز: ئەو قسانەی بە جۆرێکی وا دەکردن بنیادەم دڵی دەبووە کەباب بۆ کچۆڵەی و دڵی بەلای خۆیدا رادەکێشای، هەی دەعەجانەی جادوو..!))

زۆر و کەمێکیش دادە شیرین دەهاتەوە سەرزاران، ئێستا کە لە پێش چاوان نییە کەمتر باس دەکرێ و دەربارەی ویوە قسەوباس ئارام و هێور و بێدەنگترە. بەردەوام ئەو هەواڵ و باسە هەن کە گوایە دەگەڵ خانمێ ئاغایدا پێشبڕکێی زانێیەتی و هەموو ساڵێ منداڵێکی دەخاتەوە- شیر بە شیر. بەڵام دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر لە بیرو خەیاڵەکانی رابوردووی خۆیدا دەژی و لە گومانی رابوردوودا رۆدەچی و بۆیە هەمیشە بەرچاوی تاریك و ئاڵۆز و لێڵ و پێڵە. بەڵام تا ئێستاش لە گوندی مەدا بەسەرهاتەکەی وەك ماددەیەکی مێژوویی لێ هاتووەو هەر بە سەردەکرێتەوەو دێتەوە ناو قسەو باس و سەردەم و زاران- ئێستا بەشێکی هەرگیز جیانەبووەوەی مێژووی گوندیە: ((ئەو ساڵەی ئەو کووکەیان بەسەر ئەو کچە بێکەس و بێدەرەتانە هێنا!)) هەتا ئێستاش هەروا لە عێراقییە- وەك دەڵێن هەر لە پێنجوێنە. بابە سۆفی هەر ماوە، لە دەوروبەری پێنجوێنێ سەرقاڵی بێستانەوانیەیە- مەحموود ژنی هێناوە، هەر حەسەن ماوە، منداڵەکان یا هەر بابە سۆفی بۆ خۆی هەر بەچەند رۆژێکان جارێك سەرێکی لێدەدەن- دەڵێن بابە سۆفی گیانی لەسەر سەری ئەو منداڵانەیەتی. هەمدیس دەڵێن-زۆر بە پارێزەوە- کە دووبارە پەیوەندیان دەگەڵ ئاغایدا هەیە- زۆر بەدزیەوە!... دەڵێن لە دوای ئەو بەسەرهاتەی گلاجاریشەوە هەمدیس یەك دووجارێکانی ئاغای لە مردنێ گێڕاوەتەوەو رزگاری کردووە، دەڵێن ئاغاش جاروبارێکان بە ((کەسێکی جێی متمانە)) پارەی بۆ هەناردووەو بۆی دەنێرێ- ئاخر ئێستا بەرەو ژێرچوون هەندێك دژوارە-هێندە بەسەر خوا نەناسێك راپۆرتێکی بدات و تا تەواوی تەمەنی ماوتە ماڵوێران بی. چەتەکان یەك دووجاری دیش هاتنەوە گوندی، بەڵام هەر جارێکی کە دەهاتن ئەو پیاوە- ئاغا- لەوێ نەدەبوو...

بێ گوناه بوو، پاك بوو تێوە نەگلابوو- لە پەڕەی گوڵێ خاوێنتر بوو... تا ئەو دەمەی کە ئەو دێوەزمە و حاجییە ورگە نەهاتبوونە دە ژیانییەوە. هاتن؟... قسەی سەیر دەکەی تۆ! هاتن یانی خاوەن ماڵ روویەکی خۆش بە دەرگا لێدەری پێشاندات یا قسێکی گەرموگوڕی دەگەڵدا بکات- یا فەرمووی هاتنە ژوورە وێی لێبکا- نا، ئەوان لە هاتنە نێو ژیانی وییان تێپەڕاند. وەك مارێکی کە بەسەر شینایییەدا بخشێ بەسەر پانتاییە ژیانیدا خشین و ژیانیان ژەهراوی کرد، پاکیە وییان پیس و ئالوودەکرد و لاوەتییان سڕیەوە و دیمەنە جوانەکانی بەرچاویان رەش و

تاريك داگیرا و ئێستاش هەر کاتێ کە ئارەزوو کات یادێکی ئەو دیمەنانە بکاتەوە یا لە تەوەرێ بچتە دەرێ و دەو دیمەنەی هەڵەنگوێ، وەهای چاو تێدەبڕێ و تەماشای دەکا وەك لاشەیەکی بۆگەنیوی لەبەرچاوان بێ و لاشەی دوژمنێکی بێ- بە قیزەونی و دڵ تێکەڵاتن و رق و کینەوە لێی دەڕوانێ...

بنیادەم کە هانا بۆ رابردوو دەبا دەتوانێ سەیری کوێی بکا؟... هەمووی هەر یادو بیرەوەرین... بیرەوەری تاڵ، شیرین و تاڵ و شیرن و تۆزێکیش لە شیرینیە بەولاوەترەوە، ئەگەر رابردوو هەبێ و هەر ((شیرینی)) بێ و تێکەڵ بەسەر شۆڕی و ریسوایی نەبووبێ خۆشە. دەڵێن دژواری ژیان بە تام و چێژ و خۆش دەکا، مانای دەداتێ، ئەگەر تاڵی نەبێ چووزانین شیرینی شیرینە. بەڵام کە ژیان هەمووی هەر تاڵی بوو چێژ دەگەڵ تاڵیەدا ڕادێ، ئەودەمی هەر تامی تاڵیەیە لە دەمیدا خۆشە و شیرینی دڵ دە ژێلا دێنێ.

دیمەنەکان پڕن لە بیرەوەری، پڕن لە سیما و روخسار-روخساری دزێو و ناشیرین و جار و بارەش جوان، بەڵام تێکەڵ بە مەینەتی... ئای بێ ناموسی بێ ئابڕوو! ئەوەت حاجیە ورگە، ئەوەشت ئەو دیوەزمەیە، ئەو دەعەجانە... ئەوانەش کچەکانی... ئێی، ئەمەش بابە سۆفی و نێوچەوانی پڕ چرچ و لۆچ و چاوە پڕکلەکانی... ((دادە گوڵی خۆم..!))

دەڕێی رابوردوودا دەگەڕا و دەڕۆیی، ئێستا بە واتەی پیرێژنان، ئیدی جووتان ناوێ و لە خۆوە نافلقێنێ... ئێستا سەری بەر دەداتەوەو لایەکی لەچکەکەی بە ددانی دەگرێ... و رێ دەکا. جاری وابوو بە بەر دەرکی زیندانێدا و لەوێشڕا بۆ دەرکی سەرایە، بەو هیوایەی بتوانێ سکاڵانامە ((عەریزە))کەی بداتە پارێزگاری پارێزگای. جاری وابوو بە چەپ و راستەیدا دەڕووانی... دەبیرەوەچوو، پەرێشان، پەرێشان خەیاڵ، شەرمێون. زیاتریش هەر خۆی دەخواردەوە: دەستی دەبرد تەشییەکەی دێناو دەگەڵ سووڕانەوەی تەشیەکە بە دەوری خۆیدا ئەویش دەکەوتە نێو دنیای دڵتەنگی و دڵ ئاڵۆزی یادو بیرەوەرییەکانییەوە...

لە زێدی خۆی بوو، بەڵام وەك قامیشی بلوێرێ لە نیشتمانی خۆی غەریب بوو- غەریبیان کردبوو، تا ئەو جێیەی کە لە بیری بوو ژیانی هەمیشە غەریبی بوو و غوربەت و لە غەریبیەشی تێپەڕاندبوو. دڵی غەریب بوو، دڵەکەیان دابووە یەکێکی دیکە، دەو سەوداو ئاڵووێرە بازرگانیەیدا وەك هەموو بازرگانییەکی دی زۆرەملێی و تۆپزی تێدا نەبوو، سەودایەکە بە ڕەزامەندی کرابوو دایکێکی دەستوپێ سپی تێماوت دیوەکە منداڵە نەخۆشەکەی لە ماڵێ بەجێهێشتووەو مەنجەڵێکی ماڵێی هێناوەتە لای حاجییەکی بازاڕی تا بیفرۆشێ و بە پارەکەی چەنگە شیوێکی گەرم بۆ منداڵەکەی وەسەر نێ و بۆی لێنێ؟ مەنجەڵەی بە سێیەکی نرخەکەی



دەدا، حاجی هەروا لە راهی خودای لێیدەکڕێ، دەنا مەنجەڵی بۆ چییە... ئەویش لەو سەودای دڵەدا، ئەو دڵەی کە دە دەسماڵێکی سووری ئاوڕیشمینییەوە پێچابوو و دە تاقچەی سنیگیدا بۆ یەکێکی دیکەی هەڵگرتبوو لە ناچاریان دایە یەکێکی دی- دەترسا بترشێ، پیر ببێ و ئیدی کەس نەیەوێت و نەیهێنێ و ناچاربێ مێرد بە پیرەمێردێکی بکا. وای، دوای ئەو راسپاردە ناخۆش و ئەو هەموو زمان لێدانانەی ئەمو ئەو کە مار بیبیسێ پێستێ فڕێدەدا... کە بەڵێ، لاوەتی و خۆشبەختی هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە- هەروەك هەست و خوێندەواری. دەگەڵ پیریشدا دەکرێ خۆشبەخت بی. لەوانەیە دەگەڵ پیرێکیدا زیاتر خۆشبەخت بی، چونکە پیر ئەزموونی هەیە و زیاتر بە تەنگەوەترە تالاوێك و هەمیشە هەر دەیهەوێ دڵی هاوسەرە جحێڵەکەی بۆ خۆی راکێشێ..! پیروخۆشبەختی، هەر قسەیە! من پێموایە، ئەگەر بزنێکیش زمانی هەبایە بە پێودانگی چەرچییەکی ئەوی بە قەسابێکی دەفرۆشت: ((بزنە چەندی دەخواو چەندی شیر دەدا و چەند کاریلەی دەبن..! ئەوجا ئەحەخڕیل کە پیاوێکی خوداییە و زۆر تێدەبینێ، تا چاودەکەیەوە دووپێ بە قەنارەیەوە کردووە.

دڵی لەو نیشتمانەیدا غەریب بوو کە تێیدا کەوتبووە غوربەتێ، چارەنووسی وەك چارەنووسی نیشتمانەکەی لێهاتبوو. نیشتمانەکەشی هەر کەسانێکی دیکە دابوویانە ئیدیکە، کەسانێکی دیکەی بێ وەکالەت. پیرەمێردێکی عەرەبیان بە سواری کەرێ و بەکۆڵ و بارێك تەنتەنەو بەنبەوە لە بیابانی سووریا ڕاهێنابوو و لایەکی نیشتمانەکەیان لەقەبەڵ کردبوو و بەناوی ویبیانەوە قەباڵە دەرێنابوو و بەشەکەو لایەکەی دیکەشیان دابووە یەکێکی دیکە-و بۆ ئەوەی کچەش بەو پیرەمێردە عارەبە رازی بێ زاواکەی دیکەیان لە گیانی ئەو خوشکەکەی دیکە بەردابوو و کردبوویانە چەل و مل بەملییەوە و ئەویش بۆ سەڵماندنێ پیاوەتییە خۆی و مرۆڤایەتییە خۆی خوا هەڵناگرێ درێغی نەکردبوو... ئەو و کەسانی دیش نەیاندەزانی کە توانایی و دەست ڕۆیوی حوکومەتە سەر پێ کەوتووەکانی داگیرکەر و ئیمپڕیالیزمییەکان هەمووی بە کوشتن و بڕین و گرتن و داپڵۆسینە-دەکوژن تا ببنە هاووڵاتی، ببنە پیاو، بە سام و خۆڕاگربن. دەیانزانی تا زیاتر بکوژن هاووڵاتی ترن- دەبنە باوکی میللەت- ئەتاتورك، هەمیشە پێشەوا و غازی... پێشەوای میللەت بوو، میللەتیش هەم بنەماڵەی بووکێ و هەم بنەماڵەی زاواش بوو. میللەتیان وەك پوور حەلیمەکانی بنەماڵەی زاوای دادەنا. ماڵە باوانی بووك و بووکانی دیش دانیشتن و هەر دانیشتن و دەست لەسەر دەست، هێندە دانیشتن تا پوور حەلیمەکانی ماڵە زاوای بە هەزار و یەك بەڵگەوە پێیان سەلماند کە کچە خەریکە دەترشێ، و ئەگەر مێرد بەو پیرەمێردەی نەکا ئیدی کەس نایهەوێ و نایهێنێ و ڕووسیا و بێ شەرمو ئابڕوو

دەبێ... پیرەمێردیش تا بڵێی زۆر بەتەنگەوەیە. باب و برای کچەی زیاتر هەر خەریکی ساغکردنەوەی حیسابی نێو ماڵێ بوون، و ئاگایان لەو جۆرە کارانە بڕابوو و ماوەو دەرفەتی وردبوونەوەی ئەو جۆرە کارانەیان نەبوو- بەڕاستیش کات دەستکەوتە- و دەستکەوتیش دیارە دەستکەوت بوو. دوای دەستکەوتێش دار هەڵبڕین و شایی و تەقە بەسەر بووکە ((رێکەوتی))یەکاندا کردن کە ئەویش هەر ناخۆش نەبوو. کاتێکی کە چاویشیان هەڵێنانەوە دەبینن، تازەچی، پیرەمێردە لە کچەی بە زاوا بووەو گرێبەستی ژن و مێردایەتیش بەو هەموو شایەدە ماقوڵانەوە تازە بە هیچ شێوەیەك هەڵناوەشێتەوە!...

ئەویش وەك نیشتمانەکەی، ئەگەرچی کچیش نەمابوو و نەبوو، سەیرەکە لەوەدابوو کە هەر پاك بوو و ئالّوودە نەببوو- کەسی دەست بۆ درێژکراو هەمیشە پاك و پاکیزەیە ئەوەی دەستی بۆ درێژکراوە، دەست بۆ لەشی درێژکراوە نەك بۆ گیانی. دڵی هەروا پاك بوو، و پەیامەکان هەروا بە جۆش و خرۆشتریان کردبوو. دەڵێن کە خۆرەتاو نەبوو سێبەریش نییە. بەڵام ئەو هەبوو بۆیە سێبەریش هەبوو، و ئەو تین و تەوژم و گەرمیەی بە لەشی دەدا! ئێستاش بە لێکدابڕانیشەوە، وێنایەکی خەیاڵی دۆستانەی وای بۆ وێنا کردبوو دە مێشك و خەیاڵ و ناخی ناوەوەی خۆیدا، بۆ هەر کوێیەکی چووبایە هەر دەگەڵیدا بوو و لێی جودا نەدەبۆوە- ئەویش وابوو، لە دوو توێی سینەیدا پاڵی دابۆوە، ئاگری دەروونی خۆش کردبوو، بەلەرزە لەرزەوە لە گۆشەیەکی دڵیەوە، لە پشت هەورەکانی دڵییەوە ئەویش و خۆشی گەرم دەکردەوە. ئەوکاتانەی کە لە ماڵێ بوو- چونکە بۆ خۆی جاری وابوو لە ماڵ نەبوو- ئەویش هەمیشە لەوێ بوو. دەگەڵ ئەوەشدا نەبوو لە شوێنێك مستەئاوێکی بە ڕووی خۆی داکات و بە هەڵە دەستێکی بە ڕووی وی نەکەوێ، نەبوو بچێتە جێیەکی و ئەو دەگەڵ سێبەرەکەیدا وە دووی نەکەوێ و دەگەڵی نەڕوا-هەردووکیان خۆش ئەندام و رێك و پێك... بەڵام ئەوەی دییان کە بەلای گۆمیلکە ئاوێکدا تێدەپەڕی، هەر کە دە ئاوەکەیدا وێنەی خۆی سەیر دەکرد، وێنەکە لەخۆوە دەجووڵا و وەك هەموو جاران دەبووە دوو ڕوو؛ هەر کە سەیری شووشەی شکاوی پەنجەرەیەکی دەکرد، ((ئەو)) زووتر دەگەیشتە وێ، دە ئاوێنە پەڵە پەڵاوییەکەی بەرباخەڵی کوڵەجەکەشی هەر لە پێشی پێشەوە دەگەیشتە وێ و خۆی تێدا رادەکێشا، هەر راست وەك منداڵێکی خۆ لە پشت دەرکێ پەنادا تاکە بابی هاتەوە غافڵگیری کا... ئەوە سەیرە کە هەمیشەی لە خەوێدا بە ئاڵۆزی و پەشۆکاوییەوە دەدیت، شەوێکی ئەوی لە خەوێدا دیت، سەرو پرچ ئاڵۆز-پەشۆکاو. دیتی ئەوا بە هەردوو دەستان لە سەرو چاوی خۆی دەدا-وەك پوور ئایشە خانمێ کە هەندێ جاران لە دەست کوڕەکەی وە زاڵە دەهات و تووڕە دەبوو و دەیقیژاند، و وەك منداڵانی سەری



خۆ بەدار و دیواراندا دەدا و دەستی دەکردە لینگە فرتێ... و دوایەش لوولەی تفەنگێ سەعید بەگی دیت. سەعید بەگی نەدیبوو، بەڵام دەیناسی. ((وای، خۆ کابرا ئاغای کوشت!)) و لە هاواری خۆی لە خەوێ رابوو. بیسمیللا..! دەستی حەسەنی کەوتبووە سەرلووتی، و هەناسە بڕکێی وێخستبوو، مەمکی کەوتبووە سەر دەمولووتی منداڵەکەی و منداڵە رەش و شین ببۆوە... وای، خودا رەحمی کرد، چا نەبوو بە ئاگا هاتەوە..!

ئەوەش خێر و بێرو بەرەکەتی خۆشەویستییە بوو.

لە خەوێیدا گوێ لە دەنگی تۆپێ بوو... ژنان گوتیان تۆپە... ئەوە چ بوو؟ دەنگی مەترەلۆزی بوو. کۆمەڵێك لەبەر دەرکێ ماڵە ئاغای خڕببوونەوە، رەحمان چاوەش فیقەی زوڕنایەی بوو، گووپەکانی فوو درابوون، رووی زوڕنایەی دە ئاسمانێ کردبوو و دەیفیقاند و دەگەڕا، لەسەری زوڕنایەی دڵۆپ دڵۆپی ئاو دەچکاندەوە... دارەبازێکیان لە ماڵێ ئاغای هێنایە دەرێ... ((دەك نەمێنم خوایە، بەزەییان بە تەرمەکەشی دانایە... تەتەق، تەق تەق!))- ((کێ مردووە پوورە رەیحان؟...)) نەمردووە، رۆڵە... چ بڵێم بەخودای، دنیایەکە گۆڕاوە، ئاخر زەمانە... بابە سەیی بەخۆ و بەگەزێك ریشەوە منداڵی خەڵکی کوشتووە...!)) ئاغا شانی دابووە بن دارەبازی تەرمەکەی خۆی و هەر لائیلاهە ئیللەڵڵای بوو... هێلکۆڵەی چاوەکانی هاتبوونە دەرێ... دووبارە دەنگی مەترە لۆزێی بیستەوە... لە جێی خۆی راپەڕی... بەیان بوو، لەك لەکی سەربانی جارێکی فڕیبوو و هاتبۆوە، و نێرگەلەی دەکێشا و ئەو هەر لەخەوێدا بوو-ئەی خاکی دنیام بەسەری!

خوا بەخێری بگێڕێ..! دەچوو، لە قەراغ رووبارێ دادەنیشت و خەونەکەی دووبارە بۆ رووبارێ دەگێڕایەوە، و رووبارەش دەڕۆیی و خەونەکەی دەگەڵە خۆیدا دەبرد: هەر کە خەونەکە دەکەوتە رووبارێوە پاك و تەمیز دەبۆوە، ئەویش لەشی سووك دەبوو، هەروەك تازەی خۆ شووشتبێ. تاڵییەکانی بە ئاوێ دادا بوون، سووك ببوو، لە هەمانکاتیشدا سست و شل و شۆقیش ببوو. تا ماوەیەك هەروا بوو. سەرەتا وێنەکان روون بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونێ زەمانەی هەموویان شێوان و تەڵخ بوون. لەو کاتەوەی کە ئاڵۆزییەکاتییەکەی ژیانی ئاغای بەسەرچوو و هاتەوە سەر رێچکەی ئاسایی جارانی خۆی، ئەو پەیوەندییەش رەنگی کاڵ بۆوە. ئێستاش سەرو بنی ئەو پەیوەندییە ماوەتەوە سەر ئەوەی کە ئەو پەیامێکی بنێرێ کە چەتەکان دێنەوە، ئەویش پارەو پوولێك یا دیارییەکی بۆ وی بنێرێتەوە و ((ماڵیاوا))ییەکی بڵێت و بەس. دوایە ئەو چەندان شتانەش نەمان.

له نیشتمان و زێدی خۆی بوو، بەڵام غەریب بوو، لەبیری مابوو چەند ساڵێك لەمەوبەر پێکدا هاتنێك لە نێوان پۆلیس و شەڕانخێواندا ڕوویدا، هەندێك کوژران و هەندێکیش بریندار بوون-ئێسترێکیش یەك لە برنیدارەکان بوو-گوللەی وەسەرووی سمی دەستە راستیێ کەوتبوو. ئێسترەی بێدەرەتان بەرهەڵدای کۆلانان بوو. سمەکەی هەڵدێنا، بە شەلە شەل بە کۆلاناندا دەسووڕایەوە- دە راستیدا ئەویش ببووە یەك لە کەنناسەکان: توێکڵە شووتی و پەلکە کاڵەك ((گندۆرە)) و کە لەمە ڕزیوێکی کە فرێدرابوو دەیخوارد. ژنانیش ئەوە هەر هیچ کە درێغیان دەگەڵدا نەدەکرد-ئاخر بەستەزمانە خاوەنەکەی کوژرابوو بێکەس بوو! وردە نانێك یا ئەگەر هەبایە بەرماوەی تا ماوێکی بەر ماڵاتیان دەدایە.

قەڵەو ببوو، بەڵام چۆن- وای لێهاتبوو جیێ نەمابوو گۆشتی تێکا، دەگەڵ تێپەڕینی زەمانەی دەگەڵ وەزعی خۆی راهاتبوو، وەك هەر کوێرێکی چاو ساغی کاری خۆی بوو، تەنانەت چوار ناڵی دەکرد و زۆر چوست و چالاك بوو. وەك هەر شەلێکی دیکە شێوەی ریێ کردنێکی بۆ خۆی دیبۆوە- بە سیێ پەلان... تا ڕۆژێکی ون بوو. زستان بوو، گورگ هاتبوونە نێو شارۆچکەیەوەو کۆتاییان بە ژیانی هێنابوو...

گەلە گورگ ماوەیەك ونبوون، لە سلێمانی بوون- سلێمانیان چۆڵ کرد، شێخ گەڕایەوەو مەیدانی رمبازی و جلیتێن و تیرەندازی و تەنانەت تۆپ بازی و میوان و میوانداری بازاڕیان بزووتەوەو ڕەونەقیان پەیداکردەوەو باویان هاتەوە.

سلێمانی ئێستا دەگەڵ سلێمانی ئەوان ڕۆژانی پێشداچی وا نەگۆڕاوەو هەروەك خۆیەتی- ئەودەمیش هەروا بوو: هەر کە ئەفسەر و سەرباز شاریان چۆڵ دەکرد و لێی وەدەر- دەکەوتن ئیدی ئەوە شایی و لۆغان و گۆرانی و هەڵپەڕکیێ و تەقە بوو بەسەر سەری بووکێدا دەکرا... و دوایەش لە قاوەخانە دانیشتن و لاف و گەزاف لێدان و خۆبادان و کەس بە هیچ حیساب نەکردن، و عەرەب بە هیچ دانەنان و ئینگرێز بە سۆزانی ((قەحپە)) دانان بوو، هات و هاوار-و تەنانەت لەودوا دواییانە وای لێهاتبوو بە چەکی بەر پشتێندێیان تەقە لە تانك و زرێپۆشان دەکرد و شەڕە جنێویان لە نێوەخۆیاندا- گوایە ئەوە بۆ خۆشیەیە!

یا هەر کە ئەفسەر و سەرباز لە شاری وەدەردەکەوتن ئیدی ئەوە دەڕژانە نێو دامەزراوەکانەوەو هەرچی تێیدا با دەیانبرد، و جاری واشبوو دەیان سووتاندن، یا ئاودیوی سنووریان دەکردن. لەو جۆرە کاتانەدا هەندێکی دیکەی هەڵپەرست پەیدا دەبوون و بار و دۆخەکەیان دەقۆستەوەو ماڵی خەڵکیان تالاّن دەکرد، و دەستیان بۆ شوێنە گشتییەکانیش دەبرد و فەرهوودیان دەکرد و کەسیش لێوی نەدەبزووت و بە ماڵ و موڵکی خۆی نەدەزانی و



خۆی لیێ بە خاوەن نەدەکرد، و کەس گوێی نەدەدایە کەس، تا ڕۆژێك دەهاتنەوە سەرخۆ و چاویان دەکردەوە ئەودەمی دەیانزانی چ قوڕێکیان بۆ خۆیان گرتۆتەوەو تووشی چ نەهامەتییەکی بوون-نە دلۆپە نەوتێك، نە لەتە نانێك، نە هیچ سەرە دەرێك، نە تەنانەت جل و بەرگێك... بەڵام خۆیان لە کونە مشکان نەدەگەیاند، کونە جرج و مشکەکانیان هەروا وەك خۆی جیێ دەهێشت و دەستیان بۆ نەدەبردن- بەغدا لەجێی خۆی بوو- و هەر جرج و مشکیش بوون بەردەوام لە کونان دەهاتنە دەریێ و پێوەردەبوون. ئەگەر بۆ خۆشیان دەروەست نەهاتبانایە، هاواریان دە شەمشەمەکوێرە ئینگلیزەکان دەبەست بە هانایانەوە بێن و بیانگەنیێ-ئەوانەی کە ئەوان بە قەحپەیان دادەنان. ئەوانەش بە گوێرەی وەخت جاربوو ڕۆڵی خانمیێ گەورەو جاریش بوو ڕۆلی حاجییە ورگەیان دەبینی و ((ئاغا))ش هەروا بیێ رەنگ و بۆ و بیێ خاسیەت، سەر شۆڕ و سوور و شین هەڵگەڕاو، لێوی لێك نەدەترازان قسێکی بکا.

دەگەڵ حەسەنیدا چووبوونە سلێمانیە، بۆ سەردانی دادە کەژاڵیێ- کچیان- کە دوو ساڵ بوو مێردی کردبوو. کاکە دارای کوڕیان ناردبوو شەکری بکڕیێ. ((خۆپێشاندان)) بوو، گوایە پەیمانی عێراق و ئینگلیز تەواو ببوو، و عێراق خەریك بوو دەبووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، گوایە تا سەربەخۆبیێ، شێخیش نامەی بۆ شوورای کۆمەڵەی گەلان نووسیبوو، کە ئێمە ئارییاین و ئێرانین-و داوای مافی کوردانی کردبوو، و کوردستان یەکپارچە راستببۆوەو هەمووی هەر کەف و کوڵ و وروژان و هەڵچوون و داچوون بوو...

حەکومەتە زۆرەملێییەکان و هێزە دەست رۆیشتوو، و رێکخراوەکانی وەك کۆمەڵەی گەلاّن و ئەوانەی دوای ئەمانەش، شتێکن راست وەك بەقاڵە تەورێزییەکانی خۆمان. هەرکاتیێ کە لە بەقاڵێکی تەورێزی بپرسی: ((مەشەدی ئەریێ قەندت هەیە؟)) ناڵیێ نییە. نیمە لە قامووسی کاسبیە ویدا نییە-ئەزموون فێری کردووە کە ((نا)) گوتن، کڕیار لە دوکانیێ دوور دەخاتەوە. هەر دوو جاران گوتت نیمە، ئیدی ئەو کڕیارەت نایەتەوە بەر دوکانیێ. هەر کە دەڵێی: ((مەشەدی قەندی هەیە؟)) بیێ ڕاوەستان دەڵیێ: ((چا هەیە)) چەندی بپرسی هەر ئەوەیە: ((نۆکت هەیە؟))-((لۆبیامان هەیە!)) کۆمەڵەی گەلانییش-یانی ئینگلیز و فەڕانسە و ئەمەریکا- هێزو دەسەڵاتی ئەو سەردەم و ئێستاش- هەر نەیانگوت نیمانە، یان نایدەین- ئەوانیش هەموو دەمیێ شتێکی دیکەیان لە عەمبارێدا هەبوو. ((مەشەدی ئەریێ ماف هەیە؟))-((بەرچیغمان هەیە!))-((مەشەدی سەربەخۆیی هەیە؟))-((سەرکوت کردن هەیە!)) بەڵام هیچ کاتێك ئەوەی داوای دەکەیت و دەتەوێت دە عەمبارێیاندا نییە.

رێپێوان بوو، رێپێوانەکەیان دەخوێنێ گەوزاند، ژمارەیەکیشیان گرتن، کاکە داراش یەکێك بوو لەوان، کاکە دارای دادە شیرینێ کە ئەوەدەمی لاوێکی چواردە پازدە ساڵانە بوو، و ئەوە هەر دادەشیرینیش بوو کە لە ئاوارەییەدا ئاوارەی جێیەکی دیکە ببۆوە کە بەردەرکی زیندان و دەرگای سەرابوو...

ئێستا ئیدی هیچ کاتێك لە ماڵ نییە، هیچ کاتێکیش ئاگای لەخۆی نییە، سێبەرێکیش نییە پەنایدا... وەی خودایە بڵێم چت بەسەر بێ حاجییە ورگە، نەسناس، ئینگلێز! هەر لەو کاتەیەوە پێی لە نیشتمانەکەی ناوەتەوە هەمیشە بە جلەوە نووستووە- ئێستاش هەر بە جلەوە دەنوون. دەڵێن بە جلەوە نووستن تایبەت بە پیاوی سەرخۆشە... یانی ئەویش یا مردووە یا سەرخۆشە؟ خۆ ئەو، دەم لە سیاسەت وەرنادا تا بڵێی سیاسییە، یا قسەی سیاسییانە دەکا، جا بۆیە هەردەبێ مەست بێ تا بەو هۆیەوە قسەکانی بە راشکاوانە و گرنگییەکەوە خۆ بنوێنن. مرۆڤی وریا دەم لە سیاسەت وەرنادا... بەڵام ئەوانەی کە دەموزاریان بۆگەنیوی خواردنەوەی لێدێ و قسەی قەڵەو قەڵەو دەکەن ناچارن دەکوچە و کۆڵان و رێ و باناندا پێش بە هاتوچۆکەر و رێبواران بگرن و مەتەڵەکانیان باوێنێ...

منداڵ گەورە بووون، ئازارەکانیشیان دەگەڵدا هەر گەورە بووون...

دەستی منداڵەکەی گرتووە- کیژۆڵەیە- ناوی سەرگوڵە-چوار ساڵانەیە، دەستی گرتووە، دەچێ غەرغەرەی بکرێ. ئاوەڕدەداتەوە، ئەوە پیاوێکی گۆچان بەدەستی لادێیی لێ دێتە پێشێ و بەگەرمییەوە چاك و چۆنی دەگەڵدا دەکا. پیاوەکە کیسە خەنەیەك و هەندێ شتی دیکە دەداتە دایکەکە. دەڵێ کە شەوێ هاتووە، ویستوویەتی بێتە ماڵێ، بەس چاك بوو لێرەی تووشبوو و چاوی پێکەوت. ئەو بەدەنگی بەرزەوەی قسە دەکردن، دایکەکە لەسەرەخۆ- هەروا لەبن لێوانەوە-و بەردەوامیش لایەکی لەچکەکەی بۆ ددانی دەبردەوە، لە بنەوەشڕا سەیری ئەملاولای دەکرد.

((دادە گوڵ چۆنی-چاکی، خۆشی؟...))

کچۆڵەکە خۆی لە دامێنی کراسەکەی دایکی هەڵدەسوی و خۆی پێوە دەنووساند، و خۆی بەناز دەکرد.

((ماشاڵڵا، بوونە چەند منداڵ؟))

دایکەکە دەڵێ: ((خوا کوڕت لێ نەستێنێ)) دوو خزمەتکار و قەرەواشێکی تۆ...))

((بە دڵی خۆش، ئیشاڵڵا... ئەرێ بەڕاستی، زانیوتە... داکێ ئاغاش تۆ خۆش...))



دادە شیرین بە ئاشکرا دیارە خۆشحاڵە، بەڵام بەچاو و برۆ و دەمولێو بادانێوە دەیەوێ کابرای تێگەیەنێ کە لەبەر ئەو منداڵەی کاتی ئەو قسانە نییە. بەڵام کابرا هەر بە خەیاڵیشی دانایە و بەسەر خۆشی ناهێنێ.

((ئاغا گوتی ئەگەر پێویستی بە شتێکە تا بۆی بنێرم... ماوەیەکی دی هەر بۆ خۆم دێمەوە...)) کچەکە پیاوەکەی دەناسێتەوە، منداڵ بیریان تیژن-کاکە سەعەیە، چەند جارێکانیان هاتۆتە ماڵێ.

پیاوە قسەکان پینەدەکاتەوەو دەڵێ: ((من بەیانی دەگەڕێمەوە، هەر ڕاسپاردەیەکت هەیە بیڵێ...))

دایکەکە دەڵێ: ((نا، هیچ ئیشێکم نییە... بەیانی کەی دەڕۆی- سەر لە بەیانی یا عەسرێ؟...))

((عەسرێ دەڕۆم، بەڵکە بتوانم سەرێکیش لە ماڵێ هەڵێنم...))

((بەڵام بەرەبەری نیوەڕۆیە وەرە کە... لە ماڵ نەبێ...))

و پیاوەکە دەڕوا و دایکەکە کە هەروا کیسە خەنەکەی بەبن هەنگڵێوە دەگووشێ، بە دوو لێوی مووچەوە، وەك دەگەڵ خۆیدا بڵێ، بە ڕقەوە دەڵێ: ((گۆڕ بە گۆڕبوو... بەولاوەتر چی ئیشاڵڵا!... ئاگرت لە گیانی بەربێ و هەر شەوە لە قەبرێکیت نێن!)) شەوێ لێك خڕ بوونەتەوە، هەموو منداڵەکانیش. بابە لە پڕ لە دایکە دەپرسێ: ((باس و خواسی وڵاتی چییە؟))

دایکەکە لەسەرخۆ دەڵێ: ((وڵات!؟ جا من چوزانم- ئەوە دەبێ تۆ بزانی، من ژنی ماڵێم و لە ماڵێ ناچمە دەرێ تا باس و خواسان بزانم!))

بابە خەریکە فیشەکدانە هەڵزڕاوەکەی دەدروێتەوە. دەنگی خرتە خرتی درێوشەکەی دێ.

بابە هەروا چۆن کە سەری بەرداوەتەوە دەڵێ: ((هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆت، چم دەدەیەی لە مزگێنییە؟))

دادە شیرین بە زەوقێکەوە دەڵێ: ((کاکە دارا بەربووە؟ ها؟ و جێ بەخۆ ناگرێ)).

((نەء دارا بەرنەبووە... شتێکی دیکەیە...))

دایکەکە بە روخسارێکی ژاکاوەوە و بە دەنگێکی کزەڵانەوە دەڵێ: ((های لە هەواڵی خۆش، بە ناشکوری نەبێ لەم سەردەم و ساتانەدا هەواڵی خۆش لە کوێ بوو..!))

((تۆ هەقت چییە، بڵێ، چم دەدەیەی مزگێنی؟))

دایکەکە هیچ ناڵێ، بابەکە دەڵێ: ((نەسناس مردووە-داکێ ئاغای...)) و چاوەڕێیە دادە شیرین لە خۆشیان باڵ بگرێت و بفڕێ وەك منداڵان هەڵپەڕێ، کەچی هیچی وای لێ نابینێ.

((لەکێت بیست؟... ڕاستە؟))

((سەعە هاتبوو-سەعە شوان. لە بازاڕیت نەدیت؟-ئەو دەیگوت.))

دایکەکە دەڵێ: ((ئاه... نا- کەی هاتووە؟)) هەمدیس هەر زۆر لەسەرخۆ.

((گوتی دوێنی شەوێ هاتووە...))

منداڵەکە دە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئەوە دایکە ئەو درۆیەی بۆ کرد؟ خۆ هەر ئەوڕۆ بەیانی بوو کاکە سەعەی دیت. دەبێ لە بیری چووبێتەوە- ئەی دایکەی درۆزن!

و وەك هەر منداڵێکی دی چاوەکانی زیت کردنەوەو گوتی: ((ئەی درۆزن، دایە!)) و دەگەڵ خۆهێنان و بردنێ منداڵانەییەیدا نەیهێناو نەیبرد گوتی ((ئەدی ئەوەی ئەوڕۆ چبوو!... لە بازاڕی...)) و ئەوخەنەو شتانەی دی!... ئەی درۆزن دایکە!))

دایکەکە کە خەریکی گۆشت وردکردنێ بوو چەقووەکەی دانا، دوایەش بێ شڵەژانێ ئاشکرا دەسی بەکارەکەی کردەوە. تووڕە بوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا، منداڵەکە لە حاڵەتی دەموچاو و روخسارییەوە تێیگەیی.

((باشە، دەی چی گوت؟)) هیچی پێ نەگوتی، کە ئەو نەسناسە گۆڕ بە گۆڕ بووە!؟))

((خۆ تۆ بۆ خۆت دیتووتە ئەدی بۆ دەڵێی نەمدیوە!))

((جا بۆ دەبێ هەرچی هەیە بگوترێ؟ باشە، دەی پارەم دابوویە بۆ خەنەی هێنابووی. جا ئەوە دەکرێ هەرچی هەیە بۆ پیاوی وەگێڕی! ئەوڕۆ غەرغەرەشم کڕیوە، ئەوەش هەر دەبێ وەگێڕم!؟... خودایە زۆر شوکر!... زۆر چاکە... ئێستا با قسەی تۆ بێ... بەڵێ، ئاغا، (و ئاغایەکەی زۆر بەرکەوە گوت) ((تەماتەشم کڕی، ئیدی چیدیکە؟ درۆ نەبێ ئەسپۆنیشم کڕی..!))

حەسەن دەسەر و چاویەوە ڕاما.

شیرین گوتی: ((ئەوە چییە وا سەیر دەکەی! پێتوایە چونکە نەسناس مردووە دەبێ بفڕم؟ مردووە مردووە-بەجەهەننەم مردووە! باشە چیدیکەی دەگوت؟ خۆ من نەمتوانی لە بازاڕی راوەستم و بەرامبەری گوێ شل کەم بزانم چ دەڵێ-خەڵکی هەزار قسەت پێوە دەکەن... ئیدی چۆن بتوانم باس و خواسانی لێوەرگرم و هەواڵانی لێ بپرسم- بابم لەوێیە دایکم لەوێیە، هەواڵ و باس و خواسانم بۆ بنێرن...))

((دایە، ئەدی کاکە سەعە نەیگوت هەرچی بتەوێ بۆت دەنێرێ؟...))

((بەڵێ گوتی هەرچی من بمەوێ بۆم دەنێرێ یا بۆ خۆی بۆم دێنێ...)) و چاوێکی لە منداڵەکەی سوورکردەوە. ((ئەو منداڵە بەکێ چۆتەوە... وەڵڵاهی من قەت ئاوا نەبووم، خوا



هەر بۆ جاسوسیەی داناوە!)) حەسەن هەر خەریکی کارەکەی خۆی بوو. ((شت هێنانیش پارەی دەوێ، خۆ ئێمەش بە ناشکوری نەبێ، نانمان بەدۆی راناگا، بەزگێکی تێر و بەدەیان برسین،... و کەچی ئەوا تازە بە تازە دووقران و نیوی باقییە. لەچمان کەم نییە لە کەوش و کاڵای نەبێ، بێنەو بەرەو پارەی بدە و بانەشبێ..!))

((ئەوە بۆ وا تووڕە بووی!؟...))

((نا، تووڕە نەبووم، تۆ بە شێوەیەك دەدوێی وەك ئەوەی من دە نێو پارەیدا بگەوزم و رۆژانە بەزێڕاوێ دەست و دەموچاوان بشۆم! ئەوەتا هەر ئەوە ماوە منداڵەکانیش فێرە جاسوسیە دەکەی تا قسان وەگێڕن داخوا داکیان چ دەکا. ئێمە خێرمان لەکێ دیوە تا لە منداڵانی ببینین...)) و هەمدیس چاو سوورکردنەوە لە منداڵەکە... منداڵەکە لە سووچێکەوە خۆی کرووشمە کردبوو و دەستی دە زاری نابوو و لە بنەوەیڕا بە ترسەوە دەڕوانی. ((ئێمەش ئەگەر بەختمان هەبایە ناویان دەنایەن بەختی خانم... ئێمە ئەو بەختەمان کوا...))

ئاوازی قسەکە تا بڵێی لەسەرخۆ و کزەڵە و کەساسانە بوو، بە پێچەوانەی جارانەوە، کە لەسەر هەموو شتێکی دەیکردە هات و هاوار و زەنا و بە واتەی ژنان وەك کەوگیرێ لە بنی مەنجەڵێ بگێڕی و تێیوەردەی. دەیزانی کە هەندێ جاران شاڵاو و هێرش بردن چاکترین بەرگرییە و بەرگری ژنانیش ئەوە دیارە کە هەر گریانە و هێندە دەگریا کە حەسەن دەستی دەکرد بە ناماقوڵیان. ئەمجارەیان بە پێچەوانەی جارانەوە قۆری و پەرداغی فڕێ نەدان و هەڕەشەی ڕۆیشتنێشی نەکرد...

حەسەن بەنا بەدڵییەوە گوتی: ((گوتم ئێستا ئەوە بۆ وا ناڕەحەت بووی؟ سەیرێ ئێمە بە هەویای مزگێنی وەرگرتنێ بووین!... ئێستا بەڕاستی بڵێ خۆشحاڵ نی کە ئەو دێوەزمە نەسناسە دەعەجانەیە تۆپیۆوە؟))

((نا... چونکە رۆژێکی هەر دەتۆپی... بۆ تۆ خۆشحاڵی کە عەزە ورگە تۆپیوە؟...))

((کێ گوتی؟ چۆن، بۆ مردووە! کێ گوتی؟))

((تۆ گوتت کە سەعەت دیوە؟ بۆ پێی نەگوتووی؟ بەڵێ، ئەویش تۆپیوە... هەی بێ شەرەف! خوایە ئاگرت لە گیانی کەوێ!)) و مستێکی لە سینگی خۆیدا، سەری بۆ ئاسمانێ هەڵێنا... ((ئاخری خوای من گرتتی... ئەی خوایە... ئای ی خوایە! بەقوربانی ئەو دادەت بم!))

ئەوروپایی دەڵێن داد هەمیشە هەر نانویٚ؛ ڕۆژهەڵاتییەکان دەڵێن ڕۆژێك هەردیٚ کورد دەست لە مردووان هەڵگرن. ئەوان هەر کارەساتێکی، ئەگەر سروشتیش بیٚ، ڕەگێکی حەزو ئارەزووەکانی ئەوانی تێدابیٚ ئەوان بە ((داد))ی دادەنێن.

((وای بڵێم خوا چت لێبکا، ژنیٚ! تۆ هێندە لە مێژە دەزانی و بە منیشت نەگوتووە...)) و کەوتە گۆرانیان. دوایەش بە ئاوازێکی دڵدانەوانەوە گوتی: ((هاتین مزگێنییە وەرگرین، ئێستا دەبیٚ شتێکیش سەر ڕا بدەینەوە! ناڕەحەت مەبە، ئەمجارەیان بە سەلامەتی بێمەوە یەك کوڵەجەی مەخمەر و کراسێکی خوری چاکت بۆ دەکڕم...))

((بەڵیٚ، تۆ فەرمووت و منیش باوەڕم کرد...))

((جا دەیبینی!...))

((ئێستا کەی بە سەلامەت دەڕۆی؟... کاکە سەعەشە... یا هەر خۆت بە تەنیا دەڕۆی؟))

((نا، دەگەڵ کوڕوکاڵان پێکەوە دەچین... دەچین بایەکی باڵی خۆمان دەدەین... هەرچی بیٚ نیشتمانە...)).

دەگەڵ هەموو ئەمانەدا سێبەری گومانێك لە مێشکی حەسەنیدا بوو، کە جارجارە سەری دەکرد و دەهاتە سەریٚ، ئەو بۆنە نادیارانەی پێشان دەدایەوە، بەڵام شیرین دووبارە چەند ڕۆژێك پێش ڕۆیشتنێی بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕۆژی ڕۆیشتن و گەڕانەوەی لیٚ دەردێنا.

## -١٣-

سەرەنجام من و کوڕی ئاغای لێك هەڵبڕاین-ئەو بەخێر و ئێمەش بە سەلامەت- ئەمە قسەی پورزا بوو. بەڵام چۆن ئەو بەخێر و ئێمەش بە سەلامەت؟ خۆ من بابم هێندەی نەبوو بتوانیٚ یارمەتی ئەوەم بدا بتوانم لە شارێکی گەورەی وەك هەمەدانیٚ یا کرماشان و تەورێز و تارانێدا درێژە بە خوێندنەکەم بدەم و تەواوی کەم. تا ئێستاش هەرچی لە دەستی هاتبیٚ ئەو پیرەمێردە درێغی نەکردووە: سەرەڕای ئەو ئازووقەیەی کە دەینارد هەمووساڵێکیش گایەك و چەند سەر بزن و مەڕێکیشی لە پێناو مندا دادەنا و ئێستاش هیچی نەماوەو بەسەری پیریەوە دەگەڵ دایکمدا بیٚ پشت و پەناو داڵدە ماونەوە، و بوونەتە نانخۆری ڕاستەوخۆی ئاغای، منیش لە تەمەنێکی ئەوتۆ دابووم کە ئەم شتانە بزانم و تێیانبگەم و هەستیان پیٚ بکەم-وەك هەستیشم پێدەکرد زۆر ناڕەحەتیش دەبووم. بەڵام پورزا هەوایەکی دیکەی دە کەللەی دابوو، هەر ئەو هەوایەشی دە کەللەی من ئاخنی بوو. دەیگوت دەور دەوری خوێندنێیە، تۆ سەیری ئەمڕۆ مەکە سبەینیٚ یا دوو ڕۆژی دیکە گەواهینامەی شەشی دواناوەندی و سێی ناوەندی لە



هیچ جێیەکی وەرناگرن. تۆ دەبیٚ هەوڵدەی زیاتر هەڵکشێی. ((بەچی؟ خۆ من لە خوام دەویٚ...))-((بەچی؟ بە دەوڵەت- بە پارەی دەوڵەت- بە مەسرەفی دەوڵەت؟))-((بە پارەی دەوڵەت؟))-((بەڵیٚ بە پارەو مەسرەفی دەوڵەت!)) بێدەنگی.

وەك لە دوایەشدا بۆم دەرکەوت ئەو بیرۆکەیە ئی خۆی نەبوو-بیرۆکەی سەرۆکی فەرهەنگی ناوچە و گەڕەکیٚ بوو کە کرێگرتەی خانووی وی بوو.

پوورزا دەقی نووسینێکی نووسی، تا منیش پاکنووسی کەمەوە-بۆ مەقامی سەرەوەی وەزارەتی فەرهەنگی (معارف) بەڕێز، کە بەناوی منەوە داواکرابوو کە بۆ ئەم بەندە شێت و شەیدا و شبرەی خوێندنیٚ کە گڕ و بڵێسەی لە گیان و دەروونی بەرداوم و خەرمانی ژیانی داگرتووم و هەست و نەستی بەدەم باوەداوم چاوێکی لوتف و ئاوڕی کۆمەکێکمان لێبدەنەوەو ڕیٚ بدەن لە خانەی مامۆستایانی سەرەتاییدا-کە من نەمدەزانی چییە- جێمان بکەنەوەو وەرگیرێم، تا بتوانم شلکە نەمامە شا دۆست و نیشتمانپەرستەکانی میللەتەکەمان پەروەردەکەم و قەردی گەورەی سەرشانم بە شاهەنشاو نیشتمان بدەمەوە...و ئیدی لەم بابەتانە...

پورزا لە یەکێك لە سەفەرە بازرگانییەکانی خۆیدا نامەکەی بردە تارانیٚ؛ گوتی لە بازاڕی تارانیٚ ئاواڵێکی هەیە کە دەگەڵ کەللە زلەکاندا ئاشنایە و هەمووان دەناسیٚ، بەهۆی وییەوە، بە ڕێنماییە سەرۆکی فەرهەنگی و بەرتیل و بەرتیل کاریەوە ئیشەکەم جێبەجیٚ دەکات-گوتی غەمم نەبیٚ. بە هەرحاڵ چ زۆرە بەرد و چوێلەکە زۆرە. ئێمە بەردی خۆمان داوێین، بزانین ئەوە خوایە وەجێیەکی کەوت و گرتی. ئەگەر گرتی گرتی، ئەگەر نا بیرێکی دیکەی لێدەکەینەوە.

چوو و هاتەوە، منیش چوومەوەو هاتمەوە، هەمدیس چۆوەو هاتەوە، من هەر لەویٚ مامەوەو ئەوە دڵیشم هەروا دەگەڵە ویدا دێت و دەچیٚ. لای میهر مانگیٚ بوو کە هەمدیس چۆوە، ئەمجارەیان نە دڵم دەگەڵە ویدا و نە لەلای خۆشم مایەوە... هەر دوولامان دەستە وەستان ماینەوە-دەست لە ئەژنۆیان درێژتر. بەلای منەوە هەرچی دەبوو با بووبایە، چدەبوو یان نەدەبوو دەبایە لەو سەفەرەیدا شتێکی لیٚ شین بایەوەو بە ئاکام گەیبایە، دەنا وەك قەردی دەوڵەتی لێدەهات کە دەدرایە فەرمانبەران و ئەوانیش پێیان نەدەدرایەوە و هەر ئەو ساڵە و ساڵیان پێدەکرد و لەم ساڵەوە دەیانگواستەوە سەر ساڵێکی دیکە و لەوێشەوە بۆ یەکێکی دی و ئیدی هەروا بیٚ ئاکام دەمایەوە. دە ڕۆژی مابوو بۆ میهر مانگیٚ کە پوورزا هاتەوە. ئیدی من دەستم لە خوێندنیٚ شوشتبوو و ئامادەی گەڕانەویٚ بووم بۆ ماڵیٚ، کە بەرەبەری ئێوارێکی مەحموودی کوڕی پوورزای بە هانکە هانکەوە هات و موژدەی هاتنەوەی بابی، یانی پوورزای هێنا و منێکیش وەك ئەویندارێکی دووری خۆشەویستەکەی کە بڕیار بووە نەیبینێتەوەو ئەوا

ئێستاش دەگەڵیدا رووبەڕوو دەبێتەوەو ئەو بڕیارە لە بیر دەباتەوە، دووبارە کەوتمەوە کەف و کوڵ. گوتی بابە گوتوویەتی بۆ نانخواردنی ئێواریٚ بچمە ویٚ-یانی ماڵیٚ وان. زۆرکەم دەچووم، نە ئەوان زۆریان پرکێشی دەکرد نە بۆ خۆشم زۆرم حەز بەو کارەی دەکرد. بەڵام کە دەشچووم زۆریان پێخۆش بوو و ژنیٚ پوورزای دەستیکرد بە گلەییان، باشە ئەو هەموو بیٚ رەحمیە بۆ، خۆ ئێمە بێگانە نین، خزم و کەس و قەوم و قیلەی یەکترین- و ئیدی هەمووی خۆشەویستی بوو لە قاڵبی گلەییاندا، هەر وەك چۆن لای خۆمان باوە، ئاوا. بەڵام من ئامۆژگارییەکانی بابەم هەر لە بیربوون: دووری و دۆستی. هەمیشە وابچۆ تا کە چووی و وەژوور کەوتی لەبەرت هەستن.

بەڵیٚ، چووم، بەڵام زۆر بە ساردی و سڕیەوە-تا توانیشم- بەخێر هاتنەوەی پوورزام کرد، دانیشتین... نانمان خوارد. تا ئێرە پوورزا بە ئاماژەش هیچی دەربارەی هیچ شتێك نەگوتبوو. هەواڵی خاڵۆزای پرسی-یانی بابەم- کە داخوا چدەکا، چ ناکا-و باس و خواسی تازە چییە. خاڵۆزا- یانی بابەم- سوپاس بۆ خوا چاك بوو، سەڵاوی هەبوو، باس و خواسێکی دیکەش لە سەلامەتییە ئێوە بەولاوە چیدیکە نییە.

((باشە، دەو ماوەیەیدا دەرس و دەورت هیچ کردوونەوەو هیچت تەماشا کردووە؟))

دووبارە دڵم کەوتەوە کەف و کوڵ و هەڵچوونیٚ ((ئەویٚ تارانە، شەرمەزارمان نەکەی-ئێمە لەویٚ بە تەواوەتی ناسراوین... ئەویٚ دەریایە..!)) و زۆر بە سپایی بانگی کرد: ((حەبیبە!)) حەبیبە خانم- خێزانی پوورزای- گوتی: ((بەڵیٚ، ئاغا...)) لێرە زۆربەی ژنان بە مێردەکانیان دەڵێن ئاغا و تەنانەت منداڵەکانیش هەروا بە بابەکانیان دەڵێن.

((ئەو جانتایەی من بێنە!))

های، لێرە جانتاشیان هەنە! لای ئێمە کەس نەیدەزانی جانتا هەر چیشە، جانتا؟

پوورە حەبیبە بە ڕاکێش ڕاکێش و خشەخشەوە ساکێکی زلەی هێنایە ژووریٚ، ئەوە جانتابوو. پوورزا جانتاکەی لە تارانیٚ کڕیبوو-لە بازاڕی- بەینول حەرەمەین بەس جانتابوو نەك گەمە. دیاربوو گۆرەوییەك، کراسێکیشی بۆ بابەی هێناوە...

پوورزا لەپێشدا بە پوورە حەبیبەی گوت پەڕۆیەکی بێنیٚ، کە پەڕۆیەکەی هێنا هەندێکی بە جانتاکەیدا هێناو تۆز و خۆڵەکەی لیٚ سڕیەوە. جانتایەکە چەرمی بوو و قفڵ و کلیلە و قەیتانی پێوەبوو و دەسکیشی هەبوو و دوو کلیلەی بچکۆلانەشی بە دەسکەکەیەوە شۆڕببوونەوە. پوورزا دوای لێبوونەوێی لە سڕینەوەی جانتاکە پەڕۆیەکەی دایەوە دەست پوورە حەبیبە، چوار ئەنگوستەکی هەردوو دەستی بە بن هەردوولای جانتایەکەوە داو بە هەردوو کەڵە پەنجانی



جێیەك پاڵ پێوەنا، زمانەی قفڵەکان ((ترك)) قیت بوونەوە-کلیلی بەکار نەهێنا. لێوی جانتاکەی بەرزکردەوە.

خوارزا هێندێك دە جانتایەکە گەڕا و سەرەنجام زەرفێکی لیٚ دەرێنا، بە پوورە حەبیبەی گوت جانتایەکە بباتەوە. من نەمهێشت، گورجێکی هەستام و جانتایەکەم تاودایە و بۆم بردە دالانەکیٚ و خێرا هاتمەوە. پوورزا زەرفەکەی لەسەر قوتووە جگارەکە دانابوو. لەپێشدا بە پوورە حەبیبەی گوت جانتایەکە لە جێیەکی وا دانیٚ چەرمەکەی نەڕووشیٚ، یا منداڵەکان شتوومەکی لەسەر دانەنێن. پوورە حەبیبە گوتی: ((نا، ئاغا، لەسەر تاقێم داناوە... بە منداڵەکانیشم گوتووە-پەڕۆیەکیشی پێدا دەدەم... نا، ئاغا، کیٚ شتوومەکی لەسەر دادەنیٚ!)) پوورزا گوتی: ((هەروام گوت، گوتم نەکا منداڵەکان لاسارییە بکەن و شتی لەسەر دانێن...)) پوورزا راستیدەکرد. من دەگەڵ کوڕی حاجی دەروێشی برادەربووم، کاتی تاقیکردنەوەکان پێکەوەمان خۆ ئامادە دەکرد-شەوانە زۆربەی شەوان دەچوومە ماڵیٚ وان، بابی جووتە قەرەوێڵەیەکی کڕیبوون، بەڵام سەیرەکەی لەوەدا بوو کە کەسیان لەسەر نەدەنووست-قاپ و قاچاغیان لەسەر وشك دەکردنەوە: هەر کە ژنەکان دەورییەکانیان بسمیل دەکرنەوە دەیانهێنان لەسەر ئاسنی قەرەوێڵەکانیان بە لێوارێوە هەڵدەپەساردن، و هیبارەکان بە نیو سەعاتی وشك دەبوونەوە، و تا بەیانی هەر لەویٚ دەبوون-و کەسیش سەیری لەوە نەدەهات کە بۆ کەس لەسەر ئەم جووتە قەرەوێڵەیە نانویٚ-ئەوان ئەوانەیان هەر بۆ دراوسێکان کڕیبوو کە بیانبینن و هیچیدی.

پوورزا گوتی: ((حەبیبە تۆش وەرە دانیشە-خۆ ئیشت نییە؟))

((نا، ئاغا، ئیشەکانم تەواو بووە...)) ڕۆیشت و دوای هەندێك هاتەوە، مەحموودیش هات. لەو ناوەیدا من کە سەرتاپا شەڵاڵی ئارەقەی بووم بە هەموو بوونی خۆمەوە لەو زەرفەی سەر قوتووە جگارەکەیدا تواببوومەوە... خودایە دەبیٚ چ بیٚ؟ یانی لەوانەیە!؟ پوورزا بەبیٚ مەبەست درێژەی بە ئازار و ئەشکەنجەی من دەدا، بە مەحموودی گوت: ((بڕۆ چایەکی پاك و خاوێن بێنە... بۆ حەسەنیش هەر بێنە...)) دوایە پاش تاوێك وەك حەسەن بە چاکترین شێوەکاری لە مێشکی کردبیٚ و سەرەنجام بە ئەهم ئەهمێکەوە گوتی: ((بەڵیٚ، هەروەکو گوتم سوپاس بۆ خوا بەردەکەمان وەجێیی خۆی کەوت و چوێلەکەکەی ئەنگاوت...)).

(بەڕاستی!) ((دۆستانی ویٚ زۆریان چاکە دەگەڵ کردین-دەردەسەرییەکی زۆری پێوەبوو-هەر ئەو تەنیا دوو دێڕەی کە دەیبینی هیلاکی کردین و ڕاکە ڕاکەی زۆر ویست...)) بۆ دیتنیٚ گرژینەوەی من لەبارەی قسەکانییەوە سەیرێکیم کرد. من شەڵاڵی ئارەقەی بووم، نەمدەزانی چ رەنگێکم بە ڕووانەوەیە، بەڵام گوێم هەروا دنگە دنگ و هاواری بوو- و سەرم لە گێژەوە

دەهات. ((سوپاس بۆ خوا تەواو بوو، ئێستاش تۆماوی و پاشماوەی رووداوان... ها بیخوێنەوە..!))

زەرفەکەی هەڵگرت، خۆم لەسەر دوو ئەژنۆیان ڕەپێش کرد و بە هەر جۆرێك بوو زەرفەکەم وەرگرت، ((بە بەرزی بیخوێنەوە با حەبیبەش گوێی لێبێ- بۆ خۆشم چاکم نەخوێندۆتەوە- بەرز بیخوێنەوە..!)) زەرفەکە مۆری وەزارەتی پەروەردە و خانەی مامۆستایانی سەرەتایی پێوەبوو... وای کە جوان بوو! کاغەزەم بە هەر خۆ هێنان و بردنێکەوە بوو دەرێنا... کاغەزێکی چاك، ڕەق و تەق سفت و لووس... نەك وەك ئەو کاغەزە سادانە... جارێکم لە دڵی خۆمدا خوێندەوە، دوایەش بە دەنگێکی بەرزو لەرزۆکەوە...

((قوتابی حەسەن رەحمانی، قوتابی دەرچووی ساڵی سێهەمی ناوەندی...))

وەڵامی داوای بەرواری ٣/٥/-١٣١ پێویستە بڕوانامەی دەرچوون و وێنەیەك گەواهی نامەی لەش ساغی و تەندروستی ئەقڵی و دوو وێنەی فۆتۆی ناسنامە و چوار وێنەی ٦X٤ لە رۆژی بیست و پێنجەمی شەهریوەردا بۆ ناونووسی دەگەڵ خۆیدا بێتە لقی وانەکانی ئەم خانەی مامۆستایانی سەرەتاییە.

لەلایەن سەرۆکی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تارانەوە و مۆرێکی خڕی زلە!

هەمووی حەپەساین... پوورزا جێی بەخۆی نەدەگرت، منیش هەروەتر، کەچی بە ئاشکرا رێچکەو تەوەری ئەم گەشت و گوزارەمان وەك یەك نەبوو و تێکی نەدەکردەوە: ئەو کارێکی ئەنجام دابوو و کارێکی گەورەش، من هێشتا هیچم نەکردبوو، و تازە دەچووم-بە پشتیوانییە خوای- کارێکی ئەنجامدەم. بەڵام چۆن؟ باشە، بڕوانامەی دەرچوون و گەواهینامەی ساغی و تەندروستی ئەقڵی و فۆتۆکۆپی ناسنامەی ببەم، بۆ لقی وانەکانی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی- کە نەشمدەزانی چییە- و بچم و ناو بنووسم. بەڵام لە کوێ بمێنمەوە؟...

پوورە حەبیبە بێدەنگییەکەی شکاند، پووریْ فارسی نەدەزانی، بەڵام لەسەر و ڕوویڕا دیاربوو کە شێوەی نووسینی نامەکەی زۆر بە دڵییە و زەردەخەنەکەشی ئەوەی دەردەخست کە خوا هەڵناگرێ ئەوەی نوسیوویەتی زۆر چاکی نووسیوە. پوورزا گوتییەوە کە جارێکی دیکەشی وەخوێنم. جارێکی دیکەشم خوێندەوەو پوورە حەبیبە بە زەردەخەنەیەکی پان و پۆڕەوە بە وردی گوێی دایە. پوورزا ناوەڕۆکی نامەکەی بۆ پوورە حەبیبەی لێکدایەوەو پوورە حەبیبەش یەکجار زۆر سەرسام بوو، لەوەی کە ئەو ئاغایە، ئەو سەرۆکە، کاکە حەسنی لە کوێ وا ناسیوە کە ئەم قاقەزەی وا بە جوانی بە چاپ بۆ نووسیوە و وا بەم جوانییەشەوە مۆری کردووە-هەروەك مۆری



قەسابخانەی سەر کەلەشان-(نامەکە چاپکرابوو). پوورزا بە دەم زەردەخەنەوە سەرێکی بادا، مەحموود بۆ دایکی روون کردەوە کە کاکە حەسەن عەریزەی نووسیوەو بابەش عەریزەکەی بردۆتە تارانێ، داویەتە جێی خۆی و وەڵامیشی وەرگرتۆتەوەو ئێستا ئیشاڵڵا دەچێتەوە خوێندنێ. پوورە حەبیبە گوتی: ((ئای ی!)) بەڵام وەك بڵێی هێشتا هەر گێژبێ.

پوورزا گوتی: ((بەڵێ، هەروا بە ئاسانی! بێدەرەتانانە یەکجار زۆریان زەحمەت کێشا، ئەوە بۆ خۆم هەر هیچ نەچووبم دە جاران چووم تا ئەو دوو وشەی قاقەزەم وەگیر کەوتووە، ئەویش بە بەرتیلان...!))

پوورە حەبیبە بە نیمچە هەوتییەکەوە گوتی: ((دەی دەی بڵێ!... هەر دەڵێم خوایە ئەو سەرۆکە کاکە حەسەنی لە کوێ دەناسێ وا قاقەزێکی ئاوا جوانی بۆ نووسیوەو مۆری کردووە! تۆ مەزانە ئاغا چووە و پێکی هێناوە... بەخێر و سەلامەتی ئیشاڵڵا... بە لەش و بەدەنی ساغەوە ئیشاڵڵا... خوا سێبوری دایکی بدا ئیشاڵڵا!...)) و هەناسێکی هەڵکێشا.

پوورزا چاوەڕێی گرژینەوەی من بوو.

پرسیم: ((پوورزا، من چۆن بچم، خۆ من جێیەك شك نابەم، خۆ من کەسێکی ناناسم... بابەش ئیدی ئەوە پیربووە، دوو سمێکیشی بۆ فرۆتنێ نەماوە...)) دەنگم دەرنەدەهات، هێندەی نەمابوو بگریم...

پوورزا گوتی: ((من لە پێشدا پێم گوتووی- ئێمە لەپێشەوە قسەمان کردبوون... ئەوێ جێی هەمیشەییە و شەو و رۆژانەیە، یانی تۆ شەو و رۆژ لەوێی، پێویستیت بە هیچ نییە. جێی نووستنێت هەیە، نانی بەیانی و نێوەڕۆ و ئێوارێشت هەیە، مانگانەش سێ چوار تمەنێکیش دەدەن بۆ بەرباغەڵێ، کە دوایی لەو سەری لە مووچەی مانگانەتان دەبڕنەوە. دەمێنێتەوە چوونەکەت... هاوڕێییەك پەیدا هەر دەبێ، دەتدەمە دەست یەکێکی زۆر ئەمین، لەوێ تەسلیمت کا. سەرۆکی فەرهەنگیش بەڵێنی داوە بە دۆستێکیت بناسێنێ، تا بە سەلامەتی دەکەویە سەرجێ و رێی خۆت، ئەگەر یارمەتییەکیشت ویست کۆمەکت پێبکا. ئەدی ئەگەر هاتین و کەس نەبوو- دەتویست ئەوەی بڵێی- مەبەستت ئەوەبوو؟))

((بەڵێ...))

((ناونیشانی خانەی مامۆستایانەکەیان لە خوار هەمان نامەکەوە نووسیوە...))

((ڕاستیدەکرد، ناونیشانەکە: شەقامی... تەنیشت ئەمجەدییە، خانەی مامۆستایانی سەرەتایی...))

((وایە؟))

((بەڵێ... نووسراوە...))

((ئێستا ئەگەر کەسێکی واش نەبوو بۆ خۆت دەچی... ئیدی بۆ خۆشت ماشەڵڵا پیاوێکی بۆ خۆت... بۆ خۆت دەچی و سەر دەدەی...))

بێدەنگی.

((ئێستا من دەبێ چبکەم؟...))

((ئێستا زۆری بە بەرەوە نەماوە، تۆ دەبێ چ لە سبەینێ زووترنیە وەرێ کەوی-و هەر شتێکت پێویستە دەگەڵە خۆتیدا بێنی. خۆ ئەگەر هەموو شتەکانیشت هەبن و پێویستیت بە هیچ نەبێ وا باشترە بچییەوە سەرێکی لە دای بابان دەیەوەو ماڵئاوایی لەوان و لە خوشکەکانت بکەی... بێگومان خەرجی ڕێیەشت دەوێ.))

((پوورزا چ شتێکی لەوێرا دەگەڵ خۆمدا بێنم؟))

((یەك دوو دەستە کراسی و دەرپێی و ئەو شتانەی لە کاغەزەکەشدا نووسراون-ئیدی پێموانییە پێویستیت بە چیدیکە بێت. خەرجی ڕێیەش چەندی خوادای وەریگرە، ئەوەی کەمیش بوو لێرەی پێکدێنین، تا دوایە...))

((کەواتە بە یارمەتی ئێوە بەیانی من وەرێ دەکەوم-ئێوە هیچ فەرمانێکتان نییە؟ هەوڵدەدەم دوو سبەی بێمەوە...))

((زۆر چاکە، کاغەزەکەی لێرەدانێ با لێرە بێ-با ونی نەکەی. سبەینێ وەرە وەریگرەوە... نەوەك کە چوویەوە ئەوێ لەوێی ونکەی، یا خوانەخواستە لێت بدزن... تۆ هێشتا لاوی، دەکرێ کاتێکی بەخۆتدەزانی هاوڕێکانت سرگومیان کردوویی و دەستت لە بنی هەنبانەی هاتۆتە دەرێ.)) وشەی ((هاوڕێکانت)) بە جۆرێکی ئەوتۆ گوت یەکسەر تێگەیشتم مەبەستی کوێ و کێیە.

...چووین-کوڕی ئاغاش لەوێ بوو، بەڵام کەمترمان یەکتر دەدیت، من لە خانەی مامۆستایان بووم و ئەو ژوورێکی لە شەقامی سیروس گرتبوو. لە خانەی هونەر دەیخوێند. خانەی هونەر ئەودەمی چاکترین قوتابخانەی تارانێ بوو. ئەو دوو ساڵانەی کە لە خانەی مامۆستایان بووم لە دوو جاران زیاتر نەچوومە ماڵەکەی. ئەو هەرگیز نەهاتەوە خانەی مامۆستایان بۆ لام-و منیش لە رۆژانی پشوو بەولاوە کە دەهاتمە نێو شەقامێ بۆ پیاسەی دەنا هەمووو دەمێ هەر دەنێو خانەی مامۆستایاندا بووم. پشووی هاوینەی ساڵی یەکەمیش دەگەڵە ویدا نەچوومەوە-هەر لەوێ مامەوە. دیارە دایکم و باوکم زۆر ناڕەحەت ببوون، پێیان وابووە بەلایەکم بەسەرهاتووەو شتێکم لێقەوماوەو ناچار هاواریان لە پوورزای بەستبوو. من بەردەوام



پەیوەندیم دەگەڵ پوورزایدا هەبوو، هەمبوو مانگانم نامە بۆ دەنووسی، و نووسیم کە نەمویستووە هەروا بەخۆڕایی بارگرانییە مەسرەفی ڕێیە بخەمە سەر کیسەی بەتاڵی بابەی... دایکم و خوشکەکانیش زۆر گریابوون...

ساڵی دواتر چوومەوە...

ژیانی دایکم و باوکم چۆن بوو هەر وابوو: بەخوو و خدەی ئاوایی هەر کاتێ ماڵات نووستبایە ئەوانیش دەچوونە نێوجێی و دەنووستن، هەر کاتێکیش ماڵات هەستابایەوە ئەوانیش هەڵدەستان و لەجێی دەهاتنەوە دەرێ. ئاوایی هەروەك خۆی بوو، ئەوە نەبێ کە لە جاران وێران و کاولێ و داتەپیو و لانەوازتر بوو- ئاخر ئێستا من چاوم بە تاران و شەقامەکانی ئەوێ ڕاهاتبوو و بە گەزوڕبەی تارانێم دەپێوا. ئەوەندەی کە مامەوە وردە وردە دەهاتمەوە سەرباری جارانم. وەك کابرای حەکایەتەکەی لای خۆمانم لێ بەسەرهاتبوو کە گوتبووی: ئەوە چ درەختێکە[3]. بێگومان لەو دوو ساڵەی کە لەوێ نەبووین هەندێ بەسەرهات قەومابوون و ڕوویاندابوو. کەسەکانی نێو داستانەکان هەر هەمان کەسەکانی جاران بوون، کە داستانەکانیان هەروا بەردەوام بوو: دادە شیرین، ئاغا، رەعنا خانم و کاك سەعید. چەتەکان دوو جاری دیش هاتبوونەوە گوندی، بەڵام تەقەیان نەکردبوو، ماڵی کەسیان تاڵان نەکردبوو، ماڵێ ئاغای نەبێ، کە لەوێش هیچی وای ددان گیریان وەچنگ نەکەوتبوو. هەردوو جارانیش ئاغا لەوێ نەببوو؛ و هەردوو جارانیش بە ناکامی گەڕابوونەوە... لەجیاتیان لە دەرەوەی پاسگای میراوێ دوو ئەمنیە دەخەنە کەمینەوەو هەردووکیان کوشتبوون و ئەسپ و تفەنگەکانیان بردبوون.

باس و خواسی جەنگی جیهانی دووەم کە یەك دوو ساڵ بوو سەرەتاکەی لە ئەورووپاوە دەستی پێکردبوو و وردە وردە پەرەی دەگرت شتێکی واگرینگ نەبوو بەلای گوندییانەوە. نا، گوندییەکانی مە ئەگەر گیروگرفتی ژیان دەرفەتی دابان و بیریان لە جەنگ کردبایەوە، دید و بۆچوونی زۆر گونجاویان سەبارەت بە شەڕی هەبوو: بۆ ئەوان جەنگ و هاتنی ئەڵمان یا ڕوسیا یا هەر کەسێك بە مانای ڕزگار بوونە لەدەست ((قولە شینە)) و پاسەوان و دەوڵەت و ڕەزا شای-جا چ لەو نیعمەتەش خۆشتر! ڕاستە، بەو شێوەیەش ئاغاوات گیانێکیان وەبەر دێتەوەو قەڵەو

(٣): دەیانگوت یەکێك چۆتە عەجەمستانێ و دوای ماوەیەك دێتەوەو زمانە کوردییەکەشی لەبیر بردۆتەوەو فارسییەکەش چاك فێر نەبووە دەست بۆ بنکە زوڕاتێکی ڕادەدێرێ و دەڵێ ((ئەمە چ درەختێکە؟)) بەرامبەرەکەی لە وەڵامدا گوتبووی ئەوە هەر ئەو درەختەیە کە دایکت هێندەی لێ خوارد تا زگی هەڵاساو ئینتەلای کرد.

دەبنەوە- بەڵام خۆ هەرچی بێ ئەوانە هەر خۆیین. بێگانە نەبوون، بەلانی کەمەوە بە زمانی خۆمانیان جنێو پێدەدایین. بەڵام دەوڵەت، دەگەڵ ڕەزا شایدا لە تارانێ دانیشتبوون و سمێڵیان بادەدان، و قرپی تێریەیان دەدایەوە، دڵشاد و شەنگوڵ بوون بەوەی کە هێتلەر بەو زووانە هێرش دەکاتە سەر روسیا و هەروا بە چەند ڕۆژێکان کاریان دەبینێ، و دەست لەناو دەستی ئێمەی ئامۆزا کوێت دەوێ بڕۆ!-ئاخر ئێمەش هەر ئاریایی بووین، و هەر چۆنێکی و بەهەر حیسابێکی بایە ئەو لبادەی ئەو دەیماڵی کڵاوێکیشی بۆمە هەر تێدابوو. بەلانی کەمەوە هەڤدە شاری قەوقازمان وەگیر دەکەوتەوە...

ئەو شتانە بۆ ئێمەی لادێیی، لەلایەنی سۆزەوە لەڕیزی دووەم و سێیەمی گرینگی پێدانێدا بوو- ئاریشەی گرینگ ئەو ئاریشە نزیك و بێ بڕانەوانە بوو، ڕووداوێکی گرنگی پێش لە پازدە ڕۆژێکی بەر لە هاتنەوێمان کە لە ناوچەکە ڕووی دابوو کوژرانی کاك سەعید بوو. سەعید لە عێراقێ، لە ناخۆشییەکی نێوان خۆیاندا-نێوان چەتەکان- کە بە زاراوەی سەردەم ((شەڕی ناوخۆ))یە کوژرابوو و هەواڵی مردنەکەشی هاتبۆوەو هەمووی پرسە دارکردبوون، لە هەمووانیش زیاتر ڕەعنا خانم و پوور حەلیم...

((وای ڕۆڵە، چ شین و شەپۆڕێکی گێڕا!)) ئەوە دایکم بلێ، کە سەری بادەدا و چەپۆکی بەڕانی خۆیدا دەدا ((ئای، وەك هەوری بەهارێ...)) ((یانی لەبەرچاوی هەمووان- ئەوا بە ئاشکرا؟))

((نا، ڕۆڵە... خودا تەمەنتدا- نا، ئەوە لەو حەوت پەراسوودارانەیە، ڕۆڵە- لەبەرچاوی هەمووان! نا، ئێستا زۆری لە وەزیری دەستە راستێی بەولاوەتر هەڵبواردووە، شەیتانی دەرس دەدا. نا، چوو بوونە سەر گۆڕی ((ئامۆژن))ێ بۆ ئامۆژنێ دەگریا- داکێ ئاغای...)) ((بە خودای تێینەگەیشتین و نەمانزانی... ڕەنگە هەر بەڕاستیش ژنێکی دڵ ناسك بێت... چونکە ئەو بەستەزمانە بۆ هەمووان هەر گریاوە.)) ئەوە باوکم بوو. ((ئەو شەوەی بووکێنییەشی، بۆ خۆی گریا، ئەو شەوەی بەسەر دادانەکەش-لەبیرتە؟-بۆ ئاغای، کە ویستیان بیکوژن... وەك دایکێکی کۆست کەوتە دەگریا- و ئێستاش بۆ ئەم یەکە- نەمانزانی!))

((ئەدی، خانزادەیە، چ بکا بەستەزمانە، دڵ ناسکە- وەی نەمێنم خوایە بۆ ئەو دڵەی!... بابی حەسەنی، ئەرێ لەو چەند ڕۆژانەدا چی وا وردبوو وییەوە-خۆ خەو و خۆراکی لەبەر براوە- وەك تاژییە باریك بووە، هەر راست بۆتە ئەسپەدارینە. پرسیم ((خانم، ئەوە بۆ هێندە کەمی دەخۆی، خۆ وا خەریکە بمری...)) گوتی وەك ئەوەی ((مەگیرانی))- بێزوو-ان بکا وایە...)) ((ئەو بێدەرەتانەش وە دوای کلاوی لار کەوتبوو- دەستی دەستی خۆشی لە ناو برد، و بنەماڵەکەشی بەرۆژ ڕەشیە گەیاند و ئەوانیشی بەدبەخت کرد. ئێستاکە ئاغا و



ئاغا مەحموودخان تریاکێ بە ئاسوودەییەوە دەکێشن، و بە ریشی من و تۆوەش پێدەکەنن!... دوایین سەفەر دوو گوللەی بەلانی کەمەوە لە پەنجەرەی ماڵێ مەحموود خانیدا، زەندەقی برد... چاك بوو!))

((ئێستا کوڕی ئەوەی کوێخا نابینم...))

((کوڕی کێ-کوڕەکەی ئاغای-ئەوەی ڕەعنا خانمێ...))

((ناردوویەتییە شاری- بۆ قوتابخانە، ماڵی خوشکەکەی- ئاخر کچەکەی دایە ڕەییسی- ناوی چییە... لە نەزمییەیە..؟))

((تەئمینات؟))

((بەڵێ، خۆیەتی- لەوێ دەخوێنێ.))

((دەگەڵ ئەوەیاندا چۆنە؟))

((کامە؟))

((دەگەڵ ئەو کەریم خانەیدا))

((کێ؟))

((ئاغا.))

((خۆ ئەو لێرە نییە... بەڵام شتێکت پێدەڵێم، لە چ جێیانی واگۆ نەکەیەوەو نەیگێڕیەوە... یان نا، لێیگەڕێ بۆ کاتێکی دی... دوایە بۆت باس دەکەم و پێت دەڵێم.))

بێ ئیختیار سەیرێکی دایکمم کرد، دایکم ئاگای لێبوو و بە تووڕەییەوە هەستا، ویستی بڕوا، نەمهێشت.

بابە گوتی: ((لەبەر تۆ نەبوو، ژنەکە! تۆ بۆچی هەموو قسێکی دێنییەوە سەر خۆت؟ هەر نەمویست بیڵێم. بەڵام ئێستاکە وایە، پێت وایە لەبەر تۆیە، باشە، ئەلحوکمولیللا... بەڵام بە هەردووکتان دەڵێم نەکەن لە چ جێیان بگێڕنەوە یا باسی کەن! ئەوە ئی گێڕانەوەو باسکردنێ نییە، بنەماڵەکە بنەماڵەیەکی بۆگەنە-ئیدی ئەوە هەمووومان دەزانین. ئێستاش چ پێویست دەکا مرۆڤ بیەوێ بایەك بێ و بەسەر گوواو بۆگەنیوێدا تێپەڕێ و بۆگەنیوێ بڵاوکاتەوە؟ من هەر ئەوەندەی دەڵێم و چ مەبەستێکیشم نییە.))

بابم دڵنیا کردەوە، بابەش دەیزانی کە من لە چەند ڕۆژێکان بەولاوە زیاتر لەوێ نیم، خەیاڵی لەمنەوە ئاسوودە بوو، زیاتر لە دایکم دەترسا و لێی دڵنیا نەبوو.

کورتییەکەی، گێڕایەوە کە بەڵێ کاتێ مەیدان چۆل بوو و ناحەز نەمان، و دایکەکە مرد و خوشکەکان لێك بڵاوبوون، و هەوێ چۆوە ماڵەبابی و کچێ هەوێی شووی کرد، ڕەعنا خانم-

زیاتر بەد نەدانی برایەکەی- کەوتە جموجۆڵ و چالاکیان و هەموو جۆر و شێوەو بەشەکانی ڕاکێشانی دڵی ئاغای تاقیکردنەوەو کار گەییە جێیەکی کە کچی برایەکەی لە باغەڵیٚ کرد و هەر بۆوەی ئاغا ئەو کوڕ و کچەی لە میراتیٚ بێبەش کات و زەوی و زارەکانی هەموو لەسەر منداڵەکانی وی-ڕەعنا خانم- تاپۆ کات، ئاغا ملی نەداو کارەکە گەورە بوو و ئەمجارەیان ڕەعنا خانم پەنای بردە بەر هەڕەشەو گوڕەشە و گوستاخییە و منداڵەکانی لە ئاغای هاندا، گوتی:

((ڕۆژێکی لە پشت دەرکی ژووریٚ بووم...)) ئاوازی دەنگەکەی، وەك هێشتاش هەر لە پشت دەرکێوە بێت و لەوەی بترسیٚ ئاغا هەستی پێبکات، نزم کردەوە. ((لە پشت دەرکێوە بووم-سەیفوڵلا خانی لەلا بوو.)) سەیفوڵلا خان کوڕە گەورەی ڕەعنا خانمیٚ بوو. منداڵێکی کورتە بنەی چاو بۆقانە و لە خۆ ڕازی و حەسوود بوو. ((سەیرم کرد وەك بڵێی دەنگە دەنگ بەرز بۆوە-هەرایەکە لەسەر پارەی کەم و زۆر بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: ((ئەی، لەو منداڵە فندەگولەیە، هێشتا بۆنی شیری خاوی لە زاری دیٚ کەچی ئاوا بە ڕووی بابیدا دێتەوە و ئاوای قسان دەگەڵ دەکا! هەروەك دڕندێکی، گەورە و گچکایەتیە نازانیٚ!)) داکەکەی فێری کردبوو. لە ماڵیٚ خوشکی بوو- لەوێی دەخوێند، و هەر لە شیری مریشکێشەوە بگرە تا گیانی بنیادەمی ئاغا بۆی دەنارد و ئێستاش ئەوەتا تینی بۆ دێنیٚ پارەی بداتە مێردی خوشکەکەی، تا بە قسەی خۆی ڕێزی خوشکەکەی هەر بمێنیٚ! ئاغاش دەیگوت نیمە، و ڕاستیشی دەکرد-قەردار بوو. بەڵام کوڕەتیو، بەدنەدنەی دایکی هەردوو پێی دە کەوشێکی کردبوون و دەیگوت ئیللاو بیللا دەمەویٚ و هەر دەمەویٚ. وەك دەزانی ئاغا لە هەمووانیان نەرم و لەسەرەخۆترە. ئامۆژگاری کرد. گوتی: ((کوڕەکەم، تۆ ئێستا گەورەی، خۆ منداڵ نی، دەبیٚ تێبگەی کە گوتم نیمە یانی نیمە و ئیدی ئەوەتا هەموو شتێکت هەر لە گەنم و نانەوە بگرە تا لە پەونۆك و ڕۆن، و هەموو شتێکەوە بۆ دەنێرم- زۆر بە زیادیشییەوە دەنێرم، تۆ پێویستیت نییە. لێرەش مەسرەفی ماڵیٚ قورسە، من خۆم تەواوێك مەسرەفی میوانداری و دیاری و بەرتیل و ئەو جۆرە شتانەم بە ئەستۆوەیە، برایەکەشت ئەوە لەویٚ دەخوێنیٚ، پێویستی هەیە- هەر پوولێکم لەخۆم زیادبیٚ بۆوی دەنێرم. تۆ ئیدی منداڵ نی، هێندە گویٚ مەدە قسەی ژنانە...)) ئیدی نەمزانی چی گوت کە کوڕەتیو بەخۆو بەو باڵاقوتەیەوە نەیهێناو نەیبرد ڕێك و ڕاست ئەوەی دایکی پێیگوتبوو لە دەستی پیاوەی نا. گوتی: ((جا ئەوە بەمن چی تۆ چووی سۆزانییەکت هێناوە و ماڵێك کە هی ئێمەیە تۆ بەگەرووی کوڕەکەی ویدا دەکەی؟)) من دەڵێی، لە پشت دەرکێوە حەپەسام و هەوت بووم، ساردە ئارەقەیەکم بە هەنیایەوە نیيشت. لەبەر خۆمەوە گوتم: ((ئێی، بە واتەی جەواهێریٚ دەك کاول و وێران بی ڕۆژگار! یانی بەڕاستی وایە، باران باری و زەندۆڵێش



پڕ بوونەوەو نەمان کە ئێستا ئاوا بەو بیٚ چاو و ڕوییەوە دەستە چەورەکەی خۆیان بەسەری ئیدیدا دێنن!... دەك پەنا بەخوا!...)) داکم گوتی: ((مەترسە، ئەوەی دایکەکە لێی هەڵوەریوە کوڕەتیوەکە کۆی کردۆتەوە.)) و دوایە، ((ئاغا چی گوت- هیچی نەگوت؟))

((بەدی چۆن، منیش وەك تۆ هەر هەمان ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد: لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ((یانی چی- یانی کابرا تا ئەو ئەندازەیە خوار و داماو و بیٚ دەسەڵات بووە، تا ئەو ئەندازەش کوێر و کەڕولاڵ بووە! شتێکی بەزاریدا کردووە!...)) دەو حەوڵ و وەلایەیدا بوو کە دیتم ئاغا زۆر لەسەرەخۆ، هەروەك مەکەمەکەی نەبیٚ وغیرەتی بزووتبیٚ، گوتی: ((ئەوانە دایکت پێی گوتی؟)) کوڕەتیوە زۆر بیٚ شەرمانە گوتی: ((ئێستا هەر کەسێك گوتبێتی، بۆ خۆشت چاکتر دەزانی و هەمووش دەزانن کە سۆزانی بوو-وەنا؟)) بابەکە، زۆر بە لەسەرەخۆییەوە گوتی: ((چاکە، ئێستاکە دایکت ئەوەی فەرمووە باش گویٚ بگرە...)) گوێم بە دەرکێوە نا: ((هەر ئێستا دەچییەوە لای، ئەگەر لێی پرسیتەوە بابت چی گوت، بڵیٚ بابم دەڵیٚ ئەوەی گوتوویەتی هەمووی وەك دۆخیٚ ڕاستە. من سۆزانییەکم هێناوە، بەڵام ئەو سۆزانییە تۆ بووی نەك ئەو- ئەدی، کوڕەکەم، ئەوە دایکت بوو، کە یەکەم شەوی پەردەی کچ نەبوو- پێشم وانییە ئەوەشی هەرگیز لەبیرچووبێتەوە، و پێشم وانییە هێندە گێل بیٚ منیش لەبیرم چۆتەوە. ئەگەر بۆ خۆشی لەبیری چۆتەوە با لە وەزیری دەستە ڕاستیی بپرسێتەوە، چونکە ئەو هێشتاش تامی سیقەتۆرەکەی هەروا لەبن ددانیدایە... ئەگەر ئەویش لەبیری چووبۆوە با لە مسکێنان بپرسێتەوە- ئیدی هەموو منداڵە مسکێنێك ئەوەی دەزانن. هەموو هەر دەزانن- ڕاستدەکا... هەموو دەزانن کە من سۆزانییەکم هێناوە. خوا لە داپیرت ((دایە گەورە- نەنك)) خۆش نەبیٚ کە هێشتی ئەو تەوقی لەعنەتەم بە ملییەوە بیٚ، دەنا من هەر هەوەڵ شەوێم لە کۆڵ کردبۆوە، ئێستا تۆش تەشریفت لێرە نەدەبوو تا ئاوا زمان درێژیە بکەی- ئێستاش کابرایەك داواکاری ئەوەیە کە تۆ لەوی)) (سەعیدی دەگوت.) ((ئەدی، ئەگەر پرسی بڵیٚ بابم گوتی ئەو ژنەی هێنام لە سۆزانیانیش سۆزانی تر بوو... بڵیٚ ئەو شەوەی بەسەردادانەکەی لەبیرچۆتەوە کە کەڵەگایەکەی چی گوت، چۆن ئەو- دایکت- گوایە لە شەرمان- هەردوو دەستی بە دەموچاویەوە گرتن، تا چاوی بە چاوی من و کەسانی دیکە نەکەوی؟- هەمان ئەو کوێخایەی حازری شاهیدە، ژن و کوڕەکەشی- برا گەورەکەشت... بەڵام ئەو هێندە گەورەو بەڕێزە لەڕووی دایکتی نەدا... ئێستاش ئەوە بۆ خۆت ئاگات لێیە و دەبینی دەڵاڵییەم بۆ دەکا، لە تۆڵەی هەمان ئەو بیٚ بنییەی- جاران سۆزانی بوو، ئێستاش کە پیربووە بۆتە پائەنداز- دەڵاڵ-...))

((ئیدی نەمزانی چبوو، یا کوڕەتیوەکە چی گوت، دیتم لەپڕ دەرکە کرایەوەو کوڕەتیو بە پڕتاو دەرپەڕی و ئاغاش بەدواوە... بەمنی گوت: ((بیگرە ئەو دایك هینە!...)) من دیارە نەمگرت، کوڕەتیو هەڵات. دوایە بیستمەوە ئاغا چووبووە نێو ژنەکان و کردبوویە گەردەلوول و تۆز و با و هەڕەشەی لە ژنەی کردبوو کە دەینێرێتەوە ماڵێ برایەکەی جێ قەرەواشیە جارانی، بەڵام گوتیان ستارە خانم-ژنێ باپیری، کە ژنێکی سەنگین و بەڕێز بوو- خۆی بەسەردا دابوو و نەیهێشتبوو...)) ((ئاخری، پاڵەوان بەلانی کەمەوە هەر جارێك غیرەتی بزووت! سەیری ئێمەش کە پێمانوابوو هیچ ئاگایەکی لەو بگۆ و مگۆیانە نییە!...))

((ئەی بابە، تۆ زۆر سادەو ساکاری-لە سیرییەوە تا پیازی ئاگادارە... پیاوێکی شەرم بەخۆیەو لە بنەوەیە-تۆ وای تێمەگە. تەنانەت ئاگای لەوەشە کە ((چ شین و شەپۆڕێکی)) بۆ سەعە گیانی گێڕاوە... وای تێمەگە. ئەمانە بۆگەنیوی خۆیان لەپێش بۆگەنی خەڵکی دیکە بۆن دەکەن-کەچی وەك هەر مرۆڤێك پێیان ناخۆشە عەیب و عاریان بە ڕوودا بدەنەوە...))

پەنا بەخوا..!

هێشتا بە تەواوەتی جێی خۆمان دە دێیدا خۆش نەکردبوو کە ڕووداوێك دنیا بچکۆلانەکەمانی هەژاند: سەر لە بەیانی زوو بە پەلە بە دوای بابەیدا هاتن-کوڕە گەورەکەی رەعنا خانمێ بوو، بە ڕەنگ و روویەکی پەڕیوەوە! شەوی پێشتر لە شاریڕا هاتبۆوە. خودایە چ روویدابوو، کەسێك کەسێکی کوشتبوو!...

بابە بەمنی گوت: ((تۆ لێرەبە تا من دێمەوە، بزانم چبووە...))

دایکم گوتی: ((نەیگوت چبووە، چ دەڵێ؟))

((گوتم دانیشن، ئێستا دێمەوە... بۆ خۆشم نازانم...)) بەڵام ئەویش رەنگی هەڵبزڕکابوو. زۆری نەبرد لە ماڵێ ئاغایڕا دەنگی ((گریان و شین و شەپۆڕێ)) هەستا، بە ڕاکە ڕاکەوە چووین... بابە لەلایەکییەوە راوەستابوو و دەگریا، کەریم خان تا بڵێی پەرێشان بوو، خانم رووی خۆی دەڕنییەوە و ئاغا ڕۆ ئاغا ڕۆی بوو، باوەژن و قەرەواشەکان بە دەنگی بەرزەوە دەگریان... ئاغا لە خەوێدا مردبوو..!

بێگومان باوکم ماوەیەك دڵگیر و هەراسان بوو، چونکە هەرچی بوو، ئاغا وەلی نیعمەتی بوو، چاکەی دەگەڵ کردبوو... دڵگیر بوو. منیش دەوروبەری کەریم خانم چۆڵ نەدەکرد و بەجێم نەدەهێشت، هەرچەندە دەوروبەریشی بە ئەندازەی پێویست پڕ بوو-هەر میوان بوون دەهاتن و دەچوون.

ماوەیەك رابورد، ئێستا ئیدی بابم رووی قسەکانی لەمن بوو، ئەو شتانەی کە بە دایکمی نەدەگوتن بە منی دەگوت.



رۆژێکیان گوتی: ((حەسەن، تۆ دەڵێی من چ کارێکی بکەم... ئەو خودالێخۆشبووە نانبدەی من بوو، چاکەی دەگەڵە من کردبوو، ئێستاش ئەرکێکی سەیری بەمن ئەسپاردووە-وەسیەتێکی سەیری لای من کردووە- تۆ دەڵێی واچاکە من چی بکەم، کە ئۆباڵم نەیەتە ئەستۆ؟... بەهەرحاڵ منی بە رازگر زانیوە، تۆ دەڵێی چۆناو چۆن بە کەریم خانی یا بە خانمێ بڵێم، تۆ بە چاکی دەزانی بیلێم یان نا-نازانم چبکەم!))

گوتم: ((باشە چییە، ئەو وەسیەتە چیە... هەر نەتگوت...!))

گوتی: ((وەڵڵا بڵێم چی... راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو رۆژە چوومە لای هێشتا زیندوو بوو، هێشتا دەوروبەرەکەی خۆی دەناسینەوە... کە چوومە ژوورێ ژنەکەی و کەریم خان و ستارە خانمی لە ژوور سەری بوون. خوا هەڵناگرێ کە چوومە ژوورێ هەموو دڕیان داو وەلاکەوتن. خانم گوتی: ((ئاغا، کوێخا هات!)) هەر کە ئەوەی گوت ئاغا چاوەکانی هەڵێنان، بەڵام هەرچی هەوڵیدا دەنگێکی لە دوولێوانەوە نەهاتە دەرێ... بەڵێ، چاوی هەڵێنان، زۆر لەسەرەخۆ، بەڵام بێهودە... و ئەوجا من گوێم لە دەمی بردە پێشێ... بەڵام هیچ، لە گغەگغ و قرخە قرخ بەولاوە چیدی نەبوو... پێموابێ-وام مەزەندە کرد- تەوشەیەکم لێ هەڵکڕاندبێ... پێموابێ پەیوەندی بە هەمان مەسەلەکەوەبوو...))

((کامە...؟))

((مەسەلەی هەمان کچەتیوە... شیرینی سۆفی ئەحمەدی.))

((دوای ئەو هەموو ساڵانە!))

((ئێستا بۆت دەگێڕمەوەو پێت دەڵێم بۆ پێموایە... بەهەرحاڵ، ئاغا قەزاو بەڵای ئێوەی برد... و ئەوە ماوەیەکە ختووکەی مێشکم دەدا، بەشێوەیەك کە ئێستا بەلای تۆوە دانیشتووم هیچ گومانێکم نییە کە ئەو وشەیەی پێموابێ لێم هەڵکراندووە هەر ئەوەیە کە مەزەندەم کردووە. ئێستا پێت دەڵێم بۆ... دوای رووداوەکە و بەسەردادانەکەی گلاجار بوو. پێکەوە لە گلاجاریڕا دەهاتینەوە ئێرە. وەك بۆ خۆت شارەزای و دیتووتە رێیەکی دوور و درێژ بوو دەبوو بە دەمەتەقێ و پەندو نەقڵانی ببڕین. قسە هاتنە سەر ژیان و مردن و بێ وەفاییە دنیایە کە بۆ کەس تا سەر نامێنێ و بۆ کەس ماڵ نییە و ئەم قسانە- کە ژیانی بنیادەمی بە تاڵە مووەکییەوە بەندەو کەی پسا دەپسێ. گوتی: ((لەپڕ دەبینی، تەقەیەك، دەنگێك لە جێییەکیەوە هات و گوتی!... چییە؟ هیچ فڵانە خان ئارەزووی لێیە دەست بەسەر ماڵ و موڵکت داگرێ... پیاو ناتوانێ تەنانەت پشت بە نزیکترین کەسی خۆی ببەستێ... ئەوە برایەکانن- ئەوە ئیدیکە بەجێی خۆیان! ئەوەتا ئاگات لێیە من تەنانەت کەسێکم نییە جار و

باره ئەوەی لە دڵمدایە بۆی هەڵڕێژم... ڕاستییەکەی هەر کاتێ بەسەرهاتی ئەو کچە بێگوناهو بێنەوایە و دەربەدەر و ئاوارەیەی سۆفی ئەحمەدی و منداڵەکانیم وەبیردێنەوە ئاورم لە دڵی بەردەبێ... ڕەنگە بیستبێشتەوە، ئەو سەفەرەی کە چوومە ئەولای، چووم دڵی سۆفی ئەحمەدیم دایەوە، بەڵام ڕووداوەکە وانەبوو بە دڵدانەوەو لاواندنەوە پینەو پەڕۆ بکرێت و بێتەوەجێ... ئەوجا، بۆ خۆشت سۆفی ئەحمەدی دەناسی، ئەو پیاوە نەبوو لار و نەنگی و سووکایەتییە قبوڵ کا... بەهەر حاڵ کچەکە لەو نێوەیدا سووتاو تێچوو، سووتا و چاکیش سووتا... با لەوەی گەڕێین، ئەوەی کە دەمهەویست پێت بڵێم ئەمەیە: ئەگەر شتێکم بەسەرهات- هەروەك ئەو شتەی دوو مانگ لەمەوپێش-و جۆرێك بووم، لەمنەوە ئەسپاردەی تۆبێ بە کەریمی بڵێ ئەو کچەی لەبیرنەکا- پێیوابێ خوشکی خۆیەتی-بڵێ بابت رایسپاردووەو قسەی وییە و گوتوویەتی ئەوە سپاردەی تۆیە لەمنەوە، من لە گۆڕیشدا هەر ناڕەحەتی حاڵی ئەو کچەم... بڵێ ئەوە وەسیەتی بابت بوو- ئۆ باڵی منت بە ملی ئەگەر پێی نەڵێی، و ئۆباڵی منی بە ملی ئەگەر بە وەسیەتەکەی نەکردم یا نەیکا!)) ئیدی شتێکی لەو بابەتانە و من پێموایە کە بەدوادا ناردنەکەی ئەو ڕۆژەشی هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو مەسەلەیە بوو- دەنا بۆ ئەمن؟ ئەگەر شتێکی دیکە بایە بە کوڕەکەی خۆی دەگوت... ئێستا تۆ دەڵێی من چبکەم؟)) بەلای منەوە دەبێ وەسیەتەکەی جێبەجێ بکەی... دەبێ بە کوڕەکەی بڵێی... دەبێ ئەو یارمەتی بدا.))
بابە گوتی: ((بەڵێ، بۆ خۆشم هەر ئەوەم دانابوو- تۆ هیچ شتێك لەم بارەیەوە بە دایکت نەڵێی...)) ئەو ڕۆژە چەند فرۆکەیەك هاتن، گوتیان ئینگلیزین، بەیانی و دوو بەیانیش هەر هاتنەوە... بابە گوتی دەبێ بچمە شاری و گوێیەکی هەڵخەم بزانم باس و خواس و هەواڵ چییە. چووم، لە شاری دەنگۆ گەرم بوو- زۆر نەرم و لەسەرخۆ لەبن لێوانەوە-دەیانگوت ڕەزاشا هەڵاتووە، دەشیانگوت کوشتوویانە. بەڵام شار هەروەك خۆی ئارام بوو، پاسەوان هەروا دەهاتن و دەچوون و خەڵکیش سەرقاڵی کارو کاسبی خۆیان بوون، چ باس و خواس و هەواڵێکیش نەبوو.

شەو بوو هەموو دانیشتبووین- کە لە پڕ گوند شێوا، دە ڕۆژ بوو ئاغا مردبوو، تازەمان نانی ئێواریێ خواردبوو، کە دەنگی ڕاسان و ڕاپسکان ڕاپسکانێ دە دێیدا گەڕا. بابە وەك جاران نەکا پیاوەکانی سەعید بەگی بن قیت بۆوەو بە پەلە خۆی گەیاندە خڕێ بەرامبەر گوندی و ونبوو... ئەوەم لەبیرچوو، ئاغا سەعید بەگیش هاتبووە پرسەی ئاغای. ویستم بچمە دەرێ، دایکم نەیهێشت گوتی: ((تۆ بچۆ تەویلەیەوە، ئەگەر کەس هات خۆت ئاشکرا مەکە، من دەچم بزانم چ باسە... دەك خوا ئەو ژیانەی ببڕێ، دڵۆپە ئاوێکی ئاسوودەیی و خۆشیەمان بە گەروێدا



نەچوو-دەك خوا بیبڕێ)) و چووە دەرێ. چەند دەقیقەیەکی نەبرد کە بە ڕووخۆشی و شادی و شەنگوڵییەوە هاتەوە، گوتی: ((وەرەوە بابیشت لێرەیە... وەرەوە، چەتەکانن...)) دەستی بۆ لای لێویەوە برد، و زۆر بە نهێنییەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە، درێژەی دایە: ((شیرینیش هاتۆتەوە..!))

((ئێی... دادە شیرین!... جا ئەو بۆ؟))

((جا چووزانم!))

هەموو خەڵکی ئاوایی بە گەورەو بچووك و پیرو جوانەوە، لەبەر دەرکێ ماڵە ئاغای خڕببوونەوە- غەڵبە غەڵبێك بوو مەپرسە. مامۆستا مەلا سەیی شەفیع وەك هەموو جاران قورئان بەدەستەوە بۆ ناوبژیوانییە هاتبوو-ئەوەم دوایە زانی. هەموو پێکەوە بە دەنگی بەرز دەدوان، قاوقیژی ژن و منداڵانیش لەڕاستیدا سەربار و بن باری قسەکان بوون. چ باس بوو؟ ئەو هەراو زەناو نمایشە هیچ دەگەڵ پێکەنین و خۆشی و شادییەکەی دایکمدا تێکی نەدەکردەوە. تاریکە شەوبوو، چاو چاوی نەدەدیت، یەك دوو چرا فانۆس لە نێو حەشیمەتەکەی بوو، بەڵام دەگەڵ ئەوانەشدا هیچ دەموچاو و ڕوخسارێك نەدەناسرانەوەو فانۆسەکان دە نێو حەشیمەت و تاریکە شەوەکەیدا ون ببوون- بەڵام هەرچییەك بایە هەر ڕووی لەوێ دەکرد. چووە پێشێ و هەرچۆنێك بوو سەرێکم خوارکردەوە. مامۆستا بوو... ئای، دادە شیرینیش شەڕواڵ و مراد خانی دەبەر کردبوو و جامەدانەی لەسەری نابوو، و بە شل و ملییەوە بەسەر شانەکانیدا هاتبۆوە خوارێ- دوودەو ((قازمە- پاچێکی بەدەستەوە بوو- سەرو قژی ئاڵۆز و دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، چاوەکانی دەتگوت دوو دەنکە مووروە شەوەی ڕەشن... دەلەرزی. حەسەنیش بە تەکییەوە خۆی بەسەر کلکە بێڵێکیدا دابوو، مامۆستا فەرمایشتی دەفەرموون، و ئامۆژگاری دەکردن: ((دادە گیان، ئەو کارانە کاری موسوڵمانان نییە- موسوڵمانیان موسوڵمان و کافریان کافر گوتووە... حەواڵەی خوایان کە...))

مەسەلەکە چبوو؟ ئەو پاچ و بێڵە بۆ؟...

((دەیانهەوێ گۆڕی داکێ ئاغا و حاجییە ورگەی بدەنەوە... ئێسکەکانیان بسوتێنن)) و بە قسەی دادە شیرینێش بێ بیانهاوێنە بەر سەیان.

((ئاه!))

مامۆستا مەلا سەیی شەفیعیش هەروا بەردەوام فەرمایشتی دەفەرموون، و دەربارەی موسوڵمانەتی و لێبوردن و شەرع و دژە شەرع بوو. سەرنج و وردبوونەوەی منیش هەمووی بەلای ئەوەوە- دادە شیرین-و حاڵەتەکانی ڕەنگ و ڕواژایەوە بوو: سوور دەبۆوە، شین

هەڵدەگەڕا، زەرد دەبۆوە، هەر راست وەك ئەو رۆژەی کە سواری کە رێیان کردبوو و دەیانگێڕا، ئەمە جگە لەوەی کە لە چاو ئەو کاتی روخساری پێگەیشتبوو و خۆی دارشتبوو و گەورە ببوو. بەڵام هەروا وەك هەمان رۆژێ پێستی دەموچاوی وەك باڵندەی ئاوەڕووتکراو هەمووی گرمووڵەی کردبوو. هەروا راوەستابوو و دەشلەرزی- پێموانەبوو ئاگای لە قسەکان بێ... پڕوپیرێژنیش هەموو بۆ ناوبژیوانیە مامۆستای دەست بە سینگەوە پشتیان دەگرت و درێژەیان دەدایە: ((شوورەییە، رۆڵە... عەیبەت دەڵێن! نەنگە- رووی مامۆستای مەشکێنەوە... سەیید ئەولادی پێغەمبەریە، رۆڵە...)) ئا لێرەدابوو کە شیرین لە پڕ بە هەردوو دەستان پاچەکەی بڵند کرد... گوتم، نەکا ئێستا بیوەشێنێ و کەللەی مامۆستای وردو خاش و لەت و پەت کا! هەموو هەناسەیان لەخۆ بڕیبوو، هەندێ لە منداڵەکان هەڵاتن... هەندێك ژن دەستیان بۆ چەناگەی خۆیان برد... بەڵام ئەو پاچەکەی لەسەرخۆ لە هەواوە هێنایەوە بەرپێی..!

و بە زریکانەوە گوتی: ((بیبڕنەوە، بەسە ئیدی! ئەدی ئەو رۆژەی کە منیان سواری کەرێ کرد، و ئەو کووکەیان بەسەر هێنام موسوڵمانەتییەکەتان لەکوێ بوو! پوورە زلێخا، کەسێك هات بڵێ ئەوە موسوڵمانییەتی نییە!؟... ئێستا کەوایە گۆڕی ئەو پیرەمێردە خودا نەناسەی دەدەمەوەو ئێسکەکانیشی وەپێش سەیان دەکەم!... نەزرم کردووە، پەیمانم بە خودای خۆم داوە... بیست بە هیوای ئەو رۆژەوەم!)) و فیزماڵکی دایە. لە هەموو لایەکیڕا گرتیان، ئەویش هەر هەوڵ و تەقەللای بوو و زریکاندی. ((موسوڵمانیەتەکەتان لەکوێ بوو! کەسێ هات بڵێ ئەوە موسوڵمانییەتی نییە!...)) ئەو قسانەی هەموو دەگەڵ بابە سەیی بوو. دیسانەوە لە هەموو لایەکیڕا گرتیانەوە. گوتی: ((بەرمدەن! دەستم لێ مەدەن..! من پیسم... من سۆزانیم..!)) ژنانی دەوروبەری گوتیان: ((دوور لە تۆ، رۆڵە... پەرژین بێ لە تۆ! تۆ لە گوڵێ پاکتربووی، ئەو قسانە چیە دەیانکەی- دوور لە تۆ!))

حەسەن گوتی: ((وازی لێ بێنن، کارتان بەسەرییەوە نەبێ... لێیگەڕێن... راستدەکا، ئەو پیرەمێردە بە خۆ و بەگەزێك ریشەوە فتوای دابوو.. لێیگەڕێن!...))

شیرین لەناو حەشیمەتەکەی هاتە دەرێ، بەڵام زۆر دوور نەکەوتەوە-رێیەکی نزیکتری دیتەوە: بە پاچان وەرگەڕایەوە پایەی دیواری ماڵە ئاغای-لێدەو لێدە!.

کەسی ماڵە ئاغای لەو دەوروبەرانەوە نەبوو، هەموو خۆیان لە ژوورانەوە خزاندبوو، و کەمترین دەنگێك لە ماڵێوە نەدەهات. بناغەی خانووەکە بەردبوو و هەروا پریشکە ئاگر بوو لە نووکی پاچەکەیەوە هەڵدەستا و لە تاریکییەوە دەخزا. ئێمە راوەستا بووین، و بە بێدەنگییەوە سەیرمان دەکرد. سەروپرچ ئاڵۆز، لەش و لار پڕ پێچ و جووڵە، دەموچاو شەلاڵی ئارەقە... ئاه، بۆ مامۆستایەکی هونەرمەند ئەو بارودۆخ و جووڵە و بزاوتەی وێنەگرتبایە و تۆماری کردبایە! داخوا چی بەدڵ و بە مێشکیدا دێت و دەچێ و چی لە هەناویدایە؟ ئایا لە کرۆکی دڵە پڕ ئێشەکەشییەوە تروسکەیەك سەری بە ناخی گیانە تاریکەکەیدا دەکرد و دەپەڕیەوە ئەوێ؟ بۆ بناغەی ماڵە ئاغای دەدایەوە؟-چونکە بێ وی چاوی بەرایی نەدەدا سەیری ماڵەکەی کا!؟

نازانم، ئەوانە پرسیارێك بوون کە بە مێشکی من و رەنگە بە مێشکی ژمارە کەسانێکی دیکەشدا هاتبن و چووبن. پیرێژنەکان زەردەخەنەیەکی تاڵیان بە لێوانەوە بوو و بە ئاخ و داخێکیشەوە سەریان بادەدا و بەردەوام ئاخیان هەڵدەکێشان... و ئەویش هەر پاچی رادەوەشاند. هێندەی پاچ وەشاند تا داخی دڵی خۆی رشت ئەوجا پوورە زلێخا چووە پێشێ، لەسەرەخۆ دەستی برد پاچەکەی لێ وەرگرت- هێچ بەرگرییەکی نەکرد... دیاربوو هەوڵ و تەقەللای دەروونی هەرچی هەبوو بە ئاکام گەیبوو؛ دیاربوو لەو زۆرانبازییەی کە لە مێشك و گیانیدا دەگەڵ چارەنووسیدا دەستە و یەخە بوون چارەنووسەکە سەرکەوتبوو-لەشی شەکەت ببوو و تەسلیم بوو...

بەرگری نەکرد، لەبن دیوارییەوە هەڵتووتەکا، سەری دەنێو هەردوو ئەژنۆیەکانی گرت و پڕ بە دڵ گریا... و ژنەکانیش دەگەڵیدا گریان...

دەنگی بابەی حەشیمەتەکەی بەلای خۆیدا بادایەوە:

((جەواهێر، کوڕەکان ماندوون، زوو بگەوە ماڵێ سەماوەرەکەی تێهاوێ، با پیاڵە چایەکی وەخۆن...)) دادە شیرین هەروا دەگریا، و ژنەکانی دەوروبەری تا دەهات لێ دەتەکینەوەو دەڕۆیشتنەوە، دەستیان لە ملی وەردێنا و ماچیان دەکرد... و ئەویش بە دەم گریانێوە، جار جارە زەردەخەنەیەکی کاڵی لە رووا دەکردن-و هیچیدی، جگە لە هەندێ هەنیسکی کچانەی کە دەیهاتنێ.

پیاو و کوڕوکاڵەکان کۆمەڵ کۆمەڵ راوەستابوون، قسەیان دەگەڵ چەتەکاندا دەکرد و بە حەسرەتەوە لە تفەنگەکانیانەوە دەڕوانین. رەشە خەرامان لەلایەکیەوە راوەستابوو، رەنگی پێنەمابوو و دە دادە شیرینەوە رامابوو...

دایکم زۆر بە نهێنییەوە بە بابەی گوت: ((ئاگات لێبوو، گەردانەکەی خانمێ گەورەی لە ملیدا بوو...!)) فڕۆکەکان هەمدیس هاتنەوە و بڵاوکراوەیان هەڵرشتن- گوتیان دێین و هاتیشن- سوێند خۆران بوون، گوتیان دۆست و هاوپەیمانی مەن، گوتیان ئازادیان بۆ هێناوین، گوتیان رەزا شا دیکتاتۆر بووە، مەملەکەتی تاڵان کردووە، خەڵکی رۆژ ڕەش کردووە. بەستەزمانانە لەبیرتان چوو بۆوە دەرادیۆو چاپەمەنییەکانیاندا چیان گوتبوو، و چ شتێکی لە

ئەقڵ بەدەریان بەڕیشییەوە هەڵواسیبوو و چۆن بەهەر بۆنەیەکییەوە ئەویان دەکردە ئەندازیار و بناغەدانەری ((ئێرانی نوێ)) و ((ئێرانی پەهلەوی)) و ((ئێرانی سەردەمی تازە)) و پێیاندا هەڵدەگوت! لە بیریان چووبۆوە کە بۆ خۆیان توخمەکەیان دابوو. باوك و باپیرانی ئێمە شتێکی دیکەیان ویستبوو و مەشەدی شتێکی دیکەی دابوو: ((مەشەدی مەشرووتە هەس؟))- ((مەغشووشەمان هەس)) و مەغشووشەیان دابوو... بەڵێ، رەزا شا رۆیی، فەرشی ژێر حوکومەتی رەزا شای پێچرایەوە و بەڕەی حوکومەتی **محەممەد** رەزا شای راخرا و لە شارەکەی مە و شارەکانی دەوروبەرێشدا، عەشایر لە جیاتی رەزا شا و کوڕەکەی بە پارە و پووڵی ئەو خەڵکی خوایەی سفرەیان لێ بلاوکرد و غەمیان لە دڵیدا نەما. جلی کوردی باوی هاتەوەو کەوتەوە بازاڕی، پشت و کەمەر پان و پۆڕبوونەوە، کەللە سەرەکان زل بوونەوەو نافۆك- نافۆکی گەورەکان- داکەوتنەوەو شۆڕبوونەوەو سوار سوارێن و تەقە و جلیتبازێن ڕەونەقیان پەیدا کردەوە و بازاڕیان گەرم داهاتەوە...

سەردەمی ئازادییە وەدەرکەوتبوو و گەیبوویە...

-١٤-

من ئیدی تا ساڵی ١٣٢٦-١٩٤٧ز نەچوومەوە پایتەختێ، و ئەوەش ئەو کاتە بوو کە حوکومەتی **محەممەد** رەزا شای جێگیرببوو، منیش خانەی مامۆستایانم تەواو کردبوو. هەروا دووراو دووریش باس و خواس و حاڵ و باڵی شار و گوندەکانم لەو کەسانە دەپرسی کە رێیان دە تارانێ دەکەوت. هەروەك دەیانگوت کەریم خان باڵی بەسەر بەڕێوەبردن و چاوەدێرییە ماڵێدا بەو پەڕی لێهاتووییەوە کێشاوە، دەگەڵ سەعید بەگی ئاشتبۆتەوە، کۆنە کینە و دژایەتییە یەکتریان وەلاناوەو کۆتاییان پێ هێناوەو باسی ئەو خۆشەویستی و تەباییەی دەکەن دەگەڵ زڕدایك و خوشك و براکانیدا: هەمووی ناردوونە بەرخوێندنی قوتابخانە، رێزێکی زۆری بۆ باوەژنەکەی داناوەو باوەژنەکەی تا بڵێی رازییە و سەروبنی زمانیشی بۆتە: ((خوایە بەرەکەت لە تەمەنت کەوێ ئیشاڵڵا، خوا دەزانێ ئەگەر ((کاکە)) نەبووایە ئێمەی زەعیفە چ خاکێکمان بەسەری خۆماندا دەکرد))-کاکە، کەریم خان بوو. کەچی وەك دایکم دەیگێڕایەوە ئەو دەمەی کە ئاغا مابوو و ئەو کوڕە گرانەتای گرتبوو ئەو باوەژنە سەری لە خەنەدا بوو، لە خۆشییان-کە دەمرێ و ئیدی ماڵەکەی بۆ یەکسەرە دەبێتەوە. دەیگوت ((دەك بە قوربانی بەشت بم خودایە- کافری پێ موسوڵمان دەبوو! ئمم بەرەکەت لە تەمەنی کەوێ!))



ماوەیەکی زۆر دادە شیرین و حەسەن و منداڵەکانیان باس و خواس و هەواڵێکیان نەبوو. تەنیا هەواڵێك کە هەبوو ئەوەبوو کە بابە سۆفی مردووە (خودای لێخۆش بێ- وەلی خودای بوو. گیانی غەریقی رەحمەتی خودای بێ، و دەگەڵ ئەولیایاندا حەشرکرێ..! دەگەڵ مردووی هەموو لایەکی، ئامین!) دادە شیرین و منداڵەکانی ئێستا ئیدی لە پێنجوێن نین، و چوونەتە ((هەولێر))ێ، دەبێ چ بووبێ کە لەوێ رۆیون، ئایا بردوویانن یا هەر بۆ خۆیان چووون- ئیدی ئەو شتانە دیار نەبوون.

دیارە ئەوانە هەمووی هەر قسە بوون، ئەوەی کە راست بوو ئەوەبوو کە ئیدی لە پێنجوێن نەمابوون و لە هەر جێیەکیش بووبن دوور بوون، و باس و هەواڵیان نەدەهات.

هەروەك جاران هاوینە و پشووی هاوینەیە... بێگومان پێش هاتنەوەم بۆ شار و گوند و زێدەکەم شەو و رۆژێکی لە ماڵێ پوورزای مامەوە. پوورزا پیرببوو، و کەمتر دەچووە سەر دوکانێ، کاروباری موغازەکە زیاتر مەحموود بەڕێوەی دەبرد و ئەو مەحموودەی کوڕیشی بە یەك دوو ساڵان لە من چووکەڵەتر بوو و خودی پوورزاش زۆربەی کاتەکان یا لە مزگەوتێ بوو یا لە ژوورە عوروسییەکەیدا بوو کە بەسەر چۆم و چۆمەلانێیدا دەڕوانی و تەزبێح بەدەستەوە لەبن لێوانەوە هەروا خەریکی ویرد و نزاو پاڕانەوێ بوو. پوورە حەبیبەش پیر ببوو. هەردووکیان، هەمیشە بە دیتنێم خۆشحاڵ بوون-رەنگ و رووی پوورزای کە دەیدیم راست بە رەنگ و رووی ئەو باغەوانەی دەچوو کە بۆ خۆی شلکە نەمامێکی ناشتبێ و گەورە بووبێ و وەبەرهاتبێ- ماشەڵڵا! تا دەیگەیشتمێ و دەستم ماچدەکرد وەك پەنجە بە دوگمەیەکی تایبەتیدا بنێم، گلۆپی پشت چاوەکانی هەڵدەبوون و زەردەخەنەیەکی خۆشیی پان و پۆڕ هەموو دەموچاوی دادەگرت. پوورە حەبیبە دایکانە دە روخسارمدا وندەبوو و چاوی لە زارمەوە دەبڕی، وەك ئەوەی من بیلێم دوڕ و گەوهەربێت و ئەویش نەهێڵی تەنانەت دانەیەکیشی لەبەرچاوان ون بێت... و ئەوجا ((هێی هەی! کاکە حەسەن پیر بووین!... خوا تەمەنی ئێوەو هەموو لاوێکی خەڵکی درێژکا... جەرگی هیچ داکێك نەسووتێ خوایە!)) و دوایەش هەمان پرسیاری ئاشنا: ((ئەوجا کەی بە سەلامەتی یەکجاری دێیەوە لای خۆمان... ئاخر، رۆڵە، براژنە جەواهێریش کەمی رەنج نەکێشاوە... ئەویش پیربووە... ئێوەی جحێڵ و لاو بۆ هێندە کەمتەرخەمن؟))

پوورزا هەر بەو زەردەخەنە و گورجییەوەی کە سەروچاوی داگرتبوو گوتی: ((ژنەکە، بێتەوە کوێ بۆ لای خۆمان! ئەو جێی لێرە نەماوە. وا لە کاکە حەسەنی مەگە-ئێستا ماشەڵڵا سەری گەورە بووە، کڵاوی مەی بەسەری ناکا و بۆی نابێ، ئێستا گەورەیە دوازدە پۆلی خوێندن تەواوکردووە، کاکە حەسەن بڕوانامەی پۆلی پازدەشی وەرگرتووە- ئەوە تۆ لە کوێی!))

پووره حەبیبە هەروەك سەیرترین سەیرەكانی رۆژگاری بیستبێ، زاری بەش ببۆوە، كە لەسەر سامییەكەی هاتەوە سەرخۆ گوتی: ((ماشەڵڵا، ماشەڵڵا-زۆر سوپاس بۆ خودا! من چم نەزانیوە..!) هەستایە پێ و بە كوورە كوورەوە مەقاڵەی ئاگرەكەی هێناو ئەسپەندی بەسەردا سووتاند و كردییە دووكەڵ.

((ماشەڵڵا... هەر تەمەن درێژبی، دایكت زگی پێت نەسووتێ، ئیشاڵڵا..!)) و ژوورەكەی پڕكرد لە دووكەڵی ئەسپەندێ. بەوەشی دڵ دانەكەوت: بە چمكی لەچكەكەی دووكەڵەكەی بەرەو لای منەوە باوەشێن دەكرد... پوورزا بە هەموو پاكییە هەمیشەییەكەیەوە گوتی: ((جا لێرە جێ كوا... یانی هەیە، بە كەڵكی خوێندنی وی نایە... باشە، ئێستا بە تەمای چبكەی... حەبیبە راستدەكات، براژنە جەواهێر و پوورزاش پیربووون ئیدی... پێتوایە چبكەی؟))

گوتم: ((وەڵڵاهی، پوورزا بۆ خۆشم نازانم جارێ تێماوم... جاری وایە  لە دڵی خۆمدا دەڵێم هەڵیانگرم و بیانبەمە لای خۆم، دوایەش پەشیمان دەبمەوە... تێماوم. ئێوە دەفەرموون چبكەم؟))

پوورزا گوتی: ((نا رۆڵە، كاری وانەكەی، بەسەری پیری و ئاخیری عومری ئەو بێنەوایانە ئاوارەی وڵاتی غەریبیان مەكە... ئەگەر پێ راگەیشتی و خوا دەستێكی دای و لە خۆت زیادبوو، جارو بارەیەك یارمەتییەكیان بدە بەسە... ئێمە... دەگەڵ ئێرە راهاتووین. ئەوێ بۆ خەڵكی خۆی باشە... و ئێرەش بۆ ئێمە. ئێمە بێرە راهاتووین... بەسەری پیری ژیانیان لێ تاڵ مەكە-وازیان لێ بێنە با لە خاك و ئاوی نیشتمانەكەیاندا سەر بنێننەوە. وەك ئەوەیە بێنی پەڕوباڵی هەمان ئەو حاجی لەك لەكەی سەربانی ئێرە ببەستی و بیبەیە سەربانی یەك لە خانووەكانی ئەوێ... ناحەوێتەوە، ئەگەر هەر بشتەوێ بە زۆرەكی بیهێڵییەوە دەمرێ... نا، رۆڵە، هەر یارمەتییەكە بەسە، و ساڵێ یەك دوو جارانیشیان سەرێك لێدە...)) پووره حەبیبە گوتی: ((ئای داك و بابی بێ دەرەتان و بێچارە! منداڵی گەورە دەكەن، تا پەڕەوازە دەبن، كە پەڕەوازەش بوون هەر یەكەی بە ئارەزووی خۆی لێدەدا و دەڕوا و دایی و بابان بە تەنێ بەجێ دێڵن و بێكەس و بێدەر دەمێننەوە...))

((باشە دەی، ئەوە رەسمی رۆژگارە، هەر لە باڵندەو گەزەندەو خزندە و رەوەندەوە بگرە هەمووی هەر ئاوایە... بۆ ئێمە لای دایك و باوكمان ماینەوە!... نا، كوڕەكەم، ئەو ستەمەیان لێ مەكە-خوا هەڵناگرێ، ئەوەی لە مامی خۆت وەرگرە، هەرگیز بیر لەوە مەكەرەوە...))

سۆراغی پووره ئایشە خانم لە پووره حەبیبەی كرد-كرێ گرتەی ئەوان بوو، گوتی: ((ئای رۆڵە... ژنێكی بەدبەختە. هەر لە هەوەڵێوە چاكی بۆ نەهات. هەر كە دایانە وی... چ بڵێین، لە پاش مردووان رحمەت چاكە... بەخۆڕایی دایانە ئەو پیاوە خوا لێخۆشبووەی...))



((كێهە؟))

((كا سەلیم ئیدی...))

((چۆن بۆ- كا سەلیم مرد؟))

((نا رۆڵە، كوشتیان...))

((كێ كوشتی؟))

((كەس نەیزانی رۆڵە، خوا دەزانێ، هەر یەكە شتێكی دەگوت، هێندێك دەیانگوت لەسەر قوماری بەشەڕ هاتووە و رەفیقێكی خۆی كوشتوویەتی... بۆ خۆت دەزانی بەناشكوری نەبێ قومارچی بوو. ئەگەر سێ شایی پارەی وەدەست كەوتبایە، لە ژنە بێچارەكەی ئەستاندبایە دەچوو دەیكردە قومار. ئاغا- پوورزا- زۆریشی ئامۆژگاری كرد، بێ سوود بوو... باشتر كەوا بوو، دیارە خوا وای پێ چاك بووە، خۆ بۆ ئەو ئایشە خانمە بێ چارەیەش هەر مێرد نەبوو- یەك نانخۆری جێگر بوو و هیچی دی، ئاغایەكیش بوو بەسەریانەوە، بۆ خودی خۆشی هەر رۆژەی گوناهێك بوو. لۆژە لۆژ بێكار و كاسبی دەسووڕایەوە؛ و ببووە چەل و مل بە ملی ئەو ژنە داماوەیەوە، دەگەڵ ئەوەشدا لێشیدەدا... باشە ئیدی ئەو چووە جێی هەقێ و ئێمە لە ناحەقیان ماوین... خوارەحمی پێبكا!))

((دوایەش هەر كەس نەیزانی كێ كوشتوویەتی-و كەینێ بووە؟))

((نا رۆڵە، پێرار بوو، هێندێك دەیانگوت لەسەر قوماری كوژراوە، هەندێكی دیكەش- راست و درۆ خوا دەیزانێ- گوتیان چۆتە سەرجێی ژنێكی بە مێرد و مێردی ژنەكەی كوشتوویەتی... خوا دەزانێ. ئێمە ئەوەندەمان ئاگا لێیە كە بەیانی ئاغا و خەڵكی دی چووبوونە مزگەوتێ بۆ نوێژێ-مزگەوتی گەورە- تەرمەكەیان دیبوو لەوێ كەوتووە-لەبەر دەركێ... و گۆشاو گۆشیان سەربڕیوە...))

((پەنا بە خوا!))

((ئەدی رۆڵە، خوا تەمەنتدا، ئەو ژنە داماوە زۆری پێخۆش دەبێ ئەگەر بچی و سەرێكی لێ هەڵێنی-ئێستا بە تاقی تەنێیە... زۆر داماوە...))

((ئەدی كوڕەكەی؟))

((كوڕەكەی، ڕۆڵە، چووە بۆتە جەندرمە؛ هەمیشە لێرەو لەوێیە... مانگی جارێكی ئەگەر بێتەوە لای دایكەكەی...))

بە ڕێنماییە پووره حەبیبەی چەند مەترە كودەرییەكم كڕی كە ئەو رۆژانە بۆ كراسی ژنان باوبوو و چوومە ماڵێ ئایشە خانمێ. بەستەزمانە تا خوا حەزكا پێی خۆش بوو، وەك دنیایان

دابێتیێ، دەستی لە ملی وەرێنام و جا وەرە ماچ کە-و ئەوجا گریان- گریان بۆ بێکەسییە خۆی، بۆ کا سەلیمی و هەمدیس بۆ بێکەسییە خۆی. هەموو لەشی سیس و ژاکاو و زەرد و چرچ و لۆچاوی بوو؛ روخساری کە هیچ کاتێ بای پێداهەڵدانێی جوانی پێوە نەبوو، بەدەست رەنج و ئازار و غەمو خەفەتی ژیانیشەوە هێندەی دی داکەوتبوو. لە جیاتیان کا سەلیم گۆڕابوو. کا سەلیم ئەو کا سەلیمەی جاران نەبوو. بەڵکە تا بڵێی پیاوێك بوو بیبڕێری- زەبرو زەنگەکەی هەموو نەرمی و دزێویەکەی هەموو ببووە جوانی. گۆڕەکەی پڕ بێ لە رووناکی، سایە و سێبەری سەری بوو، مێردی بوو، بابی کوڕەکەی بوو.

((ئەدی، کاکە حەسەن گیان، لە دەورت گەڕێم، سەیری زمانە ناخۆشەکەی مەکە-لە خۆی دڵپاکتر هەر نەبوو، لە خۆی سادەو ساکارتر هەر نەبوو- هەر راست وەك منداڵێکی شیرە خۆرە.)) ئەوانەی دەگوتن و خۆشی رادەژاند. ((هەرچی بوو هەر ئەوەبوو کە دەتدیت)) ئیدی ئەوە نەبوو کە لە ڕوودا شتێك بڵێ و پاشەملەش شتێکی دی-حاشا! ئەگەر پاشەملە قسێکی کردبایە بەخۆی دەگوتەوەو خۆی سەرزەنشت دەکرد. هەر کاتێ دەگەڵت تێکچووبایە، باوەڕت بێ یەك هەفتەی تەواو خۆی دەخواردەوە. هەر دەهات و دەچوو و دەیگوت: ((ئایشێ، تۆ پێتوایە کاکە حەسەن لە من رەنجابێ!؟... خۆ من هیچم نەگوتووە... ئەدی ئەوە بۆ وەك جاران نایەت و دەگەڵماندا دانیشێ؟)) دەمگوت: ((ئاغا، نارەحەت مەبە، کاکە حەسەن ماشەڵڵا منداڵێکی ئاقڵ و دانا و تێگەیشتووە، دەزانێ تۆ هیچ مەبەستێکت نەبووە... دەزانێ کە بەناشوکری نەبێ دەست کورتی...)) ئاخر کاکە حەسەن گیان، خۆ تۆ بێگانە نیت، هەر لەدێر زەمانەوە لە پیرو پێشینانەوە گوتوویانە کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، و بەناشکوری نەبێ ئاغا دەستی کورت بوو؛ ئەو پیاوە داماوە هەتا مردیش بۆ خۆی هەر پیادە و رزقی هەر سوار بوو، هەرچی دەکرد وەك بەنی سوژنێی لێهاتبوو- یا وەك دەزوو و دەرزی- هەمیشە بەدوای سوژنێوە بوو کەچی هەر نەدەچووە تێی. خۆ تۆ غەریبەیەك نیت، بێچارە دەستی بۆ هەر کارێکی دەبرد زیانی دەکرد و بۆی نەدەهاتە پێشێ... جارێك، دووجار، دەجار، سەدجار، هەروابوو... ئەستەغفیروڵڵا ئەگەر فریشتەی خوداش بایە یاخی دەبوو، دەنا کاکە حەسەن گیان، بەو خودایەی لەوی دڵ و دەروون چاکتر نەبوو-و هەر ئەو سادەو ساکاری و دڵ چاکیەشی بوو ماڵوێرانی کرد و لە ناوی برد...)) و هەمدیس گریان. بێدەرەتان و داماوە دڵی پڕ بوو. هەروا بەو جۆرە کە بۆ خۆی دەگەڵ کا سەلیمی ئاشت ببۆوە، ئێمەشی دەگەڵ ئاشت کردەوە، و زۆریشم پەرۆشی مردنەکەی بوو. بە واتای ئایشە خانمێ هەر نەبا خۆ مێردی بوو، چەتری سەری بوو، بابی کوڕەکەی بوو. هەواڵی ئیبراهیمم پرسی.



گوتی: ((بە بابی کوڕان بی، ئیشاڵڵا... سوپاس بۆ خوا ساغ و سەلامەتە، چاوی لە دەستی ئەم و ئەوەوە نییە- ئەوەندەش زۆرە... پێتوایە داخوا ئەمە چ دەخۆین و چماندەوێ؟))

نەیگوت بۆتە جەندرمە- ژاندارم- منیش نەمگوت بیستوومە بۆتە جەندرمە- نەکا پیرێژن تەریق بێتەوە، چونکە کە باسی وی دەکرا دەمارە ئاخێکی لێ لە قسانییەوە دیار بوو. هەرچییەکم کرد سەری نەگرت، سەماوەری هەر تێمهاویشت و تازە دەبوو هەر دانیشم و پیاڵە چایەکی هەروەخۆم تا بیسەلمێنم کە هەر کوڕەکەی جارانم و لەخۆم نەگۆڕاوم و نەبوومەتە تارانی. یەك دوو دەقیقان ونبوو. لەبەر خۆمەوە گوتم کارێکی نابەجێم کرد، نەدەبوو مابامایەوە، دەبێ هەر چووبێ لەو ماڵە دراوسێیانە پووڵێك شتێك قەردکا و میوەیەك شتێکی بۆ من پێبکرێ... دیتم دەگەڵ دەرودراوسێیە کۆنەکانی جاران هاتەوە: ئامینە خانم و نازێ خانم و ئەختەر خانم-کە هەموو یەك دنیا خۆشحاڵبوون، وەك خۆشەویستترین کەسیان لە سەفەرێ هاتبێتەوەو دووبارە بازاڕی ماچ و مووچان...

ماشەڵڵا ماشەڵڵا چۆنم هەڵدابوو و چ باڵایەکم کردبوو، چۆنم خۆ داڕشتبوو..! ئایشێ خانم هەستا و ئەسپەندی هێنا و کردییە ئاتەشخانەی سەماوەرەکەوە: ماشەڵڵا و لە چاوی پیس بە دوور بێ ئیشاڵڵا... دوایەش زۆر بەجۆش و خرۆش و خۆبادانێکەوە گوتی: ((ئامینە خانم، کاکە حەسەن گیان هەر بە تەواوەتی شەرمەزاری کردووم، ئەگەر دەزانی چی بۆ هێناوم!))

((خوا تەمەنی درێژکا، خوا بە داکێ خۆی بیڵێ. کارێکی زۆر چاکی کرووە، ئاخر تۆش کەمت دایکایەتی دەگەڵدا نەکردووە!))

ئایشە خانم کودەرییەکەی هێناو لێکی کردەوەو پوورەکان لەولاولاڕا دەستیان هێناو نەرمو شلی و توومند و تۆڵی پارچەکەیان تاقیکردەوە...و بە حەسرەتێکەوە تێیانەوە ڕوانی.

((پیرۆزە ئیشاڵڵا... بەسەر و دڵی خۆش ئیشاڵڵا... بۆ شاییە کاکە ئیبراهیم گیانی دەبەرکەی ئیشاڵڵا...!))

((کوڕت نەمرێ، ئیشاڵڵا... ئیشاڵڵا لە شاییە کاکە مەنسوور گیانی دەبەرکەم و پێوەی بۆ هەڵپەڕم...))

دانیشتن و دەستمانکرد بە گەنجەفەو جەفەنگ لێدانێ - قسەکانی زیاتر پرسیار و وەڵام بوون: لە کوێم، چ دەکەم، خوێندنم تەواوکردووە، یا هێشتا هەر دەخوێنم؟ باشە ئەوە ئەو دەرس و دەورە هەر تەواو نەبوو بە سەلامەتی!؟ - هەر لە تارانێم، دامەزراوم - مامۆستام. بەخۆشی ئیشاڵڵا... مامۆستا، یانی چی؟ - مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی - ئێ ێ زۆر بە شل و پلییەوە - مانگی چەندی وەردەگری؟)) - ((سەدو پەنجا تمەن...)) - ((وا!)) زۆر بەسەر

سامییەوەو زۆریش بەتاسەوە ((ماشەڵڵا... ماشەڵڵا... زۆر سوپاس بۆ خوا!...)) ئەختەر خانم گوتی: ((کاکە حەسەن گیان، بە سەلامەتی چ لەو هەموو پارەیەی دەکەی-ناکا رۆژێ نان و ئەسکینناسی بخۆی!))

گوتم: ((نا، پووریێ، ئەو پارەیە بۆ وێ هەر هیچ نییە، من لەوێ مانگێ پەنجا تمەن کرێی دوو ژووری وەك ئەم ژوورە دەدەم)) ئەوجا پارەی ئاو و پارەی کارەباش لەوێ راوەستێ، پارە هەر بۆ خۆی دێت و هەر بۆخۆشی دەڕوا- بە زەحمەت بگاتە سەری مانگێ...))

((ها... پەنجا تمەن، وەڵڵا خوا هەڵناگرێ!... کێ چێشتت بۆ لێدەنێ- بە سەلامەتی ژنت هێناوە؟))

((نا، پووریێ، ژنم نەهێناوە، زیاتر هەر لە دەرەوە نان دەخۆم- لە چێشتخانە، جاری واشە خواردنی قوتوو...))

((گوتت لە کوێ..؟))

((چێشتخانە... جێیەکە وەك... وەك قاوەخانە، بەڵام کەمێك پاکتر...))

((وای..!)) جا قاوەخانەش بووە جێ!

((چوویەوەو داك و بابت بە سەلامەتی دیتن و ئەوە ئێستا دەگەڕێیەوە؟... باش بوون، بە کەیف بوون، ئیشاڵڵا؟...))

((نا، دوێنێ هاتوومەوە، هێشتا نەمدیون- بە نیازم ئەگەر ئۆتۆمبیل هەبێ بەیانی بچمەوە ماڵێ.))

((بە سەلامەتی ئیشاڵڵا...))

ئایشە خانم گوتی: ((ئەدی، کاکە گیان دوێنێ شەوێ لە تارانێڕا هاتۆتەوەو ئەمڕۆش هاتۆتەوە ئێرە ماڵەکەی خۆی سەرێك هەڵێنێ.)) زۆر بە خۆشحاڵییەوە.

((بە سەلامەتی ئیشاڵڵا-ئیشاڵڵا هەر یەکجارەکیش کچێکی لەوانەی لای خۆمان بێنەو دەگەڵە خۆتی بەرە... کچە تارانی بە کەڵکی ئێمە و مانان نایە، کاکە گیان!))

گوتم: ((ئیشاڵڵا...)) هەموو پێکەنین، ((من چاوەڕێی ئێوەم، ئێوەش پوورینە دەبێ غەمێکتان لەبەر بێ، ئێوە ماشەڵڵا هەروا دانیشتوون و کەس غەمی لەبەر نییە و کەسیش بەسەر خۆی ناهێنێ!))

هەموو پێکەنینەوە، ئەختەر خانم گوتی: ((وەی بە چاوان!... کچمان هەن ماشەڵڵا وەك پەڕەی گوڵێ، وەك نوقڵە تووتڕکان، لەسەر لێوان دەتوێنەوە...))



گوتم: ((من ئەوە هەر لە ئێستاوە زارم پڕبوو لە ئاو...)) دیسان پێکەنینەوە ((پووریێ، با جارێ من خۆم ئامادەکەم - وە نییە پووریێ؟))

((ئەدی، پووریێ گیان...))

چایەکەشمان هەروا بە دەم قسەو دەمەتەقێی بێ ئارایشتەوە خواردەوە، و ماڵئاواییم لە پوورەکان کرد... هەر لە ماڵێ ئایشە خانمێوە یەك رێ چوومە گەراجی. ئۆتۆمبێلیان هەبوو-ئۆتۆمبێلی باری، کە بەیانی رۆژی دواتر وەڕێ دەکەوت. ((پێشەوە))م گرت و کرێی پێشەکیمدا. ماڵێ پوورزای لەسەر رێیە بوو. بڕیاربوو سبەینێ بەیانی بە قسەی خۆیان، لەبەر دەرکێ لەسەر رێیە، نووکە ئیستۆپێکی بکەن و سوارم. ئەو دەمی بارودۆخی رێ و بانێ زۆر خراپ بوو و ئۆتۆمبێلی باری ئەو دە فرسەخەی نێوان شارۆچکەی مەو شاری پوورزای بە هەشت نۆ ساعەتان دەبڕێ و بە دەگمەن عەسرێ بە درەنگ وەختەوە یا دەوروبەری شێوان یاڵڵا دەگەییە لاپاڵی چیای-گەردەنە- نزیك شارۆچکەی. هەوڵیان دەدا نەکەونە شێوان یا شەوێ. رێیەکە دڵنیا نەبوو و دوای نیوەڕۆیان بەدەست چەتانەوە بوو، جەندرمەی پاسگایەکانی گەردەنەی یا ئەوانی سەر رێیە هەر لە عەسرێوە-ئەگەر تاوەریان هەبایە- پەیژەکانیان هەڵدەکێشانەوە سەرێ و هەرچییەکیش قەومابایە ئەوان لەناو تەوەر و جێیەکانی خۆیانڕا نەدەهاتنەوە خوارێ و لەوێ نەدەبزووتن: گوێیان لە تەقەی بوو، بەڵام خۆیان لێ کەڕ دەکرد، یانی حیزی و سەلامەتی.

دەوروبەری دەی بەیانی بوو کە دەنگی هاڕە هاڕی مەکینەی و هیسە هیسی ئیستۆپی لەبەر دەرکێ بڵند بوو و من بە پەلە ماڵئاواییم لە پوورزاو پوورە حەبیبە و منداڵەکان کرد، و لە ماڵێ هاتمە دەرێ. هەروا کە لە پلیکانەکانی پێش دەرکی دەرێ کە دەچوونەوە سەر شەقامێ دەهاتمە خوارێ، هەروا سەرپێیی ئۆتۆمبێلەکەم تەماشاکرد: دوو ژن و چەند منداڵێك و چەند پیاوێك لەسەر باریەوەو جەندرمەیەکیش خۆی بە چامەللغی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە گرتبوو و تفەنگەکەشی سەرەو ژێر بە دەستەوە بوو و بەرەو پێشەوەی رادەنا. وەك ئیبراهیمی کوڕەکەی ئایشە خانم دەچوو! دەموچاویم چاك نەدیت، وەك بڵێی بە ئانقەست رووی وەرگێڕا، منیش زۆرم پەلەی دیتنێی نەکرد. لەبەر خۆمەوە گوتم رەنگە بەستەزمانە شەرمێ بکا کە دەزانێ من گەیشتوومەتە جێیەکی و ئەویش جەندرمەیە. بەڵام بە دیتنێی - بە دیتنی جەندرمێکی کە دەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەی مەیە-ناڕەحەت بووم. کەسانی چەکدار، بە سەرباز و جەندرمەوە جگە لەوەی کەمایەی دڵنیاییەش نین بۆ رێیە دەبنە مایەی دەردەسەریش. چەتە ئەگەر رێ بە ئۆتۆمبێلان بگرن هەر بۆیەیە کە گیرفانی نەفەرەکان بگەڕێن و ئەوەی پێیانە لێیان بستێنن و ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەش کوتاڵ یا شتێکی وای تێدابێ بە کەڵکی وان بێ هێندێکی لێ داگرن و

ببیەن، ئیدی ئێوە بەخێرو ئێمە بە سەلامەت و هیچیدی. بەڵام ئەگەر سەربازێك یا جەندرمەیەك لە ئۆتۆمبێلەکەیدا بێ و بیەوێ تفەنگەکەی بەدەستەوە نەدا-کە بە هەرحاڵ سەروخۆی-دامودەزگاکەی-کە هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکا و بە دەیان ماددەو بڕگە داوای ئایننامەی لێدەکا کە دەبێ وابکات و وابڕوا، و ئەگەر ئەواو وا نەکات ئیدی واوای لێدەکرێ-ئەودەمی گێروگرفتان پەیدا دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە گیانی نەفەرەکان هەموو دەخاتە تەلەزگە و تاڵووکەوە.

ڕۆیشتین... لە قاوەخانەی سەر ڕێیەش هەر رووی خۆی دەرنەخست: لە هەر جێیەکی ئۆتۆمبێلەکە راوەستابایە ئەو دوور دەکەوتەوەو خۆی بەشتێکییەوە دەخافڵاند؛ دەمی نانخواردنی نیوەڕۆیەش چووە دەم چۆمی، ئاوێکی بە دەموچاویداکرد، و ئەو هەلەی قۆستەوەو پرێسکەی تویێشووی رێیەی لێك کردەوەو هەر لەوێی نیوەڕۆژەکە خوارد و کاتێکیش کاکی شوفێر بە هۆڕن لێدانێی نەفەرەکان خڕکردنەوە، ئەویش ساڵدانە هاتەوە-هەروەك هەستم پێکرد دەیویست وابێتەوە دەگەڵ مندا لووت و بزووت نەبین. هەر کاتێ کە من بە تەواوەتی دەچوومەوە جێیەکەی خۆم و دادەنیشتم، ئەو لە پشت ئۆتۆمبێلەکەوە سوار دەبۆوە...

دووبارە کەوتینەوە ڕێ... عەسرێکی درەنگ وەخت بوو کە گەیشتینە گەردەنەی، کاتێ کە لە دوایین پێچی کە بەسەر قاوەخانەی شا عەبباسیدا، کە تاوەری پاسگای چەند هەنگاوێکی بەلای دەستە چەپێوە بوو، تێدەپەڕین دوو سێ جەندرمە لەسەر تاوەڕەکە بوون، ئاگریان کردبۆوەو چایان لێنابوو و دەیانخواردەوە. یەکێکیان کە بەپێوەبوو و هەتاو لە دەموچاوی دابوو، ملی خۆی دەخوراند. کە ئۆتۆمبێلەکەی گەییە بەرامبەرێ دەستێکی بە مانای بەخێرهاتنێوە بۆ هەڵتەکاندین، شوفێرەکەش بە زمانی هۆڕنی ماشێنی وەڵامی دایەوەو سوپاسی کردو ئەوجا دەستی بەویرد و سەڵاوات خوێندن و فووکردنی بە هەرچوار لایاندا کرد.

کە گەیشتینە قاوەخانەی ((بن گوێزێ)) کات درەنگانێك بوو، شارو دەشت و دەرو ئەولاتریش بە چاکی هەر دیار بوون-ڕانەوەستاین- دەمی راوەستانێ نەبوو. شوفێرەکە شارەزا بوو، بەرەو خوار بووینەوە. لەوەندەی رێیەدا دوو پێچی تەواو تەسك و ترسناك هەبوو، هەرچەندە ساڵ نەبوو یەك دوو ئۆتۆمبێل نەخزێ و چەند نەفەرێك نەبنە قوربانی و نەمرن کەچی هەروەك خۆی بوو و وەزارەتی رێگاوبانیش هەروا دڵاواو دڵ فراوان بوو، و شوفێر ناچار دەو دوو پێچانەدا گێڕی پێنجی بەکاردێنا، کە لەلای ئێمە پێیان دەگوت ((کۆتە))-یانی تاکۆز: تاکۆز ئەو کۆتەدارە ئەستوورە قوڵە بوو کە لە ناوەڕاستێدا دەسکی هەبوو، و شاگردی شوفێرەکە کاتی پاش و پێش کردنی ئۆتۆمبێلەکە لە پاشەوە یا لە پێشەوە دەیدایە بن تایەکان تا ئۆتۆمبێلەکە



نەخزێ و نەڕواو بچەقێ. زۆر جاران کە دەگەیشتنە قاوەخانەکەی گەردەنە شوفێرەکان بە نەفەرەکانیان دەگوت بە پێیان بەرەو ژێر قەدبڕ شۆڕببنەوەو لە خوارێ تا لەو پێچانە دەردەچن راوەستن و چاوەڕێ بن. جاری واش بوو هەر لەسەری گەردەنەیەوە نەفەرەکانیان دادەگرتن، و جاری واشبوو گوێیان نەدەدایە. ئەم جارەشیان شوفێرەکە داوای لە کەس نەکرد دابەزێ-نەفەرەکان هێندە زۆر نەبوون: دوو ژن بە چوار منداڵی کێژەوە، و سێ پیرەمێرد- دوو پیاوی ئازەربایجانی کە بۆ ئیشێ یا بۆ سەردانی کوڕە سەربازە ئیجبارییەکانیان دەچوون، دانیشتووێکی شاری و ئیبراهیمی جەندرمە بوون. بە هەرحاڵ کەس دانەبەزی.

هاتین، وردە وردە گەیشتینە پێچی یەکەم، دەنگی هیسە هیسی ئیستۆپی بەرزبۆوە: ((خودایە بەتەمای تۆ! عەلیاغا گێڕی پێنج!)) ئۆتۆمبێلەکە بە هەوای پیادەڕۆیان دەڕۆیی-و عەلیاغاشی بە تەنیشتێوە. دەرگاکەی کردەوەو گێڕی پێنجی لەبن لاقەکانی منەوە دەرکێشا. ((خودایە بەتەمای تۆ!)) ئۆتۆمبێلەکە وردە وردە، لەسەرەخۆ، بەدەم هیسە هیسی پچڕپچڕەوە چووە پێشێ- بە جۆرێکی وا کە بەلای منەوە لووتی دە خەرەندێ کردبوو... چاوەکانم نووقاندن... عەلیاغا هاواری کرد: ((هۆپ... هۆپ... هۆپ!)) و شوفێرەکە پێی لە ئیستۆپێ تووندکرد، عەلیاغا گێڕی پێنجی دانا. هێشتا شوفێرەکە بەوەی رانەگەیبوو بێتەوە دوایە کە دەنگی چەند تەقەیەك هات، تەقەکە بەرەو لایمەوە هات دڵی داخستین و دەنگەکە لە دۆڵێ گەڕاو لە شاخی ئەو بەرێیدا, و هاتەوە لای ئێمە, و ئێمەی هەموو وریاکردەوە. سەیرێکی شوفێرەکەم کرد ڕەنگی وەك کفنی مردووی لێهاتبوو... و لەولاشەوە قاوقیژ و زریکەی ژنان لەسەر ئۆتۆمبێلێوە...

شوفێرەکە دەلەزری، عەلیاغا خۆی هاویشتبووە بن پێچکەی پێشەوە... شوفێرەکە هەروا کە بە هەردوو پێیان خۆی هاویشتبووە سەر ئیستۆپەکە هەر دەشلەرزی. منیش لەوی چاکتر نەبووم، ئەگەر جاری وا گێڕی پێنج نەبێ کەمترین غەفڵەت بەسە بۆ ئەوەی هەمووان دە دۆڵێ کا و هەڵیاندێرێ. هەر چۆنێکی بوو دەرگاکەم کردەوە، خۆم فڕێدایە خوارێ-دیاربوو عەلیاغا گێڕی پێنجی دانابوو. لە چاوتروکانێکدا دوو تفەنگچی لە هەردوولای ئۆتۆمبێلەکەوە هەڵتۆقین و پەیدابوون. تفەنگچی لای چەپێ عەلیاغای بە نووکە شەقێ لەبن ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە دەرێ. گوتیان: ((نەبزوون-دابەزن!)) نەبزوون، بەڵام داشبەزن-جا چۆن؟ نەبزووتم، بە کەناری پێچەکەمدا ڕووانی، دوو تفەنگچی دیکە لەوێوە وەستابوون: سێرەی تفەنگێیان لە ئیبراهیمی داماو گرتبوو؛ گوتم هەر ئێستا تەقەی لێدێنن... ((نەبزووی! تفەنگەکەت دانێ..!)) ئیبراهیم تفەنگەکەی دانا. تفەنگەکە بەساغی لەوێ کەوت... یەك لە تفەنگچییەکان لەلای راستێوە

هات و چووە سەر ئۆتۆمبێلەکە و ناو ئۆتۆمبێلەکە باش گەڕا... لەپێشدا بنی ئۆتۆمبێلەکە گەڕابوون. فیشەکدانەکەشیان لە ئیبراهیمی کردەوە، و ئێمەشیان پێکەوە ریزکردین-دەست بۆ سەرەوە. دوو تفەنگچییەکەی هەردوولای ئۆتۆمبێلەکە چوون سەرو بەردێکیان وەبن پێچکەی ئۆتۆمبێلەکەی داو بە شوفێرەکەیان گوت دابەزێ و شوفێرەکە دابەزی,- و چوو دوو سێ هەنگاو لەولاترەوە دانیشت...

چەتەکان، هەموو سەروچاوی خۆیان پێچابوو، لە چاویان بەولاوە هیچ جێیەکی دییان دیار نەبوو.

((خوشکان بچنە ئەولاوە... هەقمان بەسەر ئێوەوە نییە!))

خوشکەکان لە قاوقیژ و زریکە کەوتن، کچۆڵەکان لەترسان خۆیان بە داو و تەژگەڵی داکیانەوە نووساندبوو... ((نا، دوور مەکەونەوە... هەر لەوێ راوەستن!...))

زۆر چاکە! یەکێك لە چەتەکان هات و گیرفان و باغەڵ و بەرکی هەمووان گەڕان و ئەوەی پێمان بوو هەمووی برد- هەر لە پارەو پوولێکەوە بگرە تا شانەی سەری. پێڵاوەکانی من نوێ بوون. گوتی: ((پێڵاوەکانت دانێ!)) تۆزێکم خۆ وەخراند، ((گوتم دایاننێ!)) و قۆنداغی تفەنگەکەی راسکردەوە. تفەنگچییەکەی دی کە بە تەنیشت ریزەکەوە پاسەوان بوو دەستی گرت, و بە دەست ئاماژەی منی کرد کە دایان نەنێم. قەڵافەتیم لەلا ئاشنابوو، بەڵام هیچ جێیەکی دەموچاوی دیار نەبوو...

بارەکەش گەڕان... دوایەش یەك لە نەفەرەکانی سەر بارەکە گوتی کە هەر دوای ساتەوەختێکی هاتنی تەقەکە چاوی لێبووە کە جەندرمەکانی پاسگایەکە پەیژەی تاوەرەکەیان هەڵکێشاوەتەوە سەرێ و بە (ئاوێنە چرای)[٤] هەواڵیان دابووە شاری.

پف...شار!

بارەکەیان پشکنی، دەنێو بارەکەیدا تۆپە قوماشێکی تێدابوو دایانگرت... و لێیاندا رۆیشتن، ئەوەشیان گوت کە کەی گوێیان لە تاکە تەقەیەك بوو ئۆتۆمبێلەکە بڕوا... رۆیشتن و

(٤) ئاوێنە چرا: جاران کە ئامێری بێ تەل و تەلەفۆن زۆر کەم بوو بۆ پەیوەندیکردن، سوودیان لە ئاوێنە وەردەگرت. بەهۆی ناردنی تیشکەوە بۆ بەرامبەرەکەی کە ئەویش هەر بە ئاوێنە وەڵامی ئەو شتەی دەدایەوە کە پێی راگەیانرابوو... ئەوەش هەروەك بێتەل بە ئاماژە (ئیشارەت)ی-مۆرس- بوو... من ئەمەم بۆ خۆم دیبوو، کە زۆر جاران عەبدوڵڵای موخابەرەچی لە قەلادزێوە بە ئاوێنە قسەی لەگەڵ مەخفەری هەڵشۆیە دەکرد و من لە تەکییەوە دادەنیشتم-وەرگێڕ-



ئیبراهیم بە نووزەو لاڵانەوە بە دوایانەوە کە ((کاکە گیان، بیکەن لە ڕاهی خودا و پێغەمبەران... تو گیانی منداڵەکانتان، تفەنگەکەم وێدەنەوە... ئاخر لەمنیان دەوێتەوە... ئەگەر بەبێ تفەنگ بچمەوە لە سێدارەم دەدەن و هەڵمدەواسن... بیکە لە ڕاهی خودا...!)) و وەك بارانی بەهارێی فرمێسك بەردەدانەوە. لە پێشدا پڕیاندایە، دوایەش چەند قۆنداغە تفەنگێکیان ئاخاوتێ و دوورکەوتنەوە. بەڵام ئیبراهیم وازی هەر نەهێنا، و هەر بەدوایانەوەبوو، دەلالایەوە... ئەوان رۆیشتن، و ئێمەش وەك منداڵی گوێ لە مشت، بەپێوە و دانیشتوو چاوەڕێی نیشانەی جووڵە و رۆینێ بووین. ئەوانەی کە لە دەشتێوە بەرەو لاپاڵێ بەڕێوەبوون دیاربوون دەمدیتن، ئیبراهیمم دەدیت، کە دوور و نزیك هەر بە دوایانەوە بوو...

رۆیشتن، لە چۆمی تێپەڕین، گەینە لاپاڵی بەرامبەرێ و ئێمەش هەروا چاوەڕێی مۆڵەتی رۆینێ بووین، و نەمانوێرا تەنانەت پاش و پێشیە بە ئۆتۆمبێلەکەش بکەین. شوفێرەکە لەسەر بەردێکی دانیشتبوو و سەری دەنێو هەردوو دەستی خۆی وەرێنابوو، و جگەرەی دەکێشا... سەرەنجام تاك تەقەکەمان بیست- بە مەزەندەی من ئێستا گەیبوونە جێیەکی بڵند...

کەوتینەوە ڕێ، بەڵام چۆن، شل و شەپرێو... و هەر بەو حاڵەشەوە چووینە ناو شاری، شوفێرەکە یەکسەر چووە پادگانی و پادگانیش ئێمەی پرسیار پێچ کرد: ئەوانە کێ بوون؟ چەند کەس بوون؟ سەرو روخساریان چۆن بوو؟ چۆنیان زانیبوو ئەورۆ ئۆتۆمبێل دێت. کە ئاوا بۆی دانیشتوون؟- چونکە خۆ هەموو رۆژێ ئۆتۆمبێل نەدەهات- جاری وابوو بە دوو هەفتانیش جارێك نەدەهات. خوا لە مردووی نەفەرەکان خۆشبێ کە نەیانگوت یەکێك لە چەتەکان نەیهێشتووە پێڵاوەکانی لێ بستێنن، دەنا رزگاریم نەدەبوو. بەڵام بەوەی باش بوو هەموو ئاگایان لێبوو کە گیرفانەکانم هەموو گەڕان و سەعاتەکەشیان لە مەچەکی کردمەوە. بەهەر حاڵ ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە ماوەی دوو سەعاتیان خایاند هەر چۆنێکی بوو وەخێر گەڕا، و هەر کەسە بەدوای پەیسەری کاری خۆیدا چوو.

ئیبراهیم چ هەواڵێکی نەبوو، بەیانی و دوو بەیانی و سێ بەیانیش... هەواڵێکی هەر نەبوو، تا ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم هەواڵی نابەجێ و ناخۆش دەربارەوە دەهات. ئایشە خانمێ داماو!... گوتیان لە ترسی لێکۆڵینەوە و لێ توێژینەوەی چووە بۆتە چەتە... گوتیان بۆتە نۆکەری ئاغایەکی لە عێراقێ؛ گوتیان کوڕی پوورە ناسکەی کە هەواڵ و باس و خواسان بۆ روکنی دووی دێنێ و دەبا لە سلێمانیەی دیوە، و بیستوویەتی کە لە ماڵێ رەحماناغای بۆتە چاپەز... هێندێکیش هەبوون کە دەیانگوت، نا، کوژراوە: دەیانگوت قاوەچییەکەی قاوەخانەی گەردەنەی گوێی لە دوو تەقان بووە..!

به کورتییه‌که‌ی بازاڕی قسان گه‌رم بوو- که ئه‌ویش دوای چه‌ندێکی به کۆن بوونیٚ رووداوه‌که‌ی ساردبۆوه. ده‌و نێوه‌یدا هه‌ر من بووم که به واته‌ی ژنان بۆ ریشی چووم سمێڵیشم له‌سه‌ر دانا: به هه‌زار ره‌نج و کێشمه‌کێش شتێکم پاره وه‌لانابوو و کۆمکردبۆوه بیهێنم بیده‌مه بابه‌ی ئه‌ویش ئاوای لێهات- ئه‌وده‌می بانکێك چییه ده‌و ناوه‌یدا نه‌بوو-و ئێستاش بۆ خه‌رجی گه‌ڕانه‌وه‌ی رێیه‌ش ده‌بیٚ ببمه‌وه بار به‌سه‌ر بابه‌یدا و بیخه‌مه‌وه بن قه‌ردان. به‌ڵام ئه‌وان- دایکم و بابم- هه‌روا زۆر به گه‌وره‌ییه خۆیانه‌وه هه‌موو لایه‌کی مه‌سه‌له‌که‌یان ده‌دیت: ((به‌ڵاوه‌گێڕی سه‌ری خۆت بیٚ ڕۆڵه- زۆر شوکر بۆ خوای که بۆ خوت به‌سه‌لامه‌تی هاتوویه‌وه. پاره چڵکی ده‌سته، دێت و ده‌ڕوا، غه‌مى مه‌ت نه‌بیٚ- خوا که‌ریمه... به قوربانی سه‌ری خۆت بیٚ!)) و مه‌ڕێکیشیان کرده خێری سه‌لامه‌تیه مه!

## -١٥-

ناوه‌ندی ئوستانی خۆمان که هیچ کاتیٚ که‌س حه‌زیی لێی نه‌بوو و که‌سی واشی بۆ نه‌ده‌هات من چووم، زیاتریش له‌به‌روه‌ی تا له دایك و باوکمه‌وه نزیکتربم. کوردستان هێشتا نه‌سره‌ویبۆوه هه‌روه‌ك که ده‌مانبیست له ده‌وروبه‌ری مه‌هاباد-سابلاٚغ- و شنۆ و نه‌غه‌ده‌ی به‌رگری هێشتا هه‌ر مابوو له‌گه‌ڵ هێزی ناوه‌ندیدا- پێکداهاتنی هێزی ده‌وڵه‌تی له‌گه‌ڵ بارزانییاندا. که شه‌ڕی دووه‌می جیهانی به‌رپابوو بارزانی له عێراقیٚ له‌گه‌ڵ حوکومه‌تی فه‌یسه‌ڵیدا ده‌سته‌و یه‌خه‌بوو و شۆڕشی کرد و ئینگلیزیش به‌هانای حوکومه‌تییه‌وه هاتن و بارزانی ناچاری چوونه‌وه مه‌هابادیٚ بوو، که ئه‌وده‌می له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی حوکومه‌تی قازی محه‌ممه‌دیدا بوو. گوایه بارزانی بیٚ ره‌زامه‌ندی و حه‌زی قازیی محه‌ممه‌د به ناچاری چۆته‌وه مه‌هابادیٚ. رووسه‌کانی لێی به گومان بوون و ئینگلیزه‌کانیش به دوژمنی خۆیانیان ده‌زانی، و ده‌و ناوه‌شدا هه‌ر ته‌نیا مه‌هاباد بوو که له ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و دوو داگیرکه‌رانه‌ی ئینگلیز و شۆره‌ویدا مابۆوه ده ئێرانێدا, و ده‌یتوانی داڵده‌ی بدات. قازیی محه‌ممه‌د زیاتر به راسپارده‌ی رووسه‌کان و تا ئه‌ندازه‌یه‌کیش له‌ترسی شوێن و پێگه‌ی خۆی زۆری ڕوو نه‌دایه ئه‌و و پێشمه‌رگه‌کانی: له‌وه‌ی ده‌ترسا به‌هۆی ئه‌و هه‌موو چه‌کدار و فه‌رمانبه‌ر و کاربه‌ده‌ستانه‌ی له‌گه‌ڵیدا بوون ده‌ست به‌سه‌ر حوکومه‌ته‌که‌یدا بگرن. له‌لایه‌کی دیشه‌وه وا پێده‌چوو پێشی خۆش بیٚ هه‌ر نه‌بیٚ بۆ پارێزگاری و پشتیوانیه له حوکومه‌ته‌که‌ی خۆی، چونکه هیچ سوپایه‌کی نه‌بوو و عه‌شایه‌ری ده‌وروبه‌رێش سه‌ریان بۆ دانه‌ده‌نه‌واند و به قسه‌یان نه‌ده‌کرد، و ئه‌و به پشتوانیه بارزانی و چه‌کداره‌کانی ده‌یتوانی پێگه‌ی خۆی له به‌رامبه‌ر عه‌شایه‌ردا پته‌وترکا. سیاسه‌تی ئه‌وده‌می ئینگلیزانیش



پاراستنی بارودۆخه‌که وه‌ك خۆی و ده‌ست نه‌خستنه ناو کاروباری کورده‌کان بوو. ده‌وڵه‌تی ئینگلیز وه‌ك بۆچوونی خۆی هه‌میشه راپه‌ڕین و هه‌ستان و تێکۆشانی کوردانی به دواکه‌وتوویی و کۆنه‌په‌رست و نه‌زانانه داده‌نا و حه‌زی نه‌ده‌کر خۆی له گێرمه و کێشه و بگره‌و به‌رده‌ی عه‌شایه‌ریانه‌وه, وه‌ردا. له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه ئه‌و هه‌ڵومه‌رجانه‌ی که ڕووسه‌کانی تێدابوون و شه‌ڕی ستالینگراد له‌وپه‌ڕی توندوتیژیه‌یدا بوو به هیچ شێوه‌یه‌ك نه‌یانده‌ویست هێزه‌کانی ده ئێرانێدا، له ناوچه‌یه‌کی وا سه‌خت و کوێستانیدا له‌گه‌ڵ عه‌شایه‌راندا رووبه‌ڕوو و ده‌رگیرکه‌ن... ئه‌مانه‌ش هه‌مووی مێژوونووس و رۆژنامه‌وان و راپۆرت نووسه‌کان به دوورودرێژی له‌سه‌ریان نووسیووه و باسیان کردوون. پوخته‌ی قسان ئه‌وه‌یه که رووسه‌کان-به‌تایبه‌تی دارو ده‌سته‌ی باقرۆفی سه‌رۆك وه‌زیرانی ئازه‌ربایجانی شۆره‌وی- له بارزانی دوو دڵ و به‌دگومان بوو و ئه‌ویان به پیاوی ئینگلیز ده‌زانی, و ده‌و دووجاری سه‌فه‌ره‌ی قازیی محه‌ممه‌دیش بۆ باکۆ ئه‌وه‌یان به‌وی گوتبوو. به‌ڵام تازه بارزانی هاتبوو و کار له کارترازابوو و سه‌ره‌نجامیش رووسه‌کان قبوڵی ئه‌وه‌یان کرد له مه‌هابادیٚ بمێننه‌وه- به‌ڵام به‌شێکی هێزه‌که‌یان له نه‌غه‌ده‌ی دایه شێخ ئه‌حمه‌دی برا گه‌وره‌ی مه‌لا مسته‌فای، تا له‌ویٚ بمێننه‌وه، به بیانووی ئه‌وه‌ی که دابین کردنی ژیانی هه‌موو ئه‌مانه له مه‌هابادیٚ کارێکی سه‌خت و دژواره، که دیاره ئه‌وه‌ش راستییه‌کی هه‌ر تێدابوو: ناوچه‌که هه‌ژار بوو و حوکومه‌تی قازیی محه‌ممه‌دیش توانای پێشوازییه ئه‌و چه‌ند هه‌زار ماڵه ئاوارانه‌ی نه‌بوو... به‌ڕاستی گوزه‌رانی بارزانییه‌کان جێی به‌زه‌یی پێداهاتنه‌وه‌و تا بڵێی ناهه‌مواربوو.

به‌ڕاستی جێی داخ و که‌سه‌ر و ده‌ردو دڵۆ بوو: خان و به گله‌ری دێبوکری و مه‌نگوڕ و مامه شانت ده‌دیتن له‌سه‌راو دیوه‌خانێیاندا سفره‌یان ده‌ڕازانده‌وه‌و ڕانه فروجیان باده‌دان, و ژن و منداڵه بارزانیشت ده‌دیتن له کوچه و کۆڵان و سه‌ر شه‌قامه‌کانی مه‌هابادێدا ماڵه و ماڵیان ده‌کردن و خه‌ریکی ده‌رۆزه‌ی بوون. له نیوه‌ی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا، منداڵانێك که‌ده‌بیٚ له قوتابخانه بن، و له ساغی و ته‌ندروستیه‌دا ده‌موچاویان وه‌ك سووره‌گوڵی گه‌ش بیٚ، یاری بکه‌ن، پێبکه‌نن و به پێکه‌نینه‌کانیان ده‌وروبه‌ره‌کانیان شادو شه‌نگوڵ و خۆشحاڵ که‌ن، که‌چی ده‌تدیت ئه‌وا هه‌ریه‌که تووره‌گه به‌مله‌وه ده‌رکا و ده‌رکیٚ ده‌کات و به پێخواستی و دووچاوی کزه‌ڵه‌وه و ده‌ست و مه‌چه‌که بچکۆلانه سڕبووه‌کانیانه‌وه، به‌دوای پارچه نانێکه‌وه‌ن... ئه‌وه‌ش منداڵه بارزانی، منداڵی ئه‌و که‌سانه‌ی که له‌وه‌ته‌ی ئێمه هه‌ین و وه‌بیرمان دیٚ بیٚ په‌روا خوێنی خۆیان له پێناو نه‌ته‌وه‌که‌یاندا رشتووه. ئێستاش ئه‌وه ده‌بینی، ئێستاش ئه‌گه‌ر ڕێت له هه‌ندێك شوێن و جێیان بکه‌ویٚ منداڵی دوو سیٚ پشتی دوای هه‌مان ئه‌و بارزانیانه ده‌بینی جانتایه‌ك به

کۆڵێوە... پێتوایە ئەوە بەرێی قوتابخانەوەیە: یا چۆتە قوتابخانە یا دێتەوە. بەڵام نا، ئەوە چەند فلچە و چەند قوتووە بۆیاغێکە بە کۆڵێوەی و خێرا خێرا و بە پەلە دەچتە دە ئوتێلێوەو دێتەوە دەرێ- پێڵاوان خڕ دەکاتەوە، یا دەیانباتەوە بۆیاغە و بەڵام چ دەردی سەری و ناخۆشییەك! ئیدی دەوروبەری ئۆتێلێ ناشیرین دەکا. منداڵەکە، کەم تەمەنە لەگەڵ برایەکەیدا هاتووە، کە دە دوازدە ساڵانێك دەبێ, و لەبەردەمی ئۆتێلێ خەریکی بۆیاغ کردنێیە، بۆ خۆی لە پێنج شەش ساڵان زیاتر نییە. جوانکیلەیە، زیتەڵە، زبرو زرینگە. ئەوانەی میوانەکانی ئوتێلێ زیاتر لەڕووی بەزەیی پێدا هاتنەوێوە، پێڵاوەکانیان دادەنێن و دەیدەنێ. میوانە تورکەکان- خاوەن کامیۆنەکانی لە تورکیاوە هاتوون- جاروبارە تانە و تەشەر و مەتەڵەکان داوێن... پێڵاوەکەی لێوەرگرتووی و بردوویەتی و بۆخۆشی بەو کەوشە لاستیکە بچکۆلانەیەوەو بەو جووتە پێیە وردیلانەیەوە زرینگ و قوتە و زیتەڵە هاتۆتەوەو گەیوەتەوە دەفتەری ئوتێلێ سەیر دەکەی وەك لەژێر کاریگەری شتێکدا گۆڕابێ و هەوت بووبێ... پێڵاوەکان هەروا بە هەواوە لە نێوان زەوی و ئاسمانێدا بەدەست منداڵەکەوە ماونەوە، زاری بەش کردۆتەوە، چاوەکانی زەردەخەنەیان تێدا پشکوتووە- لە جێی خۆی چەقیوە... لە جووڵە کەوتووە، کەوشەکانی کە تا ئێستا بەدەستەوە بەرامبەر دەموچاوی بوون ئێستا کەمێك داگەڕاون، لێوەکانی لێك ترازاون، چاوەکانی خوا دەزانێ لە کوێن، زەردەخەنەیەك کە ئازاری تەواوی دنیای تێدا شاردراوەتەوە لە روخسارو رەنگ و رواژایڕا دیارە...

بەرنامەی منداڵانە..!

ماوەیەك دەوەستێ، دوایەش لە پڕ وەك تیرەقەی پشتی لەسەرمان یا لەبەر ئازاری بروسکەی دابێ تێکڕا دەبێ، زەردەخەنەکەی بە ئاهێکی ئەو هەناسە ساردەیەوە دەکوژێتەوە- ئەگەر بە وردی سەرنج بدەی گوێت لە ئاهی ئەو هەناسەیە دەبێت کە لە سینەیەوە هاتۆتە دەرێ-ئەویش دەبێ زۆر وردبی و شارەزابی، دەنا دەبێ ئەوەت قبوڵ بێ کە ئەو پیاوێکە و پیاویش هەناسان هەڵناکێشن، و کاریش نەنگ و شەرم و شوورەیی نییە, و بارزانیش گەداو دەرۆزەکەر نییە. ئەو پیاوەو کەڵەپیاویشە، هەر ئەو ڕۆ و سبەیە کە بە کۆڵە پشتێکی دیکەیەوە دەبینی، کە دەچێتەوە شەڕی دوژمنی نەتەوەکەی، و هەرگیزاو هەرگیزیش دەنگی هەناسەی حەسرەتی لێوە نابیسی... چاو لە بەرنامەکەی منداڵان وەردەگێڕێتەوەو بەدوای خاوەن پێڵاوەکاندا دەگەڕێ. پێلاوەکان دەداتەوە خاوەنەکەی؛ بەناو مێز و کورسییەکاندا ڕەتدەبێ، چاوێکی لە مشتەریان دەگێڕێ و چاوەکەی دیکەشی بەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەوەیە... تا سەرەنجام شاگرد ئوتێلەکە دێت, و قۆڵی دەگرێت و لە ئوتێلێی وەدەردەنێ...



ئەمە بەرنامەی منداڵانە، ئەم منداڵەش بارزانییە- هاتووە پارەی شەکر و چای بۆ ماڵێ پەیدا بکا... منداڵە بارزانی، لە مەهابادێ، توورەگە بە ملەوە دەرۆزەی بۆ نیشتمان دەکەن... دەرۆزەی دەکەن تا بمێنن، تا نیشتمان بمێنێ و بڵێسەی خەبات و تێکۆشانی نەکوژێتەوە. ئەوە دایك و باوکانن کە ئەو چڵ و چیلە شلك و ناسکانە بە ئاگری خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەیانەوە دەنێن تا روخساری میللەتەکەیان هەمیشە سوور بچێتەوەو میللەت لەبەر چاوی دوژمنان رەنگ زەرد دەرنەکەوێ و دیار نەبێ. میللەت نوستووە، میللەت بێ هێز و پەککەوتەیە، میللەت نەزانە...

مەلا مستەفای دەبینی کە لەسەر شەقامێ ئەوەتا لە پەنا ماڵ و کەس و خێزانی هەمان ئەو منداڵە گەدایە پێخواستەوە سەرپێی دانیشتووەو نان و پەنیری لەگەڵ داك و بابانیاندا دەخوا-نان و پەنیری سواڵێ- تا پێیان نیشاندا و پێشیان بسەلمێنێ کە گەدایی و دەرۆزەکردن لە میللەتی خۆت نەگەداییە و نە دەرۆزەو نەسواڵە. گەدایی لە پێناو میللەتی خۆت گەدایی نییە. میللەتیش گوناهێکی نییە: ((هاوڕێیان)) ئازووقەیان لە کوردستان، کە هەر بۆ خۆی هەژار و نەدارە بڕی و هیچیان نەهێشتەوە: رووسەکان هەرچی بخورێ و ببرێ دەیکڕن و دەیبەن و پارەی چاکیش دەدەن، وەك دەڵێن ئینگلیزەکانیش لە ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیاندا- سنەو کرماشان- هەرچی ئازووقەیە دەیکڕن و دەیسووتێنن، تا نەکا خەڵکی تێر بن و لە بەرتێریان کاریان لەدەست دەرێنن و دەم لە پووشیانکەن. رووسەکانیش هەروا سۆز و بەڵێن و پەیمان دەدەن- هەروەك هەمیشە بێ پشت و پەنا، باشە... قسە پارەیەك ناکات، ناچێتە ناو گیرفانەوەش، دروشم و شیعر شانامەش پارچە گوشتێکی لە گۆشتاوی ناو دیزەی زیاد ناکا- خەڵکی هەموو ئەمانەیان تاقیکردۆتەوە و دەیانزانن. بەڵام خۆ ڕووسەکانیش بێ ئەزموون نین و زۆر چاك سوود لە دروشم و شیعران دەبینن... ستالین پێشەوایە بۆ کوردان وەك باب وایە!))

لای ئێمە کە ئەسپ لەبەر ماندووەتیان دەوەستێ تریاکی دەدەنێ، خەڵکی لای ئێمە فێرە تریاك نین، بەدەگمەن ئەگەر یەکێك هەبێ تریاك کێش بێ، و تریاك کێشانیش هەر لەخوا پێداوان دێت: خانەکان- ئەوانیش تاك و تەرا- دەکێشن. بەڵام لە زۆربەی قاوەخانەکانی رێگایە تریاك هەبوو و کڕیاری تریاکیش هەر کارمەند و فەرمانبەرانی حوکومەت و کرێکارەکانی رێگاوبان بوون کە ئازاری لاق و لەتەر و جومگەکانیان بەیەك دوو دەنکۆکە تریاك دادەمرکاندەوە... ئەگەر ئەسپێکیش وەستابایە مسقاڵە تریاکێکیان بۆ دەسپێنەو زەردێنە هێلکێکی دەکرد و دەیاندایە. چەند دەقیقێکی نەدەبرد ئەو ئەسپەی کە دەلەرزی و تەواوی لەشی شەلاڵی ئارەقەی دەبوو و لێی دەتکایەوە زیندوو دەبۆوەو گیانی وەبەر دەهاتەوەو بە

واتەی خەڵکی لای خۆمان پەلی لە هەوران دەدا... ئیدی بە هیچ رانەدەوەستا, و هێندەی سەرو کەللە هەڵدەتەکاند و دەجوولا قۆڵ و بازووی سوارەی شەکەت و ماندوو دەکرد. کاریگەری دروشمانیش هەروایە: هەر مشتەو حەشیمەت بە ئاسمانێی نیشان دەدا و هەر هاوارەکە دەیکا-دە حالێکدا کە هیچی لە دڵیدا نییە پێشانیدا، هەرکە جۆش و خرۆشەکەش سارد بۆوە وا دەکەوێ کە ئیدی بە واتەی خەڵکی مە، بە گوریسیش لە عەردی راست نابێتەوە...

هەندێکیش بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە جاڕییەوە تانەو تەشەران داوێن: ((ئمم..! ئەوە بوو مەلا مستەفا!... سەیرێ، رابەری میللەت، لەسەر شەقامێ دادەنیشێ و لەگەڵ ئەو مشتە رووتەڵانە نان و پەنیری دەخوا!...))

بارزانی ژەنەڕاڵی حوکومەتیشە، دیارە هیچ رۆشنبیرێك لەوە زیاتر چاوەڕێی هیچ شتێکی دیکە نییە لەو خەڵك و حەشیمەتەی-دەوروبەرێکی دواکەوتوو هەمیشە خەڵکەکەشی هەر دواکەوتووە، ئەو جۆرە خەڵکانە ئەگەر زانین و زانیارییەکیشیان هەبێ-هەشیانە- تەنیا زانیاری نوشتەو کشتەك و فاڵگرتنەوەو جندۆکە و ڕمووزنەگیرییە، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەوەی گەورەو رابەر و پێشەوای خۆیان بناسن-و هەر کە لێویان لێك ترازا بە تانە و گاڵتە جاڕی لێك دەترازێ... ((سەیری رابەری میللەت کە...))

دوای کەوتنی مەهابادێ بارزانی دوای چەند گفتوگۆ و یادداشتان لەگەڵ حوکوومەتی ناوەندی و شەڕ و بەرگری و پاشەکشە و هەڵاتن هاتەوە عێراقێ و هەمدیس جارێکی دیکەش هاتەوە ئێرانێ و ئەوجا چووە شۆرەوی.

دەو نێوەیدا دێیەکەی مە هەروا بە دوای ونبووەکەی خۆیەوە بوو و لێیدەگەڕا و هەواڵێکی لێوە نەدەزانی و سووسەیەکی نەبوو-هەموو هەر لەخۆوە، چاو و گوێیان بێر و بەوێدا دەگێڕان، بەو هیوایەی هەر هەواڵێکیان دەستکەوێ و کەسایەتی داستانی چارەنووسیان لە شوێنێکی سۆراغ کەن و وەدووی رووداو و کارەساتی ژیانی کەون- هەروەك وەدوای سێبەر یا کەسایەتی دووەمی خۆیان کەوتبن...

خەڵکی لای مە ئەودەمی کە هۆی هاتن و چوون و شتومەك گواستنەوە کەم بوو بە دەگمەن دەچوونە مەهابادێ: مەهاباد شوێنێکی لاتەریك بوو-نە لەسەر رێی تەورێزی و نە لەسەر ڕێی هەمەدانێ بوو و بەروبوومێکی تایبەتی واشی نەبوو کە بە کەڵکی لای ئێمەوە بێ یا بازاڕێکی واشی نەبوو کە بەروبوومی مە بۆلای خۆی راکێشێ و بیبا. رووسەکان لە بۆکان و میاندواو و مەهابادێدا مەڵبەندیان دامەزراندبوو هەرچی بەروبوومی ناوچەکەیە وەك توتن و ئەسپ و گاوگۆل و مەڕو بزن دەیانکڕی و بۆ وڵاتی شۆرەوییان دەناردن. ئەودەمیش هەروەك شەڕی



هەشت ساڵە، خەڵکی لە نەداری و ناچاری-و نەزانی- یە خۆیانەوە هەرچیماڵات و پاتاڵ و دارو نەداریان هەیە بە نرخێکی گونجاو بە دەڵاڵانیان دەفرۆشت و بەدەستی خۆیان سامانی ناوچەکەیان بە بادەدا و نەیاندەهێشت. کوڕەکەی پوورەمینای کە گاو گۆل و مەڕو ماڵاتی دەبردە بۆکانێ لە یەکێك دەو سەفەرە بازرگانیانەی خۆیدا بەدوای قەرزیدا لەلای یەکێك لە دەڵاڵەکان دەچتە مەهابادێ... و ئێستا هاتبۆوەو هەواڵی هێنابووەوە! ((ئەو کچە هەر لە هەوەلێوە داماو و کلۆڵ بوو... ئاه...ه!)) دایکم بوو. ((بنیادەم کە بەدبەخت و چارە ڕەش بوو بچێتە سەر ئاوی دەریایەش وشکی دەکا..!)) چ قەومابوو؟ هەمووی وەدەرکەوت، بەڵێ کوڕەکەی پوورە مینای لە مەهابادێ هاتبۆوە، لەوێی لە میرزا رەشیدی دەڵاڵی بیستبوو کە ژنێك بەناوی خوشکە شیرینێوە، خەڵکی گوندی وی، لەگەڵ بارزانییەکاندا هاتۆتە مەهابادێ و ماوەیەك ماوەتەوەو گەڕاوەتەوە، ... هەر هاتۆتەوەو چۆتەوە... سەرگەردان بووە...

((بۆ وای لێ هاتووە... بۆ گەڕاوەتەوە... لە کوێڕا؟ لە پێنجوێنەوە، لەگەڵ بارزانییان! نێوان پێنجوێن و بارزان رێیەکی زۆر دوورە..!))

((ئێستا پێتدەڵێم، کەمێك راوەستە... زۆر دەمێك بوو لە پێنجوێنێ نەمابوو، هەر دەو سەفەرەوەی کە بە سەلامەتی هاتیتییەوەو چەتەتان هاتنە سەر ڕێیە...)) بابە گوتی: ((هەی هەی... تۆش حیسابی ساڵ و مانگان سەیر ڕادەگری! ئەودەمی سێ ساڵ بوو هەواڵ و باس و خواسی بڕابوو... ئەودەمی کە تۆ هاتیتەوە هەرچی هەواڵێکی بوو نەماندەزانی و ئاگامان لێی نەمابوو-دەیانگوت چۆتە هەولێرێ، دەیانگوت چۆتە رەواندزێ- بەڵام هەواڵێکی راستی کە هەواڵ بێ نەبوو-ئەمانە هەمووی هەر قسە بوون و هیچی دی...))

دایکم گوتی: ((باشە من چیم گوتووە!- منیش هەر گوتم کە ئیدی لە پێنجوێنێ نەماوە... گەندە پیاوە لە بواران راوەستاوە، تا من قسێکی بکەم و ئەو لێم بە پەتێوەکا..! وەك هەواڵەکە لە قاقەزێدا نووسرابێ... باشە، خۆ هەواڵ و باس و خواس هەر کەردار و کاروانچی و چێودار دەیانهێنا!))

گوتم: ((زۆر چاکە... ئەدی چۆن بووە لەگەڵ بارزانیاندا هاتۆتە مەهابادێ- ئاخر خۆ وەك لە رۆژنامانیاندا نوسیبوو و ئێمە دەمانبیست هەر تەنیا ماڵە بارزانی بوون...)) بابم گوتی: ((گوێ بدەیە، رەنگە جەواهێر چاك لە رووداوەکە نەگەیشتبی. لەوێ، وەك کە دەیانگوت بارزانییەکان هەر بەتەنێ نەبوون. ژمارەیەکی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەریشیان لەگەڵ بوون-بەڵام کەم. دەیانگوت ئی حیزبی هیوا بوون...)) و بە نهێنییەکی زۆر بە پارێزەوە درێژەی دایە:

((یەکێکیشیان هاتە لای ئاغا کەریم خانی- بە قسەی خۆی هاتبوو کۆمەك و پیتاك کۆکاتەوە-پارە بۆ شۆڕش...))

((کەنگێ!؟))

((زستانی ئەو ساڵەی بوو کە رووسەکان هاتن_هات، ماوەیەك لە شاری بوون ئەوجا چوو سەرێکیشی لە گوند و دێهاتەکانی دەوروبەرێ دا. شتی وانەبوو، زمان تەڕو پاراو و تا بڵێی کورد پەرست. هەر هێندە بەس بوو نیو سەعاتی لەلا دانیشی... ئیدی بە واتەی ژنان شێت و هارو ئاوارەی بیابانێ دەبووی و بە چرای گەنە گەرچەکێ لە سەربازی عەرەب و تورکان دەگەڕای و سەرت لە دوو دەنان... بۆ خۆی دەیگوت هاتووە ((شۆڕشەکە جۆشدا)). بەڵێ، کوڕێکی وەك تۆ، لە حیزبی هیوابوو. ئەڵبەتە من بە باشی نەمزانی چیکرد و چی نەکرد... بەڵام چۆن هاتبوو ئاواش گەڕایەوە... بەڵێ، گوایە دارای کوڕی-کوڕی شیرینێ-ش هەر دەو حیزبەیدا بووەو ئەو دایکە بێدەرەتان و ئەو خاو و خێزانە هەموو وەدووی وی کەوتوون، هەر هەموو-جگە لەو کچەی کە لە سلێمانیەی مێرد کردبوو..))

((ئاه، تێگەیشتم... دوایە؟))

دایکم گوتی: ((دوایە هیچ... دەتەویست چ ببێ- کچە داماوە قیت قیت رۆیشت و بە کووڕە کووڕ و پشتی چەماوەوە هاتەوە...))

((سەیرە قیت قیت ڕۆیشت! نا، ڕۆڵە، بە کووڕی ڕۆیشت و کووڕتر هاتەوە... یانی هێشتاش هەر نەهاتۆتەوە، خواش دەزانێ داخوا دێتەوە یان نایەتەوە.))

((بۆ هیچ بووە؟...))

((وەڵڵاهی بڵێم چی... بێنەوایە هەر لە هەوەڵێوە بەدبەخت و چارەڕەش بوو- بەدبەختی بەدوای بەدبەختیدا... ئەوەش ئێرەی، کە بەو ریسواییەوە شار بەدەریانکرد و لە گوندیان وەدەرنا- ئەوەشی ئەولا کە ماوەیەك بەدوای کوڕەکەیەوە وەیلانی شارو مەملەکەتی عارەبان ببوو, و وەك دەیانگوت تا بەغدایەش چووبوو...))

بابە گوتی: ((نا، بەغدا نەبوو، گوتیان کوڕەکەیان گواستۆتەوە کوت و رەمادییەی کە من نازانم لە کوێشن.))

((ئاه...))

((بەڵێ، دوایەش کە هاتبۆوە ئەو بەڵایەشی بەسەر هات...))

((کامە؟))



بەپێی قسەی کوڕی پوورە مینای لە دەوروبەری رەواندوزێ لە بارزانییەکان دادەبڕێن و چەند خێزانێك لەگەڵ منداڵەکانی حەسەنیشدا لە ترسی سوپای عێراق و فرۆکەی ئینگلیزەکان جا دەزانن یا نازانن دەچنە ناو خاکی تورکیاوە، و دەیانگرن و دەیانبەن، بۆ کوێ دیار نەبوو. ئەوەی دیار بوو ئەوە بوو کە ئەفسەرێکی تورك بە کچی دووەمی شیرینییەوە کە ناوی-سەرگوڵ-ە و بە خوشکمان بێ دەڵێن زۆر جوان بووە گیربووە و کچەی لە خێزانەکەی دابڕیوەو جیای کردۆتەوەو بە بیانووی قسە دەگەڵ کردنێوەی لە ئۆتۆمبێلێی هاویشتووە و بردی هەر بردی! ماوەیەك لە ئۆردوگایدا دەمێننەوە و سووسەیەك لە کچەوە نازانن و دایکە بێچارە و داماوەکەشی وەك شێتان هەر بەدەوری خۆیدا سووڕاوەتەوە و سەرەنجام- راست یا درۆ- پێیان گوتوون کە کچە ویستوویەتی ڕاکا و پاسەوانیش نەڕۆی لێکردووە و ئەو گوێی نەداوەتێ و پاسەوان تەقەی لێکردووە و کوشتوویەتی... ((ئەدی، کوڕەکەم کەسێك کە چارە ڕەش بوو هەر چارە ڕەشە ئیدی- دەرد و مەینەتی لە عەرد و ئاسمانێوە بەسەردا دەبارێ... هەر لە پیر و پێشینانەوە گوتوویانە بەڕە هەر لەلای تەنکییەوە دەدڕێ، سەگ بە سەگەتییە خۆیەوە کە دەگاتە بنیادەمی چارە ڕەش ددانی لێ لە چیڕەوە دەبا... ئەوە ئەو کچە، ئەمەش ئەو کچە... ئەوە ئەو کوڕە...)) گریان نایەڵێ. بابە بە دوای داستانەکە داهات، کە بەڵێ، ماوەیەك بە ناچاری لەوێ مانەوە، و دەستیان بە چ جێیەکی رانەگەیشت، نە بە زیندووەتیان کچە دیتەوە نە بە مردوویی...)) ((باشتر کە نەیاندیتەوە، ڕۆڵە. دەردێکی گەورەیە بۆ دایی و بابان... کچەکەت بە مردوویی بێتەوە بەردەست سەد جار لەوەی چاکترە کە هەزاران بەڵا و ڕیسواییان بەسەر هێنابێ-و بە زیندوویی بتدەنەوە. چونکە دیتنی هەر سات و کاتێکی بۆ دایی و بابان لە مردنێکی خراپترە...))

((سوبحانەڵڵا! ئەدی منداڵەکانی دیکەی... ئاخر وەك ئەوەی کە گوتت...؟))

داستان دەیگوت کە دوای ماوەیەکی بە یارمەتی هاووڵاتی و هاوشاریان لە ئۆردوگای تورکان هەڵاتن و کێو بە کێو هاتن تا مەهابادێ. هێندێك ئەفسەری ئێرانی کە یارمەتی سوپای قازیی محەممەدیان دەدا و هاتبوونە پاڵیان، ئەفسەرێکی فارسی حەز لە- خەرامان-ی کچی دەکات و لەڕێی هاوکارە کوردەکانییەوە- یانی ئەو ئەفسەرانەی سوپای عێراقی کە دەگەڵ بارزانیدا هاتبوونە مەهاباد-ێ دەنێرێتە خوازبێنیە و سەرەنجام کچەی دێنێ.

((باشە، دوایە؟))

((دوایەش هیچ، سەلامەتیتان...))

سەلامەتیە مە وەك ئەوەی كە میرزا رەشید گوتبووی لاوێكی زۆر بەخۆوە و شەریف و ڕووخۆش و بە خولق و خوو بووە و تا بڵێی خەرامان و كەس و كارەكەشی زۆر خۆش ویستوون و ئەوانیشیان زۆریان لەگەڵدا كردووە هەڵێ و ئەگەر ناشتوانێ لەگەڵ بارزانییەكان كەوێ یا دەگەڵ ئیدیكە بچتە دیوی عێراقێ و خۆی بەدەست حوكومەتی عێراقیێوە بدات، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پەیوەندی و خۆشەویستیەشییەوە بە كچەیەوە فریوی قسەكانی شای دەخوا كە وادەی لێبوردنی داوە و چەند ڕۆژێك دوای هاتنەوەی سوپای شای بۆ مەهابادێ لەگەڵ ژمارەیەك لە یارانی لە سێدارە درا و منداڵێكێشی بۆ خەرامان و شیرینێ بەجێهێشت!

((چۆن؟))

كچە زگی هەبووە و دوای لە سێدارەدانی مێردەكەشی منداڵەكەی دەبێ و كوڕیشی دەبێ و دایكەش ناوی باوكی كوڕەی كە فەرەیدوون بووە لە كوڕەكەی دەنێتەوە و ئێستاش وەك كە كوڕی پوورە مینای دەڵێ كوڕە و دایكی هەردووكیان لە مەهابادێن و كەس و كاری بابی منداڵەش كە لە تارانێن بەڕێیەكیدا دەبیننەوە، بەڵام بۆ خۆیان ناوێرن بچنە مەهابادێ و شیرینیش كە منداڵەكانی ئاوا لێك بڵاوبوون بە كوڕ و كچەكەیەوە دەنووسێ و ناهێڵێ بە تەنیا بچنە تارانێ، بەڵام وەك میرزا رەشید گوتبووی دایك و بابی كوڕەی چەند جارێكانیان خەرجی بۆ بووك و نەوەكەیان لە تارانێوە بەهۆی حاجی مەنافییەوە بۆ ناردوون- كوڕەكەی گوایە كوڕە تاقانەی كەس و كاری بووەو ئێستاش شیرینی داماو هەر پێیەكی لە مەهابادێیە و یەكێكی لە بەغدایە...

((بەغدا بۆ؟))

((ئێستا دەڵێم بۆ...))

نۆبەرەكەی دارا بوو كە گوتم برایە رەمادییە یا كوت و لەوێ دەست بەسەربوو... بەڵام یەكجاری هەر لەوێ نەمایەوە، گوایە چەندساڵێكان مایەوەو ئەودەمەی كە بارزانیش لە كوت یا رەمادییە دەست بەسەر بوو پێی ئاشنا بوو و یەكتریان ناسی. دوایەش كە بارزانی لە سلێمانییەوە هەڵات و چۆوە بارزان و شۆڕشی بەرپاكردەوە ئەویش كێو بە كێو هات و چووە بارزان و لەوێوەش لەگەڵ بارزانیدا هاتە ماهابادێ و دوای بەسەرهات و كارەساتەكەی مەهابادێش هەر لەگەڵەویدا چووە شۆرەوی. كوڕەكەی دیكەشی كاوە، كە ئەویش هەر لەگەڵ بارزانیدا بوو لە شنۆیە لەوان جیابۆوە-نەیانزانی چۆناو چۆن و بۆچی دەگەڵ شێخ ئەحمەدی كەوت و خۆی تەسلیمی حوكومەتی عێراقی كرد. گوتیان نەیویستووە لە دایكی دووركەوێتەوە. حەسەن بەرازیش هەر دەگەڵەواندا بوو، بەڵام دوای ماوەیەك ئەو هاتەوە. چۆن بوو ئەو لەنێو



هەمرواندا هاتەوەو ئەوانیدی مانەوە كەس نەیزانی و بۆ كەس روون نەبۆوە. گوتیان گوتوویەتی كە ئەو چ كارە نەبووە، و شەڕی دەگەڵ دەوڵەتدا نەكردووەو لەگەڵ بارزانیشدا نەبووە، بابایەك بووە سەوداگەر، هەر ئەودیوەو دیوی كردووەو بۆ ئالوویرێ چۆتە ئێرانێ و هاتۆتەوە... ماوەیەكیان هێشتەوەو دوایەش هەر گەڕایەوە گوایە ئێستا لە مەهابادێیە و جار جارەش لەگەڵ شیرینێدا دەچتەوە عێراقێ, و بەڵام كاوە-وەك دەڵێن ماشەڵڵا ئاگر و پووشێكە بۆ خۆی، دەڵێن كوڕێكە هەر پەنجەیەكی شارێكی دێنێ. دە حوكومەتی قازیی محەمەدیدا ئەفسەر بووە. كاتێكی لە ((گلاز))ی لەگەڵ شێخ ئەحمەدیدا تەسلیمی عێراقێ بوو، عێراقییەكان ئەوانیان لێك هەڵبوارد و لێكیان جوداكردنەوە-حیسابی بارزانییەكان و شێخ ئەحمەدیان لەوانیدی جوداكردەوە، ئەوانیان برد. ئەوەی ماشەوە كردیانە دوو بەش. ژمارەیەكیان ئەفسەری عێراقی بوون كە چارەنووسیان دیار بوو: ئەوان هەر بە ((غیابی)) فەرمانی لە سێدارەدانیان درابوو. ئەوانیان دە ئۆتۆمبێلان هاویشتن و بردیاننەوە هەولێرێ، و هەمدیس لە هەولێرێوە بۆ بەغدایە. بێجگە لە كاوەی ژمارەیەكی دیكەش بوون: ژمارەیەك ئەفسەری ئێرانی كە لە سوپای قازیی محەممەددا بوون و ژمارەیەكیش كوردی سوپای قازی محەممەد بوون. ئەفسەرە ئێرانییەكانیشیان لەوان جوداكردنەوە. مانەوە خۆیان و خۆیان: ژمارەیەك ئەفسەری حوكومەتی قازیی محەممەد، كە پێیان دەگوتن دێموكرات. باسی كاكە كاوەم دەكرد. گوتیان ئەوانیان بردنەوە هەولێرێ و موتەسەڕیفی هەولێرێ بۆ خۆی قسەی لێوەرگرتبوون. ئەوەشیان لەم دواییانەدا بۆ خۆی گێرانییەوەو باسی كردن، كاوە وەك دەڵێن لاوێكی تا بڵێی زۆر وشیار و بەزیبكو زاكونە؛ فارسی و عەرەبی و توركی و تەنانەت رووسیش چاك قسە دەكات. بەڵام لەوێ خۆی گێل دەكات و خۆی بە نەزان پێشاندەدا. موتەسەریف بە وەرگێڕەكەی گوتبوو لێی بپرسە كە ئایا ئەویش شیوعییە، یانی كۆمۆنیستە؟ كاوە هەر كە ئەوەی بیستبوو نووڕە نووڕ دەستی بەگریانێ كردبوو و بە زمانی كوردی بە وەرگێڕەكەی گوتبوو كە بە خودا و بە پێغەمبەر، ئەو شیعە نییە، سوونییە، ئەوەی وایگوتووە درۆی كردووە (ئەودەمی سەر وەختی حوكومەتی نوری سەعیدی بوو، كە یەكێك بوو لە دوژمنە سەر سەختە گەرمە تەندوورەكانی هەردوولا كۆمۆنیست و شیعە) بۆ خۆی گێڕابوویەوە كە موتەسەریف بە وەرگێڕەكەی گوتووە پێویست ناكا بۆی ڕوون بكەیەوە- هەروا چاكترە نەزانێ، با شیوعی هەر بە شیعە بزانێ, لەوەی چاكترە تێیبگا...

بە كورتی ئەوان دەبەنەوە بەغدایە، تا لەوێوە بیاندەنەوە حوكومەتی ئێرانێ، زیندانییە راستەكییەكان كە ئەفسەرانی سوپا بوون دەگەڵ ئەوانیدیكە هەر لە هەمان بەندیخانەدا بوون، بەڵام لێك جودا، خەباتگێڕ و تێكۆشەران پێشمەرگەی بەرگری میللی بوون و تێكەڵاوی

ئەفسەرانی سوپای قازیی محەممەد بوون و هەموو پێکەوە بوون و لەلایەکی دیکەی بەندیخانەکەوە گیرابوون و بەندکرابوون.

ئەوە چەکاوەی قسەکانی باوکم بوون, و بەڵام بەسەرهاتی کاکە کاوە، من لە دەمی خۆیەوە دەگێڕمەوە کە دوای چەند ساڵانێك کە پێی ئاشنا بووم و بۆی گێڕاومەتەوە: چەند ڕۆژێکیان هێناین و بردین و لنییان تۆژینەوە. وەك دوژمنانمان لەگەڵ دەجووڵانەوە, و زۆربەشی لێدان و کوتان و جنێویشی بەدەمەوە بوو، و بەسەر و ڕوویەکی ئەوتۆیان سەیر دەکردین وەك خوێنیان لەسەرمان بێ و بەچاوی خۆیان دیبێتیان دایك و باوکیانمان کوشتبێ. باشە دەی، دەمانتوانی چبکەین، ناچار ددانمان بە جەرگی خۆماندا دەنا و هەر خۆمان دەخواردەوە-ئەلحوکمولیللا. ئەفسەرە گەورەکانیان زۆربەیان پاشماوەی سوپای پێشووی عوسمانی بوون، و تورکیان باش قسە دەکرد. یەکێکیان تێدابوو کە ڕەنگ و ڕوو و چاو و برۆی بە عەرەبان نەدەچوو، عەرەبییەکەشی دووکەڵی دەکرد...

گوتم ئەو تیرەی بەتاریکییەوە دەنێم... ئەگەر کوردبێ لەوانەیە یارمەتییەکم هەر بدات- هەرچەندە یارمەتییەکیش نەبوو تا بتوانێ یا بیەوێ بمدا. ڕۆژێکی دوای لێتۆژینەوێ هەر کە وەرگێڕەکە بۆ ئیشێکی چووە دەرێ گوتم: ((ئەرێ کاکە، توخودا ئەتۆ کوردی؟)) ئاوڕێکی دایەوەو سەیرێکی توندی کردم. گوتی: ((من داوایەکی هێندە گەورەم لە تۆ نییە، بەڵام ئەگەر کوردی تەنیا پرسیارێکت لێدەکەم- تەنیا بەیەك وشەش وەڵامم بدەوەو بەس- یان ئا، یان نا، ئیدی هیچیدیکەم لە تۆ ناوێ- وەك هاوڵاتییەك!)) خوا هەڵناگرێ زۆر ناڕەحەت بوو.

گوتی: ((بڵێ- چییە؟)) گوتم: ((کاکە، من حاڵەکەم خراپە، چمان لێدەکەن؟ داخوا سەرەنجاممان خراپە و ترسناکە یان نا؟ تەنیا یەك وشە.)) گوتی: ((بەڵێ، حاڵت تا بڵێی ترسناکە، و ئەوپەڕی تا مانگێکی دی دەتاندەنەوە ئێرانێ...)) گوتم: ((زۆر مەمنون...)) و هەردوو دەستم بە چاومەوە گرت. گوتی: ((بەداخەوە، من ناتوانم هیچت بۆ بکەم و یارمەتییەکت بدەم... بارودۆخەکە وانییە تا بتوانم یارمەتییەکت بدەم...)) دەستی برد پاکەتە جگەرەیەك و سێ دیناری پارە لە گیرفانی دەرێنا، و بە زۆری دایمێ و گوتی: ((لای گیراوەکانی دیکە هیچ نەڵێی... لەوێ ئاگات لە زمانیشت بێ...)) وەرگێڕەکە هاتەوە ژوورێ، و قسەکانمان بڕان. ئیدی من ئەوم نەدیتەوە.

((دە دڵی خۆمدا گوتم باشە، کە من حاڵەکەم ئاوا خراپە و ئەوپەڕی تا مانگێکی دیکە دەماندەنەوە بە ئێرانێ! چبکەم باشە!



((هەر لەو شەوەوە بیرم لێکردەوە-خۆم شەلاند... سەرەتاکەم، ئەو شەوە، ئاخیر شەوێ، کاتێ کە بۆ سەرئاوێیان بردین بە شەلە شەل لەگەڵ پاسەوانەکان چووم. لە ژووری زیندانێوە تا ئاودەستەکان زۆرم پێچوو. ئۆردوگایەکەمان، ئەبوغرێبی نزیك بەغدایە بوو، بەتەك دێی ئەبو غرێبەوە، کە لقێکی رووباری فوراتی بەنێوەڕاستێدا تێدەپەڕی، کە هەر چەندە لێڵ و قوڕاویش بوو زیندانییەکان مەلەیان هەرتێدا دەکرد و خۆیان تێدا دەشوشت- بەندیخانەکە گەرماو-حەمام-ی نەبوو. ڕاستییەکەی ئەو بەندیخانەیە پادگان- موعەسکەر- بوو، پێشان مەڵبەندی هەنگی سوارەبوو، کە خۆیان پێیان دەگوت ((خیال))ە. کەوتبووە بیابانێوە. لای باری سەرەوەی پادگانێ بوو. ئێمە لە قوژبنی ژوورێکی لای باری خوارەوێی بووین. بەندیخانەیەکی ناخۆش بوو. لە ڕاستیدا وەك دەیانگوت سەر بە دەربار بوو- شتێکی وەك بەندیخانەی زرەهی تارانێ بوو. دوو وەزیری ڕەشید عالی گەیلانی هێشتا هەر لەوێ مابوون، بەڵام تێکەڵ بە ئێمە نەبوون. ئاودەستەکان حەفتا هەشتا مەترێك لە ژوورەکانەوە دووربوون. ((تەل دڕوویان بە هەرچوار دەوری زیندانێدا کێشابوو، سێ ڕیز، کە هەر تەنیا سنووری ئۆردوگایەکەیان دیاری دەکرد، دەنا ڕێگری هەڵاتنی زیندانییەکی چوست و چالاك و چاپووك نەبوو، ئۆردوگا و دەوروبەرەکەشی سەی لێنەبوون.

((وردە وردە شەلینەکەم زیاتر بوو، دوای چەند ڕۆژێکی هەوەڵێ ئیدی هەر بە جارێکی کوڕبوومەوە، هەر هەنگاوێك دەڕۆیشتم و ماوەیەك دادەنیشتم و دەحەسامەوە. لەو ڕۆژەوەش کە گرتبوویانین سەر و ڕیشم نەتاشیبوو، ڕیشم هاتبوو، پرچم بەسەر شانەکانمدا شۆڕببوونەوە... بەکورتی، بە تەواوی شەل بووم. پاسەوانەکانیش وردە وردە لەگەڵ ئەو بارەی ڕاهاتن. هەر کاتێ بۆ حەسانەوە و پشوودانێکی دانیشتبام ئەوانیش لەگەڵ من دادەنیشتن، یا جگەرەیان دەکێشان، یا پێکەوە شەڕە بۆکسیان دەکرد- یەکەکانی پاسەوانییە گوایە هەر بەسێ مانگان جارێك دەگۆڕان.

بەکورتی، پازدە ڕۆژی تەواوم ئەو بەرنامەیە ئەنجامدا، ئێستا ئیدی تاریکە شەوبوو، و چاو چاوی نەدەدیت. پلانەکەم دانابوو و نەخشەکەیم کێشابوو: تێی دەتەقێنم- بەتەمای خوای- هەر بە ڕێنماییە ئەستێرەکان شەوانە شەوڕۆییە دەکەم و بەڕۆژیش دەنووم- بەرەو کوردستان، تا بزانین خوا چ دەکا. ئەو سێ دینارەی کە ئەفسەرە هاووڵاتییەکە دابوویمێ و نیودیناری خۆشم پێبوو. هیچم پێنەبوو، ئەوەی پێم بوو تەنیا هەر جلەکانی بەرم بوون... و غەمی شتوومەکیشم نەبوو!

((ئەو شەوە دوای هەمووان چوومە ئاودەستێ... ئێستا لە پاسەوانێکی زیاترم لەگەڵدا نەدەهات. ئەویش دووراو دوور دادەنیشت و جگەرەی دەکێشا، یا دە ئەستێرانەوە ڕادەما، و منیش سالڵدانە سالڵدانە، لەسەرەخۆ وردە وردە دەڕۆیشتم... چووم- شلپەشلپێکم نایەوە، هەرچەندە پێویستی بەوەش نەبوو، چونکە پاسەوانەکە هێندە نزیك نەبوو. پاژنەی کەلاشەکانم هەڵکێشا و لە دەرکێ وەدەرکەوتم و هەڵاتم! تا پاسەوان وەخۆ هاتەوە من خۆم گەیاندبووە پایە چێمەنتۆیە بە تەل درووە تەنراوەکە- لە پێشدا پایە چیمەنتۆیەکەم چاك هەڵنابوو. بە پایەکەی هەڵگەڕام و بەولایدا هاتمە خوارێ، کە دەنگی تەقێکی هات... من ڕۆیشتم.

((بەرە بەری بەیانی گەیمە کاروانە حوشترێکی، بە هەر شێوەیەك بوو دەستەکە نانێکم بە چارەکە دینارێکی لەسەر قافڵەچییەکەی کڕی. لە شیوێکی وەك دۆڵێکی، لەبن بەردێکی زلەدا لێی نووستم. کاتێ کە وەئاگا هاتمەوە بە حیسابی خۆم و ڕێ و شوێنی ڕۆژێ، سێ سەعات لە نیوەڕۆیە چوو بوو. دووبارە نووستمەوە، تا بەرە بەری خۆراوایە. بەڕێنماییە ئاوابوونی ڕۆژێوە کەوتمەوە ڕێ-بەرەو باکوور- تەواوی شەوێ هەر ڕۆیشتم. لە ئاوەدانیان نزیك نەدەبوومەوە، ئەگەر هەر ناچاریش بامایە دەچوومە سەربانی مزگەوتێ و وەختی بانگیش بانگم دەدا و نانیشم لە مالان سواڵ دەکرد-دەروێش بووم. کورتییەکەی بە حیسابی من یازدە یا دوازدە ڕۆژی کێشا تا گەیشتمەوە کوردستان- هیچ ئومێدێکم نەبوو، تەنیا هەوڵی ئەوەم بوو کە هێڵی ئاسنی شەمەندەفەرێ ون نەکەم و دووراو دوور چاوم هەر تێیەوەبێ... بە یەکجاری لە پێ کەوتبووم. بەڵام هەرچی بوو ئێستا خۆ لە وڵاتی خۆم بووم. دیارە کەسانێکیش هەبوون کە- بەتایبەتی ئاغاوات- کە هاوکاری حوکومەتیان دەکرد، و ڕەنگ بوو خەڵکیان تەسلیم کردبایەوە، بەڵام ئی سادەنا- ئەودەمی جاش و جاشایەتی بە شێوەی ئەوڕۆ نەبوو، ئەودەمی حوکومەت ئەو پارە زیاد و زۆر و زەبەندەی نەبوو لەو جۆرە کارانەی خەرج کا، لافاوی پارەی نەوتێ هێشتا نەرژابووە ناو خەزێنەی حوکومەتییەوە. هەر بە ئەزموون و بە حوکمی ڕەمەکی بۆ یارمەتییەم زیاتر ڕوو لە ژنان دەنا- دایك و خوشکانی چ عەرەب و چ کورد... دایك و خوشکان هەمیشە بە پەرۆش بوون- هەمیشە بەیادی ئازیز مردە یا ئازیزی زیندانی یا بەهۆی هەستی دایکایەتییەوە هەرگیز درێغیان نەدەکرد. بێگومان لە ناوچە عارەب نشینەکاندا نەمدەوێرا میللییەتی خۆم ئاشکرا کەم- دوور نەبوو دایکێك، خوشکێك کوڕ یا برایەکی بە قسەی حوکومەت لە باکوور لەدەست دابێ- چونکە بابەتی دیکەی وەك خۆشم هەبوون کە لە پێناوی نوری سەعید و سالح جەبر و عەبدول ئیلاهو فەیسەڵێك دەکوژران... بەڵام ئێستا کە گەیبوومەوە دەبوو چبکەم؟ خۆ نەمدەتوانی تا هەتایە هەر ئاوارە و وەیلانی کێو و بیابانان بم.



نەمدەتوانی لە عێراقێ وەمێنم، نەشمدەتوانی بچمەوە ئێرانێ، ئەوە حاڵی تورکیاش دیاربوو. سەرەنجام بیرێکم بە مێشکیدا هات: بڕۆم و بچمە لای هەباسی سەلیم ئاغای، برای بابەکر ئاغای کە تەمەنێك هەمەکارەی ئینگلیزەکان بوو و پەنای بۆ بەرم. حاجی هەباس ئاغا پیاوێکی بەڕێز بوو، دەگەڵ برایەکەیدا هەر تەمەنێکی حەوت قرانی نێوان بوو، برازایەکانی زۆریان ڕێز لێدەنا و پۆلیس و خوفیە لە قەڵەمڕەوی ویدا دەستەوەستان بوون. چووم, و هەر لەوێش مامەوە... لەوێمڕا وەڵام دایە دایکم، دەمزانی کە ئەو ماوەیە حاڵی زۆر شێواو و پەرێشان بووەو پێیوابووە کە منیش وەك خوشکەکەم بێ سەرو شوێن بووم... ((چاکی بۆ چووبووم، چونکە بەسەرهەڵدانەوەو وەدیهاتنەوەی من ئومێدێکی مردوو لە دڵی دایکمدا زیندوو بۆوە: چووبووە ئۆردوگاکەی منی لێ گیرابووم گوتبوویان هەڵاتووە... دڵی داکەوتبوو. کاتی خۆی بۆ خوشکەکەشمیان هەروا گوتبوو... ئەوەتا من گەڕامەوە، بەڵکە خواش ڕەحمێ بکات و ئەویدیش وەگەڕێ! دەستی لە منیش هەر شووشتبوو و ئەوە ئێستاش لەپڕ پەیدابوومەوە. کێ چووزانێ ئەوە خواکردی و ئەو ونبووی دیش سووسەیەکی لێ پەیدا بۆوە!... ((دەك خودایە ئەو پیرێژنە بەدبەخت و داماوەی نائومێد نەکەی، و ئەو زەعیفە غەریب و دەربەدەرەش بێ سایە و پەنا نەکەی!)) هەروەك کەسێکی ((تا)) گرتوو بەردەوام هەراسان و هات و هاواری بوو و نەدەحەوایەوە، بۆ ساتێکیش چییە ئارام و ڕاوەستانی نەبوو، پیرێژن هەروا دەناوەخۆیدا هەڵدەقرچاو دەسووتا و دادەوەشا.

((دوو هەفتەی تەواو ئەوە حاڵی بوو تا وردە وردە کەوتەوە ناوغەم و بێ حاڵی پیشوویییەوەو هات و باتی ئەو تاوتووەشی کەم کەمە لە غەمی کۆنەی دووری کاکە دارا و غەریبی و بێکەسییە زیندووەتی یا مردووەتیە دادە سەرگوڵێدا نیشتەوە. لەگەڵ هەمووئەمانەشدا دیسانەوە لەبەر خاتری ئێمە، جگە لەوەی کە جار بە جارێك بەدەم ئەو هەموو دەرد و دڵۆ و ناسۆریەی دەروونییەوە کە ئاهێکی هەڵدەکێشا و خەریك بوو لە دەریای دڵێدا سەری دەکرد و لە سینەیدا دەگەڕا، لەبەر مە نەیدەهێشت دەرکەوێ و قووتی دەدایەوە. هەر لە ناوەوە دەسووتا، بەڵام شەوق و تیشکی زەردەخەنەی سەرلێوەکانی لەبەرمە- من و شۆڕش و دادە کەژاڵ و خەرامان و منداڵەکانیان- هەمیشە هەر ئامادەو درەوشاوەبوو. کەژاڵیش سێ کچ و دوو کوڕی هەن. کوڕەکانی گەورەن، کچە بچکۆلانەکەی چوار سالانەیە...))

دایە شیرینیش ئێستا بە قسەی خۆی، ناشکوری نەبێ، هەر ئەوە ماوە جلی عەودالییە و دەروێشییە لەبەرو کەشکۆلێ لە مل کا. یا لە سلێمانییەیە، یا لە پشدەرێ، جار هەیە لە مەهابادێ و جاری واشە لە سنووری تورکیایە، هەر بە هیوای ئەوەی هەواڵێکی ونبووەکەی

دەستکەوێ. زۆر جارانیش خەرامان و منداڵەکەی لەگەڵە خۆیدا دەبا... چبکا، چۆن دەتوانێ دوو زەعیفان هەروا بە هەویای خودای بەجێ بێڵێ؟ بە قسەی خۆی دایکە، خوداوەند کەسێکی دیکەی لە دایك بەدبەخت و داماوتر دروست نەکردووە: دایکی بێچارە دە ئاویلکەدانێدا غەمی خاو و خێزان و ماڵێیەتی. چۆن بڕوا، ئەوانە هەموو بەجێ بێڵێ و بڕوا- بۆ کوێ؟ کێ دوای وی ئاگای لێیان دەبێ؟... لەوانەشە بزانێ یەکێك هەر دەبێ ئاگایەکی لێیان بێ. ئەگەر بوو، یا نەشبوو، دنیا خەراپ نابێ. دوای ویش ئیدی پەیدا دەبن و دێن کارەکانی چەپ و ڕاست دەکەنەوە- جا یان کەمێك چاکتر یا خراپتر- کاری دنیایە ڕاناوەستێ!

گوایە یەك جار بابە گەورە و دایە گەورەی منداڵەکە بە نیازی سەردانێ نەوە و بووکەکەیان چوونەتە مەهابادێ، یەك دوو شەوان لە ماڵێ حاجی مەنافی ماونەوە و ناچار بە ناکامی و دڵ ساردییەوە چوونەتەوە. دایە شیرین ئەودەمی لە سلێمانی بوو.

## -١٦-

بەو ڕووداوانەی کە ئێستا دەیانگێڕمەوە وایانکرد خەڵکی گوندەکەی کە بۆنی ونبووەکانی پێشووش بە ونبووەکانی ئێستاوە نێن. جەنگی جیهانی دووەم لە مێژبوو تەواو ببوو، وڵات لەسەر پانتاییە ئەو شاڕێی پێشکەوتنە بوو کە بەردەوام پێیاندا هەڵدەگوت و دەهۆڵیان بۆ دەکوتا و لە بلوێر ژەن و دەهۆڵ و زوڕنا کوتی خۆشیان بەولاوە کەسی دی نەیدەدیت و هەستی پێ نەدەکرد، و حوکومەتیش هەر بە پێودانگی جارانیشە بۆ هەر شت و توخم و بابەتێك لە جۆری خۆی هەبوو. سەربەستی و ئازادی و دیموکراتی هەڵبژاردنێی رادەگەیاند، هەروەك جاران ئەو دیموکراتی و هەڵبژاردنە سەربەست و ئازادیەش وەك لە رادیۆ و چاپەمەنییەکانیدا دەیانگوت و بانگەشەیان بۆ دەکرد تەنانەت لە سویسراش هەڵبژاردنی وانییە. بەڵام ئەو هەڵبژاردنە ئازادەیە هەر تەنیا بۆ ((دەنگدەر)) بوو و تایبەتی وی بوو: ((مەشەدی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتی و سەربەست هەس؟))- ((ئیمامی جومعەی تاران هەس!)) ئیمام جومعەی تارانێ دەبووە نوێنەری مەهابادێ و یەکسەریش دەچووە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە و یەك دەنگەش دەبووە سەرۆکی ئەنجوومەنێ!... ((بابا)) نوێنەری راستەقینە و سروشتیی ناوچەکە بوو، و بە لەسەدا نەوەدو نۆ دەنگی خەڵکی هەڵبژێردرابوو و دەوڵەت بە هەموو سەربەستییەکەوەو زۆر ئازادانە هەڵبژاردنیشی بەتاڵ کردبۆوە کەچی ئیمام جومعەی تارانێشی ئازادانە کردبووە نوێنەر و هەڵیبژاردبوو، ئیمام جومعەش زۆر ئازادانە و بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی و بێ هیچ پارێزگار و ئیسکۆرتێك لە تارانێوە یەکسەر کوتابووی هاتبووە ((ناوچەی



هەڵبژاردن))ەکەی. بۆ تۆ بڵێی لە دەرکی دەروازەی شاریش راگیراوە تا لێی بپرسن ((ئەرێ مامە ئەوە بۆچی هاتووی, و کەی هاتووی و لە ماڵێ کێ دادەبەزی؟)) یا خوانە خواستە وەك لای مە هەرکە غەوارەیەك دەهاتە شارییەوە شارەبانی بانگی دەکرد و دە ((سین جین))ا نییەوە دەگرت کە بەڵێ، کێیێ و کەی هاتووی و بۆ هاتووی، و لە ماڵەکێی، و چەند دەمێنییەوە... نا، ئەستەغفیروڵڵا، بڵێی کەسێك بانگی کردبێ و لە سەدایەکی ئەو پرسیارانەی لێکردبێ..نا، نا... خوانەکا. هات و یەك دوو ڕۆژان مایەوە، شارەزای کوچەو کۆڵان و جوگرافیای شارو خەڵکەکەی بوو و سەردانی فەرماندەی تیپی کرد، و لەڕێی وییەوە سوپاسی خەڵکی بە شەرەف و بەڕێزی شاری مەهابادی کرد کە هەروا ئاوا لە خۆیانەوەو بە تەواوی ئازادی و سەربەستی و دیموکراتییەوە هەڵیانبژاردووەو کردوویانەتە نوێنەری خۆیان و یەك دوو سەرانیش بە ئۆتۆمبێلە جوانە بریقەدارەکەیەوە بەنێو شەقام و ڕێ و بانی شاریدا هات و چوو و خەڵکەکە چاویان پێی ڕوون بۆوەو شادو شەنگوڵ و خۆشحاڵی دیمەنەکەی بوون بە تایبەتی ئەو لامەسەبە کە هەر دەتگوت مارەو بەسەر ئەو شەقامە پڕ تاسە و چاڵ و چۆڵانەدا دەخزێ! و یەك دوو پیرێژنیش کە لەبەر دەرکێ خۆیانەوە گوایە دەیبینن کە لەسەر کوشنی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەیدا، زۆر شەکەت و ماندوو خۆی کرووشمە کردووەو پێکتری نیشان دەدەن-وەی بەستەزمانە، دەك لەبەرت مرم خوایە! لە تارانێوە کوتاویەتی و هاتۆتە ئێرە... ئاخر خۆ ئەوە گەمە نییە، ڕێیەکی دوورە، ڕێ و بانیش هەموو خراپ و بێ کەڵکن... تۆش بای هەر ماندوو دەبووی و وات لێدەهات..!

بەڵێ، یەك دوو ڕۆژان بەناو شەقاماندا گەڕاو دەو لادێیانەوە ڕاما کە جل و بەرگی کوردییان دەبەربوو، بە دەمیانەوە پێکەنی... چ جل و بەرگێکی جوان، تا ئێستا جل و بەرگی وا جوان و رازاوەی نەدیبوو!... و دوایەش بێ ئەوەی کەس بزانێ، جگە لە مەقاماتی دەوڵەتی کە چ بووەو بۆچی هاتووە، ئازادانە گەڕایەوە تارانێ-و چووە ئەنجوومەنێ. هەروەك دەیانگوت گوایە دەگەڵ کەڕی بەیانی ڕۆیشتووە، خەڵکی هێشتا هەر لەخەودابوون و هەڵنەستابوون- نەیویستبوو ببێتە مایەی ڕەنج و ماندووبوونی خەڵکی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی. بەڵێ ئاغا، ئەوەیە پیاوی سەربەست و ئازادە، ئیدی ئەوە نەبوو کە بۆ بەڕێکردنێ خەڵکی قاودەن و تا دەم چۆمیان بەرن و چەند سەعاتێکانیان لەبەر سوورە تاوێ رابگرن و شتێکی لە مست یەکێکی نێن و بێت مەڕێکی بێدەرەتانی لەبەر پێیان سەربڕێ!... نا، نوێنەری سروشتی و خۆماڵی و ئازاد، هەموو شتێکی هەروەك خۆمانە و ئازادانەیە!

خەڵکەکە خۆشحاڵ بوون و ئافەرینیان کرد، خواهەڵناگرێ ئەمجارەیان مەشەدی توخمێکی ئێسك سووکی دەستنیشان کردبوو: ((مەشەدی، ئیمام جومعەی تارانێ هەس؟))- ((بەڵێ، بەڵێ، زۆریش هەس، چەندی بڵێی هەس!))

نوێنەری سروشتی، تەنانەت سەرووی سروشتیشەوە یانی ئەمە... نەك وەك ئەوانەی کە لە یەك دوو شاری ئەولاوەتری مەهابادێوە- وەك شاری سنەی کوردنشین-ەوە دێن، و بە زمانی خۆماڵی بدوێن و خەڵکی بناسن و خەڵکیش بیانناسن، و هەڵبژێردرێن- ئەوە نابێتە هونەر و هیچیش نییە. ئەوە هونەرە کە کەس نەتبینێ و نەیدیبی و ناوی نەبیستبی و بە تەواوی تەمەنتەوە ناوچە و خەڵکەکەیت نەدیبێت و هەڵیش بژێردرێی... هەر ڕاست وەك بلیتی یانەسیبی- ژمارەکەت بخوێندرێتەوەو بۆت دەرچێ و بیبەیەوە... جا لەوەی سروشتی تر!؟. دەنا ئەوەی کە زمانی خەڵکەکە بزانێ, و خەڵکی بناسێ و خەڵك بیناسن هەر دەتوانێ کۆمەڵێکی لە خۆ خڕکاتەوەو ببێتە نوێنەریان..! بەڵێ، ئەوە هونەرە کەس نەناسی و ببیە نوێنەریش- ئەوەیە ئازادی کە تۆ پاڵێوراو نەبی و گەرووت نەدڕابێ، و پۆستەرێکت چاپ نەکردبێ، و سۆزو وادەو پەیمانی هیچت بە کەس نەدابێ و کەچی کتوپڕ سەر لە سندوقێ بێنیە دەرێ... بەڵێ، ئا بە ئا ئەوە دەڵێن هونەری شاقۆرتی! هەر ئەو ئازادەگی و مەردایەتییەش بوو وایکرد جارێکی دیش زۆر سروشتیانە و بێ هیچ هەوڵ و تەقەللا و ماندوو بوون و کۆششێك؛ بە تەواوی ئازادییەوە، بە سەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژێردرێ و ببیتە مایەی سەرفرازی و سەربڵندیە خەڵکی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی خۆی. خەڵکی مەهاباد و دەوروبەرەکەی و ئەوەی سەر بەوین و تۆ بڵێ هەموو خەڵکی کوردستان، ئیدی وەك ئەوەی بە هەموو ئارەزوو و داواکارییەکانی خۆیان گەیبن: حوکومەت بەدەست خۆیانەوە بوو: خەڵکێك کە نوێنەرەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وڵاتێك بێ ئیدی غەمی چیانە. ئەوەندە بەسە داوا لە نوێنەرەکەیان بکەن پەنجەیەك ڕاوەشێنێ، تا دەر لە عاست شەقامەکانی شارەکەیان قیرتاوکرێن، دانیشگا لە شارەکەیان بکرێتەوە، باخچەی منداڵان و دایەنگە و نەخۆشخانە و دەرمانگا... دابمەزرێن و ئیدی هەروا بەمجۆرە بگرەو بڕۆ... بە کورتی ئەوەی دڵ پێی خۆش بێ و بۆ خۆشیان هەقی هیچیان نەبێ لەوەی زیاتر کە لە پارك و باغ و چەمەنەکاندا لێی پاڵدەنەوەو سەیری منداڵەکانی باخچەی ساوایان بکەن کە دەو باغ و چەمەنانەدا خلان خلان دێن و دەچن و خۆ بادەدەن و بە زەردەخەنەوەش بە پەرستاری ئەو منداڵانە بڵێن کە ((سەوزە گیای چیمەنەکان پێخوست نەکەن و زۆریان نەشێڵن... سەوزایی جوانیە ژیانە!)) و ئاماژەی تابلۆکانیش کەن کە ((پاك و خاوێنی پێشاندەرو پێناسەی کەسایەتیتانە!)) و دەبێ شارەکەمان پاك و تەمیز ڕاگرین!))



بەڵام خەڵکەکە بەو دەستکەوتە سروشتییەی مافە رەواکانیان ئەوەندە کەیف خۆش و شادو شەنگوڵ بوون کەس ئارەزووی نەمابوو و کەسیش هیچی پێ نەدەخوراو دڵی هیچی نەدەبرد, و نمایندەو نوێنەری بەڕێزیش بە ئەندازەیەکی واکەوتبووە ژێر کاریگەریە ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستی و دڵنەوازی و میوانداری خەڵکی ناوچەی هەڵبژاردنەکەیەوە هەموو شتێکی لەبیر چووبۆوە. بەو هەموو هات و هاوارە شادی ئامێزەی کە خەڵکەکە دەستی دابوویە و دەیانقیژاند هیچی بە مێشکیدا نەدەهات لەو نیاز و داخوازی و کەمایەسییانەی خەڵکی کە داخوا هەیانە یان نا. هەربۆیەش مەهاباد چۆن بوو هەروا وەك خۆی مایەوە: شەقامەکانی کە خۆڵ بوون، هەروا مانەوەو خراپتریش بوون- زۆر خاکی و بێ خۆدەرخستن، هەر ڕاست وەك نوێنەرە سورشتییەکەی و کەرەکانیش بە بارەوە بێ ناڕەحەتی بەسەر چاڵ و چۆڵی و تاسەکاندا تێدەپەڕین و بەدەم گەمە و جیفرکانەوە وەدووی یەکتری دەکەوتن و تەرسیان بەردەدانەوەو لە گەڕانەوێشدا بەبێ بار، سەریان لە دووی یەکدی دەناو گازیان لێك دەگرتن و جارجارەش لەناو تۆز و خۆڵی شەقامێدا دەگەوزین, و بەردەوام بەو گەوزینانەی کەرەکان- بەهۆی ئەو تۆزو خۆڵەوە- بە زمانی حاڵی خۆیان پەیامی شادی و خۆشیە خۆیان بۆ حوکومەتی دەنارد و بەدەم ستایشی ئەو هەنگاوە کاریگەرییەی نوێنەرە سروشتییەکەشیانەوە هەڵیان دەدایە زەڕین و ئەبو عەتا گوتنێ...

دەوڵەتی داماویش چ گوناهێکی نەبوو، راستیان گوتووە کە کرم لە خودی دارەکە خۆیەتی، ئەو گوتبووی هەڵبژاردن ئازادە و ئازادی هەڵبژاردنێشی دابین کردبوو, و نەك تەنیا بەڵێنەکەشی هێنا بووە دی، بەڵکە پارسەنگیشی دابۆوەو وەك دەیانگوت تای تەرازووەکە بەلای خەڵکەکەش دایە: پیاوێکی بەڕێزی کردۆتە نوێنەری خەڵکەکە و بۆی هەڵبژاردوون، ئەو پیاوە بەڕێزە ئەو هەموو ڕێیەی کوتابۆوەو چووبوو دەگەڵ شارو خەڵکەکەیدا ئاشنا ببوو و هەروەك دەشیانگوت یەکجار زۆری غەم و خەفەت و ئاخ و داخ لەوەی خواردووە کە تا ئێستا بەو ناوچەیەی کە خەڵکەکەی هێندە بەڕێز و هێور و بێ وەی و گوێ لە مشتن ئاشنا نەبووەو نەیناسیون و تا بڵێی سوپاسی فەرماندەی تیپ و دەستەو دایەرەی دەوڵەتی و خۆماڵیشی کردبوو، کە هەر چۆنێك بووە ئەوەیان بۆ رەخساندووە کە ئەو-یانی کاکی بەڕێز- توانیویەتی بەلانی کەمەوە دەژیانی خۆیدا ئەم شارە جوان و ئەو خەڵکە جوانەی بەو جل و بەرگە جوانانەوە ببینێ و چێژی لێ وەرگرێ. هەر لە خۆوەشیان نەگوتووە، هەر ساتێکی ژیان ئەزموونێکە. ئەمەش ئەزموونێك بوو سەد ئەزموونی دیکەی دێنا و خواش هەڵناگرێ نوێنەری بەڕێزیش هیچ دەرفەتێکی رەخساو نەبوو باسی میهرەبانی و رێزی خەڵکی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی خۆی نەکات و سوپاسی

ئەو هەمووە میوانداری و کەف و کوڵە گەرموگوڕەیان نەکات و بە شەرم و پێزانینەوە دەربارەیان نەدوێ. ((جا توخوا وەرن سەیری ئەو پیاوەش کەن و بزانن چۆن بووە... بێ ئەمەکی تا ئەو ئەندازەیە!)) ئاماژەو مەبەست لە عەبدوڕڕەحیم تالیبۆف بوو کە گوایە لە یەکەمین ئەنجوومەندا بە نوێنەری تارانێ یا شارێکی دیکە هەڵبژاردراوەو ((کاك))یش کڵاوی لێدەکا بەلادا و تەنانەت هەر بۆ سوپاسگوزارییەکی وشك و برینگیش سەرێك نادات و نایەت و نایەت. باشە خەڵکی چبکەن. ئاخر هەر ئەو جۆرە شتانەن خەڵکەکەی لە هەڵبژاردنێ دوور دەخەنەوە و بەدبینی دەکەن.

بەڵێ خوا هەڵناگرێ پارسەنگی تەواویان دابۆوە- هەم دەوڵەت و هەم خەڵکەکەش، بەڵام ئەوەندە هەبوو خەڵکی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی وی کە دەوڵەت دەستنیشانی کردبوو تا ئەو ببێتە نوێنەری، گوایە بەبێ ئاگاداریە ئەو و دەوڵەتی هەنگاوێکیان زیاتر و بەولاوەتر ناوە: نەك هەر تەنیا خۆیان سەرخۆش و مەستی بادەی سەرکەوتن بوون, بەڵکە پاتاڵیشیان دەو گەمەیەوە گلاندووەو بەشدارییان کردووە. بیستبوومان کاتێ کە چێشتێکی چەور دەخۆن لە دواییدا، قامکان بە هەردوو برۆیاندا دێنن و ئەوانیش بێبەش ناکەن، ئەوەش بۆ وەی تا لە قیامەتێ شکاتان نەکەن و ئەوەی دەیبینن و نایبینن، نەیگێڕنەوە. دە پرسە و سەر شاییانیشدا کە برنجیان دەپاڵاوتن ئاوی برنجەکەیان هەموو دەدایەوە پاتاڵی، تا ئەوانیش لە شایی و لۆغانێ بنەماڵەیدا هاوبەش بن. بەڵام ئەوەمان نەبیستبوو کە لەسەرخۆشی و بەدمەستییەشدا سەرکەوتنەکە، تەنیا سەرکەوتنێکی سادەو ساکار نەبوو، بەڵام تۆ بێیت و گیان و گۆشتی ئەو بەستەزمانەی خودای بە ئارەق و شەرابێ بهەنووی و ئەویش وەك خۆت سەرخۆشی بادەی سەرکەوتنێ کەی... ئیدی ئەوە شتێکی تازە بابەت بوو. کابرای کەردار، وەك نەدیو بدییان هەروەك لە تەواوی تەمەنیدا تەنیا یەك جاری هەڵبژاردنێ ئازاد دیبێ ستڵی ڤۆدکای لە پێش کەرەکەی داناوەو فەرمووی لە کەرەی بێ دەرەتان کردووە, و کەرەش وەك هەموو کەرێکی دی پێشوازی لە فەرمووەکەی کردووەو قەپۆزی دە ستڵێ ناوەو تا هەنگڵی گرتوویەتی خواردوویەتییەوەو لەسەر چەقی شەقامێدا دەستی بە ئەبو عەتا گوتنێ کردووە، بەڵام چۆن! رۆژنامەکان وێنەکەیان چاپ کردبوو. ئەودەمی کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین شیعرێك دە کتێبێکیدا بوو-پێموابێ کتێبی پۆلی سێهەم بوو- و لە بەرامبەرەکەشی وێنەیەکی تەواو شاد لێدرابوو: ((کەرێکیان بانگکردە سەر شاییە کەر هێندە پێکەنی تا لە پێکەنینان شل و شەپرێو بوو.)) ئەو وێنەیەم وەبیر هاتەوە. لە وێنەکەیدا کەرەکە وەك کەسانێکی ختووکە دراو لە پێکەنینان شل ببۆوە! وێنەکێش سێبەرێکیشی لەبن کلکییەوە نەخشاندبوو تا پێشانیدا سستیە



پێکەنینیێ گەیوەتە ئەوێش. وێنەی ئەو کەرەش کە چاپەمەنییەکان چاپیان کردبوو شوێنەوارێکی تا بڵێی هونەری بوو: شێوەی جووڵەی دەمی و حاڵەتی سەرو کەللەی و چۆنیەتی قوتیە گوێیەکانی و.. هەموو شتێکی، وێنەی بوونەوەرێکی مەست و سەرخۆشی سەرکەوتنێی دەدایە بیر و مێشکان. وێنەکە بە پێوەبوو، بەڵام بینەر بێ ئیختیار بە خەیاڵی خۆی وایدەزانی دانیشتووە، و بە میلۆدی گۆرانی بێژەکانی ناوچەی هەڵبژاردنێ ئەوە دەستی لە بناگوێی ناوەو تا توانیویەتی شەویلاکەی داپچڕیوە و سەرقاڵی تێهەڵکردنێ گۆرانیانە... بەهەرحاڵ، کەف و کوڵێکی هەر تێدابوو و بێ هونەر و بێ بەهرەی هونەری نەبوو. واش دیاربوو بە زاراوەی ئەم سەردەمەش بەتەنێ نەبوو، هەروەك لە وێنەکەش ڕا دیاربوو وەك خاوەنەکەشی لەگەڵی بڵێ وابوو-ئەویش زاری بەش بوو، تێیهەڵکردبوو... بەهەرحاڵ، خەڵکەکە دڵخۆش بوون و وڵاتیش لەسەر شارێی پێشکەوتن و بەرەو پێشکەوتن چوونێ چوار ناڵە دەیکوتا، و شارەکەی شوێن ئیشەکەی منیش، وەك هەموو جێیەکی دیکەی وڵاتی، لەو پشتەوە هەروا لۆقەی بوو؛ لەوێش مەشەدی بۆ توخمەکانی دیکە شتی لەجێی گونجاوی هەبوو؛ بەوەی خۆشحاڵ بووین، کە هەناسەمان هەڵدەکێشا و هەناسەکە دەهات و دەچووەوە- بەتەواوەتی سوپاسگوزار بووین- چونکە، هەناسەکە زۆر بەئاسانی دیتوانی بێت و نەچێتەوە، هەرچەندە هاتنەوەو نەچوونەوەشی هیچ کاریگەرییەکی لەسەرحاڵ و باڵی ناوچەی هەڵبژاردنێ و دەنگدەرو هەڵبژێردراویش نەبوو... ((ئەی، خۆ هەناسەی دەدەین..!) وەك نەبێ هەناسەی بدەین- یەك تەمەن هەناسەت داوەو ئەوجا دڵنیاش نەبووی کە بەڕاستی هەناسەت داوە...

شەوێ دەرنگانێك لە دەرکێیاندا-نەنوستبووم... دەوروبەری سەعات یازدە بوو، کێیەوە... بەو شەوەی! ئەودەمانەی شەوێ کەس نەدەچووە ماڵێ کەس و ئەگەر میوانێکیش بایە-نەناسیاویش بایە-سەر لە ئێوارێ دەهات. منیش ئاواڵێکی وا دڵسۆزم نەبوو ئاوا لەناکاو-ئەویش بەو شەو درەنگانەوە-بێت و بیەوێ بە دەم جەفەنگانەوە یا بەدەم قومارێوە شەوم دەگەڵدا رۆژکاتەوە-نەدۆستی وا و نە سەر قاڵیە واشم هەبوو. لەبەر خۆمەوە گوتم رەنگە گوێم زرنگابێتەوەو هەر پێموابوو بێ دەرگایە، دەنا کەس لە دەرکێی نەداوە. چەند ساتێك هەروا لەسەر جێی گوێ قوڵاغ بووم. دەرگاکە لێدرایەوە، سەرەتای پایزێ بوو، دوو سێ شەو بوو پەنجەرەم دادەخست. پەنجەرەکەم کردەوەو هەر لەوێمڕا تەماشا کرد-ژوورەکەم بەسەر کۆڵانێوە بوو. لە پەنجەرەیڕا سەرێکم خوارکردووە.

((کێیەوە؟))

((بیکەنەوە!))

((تۆ کێی؟))

((خۆمانین...))

بەڵام من ئەوەی کە دەیگوت خۆمانین و دەنگەکەی خۆمانە لێکردبوو نەمدەناسی-نەمناسی.

گوتم: ((یەك دەقیقە ڕاوەستە، واهاتم...))

شەرواڵم هەڵکێشا و لامپایەکەم بردە سەر لێواری پلیکانەکان-کارەبای شاری خراپ ببوو...و چوومە خوارێ...

دەرکەم کردەوە... ((بەڵێ،... بفەرموون..!))

سەلامی کرد... ئیستیواری سەربازی بوو!

((ئاغای ڕەحمانی؟))

((بەڵێ...))

((سبەینێ بەیانی تەشریف بێننە ستاد[٥].))

((ستاد؟))

((ستاد لەشکر... لەوێ بفەرموونە لای جەناب سەرهەنگ محەممەدی...))

نارەحەت بوون، ڕاستە چەندین ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا تێپەڕیبوو، بەڵام وەك ڕووداوەکان لە کلکێوە دەست پێبکەنەوەو هێشتاش هەر بانگی خەڵکیان دەکرد و جاری وابوو دەیانهێشتنەوەو جاری واشبوو هەرەشەی هەندێ شتی چاوەڕوان کراویان دەکرد، و داوای هاوکارییان دەکرد... و هیچ بەدناویەکیش لە (هاوکار)ی ڕوکنی دوو بەدناوتر نەبوو- ئەویش بەتایبەتی لە پەروەردەو فێرکردندا.

((جەنابعالی نازانن جەناب سەرهەنگ بەندەیان بۆ چ داواکردووە؟...))

((نا، تەنیا بەمنیان گوتووە ئەو دەستوورەت پێ ڕابگەیەنم.))

((من بەیانی وانەم هەیە، ناکرێ دوای نیوەڕۆیە یا بەرەبەری نیوەڕۆیە بێم؟))

((بەمنیان فەرمووە بەیانی زوو...))

---

(٥) ستاد: کورتەی-ئیستاد-ە بە مانای بە - پابوون، ڕاوەستان، مانەوە دێت. ستاد ارتش: مەڵبەندی فەرماندەی سەربازی کە نەخشە و پلانی جەنگی لێ دادەڕێژرێ و هێزی ئاسمانی و زەمینی و دەریایی لەبن دەستە. جاران پێیان دەگوت ((ئەرکان حەرب)- فەرهەنگی عمید- ل٧٦٨. (وەرگێڕ)



((زۆر چاکە... دە ئێستا فەرموونە سەرێ پیاڵە چایەکی وەخۆن-شتێکی وا نییە، هەر ئێستا دەگاتێ...))

((نا، سوپاس... کات درەنگە... بەڵام لەبیرتان نەچێ؟))

((نەخێر، بە خزمەتیان دەگەم)).

((ئیدی ماڵئاوا!))

((خواتان لەگەڵ-سوپاس...))

ئەو ڕۆیشت و من هەروا مابوومەوە، چەند سائێکان ڕاوەستام و لە دوای ویش سەیرێکی ئەو سەرەو سەری کۆڵانەکەم کرد. هەوا تاریك بوو، شتێکی وا بەدی نەدەکرا. چوومەوە سەرێ و بە پارێزەوە لە پەنجەرەیڕا ئەو سەری کۆڵانەکەم سەیرکردەوە- بەگومانی ئەوەی کە لەوانەیە ماڵەکە لەژێر چاودێریدابێ، من ئەو ماوەیە ئاگام لێ نەبووبێ. دیسانەوە هەر هیچم نەدیتەوە، بەڵام هەر ئەو شتانەشی کە نەمدەدیتن مێشکیان ئاخنیبووم. هەروەك بە لەدەرکەدانێ و هاتنی سەرکار ئیستیوارییەوە هەموو هاتبنە ژوورێ.

ڕوکنی دوو منیان بۆ چییە؟ دەبێ چ شیر پاکێك ڕاپۆرتی دابێ؟ ناکا ڕووداوی منداڵە سەرهەنگەکە بێ کە نمرەی نەهێنابوو و منیش بۆم زیاد نەکرد؟... ئەرێ ناوی چ بوو؟- سەرهەنگ ئێرانی. جا ئەوە پەیوەندی بە ڕوکنی دووەوە چییە؟ مامۆستایەتی و وانەگوتنەوەیان گوتووە، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕوکنی دووەوە نییە! هەر بەو حاڵەشەوە وەك شتێك لە ناخمدا بڵێ: ((نا، زۆریشی پەیوەندی پێوەیە، منداڵی ئەو کرێکار و کاسبکارە ڕوتەڵانە نمرەی بێنن، منداڵی سەرهەنگێکی شا پەرستیش بمێنێتەوە؟ ڕوکنی دوویان هەر بۆیە داناوە تا ئەو وەمێنی و ئەو نەمێنێتەوە. وەك بڵێی چ شتێك بەند نییە بە ڕوکنی دووەوە؟-دامەزراندن؟- دەوەیدا ئەو هەمە کارەیە. دەرکردن- لەوەشدا هەر دەستی باڵا و والایە. ئیدی دەمێنێتەوە نێوانی ئەم دوولایەنانە. ئەو کە ئەو دوولایەنانەی هەردووك لەبن دەست و ژێر چاوەدێری خۆیدا بن دەکرێ دەستێکیش دەو نێوانەی ئەو دوولایەنانەوە وەرنەدا؟...

هەمدیس وەك دووبارە دەنگەکە لە ناخمدا بڵێتەوە: ((نا، پەیوەندی بەمانەوە نییە، ئەرێ گۆڤارێك، بڵاوکراوەیەك، شتێکت... لەکەس وەرنەگرتووە؟)) ئاخ خۆ ئەوان هەر بۆ خۆیان کەسێك یا کەسانێکیان دەگیانی خەڵکی بەردەداو بە تەنگیاندا دەدا-دەو دواییانەدا ژنی دیاری کراوی خۆیان دەنارد، بڵاوکراوەو دروشمیان دەدایە ئەم و ئەوان تا ئامادەگی و هەڵسوکەوتی تۆ و کەسانی دیکە تاقیکەنەوە. بەڵام من لە هیچ کەسێکم بڵاوکراوەو گۆڤار و ئەو جۆرە شتانە وەرنەگرتبوو... ((لەوانەیە یەکێك بە هەر شێوەو مەبەستێکی دیکەوە بووبێ

پارەو مارەیەکیان لێوەرگرتبێ و دابێتیانە جێیەکی دیکە و تێکەوتبن و گیرابن... یا هەر بۆ خۆیان لەڕێی بەکرێگیراوەکانیانەوە ئەوانەیان گرتبن- و بڵێن ئەو پارەیە بۆ یارمەتی ماڵە کرێکارە بێکارەکان و یا ماڵ و خێزانی زیندانییە سیاسییەکانە...؟))

ئا، ئێ ئێ... تێگەیشتم ئەوەکاری هەمان کابرای بەڕێوەبەری قوتابخانە ناوەندییەکەیە، کە داوای لێکردم وتارێك دەربارەی پازدەی بەهمەنی (٢٧) بیست و حەوت بنووسم و نەمنووسی، چونکە راستییەکەی هیچ نەبوو بەلامەوەو هەر گوێشم نەدایە... پێم گوتبوو کە ڕشتەی من بیرکارییە و هیچ سەرەدەرێك لەکاری ئەدەبیاتدا ناکەم و تێناگەم و ئەویش گوتبووی وادەکەم بۆت بنووسن، تۆ هەر بیخوێنەوە. گوتبووم هەر شتێکی بۆ خۆم نەینووسم نەدەیخوێنمەوە و نە لە خوارەوەشی واژۆ دەکەم. سەیری پیسییەکە! چونکە بۆ خۆی تێوەگلاوەو پیس بووە حەزی لێیە و دەیهەوێ هەمووان وەکو خۆی لێبکا! من ناشڵێم ئەوەی لە روکنی دووە هەمووی کافرە، یا گوناهبارە. نا، من پێموایە هەموو جێیەك پیاوی باش و خەڵکێکی باشی هەر تێدایە، ئەو کەسەش هەر کارێکی بەدەستەوەبێ و لەسەر هەر کارێك بێ، چونکە پاك و خاوەن باوەڕە بەڕاستگۆییەوەو بەنیازی خزمەت و چاکەوە چۆتە ئەو شوێنە کەواتە بوونی ئەمانە زەخیرەی چاکە و سەرچاوەی خۆشی کۆمەڵن, روکنی دووش وەك هەر دامەزراوێکی دیکە هۆی بوون و دامەزرانی خۆی سەلماندووە کە دەبێ هەبێ، خۆ ئەگەر نەبێ لایەك لەلایەکانی کۆمەڵگا دادەکەوێ و لەنگ دەبێ یا کۆمەڵگا زیانی پێدەگا. من دیسانەوە لەو باوەڕەدام ئەم کەسانەی کە دەو جۆرە چالاکیانەدا کاردەکەن و خۆ بەکارەکانیان و دەسەڵاتەکانیانەوە بانادەن و خۆ دەرناخەن و حەز لە دەرکەوتنێ ناکەن، مرۆڤی تا ئەوپەڕی فیداکار و لەخۆ بوردەن، خۆ ئەگەر ئەو کارانەشیان لەڕووی باوەڕەوە بێ و بۆ خزمەتی خەڵکی و پاراستنیان بێت لەبەرامبەر هەر مەترسییەکی دەرەکیدا، ئیدی ئەوە کارەکانیان لە ریزی سەربازێکی بەرەی جەنگ گەلێك بەنرخترە کە دەیەوێ بۆ خۆ دەرخستن و وەرگرتنی ئافەرین و میدالیێکی و یا بۆ خەتێکی پلە هەورازتر خۆی دەخاتە تالووکەوەو فیداکاریە دەنوێنێ. ئەو کەسەی کە لە پێناو هاووڵاتی و خەڵکی نیشتمانەکەشیدا دەچێتە ناو ریزی دوژمنەوەو بە ئاشکرا هاوکاری دوژمن دەکات و لەناو دەستەو دایەرەی دوژمنەکەیەوە خزمەتی میللەتی خۆی دەکات و نەفرەتی هاونیشتمانیانی خۆشی بە زیندووەتی چاوان قبوڵە، ئەوانە کەسانێکن هێندە گەورەو بە نرخ و فیداکارن کە بە هیچ گەز و ڕبە و پێوەرێکی لەخۆبوردەیی ناپێورێن و دەو رێیەشدا وەك سەربازێکی ونی بێ ناوونیشان و نەناسراو سەر دەنینەوەو دەڕۆن- کە بەڕاستی قارەمان و پاڵەوانانی میللەت هەر ئەمانەن... بەڵام... بەڵام بەڕێوەبەری ناوەندییەکە کە لەو پیاوانە



نەبوو- ئەو کەسە چاکانە بۆ پلەوپایە و مەقامێك هاوڕەگەز و هاونەژادی خۆی هەروا لەخۆوە تووش ناکات و دەداوێی ناخا-روکنی دووی شاهەنشاییش پیاوی خاوەن بیروباوەڕ و پیاوچاکی لێنەبوو- ئەوان کاسە لێسیان دەویستن. هەر بۆیەشە کە دەڵێم تێوەگلابوو...و وەك کە خۆشی تووش ببوو دووپشکەگیری دەکرد. یەك لە گەمەو ڕابواردنە خۆشەکانی منداڵیمان دووپشکەگرتن بوو. دووپشکێکمان دێنا و زۆر بە پارێزەوە داوێکمان دەناو قەدییەوە دەبەست و لەسەر ئەو کونانەمان بەرهەڵدادەکرد کە گومانی دووپشکانمان لێکردبان تاوێك ڕادەوەستاین تا دووپشکەکە بەتەواوی دەچووە دەکونەکەیەوە، دوایەش داوەکەمان ڕادەکێشایەوە- زۆربەی جاران بە تەنێ نەدەهاتەوە دەرێ: دووپشکێکی دیکەی هەرپێوەبوو! هەر بەو تاکە دووپشکەی دەیان دووپشکمان دەگرت- مێشکی ئەو دووپشك و هەمان ئەو جەناب رەییسەش راست وەك یەك بوون: ئێمە کە هەر دەڕۆین، بۆ بە تەنیا بڕۆین... بۆ ئەو یەکەش دەگەڵە خۆمان نەخەین تا بۆ خۆی باش بلەوەڕێ!...

ئەو شەوە تا بەیانی جینگڵم داو ئەو دیوەو دیوم کرد و دەگەڵ چەندان ئەگەری هەمەجۆر تێك ئالام... سەرەنجامیش نەگەیمە چ جێیان: نە بڵاوکراوەیەکم وەرگرتبوو، نە کۆمەك و پیتاك و یارمەتییەکم دابوو، نە هاوڕێیەکی ژنیشم هەبوو- هیچ، هیچ...

بۆ رۆژی دوایی کاتژمێر هەشتی تەواو لەبەردەرکی ستاد بووم، بە پێچەوانەی پادگانییەوە چوونە ژوور بۆ خەڵکی سیڤیل- مەدەنی- ئازاد بوو... دە ڕاڕەوەکەیدا چەند تابلۆیەك هەبوون: پاسەوانی- ئێشکگری-، ئیتتیلاعات. ژووری جەناب سەرهەنگ **محەممەدیم** لە ئیستیوارێکی پرسی- هەر بۆ دڵنیاییە، خۆ دەنا پێشتریش هاتبووم...

(( جەنابی سەرهەنگ **محەممەدییە**؟...)) ئیستیوارەکە بە ئاشکرا خۆی خڕ کردەوە.

((بەڵێ...))

((دەیناسن؟))

((نا، کارم پێیانە...))

((فەرموون...))

ئیستیوارەکە بەڕێزەوە وەپێشم کەوت، هەرچەند هەنگاوێك- بە هێشتنەوەی دوو سێ هەنگاوە نێوانێك- زۆر بەڕێزەوە لاونیو دەبۆوە و لەبەر ئەوەی کە وەپێش کەوتووە پۆزشی دێنایەوە: ((دەبێ ببورن...))

((تکا دەکەم بووراون...))

لە پلیکانان وەسەرکەوتین و کەوتینە ڕاڕەوەکە و نهۆمی دووەمەوە- ستادەکە دوو نهۆم بوو، مەزەندەکەم ڕاستبوو. ژوورەکەی جەناب سەرهەنگ گۆڕابوو. ئەمجارەیان لەو سەری لای رۆژئاوای ڕاڕەوەکەوە، ژووری پێش دوایی بوو. هەر بەهەمان پلاکی پێشووەوە: سەرۆکایەتی روکنی دووەم. ئیستیوار کە دوایی تێگەیشتم ناوی قوتییە و هەمەدانییە و زۆر کلاولاریشە بەسەری پەنجەی لە دەرکێی دا، بەدەست لە پشتەوەڕا ئاماژەی کردمێ کە بمێنمەوەو بۆ خۆی چووە ژوورێ. دوای یەك دوو دەقیقان هاتەوە و گوتی بچمە ژوورێ-و ڕۆیی. چوومە ژوورێ، ئیستیوارێك لە پشت مێزەکەوە بوو و هەر لەوێش مایەوە و پرسی چیم دەوێ. گوتم دوێنێ شەوێ هاتن و گوتوویانە جەنابی سەرهەنگ فەرموویانە بێم. دەفتەرێکی گەورەش کە لەو سەری مێزەکەوە بوو ڕایکێشایە پێشێ و هەڵیدانەوە. دیاربوو دەفتەری ناوی بانگکراوان و سەردانان بوو. ((حەسەن رەحمانی... بەڵێ... بەڵێ- یەك دەقیقە راوەستە...)) دەفتەرەکەی وێکنایەوە هەستا، دەستێکی بە کراوات و یەخەیداهێنا و بە نووکی پەنجەی لە دەرگای لای ڕاستی ئەو سەری مێزەکەی دا، چووە ژوورێ. دوای ساتەوەختێکی بەرەنگ و روویەکی پەڕیوەوە هاتەوەو بێ ئەوەی هیچ بڵێ ئاماژەی منی کرد بچمە ژوورێ. چتان لێ بشارمەوە ئەو سەرو چاو و ڕەنگ و ڕووە پەڕیوەیەکاری لە منیش کردبوو. دەستێکم بەیەخەی چاکەتەکەمدا هێناو ئاهێکی ناوەخت کە لە سینەمەوە سەری کرد هاڕیم و بەسەری پەنجە لە دەرکێم دا-و چوومە ژوورێ.

جەناب سەرهەنگم دەناسی-جارێکی دیشم دیبوو، بە پێچەوانەی ئەوێ جارێوە ئەم جارەیان لەجێی خۆی نەبزووت، زەردەخەنەیەکی بەخێرهێنانێشی نەهاتە سەرلێوان. زۆر بەساردیەوەی فەمووی دانیشتنێ کرد.

دانیشتم، نیو تاقمە موبێلی لێبوو و دوو کورسیش، کە من لەسەر لێواری یەکێکیان دانیشتم- هەروا سەرپێی. دەمژمێری سەر سەری جەناب سەرهەنگی هەشت و پێنج دەقیقە بوو.. میلەگەورەکە دەستی میلە بچووکەکەی گرتبوو و وەك دایکێکی کە پەلەی بێ دەرۆینێدا منداڵەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا- دڵی منیش دەگەڵ میلە بچووکەکەدا ڕایدەکرد.

جەناب سەرهەنگ ئەمجارەیان چاش بانگ ناکا، چاوێلکە رەشەکانی هێندێك بەسەر پشتە لووتییەوە دێنێ و دەبا، ئهم ئهمێکی دەکات، دەڵێ:

((ئاغای رەحمانی، ئێمە زۆرمان پێخۆشە دەگەڵ ئاغایاندا وەکو ((شیوناتشان)) رەفتارکەین، بەڵام بەداخەوە وەك ئەوەی ئەم شێوەیە زۆر دەگەڵ شەقڵی ئاغایاندا نەگونجێت و نەیەتەوە...)) جووڵەی میلە بچووکەکە خێراتر دەبێ.



دە مەبەستەکەی ناگەم، نازانم کام شێوەیەکە دەگەڵ شەقڵی ئاغایاندا نایەتەوە و بۆ وانییە و ئەو ئاغایانە کێن، ئایا منیش لەوانم، ئا ئەو شتانە هەر پێشەکین و بۆ ڕێ خۆشکردنێن. زەردەیەکی بێ ڕەنگ و روو دێنمە سەلێوان، یانی منیش دەگەڵ بیروبۆچوونی جەناب سەرهەنگیدام- ڕاست دەفەرموون، هەندێك ئاغا هەر بەڕاستی دەباغیدا نین... ((واتێدەگەن کاتێ بەڕێزەوە ڕەفتاریان دەگەڵدا دەکەن ئەوە لەبەر بەڕێزیەیانە و یان مافی خۆیانە هیچ ئاگایان لەوەی نییە کە بۆ گەیشتنە (ڕاستی)یە شێوەی دیکەش هەن...)) هەمدیس دەستی بۆ چاوێلکەکەی بردەوە.

یانی چی!؟ من ئێستاش نازانم ئاماژە بۆچی دەکا و باس و خواس چییە... شێوەی دیکە!... شێوەکانی دیکە چاك دەزانم... بەڵام ئاخر بۆ!؟

کە هیچی دیکەی نەگوت عەرزم کرد: ((جەناب سەرهەنگ داوای لێبوردن دەکەم، لە مەبەستەکەتان نەگەیشتم... بەڵام لە شێوەی فەرمایشتەکان واتێدەگەم تێك نەگەیشتنێك بۆ جەناب سەرهەنگی روویدابێ و جەناب سەرهەنگیش بە جۆرێك لە بەندەی دڵگیربووبێ... هەرچەندە ناشزانم بۆ... و هەرچەندەش بە خۆمدا دێمەوە، کارێکی نابەجێی لێ ڕوونەداوم و ناماقوڵییەکم نەکردووە...))

((قسە لەسەر ئەدەب و بێ ئەدەبیە نییە، ئاغای رەحمانی-هەرچەندە کاری ئێمە لایەکی تەمبێ کردنە- قسەی من، هەروەك چۆن جاری پێشتریش، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم عەرزی بە خزمەتتانم کرد، دۆزینەوەو گەیشتنە سەرەنجامی ڕاستیە. لەبیرتانە ئەوێ جارێ چیت پێگوتم؟- ئەڵبەتە ئەوەی گوتوویشتە ئەوە دەپەروەندەیدا دیارە. من شتێکم لەئێوە پرسی، راستە و راست مەسەلەکەم لە ئێوەوە تۆژیەوە، کەچی ئێوە بەداخەوە- ڕەنگە بە ئەنقەستیش- ئێمەتان بە تەواوی لاڕێ کرد...))

((جاری پێشوو... دەربارەی ئەو جەندەرمەیە!؟))

((بەڵێ... بەڵێ... لە بارەی ئەو جەندرمەوە!))

ئاااا... پەروەندەی حەوت ساڵ لەمەوپێش! پەنا بەخوا... ئەوە چەند جارێکە تێدەگەم کە مەترسی زیاتر لەولایەوە نییە کە چاوەڕێ دەکرێ. یا ئەوەی کە گرنگە هەر ئەوەیە کە چاوەڕێی ناکەم.

گوتم: ((بەندە دۆخی راستییەکەم عەرز کردووە، ئێستاش ئەگەر بفەرمووی دووبارە هەر ئەوەی دووبارە دەکەمەوە. بەندە ئەوەی دیتوومە و بیستوومە ئەوەم عەرزی خزمەتتان کردووەو گفتی شەرەفیش دەدەم کە بای سەرەموویەکم پێچەوانە عەرز نەکردبێ...))

((ئمم!)) بە زەردەخەنەیەکی تانە ئامێزەوە ((کە گوتت بۆتە چاپەزی ماڵێ ئاورەحماناغای، وەنا؟))

((عەرزم کردووە دەیانگوت... خۆ بەندە بۆ خۆم لەوێ نەبووم... بەندەش هەر بیستوومە. باگۆ زۆر بوو، هێشتاش هەر هەیە...))

((زۆر چاکە!... بەهەرحاڵ ئێمە ئەوەی دەمانهەویست پێی گەیشتین، تەنیا دەمهەویست بە برایانە پێت بڵێمەوە کە لەمەودوا بەدوای کاری خۆتانەوەبن، ئەگەر دەگەمەو مەمەیەکی دای کە نابێ تێدابی هەر چۆنێکی دەکرێ لێی وەدوورکەوەو وەرە دەرێ...))

ئاه، دیارە بە هاوکارییە چەتانم تاوانبار دەکا!...

نازانم تا ئەندازەیەکم خۆڵە بیرچۆوە، یا دەنگم چەندە دەلەرزی، نەمدەزانی دەلەرزێ یا نالەرزێ گوتم: ((جەناب سەرهەنگ، بەندە دووبارە گفتی شەرەف بە جەنابعالی دەدەمەوە کە ئەوەی عەرزم کردووە هەمووویم بەڕاستی و دروستی و بێ غەل و غەش عەرزکردووەو ئەمجارەش گفتی شەرەف دەدەمەوە جەنابعالی کە دە هیچ گەمەیەکی وا کە ئێوە بەخەیاڵتاندا دێت- نە هەم و نەدەبم و نەبووویشم، نە بە خەیاڵیشمدادێت ببم... ئەمەش زۆر ڕاستگۆیانە عەرزدەکەم و یەك دنیاش سوپاسگوزاری جەنابعالیم کە بەندەت ئاگادارکردەوەو بەوەش دڵگرانم کە بەهەرحاڵ ئەو شتانە هاتنە پێش کە مێشکی جەنابعالیان بەرامبەر بە بەندەی ئاڵۆزکرد...))

((نا، بەمجۆرە نییە... مەسەلە مێشکی من و ئاڵۆزی و بلۆزی نییە... لێرە قسە لەبارەی کاری کەسییەتی و هەست و نەستی کەسیەتییەوە نییە- من بۆ خۆم هیچ جۆرە قازانج و بەرژەوەندییەکم دەگەڵ تۆدا نییە...)) سەیرێکی دەمژمێرەکەی کرد و لەجێوە هەستا. بێگومان ئەرکی منیش دیار بوو. مۆڵەتی ڕۆینێم وەرگرت و بەرهەڵدا بووم.

مەملەکەتێکی سەیرە! ئەوەی بە مێشکم دانەدەهاتەوە مەسەلەکەی ئیبراهیمی بوو، ژمارەیەکی زۆرم پرسیار دە مێشیکدا ورووژان و سەریان وەدەرنا: تۆ بڵێی ئیبراهیم لە عێراقێ هاتبێتەوەو لە ئێرەییان شتێکی بۆ تێچاندبم؟ یانی لەوانەیە گوتبێتی کە چەتەکان ویستوویانە پێلاوەکانم لەپێ داکەنن، و هاوکارەکەی نەیهێشتبێ؟ ئەگەر ئەوەی گوتبێ ئەوە بەڕاستی نامەردی کردووە. من کە چەند جارێکانم ویستبوو حاڵ و ئەحواڵ پرسییەك و چاك و چۆنییەکی دەگەڵ بکەم و تەنانەت دەستی دە ئەستۆی وەرێنم، ئەو بۆ خۆی ڕووی وەردەگێڕاو خۆی دەشاردەوە... تۆ بڵێی ئەو یەك دوو ئازەربایجانی و ئەو کابرا هاووڵاتیە سین جیمێکیان کردبم، و ئەوانیش پەسەندیان کردبێ؟ ئاخر کابرا قسەکانی وابوو وەك من وەڵامم دابێتە چەتەکان و ڕابەریان بووبم. لەوانەشە لە پوورزایان پێچابێتەوە، کە دەو یەك شەو و ڕۆژەیدا



چۆتە کوێ یا پەیوەندی بە کێوە کردووە؟ ناکا دیدارەکەی ئایشە خانمیان بۆ وەگێرکەوتنێ هەواڵان لێ بە هەل زانیبم!؟

ئەو بیروخەیاڵانەم دە مێشکیدا خولیان دەخواردەوەو هەروەك مشتە کرمێکی، لە هەمووولایانەوە بە جووڵە جووڵێکی زۆرەوە، دەخولانەوەو ئارام و ئاسوودەیی و ئۆقرەیان لێ بڕیبووم.

بەدگومانی ئەوەی کە هاتوو تازە ناڕواتەوە- هەر شتێکی چووە دە پەروەندەیەوە تازە چوو, و هەر ئەوەندە کە چووش ئیدی هاتنەوەدەری نییە- زۆر دەبێ کەم نابێتەوە، و هەر بەو کەم و زیادەیشەوە بتەوێ و نەتەوێ، کاریگەرییەکی دە مێشکی خوێنەریدا هەر بەجێ دێڵێ و کار دەکاتە سەر بۆچوونەکانی...

چۆنە تەلەفۆنێکی بۆ پوورزای بکەم و بەسەرهاتەکە لەوی بپرسم؟... نا، ئەوە چاك نییە، هەر ئەو ماوە لە ناوچەوان ڕەشیە منەوە هەر بۆ بەیانی پێشی بە ئۆتۆمبێلێکی بگرن, و ئەو تەلەفۆنەی لێبکەنە بەڵگە و پەروەندەکە هێندەی دیشی لێبێ. چۆنە بۆ خۆم بچم؟-جا بچم چبکەم... بچم ئەو پیرەمێردو پیرێژنە بیدەرەتانانەش تووش کەم؟ بە چ ڕا دیارە، ئەوە تووشیش بووبن... وای، مێشکم تەقی... هەواش ساردبووە، هاتوچۆش نییە، تا هەر نەبێ لە یەکێکی بپرسم...

هەر چۆنێکی بووە مانگێکی ڕادەوەستم و دە ئابان مانگێدا بۆ ماوەی یەك دوو ڕۆژێکان دەچمەوە، کە هەم سەرێکی لە دایك و بابم بدەم و هەم دە ناوچەکەشدا گوێیەکی هەڵخەم. ڕاست دەچمەوە- بە ئەنقەستیش خۆ لە دیتنێ پوورزای دەبوێرم.

هەوا ساردبووە، دێیەکەی مە کە کەوتۆتە دۆڵێوە ڕۆژێ لە پێنج شەش دەمژمێران زیاتری هەتاو لێنادات هەر لە نێوەڕاستی هاوینێڕا بەرەو ساردی دەچێ، زۆرهەن کە هەر لە شەهریوەرێوە ئاگری هەڵدەکەن...

پایز دیمەنێکی تا بڵێی زۆر غەماوی پێوەیە، درەختەکان وردە وردە ڕووتاونەوە و پینەی ڕەشی کاڵبووەوە بە کراسی دارستانێوە دیارە... هەروەك پینەکاڵبووەوەکانی کراسی پوور وەنەوشێ. ئەو بایەی کە بەڕۆژ هەڵدەکا هەر خاك و خۆڵ و تۆز و گەڵای وشکە بەدەر و دیوارانیدا دەدا؛ سروشت شێت بووە، هەروەك منداڵێکی گڕووی گرتبێ بەردەوام لاقی دە عەردی دەکوتێ و شەق و پێلەقان داوێ و سەروقژی خۆی دەڕنێتەوە. ئەو دوو کەڵەی کە لە دوو کەلکێشی ماڵەکانیشەوە دێتە دەرێ تا دەگاتە کولانکەی بانی وەك منداڵێکی بیەوێ بێ مۆڵەتی دایکی بچێتە کۆڵانێ سەرەتا لەلایەکی دەرکێوە سەرێکی وەدەردەنێ، ئەوجا وەك لە کۆڵانێوە هەستی بە مەترسییەك کردبێ خۆی دەکێشێتەوە دوایە... و ئەوجا، هەرچی دەبێ با

ببیّ، له دەرکیّ دیّته دەریّ و گورجیّکی دوور دەکەویّتەوە- بۆ خۆی لەلایەکییەوە، کلاو و کۆللارەکەشی لەولاولایەکانی دییەوە... دیّن و دەچن و تیّك داویّن... و دەکەونەوە- هەر راست وەك ئەو گلّ و خۆلّ و گەلاّ پەرت و بلاّوانەی تاویّك دەڕۆن دیّنەوە بە دەوری خۆیاندا- بە دەوری یەکتردا- خول دەخۆنەوەو لەپڕ دەبنە گیّژەلّووکە...

هەوا هەمیشە باوبۆران و زریان و گەردەلوولی بەدەمەوەیە و کیّوەکان هەمیشە خۆ لە پشت هەورەکان دەنیّن و خۆ دەشارنەوە، تۆقەلّەی درەختەکان بە فەرمانی بای بەری ئاسمانیّ دە مالّنەوە، و هەروەك دایکان کاتی ژوور مالّینیّ، ئاوا کیّوەکان بە نووکی گەسکیّ لە تۆزو گەردو خۆلّیّ پاك دەکەنەوەو بەلایەکیدا فڕیّی دەدەنە دەریّ؛ ئاسمان زۆر پیّناچیّ پاك و بیّگەرد ساف دەبیّتەوە، تەنیا لای خواریّی ئاسمانیّ نەبیّ کە هەمیشە وەك ڕیشوە ڕایەخان چلّکن و ڕەش و تاریکە، گەلاّ وەك بوونەوەری زیندوو، هەروەك بەفری تازە کەوتوو-و بەپیّچەوانەی بەفری تازە کەوتووش- هەر پیّت لیّنان پیرانە هاوار دەکەن. ڕەنگ و ڕووی مالّەکان پەڕیوە، هەلّ لەرزینیّ لەشیان لە سواغی دیوارەکانەوە هەست پیّدەکەی ...خوڕە خوڕی ئاوی جۆیەش شادانە دەڕوا، و مووی بسك و جل و بەرگی پرسەداران دەگەلّە خۆیدا دەبا. کەس دە کۆلاّنەکانی گوندیدا نییە، چۆلّ و هۆلّن. هەموو لە هەموو، بالّندەو چەرەندە, و ئادەمیزاد هەموو چوونەتەوە دەقەپیّلکی خۆیانەوە، جگە لەو دوو کەلّەی کە لە کلاّو ڕۆژنەی سەربانی مالاّنەوە دیّتە دەریّ، و نیشانەی ژیان و ئاوەدانییەیە... تەنانەت سەگیش ناوەڕن... بە بیّدەنگی وەژوورکەوتم... دەمە دەمی شیّوانە. هیّشتا سەرم لە دەرکیّ نەبردبووە ژووریّ کە دایکم بە دەنگیّکی بەرز قریشکاندی- وەك ڕمووزنەی دیبن، بە پیّچەوانەی جارانی پیّشووەوە هەر گریان، ماچ... و گریان و گریانی زیاتر، لەناخەوە. چبووە، بابە نەخۆشە؟ ئەدی ئەوە بۆ بە منتان نەگوتووەو ئاگادارتان نەکردوومەوە!

بابە نەخۆش نییە- نەخۆشیان خستووە... بەلای جیّیەکەیەوە دەچم، دەستی ماچ دەکەم و بیّ ئیختیار دەست بە گریانیّ دەکەم، بۆ ئەو مالّە کویّر و کۆربووەوە ساردو سڕەو بیّکەسیە ئەو دوو پیریّژن و پیرەمیّردە تەنیایانە. بابە پیّدەکەنیّ, خۆش حالّە, و خۆشحالّییەکەشی لەناخی دلّیەوەیە نەك لەبەر دلّی من. هیّشتا چارەکە سەعاتیّك بەسەر هاتنەوەی مندا تیّنەپەڕیبوو بەتەواوەتی گۆڕاو وەزعی باشتر بوو. ئیّسکی سینگ و شانی شکابوو- زۆر بەگرانی هەناسەی دەدا... بۆ؟ کەوتووە؟ لە کویّوە بەربۆتەوە؟... نا، لە هیچ جیّیەکیڕا بەرنەبوومەتەوەو نەکەوتووم- بەلاّیەك بوو هات کە سوپاس بۆ خوا بەخیّر تیّپەڕی... دوایە... دوایەش لە دەرفەتیّکدا بۆت دەگیّڕمەوە...)) دەو بگرەو بەردەیدا لاو لاوی خوشکم دیّت: ترخیّنەی بۆ



بابەی هیّنابوو. کەوتە ماچکردن و گریانیّ- گریان بە تەنیّ- دووبارە پیّدادیّتەوە. جا ئەوجا هەلّیّ بەلاّم هەر بەغار... نەرمیّش دەنیّریّ و بەهۆی وانیشەوە هەموو ئاوایی پیّدەحەسیّن هاتوومەوە. لەبەر ئەوە ئەو شەوە هیچم لە بارەی نەساغییەکەی بابەیەوە دەستگیر نەبوو: ئەو سەرنجانەی دەیدانە دایکم و ئەوانیدیکە هەمووی ئەوەیان تیّڕادیار بوو کە هەر نەزانم چاترە- هەستم بەوەی دەکرد. گوتی ئەگەر بەیانی تۆزیّك چاکتر بیّ- کە پیّیوایە چاکتریش دەبیّ- ئەودەمی ڕووداوەکە بە دریّژی باس دەکات و دەیگیّڕیّتەوە... ئەو شەوە تا گەزیّك لە شەویّ دەچیّ هەر دادەنیشین، و قسان دەکەین و پیّدەکەنین... دایکم وەك جاران هەر خەریکی نزاو پاڕانەوێیە و ماشەللاّی لە منە و خودا تەمەنم بداتیّ. پیّ و هاتنەوەم وەك هەموو جاران سووك و بەخیّرگەڕاوە و شیفام بۆ ئەو پیرەمیّردە بیّدەرەتانەی هیّناوەتەوە و بابم وەك بۆ خۆی دەیگوت. ئیدی هەست بە هیچ ئازاریّکی ناکا... بەلاّم من هەموو لەشم هەر ئازارە.

ڕۆژی دوایی بابە لەشی خۆش بوو و نەخۆشیەکەی بە تەواوەتی ئیفاقەی هاتبوو. دایکم و خوشکەکان لەخۆشیان پیّیان بە عەردی نەدەکەوت- لە خۆشیە چاتربوونیّ حالّی بابەی و هاتنەویّ من. پیّم لەسەر بیستنی داستانەکەی دانەگرت، لەترسیّ نەفەسیە ئەو پیرەمیّردەی نەکو ببمە هۆی تیّکچوونەوەی و نەخۆشییەکەی لیّ وەئاگا بیّنمەوەو ناڕەحەت بیّتەوە. هەر بۆ خۆی و بیّ ئەوەی من شتیّکی بپرسم سەری قسانی کردەوە:

((لەوانەیە گلەییانیش بکەن- تۆ یا جەواهیّر- کە ئەو شتانە بووەو بەمەی نەگوتووە، بەلاّم خۆ جەواهیّر دەزانیّ، تۆش هەر کاتیّکی گوتم دەزانی کە هەقمە... چەند سالّ لەمەوبەر بوو..؟))

((چی... بەسەرهاتی جەندرمەکەی؟))

((بەلّیّ... تۆ لەکویّت زانیوە؟))

((پیّموابوو- سالّی ١٣٢٦-١٩٤٧ز- بوو، یانی حەوت سالّ لەمەوبەر یا زیاتر.))

((بەلّیّ، تۆ بلّیّ حەوت سالّ لەمەوبەر بوو، چوار پیّنج مانگیّك دوای ئەم رووداوە لە مزگەوتیّ دەگەلّ مسکیّنان دانیشتبووین-نویّژی ئیّواریّ بوو، نویّژمان کردبوو... تەهلیلەمان-نا، نەکردبوو. دانیشتبووین، مزگەوت گەرم بوو و مامۆستاش فەرمایشتی پیّغەمبەری دەفەرموو- کە کوڕەکەی مام رەحەی هاتە ژووریّ، و سرتەیەکی دەگەلّ بابیدا کرد... کە وردبوومەوە، دوو شوانکارەی  مندالّی دیکەشم لە ڕاڕەوەکەدا دیتن کە دەچوونە بەر گاڕانیّ. لەبەر خۆمەوە گوتم دەبیّ شتیّك بووبیّ... ڕووداویّك قەومابیّ-خوا بەخیّری بگیّڕیّ. لەلایەکی دیشەوە گوتم باشە ئەگەر شتیّك قەوماوە، خۆ من کویّخام ئەدی بۆ لەمنی دەشارنەوە... بەتایبەتیش کە ئاغا لە مالّ نەبوو. کوڕەتیو سەری بردبووە بن گویّی بابەکەی سرتەی بوو. دیتم

وەك مەزەندەم ڕاست بێ، دیتم مام ڕەحە ڕەنگی تێكچوو و وەك ڕەنگی سواغی ئەو دیوارەی لێهات. سەرەتا بە كزیەكەوە سەیرێكی دانیشتووەكانی كرد، ئەوجا زۆر بە سپایی هەستایە پێ، هاتە تەنیشت منەوە... خێربێ و ئەوە مامۆستاش هەر خەریكی فەرمایشت خوێندنەوێیە. دواین مانگی زستانی ئەوێ ساڵێ بەفرێكی وا نەباریبوو، كەژوكێو ڕەشانگ بوو، پەڵە پەڵەی بەفرێ بەكێویەوە بوو- بەڵام وانا كە پێی بڵێی بەفر (جەواهێر تۆزێكم ئاودەیە). بەڵێ، لەڕووی ئێوە نەبێ گوتی:- یانی مام ڕەحە- مام ڕەحیم- گوتی شوانكارەكان لە باسكە زەردێ، هێروەی بەردە بووكێ- لەبیرتە كە... دەزانی...))

((لەبیرمە!...))

((بەڵێ، گوتی، لەوێیان تەرمی جەندرمێكی دیوەتەوە، گوتم جەندرمە؟ گوتی بەڵێ. بانگی كوڕەكەی كرد، هەستام چوومە كونجێكی مزگەوتێوە... چوون حەشیمەتەكە دانیشتبوون، مامۆستاش فەرمایشتی دەفەرموون... چوینە لایەكی مزگەوتێوە. بە كوڕەكەیم گووت بەسەرهاتەكەم سەر لەنوێ بۆ بگێڕێتەوە گوتی بەڵێ، نیو كاتژمێر پێش ئێستا كە بەلای بەردەبووكێدا دەهاتنەوە گاڕان گەییە باسكە زەردی، سەگەڵ تێكیانەوەدا و كردیانە گۆڵمەز... هەموو بەرەو پێشەوەیان ڕاكردو دەستیان بەوەڕینێ كرد و كشانەوە دوایە... چەند جارێكان وا. گوتی ئێمە پێمانوابوو كونە ڕێوییە، یا چەقەڵ یا كەروێشكە... چووین بزانین داخوا چ باسە... دیتمان ئەوە جەندرمەیەكی مردوو لەوێ كەوتووە...))

((خۆ تووشی كەس نەبوون؟ بە كەسیشیان نەگوتووە؟))

((نا، كە ئاوامان دیت بە پەلە گاڕانمان هێنایەوە گوندی و من چوومەوە ماڵێ، كە زانیم بابە لە مزگەوتێیە هاتمەوە ئێرە... منداڵەكانیشم هەر هێنان، هێشتا نانەوە چنیشمان نەكردووە...))

((خۆ بە دایكتت نەگوتووە؟))

((نا.))

((زۆر چاكە!))

((بە مام ڕەحەم گوت: بڕۆ، مەهێڵە منداڵەكان بێرو بەوێدا بڕۆن... دوایەش بیرێكی كردەوە گوتم نا، بۆ خۆم چووم. لەجێی پێڵاو دانانێ ڕاوەستابوون، سەیرم كردەوە هەر نا، ئەوانەش خوا تەمەنیان داتێ، دەگەڵ ئەوەشدا كە تەمەنیان وانەبوو, بەڵام گرنگی مەسەلەكەیان هەست كردووە و شڵەژاون. بۆ خۆت منداڵە لادێیی بووی، دەزانی، منداڵانی مە هەر كە پێ دەگرن ماشەڵڵا چاو و گوێیان باش دەكەنەوەو زار و زمانیان دادەخەن... سروشت فێری كردوون،



ئەگەر وا نەبن و وانەكەن لەناو دەچن. بەهەرحاڵ بەسەرهات و ڕووداوەكەم لەوانیش تۆژییەوە، هەر هەمان قسەكانی عەزەی كوڕی مام ڕەحەیان كردەوە كە گوتبوونی. گوتم زۆر چاكە، وریابن، نەكەن لای هیچ كەسێكی لێو لە لێوی ببزێون- بڵێن ئەوە دایكمە، و ئەوەیان خوشكمە, و ئەوە فلانە و قەیناكا نەكەن، ئەو شتانە نەبن. لای هیچ كەسێك. لە ئێستاوە تەنانەت لەلای خۆشم. هەر كاتێ پرسیان، یا كەسێك شتێكی گوت دەڵێن نەماندیوە، ئێمە نازانین. ئێستا دووانتان بچن نانی بچننەوە, و بچنەوە ماڵە خۆتان. ئەگەر پرسیان بۆچوونە مزگەوتێ بڵێن سپاردەیەكی كوێخامان برد كە رایان سپاردبووین, چووین پێمان ڕاگەیاند, تێگەیشتن؟...منداڵەكان كارەكانیان چاك دەزانی، خودا تەمەن درێژیان كا ئەركەكانیان وەك ئاوێ لەبەربوو. جگە لە عەزەی مام ڕەحە، ئەوانیدیم ناردنەوە. ئەوجا هاتمەوە نێو مزگەوتێ و بێ ئەوەی هیچ ڕوون كەمەوە ناوی چەند پیاو ماقوڵانێكم هێنا، گوتم حاجی فلان، سۆفی فلان ، دەروێش فلان هەستن بێگارێكم پێتانە، و بەوانیدی و مامۆستاشم گوت هەر لێرەبن تا دێینەوە. هەموویان مات بوون، بەڵام هەستیان دەكرد كە ڕووداوێكی گرینگ ڕوویداوەو چاك نییە هیچ لەبارەیەوە بپرسن. خواهەڵناگرێ كەسیش هیچی نەپرسی، كەسیش سەغڵەت نەبوو لەوەی كە فلانم بانگ كردووەو فلان و فیسار نا. گوتم هەر هێندەی مامۆستایەك دوو فەرمایشتان دەخوێنێتەوە ئێمە هاتووینەوە مامۆستا گوتی خواتان لەگەڵ... و حەشیمەتەكەش گوتیان خواتان لەگەڵ, و هیممەت و بەرەكەتی پیاو چاكانتان پشت و پەنا بێ. هەروەك دەزانی باسكە زەرد نزیكە، هێندە نییە... چووین. دیتمان بەڵێ، ڕاستیان دەكرد... هەمان جەندرمە بوو، كە كوژرابوو. ئێستا بە قودرەتی خودای خودا بیەوێ كارێكی بێنتە پێش ئیدی بەندەی داماو هیچی پێناكرێ... بە قودرەتی خودا دەو هەموو ماوەیەیدا هیچ دڕندەیەك لەو تەرمەی نزیك نەببۆوە- ساغ و سەلیم بوو. دیاربوو پێستەكەی كەمێك چرچ ببوو، بەڵام تۆ بڵێ بۆ تەنانەت یەك تاڵە مووشی لەسەری كەم ببۆوە، نا بە قوربانی قودرەتت بم خوایە... دەو كێوە پڕ گورگ و ڕێوی و دڕندەو چەرەندەو دەعبایەیدا... ئازارێكی نەگەیبوویە!

گوییە كیشی نەبوو... دەستمان لێنەدا، چۆن بوو هەروامان وەك خۆی بەجێهێشتەوەو هاتینەوەو ئەوەی دیبووشمان بە ئامادەبووانمان ڕاگەیاند و دانیشتینە راوێژكردنێ- كە چبكەین و چ نەكەین. من خۆم لەسەر ئەو رایە بووم كە بچین و هەواڵ بدەین، دیاربوو، ڕووداوەكە ڕووداوی هەمان چەتەكانی كۆتایی هاوینی ئەوێ ساڵێ بوو كە ئەو ئۆتۆمبێلەی تۆشی تێدابووی و لە گەردەنەی چیای لێیاندا و ڕووتیان كرد... چوون وەك ئێمە دەزانین و ئاگادارین لەو دەمییەوە تا ئێستا هیچ پێكداهاتنێكی دیكە ڕووی نەداوەتەوە لەم ناوچەیەدا. هەندێك

پێیان وابوو، کە دوورنییە ئەم کارە کاری ئاغا سەعید بەگ بێ، جەندرمەکەی کوشتبێ و فرێیدابێتە ناو موڵکی مە تا تووشی ڕەنج و ئازار و کوێرەوەرییەمان کا. بەڵام سەعید بەگ دەگەڵ ئاغای پێك هاتبوونەوە و مەسلەتیان کردبوو و خواش هەڵناگرێ ئاوی لێڵ نەکردبۆوە. (ئەوەش بڵێم کە مەسلەتیان کرد و پێك هاتنەوە، وەك بڵێی پادگان زۆری پێ ناخۆش بوو، سەرهەنگ بەدوای هەردووکیانیدا نارد و بە شێوەیەك تێیگەیاندن کە نەدەبوو پێك بێنەوە و مەسلەتێ بکەن- من ئەمەم لە کەریم خانییەوە زانی و لەویم بیست) بەهەر حاڵ... هێندێکیش گومانیان وابوو، کە کارەکە کاری ئاغا مەحموود خانە، چاوی بە ئاغا کەریم خانی هەڵنایە، دەیهەوێ بەو هۆیەوە کڵاوی لەسەر نێ. دیارە ئەو کارانەش لەوی بەدوور نەبوون. چونکە هەروەك گوتم دوای ئەو ڕووداوەی گەردەنەی ((ژاندارمیللی-ژاندارمەری-) هەموو دێهاتەکانی ئەو ناوەی پشکنی و دەگەڵ هەمووانی قسەکرد و لە هەمووشیانی کۆڵییەوە, و ئێمەشیان بانگکردە شاری. بەڵام لە دوای ئەوەوە ئیدی نەژاندارمیللی و نە پادگان هیچ کامێکیان سۆراغی جەندرمە یا سەربازێکی ون یا کوژراویان لەکەس نەکردەوە. هەربۆیە دەبێ ئەوە هەمان ژاندارمی ڕووداوەکەی گەردەنە بێ...))

((قەد و قەوارەی چۆن بوو... چ جۆریك بوو؟...))

(منداڵێکی وردیلەی ریوەڵەبوو...))

((هەوبووە- خۆی بووە...))

((ئەرێ، گوتت دایکی چێشتی بۆ لێدەنان و جلی بۆ دەشووشتن...))

((دەك نەمێنم بۆی خوایە! خوا سێبوری دایکەکەی بدا!))

((بەڵێ، هەر ئەودەمی ئێمەیان بانگکردە شاری، ئێمەش بێ ئاگاییە خۆمان پێشاندا، بێ ئاگاش بووین... ئێستا چۆن دەتوانین بچین و بڵێین ئەوەتا بە بن گوێمانەوە ڕووداوێك قەوماوەو ئێمە نەمانزانیوە... ئەوەی چاك بزانە دەیانگوت ببێ و نەبێ ئێوە دەستتان دەگەڵ چەتەکاندا تێکەڵە. بەڵام ئەگەر نەچین و هەواڵ نەدەین ئەوە هەر خۆ و خۆمانین. ئیدی بۆچی بچین بەدەستی خۆمان، خۆ پێوەکەین؟ بۆ سەرێك کە نایەشێ پرێسکەی لێ پێچین؟ بێ دەنگ و بەنگ دەینێژین و یەکە یەکەشی لەسەر دەستی مامۆستای سوێند و قورئان و تەلاقان دەخۆین، ئیدی نە کەس دەزانێ و نە کەسیش تووشی دەردەسەریە دەبێ. بەلایەنی جەندرمەی بەستەزمانیشەوە چ جیاوازییەکی نییە، ئەو تازە مردووە. ئەمە ئەو تەگبیرە بوو کە سەرەنجام پێی گەیشتین. مامۆستاشمان هەر تێوەردا... بەڵێ، لەسەر دەستی مامۆستای سوێند و قورئان و تەڵاقمان خوارد کە تەنانەت لەلای حەڵاڵی خۆشمان لەم بارەیەوە لێونەبزێوین و هیچ وشەیەك



لەم بارەیەوە بە هیچ تاکە کەسێك نەڵێین. ئەوانەی لەوێ بوون ئەوە لەوێ بوون، ئەوانەی کە لەوێش نەبوون-لە مسکێنەکان- هەروەك نەبووبن، لەلای ئەوانیش لێو لێك نەکەینەوە... لای ئاغاش هەروەتر...

((ڕابرد... بەسەرهاتەکە کۆن بوو... ئیدی کەس هەر لە بیریشی نەمابوو، تا ئەو مانگەی پێشوو... کە بە دوایاندا ناردینەوە، بۆ شاری... هەموو هەر لەپیرەوە تا جوان-تەنانەت مامۆستاش، ئاغاش... بەڵێ، چووین... بۆیە چووین نەیەینەوە ئێستا با لەو ئەشکەنجەیەی گەڕێین کە دایانین... نامەوێ نارەحەتت کەم، هیچ کافرێك ئەوەی بە موسوڵمانی ناکا. ئەو سۆفی رەحیمە بێچارەیەیان راست و چەپ بە تیرەگەی بن میچییەوە هەڵواسی، سینە و شانی ویشیان وەك ئی من شکاند... تەنانەت مامۆستاشیان بێبەش نەکرد- یەك دوو تەوقاتیشیان وەخراندە ئەو سەییدەی ئەولادی پێغەمبەری. ئاغایان دوو سێ ڕۆژان هێشتەوە، دوایە بەریاندا- ئەوەمان دوایە بیست. بە کورتییەکەی سەرت نەیەشێنم، سەیرم کرد ئەوەی دەیڵێن راستە، هەموو نیشانەکان راستن... کێ چووە گوتوونی، ئاخر خۆ ئێمە بەلای خۆیەوە سوێند و قورئان و تەڵاقمان خواردبوو..! تا لە دواییدا مامۆستا کە بۆ خۆشی هاوسوێندی مەبوو بڕیار و فەتوای دا و ئامۆژگاری کردین، سوێند و قورئان و تەلاقەکەی لە کۆڵ کردینەوە. فەرمووی کاتێ ئیختیار بەدەست پیاوییەوە نامێنێ سوێندەکەش ناکەوێ. ئەلحوکمولیللا...

((ئێستا دەڵێی ئەدی لە کوێیانڕا زانی بوو؟... ئێمەش ئەودەمی نەماندەزانی, و هەموو لە هەموو بەچاوی گومانەوە سەیری یەکترمان دەکرد... بەڵام دوایە، وەك بیستمان دەرکەوت کە بەڵێ ئەوە لە ناخۆشیە نێوان چەتەکان خۆیانەوە بناوانی گرتووە کە بووە هۆی کوشتنی سەعیدی کوڕەکەی کوێخا رەحیمی... بەڵێ، یەکێك لەناو هەمان ئەو چەتانەوە هاتبۆوەو داوای لێبوردنی کردبوو... ئەوە ئێمەش لەبن بەردی کەڕین و ئاگامان لە مەحموودی بێ زەواد نییە, سەرەنجام چەتەکەیان بردبووە مەراغەی-بۆ دادگای ئەوێ-و پاش ماوەیەك ئێمەیان بانگکرد و ئەو بەڵایەیان بەسەر هێناین...

((ئەلحوکمولیللا... بەیانییەکیان، سەر لەزوو, ئێمەیان لە بەندیخانەی ژاندارمیللی هێنایە دەرێ-هەر هەموو... ئەوەش دوای یازدە دوازدە ڕۆژان. مام رەحیمی داماو حاڵی باش نەبوو... دەستی ئەستوور ببوو... چۆن ئەستووربوونێك، وەك هیزەی ڕۆنی... منیش نەمدەتوانی هەناسەی بدەم، دەستت دابامێ هاوارم دەچووە ئاسمانێ. ئەوانیدیش هەریەکە و بە پێی خۆی شل و شەپڕێو ببوون. بەکورتی، هەموویان سواری لۆرییەکی کردین و ڕۆشتین... ئێستا بەوحاڵەشەوە جەرگمان جەرگی دەخواردەوە... خودایە، دەبێ بۆ کوێمان بەرن... دیارە

هەر بۆیەمان دەبەن نەمان هێڵن و لەناومان بەرن... وەی خودایە، ژن و منداڵەکانمان بەتۆ دەسپێرین خوایە!... مامۆستا لەبن لێوانەوە نزای دەکرد، هەریەکە و دە دڵی خۆیدا نزای دەکرد و ماڵ و منداڵەکەی بە خودای دەسپارد. ئەوەش بڵێم، سەرۆك دادگایەکیشمان دەگەڵدا بوو، دەجێبی ڕەییسی ژاندارمیللیدا بوو دەگەڵ ئەو چەتەیەی کە تەسلیم ببۆوەو لە مەراغەیڕا هێنابوویانەوە-خەڵکی لای مەریوان بوو- بە شێوەی قسەکردنەکەیدا دیار بوو...

((ڕۆیشتین... پەنا بە خوا... هەر کە لە ڕێیە لاماندا و بەرەو دێیەکەی خۆمان باماندایەوە وەك هەموو دنیایان دابینێ بە قودرەتی خودای لەشمان سووك بوو. هەناسەیەکی ئاسوودەییەمان هەڵکێشا... گوتمان خودایە، زۆر شوکر، هەزار و هەزاران جار شوکر! بنیادەم کاتێ کە دە ناو خاك و ئاوی خۆیدایە هەرچی بەسەریشی بێ هەر خۆشە. بە قودرەتی ئەو خودایەی ئۆخژنێك دە دڵی هەمووان گەڕاو هەموو گەش بوونەوە. ئەوەشیان دە سەر و چاوانڕا دیار بوو. ئیدی، ڕۆیشتن... یەکسەر بەرەو لای بەردەبووکێوە... دە کێڵگەیەکیاندا لۆری و جێبەکە ڕاگرتن، و ئێمەیان دابەزاند. بە پێیان هاتین تا خودی باسکە زەردی... بەڵام بە چ دەردێکی هاتین و چمان دیت و چمان چێشت...

((گەیشتینێ... (سەرۆك دادگا) گوتی: (دەی، کوڕەکەم، باش سەیرکە؛ بزانە ئێرە بوو؟))

کوڕە سەیرێکی ڕاست و چەپ و هەر چوار دەورێی کرد و گوتی: ((وەڵڵاهی قوربان زۆر لەسەر هۆش نیم... بەڵام پێم وایە ئێرە بوو...)) و بنکە ژاڵەیەکی پێشاندا کە تەرمی جەندرمەکەیان لێ دانابوو. هەڵبەتە ئەوەش بڵێم کە تەنکە بەفرێکیش باریبوو و سەرو بنی خاکی دیار نەبوو... و ئێستاش ئەوە چەندساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە...

((سەرۆك دادگا گوتی: باشی بگێڕەوە... ئەوەی ئەو ڕۆژەی دیوتە، یا بیستووتە...))

((گێڕایەوە کە بەڵێ کاتێك لۆرییەکەیان ڕووت کرد تفەنگی جەندرمەکەشیان برد، خۆیان لە خۆی نەگەیاند، بەڵام ئەو وازی نەدەهێنا؛ کەوتە دوایان و لێیان نەدەبۆوەو هەر تفەنگەکەی دەویستەوە. سەرەتا یەك دوو تەوقات و یەك دوو قۆنداغە تفەنگیان وەخراندێ تا چاوترسێنی کەن و بگەڕێتەوە، بەڵام هەر نەگەڕایەوەو هەروا بە گریانەوە بەدوایانەوە بوو و تفەنگەکەی دەویستەوە. دوایەش بۆ ئەوەی... ((کە گەییە ئێرە دوو دڵ ما. (سەرۆك دادگا) گوتی: ((بڵێ کوڕم، مەترسە... هەرچی هەیە بیڵێ - باری خۆت سووك کە. وەزعی تۆ دەگەڵ ئەوانەی دیکە کە هەر یاغین و چەتەییە دەکەن جیاوازە- تۆ ئێستا هاوکاری...))، ((سەرۆك دادگا))ش کوردبوو؛ ڕاست نازانم خەڵکی کوێ بوو، بەڵام بە شێوە زارەکەیڕا پێموابێ مەهابادی بوو.



کوڕە گوتی: ((بەڵێ، بۆ ئەوە بیترسێنن گوێیەکیان بڕی، بەڵام کوڕێژگەکە هەر نەتەکییەوە، تا گەیشتینە ئێرە... ئا لێرە دانیشتین و پشوێکماندا- هەر ڕاست بەرامبەر گوندی. سەرو سیغارمان پێچانەوە، و ماندووەتیمان دەرکرد و ئەوجا هەستاین بڕۆین... کوڕە هەروا لەجێی خۆیەوە ڕاوەستابوو. هەر ئەمە وەڕێکەوتین ئەویش دەگەڵە مە کەوتەوە ڕێ. حەسەن و سەعید گوتیان: ((کوڕینە بە تەمان ئاوا بچنە کوێ- خۆ بچینە هەر جێیەکی ئەو هەتیوە بەخۆ و بە گوێی بڕاوەوە ئابڕوومان دەبا. ئەودەمیش دەبێ بکەوینە حەپسخانەی پۆلیسانەوە-و هەر نان و خورمای بخۆین. کێ دەڵێ تەسلیمیشمان ناکەنەوە...)) جەندرمە بێچارەو بێدەرەتانەکە بە گوێی خوێناوییەوە لەولاوەترەوە ڕاوەستابوو و خۆی ڕادەژاند. ((واچاترە هەر لێرەی وەحەسێنین و خۆشمانی لێ ئاسوودە کەین. هەم ئەویش دەحەسێتەوە, و هەم خێرێکیشمان بۆ ئاغای گوندی بووە-ئێمە پێی قەرداریین... ئیدی حەسەن میلی تفەنگێی ڕاکێشا و جەندرمەی کوشت...))

((دایکە داماوەکەشی!... دایکە داماوەکەشی هاتبوو... وای چیدەکرد، کە ئەو سینگەی بە عەردی دادێنا... کافری پێ موسوڵمان دەبوو!...))

((بەڵێ، ئەوەش ئاوا.. ئیدی بەڵایەك بوو هاتبوو، خوا بەخێری گێڕا، زۆر سوپاس بۆ خوا ئیدی تۆ بەسەلامەت، کوڕەکەم!))

من دەگەڵ بەسەرهات و داستان گێڕانەوەکەی بابەیدا, و لەو جێیەی کە هەر تەنیا هەنگاوێکی مابوو تەواوی کا، مێشکم هەمووی بەو ڕووداوەوە سەرقاڵ بوو کە سەیرکە یەك ڕێکەوتی سادە ژیان تووشی چ گرێ کوێرەیەك دەکا! ئەوە دادە شیرین، کە لە زێدی خۆی هەڵدەکەنرێ، ئەوە بابە سۆفی بێنەوا و منداڵەکانی کە دەربەدەر و ئاوارەی غەریبایەتیە دەبن، ئەوەش کچە بێدەرەتانەکەی شیرنێ، ئەوەشی کچەکەی دیکەی... ئەوەش کوڕەکەی...و هێشتاش دیارنییە داستانەکە وا زوو تەواو بێت و بە کۆتا بگا... یەك ڕێکەوت! بەڕاستی ژیان تا نوپۆیەکی ئاڵۆزە...

## -١٧-

دڵ و مێشکی دایە شیرینێ تا ئەندازەیەك ئاسوودە بووە. لەوانەشە بتوانم بڵێم لە جارانیش نارەحەتترە. کودەتا لە عێراقێ بووە، بارزانی لە وڵاتی شۆرەویەڕا هاتۆتەوە- کاکە داراش هەر هاتۆتەوە. دیسانەوە لە کوردستان شەڕە. کە لەوێ بوو، دەگەڵ دووریەکەشیدا، خۆ سەلامەت بوو، کەچی ئێستا هەمدیس تەمەنی هەمووان بە ساتەوەختە: بۆمبایە، کەس ناناسێ، بەسەر

کونج و کولانەکەتدا دەکەوێ خۆت و کەس و کارت دەکوژێ؛ شەستتیرە، فرۆکە لەو ئاسمانەوە بەسەر دێیدا هەڵدەڕێژێ، جا هەر کەسەو بەختی خۆی، بەکێ کەوت و بەکێ نەکەوت... ئەوجاریش پێکداهاتن و لێکدانی رووبەڕوو...

((دارا پێشمەرگەیە، کاوەو شۆڕشیش هەروەتر-خوا بیانپارێزێ و سەلامەت بن دەگەڵ منداڵەکان. حەسەن راستەو ڕاست دەڕواو خەتێ خوار ناکا، بەردەوام، ئەگەر لە هەولێرێ نزیك بێ ئەوە بۆ هەولێرێ، خۆ ئەگەر لە سلێمانییەوە نزیك بێ ئەوە دەچێتە سلێمانی- دەڵێ ئاڵوێر و سەودایە دەکا... قەردی لەسەر خەڵکییە... ((ئەو هەموو قەردەبوو بەچی!)) هەموو مانگێ دەڕوا، جاری وایە مانگێ دووجاران- هەر دەڵێ نیانە- نایدەنەوە. راستیش دەکات. خەڵکی تووشی داوی خۆیان بووون. جاروبارە هێندێك پارە دەگەڵە خۆیدا دێنێتەوەو هیندێ شتی دیکەی وەك جل و بەرگ و پێڵاو و قەندو چا- کە لە قەردارانی وەگیرکەوتوونەوە، دێنێتەوە. زۆر دەگەڵ پێشمەرگاندا ئاوقایە و زۆریان دەگەڵ تێکەڵە، بەڵام پێشمەرگەش نییە. شەڕە، خەڵك دەکوژرێن، بریندار دەبن، ئاوەدانی وێران دەبن- کەچی ورەی خەڵکی یەکجار زۆر بەرزە: شۆڕشە، بۆ سەربەستی دەجەنگن- سەربەستییەکی سەرەتایی، هەر هێندە بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێنن، قوتابخانە و دانیشگایان هەبێ، ناوچە و هەرێمەکەیان ئی خۆیان بێ، لەو سامانەی کە عەرەب لە خاکی وانی بە تاڵان دەبات بەشێکی بە خۆشیان بگاتەوە تا لە ئاوەدان کردنەوەی هەرێمەکەیانیدا خەرج کەنەوە. بەڵام حوکومەت هەر لەسەر پێودانگی جاران بە شێوەی مەشەدییەکەی خۆمان، ئەویش شتێکی لەجیاتی شتێکی دیکە هەیە و زۆریشی هەیە: بۆمبا، مووشەك، تۆپ، تانك، فڕۆکە...

کاکە دارا لە شۆرەوی ژنێکی ئۆزبەکی هێناوەو دایە شیرینی زۆر پێ نارەحەتە: لە زمانی ناگا، کاتێکیش دارا بە تورکی دەگەڵ ژنەکەیدا دەدوێ وەك مشکی لەبن لێفە شڕەکەی کەوتبێ تێکڕا دەبێ- سەرگوڵی چارەڕەشیشی وەبیر دێتەوە. دەك دایکت بمرێ خوایە! ئێستا ئەوەی تورکە یا رەگێکی دەچتەوە سەر تورکان ئەو لێی بێزارە. بەلای ئەوەوە، ئەوە هیچ نییە کە نابێ گوناهی تورکێکی لە ملی ئەو ژنە بێنەوایە ببەستی... بەلای وییەوە تورك هەر تورکە-بەلای هاوسێوە بۆچوون هەمان بۆچوونی حوکومەتی تورکیایە کە ئەوەی کوردە تورك نییە، کورد ئادەمیزاد- مرۆڤ- نییە، و گەورەترین ناوێکی کە لە کاروباری فەرمیدا بە کوردانی ڕەوا ببینن ئەوەیە کە پێیان بڵێن تورکی کێوی- یانی دڕندە-و چونکە وەك دڕندانیشیان پێدەحەسێن دەبێ هەروەك دڕندانیشیان رەفتار دەگەڵدا بکرێ راستیشە، تۆ دەگەڵ گورگی دادەنیشی و پیاڵە لە پیاڵە و بادە لە بادە دەی؟ ئەگەر زۆریشت خۆشویست هەر لە منداڵییەیەوە، بە گازی



ددانەکانی دەکێشی و دەماڵێدا رایدەگری، ئەوەش هەر تەنیا بۆ هێندێ بڵێن ((سەیرکە، فلانکەس گورگێکی راگرتووەو لە ماڵێیدا بەخێو دەکا!)) منداڵەکان هەموو پێشمەرگەن. پێشمەرگە بوونەوەرێکی سەیرە- دە هەر نەتەوەیەکیدا- پێشمەرگە ناوی خۆی بەخۆوەیە: مردنی هەڵبژاردووە تا نەتەوەکەی بپارێزێ, و بمێنن، و سەربەستبن... بەڵاوەگێڕی نەتەوەیە. پێشمەرگە کە لە گۆڕەپانی شەڕێڕا دێتەوە وەك بڵێی ماوەیەکی زۆر لەمێژبێ و تازە هاتبێتەوە شوێنێکی ناسیاوی بەرێکەوت. ئاخر پیاوی جەنگاوەر کە دەچێتە شەڕێ بۆیە دەچی تا بڕواو تازە نەگەڕێتەوە. خۆ ئەگەر گەڕایەوە ئەوە رێکەوتە، وەك کەسێکی کە لە بنەماڵە و خێزانی خۆی دابڕابێ, و دوای چەندین ساڵ بە رێکەوت رێی دە شار و دیاری پێشووی کەتبێتەوە. ئەو پیاوەی کە دە جەنگێ ئیدی ماڵ و حاڵی نییە- هەموو جێیەکی نیشتمان ماڵێ وییە، ئەو بۆ هەمووان دەجەنگێ- بە هەواو ئەوین و خۆشەویستی هەمان ئەو ماڵەی خۆیەوە. هەر بۆیەشە کە هەموو-خەڵکی نیشتمانەکە-خۆشیان دەوێ و ئەویش نەدیتە خۆی بە بەشێك لەوان دەزانێ, و ئەوانیش هەر نەدیتە رێزیان بۆ وی هەیە و بۆ خۆشی هەر چەندە واپێشان نادا, بەڵام چاوەڕێی ئەو رێزەی وانە. لە راستیدا تێکۆشان و خەبات هەروایە: شۆڕشگێڕ ئەگەر بیەوێ ئابڕووی خۆی بپارێزێ ناچارە دایك و کەسوکارەکانی غەمبار و دڵگیر بکات-بە هەرحاڵ غەمەکەی بۆ دایکەکەی و شانازییەکەشی بۆ نیشتمانە. بەڵام وای بە حاڵی کە نەیەوێ-یا نەتوانێ- پێشمەرگایەتیە بکات و دانیشێ... ئیدی ئەوە هەموو دەم و زاری لێدەکەنەوە-هەروەك هەموو لە هەموو بزووتنەوەو شۆڕشەکەیان بەوی سپاردبێ و ئەویش هاتبێ خەیانەتی بەو ئەسپاردەیە کردبێ و تەنانەت حاجیاغاکان، بیکار و کاسبی و ((شۆومان))ە رۆشنبیرەکان، دە ژوور و بانی گەرموگوڕ, یا لەسەر لێوی حەوزی باغی، یا دە کافە و چایخانەکاندا پیشێ دەخۆنەوە و هەڵدەپنمێن، و بە تەواویش داواکارن: ((پیاوی باش، ئەگەر قونێ شەقانت نەبوو بۆ چوویە شایی گەمان... کوڕی قۆز ئەگەر قونێ ئەوەت نەبوو هەلیلەت[٦] بۆ دەخوارد!...))

بۆ خۆشی-دایە شیرین- بە جۆرێك هەر پێشمەرگەیە، ئەوە کام دایك و باوك و خوشك و برایەك هەن کە کوڕ یا برایان پێشمەرگە بێت و بۆ خۆشیان نەبن؟ مەگەر بەدەگمەن یا بە رێکەوت کەسێکی وا پەیدا ببێ. ئەوانیش هەر هەمان ترس و دڵەکوتەیان هەیە، دڵیان

---

(٦) هەلیلە: (Halilak) بەری درەختێکە لە هیندستان دەڕوێ، درەختەکەی گەورەیە، گەڵایەکانی باریك و درێژن. بەرەکەی بەشێوەی هێشووەو هێندەی دەنکە مێوژان، رەنگیشی یا زەرد یا رەشە. بۆ دەرمانی پزیشکی بەکار دەبرێ. بە عەرەبی پێیدەڵێن: اهلیلج-فەرهەنگی عەمید-((وەرگێڕ))

هەمیشە لەلایەنی. بە واتەی خۆیان تا کوڕەکان بە سەلامەتی لە کێوی یا لە شەڕێکیڕا دێنەوە هەموو دەمژمێر و ساتەوەختێك نیوەگیان دەبنەوە. کاوە دێتەوە، لایەکی دڵی ئاسوودە دەبێ لەجیاتیانیش گۆشە و لایەکانی دیکەی دڵی زیاتر وە پەلە دەکەوێت و شەپۆلان دەدا و هەڵدەچێ- لەبەر ئەوەی ئەمیان لێرەیە و ئەوانیدی نا. هەموو پێکەوە نایەنەوە، ناوچەی شەڕێیان یەك نییە، خۆ ئەگەر بەرێکەوتیش بکەونە جێیەکییەوە ئەوا کارەکانیان یەك نییە. جاری وایە هەر بە چەند ڕۆژێکان جارێکی دێنەوە، جاری واشە بە مانگی جارێکیش نایەتەوەو ئەو و خوشکەکان ناچار دەبێ گوێیان بە ڕادیۆوە بنێن تا لە نێوان هاش و هوشە و زرمە زلێی مۆزیکی سەرنەواری ((هانی هانی)) بەغداوە کە دەخرایە سەر ڕادیۆی شۆڕش، تا بەڵکە ئێ ئەوە خوایە هەر بۆ سێبوریە شتێکی لێ هەڵکرێنن و زیاتر لەبەر دڵی یەکدی واخۆپێشاندەدەن کە گوێشیان لە شتێك نەبووبێ، شتێکی لێ تێگەیشتوون، دەنا دەبێ کەسێکی پەیداکا یا بۆ خۆی ملی ڕێیە بگرێ و بچێ هەواڵێکی لە منداڵەکانەوە بزانێ... ئەوە دەردی سەرگوڵە گیانیش بەجێی خۆی...

بەدبەختی ئەوەیە، ئێستا ئەوەتا ئەو فندەگولەیەش کەم کەمە سەری لێ دەخورێ-ئاغا فەرەیدونیش دەیهەوێ دەگەڵ ئاوالاّندا بچتە کێوی و هەروا بەردەوام پشوان دەخواتەوەو هەر بینا ڕۆیی! هەرزەکارە، هەرزەکار وەك هەوری بەهارێیە، کارو کردەوەکانی جێی متمانەی نین. بەڕاوێژکردنێی دەگەڵ منداڵەکاندا بڕیار دەدا خەرامانی بەرێ و بۆ ماوەیەکی بچتە تارانێ- ئەو بێدەرەتانانەش هەقیانە! پیرێژن و پیرەمێرد ئەو هەموو ڕێیەییان کوتاوەتەوەو هاتوون و بە نائومێدی و ناکامییەوە دەست لە ئەژنۆیان درێژتر گەڕاونەوە- ئەوانیش هەقیانە. ئەوە خوداکردی, و لەوێ گیربوو. خۆ هەر نەبێ لەوێی دڵ ئاسوودەیە-هەم لە بارەی خەرامان و هەم لە بارەی منداڵەکەوە. منداڵەکە بۆ خۆی گەورەی کردووە، تەنانەت لە منداڵەکانی دیکەشی خۆشتر دەوێ... هەر بەڕاستیش وایە؟- پێموانییە- منداڵ بوو، منداڵە، لە دە یازدە ساڵێك زیاتر نییە. هۆی دڵخۆشیە و ئاوەدنگی دایکییەتی. ئازیزە، دەنا بۆ دایك و بابان فەرقی چییە- هەموو هەر ئازیزن... خودا هەمووان سەلامەت کا!... لە شەقامی ئەمیریە، قەلای وەزیر، کۆلانی نەسیمن...

منداڵەکە چۆتە قوتابخانە، پۆلی سێیەمی تەواو کردووە... دایە شیرین زەرفێکی کاغەزی بەتالێی بە دەستەوەیە، سەیری لای سەرەوەی دەرگاکە دەکا.

((فەرەیدون گیان، و ئەوجارەشی وەخوێنە، بزانە چ نووسراوە...))



منداڵە زۆر بە تەوسەوەی منداڵانەوە دەڵێ: ((دایە شیرین، ئەوە چەند جاری بخوێنمەوە-خۆ هەر ئێستام خوێندەوە... چیدیکەی ناخوێنمەوە... لەبیرمە!...))

((گوتت پلاکی چەند؟))

((دوازدە- ئەوەش دوازدەکەیە ئیدی، دایە شیرین- نابینی- بەو سەرەوە... ئەها ئەو تەنەکە؟)) دایە تەنەکەکە چاو دەکات، بەلاّم دڵنیاش نییە... وەك نەوێرێ لە دەرگاکە بدا. خەرامانیش ڕەنگی بە ڕووانەوە نەماوە، دڵیشی هەروا تەپە تەپیەتی: کێ دەڵێ، هەر فەرمووشیان دەکەن-ئاخر ئەمان کوردن و ئەوان فارس...

کچێك لە باڵکۆنی ماڵەکەی بەرامبەرێوە تێیان ڕامابوو. زۆر میهرەبانانە دەپرسێ: ((کوێتان دەویست؟))

فەرەیدون وەلاّم دەداتەوە: ((ماڵێ ئاغای سوڵتانی...))

((چیشتان پێیەتی؟))

((میوانین...))

کچە هەر لەو بڵندایییەوە بە دەنگی بەرز دەڵێ: ((ئاغای سوڵتانی، دوو ژنە کورد هاتوون ئیشیان پێتانە...))

ئاغای سوڵتانی لەسەر لێوی حەوزێ دانیشتووە. خانەنشینە. وەك خەنییان کردبێ لەجێی خۆی ڕادەپەڕێ, و بەپەلە-پەلەیەکی وا کە لەدەست خانە نشینێکییەوە بێت-دیتە بەر دەرکێ. دەرکێ دەکاتەوە, و دەو پەلە پەلەیدا لایەکی دەرکەکەی زۆر بە توندی لە کردنەوێدا بە دەموچاوی دەکەوێ...

((ئاخ..!))

((چبوو..! دیسان بوویەوە منداڵ، وا ڕادەکەی!)) دەنگێکی پیرانەیە کە لەو سەری حەساریەوەڕا دێت...

ئاغای سوڵتانی دەرگاکەی کردۆتەوە، بەلاّم ئازاری دەموچاوی دەرفەتی نەداوە وەك پێویستیان بە پیرەوە بچێ و چاك و چۆنی و فەرموویەکی شایان و شایستەیان لێبکا... ڕوخسارە ئازاراوییەکەی دەتۆزو خۆڵی هەوتییەکەوە ئالاّوە.

دایە شیرین دەیهێنێتەوە سەرخۆ، بە کوردی بە فەرەیدونی دەڵێ: ((فەرەیدون گیان، بڕۆ-بڕۆ دەستی بابە گەورەی ماچ کە... بڕۆ... دەی کوڕەکەم-دەی ئافەرین!)) و فەرەیدونی بۆ پێشەوە پاڵ دەنێ. ئاغای سوڵتانی دەرفەت نادا، ڕادەپەڕێ و منداڵەکەی لە ئامێز دەگرێ... دوایەش

ئیشەکە بەنیوەچڵی بەجێدێڵێ، ئاوڕدەداتەوەو هەر لەبەر دەرکێڕا بە دەنگێکی بەرزو لەرزۆکەوە دەڵێ: ((مەهین- مەهـ- ین!...))

((چییە دیسان- چبووە!))

((ڕاکە- وەرە... فەرەیدون گیان هاتووە...)) و هەناسەی دەرنایە و پشووی سوار دەبێ، ئاوڕێکی دەداتەوەو سەرنجێك دەگرێتە شیرین و خەرامانێ-دوو دڵە. ئاخر شیرین، هەرچەندە تێکشکاوە بەڵام پیر نییە. خەرامان گرییەکەی دەکاتەوە، دەچتە پێشێ. خەزووری بەپیرییەوە دێ، دەستی لە ملی وەردێنێ و سەری وەشانی دەکات، و لە پڕمەی گریانێ دەدا... ماوەیەك هەروا دەمێنێتەوە. مەهین خانمیش دەگاتێ. هەر کە دەگاتێ و ئەوەی دەبینێ و بۆی ڕوون دەبێتەوە، دەست لەسەر دڵی دادەنێ، و لە نێو دەرکەی بەردەبێتەوە. ئاغای سوڵتانی لە خۆشیان یا لە ناڕەحەتیان حەپەساوە. خەرامان هەڵدەداتێ و دەڵێ: ((دایە، با بچینە دیوی ژووری- ئەوە لە کۆڵانێ چاك نییە. با بن باڵی دایە بگرین و بیبەینە ژووری، ئاوێکی بەدەموچاواندا کەین...)) بن باڵی دایەی دەگرن و دەیبەنەوە ژووری. کچەی سەر باڵکۆنەکەش هەروا لەجێی خۆیەوە تاس بردوویەتەوە... دایە گەورە بە هۆش دێتەوە... و ئەوجا ماچ و موچ, و گریان-و هەمدیس ماچ و گریانەوە-و پێکەنین. ئێستا هەموو لە هەموو هاتوونەوە سەرخۆ... ئاغای سوڵتانی دەڵێ: ((خانم، داوای لێبوردن دەکەم- هێندەی یەك دنیا داوای لێبوردن دەکەم... هەروەك بڵێی بەخێر هاتنێکی وام نەکردن...)) فەرەیدون قسەکانی دەکاتە کوردی ((هەی بەقوربانی بێچووەکەی خۆم بم... بڵێ دایە گەورە- بەدایە گەورەی دەڵێن چی؟...))

((دایە شیرین...))

((بڵێ دایە شیرین، ری دەدەی بابە دەستت ماچ کا؟))

و چاوەڕێ ناکات، دەستی دایە شیرینێ دەگرێ و بۆ لێوی دەبا.

((ئەیڕۆ، ڕێم ناکەوێ!)) و بە نەرێتی لای خۆمان شانی ئاغای سوڵتانی ماچ دەکاتەوە. پێکەنینێکی کە ساڵانێکی دوورو درێژە لە ماڵێ ڕۆیشتووەو دەگەڵ ماڵێدا بۆتە بێگانە، لە پڕ لە دەمو چاو و روخسار و دڵی بابە گەورەو دایە گەورەیدا بڵاودەبێ و سەر دە هەموو ژوورەکانی ماڵێ هەڵدەکات و دەگەڕێ. هەموو پێدەکەنن، بە چاو، بە روخسار، بە لێو- بە ئەو ئەندامانەی هەن... و بەردەوامیش دەستەسڕێ بە چاوان دادێنن. ئەوە ئێستا دایە گەورە گوایە چووە شەربەتی بێنێ!-یانی دەڕوا، بەڵام هێشتا هێشتا نەگەیوەتە مەتبەقێ وەك شتێکی زۆر پێویستی بەجێ هێشتبێ بە پەلە دەگەڕێتەوەو نەوە, و بووکەکەی ماچ دەکاتەوە: ((هەی بە



قوربانتان بم، هەی لە دەورتان گەڕێم... ماشەڵڵا ماشەڵڵا، چ لاوێکی تەواو! چەند لەسەر گۆڕەکەی وییە هێندە تەمەنی تۆبێ، هەر دەڵێی بابیەتی! هەی بە قوربانی ئەو بەژن و باڵایەت بم، لە دەوری ئەو چاوانەت گەڕێم، بووکە خانە جوانەکەم، کچە بە ئەمەکەکەم...)) و دووبارە ماچ و موچ و گریانەوە... ئاغای سوڵتانی بەدەم گریان و پێکەنینەوە دەڵێ: ((تۆ بەلای خۆتەوە چووبووی شەربەتی بێنی... دەبرۆبیهێنە... منداڵەکانم ماندوون!...)) ((دەچم... بەچاوان... بە قوربانی منداڵەکانیشت دەبم... بە قوربانی ئەو بێچووە کوردەم بم... ماشەڵڵا... چەند جوانە جوان!)) دەچم بەڵام ئەم جارەش لە جیاتی شەربەت ئەسپەندی دێنێ و دەیکاتە دووکەڵ... ((خودایە شوکر... سەد هەزار جار شوکر!)) ڕوو لە ئاسمانێ دەکا ((ئۆخەی نەمردم و چاوم پێتان کەوت... خانم بە خودای زۆرم گلەیی لێت بوو... بەڵام ئێستا هیچ گلەییەکم نەماوەو نیشمە... تۆخوا چاك دانیشن-ئێرە ماڵی خۆتە، ماڵی کوڕەکەتە...))

((ئاسوودەم، خانم، ئاوەدان بێ ئیشاڵڵا- ماڵخۆی- سەلامەت بێ ئیشاڵڵا...))

سەرەنجام دایە گەورە شەربەتەکە دێنێ, و لەبەردەمی منداڵەکە دادەنیشێ و ڕادەبوێرێ...

((میوە مان نییە؟))

((چۆن نیمانە... دێنم...))

((ئەدی بۆ نەتهێنا... نا، تۆ هەڵمەستەوە، بۆ خۆم دەچم دەیهێنم...))

((نا، ئاغا، ئەتۆ زەحمەت مەکێشە-فەرەیدون گیان دەچێ دەیهێنێ...))

دایە گەورە دەڵێ: ((بۆ خۆم دەیهێنم-دەیهێنم، هەموو شتێکی دێنم... گیانی ئادەمیزادیشیان هەر بۆدێنم...))

دایە گەورە تا دەهات هێورتر دەبۆوە؛ ئێستا خێرا خێراتر دەچتە مەتبەقێ و دێتەوە؛ فەرەیدون چووە ئانیشکی لەسەر ڕانی بابە گەورەی-کە گوتوویەتی پێم بڵێ بابە- داداوە، وەك پشیلۆکەی سەر و شان و ملی لە سینگ و لاتەنیشتەکانی هەڵدەسوێ. ئارەقەی دەرداوە، و بابەش هەر تاوە ناتاوێك بە نەرمییەکەوە ڕووی وەردەسووڕێنێت و لێی ورد دەبێتەوە، دوایەش بە لەپی دەستی، دەستێکی بە پشت و سەرو گەردەن و شان و شەپیلکی دادێنێ. ((ئەو کوڕە نازدارە، گیانی بابەیە..!)) و ئەوجا ((ئێستا چ بکەین... چۆن هەواڵێکی بدەینە کچەکان؟)) لە سەر وەڵام راناوەستێ. ڕوو لە دایە شیرینێ دەکا و دەڵێ ((خانم، بەڕاستی لێت بە گلەییم...)) بەڵام دەگەڵ بووکەکەیدا ((کچەکەم، تۆ کە بەخێر و سەلامەت هەر دەهاتی هەر نەبایە دوو وشەت بە بروسکە دەنارد تا ئێمەش لە گەراجییەوە بە پیرتانەوە هاتباین و بمانهێنابانەوە ماڵێ. کوڕە نازدارە جوانەکەم، ئەوەی بۆ نەنەی- پێی دەڵێی چی؟))

((دایە...))

((بۆ دایە گیانی وەگێڕە... هەی بە قوربانی ئەو دەمولێوە بم...)) و هەمدیس چاوەڕێی وەرگێڕانیٚ ناکاتەوە، ڕوو لە دایە گەورە، دەڵێ: ((تۆ دەڵێی چۆنیان هەواڵ دەینیٚ- بۆ خۆم بچم؟))

((نا، خۆت مەچۆ... بۆ خۆم دەچم بە ژاڵە خانمیٚ دەڵێم هەروا بەسەر پێوە بچێت سیما گیانی ئاگادار کا... نزیکە، دەچیٚ...)) ژاڵە خانم هەر هەمان کچی سەر باڵکۆنەکەی ئەو خانووەی بەرامبەرێیە، کە هێشتا هەر لەویٚ بە گوێی قولاغەوە وەستاوە.

هەر کە مەهین خانمیٚ دەحەسارێدا دەبینیٚ هەر لەو دوورەیڕا دەڵێ: ((مەهین خانم، چۆنن... حاڵتان باش بوو؟))

((ئازیزەکەی لە دلانم، فەرەیدون گیان دەگەڵ دایکی و دایە گەورەیدا هاتووە...))

((دە باشە ئۆخەی، چاوتان ڕوون!... ئەدی شایی و لۆغان و مزگێنییەکەی..!))

((هەی، بەسەر ئەو دوو چاوانەم... لە چاو و دڵ ڕوونان بن- بە سەلامەتیە سەری دایە و بابە و برایەکانت ئیشاڵڵا... ژاڵە خانم، تکایەکم پێتە...))

((فەرموون، تکا دەکەم.))

((گوتم ئەگەر زەحمەت نەبیٚ، هەر وەختێکی چوویە سەری کۆلانیٚ نانێك شتێکی بکڕی بیٚ زەحمەت هەروا بەسەر پێوە تا بەر دەرکەی ماڵیٚ سیما گیانیٚ بچی و هەر لە دەرکێوە بلێی فەرەیدون گیان دەگەڵ دایکی و دایە گەورەی هاتووە، با بەدوای سۆسەن گیانێشدا بچێت و پێکەوە بێن... بە قوربانت بم!))

((بەسەر ئەو هەردوو چاوانەم... هەر ئێستا دەچم...))

((وەی بە قوربانی ئەو چاوانەت بم... زۆرمەمنون... دەشزانم زەحمەتە، دەبیٚ ببووری!))

((ئەیەڕۆ، زەحمەتی چی، خانم- خوا ببووریٚ...))

پوور و منداڵەکانیان هەموو بە هەناسە بڕکێوە دەگەنیٚ، بەزمەکەی بەردەرکیٚ دووبارە دەبێتەوە. گریان و پێکەنین و بە قوربان و سەدەقە- بە تیلە چاو سەیرکردن، فەرەیدون فارسییە لە قوتابخانەی فێربووە، بە تێکەڵی قسان دەکا و قسەکانیشی لای بابە و لای هەمووانیش یەکجار زۆر شیرین و خۆشە. خەرامانیش تەقە تەقێکی دەکا. هەموو وێکڕا قسان دەکەن و فەرەیدونیش ئەگەر لەسەد قسان یەکێکی وەرگێڕیٚ. لەسەر چۆکان بە بابەیەوە دانیشتووە- زۆر بە ئەدەبەوە. زاواکان هێشتا لەسەر ئیشیٚ نەهاتوونەوە- دێنەوە؛ کچەکان خواردنەکانی نیوەڕۆیەیان دەگەڵ خۆیاندا هێناوەو دەرو دراوسێشیان راسپاردوون کە



مێردەکانیان ڕەوانەی ئێرەکەن- هەموو لە مەتبەقێدا سەرقاڵن... ((شیرین خانم...)) ئاغای سوڵتانییە. ((تکایەکم لێتانە...))

فەرەیدون قسەکان وەردەگێڕیٚ, و شیرین خانم وا دەردەخا کە ڕێی ئەوەی ناکەویٚ ئاغای سوڵتانی تکای لێبکا.

((دەمهەویست ئەگەر ئێوە رازی بن یەکێك لە منداڵەکان بنێرم ئەو بەرگدرووەی سەری کۆلانیٚ بانگ کا، دەستە جلێکی بۆ کوڕەکەم بدرویٚ... چونکە ئەویش دەگەڵ ئامۆزا و منداڵ و نەوەی خوشکەکانمدا دەچنە ئێرە و ئەویٚ، نامهەویٚ نابووت و ڕووت و ئاوەڵ کەم دیار بیٚ... و بێچووەکەم هەست بە نارەحەتیە و نامۆییە بکات-ڕیٚ دەفەرموون))

((ئەیڕۆ، ئەوە دەفەرمووی چی، ئێمە هەموو لە خزمەت تۆین، هەرچی تۆ بفەرمووی!))

((سۆسەن... سۆسەن!)) سۆسەن دێت. ((کچەکەم بچۆ دوکانی وەستا حەسەنی، بلێ مەترەکەی بێنیٚ هەر بەسەر پێوە تا ئێرە بێت... ئەگەر نموونەی فاسۆنی چاکەت و پانتۆلانیشی هەیە با دەگەڵ خۆیدا بێنیٚ، تا هەر لێرە ئەندازەی فەرەیدون گیان بگریٚ و ئەگەر بووش ئەوە فاسۆنەکەش هەڵدەبژێرین...سەرووتریش سەرێکی لە پێلاو فرۆشەکەش بدە, بزانە داخوا پێلاوی منداڵانەی چاك و جوانیان هەیە... لەو بەرەیشییەوە کراس درووەکەیە، لەوێش سەیرێك بکە بزانە کراسی منداڵانەی هەیە... بەڵام لە پێشدا بچۆرە لای وەستا حەسەنی...))

((منداڵانە! کوڕەکەم ماشەڵڵا ماشەڵڵا پیاوێکە بۆ خۆی... منداڵانە!))

وەستا حەسەن دێت، نموونەی پارچە فاسۆنیشی دەگەڵە خۆیدا هێناوە، دەگەڵەویدا پێکەوە پارچەیەکی جەرگی رەنگ جوان بۆ چاکەت و پانتۆڵەکەی هەڵدەگرن، وەستا حەسەن ئەندازەکە دەگریٚ, و بەڵێن دەدا هەموو ئیشەکانی دیکەی وەلانیٚ و تا ئێواریٚ چاکەت و پانتۆڵەکەی تەواو کات. ئاغای سوڵتانیش پەیمان دەدا تۆڵە بۆ وەستا و شاگردەکانی بکاتەوە. سۆسەنیش هاتۆتەوە، هەموو شتێك لەو دەوروبەرانە، دەستدەکەوێت، تەنانەت بۆینباغی جوانی منداڵانەش...

ماڵ پڕە، منداڵەکان حەساریان داگرتووە... ((منداڵینە هێواشتر- دراوسێکان پشوو دەدەن- هەڵیگرن بۆ دوایە...)) بەڵام کەس لە ماڵیٚ پشوونادا... دەبێتە عەسر، پووریٚ گەورەو منداڵ و نەوەکانیشیان هەموو دێن... ئیدی ژاوە ژاو و هەرایەکە لە حەساریٚ مەپرسە. بابە و دایە شیرین و خەرامان دەگەڵ پووریلە و پوورە گەورەکان لە هەیوانیٚ دانیشتوون... ئەوڕۆ کەس هاواری سێبەندە ئێشانێی نەکردووە، وەك هەموو شەویٚ چاك نووستبن. زۆربەی جارەکانی دی هەر گلەیی بوو: ((دویٚ شەویٚ دایکت هێندەی پرخاند یەك دەقیقەشم خەو نەچووە چاوی!))-

((وای کە ئەو پیاوەش دەپرخێنێ-خوایە! بۆ خۆی گوێی لە پرخەی خەوی خۆی نییە، هەر کە چاوم گەرم دەکرد دەنگی قاڕ و قووڕەکەی بڵند دەبوو...!

دوێ شەوێ هەموو چاك نوستوون، ئەوڕۆشیان چاك خواردووە، کەس بای نەکردووە... هەموو ئاسوودەن...

منداڵەکان دە حەسارێدا ڕادەکەن و دەزریکێنن، ئاغای سوڵتانی بە هەوایەکەوە قلیانێ دەکێشێ: ((قلقلقلقل- قل... پفف!)) وەك لەسەر تەختی پاشایەتیە دانیشتبێ، چاوەکانی دایە گەورەش دەڵێی مشتومالێ کراون دەبریسکێنەوە...

وەستا حەسەن جلەکانی هێناونەوە، بابە و وەستا حەسەن و فەرەیدون دەچنە ئەو ژوورەی ئەولاوە و جلەکان تاقیدەکەنەوە- عەیبیان نییە. پێلاویش هەڵگیراوە، کراس و بۆینباغیش ئامادەن...

((سۆسەن... بزانە حەمامەکە گەرمە؟ ئەگەر ئاوەکەی زۆر گەرم نییە، هێندێکی دیکەی گیزەرەکە بۆ زیادکە... ئاخر شیرین خانم و خەرامان گیانیش ماندوون، حەمامێکی بکەن... کوڕەکەشم با جلە نوێیەکانی بە خاوێنییەوە دەبەرکا.))

دایە شیرین و خەرامان سەیرێکی یەکتری دەکەن- ((حەمام؟ لەناو ماڵێ!... چ باشە.)) پوورەکان دەچن حەمامەکە-گەرماو- ئامادە دەکەن.

تەڕو تازە لە حەمامێ دێنەدەر، فەرەیدون جلەکان دەبەردەکا، بابە یارمەتی دەدا، بۆینباغەکەی بۆ دەبەستێ و دەملی دەکات و بۆی ڕێك دەخات، ئەوجا بە ئەنداەی گەزێکی لەخۆ دوور دەخاتەوەو سەیری دەکا و تابلۆ بە نرخەکەی دەستی کردگار بەسەرسامییەوە سەیر دەکات و تێوەی ڕادەمێنێ. دێنەوە ژوورێ- پوریلەو پوورە گەورەکان و زاواکانیش هەموو چەپڵان لێدەدەن و ژنەکان هەلهەلەی لێدەدەن: ((تلی لی لی لی!)) دایە مەهین هەمدیس ئەسپەندێ دەسووتێنێتەوەو دووکەڵێ دەکاتەوە, و وێنە لە چوارچێوە گیراوەکەی سەرتاقچەکەی تاو دەداتێ و سەیری وێنەکە دەکات و سەرنجێکیش لە منداڵەکە دەدا- ((هەر دەڵێی فەرەیدون گیانە، مووی لانەداوە- هەرچی خاکی سەر گۆڕەکەیەتی هێندە تەمەنی ئەوەبێ..!)) وێنەکە لەبەردەمی منداڵەکە رادەگرێ و وەك دەگەڵ منداڵێکی دوو سێ ساڵەدا بدوێ دەڵێ: ((بە قوربانی بم... بابە گیان کوا، کێ هەیە..؟)) فەرەیدون تاوێك دە وێنەکەوە هەڵدەڕوانێ، ئەوجا زۆر ڕاشکاوانە، بە پەنجەی وێنەکەی باوکی پێشان دەدا و بەدایە گەورەیدا دەڕوانێ. دایە گەورە بە دەستی چەپەی لە سینگی خۆی دەدا: ((دەك، بە قوربانی بم، خۆ دەشیناسێ... باوکی دەناسێ!...)) و هەمدیس گریان! پووریلە و پوورە گەورەکانیش کوڵیان هەڵدەستێ، بابە



کورسییەکە دێنێتەوە پێشەوە: ((کوڕەکەم، تۆ لەسەر ئەم کورسییە دانیشە با ئوتوی جلەکانت نەشکێ، ئافەرین- تا دەستە جلێکی دیکەشت بۆ دەدروێ، تا بتوانی بیگۆڕی...))

منداڵەکە دەوجلانەدا نارەحەتە: پانتۆڵەکەی زۆر تەسکە، بۆینباغەکەی خەریکە دەیخنکێنێ... جلی خۆمان چاکترن. ئەوانە هەموو بە دایەش دەڵێ. دایە بە تیلە چاوێکییەوە چاوی لێ سوور دەکاتەوە- یانی کە ئەو قسانە باش نین. دەبێ دەگەڵ پوورە سیمایدا بچێتە لای سەرتاشی سەری کۆڵانەکە و سەری چاك کا. پوورێ دەستی گرتووە، بەڵام ئەو دوو دڵە- تا سەرنجێکی دایەی چرای سەوزی چوونێی بۆ هەڵدەکا- ئاخر دایە و دایە شیرین پێیان گوتووە دەگەڵ کەس نەچتە هیچ جێیەکی. دایە شیرین دەڵێ: ((بڕۆ، کوڕەکەم- قەیناکا... گوتوومانە دەگەڵ خەڵکی نەچی... ئەمە پوورە گیانە... بڕۆ...)) نیو سەعاتێکی پێدەچێ تا دێتەوە، دە تەواوی ئەو ماوەیەیدا پیرەمێرد و پیرێژن ئەوە چاویان لە دەرکی کۆڵانێیە. هەر کە لەو سەرییەوە وەدەر دەکەونەوە چاویان گەش دەبنەوەو زەردەخەنە و شادییان دێتەوە سەر لێو و دەموچاو و روخساران... دەك بە قوربانی بم خوایە، ماشەڵڵا..! پوور و پورە گەورەکان و زاوایەکانیش هێشتا هیچ نەبووە هەموو شتێکی گەمەی منداڵانەیان بۆ کڕیوە: تۆپی فوتبۆڵ، دەمانچەی نایلۆن- پایسکل... بەڵام ئەو هیچیانی ناوێن. دەمانچەکە خراپ نییە، حەیف کە فیشەکی نییە... پایسکلەکەش... بابە دەڵێ: ((ماندووی، ماندوو بووی؟))

بەسەر وەڵامی نەرێ دەداتەوە.

دایە گلەییەکی دۆستانەی لێدەکات: ((سەد جارم پێ گوتووی بەسەر وەڵام مەدەوە، زمانت هەیە!)) بابە ئاگای لێیە، دەڵێ: ((نا، سەری مەکە سەرێ- ماندووە، دەنا دەزانم کوڕەکەی من ماشەڵڵا منداڵێکی ئاقڵە...)) و ئەویش هەروا کە پشتە لێوی ئارەقەی دەرداوە وەك بێچووە پشیلەی خۆی دە بابەیەوە هەڵدەسوێ.

((ماندووی؟))

((نە...))

((ئەدی چی؟))

سەیرێکی دایە دەکات، چوون هیچ بەرپەرچێك نابینێ دەڵێ: ((من پایسکلم ناوێ... تفەنگێکم بۆ بکڕە... تفەنگی راستی... دەگەڵ مۆتۆرسیکلێتێکی...))

((تفەنگت بۆ چییە؟ ئوتومبێلت دەوێ بۆت بکڕم؟)) ئۆتۆمبێلم ناوێ، تفەنگم بۆ بکڕە... دەمهەوێ ببمە پێشمەرگە، دەگەڵ دەوڵەتیدا شەڕێ بکەم.)) هەموو گرژبوون. دایە سەری بادەدا...

((قەیناکا، کچەکەم، منداڵە...))

((بەچاوان تفەنگت بۆ دەکڕم...)) بابەش هەستدەکا کە منداڵەکەش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەزانێ کە تێکۆشان دژی حوکومەتەکانی دراوسێ جۆرێکە لە تێکۆشان دژی حوکومەتی خۆماڵی-حوکومەتە بەکرێگیراوەکان هەموویان هەر پشتیوانی یەکن، خەبات دژی ئەوانە لاوازکردنی حوکومەتی خۆماڵییە...

هەر ئەو ڕۆژە ناگاتە شەوێ تفەنگێکی بادی- توتو-ی بۆ دەکڕن، کە فیشەکی ڕاستی دەخوا، بەڵام نابێ لە کەسی بگرێ- چوێلەکە و کۆتر قەیناکا. هەر لەو دەمەیڕا کە تفەنگەکەی دەگاتە دەستی ئیدی دەگەڵ گەلێ نامێنێ... ئەوە دەحەسارێدا هەروا بە دوای نێچیرانەوەیە. ئەو شەوەو شەوەکانی دیش تا درەنگانێکی ئەوە هەر دانیشتوون... تەختە بەندیان دە حەسارێدا داناوە، بابە پێ دادەگرێ و سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ دایە شیرین و خەرامان لەسەر تەختەکان و لەناو پەردەو کوللەیدا بنوون. قبوڵ ناکەن دەگەڵ مەهین خانمێدا لەسەر عەردی ناوەڕاستی حەسارێ جێی ڕادەخەن و لێی دەنوون، باب و کوڕ دەپەردەو کوللەکەیدا دەنوون... هەردووکیان ماوەیەك بە ئاگان، کەسیان هیچ ناڵێن.

دایە گەورە بانگ دەکا: ((حوسێن، ئاگات لێبێ منداڵەکە سەرمای نەبێ.))

((سەرمای بێ! ماشەڵڵا جحێڵە، کوێستانییە... دەو هەوایەیدا و سەرمای بێ!)) دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ماچی دەکات و لێفەکەی بەسەر شان و ملیدا هەڵدەکێشێتەوە. ڕاکشاوە، چاوی لێك ناون، خۆی لێرەیە، بەڵام بیرو هۆش و مێشکی فڕیوە. بابە دەو تاریکیەیدا ڕەگەمۆر و ناسکەکەی گەردەنێی دەبینێ، کە خێرا خێرا لێدەدا؛ ئەو تەنکە تەڕاییەی سەر نێوچەوان و پشتە لێویشی هەر دەبینێ کە لێیان نیشتووە. جار جارەش چاوان هەڵدێنێتەوە، هەروا هێندە تاریك نییە؛ لە پەردەو کوللەکەیڕا نووکی تەختە بەندەکە و سەربانەکانی دەوروبەرێ و درەختەکانیش دەبینێ... ئێستا ئەوانەی کۆڵانێ وان، هەموو نوستوون، باڵندەیەك ناجووڵێ. مەلێك دوو سێ جاران بە دوای یەکدا ئاوازێکی هەڵدەدا، ڕەنگە بە خەیاڵی بەیانیەوە بێ، دوایەش کە زانی ناوەختە زمانی دەکلیلە دەچێتەوەو بێدەنگ دەبێ... هەموو جێیەك بێ هەست و خوستە، بێجگە لە دەنگی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەڕێ و بانە دوورەکانەوە دەنگیان دێت، و جارجارەش دەنگی فڕۆکەیەك، کە بە ئاسمانێدا دەفڕێ. دەنگی پرخە پرخی دایە گەورەی بەرزە. بەیانی تفەنگێ تاو دەداتێ، سەرەتا بە لەسەرخۆییەوە، زۆریش لەسەرخۆ، لە دیواری نزیك دەبێتەوە, و ئەوجا کە چاکی سێرەگرت، پەلاپیتکەی ڕادەکیشێ... دەرەنگ! ((کەوت، کەوت!- لێمدا، بۆ خۆم لێمدا... بەخودای... ئەوها ئەوەتا! یەکەم گوللە ئەنگاوتم...))



((کوڕەکەم شتێکت گەڕەکە... حوسێن بزانە چی دەوێ!))

((هیچی ناوێ- دەخەوێدا قسان دەکا... چوێلەکەی کوشتووە... بنوەوە، با هەڵنەستن، بەستەزمانانە ماندوون.))

بابە گەورە و دایە گەورە هەناسان هەڵدەکێشن و دەئەستیرانیشەوە ڕادەمێنن و دەکەونە خەیاڵانەوە, و بەدەم لێکدانەوێیانەوە بەلادادێن و خەو دەیانباتەوەو دەخەوی شیرین ڕادەچنەوە...

## -١٨-

ماڵەکە کشوماتە، وەك ئاشی ئاو لێبڕاوە، ماوەیەکە پشت ئێشە، ئاغای سوڵتانی کلاڤە کردووە- هەموو ڕۆژێی کوپە لێدەگرێ و چاکیش نابێ. مەهین خانمیش لەبەر ئازاری ئێسکەکانی خەو ناچێتە چاوی، هەر دەڵێی دەهاوەنێکیان هاویشتووە ئێسکەکانیان کوتاوە. کچەکان-خوا ڕاوەستاویان کا- هەر دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێ دێن و شان و قۆڵ و پشتی جوان دەشێلن- چبکەن بەستەزمانانە، بۆ خۆشیان تووش بووون، ماڵ و منداڵ لێناگەڕێ، دەنا خۆ درێغیە ناکەن...

پیری دەردێکی گرانە، هەر چییەکت دەگەڵ بکەن هەر بە ئازاری، گۆرەویی تەنك لە پێ دەکەی قاچەکان بەجۆرێك دێشن، گۆرەویی ئەستوور لەپێ دەکەی بەجۆرێکی دی، لەپێ ناکەی دیسان بە شێوەیەکی دی... وای، ئازار بەو جۆرە شتانە ناشکێ، ئەو شتانە هیچیان هیچ نین. بە قسەی دایە شیرین گڵۆڵەی کەوتۆتە لێژی... فەرەیدونی بەستەزمان بە چ دەردێکی تا تێیگەیاند! بۆخۆشی نەیدەزانی، لە دایە شیرینی پرسی، کە گوتی: ((خوریت دیوە کە دەیڕێسن؟)) بەڵێ، دیبووی ((باشە دەی، ئەوە من بەهەورازێکیدا سەردەکەوم و تەشییە دەڕێسم، هەروەك ژنەکانی لای خۆمان. دوایەش گڵۆڵە خورییە ڕێسراوەکەم لەدەستی بەردەبێتەوەو سەربەرە, و ژێر بۆ خوارێ خلۆر دەبێتەوە, و چەندی وەدووی دەکەوم نایگەمێ... تازە منێکی پیرێژن چۆنی دەگەمێ، کوا دەتوانم بیگەمێ!))

گڵۆڵەت کەوتۆتە لێژی، کەچی بەو حاڵەشەوە پێتخۆشە بڵێن ماوتە و هێشتا نەکەتووی، هەرچەندە ئەو دڵدانەوە، و ئاوازی ئەو سێبوری دانەوانەت زۆر پێخۆشە و چاکیشیان هەست پێدەکەی، بەڵام دەشزانی کە لەسەر لێوی گۆڕێی و دەبێ بڕۆی، دەزانی کە تۆ هەر دەڕۆی و ئەو شتانە وەك خۆیان هەر دەمیننەوە- ئەم کێو و درەخت و ئەم خەڵکانە... و ئەم خەڵکانە هەر دێن و دەچن و تەنیا تۆ نەبی کە نە دێیت و نە دەچیت-ئیدی تۆ نەماوی...

ئەدی سەرجێی ژنێ (جووت بوون)-ئەی بابە- چ ماوە؟ ئەدی خواردن؟- تام لە خواردنێش ناکەی، بەڵام زۆر خۆر و نەوسن دەبی... دەڵێی نەکا ئەوە دوایین جار بێ- دەبێ زۆری بخۆی بۆ خۆت وانالێی، وەك هەر بە هەستێکی نادیارەوە وابکەی. ئاه، ئادەمیزاد پێی خۆشە هەمیشە و بەردەوام بنوێ- ئەوە شەو هەر هیچ! دەڵێن خەو وەرزشی رۆژانی پیرییە... بۆ هەژارانیش هەم وەرزشە و هەم جێی خواردنێش دەگرێتەوە، بەڵام دەپیرییەدا ئەگەر ژانی جومگان لێبگەڕێ... ڕاست دەو دەمەیدا کە لە هەر کاتێکت زیاتر حەز لە خەوێیە ئەودەمی بە ئاگای و خەوت لێناکەوێ و جێ بەخۆت ناگری و لەو سەرەوە لە پشتی پشتەوەی پەنجەرەکانەوە، دە تاریکییەدا لە کازیوەی بەیان دەگەڕێی... راستە ژنەکەشت هەروەك تۆ بە ئاگا و وەك تۆ جێ بە خۆی ناگرێ، ئەویش هەر بەدوای بولێڵی بەرەبەیانی خۆیدا چاو دەگێڕێ. دەتوانن پێکەوە قسان بکەن و بدوێن و چیدی لە دوو خۆڕاییە نەگەڕێن و بە دوایدا وێڵ نەبن... بەڵام نا، سەیر دەکەی قسەیەکیشیان بۆ یەکتری پێنەماوە، هێشتا یەك دوو وشەتان لە زاری نەهاتۆتە دەرێ هەر لە خۆوە دەم تێکدەنێن... ئاخر ئەویش پێیوایە تۆ ئەوت پیرکردووە، تەمەنێکی دوور و درێژ چەوساندووتەتەوە، ئەو کە هاتە لای تۆ بۆنی شیری خاوی لە دەمی دەهات هێندە منداڵ بوو... تۆ پیرت کرد! جاری وایە ئەو دەو هەنگامەیدا بە ڕێکەوت خەوی لێکەوتووەو تۆ ماویەوە-بۆ لە خۆڕا دەنگ و هاواری ئەو پیرێژنەی دەربێنی-داماوە هێشتاش بەو حاڵەتەوە- بە کووڕە کووڕ- هەرچەندە بە ناڵە و نووکە نووکیشەوەیە خۆ تەڕ و وشکێکت هەر دەکاتەوە... ئاه، خۆزگە هێندەی نووکە نووك نەهاتبایە، خۆزگە ئەو هەموو بیانووەی نەگرتبان-وەك منداڵانی لێهاتۆتەوە!

بەوەی چاکەکە تێپەڕبوونی زەمانەی فەرامۆشی و لە بیرچوونەوەی دەگەڵدایە, و زۆریشی لەبیر بردوویەوە، هەرچەندە کە جارجارە لە بن سۆبەی دادەنیشی و لەبەر خۆتەوە پێدەکەنی، وەك بڵێی شتێکی خۆشت وەبیرهاتبێتەوەو هەروا لە خۆڕا سەربادەدەی و کەچی کە لە خۆت ورد دەبییەوە سەیر دەکەی هیچت نییە تا بۆی پێبکەنی, و هەر لە خۆوە سەرت لەقیوە. بەڵام هەرگیز ناکرێ ئازارو ژان لەبیربەرییەوە. ئازار دزێکە کە لە دەرگا دەدا. دز نا، خاوەن قەردو داواکارێکە کە بە ئاواتی ئەوەی شتێکت بۆ رۆژانی پیریە پاشەکەوت کردووەو ئەویش بە عالەمی ئاشکرا هاتووە ئەو پاشەکەوتەت لە دەست دەرێنێ و لێت بستێنێ. دێت بەڵام بە پێچەوانەی داواکارانەوە ئەو لە دەرگانادا، بە پێچەوانەی دزانیشەوە ئەو لە پەنجەرەیڕا نایەتە ژوورێ و هەر کە هاتیش ئیدی ناڕواتەوە-دەمێنێتەوە، هەرچەندە لەوانەشە بزانێ کە ئیدی تۆ هیچت نییە و نەماوەو تازە رەوتەنیت...و ئەویش دەگەڵ تۆڕا رەوتەنییە. دەگەڵ ئەمانەشدا



هەر ناڕواتەوە. دەیهەوێ دەگەڵە تۆدا بێتە ئەو دنیایەی دی... دەیهەوێ بزانێ لەو دنیای دیکە وەزعت چۆنە، ئایا لەوێ توانای ئەوە هەیە قەردەکەی دەست کەوێتەوە!؟...

پیرییە و جودایی و تەنیایی... جودایی لە ژنێ، لە منداڵی... لە هەموو کەسێك، منداڵەکان واپێشان دەدەن کە دەزانن هێشتا ماوی, و دەشیانەوێ جارێ بمێنی، بەڵام لە نزیکبوونەوێت بێزارن، قێز لە بۆنی لەشت و لە دەست وێکەوتنێت دەکەنەوە-جاری وایە تەنانەت هەر وەڵامی قسەشت نادەنەوە، جاری واشە پێشت پێدەکەنن- یانی کە قسێکی سەد جار دووبارە دەکەیەوە! ژنیش- دەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی دەگەڵ بردوویە سەرێ ئێستا ئەو ژنەی جاران نەماوە. ئەگەر نەشرۆیشتبێ ئەوە لەلای منداڵەکانە... وردیلەکان چاکن-خوا بیانهێڵێ- فریشتەن. هاوڕێی یارییان گەرەکە، دەزانن بابە گەورەش وەك ئەوان منداڵە-بەڵام بابە گەورە بەمە نازانێ، هەر پێیوایە بابە گەورەیە... بەڵام قاقای پێکەنینێ بە دڵ و گیان دەکرێ، کاتێ قوڕمیشی یارییەکیان تەواو دەبێ زۆر بە ڕووخۆشییەوە قوڕمیشی دەکاتەوە، ئیدی وەك دایەو بابەی بەسەرماندا ناقیژێنن, و هەر کاتێکیش دایکەکە بەسەر منداڵەکەدا دەقیژێنێ ئەو هەڵدەداتێ، و هەر کاتێکیش کە لەگەڵی دەچییە دەرێ ساردەمەنی دەکڕێ-جەژنانەش دەدا!...

پیری سەردەمی پیس و پۆخڵییە. هەردووکیان- ژن و مێرد- هەر بە ئاستەم بیانجولێنی هاواریان لێ هەڵدەستێ- نە لە جودابیە، بەڵکە بۆ جوداییە... تا تەنیا بن، هەر بەم حاڵەشەوە داد و بڕۆ و سکاڵای جوداییەیانە ئەویش لەبەر گوێ پێنەدان و پشت تێکردنێیان. ئەگەر بەتەنێ نەبن ئەوە هەر دەگەڵ کەڕی بەیانییە پرتە و بۆڵە بۆڵیانە: ((وای، دوێنی شەوێ هێندەت پرخە هات نەتهێشت چاو لێك نێم! هەر تۆزێکم چاوگەرم دەکرد وەك ماتۆڕی هۆندات دەگەروێدا بێ ئەو ژوورەت پڕ دەکرد- دەنگت دەگەیشتە چوار ڕیانێ ئەوبەری!)) کەچی هەر ئەودەم بەهات و هاوارەوە پێنج دەقیقەت لەبەردەمی بقیژاندبایە گوێی لێنەبوو، و هەر دەستی بۆ لای گوێیەوە دەبرد کە ((تۆزێك بەرزتر... ئەوە نووزەت لە چییە، گوێم لێ نییە!)) ئەوڕۆ چیشتەنگاوێ پۆستەچی کەوتە نێو نێوەو نامەی هێنابوو و نەیهێشت کار بگاتە گلەیی و گازاندان: نامەی فەرەیدون گیان بوو هاتبوو. دوور لە گیانی دەتگوت خەونە- هێشتا نەهاتبوو چۆوە، و هیچیشی لە دوای خۆیەوە جێ نەهێشتبوو... نا، نا... بە قوربانی ئەو بەژن و باڵایەی بم، بۆینباغە بچکۆلانەکەی بۆ بابە و دایە مەهین جێ هێشتبوو. ئەو چەند رۆژانەی هەوەڵێ دایە مەهین هەموو دەقیقە و سەعاتان دەچوو بۆینباغەکەی دێنا، سەیرێکی دەکردێ، و بە دەمییەوە پێدەکەنی و دوایەش دەگریا... بەڵام بابە کە بۆینباغەکەی دەدیت ڕووی وەردەگێڕا- رووی لە وێنەکەی فەرەیدون گیانیش هەر وەردەگێڕا، نازانم ئەوە چییە و چۆنە- دیارە هەمیشە

هەروایە. شووشە لامپای ناو تاقچەکەش کە شکا تا ماوەیەك سەیری جێیەکەی نەکردەوە، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوتیش چاوی دەو جێیەی هەڵەنگوتبایەوە لە چەند چرکەیەکی زیاتر نەدەخایاند- رووی وەردەگێڕایەوە. ئێستا و ئێستاش هەر کە دەتاقچەکەیدا چاوی بە وێنەکەی فەرەیدون گیان دەکەوێت بەگرژییەوە رووی وەردەگێڕێتەوە... وەك تووڕە بێ. بەڵام وێنەی ئەم فەرەیدونەیانی گەورە کردووەو بەرامبەر تەخت و جێ و بانەکەی خۆی بەدیوارییەوە داوە... ماشەڵڵا، چ لاوێکە ڕەعنایی...! دایە مەهینیش بۆینباغە بچکۆلانەکەی بەرامبەر تەختەکەی خۆی بەدیوارییەوە بە بزمارێکییەوە کردووە و وەخت و ناوەخت دەیهێنێتەوە خوارێ و گرمۆڵەی دەکات و دوایەش رایدەخات و دەست بەسەر شاخ و کلکی ئەو ئاسکەیدا دێنێ کە وێنەکەی دەڕاکردنێدا بە بۆینباغەکەوەیە، وەك دەست بە پەڕوباڵی بێچووە چوێلەکەیدا بێنێ... جگە لە یەکەمجاری کە دەگەڵ دایکی و دایە گەورەیدا هاتن، یەك دووجاری دیش هاتۆتەوە. ئێستا ئەوە چوار ساڵ بەسەر ئەودەمیدا ڕادەبرێ، ئێستا بەخێر و سەلامەت پۆلی حەوتەمە... دەك دایە مەهین بە قوربانی دەفتەر و کتێبانی بێ!

ئەوڕۆ پۆستەچی کەوتە نێوانێوە، ئاغای سوڵتانی چایەکەی خواردبۆوەو سینی و پیاڵەکەی بەدەستی بەلاوە نابوونەوە، و وەك پیرەمێردان، بەزاری بەشەوە، سەری بەیەخەی خۆیدا بەردابۆوە... لێوەکانی دەلەرزن، چاوەکانی ئاوێ دەکەن... دەڵێن ئاوی سپییەتی... مەهین خانم بە پلیکانەکاندا هاتە سەرێ، بەڵام سەیرە کە هەر لە دوورەوە نەیبۆڵاند، کە ئەو پلیکانە خێومردانە چ پل و پاو سیبەندەیان پێ نەهێشتووە هێندەی بە شەو و بە ڕۆژ پێیان هەڵگەڕێ و بێتەوە خوارێ. نا، زۆر چالاکانە هاتە ژوورێ، بە کەیف و خۆشییەکەوە گوتی: ((نامەی فەرەیدون گیانە!...))

ماسولکەکانی لچ و لێو و زاری ئاغای سوڵتانی دەستبەجێ گرژبوونەوە، لێوەکانی لە لەرزە کەوتن، گەینەوەیەك و وێك کەوتنەوە، گەردەنی قیت بۆوە، و سەری لە جێی خۆی ڕاوەستا و چاوەکانی وشك بوونەوە.

((ئەو چاوێلکەم دەیە لەسەر تاقەکەیە بزانم... دەکوا؟))

((بۆ خۆم دەیخوێنمەوە...))

((بەڵام بیخوێنییەوە!...))

مەهین خانم چاوێلکەی دەچاوی کرد- چاوێلکەی هاوبەش- بەسەر نامەکە داچوو... کتوپڕ لە سینگی خۆیدا: ((ئەی ئەی... ئێوە سەلامەت... وەی داماوە، هەی بەدبەخت..!)) ئاغای



سوڵتانی بەدەستە پاچەییەوە، دەڵێ: ((چ بووە!؟ دەبیخوێنەوە دەی، خۆ کوشتتین... چ بووە... هیچ ڕوویداوە... بمدەیە با بزانم!...))

مەهین خانم بە ڕەنگ و روویەکی پەڕیوەوە نامەکە دەخوێنێتەوە:

((بابە گیان و دایە مەهین گیان.))

((دوای سلاو، ئومێدارم حاڵتان خۆش و باش بێت، ئێمەش لە سایەی سەری ئێوەوە باشین. تازە دەگەڵ دایەی لە عێراقێ هاتووینەوە. دەگەڵ دایە شیرینێ چووبووینە عێراقێ، ئاخر خاڵە دارا، خاڵی گەورەم، ئێوە خۆش...))

((ئەی داماو! ئەو ژنەش بەدبەختە. خوداوەند هێندێکان هەر لە ڕۆژی ئەزەلێوە بە بەدبەختی دروست دەکا...))

((دەتۆ بیخوێنەوە...))

((خۆش... لە دەشتی هەولێرێ شەهید بوو، دایە شیرین و دایە تا بڵێی زۆر نارەحەت بوون- زۆریان غەم خوارد. دایە شیرین گوتبووی بە ئێوە نەڵێین، بەڵام دایە گوتی کە هەر بۆتان بنووسم تا ئێوەش هەر بزانن. خاڵ و پوور و پوورزایەکان- هەموو- و بابە گەورە هەموو تێکڕا سلاویان هەبوو. بابە گیان، گفتت دابوو ئەگەر تێکڕایی نمرەکانم باش بن پاداشتێکم دەدەیتێ. تێکڕاییەکەم ١٧,٥ حەڤدە و نیوە. لەبەر ئەو کارەساتەی خاڵە دارای تا ئێستا بۆم نەنووسیبوون دایە مەهینیش گفتی هێندێك شتانی دابوو- بیری ماوە؟ ئەو پارەی بەهۆی حاجی مەنافتانەوە ناردبوو وەرمان گرت. دایە دەڵێ زۆر مەمنون، خوا لە گەورەییەیان کەم نەکات. خوا سێبەری وانمان لەسەری کەم نەکا. دەڵێ بنووسە دەستیان ماچ دەکەم. بابە گیان شتێکم لەبیرچووبۆوە. ئەو پوورەم کە ون ببوو- پوورە سەرگوڵ- وەدی هاتەوە. بەخۆ و بەو کوڕەیەوە کە هاوتەمەنی من بوو لە تورکیاوە هاتبۆوە. دایە شیرین و دایە، و هەر هەموو دلشاد و خۆشحاڵ بوون. بەڵام دایە شیرین دەڵێ خودا نەیویست خۆشیەکەمان تا سەر بێ، لەجیاتیان خاڵە دارای بردەوە. بابە گیان دەستی ئێوەو دایە مەهین ماچ دەکەم، کوڕی خۆتان، فەرەیدون...))

دنیایەکی سەیرە..! کەس نازانێ بۆ وا لەو میللەتەی دەکەن و ئاوای دەگەڵدا دەجوولێنەوە و بۆ ئەو هەموو زۆردارییەی لەو بێدەرەتانانە دەکەن! ئاخر ئینساف و ویژدانێك- تۆی عەرەب بە عەرەبی خۆت بدوێی، بخوێنی، بنووسی، بەڵام ئەو مافی ئەوەی نەبێ بە کوردییەکەی خۆی بنووسێ یا قسان بکا! چبووە دیارە تۆ لە قوماشێکی دیکە چنراوی! هەمدیس بۆوە ئاریشەکەی عەرەب و مەوالی... ئم-مم... بنیادەم بڵێ چی!

لە مەتبەقێن- بە واتەی فەرەیدونی، دایە شیرین و دایە مەهین... پێکەوە تێکەڵ دەبن، ئەمیان بە کوردی ئەمیان بە فارسی-و ئەوەش سەیرە کە زۆر بە چاکی لە قسەکانی یەکتری دەگەن... زیاتر هەر دایە شیرینە قسان دەکا... مەهین خانم سەربردەیەکی نییە بیگێڕێتەوە... بۆ، بۆ نییەتی... ئەویش هەیەتی، ئەویش رەنجی کێشاوە... ئەویش منداڵ و کوڕی وەك دار شمشادی گەورە کردبوو... شەونخونی کێشابوو، وەك هەموو دایکێکی- وەك هەموو دایکێکیش دەگەڵ هەرکەوتن و هەستانەوێکی منداڵیدا دڵی داخورپابوو، دەگەڵ هەر رۆیشتن و هاتنەوەیەکیدا تاڵە موویەکی لەسەری سپی کردبوو، دەگەڵ نەخۆشیەیدا نەخۆش ببوو و تا سەرلێوی مردنێ چووبوو، کاتێ شای ملهوڕ بێت و بیکوژێ و دەیەك ساتەوەختیدا رەنج بە خەساری کا-دەك خێر لە ماڵ و ژیان و تەمەنی خۆت نەبینی، خوایە... خوایە لە پرسەی منداڵەکانت دانیشی! دایە شیرین دەڵێ: ((نا، خانم، لە پرسەیان دانانیشێ-ئەوانە وەك ئێمە و مانان نین...)) دایە مەهین لە پڕ قسەکە دەبڕێ: ((فەرەیدون گیان... فەرەیدون گیان!...))

فەرەیدون دێت.

((... ئێمە و مانان یانی چی؟))

((یانی وەکو ئێمە-وەکی مە-...))

((بەڵێ خانم، ئەوانە هەرگیز وەك ئێمە نین، ئەمانە کەی منداڵیان بەخێودەکەن؟ ئەمانە هەزاران قەرەواش و نۆکەر و لەلەو دایەنیان هەیە... من بەو نەزانییەی خۆمەوە...))

((دوور لە ڕووی ئێوە...))

((من بەو نەزانییەی خۆمەوە بەڵێنت دەدەمێ دایکی ئەو منداڵەی تەنانەت یەك شەویشی بە سینگ و بەرۆکێ خۆیەوە نەناوە، یەك شەویش بۆنی هەناسەی نەکردووە. یەك جاریشی بەسەر ڕانەگەیشتووەو پاکی نەکردۆتەوە... ئەگەر منداڵیان گەورە کردبان ئیدی هەروا لە خۆوە منداڵی خەڵکیان نەدەکوشت. خوا کوێریان کا ئیشاڵڵا... خوا داغیان بە دڵییەوەنێ ئیشاڵڵا... کە داغیان بە دڵی هەمووانەوە ناوە..! ئەو کچە بەدبەختەیانم بێ سەرو شوێن دەبەن... فەرەیدون وەریدەگێڕێتەوە((یانی...)) تاوێك دەگەڵ دایە شیرینیدا دەکەوێتە ڕاوێژان. ((یانی کەس نازانێ لە کوێیە-شوێن ونە-...))

((ئاه..!))

((دایکی بمرێ، بێ سەرو شوێن دەچێ. ئەوە ئەو کوڕەیانت چەندین لە دەربەدەریە، ئەو کوڕەی دیکەت دەکەوێتە بەندیخانان، بە فەلاکەت لە زیندانێ هەڵدێ... ئێستاش ئەوە ئاوا...))

((ئاخر ئەو کافرانە چدەڵێن! بۆچی و لەبەرچی؟))



((بۆ هیچ، هەر لەبەر هێندێ بە زمانی سوتوو دەڵێین با بە زمانی خۆمان قسە بکەبن، قوتابخانەمان بە زمانی خۆمان بێ... دەڵێن نا، ئێوە عەرەبن... ئەویدییان دەڵێ نا، ئێوە تورکن... و ئێمەش دەو ناوەیدا تێماوین- کەس نازانێ چ کارەین، دیار نییە ئەستەغفیروڵڵا خوا ئێمەی بۆ دروستکردووە، کوێندەرین و ئەو زمانەمان بۆ هێندە بە گوێیان ناخۆشە...)) دەگەڵ ئەو هەموو ڕەشۆکییەشیدا قسەی بەجێی دەکردن: چوونە عێراقێ گوتیان کوردی ئێرانیێین، عەرەب گوتیان نا، مادامەکی ئێمە عەرەبین ئێوەش دەبێ هەر عەرەب بن... عەرەب ئەشرەفی هەموو بوونەوەرێکییە... بابە تۆ لەوەی گەڕێ کە پێغەمبەری ئیسلامان عەرەب بووە، بە قوربانی پێغەمبەری ئیسلامانیش بم، بەڵام خۆ ئەبو سوفیانیش عەرەب بووە، کوڕەکانی شەریفی مەککەش خۆ هەر عەرەبن، فەیسەڵ و نوری سەعیدیش عەرەبن... وەڵڵاهی ئێمە کوردین، بیللاهی کوردین، عەرەب نین، گوتیان ببێ و نەبێ هەر عەرەبن، هەردەبێ عەرەبیش بن. چوونە تورکیای هەمدیس گوتیانەوە کوردین. تورکەکان بە ڕکەوە سەریان ڕاوەشاند: ((یۆك یۆك یۆك- نا، نا، نا! ئێوە تورکی کێوین، یانی بە دوو سێ سەرە تورکن، نابێ بە کوردیش بدوێن... بەڵێ، بەڵێ... خۆ دەزانن کە کوردی زمانی کێویانە، کەچی لەوەش خراپتری ئەوەیە کە دەگەڵ زمانی کێویەکی دیکەش کە ئێرانیە تێکەڵ بووەو ئیدی بەکەڵکی کێویلەی تورکان هەرنایە... گوتیان بابە ئێمە کوردین، ئێرانین، ڕەچەڵەکمان ئێرانییە. تورکەکان مڕاندیان. ئێرانییەکانیش هەر مڕاندیان، پاشان هەردووکیان پێکەنین، رەزا شا و ئەتاتورك لە ئەنکەرەی بەسەلامەتی سەریان بادەیان لێکدان، بەڵام بۆ ئەوەی بەزمەکە خۆشتر بێت، رەزا شا ئاراراتی دایە تورکیای، چونکە هاوینانی فێنکە و ئەتاتورکیش کوردەکانی راگواستنە ئاناتۆلی، رەزا شاش کوردەکانی بۆ قۆچان و زۆر جێگای دیکە دوورخستنەوە...و ئەوجا ئاسوودەبوون. پێشتریش سوڵتانەکانی ئێرانێ کوردەکانیان لەبەر دڵی سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ زۆر جێیان دوور خستبوونەوە... خولاسە، هەر شوێنە و بەجۆرێك. تەنیا هەر کێوەکان بوون کە وەك کوردەکان مابوونەوە و ئەو دایکانەش بوون کە بەردەوام کوردیان پەروەردەو بەخێو و گەورە دەکردنەوەو پێیان دەگەیاندنەوە، و کوردستانیش بوو کە بە وانەی دەگوت کە کوردن، ئارياين، هەرچەندە بە تورکیش قسە بکەن- کە ناشیکەن...و نەشیانکرد...

((لە ڕاستیدا زمانی ئێوە زۆر بەگوێیان خۆشە، زۆر لە فارسییەوە نزیکە... من زۆرم حەز لێیەتی، ئێوە یا خەرامان گیان کە دەگەڵ فەرەیدون گیانیدا دەدوێن من زۆری چێژ لێدەکەم. ئەو جەللادە دەبوایە یارمەتی ئێوەی دابایە چاکتر بوو لەوەی ئاوا جۆش بگرێ گزارە بکێشێ... من زۆر چێژ لە زمانی ئێوە دەکەم!...))

((زگت نەسووتێ ئیشاڵڵا..! چ بڵێم، ئێستا ئێمە ئەوە ئاوا تێماوین... ئەو دەکوژێ و ئەو دەبڕێ، جاری وایە هەرسێك لا هەر دەکوژن... خۆ ئێستا بەعسی سووریاش هەر دەکوژێ... ئەوان دەنێرێتە ئیسرائیل بۆ شەڕێ، کەچی تەنانەت گرێبەندی ژن خوازیەشیان بە شێوەیەکی فەرمی ناناسرێ و نایاندەنێ-دەڵێن دەبێ ببنە عەرەب، ئێستاش کە لە عێراقی شەڕە... دیار نییە داخوا چەند لاو و نەوجوان بکوژرێن و چەند هەزار دایك کۆستیان کەوێ- هەر تەرمە و رۆژانە دەیانهێننەوە...))

((دەك بمرم بۆ دڵی ئەو دایکانەیان خوایە!... بمرم بۆ ئەو لاوەتییەیان..!))

((خانم، ئەگەر بزانی-هەزاران ئاواییان بە بۆمبای وێران کردووە، کوردستان بۆتە چۆڵگە و وێرانە... خوا چاکەیان بۆ نەکا و چاکیان نەیەتە ڕێ...))

((ئامین خودایە-بۆ خاتری هەر پێنج ئیمامان!...))

((ئێستا ئەگەر بتوانن-ئێوەو بابە- فەرەیدونی لێرە گلدەنەوە... منداڵە، دەترسم لە دەستم بچێ... زمانم لاڵ بێ شتێکی لێبێ و من لە حاند ئێوە ڕوو ڕەش بم...))

((دوور لە ڕووی ئێوە...)) دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بڕبڕەی پشتێی دەبروسکێنێ و تەواوی لەشی دەلەرزێ... ((وای، ئەودەمی زمانم شکێ، زمانم شکێ، من و ئەو پیرەمێردە قوڕی کوێ بەسەری خۆمان داکەین..!))

((نارەحەت مەبە، خانم... تا ئەو جێیەی بتوانم ناهێڵم... بەڵام منداڵکاریشە زۆر گوێ ناداتە قسەی دایك... بە بابەش بڵێ، بەڵکە ئەوە خوایە کارێکی وابکا لێرە وەمێنێ... ئەودەمی دڵم ئاسوودە ترە...))

بەڵام هەرچییەکیان کرد و کراند فەرەیدون نەمایەوە.

هەموو جێیەك هەر مەرگ، دەست درێژی و زەبرو زەنگ بوو! لەوەتای ئەو وەبیری دێ هەروا بووە.

-ئەوەش مەشرووتە- یاساو دەستوور-ەکەی، ئەو شاهەنشایەی، ئەوەشت میرزا جیهانگیر خانەکەی... چووزانم-نازانم باوك و باپیرانی ئێمە چ گوناهێکیان لە دەرگای خوادا کردووە کە ئێمەی وا بەدبەخت و خیرە سەر دروستکردووە... ئەو لا لەولا خراپتر-کرێکار خڕدەبنەوە و هاوار دەکەن برسیمانە، ڕووتین. لەجیاتی ئەوەی گوێ بۆ قسەکانیان راگرن و بیرێکیان لێ بکەنەوە دار و دەستەی شەعبان بێ مێشکیان تێبەردەدەن و بە نووکی چەقۆییان وەڵام دەدەنەوە- ئەگەر بەوەش پێ نەوەستان ئەوە بە دەستڕێژی شەستتیرێ...



لێوەکانی ئاغای سوڵتانی کەم کەمە دەلەرزن، هەمدیس سەری بەیەخەی خۆیدا بەرداوەتەوە، چاوەکانی ئاویان دەرداوەتەوە... ((بڵێم چی- مەگەر ئەو یەکە، ئەو بەستەزمانە چ گوناهێکی کردبوو، هەی جەللاد کە ئاوات گوللە باران کردو گەرووت پڕ کرد لە قورقوشم! ڕاستە، من باوك بووم، دڵم دەسووتایەوە، دەمگوت خۆت لادە، خۆت دە ئاگری ماوێ... بەڵام ئەو جحێڵ بوو، گوێی نەدایە... لاوبوو، لاویش بە لاوەتییەوە جوانە، بەلاوەتییەوە لاوە؛ چاوەڕوانییە پەندو ئامۆژگاری ئەفلاتونیانەت لە لاوان نەبێت... بەڵام خۆ دەبێ چاوەڕوانییە ئەوەت لە حوکمەت هەبێت کە منداڵی خەڵکی هەموو بە منداڵی خۆی بزانێ. نەك هەروا بێ ڕامان بیانکوژێ! ئەویش بۆچی؟- تا هێندێك زیاتر بدزن؟... نا، ئێستا دەزانین کە کارێکی چاکی کرد ڕۆیی... وەڵڵاهی ئەگەر ئێستاش زیندوو بایە پێمدەگوت بڕۆ، دەستی عەلیت پشتیوان بێ! ئەمە ئەرکە، ئەمە کار و فەرمانە، بڕۆ!... بەڵام ناتوانم بە مەیان بڵێم. هێشتا منداڵە- زۆریش منداڵە. ئێستا کاتی ئەوەیە کە منی پیرەمێرد و ئەم پیرێژنە ئاگامان لێی بێت و بۆنی ئەوەی دیش بەمەیانەوە بنێین... بەڵام منداڵەکە نایهەوێ- دەیهەوێ بە گژ دەوڵەتیدا بچێ...)) خوا سەلامەتی کا، هێشتا منداڵە. نازانێ چی دەوێ، منداڵێکی شیرینە، منداڵێکە خۆشەویست-جارێکی دەڵێ بابە سەد بابەی لە زاری دەبارێ... نازانێ چی دەوێ. بە ئێمە ناڵێ... خودا ڕاوەستاوی کا- رەنگە بشزانێ چی دەوێ، نایەوێ ئێمە نارەحەت کات... بەڵام خۆشی بە ئی ئێرە نازانێ- لەوانەشە لایەکی دیکە بەستەم لێکراوی بزانێ- منداڵێکی زۆر هەستیارە-و دەیهەوێ یارمەتی ئەوان بدات، دەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێ ئی ئەوێش نییە... ئێرەی زۆر پێخۆشە... دیار بوو، دیارە، دەمدیت، دەبینم... بەڵام بە لایەنی دایکییەوە دەزانێ کە خۆشی لە خۆی نەدیوە و جوانییە خۆی لە سەر وی داناوە... دایکیشی دەزانێ کە دایە گەورەشی سەرگەردان ماوە، گیانی دەگەڵ ئەو منداڵەیدا دەردەچێ... ئەو منداڵە پاکە بەستەزمانە دەو نێوەیدا تێماوە، نازانێ چبکا- لە ڕەگ و ڕیشە بووە...))

ئاغای سوڵتانی ڕاستدەکا. بەڵام لەلایەکی دیشەوە دایکە کوردیش دەزانێ کە دەبێ منداڵیش بزانێ کێیەو رەچەڵەك و تۆرەمەی چییە. لەوەش سادەتر نابێ: کوردە، دەگەڵ سروشتدا هاودەمە و خووی پێوەگرتووە، حەزی لێیە سەربەست بژی، هەر نەبێ لە سەرەتاییترین بەهرەی ئازادی و سەربەستی بەهرەمەند ببێ: حەزی لە هەر جل و بەرگێکیە دەبەریکا، بە زمانی دایکی بخوێنێت و بنووسێت، حوکومەت لە خەڵکی-هاوزمان و هاو نەژاد و رەگەزی-خۆی بێ. ئیدی ئەوانە هەموو ئەلف و بێی ئازادین. سروشتیش یارمەتی داوە-ڕەنگە زیاتر

بەهۆی دایکەوە- لەوانەشە هەروا بە هەڕەمەکییە تایبەتییەکەی خۆشییەوە بێ-شتێکی هەڕەمەکیانەی وەك کیسەڵەکانی دەریای مانش بێت...

ناوی فیلمەکەم لەبیر نەماوە، هەرچی بوو پەیوەندی بە یەکێك لە نهێنییە بێ ئەژمارەکانی سرووشتەوە بوو. کیسەلەکان پانایییە ئۆقیانووسیان دەبڕی و لە ئوسترالیاوە دەهاتنە کەنارەکانی دەریای مانش هەر بۆ ئەوەی لەسەر چەو و زیخ و لمی ئەوێ هێلکان بکەن. هەر کە هێلکەکانیشیان دەکرد هەر بەو ڕێیەی کە پێیدا هاتبوونەوە دەگەڕانەوە. هەر کە بێچووەکانیش لە هێلکەی دەترووکان و دەهاتنە دەرێ ماوەیەك دەمانەوە، گەورە دەبوون، هێز و توانایەکیان دەهاتە بەرێ. هەر کە توانای دەست و پەنجە نەرم کردنێیان دەگەڵ شەپۆلاندا دەخۆدا هەستدەکرد هەر بەو ڕێگایەی کە دایکەکانیان پێیدا هاتبوون دەچوونە ئوسترالیای، و کاتی بە هێلکە هاتنێشیان وەك دایکەکانیان- هەر بە هەمان ڕێدا- دەهاتنەوە کەنارەکانی مانش. ئەم مندالانەش دیارە هەر بە هەمان ڕەمەکییەوان ئەو ڕێییانە دەبڕن. مەلای کوردیش هەروایە: مەلای بیدەرەتانە بە هەر دەردەسەرییەکییە دێ بە دێ و شار بە شار دەڕوا-لە هەر جێیەکی مودەڕیسێکی بەناوبانگی لێ بێت و پێی بزانێ- تەنانەت ئەگەر لە ئەستەمبوڵ، و قاهیرەو دیمەشقیش بێ دەچێ... بەلام سەرەنجام کە خوێندنەکەی تەواو کرد گری گری دێتەوە زێدەکەی خۆی و لەوێ ژیان بەسەردەبات.

مەسعود- کوڕی سەرگوڵێ لە کابرای تورك-یش دەگەڵ دایکیدا هاتبۆوەو مابۆوە. دایکەکە گەڕابۆوە، گوایە بەخێری ناگیانی مێردی هەیە، بەلام هەرچی کردی و کراندی منداڵەکەی دەگەڵ نەچۆوە. نامە و نامەکاری نەما نەینێرن و نەینووسن- بێ سوود بوو. نەك هەر نەشچۆوە بووە پێشمەرگەش. بەڵکە ئێ ئەوە خوایە ئەگەر جارێکی دی هاتەوەو ڕێی دێرە کەوتەوە، بەلام ئەو کارەی باوکەکەی کردی-وەك ئەو هەواڵەی هات- ئیدی گەڕانەوەو هاتنەوە دەئارادا نەما، بەش و لێکدابڕانێ وی ئیدی بە یەکجارەکی تەواو و بڕایەوە: هەواڵ هات کە باوکەکەی سەرگوڵی دایکی کوشتووە. کوڕەکە چۆوە، بەلام نەچۆوە ماڵێ- هەروا لە دوورەوە مشومۆڵێکی کرد. هەواڵەکە ڕاست بوو، شەوێ دایکەکەی دەخەوێدا خنکاندبوو. ئەوە لەو بابەی دوور نەبوو. کابرایەکی تورکی کەمالیستی گەرمە تەریقەت بوو- بوز کورت[7] بوو. هەر دوای ماوەیەکی کە کەفوکوڵ و ئاگری ئارەزووەکانی دامرکایەوە، ئیدی خۆشترین قسەی سەرزەنشت و سووکایەتی و سادەترین کاری لێدان و پێدادانی ئەو ژنەی بوو... منداڵەکە

(٧) بوز کورت: بیرو باوەڕدار بە ((تیۆری گورگە بۆرەکان))



ئەمانەی هەمووی دیبوو، و زۆر جارانیش دەگەڵ دایکیدا گریابوو. دایکە بێدەرەتانەکە هەموو ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی لەبەر دڵی وی کێشابوو-و ئێستاش هەر لەبەر وی مردبوو. بەلام مێردەش هەر گوناهبار نەبوو- بەخواستنی یەك غەوارە تورك هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامدابوو و خدەی خزمەتکردنی خۆی پاك لە دەستدابوو (ستەمێکی بەبیر و باوەڕەکەی کردبوو): خوێنە پاکە تورکیەکەی پیس کردبوو، کە دەبوو پاکی کاتەوە... ئێستا هەر ئەوەندە بەس نەبوو، کوڕەکەشی چووبوو ببووە پێشمەرگەی بارزانی! دەبوو ئەو خیانەتەش بەهەر شێوەیەك بووە تاو و تووبەك هەر بکاتەوەو بەسەریدا بێت و بچێتەوە- دەبوو ژنەکەی هەر بکوژێ تا بۆ خۆی بە زیندوویی بمێنێتەوە، تورکێکی پاك و بێگەرد وەمێنێ! لە پێشێشدا وەلامی دابوویە: کە نەگەڕێتەوەو نەیەتەوەو لەبەر چاوان نەبێ... و ژنە بەوەی نازانێ و دێتەوە. ئێستاش هەروەك هیچ هەر ڕووی نەدابێ-کوردێك لە بەین چووبوو... بەلام تۆرەمە و ڕەچەڵەکەکەی ریشەکێش نەببوو...

ئاغای سولتانی نامەی دووەمیشی تەواو کرد...

مەهین جارێکی دیشی خۆ ڕاژاندەوەو بەشە دایکانەی خۆی دەتا تەرازووێ غەمی دایە شیرینی کرد: ((ئەی بەدبەخت، وەی بەدبەخت!... خوایە هەر خۆت ڕەحمی پێبکەی... زگ سووتاوە...!))

و ئاغا سولتانی تەلەگرامی دووەمی سەرەخۆشیەشی نووسی...

## -١٩-

غوبار و تۆزو خۆڵی فەرامۆشییە وردە وردە لە کۆڵەباری غەمەکان نیشت و ژیان بە ڕێچکەی سادەو ساکاری ژیانی دەوروبەر راهات و خەڵکەکەش خوویان پێوەگرت... یانی کە شەڕە، کوشت و کوشتارە، تۆپ بارانە. دەکوژی تا نەکوژرێی، دەکوژن تا بکوژرێن. هەر لە خۆرهەلاتەوە تا خۆرئاوایە کەس نییە پەنجەیەکی ناڕەزاییە راوەشێنێ، ئەگەر جار نا جارێکیش هەبێ ئەوە هەر پەنجە راوەشاندنە و هیچی دی- کار و کردەوەی بەدواوە نییە. ئینگلیز و ئەمەریکا و فڕانسە... هەریەکە و پشکە بەشی خۆیان دە کۆمپانیای نەوتی عێراقێدا هەیە و دڵیان ئاسوودەیە. ئێستاش ئەگەر کوردان دڵیان ناڕەحەتە و ناکەوێتەیەك ئەوە ئیدی پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە... دەتوانن ناڕەحەت نەبن. ئەوان تەنیا گازاندەیان لە عەبدولکەریم قاسمی ئەوەیە کە گوایە کۆمۆنیستە و مەیدانی داوەتە کۆمۆنیستان. لەسەرەتادا دەرگای باغی سەر سەوز و زەنوێری بە کوردان نیشاندا، ناوی کوردانی خستە نێو دەستوری کاتی عێراقێوە:

کۆماری کورد و عەرەب: ڕۆژئاوا ناڕەحەتە، لەوەش ناڕەحەتە کە چەك و چۆڵی لە شۆڕەوی دەکڕێ... شاش بەوەی ناڕەحەتە کە شایەك کوژراوە-وەك بڵێی شا کوشتن ببێتە باو، بە واتەی ژنان خوانەکا، خوا ئەو ڕۆژەمان پێشان نەدا. بەڵام بە ناشکوری نەبێ وەك هێنابیەتی و پێشانماندا وایە...

بەڵام قاسم خوا هەڵناگرێ قاسمە: دەم دە عەرەبچییەتیەوە وەردەدا، بەڵام ناسری قبولٚ نییە، خۆی بە کۆمۆنیست دەردەخا، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی هەروا بەبێ قانوونی هێشتۆتەوە. دەم دە مافی کوردانەوە وەردەدا، بەڵام گوند و دێ و ئاواییەکانی کوردستان بۆمبا باران دەکا. دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تاڕادەیەك کوردەکانی هەر دەگەڵن، کۆمۆنیستەکانیش، و لە سەرکوتکردنەوەی هەستانی شەوافیدا پشتی دەگرن و یاریدەی دەدەن. بەڵام ئەو دەگەڵ هیچ کامێکیاندا نایەتە ڕەدایە-و شەڕ بەسەر کوردستاندا دەسەپێ و دەست پێدەکا. کوردەکانیش هەروەك هەمیشە- بەلای حوکومەتەوە-کۆمەڵێك یاغی و ڕێگرن، بە زوویی سەرکوت و تەپە سەر دەکرێن، یا هەر کراویشن، و لە چەند کەسێکان بەولاوەتر و زیاتر نەماون، کە ئەوانیش هەر بە زوویەکی زۆر زوو لەناودەچن و نامێنن... بەڵام شەڕ هەروا گەرمە. ئەوجا بۆ چاو بەستەکیە خەڵکی داوای خێوەتییە خاکی کوێت دێنێتە گۆڕێ...

ناڕەزایی دەکەوێتە ناو ڕیزەکانی سوپاو ئەفسەرانی ئازادەوە (ضباط احرار) کە لە ناسری و بەعسییەکان پێك هاتبوون کە هەر ئەوانیش کۆتایی بە تەمەنی خۆی و حوکومەتەکەی دێنن... بەعسییەکان لە بەغدایە گەڕەکی کوردەکان بۆمب باران دەکەن و لە تۆڵەی خوێنی شەوافی، و دەست بە کوشتاری کۆمۆنیستان دەکەن- یەکیەتی شۆڕەوی ناڕەزایی دەردەبڕێ و گوایە هەروا دەستەوەستان دانانیشێ- هەروەك جاران... بەعسییەکان بۆ هێورکردنەوەو دامرکاندنەوەی هەڵچوون و تووڕەییەکانی شۆڕەوی بەهۆی ئینگلیزەکانەوە جامە ئاوێکی ساردو فێنکی بە گەروێ دادەکەن. ئینگلیزەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی چەکی رووسی دەستوبرد چەك و چۆڵی بەعس دابین دەکەنەوە...

ئەنجوومەنی فەرماندەی شۆڕشی بەعس مافی کوردان بە فەرمی دەناسێنێ. ساڵی **١٩٦٣**ز. یە... بەڵام ئەو ناساندنەش شتێ وانییە دڵی پێ خۆش بکرێ: ((دڵشادین بە هاتنتان... فەرموون بۆ ژوورەوە... تکا دەکەم... ئێوە کوردەکانن؟))

((بەڵێ، قوربان... ئێمەش هەروەتر... بەڵێ ئێمە کوردین)) ئاوا. میوان دەیهەوێ خۆی تا کاتەوەو ماڵ و حاڵ و جلٚ و بەرگی لێ بلاٚوکاتەوە، و لاقانی لێ ڕاکێشێ- بەڵام بەعس ئی ئەو یەك ماڵی و خۆماڵییەتییەی نییە- ئەوە بەعسە، سۆشیالیستە، عەرەبە: بەعسی



عەرەبی ئیشتراکی... بەڵێ، پێتان وابوو! بۆیەیان گوتووە دەبێ کتێبەکە باوێنە تاقیوە، تا جارێکی دی بیهێننەوە خوارێ و دەقەڵەمڕەوی واندا کاری پێبکەن... نا، نا... وەك بنیادەمێکی ناچار و بێدەسەلات چۆن هەزار دژواری و سەختی و گرێ کوێرەی دێتە پێش ئەتۆش ئاوا زۆر سادەو ساکارانە:

یەکەم بەعس، ئەوجا عەرەب، پاشان سۆشیالیست... عەرەبییەکەی ئەوە هیچ کە عەرەبە، و لە عەرەبانیش عەرەبترە، سۆشیالیستیشی ئەوە دیارە کە سۆشیالیستە: ئەوان بە هاوبەشی حوکومەتیە دەکەن، ئێوەش بە هاوبەشی دەبینن و چەپڵە لێدەدەن. قەیناکا؟... نەخێر قوربان... پیرۆزە ئیشاڵلاٚ، بەواتەی ژنانی لای ئێمە بەسەر و دڵی خۆش ئیشاڵلاٚ... هەمان ئەو قسانەی کە مستەفا کەمال و یارانی بە (تورکە کێوییەکان) یان گوت: ئێمە کۆمارین، بەڵام دەبێ ببوورن کۆماریمان تورکیە. ئەوانیش گوتیان بەعسی ئێمە عەرەبییە. ئەوەندەی کە گوتوشمانە ئێوە کوردن بەسە. کوردبن، کوڕی باش بن، بە بێدەنگی لەسەر دەرپێی خۆتان دانیشن، قاچەکانتان لەبن مێزێوە نەجووڵێتەوە... دنیا دوو ڕۆژێکە، ئەوەندە خۆماندوو کردنەی ناوێ. لە ((باکوور)) پڕۆژەی ئاوەدانیتان بۆ ئەنجام دەدەین، وەزارەتی کاروباری ((باکوور))تان بۆ دادەمەزرێنین، لەوێ یۆرانیۆمتان بۆ زاخاو دەدەین، بەنداوی دوکانتان بۆ دروستدەکەین تا کارەبای بەغدایە دابین کا... جا شانازی لەوە زیاتر کە بەغدا-شاری خولەفایان- بە کارەبای بەنداوی ئێوە ڕووناك بێتەوە! دانیشگا و زانکۆتان بۆ لە سلێمانییە دەکەینەوە، بۆ پتەوکردنی برایەتی کورد عەرەب و شارەزابوون بە برا کوردەکان منداڵانی عەرەب لەوێ دەخوێنن و زیاتریان شارەزا دەبن. عەرەب ئا ئێستا کوردناسیان کەمن، کەمتر دەگەڵ برایەکانیاندا تێکەڵاو بوون و ئێستا دەیانهەوێ زیاتریان تێکەڵ بن-ئاوا کچ و کوڕانی عەرەب خۆشتریان لە سلێمانیدا لێ دەگوزەرێ. منداڵە کوردەکانیش ئەگەر حەزیان لێیە و پێیان خۆشە با بچنە بەغدایە و لەوێ دەگەڵ بەغدا بەغداییەکان با تێکەڵ بن. باشە، زۆریش باشە-چۆخ گوزال- زۆر جوانە!.

ڕێبەرانی بەعس ناوی ئەو کودەتایەیاننا ((شۆڕش))- ثورة عربية! ئەڵلاٚهو ئەکبەر! بەو کارو کردەوانەی دەشیکەن پیاو گومانی لێ پەیدا دەبێ ناکا ((ثور- گا-)) بووبێ و ئەوان پێی بڵێن ثورة- شۆڕش- کارەکانیان زۆری گایانەیە، هەر چەندە پیاو دەزانێ چ دەگەڵ ئەو گایەیدا بکا؛ پیاو ئەگەر زەینی بێ دەزانێ کە نابێ دەگەڵ شاخی ئەو گایەیدا دەستەو یەخە و ئاوقا بێ. گایە ئیدی، چ گایەکیش!

گا کودەتا و شۆڕشی نازانیٚ... ئەم ((شۆڕشە-ثورة-)) وەك خەزێنەی حەمامێیە، هەر کە چوویتە تێی هەر زوو پاك و خاوێن دەبییەوە. هەمووش دەو شۆڕشەیدا دەر لە عاست هەموو پاك بوونەوە. بەڵام چڵك و پیسابییە سەر رووی خەزێنەکەش تا دەهات زیاتر دەبوو. جگە لەوەش دەحەمامێدا شتێك هەبوو پێیان دەگوت کوپە. شتێك بوو وەك ئەو دەزگایەی دەرمان رشێنان: ((لوولەکێکی درێژ، راست وەك میلی زۆر خانەی، کە هەردووك سەری کون بوو. بەیانیان کاتیٚ پیاو لە حەمامیٚ دەهاتنە دەریٚ و سەرەی ژنان دەبوو، پێش هاتنیٚ ژنان ناتر خۆی ڕووت دەکردەوەو کوپەکەی وەك میلی زۆرخانان داویشتە سەر شانی و دەچووە ناو ئاوی خەزێنەکەوە. کونەکانی هەردوو سەری کوپەکەی بە دەستی توند دەگرت و زۆر بە پاڵەستۆیەکی بەهێزەوە کوپەکەی تا بنی خەزێنەکە نقوم دەکرد. هەر کە سەرێکی کوپەکەی دەگەیشتە بنی خەزێنەکەی هەردوو دەستی لە کونەکانی کوپەکەی بەردەدا و هەرچی پیسایی و چڵك و چەوێڵی سەر ڕووی ئاوی خەزێنەکە بوو کوپەکە لەو کونانەوە هەڵیدەمژی. کە پڕ دەبوو ناترەکە دووبارە کونەکانی کوپەکەی بەدەستی دەگرتنەوە و کوپەکەی دێنایەوە دەریٚ و دەیبرد لە دەرێی هەڵدەڕشتەوە- ئەوە، ((چڵك گیر)) بوو و کاری چاك کردنەوەی شۆڕشی ئەنجام دەدا. لێرەش دیار بوو بەو کودەتا یەك بە دوای یەکانەیدا کە دەهاتن و دەکران ((شۆڕش)) یان پاك دەکردەوەو گوایە چڵك و چەوێڵ و خڵت و خاڵی لێدەگرن، بەڵام سەیرەکە ئەوەبوو ئەوانەی کە دەمانەوە لەویدی گەلێك چڵکن و پیس و پۆخڵ و دژوونتر بوون.

هۆی پتەوی ئەو ڕووداوانەش هەمان ئەو کۆنینانە بوون: سەعدون و حەمماد و زەعلان... ئاه، ئەوەش جاسم... ئەوەش شنقار! ئا ئەمانە لەسەردەمی نوری سەعیدیش هەر هەبوون! و ئەوەتا ئێستا دەخەزێنەی ((کودەتا- شۆڕش))دا پاك و خاوێن و تەمیز بوونەتەوە- گوایە تەنانەت سەرێکیشیان لە گوڵخەنی شۆڕش خوارکردۆتەوە. هەی نەعلەت لە پاشەڵتان!... ئێستاش ئەوەتا هەموو هاواریانە و داوایانە کە هەموو هەر شۆڕشگێڕ بووون، هەموو خوێنیان داوە!...

هەندێك هەر پێیان سەیر نییە-بەڵام ژمارەی ئەو هێندێکانە کەمە، ئەم چەندانە دەڵێن باشە، ئەوە دیارە، کە لایەنگیری مرۆڤی چاك کۆمەڵێك پیاوی باش و مرۆڤی چاك و تێگەیشتوون کە شەڕ و هەرا و پێکدادانیان بەلاوە شتێکی دزێوە. بە پێچەوانەوەش مرۆڤی خراپ و هەوادارانی کۆمەڵە لات و پووت و هەرچی و پەرچی و هیچ و پووچن و چەقوکێش، کە هەر دەوەشێنن و دەکوژن، سەریش دەکەون. وەك بڵێی راستیش بکەن. ((کودەتا- شۆڕش))ی بیست و هەشتی موردادی خۆمان نموونەیەکی راست و ڕەوانی ئەم ڕووداوەیە: سەد دانە



چەقوکێش و ژنی دەرپیٚ بە کۆڵ ئەو هەموو خەڵك و پیاوە تێگەیشتووانەی لایەنگری موسەدیقیان سڕیەوەو نەیانهێشتن و شاهەنشا سەرکەوت! ئێستاش ئەوەتا ئەوەت جاسم لە جیاتی ئەوەی لەبەر دەرکی کاولێکی ڕاوەستیٚ و بە قەد و قەوارەیەکی پەڕپووتەوە چاوەڕێی مشتەریان بیٚ رێیان پێشاندا و بیاننێرێتە ژووریٚ و خەیار و ماستی دروست کات، کەچی ئەوە تا کلاشینکۆفێکی دەملی کردووەو ئەستەغفیرولڵا خوداش ناناسیٚ. بەشێوە زمانە عەرەبییەکەی-بە کوردی دەڵیٚ: ((سەیارە... تۆ کوو... لادەدەم ئەولا..!)) یانی تۆ بۆ کویٚ، تۆ و سەیارەیان نەگوتووە؟ لادە کەنار... کوو، یانی لە کوێوە دێی و دەچیە کویٚ. بۆ ناوچەی ئازادکراو یانی ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگان ناتوانی بچی. کوردستان ئابلۆوقەی ئابووری لەسەرە. ئەگەر شیری و شکی منداڵەکە شتت پێبیٚ، منداڵەکەشت بە بەروباوەشێوە بێت، لەبەرچاوی خۆت قوتووە شیری منداڵەکە هەڵدەپچڕیٚ و شیرەکەی بە گۆڕیٚ وەردەکات و دەیڕێژیٚ... هەموو شتەکانت بە سەریەکدا دەترشێنیٚ، ژێر کوشن و سندوقی دواوەی ئۆتۆمبێلیٚ و ناو مەکینە و داشبوردەکەی... هەموو جوان دەپشکنیٚ... بەدوای شتێکی دادەگەڕیٚ. جا سەربازە، پاسەوانە هەرچی هەیە، بەو نیازەوە هاتووە شتێکی وەگیر کەویٚ، گەورەکانی بەو نیازەیانەوە ناردووە تا خۆی خۆی بەڕێوەببات- بۆ ژن و منداڵیشی- ئەگەر ژن و منداڵی هەبیٚ- یا بۆ دایك و بابی- شتێکی نەغدینەی وەك پارەو پوول یا قاڵی و قاڵیچەو بەڕەو نایلۆنیان بۆ بنێرێتەوە...

لەسەر پاژنەی پێی دەسووڕیٚ و ئاماژە بۆ تۆ دەکات وە دوای کەوی. بە دوایدا دەچی، دەتباتە ژوورێکییەوە کە زۆرانی دیکەی وەك تۆشی لێیە، هەریەکە لە قۆناغ و بارێکی پشکنین دایە: یەکێك تازە شەرواڵی داماڵیوە، یەکی دی خەریکە هەڵیدەکێشێتەوە، یەکیدی کەوای دەبەر دەکاتەوەو ئەوەی دییان خەریکە شت و مەکەکانی سەر مێزەکەی کۆ دەکاتەوە کە پێیان هەڵڕشتووە.

((هەرچی دەبەرکێدا بوو هەڵیڕشتنە سەر مێزەکەی..!))

هەرچییەکت دەگیرفانیدایە و پێتە دەردێنی و لەسەر مێزەکەی هەڵدەڕێژی...

((ڕووت بەوە...))

ڕووت دەبییەوە، جاسم، یا زەعلان، یا هاو قەتارەکەی، ماوەیەکت پیٚ وەردەبیٚ، شتەکانی سەرمێزەکە زیاتر لەبەرچاوانن، ئەگەر پارەیەکی بەرچاویان تێدا نەبیٚ ئەو کارەکەی زوو تەواو دەکات و پایدۆس! بەڵام ئەگەر پوول و پارەیەکت دەگیرفانان پیٚ شك بەرن یا لەسەر مێزەکە بیٚ، ئەوە پشکنینەکە درێژە دەکێشیٚ و پێیدەچیٚ-گوایە بە دوای نووسراو و شتی نهێنیدا

دەگەڕێ. لەژێر لێوەوە بەبێ ئەوەی سەیری تۆ بکا، وەك دەگەڵ خۆی بڵێ، هەر بە هەمان شێوە زمانە عەرەبیە-کوردییە دوکەڵاوییەکەی دەپرسێتەوە: ((بیشمەرج؟)) یانی ئەو پارەیە بۆ پێشمەرگان دەبەی؟))

و تۆ ئەگەر یەکەمین جارت بێ دڵت وە هەلەکە سەما دەکەوێ. بە ئاشکرا دەبینی ئەوە خەریکی پەلپ و بیانووانە. ئامادەی ڤیروسیا لەو پەنجا دینارەی بکەی و ئاسوودەبی.

پشکنینی بەرو باخەڵان تەواو دەبێ جاسم، یا زەعلان، یا هاوقەتارەکانی بە ئاماژەی دەست جێیەکی پێشاندەدا، و دەڵێ: ((ئێوە، لە ئێرە ڕاوەستا!...)) یانی ئا ئەلێرە ڕاوەستە، تا ئەو دەچێت و دێتەوە. پارەکەشی وەك نیشانەی تاوانێك دەگەڵ خۆیدا بردووە. تۆ ناڕەحەتی، بەڵام زۆریش نا- ئەوە ئەگەر یەکەمین جارت نەبێ. دێتەوە، دەڕواو بە ئاماژەی دەست فەرمانت دەداتێ وە دووی کەوی. دەچی، لە قەراغ ڕێیە، بەرامبەر نوختەی راگیرانێ-دەڵێ ئا ئەلێرە ڕاوەستە وا دیارە- وەك تۆ پێتوایە- کاکی عەریف خەریکی یەکێکی دیکەیە. ئەگەر یەکەمین جارت نەبێ ئەوە دەزانی کە سەرقاڵی چەنە بازی و قسانە ((...لێرە... لە ئێرە ڕاوەستا!)) ڕادەوەستی. دەو دەمیدا یەکێك لە پشکێنراوان لە دالانە کورتەکەی دێتە دەرێ، بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکەیەوە، یا بەرەو لای لۆرییەکەیەوە دەچێ- سویچی ئۆتۆمبێلەکەی بە دەستەوەیە. لەسەرەخۆ دەپرسی: ((چبوو؟ هیچیان لێ ئەستاندی..؟))

((نە بابە- چیم پێبوو تا لێم بستێنن... هێندێکم پارەی وردە پێبوو گێڕایانەوە... دەیگوت دەیانهەوێ نوختەکەیان نۆژەن کەنەوە...))

((چەندت دا؟))

((سەد دینارم پێبوو هەشتای هەڵگرت... گوتی لە کەرکوکێ دەمداتەوە، گوتم دامنا سەگ خواردی... منداڵەکانم ناڕەحەت دەبوون...)) و پێشدەکەنی. ((یارۆ گەردەن ئازادیشی دەویست... کورد و عەرەب برانە...))

((تۆ چیت گوت؟))

((چی بڵێم. گوتم بڕۆ حەڵاڵت بێ وەك شیری بەر سینگ و مەمکی دایکت... جووتە برای جمکە...)) جاسم، زەعلان، برا یا هاوقەتارەکەی دێتەوە، بە دەست ئاماژە دەکات:

((ئێوە... هات!...))

((ئێوە)) دەڕوا لە دوایدا. ئێوە نەگەیشتوونەتە بەر دەرکێ ژووری عەریفی ئێوەیەکی دیکە لە ژوورێ دێتە دەرێ. عەریف بە زەردەخەنەوە بە ڕێی دەکا... ((ئەلعەفو)) یانی ببوورن، ئەگەر زەحمەتێکیشمان دابن، ئەوە لەبەر نۆژەنکردنەوەی نوختەکە بووە ((بل خێر)) یانی



بەخێرهاتن، سەفەرێکی خۆش-ئەو هەموو چەنە لێکدانە بۆ ئەوە بوو تا بە تووڕەیی و دڵ ناخۆشییەوە نەڕۆی و پەنا بەخوا کە بەخێر تێپەڕی. ئەگەر ئیشەکەت وابێ و زۆر بێی و بچی ئەوە دەگەڵ عەریف و سەرباز جاسم ڕادێی و تێکەڵ دەبی، و وێسکی و جگەرەت ڕادەسپێرنێ، ئیدی لە کۆڵ راگرتن و پشکنینێ بەرەو باخەڵ و گیرفان و بەڕکان دەبییەوە... بەشە هاوکاریە خۆت داوێیە خێری نۆژەنکردنەوەی نوختە و ((ئەلعەفو)) و ((بیل خەیر))ی خۆت دەبیسی و وەڕێ دەکەوی، و لە پاسگایەکانی دیکەش دەگەڵ ئەو هەموو خەنەس و فەنەسانەشدا کە هەنە تێدەپەڕی و خۆشی لە برایەتی کورد و عەرەب...

ڕەبییەکانی ناوچە کوێستانییەکان، هەموو لە چاوی یەکترییەوە دیارن-لەو گرد بۆ ئەو گرد و لەو گەوە بۆ ئەو گەوەوە چاویان لێکترە... کوردستان سەرزەمینی ئازادییە؛ دەوڵەتی بەعس مافی گەلی کوردی بە فەرمی ناسی و گیروگرفتە لە مێژینەکەی شیتەڵ کردو نەیهێشت. چاپەمەنییەکانی دەرەکی هەموو پەسەندی دەکەن، نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕێزی لێنا. خەڵکی سەربەستانە هاوبەشی لە کاروبارو فەرمان و لێك هەلاوێرانی گرفتەکانی خۆیاندا دەکەن و کەمترین کارو فەرمانی خۆیان بۆ خۆیان بەڕێوەی دەبەن: کەمترینیان نوختەیەکە کە خەڵکی بەو هەموو تاسەو حەز و ئارەزوو و مجێزەوە هاوبەشی نۆژەنکردنەوەین! ئەدی ئەو پەیوەندیە پتەوەی لەو ویسکی و پاکەتە جگارانە دیارن کە خەڵکەکە بۆ عەریف و هاوکارەکانیانی دەبەن: ((عاش یا صدام، نحن جندیکم جمیعاً!))[8] لە هەموو جێیەکی، بە پایەی هەر پردێکییەوە، لەسەر دەرگای هەر نوختەیەکی ئەوە وێنەی سەرۆك سەددامە بە جلی کوردییەوەو بە تەنیشتێشیەوە وێنەکەی دیکەیەتی بە جلی عەرەبییەوە-بۆیەشیان ئاوا پێکەوە داناون، تا نەك خوانە خواستە کەسێك پێیوابێ کوردان بە چاوێکی کەمتر  لە عەرەبان تەماشا دەکەن، یاخوا نەکردە وابزانن کورد و عەرەب زڕبران. بۆ سەلماندنی زیاتری ئەو برایەتییەش چەند دێڕێکی سروودی ((کوردو عەرەب برانە))یە کە بە تەك هەردوو وێنەکانی سەرۆکەوەیە، تا ئەو برایەتییە وەبیر بینەر بێننەوە... شەوە دەگەڵ دۆست و برادەرەکانت دانیشتووی، جاروایە شتێکیشت خواردۆتەوە- ویستووتە بەو دەرمانە یا بە خۆشیە ئاواڵ و برادەرەکانتەوە خۆت و ئەوانیش ساتەوەختێك لە قەپێلکێ بێنە دەرێ و زەردەخەنەیان بخەیتە سەر روخساری و تەزووی خۆشیەکیشیان بە دڵیدا بێنێ. ژنی ماڵێ لە مەتبەقێ یا لە حەسارێ خەریکی چێشت و نانیە. زۆربەی ماڵە کوردەکان-تەنانەت لە شارە گەورەکانی وەك سلێمانی و کەرکووك و هەولێریش-

(٨) ((بژی سەددام، ئێمە هەموو سەربازی تۆین))

مەتبەقی سەربەخۆیان نییە و چێشت و نانی- ئەگەر هەوا لەباربێ- لە حەساریٚ یا دە دالآنێدا لێدەنێن. سروشتییەکە دەو حەلانەدا بۆ کەل و پەل و پێویستیە سەر و خواریٚ بکەن و بێن و بچن. بەردەوام گوێت لە دەنگی ژن یا دایکی ماڵەکەیە کە بە ئەسپایی و کەف و کوڵەوە، دەقیژێنیٚ: ((سەرتاشراو، سەد جارم گوتووە ئەو چرایەی هێندە هەڵمەدەو کزمەکە! زمانم مووی لێهات... هەر بینە پاسەوان پیٚ وەربوون!...))

زۆربەی جارەکان وابوو: هەر کە دوو سیٚ جارانت چرا هەڵداو کزکردەوە پیٚ وەردەبن: پێیانوایە پیلانێك لە گۆڕێیە، هێمایەك هەیە، دەنا ئەو چرایە بۆ هێندە هەڵدەدرێت و کزدەکرێتەوە- دیارە شتێکی دەشارنەوە، یا نیشانەی دەدەنە جێیەکی...

جاسم، زەعلان، برایەك یا هاوقەتارەکەی لە پڕ بەسەر دیواریدا باز دەدەنە حەساریٚ... لە دەرکیٚ نادەن، لە دەرکەدان پێچەوانەی شێوازی بەسەردادانییە: تا دەرکەی دەکەنەوە کاری خۆیان دەکەن، هەرچی چەك و چۆڵە دیزە بەدەر خۆنەی دەکەن... لە پڕ بەسەر دیواریدا باز دەدەنە حەساریٚ ((دەستتان بۆ سەرەوە... سەرەوە!))

ئەو کەسانەی لە حەسارێشن دەست بۆ سەریٚ بە دیواریانەوە ڕادەگرن. زەعلانی لەویٚ بەدیار ((خەوەنە))کانەوە بەجێدەهێڵن، و جاسم و هاوقەتارەکەشی بەخۆ و بە کلاشینکۆفی لەسەر پێوە دێنە سەریٚ.

((دەستەکان ئێوە بەرز- نەجووڵ... ڕووت لە دیوار..!))

یانی نەجووڵێنەوە، ڕووتان لە دیواری کەن، دەستتان بەرزکەنەوە بۆ سەرەوە. هەمموو بە یەك ریز، بە تەك یەکەوە ڕوو بە دیواریانەوە ڕادەگرن، هاوقەتارەکەی جاسمی لە پشتەوە لوولەی تفەنگێیان تێدەکا، دەو دەمەیدا کە جاسم تەلەفۆنەکەی ماڵیٚ دەبڕیٚ. ئەگەر ماڵەکە تەلەفۆنی تێدابیٚ، دەنا لە پشتەوە سەرقاڵی پشکنینی لەش و بەدەنانە. هەردوو دەستی لەسەر شانەکانەوە بە بن هەنگڵێداو و بە لاتەنیشتاندا دێنیٚ و بەرو باخەڵانیش دەگەڕیٚ. ئەگەر جاری وا خاوەن ماڵ بوێریٚ و بپرسیٚ کێن، و لە کوێڕا هاتوون و بە فەرمانی چ لایەنێکەوە هاتوون ئەوە خێرا فەرمانی پەیوەندیدار بەم کارەوە دەردێنیٚ، کە مۆرە سوورەی فەرماندەی سەربازی پێوەیە.

ڕەفیق جاسم دەگەڕیٚ، ئەوەی بە کێش سووکە و بە نرخ گران، لە زێڕ و زەبەر و وردەواڵەی دی کۆیان دەکاتەوە و دەلینگەکۆرەوییەکیان دەکا و یا دەپڕێسکەکیانەوە گریٚ دەدا و ئەگەر پارە و پوولێکیش دەگیرفانان یا دەناو ماڵێدا وەگیرکەوت، ئەوە ئەویش هەر دەپاڵ وان دەکا. هەر بەدەم ئەوەوە شووشەیەکی خواردنەوەکە هەڵدەگریٚ. تۆ پێتوایە دەیهەویٚ قومێکی بخواتەوەو کەیفی سازبیٚ. فەرمووی دەکەی- ئاخر هەرچی بیٚ هەر میوانە، ئەگەر ناوەختیش بێت. بەڵام



نا، سەیردەکەی بە قێز و بێزەوە سەیرێکی شووشەکە دەکات، و بە بێزەوە هەروا بەدەستییەوەیەتی... ئاخر بە ناخێری گیانی نوێژان دەکا!... بعث العربی الاشتراکي... ئیشتراکییەکی بەتاڵ نییە و بەس، عەرەبیشە و یانی موسوڵمان... شووشەکە سەیر دەکاتەوە...

شووشەکە و خەڵکەکەشی پێکەوە سەیر دەکات... بە زەردەخەنەیەکی تەشەراوی و زیرەکانەوە، و تۆ تازە پەی بەوە دەبەی کە دەیەویٚ بڵیٚ دانیشتنی حیزبیتان هەبوو و ئەو خواردنەوەیەشتان بۆ شوێنە و نیە داناوە تا ئەگەر کەسێك بەسەردا هات بڵێن کۆڕی مەی خواردنەوەیٚ بووەو ئەو کەسەی بەهێڕە بەرن! جاران کۆمۆنیستەکانیش لە کۆبوونەوە- کانیاندا قاپێك مەی و چەند پەرداغێکیان دەگەڵ مەزەی دادەنا، و ئەگەر کەسێك لەپڕ بەسەردا هاتبایە بە پەلە پەل و بە هەڵەداوان سەرو پێکێکیان هەڵدەدا و یان دەیانڕشت و خۆشیان وا پێشاندەدا کە دانیشتنی خواردنەوەیان هەیە.

بەدوای بلاوکراوەی حیزبیدا دەگەڕێن، و هەموو جێیەکی دەپشکنن، هیچیان دەست ناکەویٚ و چ نادۆزنەوە... و سەرەنجام بەو ماڵ و شتومەکە ئیشتراکیانەوە لێدەدەن دەڕۆن: هەموو ئەو شتومەکە ئیشتراکیانەی وەك زێڕ و زەبەر و ئەوەی لە گیرفانانیشیان دەرێناون دەبەن و بە خاوەن ماڵیش دەڵێن بەیانی زوو دەگەڵ دەوامێدا وەرنە فەرمانداری سەربازی و لەویٚ شتەکانتان وەرگرنەوە.

باش بوو بەسەرهاتەکە وەخێر گەڕا، خاوەن ماڵ بەیانی زوو دەگەڵ دەوامێدا دەگاتە فەرمانداری سەربازی. پێیان سەیرە... بۆ زووتری خەبەر نەداوەو هەر قەرزداریش دەبنەوە... بەڵیٚ، دیارە ((بیشمەرجە)) بوون و جلی پاسەوانانیان دەبەرکردووەو ئەو پارەو پوول و زێڕو زەبەرەبان بردووە... تف! فەرماندەی سەربازی تا بڵێی نارەحەتە، مەئمورەکانی شەویٚ هەموو بانگ دەکا و داوای ڕوونکردنەوەیان لێدەکا... نا- جاسم و زەعلان یا هاوقەتارەکانی هیچیان دەنا و واندا نین... بەڵیٚ، کارەکە کاری ((بیشمەرج))ەکان بووە، کە دەیانهەویٚ بە هەر شێوەیەك بووە تەگەرەیەك بخەنە نێوان برایەتی کورد و عەرەب و کارەکانی حوکومەتی بعث العربي الاشتراکي یەوە...

جاسم و زەعلان یا هاوقەتارەکانیان ئێستا بە تەواوەتی سەرەپەتی کارەکەیان بەدەستەوەیە- یانی چی ئەو پارە بیٚ زمان و بێدەنگەی لە خەڵکی بستێنی و بچی بیدەیە ئەفسەرێکی سەربازی!... ئێستا کە بە هەر ماڵێکی وەردەبن، ئەگەر پارەی نەغدینەی لێبیٚ ئەوە بۆ خۆیانی دەست بەسەردا دەگرن و دەیبەن، کاتی ڕۆیشتنێش بە دەم خاوەن ماڵییەوە پێدەکەنن، و دەستیش هەڵدەتەکێنن، یانی ئەوە دەڕۆین ((بای بای))- بل خێر!

جاسم و زەعلان و یا هاوقەتارانیشیان تێگەیوون کە ژیان بە دروشم و شیعر و هوڕاوە ناچتە سەرێ. ((عاش صدام... نحن جندیکم جمیعاً)) لە گوێیان خۆشە، بەڵام جێیەکی دەگەدەیدا ناگرێ و برسییەکی تێر ناکا. بەڵێ، ((عاش...)) تا ئەو جێیەی کە تفەنگی لێ نەستێننەوەو ئەو بتوانێ پێویستییەکانی لە برا کوردەکانەوە دابین بکات و یارمەتی پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی کوردو عەرەبیش بدات. دەنا هەمیشە ناکرێ و بە لێدانی خوێندنی کەڵەبابی لە ریکۆردەرییەوە داوای هێلکەی لە مریشکێ بکەی-وەختێك دێ نایکات، لە هێلکە دەچێتەوە... دروشمیش هەروەتر.

دەگەڵ ئەمانەشدا کوردستانیش وەك هەموو شوێنێکی ئەو دنیایەیە، بارودۆخ و گوزەران هەر چۆنێك بێ خەڵکی هەر دەژین: رۆژێ هەوڵ و تەقەللای خۆیان هەر دەدەن و شامێ پارووە نانێکی دێننەوە ماڵێ، دایکان وەك هەموو دایکانی دنیایە جاروبارە پێدەکەنن و جاریشە بە دەم پێکەنینەوە لە خۆشیان دەگرین-و جاری واشە هەر بەڕاستی دەگرین. بەڵام کە پێشدەکەنن هەمیشە لەودیو پێکەنینەکەیانەوە دڵتەنگییەك و غەم و خەفەتێك هەیە... خۆشی و ڕابواردنیش بە یەکجاری لەبیر و هۆش و مێشکان نەچۆتەوە... تەنانەت یاری ((قومار))!-و دەوکاتانەشدا سەیر دەکەی وەك مووی جاسمیت هەڵکرووزاندبێ قوت دەبێتەوە، دەگەڵ زەعلانی هەمووان ڕوو بە دیوارییەوە ڕادەگرێ و پارەی سەرمێزەکە هەمووی کۆ دەکاتەوەو گیرفانەکانیش دەگەڕێ... و بە پێکەنینەوە دەستێکی هەڵدەتەکێنێ، کە ((بل خیّر!...)) جاری وایە کارەکە هەر بە بل خێر کۆتایی نایە، هێشتا نەگەیوەتە کۆلانێ دەستڕێژێکی لە باتیان بە ماڵە ئیشتراکییەکەی بەزەویدا دەڕشێنێ...

بەعسییەکان هەر هێندە جێ پێیان پتەوبوو و خۆیان گرت شەڕێکی توند و بێ وێنە دەگەڵ مشتێك دەرەبەگ و بەکرێگیراوانی جودایی خوازدا دەست پێدەکەن. بەڵام شەڕەکە ناگاتە چ جێیان داوای یارمەتی لە برایانی بەعسی سوری دەکەن بیانگەنێ. تیپی یەرمووکیان بە هاناوە دێت، ئەویش سەر شکاو و قون دڕاو دەگەڕێتەوە.

یەکیەتی شۆرەوی یادداشتێکی دەداتە باڵیۆزی عێراقێ لە مۆسکۆی، و ناڕەزایی بەرامبەر ئەو سەرکوتکردنە خوێناویەی کوردان دەردەبڕێ. هەر هەمان رۆژ وەزیری دەرەوەی شۆرەوی یادداشتێکی دەداتە هەردوو سەفیری شا و تورکیای و هەڕەشە لەدەست تێوەردانی رووداوەکانی باکووری عێراقێ دەکا لەلایەن ئەو دوو لایەنانەوە.

لە سێیەمی ژوئیەی ١٩٦٣شدا کۆماری گەلی مەنگۆلیا داوا لە دەبیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە مەسەلەی کورد کوژی لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی ئایندەی



کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس بکرێ. هەر دەو دەمیشدا یەکیەتی شۆرەوی سەرنجی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی بۆ لای ئەو ستەم و تەپەسەریەی کە لەلایەن دەوڵەتی عێراقێوە دەکرێتە سەر کوردەکانی باکووری عێراقێ، راکێشا، هەروەها دەست تێوەردانی دەوڵەتە بێگانەکانیشی هەر بە سەرۆکایەتی ئەو ئەنجوومەنە گەیاند و سەرنجی بۆ لای ئەو ئاریشە راکێشا و تەنانەت دەڵێ ئەگەر پێویست بێ بۆ کۆتایی هێنان بەم دەستێوەردانە داوا دەکا ئەنجوومەنی ئاسایش کۆ ببێتەوە و تەنانەت دەوڵەتە رۆژئاواییەکانیش هەڕەشەی دەستتێوەردانی یەك لایەنەی یەکیەتی شۆرەوییان کرد. بەڵام کاتێ کە یەکیەتی شۆرەوی دەگەڵ خۆی دادەنیشێ و چۆرتێکی لێدەدات و بە خۆیدا دێتەوە سەیر دەکا کارێکی سەیری کردووە! خۆ ئەو هەروا بە گاڵتەوە ناڕەزابووە، کەچی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان ئەو گاڵتەیەیان بە راست زانیوەو راشکاوانەیان وەرگرتووە و دەیانهەوێ هەرچی پەیوەندییە بازرگانییەکانیانە لەگەڵیدا بسپێنن. بەڕاستی راستیان گوتووە: عەرەب لەو پێستەی بێنیە دەرێ و بیخەیە پێستێکی دی هەر عەرەبە، گاڵتە نازانێ، ئەو هێشتا قرپی نەداوەتەوە ئەوان دەڵێن نۆشت بێ! پیاوی باش خۆ تۆ بە ناخێری گیانت ریشت سپی بووە، خۆ تۆ ئەو مووانەت لە ئاشی سپی نەکردوون- کەمێك بیربکەوە! ماقووڵە من بێم و لەبەرچاوی رەشی کوردی پێ پەتی پشت لە سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆم بکەم، ئاخر لە پێناوی چی؟- چەك و چۆڵی بە تۆ نەفرۆشم، بە کێی بفرۆشم، پەمۆی لە تۆ نەکڕم لە کێی بکڕم، نەوتی هەر نەکڕم... وەی بابە هەر لەبەر وەی یارۆ چاو و برۆی ڕەشە! ئەوە واشبوو... هەرچەندە هێندەش وا ڕەش نییە... ئەوە داماننا واشبوو، بەمن چی- بە گۆڕێ بابی..!

بە کورتی، هەرەشەکەی دەکێشێتەوەو لێی پەژێوان دەبێتەوە؛ کاتێ کۆماری مەغۆلستانیش دەبینێ مام بەخۆ و بە ڕیشی سپییەوە ژێوان بۆتەوە، ئەویش کۆتایی دەکات و داوایەکەی دەکێشێتەوە-و سوپاس بۆ خوا ڕووداو و بەسەرهاتەکان وەخێر دەگەڕێن.

ئێستا ((حەرەس قەومی)) هەمە کارەیە...، هیچ کارێکی لێپرسینەوەی نییە: دەکوژێ، دەبڕێ، دەگرێ، دوور دەخاتەوە... قائیدول جەیش، قائیدول ئوممە، موهیبول روکن... ئەو شێوە کردار و رەفتارانە لە کەمال ئەتاتورکەوە فێر بووە. ئادەمیزاد لەمەدا بەم سەرەنجامە دەگا کە مێژوو ئەگەر خۆیشی دووبارە نەبێتەوە شێوە مێژووییەکان دووبارە دەبنەوە. هەر بۆ نموونە، پارە وەرگرتنەوەی ئەو فیشەکانەی لە کوشتنی ئەو کەسانەی ئیعدام دەکرێن کە لە کەس و کاریان دەسەندرێتەوە، یەك لە داهێنانەکانی هێتلەرە، کە دوایە شا، و ئەوجا سەدام وەریان گرت و دووبارەیان کردەوە... بەڵێ، شێوەکان دووبارە دەبنەوە بەعس ئەوەندەی بەسە، بۆن

بکا، که یەکێك لە ئەندامانی خێزانێکی چووەو بۆتە پێشمەرگە، ئیدی بێ درەنگ دەنێرێ و ماڵەکەی مۆر دەکاو تێکڕای هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەخاتە ناو لیستی ڕەشەوە، و خڕیان ڕادەگوێزێ و دەیاننێرێتە جێیەکی دیکە و دووریان دەخاتەوە- ئەو شێوەیەش لە داگیرکەرانی قودسی پیرۆزەوە فێربووە: ((قودسی پیرۆزی داگیرکراو))... بەڵێ، ئەوەی لە ڕۆژگارانەوە فێر نەبێ، بە هەزار مامۆستا شتێك فێر نابێ... و خواش هەڵناگرێ سەددام هەم لە بەسەرهاتی ڕۆژگار و هەم لە سپڵەیی ڕۆژگار و هەم لە دەرۆزەکەرانی هەندێ زل هێز و کاسبکار و بازرگانانی هەندێکی دی هێما و وردەکارییەکی یەکجار زۆر فێربووە... وێنە کوردییەکەی حەرەس قەومییان ((بەکرێگیراوان)) سەلاحەددینن. ئەوەش هەر لە بەسەرهاتی ڕۆژگارەوە فێربووە، لە هێزە کوردە عوسمانییەکانی بەناو ((عەشیرەتی سووکە سوارەی لوڕ))ەوە-کە سوارەی حەمیدییە بوون. سەڵاحەدینی کوردی کە جێ شانازیی عەرەبە ئێستا کراوەتە ناوی ژمارەیەك بە کرێگیراو کە هاوڕەگەز و هاونەژاد و هاووڵاتییەکانیان لە پێناو وەرگرتنی کرێیەکی گڵاوی بێ بایەخ و هیچدا بۆ عەرەبی شێت و پاپەتی و بێ دەرپێ دەکوژن و تاڵان دەکەن. جاسمەکانیان هەر بە فەرمانی فەرماندەی سەربازی خۆیان بە جل و بەرگی کوردییەوە بە ئاواییە کوردنشین و فەلەنشین و تورکمان نشینەکان وەردەکەن و خەڵکی دەکوژن، و تاڵانیان دەکەن و کە خەڵکەکەش هاوار وەبەر بەرپرسان دێنن، لەسەریشی قەرداربار دەبنەوە بەوەی کە ئەوانە پێشمەرگە بوون و ویستوویانە بەو شێوەیە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕان بەدناوکەن! وەی خودای گەورە!... ئەو شتەی تۆ بەخەیاڵت دانایە و ئەو خراپکاری و شتە ناشیرینانەی بیریان لێ ناکەیەوە لەو بارزانییە چەتە و ڕێگرانە دەوەشێتەوە..!

بەڵام نوێخوازیترین نوێییەکانی بەعس سیاسەتی بە عەرەبکردنەکەیەتی، یانی بە عەربکردنی کوردستان،-بە زاراوەی حوکومەت- دابینکردنی ڕێ و بان و هاتوچۆی سوپا و پاراستنی قەڵەمڕەوی ناوچە نەوتییەکان. حوکومەت سەدان خاو و خێزانی عەرەبی چۆڵ نیشین بە زەبری پارەو وادەو بەڵێنی زەوی و زارو ماڵ و خانوو و لەوەڕگاوە هەڵدەفریوێنێ و دەیانهێنێتە ئەم ناوچانەوە. هەروا بە خۆڕاییان خانوو دەداتێ، و دێ نشینە کوردەکانیش بەزۆری زۆرەملێ لەسەر خاك و ئاوی خۆیان وەدەر دەنێ و خانوو و گوندەکانیشیان بە بلدۆزەر تەخت دەکات و وێڵ و ئاوارەو دەربەدەر و وەیلانی دەشت و دەر و چۆڵەوانیەیان دەکات و ئەو عەرەبانەی هێناونی لەجێی وانیان نیشتەجێ دەکات، و کۆمەڵگای تازەیان بۆ دروست دەکات. لەو دەشتی هەولێر و کەرکووکە قیامەتێکە- هەروا بلدۆزەرە دێت و دەچێت و دەکوتێ و



گوندان دەگەڵ زەویدا ساف لە ساف تەخت دەکا و خەڵکەکەی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەتەرێنن. و ریزەکانی پێشمەرگە ئەستوورتر دەکەن.

عەرەبی بێنەوا کە لە خۆشیە پارەو زەوی و لەوەڕگاوە هاتووە درەنگ لە مەسەلەکە دەگا... درەنگ تێدەگا کە بۆنەکەی لێ تێکچووە و بە پێچەوانەوەیە و کەرێ داغ دەکەن وا دەزانێ گۆشتی برژاوە. شەوە، کە پێشمەرگە پێ وەردەبن-زیاتر منداڵی ئەو دەرکراوانەن، هەر بەو ڕك و کینەی ئەوانەوە کە لە جێیان نیشتەجێ کراون-و بێ جیاوازی هەمووان وەبەر گوللە و دەستڕێژان دەدەن. گوناهبار کێیە؟- هەم ئەو عەرەبە داماوانە و هەم ئەم کوردە. کوردی داماو لە ماڵە خۆی دانیشتووە، بێ ئاگا لەوەی کە حوکومەت خانووەکەی داوەتە یەکێکی دیکە، باشە تۆ چاوەڕێی چ بەرپەرچدانەوەیەکی لێدەکەی؟ خەڵکی هەروا لە خۆوە شۆڤێنی و فاشی و نەتەوە پەرستێکی بەرچاو تەنگ نین، ئەوە ئیدیکەن وایان لێدەکەن ببنە شۆڤینیزم و فاشیزم و نەتەوە پەرستێکی کوێرانە. تەنانەت سەگیش لەخۆوە ناگرێ و پەلامار نادات و دڕ نییە: سەگ دەبێ ماوەیەکی زۆری دەگەڵدا خەریك بی تاوای لێدێ پەلامردات و بگرێ... دەڵێی جیاوازی چییە، کوڕی خەڵکی دەبێ شەریف بێ، مرۆڤ بێ. ئێستا جیاوازییەکە چییە ئێرانی بێ یا تورك بێ یا عەرەب... ڕاستییەکەی مرۆڤایەتییە، جا مەگەر مۆری بەنێوچەوانێوە نێی؟ بەڵام تۆ پێتوایە لێگەڕێن لەسەر ئەو بیروباوەڕەی وەمێنی، پێتوابێ کە ڕووداوەکە هەر بەڕاستی وا سادەو ساکارە تا تۆ هەر لەسەر ئەو باوەڕەی بی کە لە تۆ بەولاوە کەسی دی نییە. ئیدیکە هەن شانازیە بەو مۆرەیەوە دەکەن ((ئەلعەرەب ئەل عروبە...))، ((وای، کە تورك بوون چ شانازییەکە!))[9] و هەر لەو مۆرەش تۆقیون کە خۆیان بەنێوچەوانی خەڵکی دیکەیانەوە ناوە. بۆ؟ هەر بۆ ئەوەی ئەو مۆرە بەنێوچەوانی خۆیان و کەسانی دیکەوە دەنێن تا ئەو هەموو خوێنە برێژن و ئەو هەموو تاوانانە بکەن.

قادسیەی سەددام چ پەیوەندییەکی بە منی ئێرانییەوەیە-تەنانەت بە خودی عەرەبەکەشەوە؟ حەرەس قەومی چ پەیوەندییەکی بە من و نەتەوەی منەوە هەیە؟ لە کۆنە قادسییەکەی هەوەڵێ چەمکێکی بەرچاو تەنگانەیان دەرێناوەو بەنێوچەوان و بە چاوی عەرەبانی دادەنەوەو بەنێو چەوانێیەوە دەلکێنن، هەرچی شەرمو شوورەی و نەنگییەکی هەیە هێناویانە بەچاوی منی ئێرانیدا دەدەنەوە... دەگەڵ ئەمانەشدا کە هێندێکی بیر لێدەکەیەوە سەیر دەکەی ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە-ئەوەش هەر یەکێکە لە هۆ و بەشەکانی فاشیست سازییە...

---

(٩) قسەی ئەتاتورك

داده شیرین له سلێمانییەیه، کوڕەکان له دەوروبەری کەرکووکێن. شەڕ به شێوەیەکی بێ وێنه گەرم و بەردەوامه. ماوەیەکه ((ئاریامیهر)) لوتی ژەنیوەته شۆڕشەوه، راوێژکاری لەلای بارزانی هەن. بارزانی له پادداشتی ئەو یارمەتیانەی شا بەوی دەکات خزمەتی گەوره بەوی دەکاتەوه: دژەکان و بەرهەڵستکارەکانی دەکوژێ و تەرمەکانیانی بۆ خۆ نواندنێ ناوەوه. پێدەداتەوه، بەرهەڵستکارانی ناوەخۆشی پێ چاوترسێن دەکا له ئاژاوەنانەوەو پێش به ئالۆزو بلۆزییەیان دەگرێ...

ماوەیەکیشه- به واتەی داده شیرینێ به ناشکوری نەبێ- دوو بەرەکی کەوتۆته ناو ڕیزەکانی حیزبەوه: ژمارەیەك له بارزانی جیابوونەتەوه و له ترسێ وی پەنایان بۆ شای بردووه. هەر لەو ژمارەیه هێندێکیان هاتوونەوه عێراقێ و به زاراوەی خۆماڵی بوونەته ((جاش)) یانی که هاریکاری بەعس دەکەن و دەگەڵەوانیان دەست تێکەڵاو کردووه. ئەوانەی که ماویشنەتەوه به ئۆتۆمبێلی ساواك دێن و دەچن و دەگەڕێن و خەریکی هەتیوبازیەن... هەر به ڕێنماییه ساواکیش دەو ڕێیەی کەوتوون و چوون به هەمواریانزانی ئیدی تێیدا کەوتنه هەنگاونانێ. یاد بەخێری شاهەنشا ((ئاریانێر))یش بووه وێردی سەر دەموزارانیان-هەموو خۆیان به فیدایی و سەر لەرێ دەزانن، و وەکو هەموو ملکەچێکی سەرسپارده بێچارەو داماون. بۆ خۆشیان دەزانن، رۆژێکی یەکێك پێناسەی ((تراژیدیا))ی پرسی، یەکێك لەوانه، که خاوەن مولکێکی کورد بوو و کوێره خوێندەوارییەکی هەبوو، له پڕ هەڵیدایه و له جیاتی کابرای روولێنراو ئەو وەلامی دایەوه- وەڵامێکی پڕ ژان، که خۆشی نەیزانی: ((تراژیدیا یانی من... منێکی که دامودەزگایەکم بوو، ئێستاش ئەوەتا سەری مانگان دەبێ چاوم له دەستی ئیستیوار تووسییەوه بێ، که کەی هەقی پەنابەریەم دەداتێ، و منیش لەبەر دەمیا دوولابێمەوه...))

ئەوەی دەزانێ، بەلام به ئاسوودەییه ژیانی تارانێ، و به قاوەخانه و به هەرزەخانەکانی راهاتووەو خووی پێوەگرتوون- ڕاشیان هێناون.

ناکۆکی کەوتۆته نێو کوڕەکانەوه... یانی هەر زووتر کەوتبۆوه: کاوەو مەسعودی کوڕەکانی سەرگولێ حیزبین... کاکه شۆڕش دایکی بمرێ کۆمۆنیسته- فەرەیدون گیانیش. هەر دەربارەی هەژموونی پرۆلیتاریا دەدوێن! بارزانی به دەرەبەگ دەزانن، و کوڕەکان به دواکەوتوو... منداڵەکانی کەژاڵێش هەموو دەگەڵ حیزبدان، بەلام پێکەوەش هەڵناکەن و نایەنه ڕەدایه. دەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەر دایك و دایه گەورەن که نایەڵن منداڵەکان لێك هەڵوەداو بلاوبن و تا ئەوان مابن هەموو هەر پێکەوەن، ئای خۆزگه هەموو دایك و دایه گەورەکانی میللەت و نەتەوه زیندوو بوونایه، تا هەموو رۆڵەکانی نەتەوه هەر پێکەوه بوونایه...



حەسەن، مێردی شیرینێ هەر له ماڵێیه، جاروباره سەرێکی له بازاڕی هەڵدێنێ- سەودایەکی دەکا یا قەرزه سووتاوێکی وەردەگرێتەوەو ئەوەش سەیره هیچ جارێکی به دەستی بەتاڵ نایەتەوه.

شەوه، دانیشتوون، نانی دەخۆن که دەنگی تەقەی له دوو کۆڵانی ئەولاترەوه بێدەنگی قووڵی شەوێ دەشڵەقێنێ- ئاخر ئەو جۆره رۆژانه بێدەنگی شەوێیان قووڵه، دەنگی گۆرانیان کەمتر له ماڵانەوه دێ، هەر یەکه و به جۆرێك پرسەداره. ئەوەندانەی که راستەوخۆش پرسەدار نین لەبەر دڵی ئەوانیدی شادییه نانوێنن...

هەموو بێدەنگ دەبن، سەیری یەکتری دەکەن، رەنگ به ڕووی دایکەکانەوه نەماوه... تەقەکه گەرمتر دەبێ، و وەك بلێی نزیك دەبێتەوه... دەستڕێژی کلاشینکۆفان وەلامی یەکتری دەدەنەوه، هەروەك نێرەکەوان که بەرامبەر به یەك دەخوێنن: هەر که ئەم بێدەنگ دەبێ ئەوەی دی دەنگی لێ هەڵدەستێتەوه، و تا ئەو کلکێ بادەدا ئەویدی دەقاسپێنێ.

چ بووه؟ یانی پێشمەرگه هاتوونەته شارییەوه!؟ دەنگی سیوسیوەی دەرگای ئەملاولای ماڵەکان دەهاته گوێ...))

((پەخشان گیان، تۆ بڕۆ دەرگاکه بکەرەوه... مەیخه سەرگازی پشتێ... هەر لایەکی کەمێك بکرێتەوه بەسه- هەروا دانەخرابێ و بەس... تا ئەگەر کوڕەکان- پێشمەرگەکان- بوون له کۆڵانێ نەمێننەوه...))

شۆڕشی کورد شەڕی هەندرێنی کرد و زیان و شکانێکی گەورەی به سوپای عێراقێ گەیاند، بەلام هیچ ئاکامێکی سیاسی به دواوه نەبوو. چەند جار شەڕ راگرتن چ بەرهەمێکی نەدا. سەددام دوایین هەوڵ و تەقەللای خۆی هەر دەدا. نیکسۆن و کیسەنجەریش هاتوونه مەیدانێ. شا چالاکانه دەکار دایه: دەیهەوێ سنووری ئاوێی دەگەڵ عێراقێدا لەسەر شەنگستی هێڵی تالوگ بسەپێنێ و سنووری خاکیش لەسەر بنچینەی پەیمانی ساڵی ١٩١٣ز قۆستەنتینیه ببڕێنێتەوه دەو نێوەیدا خۆی له شەڕی ناحەزانی که به پارەو پوولی عێراقێوه بادەدەن ڕزگار کا. سەددامیش دەیهەوێ بۆ شکانی شۆڕشی کورد دەمەلاسکەی بۆ شای بکا. شا چرای سەوز پێشاندەدا. گفتوگۆ له تورکیا و لوبنان و تونیس ئەنجام دەدرێ. سادات واسیتەیه، شا له ئەوروپا دەڵێ: ((هێنده بەسه شێرەی ئاوەکه بگرمەوه.)) یانی ئەوەنده بەسه هەر یارمەتییەکانی ڕاگرێ شۆڕشی کورد لێك بلاوبێت و هەرەس بێنێ.

کیسەنجەر دەیهەوێ سادات راکێشێته سەرمێزی گفتوگۆی ئاشتی و پێکهاتنێ دەگەڵ ئسرائیلدا، و کاتێکیش ئەو کارەی بکا که عێراق نەتوانێ قاڕوقیڕێکی وا دەناوچەکەیدا

بەرپاکات و عەرەبان هاندا، و جێیە بەتاڵەکەی ناسری پڕکاتەوە. بەڵام کوردەکان هەر دەبێ شەڕێ بکەن تا سادات بتوانێ لە ئیسرائیل نزیك کەوێتەوە، تا ئاریامیهر بتوانێ هەر ئاریامیهربێ، سنوورەکەی نۆژەن بێتەوە، و شۆڕەوی بتوانێ چەکی بفرۆشی و نەوتی وەرگرێ و جێ پێی خۆی دە رۆژهەڵاتی ناویندا قایم کات، ئێستا کە سادات شارەزاو کارزانانی هەموو دەرکردوون... لە مێژووی دەبیسین کە کوردەکان هەمیشە مەرزەوانانی ئێرانێ بوون، ئەمەش بە گەواهییە هێرۆدۆتسی هەر لە لەشکر کێشیە سەرنەکەوتووەکەی یۆنانیانڕا تا ئەم دوا دواییانە. ئەگەر ئەوان نەبانایە، ئەگەر دەپیلاناندا ئەوان بەڵاوەگێڕ نەبوونایە، خەلافەتی عوسمانی ئێرانی قووت دابوو. ئەدی، ئەوانەمان بیستبوو، بەڵام نەمانبیستبوو کە شایەك بەو هەموو ڕەزالەتەوە ئاوا رەفتار دەگەڵ ئەو خەڵکەیدا بکات. تا وەك دەڵێن ئاوێکی ڕووان بۆ خۆی پەیداکات وێنەی نەبێ. جێی سەرنجیشە کە دێتە سەر قسانیش هەموو هەر بۆی لە سینگی خۆیان دەدەن. هەر کە ئاغای کیسەنجەر هاتە مەیدانێ رۆژنامەنووسانی رۆژئاوایی رژانە کوردستانێوەو ئیدی ئەوە هەر هەڤپەیڤین و دیدارو بیستن و دیتن و چاوپێکەوتن بوون دەربارەی ناگوزووری ئەو میللەتەی بوو بڵاو دەبۆوە. دەچاپەمەنی و تەلەفزیۆنی ئێرانێدا ((سەرە نێزەی نەتەوەی ئاریا)) بوون، مەلا مستەفاش ژەنەڕاڵ بارزانی بوو، ئاریامیهر بۆ خۆی ئەو پلەیەی پەسەند کردبوو! ئامۆزا بوون، ئامۆزای ئەو دیوەو دیوی سنوور... ئامۆزایەتییەك کە نەدەبوو دەرهەق بە چارەنووسیان دەستەوستان دانیشێ...

یەکیەتی شۆڕەوی هەمیشە گوتبووی پشتیوانی مافی مللەتانە و نماینده‌کانی بە بارزانی و نماینده‌کانی ویان دڵنیایی دەدا- و دە قاڵب و نووسین و زاراوە رۆژنامەییەکانیدا سەرنجی دەوڵەتی عێراقییان بۆ لای مافی میللەتان رادەکێشا... بەڵام هەردەو حاڵەشدا هیچ کەس پەیمانێکی لە بەرامبەر ئەو میللەتەیدا وەئەستۆ نەگرت و هیچ کەسێکیش خۆی تێنەگەیاند.

قسەیەکی خۆشی سەردەمی قاجارییەکانم وەبیرهاتەوە، دەڵێن سەرفەرماندەی فەرمانڕەوایان و حاجی ئەمین زەڕب پێکەوە سوعبەتیان هەبوو... رۆژێکی سەرفەرماندە بە یەکێکیدا یادداشتێکی بۆ حاجی دەنێرێ کە دە یادداشتەکەیدا داوای لێدەکا سێ هەزار تومانی بداتە هەڵگری پەیامەکەی، بۆ شایەدییەش لە بەرامبەر هەر هەزارو پێنج سەد تومانێکیدا لە خوار هەر سەنەدێکییەوە مۆری گونی خۆی پێوەنێ. حاجی لە وەڵامدا دەنووسێتەوە: ((حەزرەتی والا، هەروەك فەرمووبووتان ئەو گوژمە پارەیەی دیاری کرابوو درایە ناوبراو، بەڵام هەر دەبێ ئەوەندەش بخەمە بەرچاوی حەزرەتی والاتان کە هەر کاتێکی خودا نەخواستە رۆژێك لە رۆژان ئەو کەسە نەهاتە ژێرباری ئەو قەرزەوە، بەندەش ناچار دەبم لەبن سەنەدەکەی حەزرەتی والاچەقێنم..!))



بەداخەوە کوردی بێدەرەتان تەنانەت سەنەدێکی واشی نییە-نە ئی شا و نە ئی کیسەنجەر.

وای لێهاتووە کە بنیادەم وردە وردە وەگومان کەوێ، کوردی بێدەرەتان بۆ خۆشی هەر نازانێ بۆ دەجەنگێ. هەر دەڵێی بۆتە ئەسپی فیلمەکانی ویسترنی ئەمەریکای: لە فیلمە وێسترنەکاندا ئەکتەر دەزانێ کە بۆ، ڕادەکا، یا تفەنگێ داوێ و نارەتەی لێدەدا و سواربووانی نێو گالیسکەی دادەبەزێنێ و دەکوژێ. سواربووەکانیش هەر دەزانن. هەموویان زۆر و کەم ئاگایان لە نەخشە و پلانی فیلم و رۆڵی خۆیان هەیە و هەریەکەش بۆ ڕۆڵەکەی خۆی پارە وەردەگرێ. ئەسپ نەبێ ئاگای لە هیچ یەك لەم ڕۆڵانە نییە، بەڵام ناچاریشە غاردا، و جاری واشە-زۆر و کەم- لە غاردان و ماندوو بوون و کەللە شەقی و سەقەت بوونێشدا سەربانەدا و چاونەپۆشێ و هەر گوێش نەداتێ.

کوردی بێدەرەتان بۆتە کافری بەناوبانگی داستانەکەی، لە یەکێکیان پرسی: ((خوداوەند خۆ هیچ شتێکی بەبێ پەند و شیرەت دروست ناکا، ئەدی کافری بۆ دروستکردووە پەندی دروستکردنی کافری چییە؟)) ئەولا هێندێکی بناگوێی خۆی خوراند، و بیری کردەوە- ئەوجا گوتی: ((ئااا، نازانی؟ کەواتە گوێ راگرە با پێت بڵێم. پەندی دروستکردنێ کافری ئەوەیە کە ئەگەر رۆژێکیان تۆ ئەوت کوشت ئەوە یەکسەر دەچیە بەهەشتێ، خۆ ئەگەر رۆژێکیش ئەو تۆی کوشت... دیسانەوە تۆ هەر دەچییەوە بەهەشتێ... ئێستا تێگەیشتی؟))

دیارە پەندی دروستکردنی کوردیش هەروایە- هەر کەسێکی بیکوژێ دەچتە بەهەشتێ. لە زۆر کات و شوێناندا رۆڵی ((مەیداندار))ی دەبینێ: مەیداندار- گلادیاتۆر-ێکە دەگەڵ جانەوەری حوکومەتیدا ئاوقا بووەو تێوەگلاوە. جانەوەرەکانی دی لە کەنارێوە ڕادەوەستن. ئەگەر وەبن کەوت ئەوە کەوتووە، ئەگەر نەشکەوت و سەددام کەوت و کوردە مافێکی دەستکەوت ئیدی ئەوە هەیە. مەیداندارێکە کە تەنانەت هەستی خۆشی هەر پێشان نادا. ئەوکاتانەی کە دەکەوێ-کە تا هێشتا هەر کەوتووە- هونەرناسان زمانی ڕەخنەیان بستێك درێژ دەکەن- رەخنەی هونەری: هەقی خۆیەتی، هەڵەی کرد، پیاوی ئاقل دەگەڵ گای بەشەڕنایە- پیاوی ئاقڵ بە گوریسە ڕزیوی شای ناچتە دەبیرێوە. جاری واشە رەخنەی تاکتیکی: ((نا، کرۆکی کارەکەی شارەزانین، ئەگەر لە فلانە جێی پێشیان بە هێزەکەیان گرتبایە من گفتت دەدەمێ ئێستا شتێکی دیکە بوون لەوەی کە هەن))... ئەگەر هەروا بەخۆت و خۆڕاییی لەوێیان دانەکوتابایە و بەرسینگەیان دەگەڵدا نەکردبایە و رۆیشتبان... بە یەك هەڵمەتی پارتیزانی سادە... ئێستا حوکومەتیان بە چۆك داهێنابوو))... سەددام ئەودەمی بە موویەکییەوە بەند بوو... بەخۆڕاییان دەرفەتی حەسانەوێیدا... بەداخەوە ئەمجارەشیان...))

رابەرانی شۆڕش هەر گوێشیان لێ نییە... ئەوان گوێ نادەنە ئەو شتانە... ئاریامیهر هەیە، هەموو شتێك لەبەر دەستە، لە پارەیرا بگرە تا جگەرەی وێنستۆن، لە پسکویتیرا تا ڕۆن ڕووەکی، لە چوونە تارانێوە بگرە تا ئەوروپا و ئەمەریکا... و خەڵکی کورد هەروا بۆمباران دەکرێ، و دەشەڕدایە و دەجەنگێ... ساڵی ١٩٦٩ لەسەر تەواو بوونێیە. تەقە هەروا گەرمە، و وەك بڵێی نزیکتر بۆتەوە. هەموو دڵەڕاوکێیانە، کەس دڵی لای خۆی نەماوە... ((هەموو پرسەیانە))- تەقە یەك لایەنەیە، هیچ شەستتیرێك وەلامی شەستتیری ڕووبەڕوو و بەرامبەرێ ناداتەوە. بێدەنگییەکی قوڵتر لە بێدەنگی پێشووتر باڵی بەسەر هەموو جێیەکیدا کێشاوە...

بەرەبەری بەیانییە، کە دەنگی خشپێکی لە دەرکێوە دێتە گوێ، دایە شیرین بۆ خۆی دەچێ. خوشکە ناسکەیە، ژنێ مام سەعیدی دارتاش. بە دڵە کوتێ، و سەراسیمەییەوە لە پلیکانان دێتە سەرێ- ڕەنگی پەڕیوە. چ بووە؟- سێ پێشمەرگە دەکەمین کەوتوون، دوویان کوژراون- دایکیان بمرێ- یەکیشیان بریندار بووە، کوڕەکەی حەمەلاویە. ئەوە سێهەمین کەسی ماڵێ حەمە لاویە. دایکە بێچارەکەیان... خودا ڕەحمی پێبکا!

بۆ پێچانی برینەکەی و دەرمانکردنێی بۆ هەنگوینی هاتووە، بە ناشکوری نەبێ خۆ ناتوانێ بچێتە هەموو جێیەکی، حوکومەت هەواڵگری خودی و نێوە خۆی هەیە. ناشتوانێ بچێتە دەرمانخانەش، دەرمانخانە ڕەچێتەی دەوێ. گوللەی وە ڕانی کەوتووە، تا دەنێرنە جێیەکی دی بۆ دەرمانی درەنگ دەبێ، دەترسێ برینەکەی هەو بکات و ئەستوور بێ. دایە شیرین بە گورجی دەستبەکار دەبێ... سوپاس بۆ خوا هەنگوینەکە هەیە... قاپێکی پڕ دەکا لە هەنگوین و دەیداتێ... پوورە ناسکە دەیهەوێ بڕوا، بەڵام حەسەن ناهێڵێ- ڕاست نییە، ئەگەر لە هاتنێدا تووشی کەس نەبووە، لەوانەیە لە چوونە وێدا تووشی یەکێکی ببێ... ئەو هەنگوینەکەی دەبا. ئەوی دەکۆڵانێشدا ببینن چی وا نییە: مەلا بانگدانە، دەچێتە مزگەوتێ بۆ نوێژێ-خوشکە ناسکە تا تاوهەڵاتێ لێرەبێ باشترە. ڕاستیش دەکا...

قاپەکە لە دایە شیرین وەردەگرێ، جوان جوانی دەنایلۆنییەوە دەپێچێ و سەروبن، بە جێی کڵاوی بەسەری خۆی ڕۆ دەکا، و مێزەرەکەی تێ دەئاڵێنێ. قەیدی چییە، باسەری یا سەرپێچەکەی کەمێك پیس ببێ، قەیناکا، کە هاتەوە دەیشواتەوە.

دەڕوا...

بەیانی و دوو بەیانی و سێ بەیانی... سوپاس بۆ خوا پێشمەرگە بریندارەکە بەرەو چاکبوونە. هەموو دڵخۆشن- هەر منداڵی خۆیانە... جا جیاوازی چییە، منداڵی هەمووانە، بۆ هەمووان دەجەنگێ. دەگەڵ ئەو دووانەی دی هاتبوونە هەواڵگریە تا بۆ بارەگای حیزبی



ببەنەوەو ئەوەی بەرگریشی لێکردن هەر لەوێی بکوژن. بەڵام کە گەیشتنێ وەك چاوەڕوانیان بن و بزانن دێن...!

پێشمەرگەکە وردە وردە ڕێی دەکرد و وەسەر پێ کەوتبۆوە، و خوشکە ناسکەش هەموو ڕۆژێ هەواڵی خۆشی دێنا. سوپاس بۆ خوا برینەکەی خەریکە ساڕێژ دەبێ و چاك دەبێتەوە. دەنگی نزمتر دەکاتەوە: ((دوێنێ شەوێ دوو کوڕ هاتبوون، هەر لەو ڕۆژانەدا لە دووی دێن و دەیبەنەوە...))

((سوپاس بۆ خوا! ئەرێ داك و بابی دەزانن؟...))

((ئەوانیش بە شێوەیەك تێگەیون!...)) بە زەردەخەنەو بزاوتێکەوە وای دەگەیاند کە هەواڵی داونێ و ئاگاداری کردوون.

خودا چاکەت بۆ بکا... بەڵکە ئەو چەند ڕۆژەش بێ مەزەڕڕەت تێپەڕێ... نەزربێ شەکێکی بکەمە خێری مەولودی پێغەمبەری (د.خ.)!))

((ئیشاڵڵا!))

ڕۆژێکی دیش دەڕوا... دانیشتوون نان و کەبابی دەخۆن، حەسەن بە ڕێکەوت لە بازاڕی لووت و بزووت تووشی قەردارێکی دەبێ خەریکی ڕۆن فرۆشتنێیە کە لە ئێرانێیرا هێناوەو قەردەکەی لێوەردەگرێتەوەو یەك سینیە کەبابی دەکڕێ و دەیهێنێتەوە ماڵێ و ئەوا خەریکن بە هەردوو لاگوپان کەبابی دەخۆن کە... هەواڵ دێت پیاوانی ئاسایش ڕژاونەتە ماڵێ سەعید دارتاشی و پێشمەرگە بریندارەکە و هەموو ئەندامانی ماڵێ مام سەعیدیان بردووە! چاوی هەمووانیان بەستوونەوە، کۆڵانەکەیان قۆرغ کردووە، و هەمووانیان بە چاوی بەستراوەوە سواری لۆرییە کردوون و بردوویانن...

((دەك خودا بیبڕی ئەو ژیانەی..!))

((... پوورە گوڵێی ژێر ماڵەیان دەیگوت لە پشت دەرگای هەورەبانێوە جێیەکیان بۆ دروستکردبوو، و کورسییان بۆ تێدا دانابوو، هەر کە لە دەرکی حەسارێوە هاتنە ژوورێ ڕوویان دە هیچ ژوورێکی نێو ماڵێ نەکرد، بە قودرەتی خودای یەکسەرە چوونە هەورەبانەکە!...))

((دەك خوا زەلیلتان کا... خودایە شوکر... تا دێ خەیاڵمان کەمێك ئاسوودە بێت بەڵایەك لەلایەکی دییەوە دەبارێ... دەك خوا بیبڕی ئەو ژیانەی... نامانەوێ وەڵڵاهی... نامانەوێ!...))

پووره گوڵێ چۆتەوە، کەبابەکە سارد بۆتەوە، ژنان دەستیان لە ئەژنۆیان وەرێناون، خۆ ڕادەژێنن و بەردەوام فرمێسکان دادەبارێنن؛ حەسەن پەتوویەکی دەخۆوە پێچاوەو دە ئاورەکەی ڕاماوە... بە ئاشکرا دیارە داتەپیوە.

-٢٠-

دایە شیرین تازە لە مەهابادێ هاتۆتەوە، فەرەیدون گیانی دەگەڵ دایکیدا بردبوو و لەوێرا ناردبوونییە تارانێ. خەیاڵی لای وی ئاسوودەیە: ئاخر ئەو-خوا سەلامەتی کا- ئەسپاردە-ئەمانەت-یە... ئەو پیرێژن و پیرەمێردەش هەقیانە-گوناهن. لاوەکان خوا تەمەنیان بدا، دەبیری کەسدا نین، هەر بەدوای هەواو و هەوەسی خۆیانەوەن. ئیدی خۆ نازانن دایی و باب دە چ حاڵێکیدان، و چ ڕەنجێکی دەکێشن. پیرەمێرد هەر هاواریەتی کە ئێستا پۆلی دوازدەی بەخێر بڕیوەو تەواوی کردووە بچێ، لەوێ هەم بخوێنێ و هەم ئەوانیش لە تەنیاییە ڕزگار کا-هەر کاتێکیش حەزی لێبوو بابچێتەوەو سەرێك لە خزم و کەسان بداتەوە... سوپاس بۆ خوا، دەڵێی ئێستا لەوێ گیربووە. لەوێ دەتوانێ سەرێکیش لە دایکە کلۆڵەکەشی هەڵێنێتەوە. ئاخر خۆ دەردەکان هەر یەك و دوو نین- شۆڕش پێشمەرگە بوو، بەڵام دەگەڵ حیزبدا نەبوو، بەناشکوری نەبێ کۆمۆنیست بوو. دەگەڵ ئەوەشدا کە پێشمەرگەش بوو جاروبارە دەچووە ئێرانێ سەودا و ئاڵوێرێکی دەکرد-پاتاڵی دەکڕی و دەیهێنایەوە. لە یەکێك لە چوونەکانیدا تووشی هەڵمەت و پەلامارێکی ئاسایشی-ئەمنی- بۆ سەر حیزبییەکانی خۆیان بوو. چووبوون ((خان))ێکی بگرن کە ئەو لە دیوەخانەکەی ویدا میوان دەبێ. خان بۆ خۆی هەڵدێ و ئەوی دەگرن، چونکە کورد بووەو ئێرانیش بووە... و ئێستا لە بەندیخانەی قەسرێیە لە تارانێ...

بەعس دیسانەوە خودموختاری-ئۆتۆنۆمی- داوەتەوەو ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ واژۆ کراوە. لە هەموو جێیەکی شایی و لۆغان و هەڵپەڕین و سەمایە، هەروەك دەشیانگۆ لە بەغدایەش خەڵکی ڕژاونەتە سەر شەقامان و هەڵپەڕیون. ئاخر ئەو کلۆڵانەش کەمیان کوشتە نەدابوو...

دایە شیرین تازە هاتۆتەوە- لە گوندێکی نزیك سلێمانییەوەن. دانیشتوون، هەموو منداڵەکانیش لەوێن: کاوە و مەسعود و کەژاڵ و منداڵەکانی. کەژاڵ ئێستا یەك دوو نەوەی لە سوورە گوڵێ هەن. تەنیا پەخشانی کچە بچکۆلەی ماوە کە نەچۆتە کۆش و ماڵە بەختی خۆی. دەنا ئەوانیدی زۆر لە مێژە مێردیان کردووە و بوونەتە منداڵدار- کوڕەکانیش هەموو ژنیان هێناوە.



هەموو دانیشتوون، نانیان خواردووەو خەریکی قسانن و لە هەموو ئاشێکی لێدەکەن. باران تاوی سەندووە، لەسەربانییەوە خرمەی دێ. دایە شیرین چاوەکانی دەئاگرەکەوە بڕیون- دیارە دەنێوەواندا نییە. لە کوێیە؟ ئەویش دەڵێی دڵی ڕۆیوە...

چۆتەوە زێد و مەفتەنی خۆی... دەنێو بلێسەکانەوە ڕوخسارەکانی بە بەردەمیدا ڕادەبرن... زەردەیەکی لەسەر لێوانە: ئای، ئەوە بابە سۆفییە، بەخۆی و دەموچاوە نورانییەکەیەوە دەگەڵ کاکە مەحموودی و کاکە حەسەنیە... ئەوانیش هەر لەو نزیکانەن... دەنگی شوڕە شوڕی بارانێ و فشە فشی ئاوی جۆیە کە بە دۆڵێدا دەچێتە خوارێ دەڵێی ئەوا ئێستا دەمێشکی ویدا شوڕەو خوڕەیانە... ئای، ئاغا بە جوانترین شێوەوە لە بەرامبەرییەوە ڕاوەستاوە... کوڕە بچکۆلەکەی دەگەڵ شۆڕشیدا هۆگرن... بە کێ چۆتەوە! هەر هیچ بەخۆی ناچێ)) ئەو ڕۆژە ئەوی لە پشت میلەکانەوە دیت... ئای، ئەویش ڕۆژگارێك بوو!... خۆر هێشتا پڕشنگی داویشت و بە تاقی ئاسمانێوە بوو... ئای، چەند خۆش بوو کە هەمیشە هەر تاو و ساو بوو، شتێکی بچکۆلە بوو لە شوێنێکی بچکۆلە... دەتاقێدا... دە هەیوانێدا... هەمیشە لەبەردەستان بوو... جێیەك کە خۆری گەورەی لێیە ئادەمیزاد نمودی نامێنێ و نییە... خۆر هەڵاتبوو، گەرمو خۆش و جوان و گەرمی لەشی خۆی-وەك ئەو نەوانەی کە لە پاڵ بابە گەورە یا دایە گەورەی درێژ دەبن و ئێسکەکانیان گەرم دەکەنەوە- ئاوا لە زەوی دەدا... لەشی ئەویش گەرم بوو، ئەویش لاو بوو... ئەوەی دەیدیت جوان بوو، لە جوانیە بەولاوە چیدیکەی نەدەدیت... ئای، عەمری من... ئاه...ه!

بروسکەی زەرد و نارنجی و مۆر و سپی، بلێسەی چرای لە شەوق دەخەن، ئاگری دەشێوێنێ، و گرمەی هەور و هەڵاو شریخەی بروسکەی دە هەوایدا دەتەقێتەوە... هەموو دادەچڵەکن، دایە شیرین دێتەوە ژووریێ...

((لە دەرکەی دەدەن! یەکێك بچێ بزانێ کێیە... بەو شەوەی؟))

کاوە دەچێ و دەگەڵ دووکەساندا دێتەوە... کاوە ئەو دووانە هەردووك دەناسێ برایانی پێشمەرگەن...

((ماندوو نەبن، کاکە بەخێر بێن... فەرموون دانیشن...))

دانانیشن. یەکێکیان کاوەی دەباتە پەنایە، چپەیەکی دەگەڵدا دەکا... کاوە ڕەنگی بە ڕووانەوە نامێنێ... خێربێ... حەسەنیش ڕەنگی پێ نەماوە وەك (وەشەکی) خۆ ماتکردوو چاوی دەزارییەوە بڕیون... لە پڕ لە جێی خۆیەوە ڕادەپەڕێ، و هەر بە بازێکی دەگاتە دەرکێ

پێشمەرگەکەی دی کە لە دەرکێ راوەستاوە پێشی لێدەگرێ، و لوولەی دەمانچەکەی دەسینگی دەکا: ((نەجولێی، برا... هەر بزووی ماشەی دەکێشم!...)) هەموو شڵەژان، هەموو حەپەسان.

پێشمەرگەکەی دی وەدەنگ دێ: ئەویش چەکەکەی بەدەستەوەیە، بە ئاواز و دەنگێکی غەمناك و روخسارێکی شەرمێونەوە دەڵێ: ((ئێمە لەبەر رێزی کاکە کاوە و برایانی دیکە، هەوڵدەدەین ئەرکەکەمان دۆستانە ئەنجام بدەین. دەزانم ئەگەر داوای هاریکاری بکەین برایان درێغی ناکەن. برایان بۆ خۆشیان هەر حیزبین، دەزانن کە ئێمە هەروا لە خۆمانەوە نەهاتووین. ئێمە نازانین کاری چیان پێیەتی یا چی لێدەکەن. ئێمە راسپێردراوین ئەوی ببەینە بنکەی حیزب... ئێستاش کاکە کاوە یا کاك مەسعودیش ئەگەر حەزکەن دەتوانن دەگەڵەمەدا بێن... بەڵام هەر چۆنێکیش بێ ئێمە لەسەرمانە ئەوی ببەین، هەر دەشیبەین...!))

کاوە دە قسەکەیدا هەڵدەداتێ و ڕووی دەمی دە بابی دەکات و دەڵێ: ((ڕاستە تۆ کوڕەکەی حەمە لاویت تووش کردووە و سەد دیناریشت لە حوکومەتی وەرگرتووە؟... دایە گیرفانەکانی بگەڕێ!)) دایە هەر وشك بووە، حەسەن بەپێوە مردووە...

کاوە بێ ئەوەی لەسەر وەڵامێ ڕاوەستێ دەڵێ: ((سەیرم کە بزانە دەڵێم چی! دیارە بە راکردنەکەترا دیارە کە تۆ تووشت کردووە! ئەگەر خەوشێکت دە پێڵاویدا نییە بۆ هەڵدێی؟ ئیدی کامیانت تووشکردووە؟...))

حەسەن سەری بەرداوەتەوە، بە ئاشکرا دەلەرزێ... کاوە قەمسەڵەکەی دەبەر دەکا تا ڕەگەڵیان کەوێ و بچێ. تاوێك رادەمێنێ، دوایەش وازدێنێ.

((کاکە زەردەشت، فەرمان و دەستووری حیزب بە چییەوا رەفتارکەن... ئەو پیاوە ئێمەی لای دۆست و دوژمن سەرشۆڕ کرد- تف!)) یانی تف لەو بەخت و ئیقباڵ و ناوچەوانە!

منداڵەکان هەموو مات و مەلوولن، کەژاڵ و کچەکانی دەگریەن، کوڕەکان سوور هەڵگەڕاون، مەسعود سەری بەرداوەتەوە و بە ئاشکرا دیارە ئارەقەی دەرداوە... دایە شیرینە کە دێتەوە سەرخۆ و هەمووان بەلای خۆیدا دێنێتەوە.

((دیارە کوڕەکەی منیش هەر تۆ بە کوشتت داوە!... منداڵی ئیدیکەش هەر تۆ بە کوشتت داون... شەرم ناکەی! لەلای منداڵەکانت تەریق نابیەوە... لە ڕووی باوکی ئەو کوڕانەی تووشت کردوون شەرم نەیگرتی... هیچ شەرمت لە پرچە سپییەکەی دایکەکانیان نەکرد، حەیا نەیگرتی! وەرن سەیری منی بەدبەخت و چارە ڕەش کەن تەمەنێکم دەگەڵ دووپشکەی ژەهرداردا بەسەر بردووەو ژیاوم و نەمزانیوە، سەیری منی چارە ڕەش عومرێکە دە زەلکاوێدا گێژ دەخۆم... دە زەلکاوێکی کەوتووم بە حەوت ئاوی زمزمێ پاك نابمەوە!... ئەی بەدبەخت



خۆم، وەی چارە ڕەش خۆم!...)) ئەوانەی دەگوت و دەگەڵ هەر یەك لەو قسانەش مستێکی لە سینگی خۆی دەدا، دیار بوو لە ناخەوە دەگریا، بەڵام سەرچاوەی فرمێسکەکانی وشکاییان داهاتبوو و ماسولکەی لێوەکانی هێندە گرژببوونەوە دەتگوت ئەوە هەر ئێستا لە نێوەڕاستێڕا دەقەڵشن، خوێن و سوورایی بە دەم و لێوانەوە نەمابوو، چاوەکانی دەتگوت ئەوە لە پشتە سەرییەوە دەیانەوێ دەرپەڕن و هەڵێن وا دەقووڵەوە چووبوون، رووومەتەکانی تێك قوپابوونەوە، ئێسکی سەر کوڵمەکانی دەرپەڕیبوون. ((منی چارە ڕەش تازە دەزانم! ئێستا تێدەگەم ئەو هەموو قەردانەی دەتگوتن لە کوێڕایە! دەك جەرگ و زگ و هەناوت بەرکێردی قەساب کەوێ، بەدبەختی بێکارەی فێڵباز و بێ ئابڕوو!... دەك گۆڕەکەت پڕ نوور بێ بابە سۆفی، ڕاستت دەکرد. تۆ ڕاستت دەکرد... راستی دەکرد، تۆ وەك ئەو کلکە سەیەی بووی سەدساڵیان دەقالب گرتبای هەر خواربووی نانی نۆکەرییەت خواردبوو! ئەو دەستەی خووی بە نانی نۆکەرییەوە گرت بیبڕی باشە، چونکە تازە هیچ کارێکی دیکەی لەدەست نایە. نۆکەر، گیان لە گیانیشی دەی هەر نۆکەرە. ئەو جۆرە مرۆیانە دۆستایەتیشیان هەر درۆیە، تکەڵێشیان هەر درۆیە... تۆ منداڵەکانت خۆشدەویستن؟ ئەگەر وایە ئەدی بە چ ڕوویەکەوە منداڵی خەڵکییت داونەتە دەست جەللادان!؟ هەی بێ ناموس، بێ غیرەت، هیچ بیرت لەوەی نەکردەوە ئابڕووی منداڵەکانت دەبەی! تف لەو ڕووەت. کاسە لێسی پاشماوە خۆر- تف!)) و تفێکی خەستی بە دەموچاواندا کرد و بۆ خۆشی کە ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو بەربۆوە...

## -٢١-

رێککەوتننامەی شەڕ ڕاگرتنێ واژۆکراوە، بەڵام سیاسەتی بە عەرەبکردن هەروا بەردەوامە، سەددام لەلایەکییەوە دەیهەوێ سیاسەتەکەی خۆی دەناوچەکەدا وەگەڕ خات و لەلایەکی دیشەوە دەیهەوێ بە خۆپێشاندان و پابەندییەکەی دەگەڵ کورداندا، شا و بارزانی بە گژ یەکتردا بکات و تێکیان بەردا. ئەوە هەر گوند و ئاوەدانیشە رۆژانە دەگەڵ عەردیدا یەکسان دەکرێت، هەموو رۆژێکیش ئەوە فەرمانبەر و کرێکاری کوردە کە لە دامەزراوە نەوتەکاندا دەردەکرێن و وەدەردەنرێن. ئەوە پێکداهاتنی ئێرە و ئەوێش کەم نین.

سێ ساڵ بەسەر واژۆکردنی رێککەوتننامەکەدا دەڕوا... سەددام بڕیاری خۆی داوە بە هەر جۆرێك بێ کارەکە یەك لاکاتەوە...

بووکێنیە دادە پەخشانی کچە بچکۆلەکەی دادە کەژاڵێیە، شایی و گواستنەوەکەی لە یەکێك لە گوندەکانی لای هەولێرێ بەڕێوەچووە. هەر بەتایبەتیشیان بۆیە لەوێ ئەنجام داوە،

چونکە لە سلێمانییەوە دوورە. دەوروبەری سلێمانی ترسناکە، هەموو کاتێك هەواو هەوەسی کوڕە جحێڵەیەك لەوانەیە زەماوەندەکە بکاتە پرسە و ماتەم و دەیان کەس بە کوشت بدا. گوندی خدرانێیان بۆ ئەو شایی و زەماوەند و بووك گواستنەوەیە دیاری کردبوو کە لە منداڵەکانەوە نزیك بوو: ئەو ڕۆژانە منداڵەکان هەموو هاتوون و لەوێن. زاواش هەر پێشمەرگەیە- کاکە نەوشیروان. فەرەیدون و خەرامانیش هەر بەو بۆنەوە لە تارانێڕا هاتبوون. ئاغای سوڵتانی و مەهین خانمیش هەر داوەت کرابوون، بەڵام لەبەر نەتوانین و کەنەفتیە دەرنەچووبوون، دەنا ئاغای سوڵتانی زۆری حەز لێبوو شایی و بووك گواستنەوێکی کوردان ببینێ. دیارییەکیشیان بۆ بووکێ ناردبوو- یەك ئەنگوستیلەی جوان.

بووکە. کچ و کوڕ هەر زوو هاتوون و دەستیان دە دەست و قۆڵیان دەقۆڵی یەکتری کردووەو سێ پێیی و چەپەیی هەڵدەپەڕن. دەهۆڵ کوت و زوڕنا ژەن چونکە دوێنی شەوێ نەنوستوون چوون وەحەسێن. لاوێك لە ناوەڕاستی شاییەدا ڕاوەستاوە و چەپڵان لێدەدات و بەندان دەڵێ و بەڕاستیش جێی دەهۆڵ و زوڕنایەکەی پڕکردۆتەوە:

ئامان گەڵاگوێز، دەخیل گەڵاگوێز
سەرقافڵە باشی تو جاڕی تەورێز
مەیە بەم لاوە، بڕۆ بەو لاوە
چڵمەکەت بسڕە قێزم شێویاوە

بەپێچەوانەی ئەو بەیتەی دواوە کچەکان تا بڵێی زۆر جوان و پاك و بێگەردن. نمە ئارەقە تەنکەکەی سەر گۆنایان بەم بەیانییە زووە هەر دەتگوت دەنکە دڵۆپەی شەونمی سەر پەڕەی گوڵێیە. ئەو جووتە لێوە بە زەردەخەنە پشکوتووانە هەموو هەر دەڵێی ڕەنگی سوورە گوڵێیان پێوەیە: جوان، ناسك و بێگومان بۆنخۆش. هەناسەی لاوان بە پێچەوانەی هەناسەی پیرانەوە تامو بۆی ژیانە: خۆشە، هەر وەك خودی ژیان، چونکە خودی لاوەتی و بینەر نەك هەر دوورە پەرێزیەی لێناکا و دڵی پێی تێکەڵ نایە بەڵکە دڵی، دڵێ دەخواتەوە تاوێك ئەو دەمولێوانە برایانە، باوکانە، یا ئەوینداڕانە بۆنکات... لاوەتی جوانە.

کوڕو کاڵ تاك و تەرا، چاو ئاوساو، نەحەساوە، هاتوونەوە. تۆزو خۆڵ هەر لە ئێستاوە هەڵستاوە... یەکێك چووە سەتلە ئاوێکی هێناوە و خەریکە گۆڕەپانی شاییە ئاوڕشێن دەکات.

ئەفسەرە دووربینەکەی کەمێك بۆ خوارەوە دادەگرێ، خوار گوندی بە وردی دەنۆڕێ. ((ها، دەڵێی لەو ناوەی شتێك هەیە... دە نێو درەختەکانڕا جموجۆڵێکی نائاسایی دەبینم...))



سەربانی خانووەکان وردە وردە وەدەرکەوتبوون. دەرختەکان لێك زەقیبوونەوە، لێژاییە خڕێ دەم حەوز و سەروچاوەی دیاربوو. بە پێچەوانەی هەموو جێیەکی کوردستانەوە زەقایی زۆری لێ وەبەرچاو نییە. ئەفسەرە دە نێو ماشێنەکەیدا ڕاوەستابوو، ئانیشکی هاویشتبوونە سەر جامی پێشەوەی جێبە رووسیەکە- دەستی بەرزکردەوە. جێبێك لە ریزی کاروانەکە جیا بۆوە، تەواو لاڕێ بوو، و بەخێرایی بەلاڕێیەدا بەرەو پێش هات، هەر کە گەییە نزیك جێبەکەی فەرماندە هێواشی کردەوە.

ئەفسەرە بێ ئەوەی ئاوڕداتەوە گوتی: ((بڵێ ئامادە بن!))

((بەڵێ قوربان...)) و جێبەکەی وەرچەرخاندەوە و هەمدیس بە لاڕێیەدا چۆوە، تا گەییە نێوە ڕاستی کاروانە بچکۆلەکە، و فەرمانەکەی راگەیاند.

کاروانەکە بریتی بوو لە سێ سەرباز هەڵگری پڕ لە سەرباز و دوو جێب و نەفەر بەرێك سەربازەکان زۆریان گوێ نەدایە فەرمانەکە و بە هەندیان هەڵنەگرت. گوێیان بەو فەرمان و ئامادەباشیانە پڕببوو. لەسەر لاتەختی ئەو بەرەو بەری ناو سەرباز هەڵگرەکەدا کرووشمەیان کردبوو، هەریەکیشیان بە شێوەیەك: بە پاڵدانەوەو خۆ خڕکردنەوەو هەندێکیش پاڵیان وەتەختەی بۆدی ئۆتۆمبێلەکەوە دابوو.

ڕێیەکە لەخۆراوایەوە بەناو دڕکەزی و درەخت و تاك و تەرای بنەداراندا بە قەراغ جۆگەی حەوزو سەرچاوەکەیدا تێ دەکردەوە کە جۆگەیەکی بە تەنیشتێدا دەڕۆیی. گاڕان و مەڕ و ماڵاتیش هێشتا زۆر لە ئاوایی دوور نەکەوتبوونەوە. ئەوەی کە یەکەمجاریش کاروانەکە دەبینێ دیارە هەر منداڵانن، کە بەڕاکە ڕاکە و هەناسە بڕکێوە، دێنەوەو هەواڵ دەدەن ((کوڕینە سەرباز! کوڕینە سەرباز!))

چوست و چالاکی و جولە و بزاوت دەنیشێتەوە، ئەڵقەی شایی و هەڵپەڕینێ دەپسێ و کچ و کوڕ لێك جیا دەبنەوە... وەك ئەوەی هەموو وەك یەك بیربکەنەوە: ((بەعسی پیس)) کچان سەرپۆشەکانیان دێننە سەرچاوان و لە پیاوەکان دوور دەکەونەوە، بای ئەوەندەی دوورن تا بزانن چ دەقەومێ و چۆن ڕادەبرێ.

کاروانەکە دەگاتە کەناری حەوز و سەروچاوەکە، نەفەر بەرەکە لە پێشەوەی کاروانەکەوەیە، سێ سەرباز هەڵگری کاروانەکەشی لە پشتەوەی نەفەر بەرەکەوە ڕادەوەستن. جێبی فەرماندەش لە گۆڕەپانی شاییەکە ڕاوەستاوە...

((موختار کێیە؟))

حاجی ڕەشید دەچتە پێشێ، دەستی بە سینگەوە دەگرێ و بەخێرهاتنێ دەکا-بە دەم پێکەنینەوە ئاو و دۆیان لەسەرو چاوێوە، وەك خوو و خدەی ناوچەکە، بادیە دۆ و کەوچکی داری گەورەیان دەگەڵ سینییەکی لەپێش ئەفسەرەی ڕاگرتووە. ئەفسەرە وەك ئەوەی هەر ئاگاشی لێنەبێ.

ڕاوەستاوەو بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێ:

((من یاریدەدەر عەببودم... لە یەکەی کردە سەربازییە تایبەتییەکان...))

((یەکەی تایبەتی... خودایە بەخێری بگێڕی!...))

کوێخا دەڵێ: ((زۆر بەخێر بێن، سەر هەردوو چاوان... دەفەرموون دابەزن، پیاڵە چایەکی بخۆنەوەو پشووێکی بدەن...))

یاریدەدەر دەمانچێکی بەلاکەلە کێوەیە، دەستی لەسەر مشتووی دەمانچەکەیە، سەربازەکان لەجێی خۆیانەوە قیت دانیشتوون، تفەنگ و شەستتیرەکانیشیان دەنێو لینگی خۆگرتووە- هەر بە دانیشتنەوە، بەڵام ئامادەو لەسەرپێ.

مامۆستا مەلا سالح بە دیواری مزگەوتێوە بەرەو هەتاوێ دانیشتووە: لەسەر چیچکانەوە خۆی لەبەر هەتاوێ هەڵخستووە...و ئەگەر کەسیشی لێ دیار نەبێ و ئەو ناوە چۆڵ بێ وردە ڕاوێکیش دەکا: هەردوو لای کەوایەکەی لادەدات و دەکراسەکەیدا- کە لە سەرێوە بۆ خوارێ و لە خوارێوە بۆ سەرێ- بەدوای نێچیریدا دەگەڕێ.

یاریدەدەر ڕوو لە موختار و حەشیمەتەکە، کە ئاپۆرەیان داوە، زۆر فەرمییانە، بێ ئەوەی گوێی بداتە ئەو سینییەی لە تەك قۆڵییەوەیان ڕاگرتووە، بە ئاهەنگێکی فەرمی و گەورەبییانەوە دەڵێ:

((من لەلایەن حوکومەتەوە ڕێ پێدراوم پێتان ڕابگەیەنم کە ئەم دێیە لە ماوەی دوازدە سەعاتاندا چۆڵ بکرێت...و ئێوەش دەبێ بەخۆ و مەڕ و ماڵات و پاتاڵتانەوە لێرە نەمابن و لێرە بچنە دەرێ...))

هیچی دی وەدووی قسان ناکەوێ، ئەوەندەی دەڵێت و سەیرێکی هەر چوار لای خۆی و ئەو ناوەی دەکا. چەند کەسێك لە حەشیمەتەکە لە مانا و مەبەستی قسەکانی دەگەن. قسەکانی دەگەڵ زمانی قسەی ناوچەکەدا نامۆیە و پێی بێگانەیە. خەڵکەکە هەموو سەیری یەکتری دەکەن- دیارە بە دوای یەکێکدا دەگەڕێن تا قسەکانی ئەویان بۆ لێکداتەوە، هەرچەندە هەستیان بە ترسناکی و ناسکی بارودۆخەکەش کردووە. هێندێك زۆر وریا و بە زیبك و زاکون و ئاگادارن. وەك خەڵکەکە چاوەڕێی روونکردنەوەی زیاتر بن. هەموو بێدەنگن و خۆیان مات



کردووە. بەڵام چونکە یاریدەدەر وەدوو قسەکان ناکەوێ بێدەنگییەکەی دەشکێنن و چرپ و چۆپان و فسکە فسك پەیدا دەبێ و وەك بڵێی حەشیمەتەکە بێ ئارام و ناڕەحەت بێ. یاریدەدەر چاوی دە ژن و کچ و کاڵەکانەوە بڕیوە... مامۆستاش دیارە هەستی بە ناسکی و گرنگی بارودۆخەکە کردووە بۆیە جارێ ڕاوی ڕاگرتووە، هەردوو لای کەوایەکەی پێکداداونەوەو بە لەقە لەق، بەخۆ و بە گۆچانەوە، ریش تا سەر سینگان هاتوون، هاتۆتە تەك حەشیمەتەکەوە. لە پڕ هەموو بەلای ویدا سەیر دەکەن-ئەویش کزەڵە، تێماوە: ئەو عەرەبی ڕەوان-فصیح-ی خوێندووەو ئەو پیاوەش جۆرێك قسە دەکا وەك بە ڕووی دەزاریدا تەقیبێ. سەیرێکی حەسەنی سۆفی فەیزوڵڵای دەکا، کە چەند پۆلێکی لە شاری خوێندووە: ((کاکە حەسەن چی گوت؟)) حەسەن دەڵێ: ((مامۆستا، دەڵێ لەلایەن حوکومەتەوە هاتووە... دەڵێ لە ماوەی دوازدە سەعاتاندا دەبێ ئاواییەکەی چۆڵ کەن... تێکیدەدەن...))

((کێ تێکیدەدا؟))

((حوکومەت. دەڵێ دەبێ دەو ماوەیدا چۆڵ کرابێ...)) و بە دەنگێکی بەرزەوە درێژەی دەداتێ: ((من ماڵەکەی خۆم چۆڵ ناکەم...))

یاریدەدەر وریای ئامادەبوونی پیاوی ئایینی دێی دەبێتەوە، هەروا سەرزارەکی بەسەری چاك و چۆنی دەگەڵ دەکا... بەڵام سەروچاوی هەروا وشك و فەرمییانەیە-و زیاتر هەستی بەلای ژنەکانەوەیە.

((ئێوە مەلای ناوچەکەن؟))

((بەڵێ...))

((زۆر چاکە، دیارە ئێوە خوێندەوارن و تێدەگەن بە وانە بڵێ و تێیان بگەیەنە کە لە ماوەی دوازدە سەعاتاندا دەبێ ئەم دێیە چۆڵ بووبێ-دەستوورە، دەستووری حوکومەتە.))

((بۆ؟))

((من سەیرم بە ئێوە دێت، ئەمە پرسیارێکی زۆر بێ مانایە... دەستووری حوکومەت چۆن و بۆچی نییە. گوتوویەتی چۆڵکرێ، دەبێ چۆڵکرێ... دیارە وای بە چاك زانیوە. ئیدی ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە من و تۆ، یا هیچ کەسێکەوە نییە.))

خەڵکەکە ناڕەحەتن، کابرا وەك بیەوێ لە پیرەمێردی بدا، وەك دەگەڵ خزمەتکارەکەی بدوێ! وەرگێڕ حەسەنی سۆفی فەیزوڵڵایە...

((منیش پێم سەیرە... من پێموایە هەڵەیەك دەكارەكەیدایە... جەنابی یاریدەدەر، ئەمانە پشتاو پشت لێرە ژیاون، مردووی چەندین پشتیان لە گۆڕستانی ئێرەدایە... ئێستاش حوكومەت هەروا كتوپڕ دەنێرێ دەبێ بڕۆن چونكە دەمهەوێ تێكیدەم!...))

((هەر ئەوەیە، دەبێ بڕۆن...))

((هەموو؟))

((هەموو... نابێ كەسی تێدا بمێنێ.))

((بەڵام ئاخر... ئەوە هەمووماڵی خەڵكە، خەڵكی لێرە پشتاو پشت ژیاون، خەڵكی لێرە پشتاو پشت مردوون... بچنە كوێ؟))

((كوێیان پێخۆشە... حوكومەت هەموو شتێكیان بۆ دەبژێرێتەوە. دوو هێندەتان زەوی و زار دەداتێ... ماڵ، زەوی...))

((بەڵام خۆ ئەو خەڵكە خراپەیەكی حوكومەتیان نەكردووە...))

((گوێ بگرە مەلا... با هەموو گوێیان بكەنەوە- من نەهاتووم بگرەو بەردەی دەگەڵەوەدا بكەم-ئەوە ئیشی من نییە... ئێوە مەلای ئەم دێیەن، ئێوە دەبێ ئەمانە تێگەیەنن- ئێوە بەرپرسیاری لای حوكومەتن...))

حەسەنی كوڕەكەی سۆفی فەیزوڵڵای دەڵێ: ((لێرە كەس بەپرسیاری كەس نییە... ئەو لێرە هەر ئێمام و پێش نوێژی ئێمەیە...))

((ئێوە كێن؟ ناوت؟))

((ناو، حەسەن، كوڕی سۆفی فەیزوڵڵا... وەرزێر...))

((گرووبان بینووسە!))

شوفێری گرووبان دەفتەرەكەی لە بەرِكێ دەردێنێ، سەیرێكی حەسەنی دەكا. حەسەن ناوی خۆی و باوكی و پیشەكەی دووبارە دەكاتەوەو ئەویش دەینووسێ.

زاوا، كاكە نەوشیروان، كە لاوێكی باڵا بەرز و شۆخە لەلای حەسەنەوە وەستاوە، لە پشتەوەڕا سەری خوار كردۆتەوەو نووسینەكەی گرووبان سەیر دەكات.

یاریدەدەر تاوێك بەو دارۆكەی بن هەنگڵییەوە چەناگەی خۆی دەخوراند، دوایەش بەسەر و ڕوویەكی ترشاو و دڵێكی ڕەنجوورەوە بە حەشیمەتەكە دەڵێ: ((بەهەر حاڵ من نەهاتووم دەگەڵەوەیدا چەنەی لێدەم... دەستوور دەستوورە... ئەوەی دەستوور جێبەجێ نەكا جگە لەوەی قەرەبوو ناكرێتەوە دەدرێتە دادگای سەربازیش- ئیدی من قسەیەكی دیكەم نییە...))



مامۆستا چاوی بەرداونەوە، هێندێك سوور هەڵگەڕاون، هێندێك سپی بووون- هێندێك زەرد و سپی هەڵگەڕاون... دەرپەڕیویە ئێسكی روومەتی هەمووان دیارە- هەموو هەر پیشێ دەخۆنەوە بەرخۆیان.

((حوكومەت زۆری بۆ كردووین جا هەرماوە بێت و كۆخ و زەنجەكانمان ئاور تێبەردا؟ ئەوەتا ئەوە پوورە فاتێیە، كە چەند ساڵێك لەمەوپێش شەهید بوو و كچەكەشی دەو وڵاتە شارستانیەیدا بێ سەرو شوێن بوو و ونبوو، و ئێستاش خۆی و مانگایەك و دوو بزنۆكە پێكەوە، دەژین و پیاوی ئاواییش لە ڕاهی خودای زەوییەكەی بۆ دەكێڵن و دایدەچێنن. دە ئاوازی قسەكانیدا هەموو ئەو بەسەرهات و مەینەتی و رۆژ ڕەشیانەی تێدا دیاربوون: دەنگەكە ڕەگی گریانێی پێوەیە، ریشەی تووڕەییەی تێدایە، دەماری نەفرەت و تۆڵە ئەستاندنەوەو تێماوی و ددان دەچیڕەوە- بردنی پێوەیە- سەدان دایك بە ئاوازەی قسەكانی وەگرییە هاتوون، بۆ كوڕە كوژراوەكانیان، بۆ كچە بێ سەرو شوێنەكانیان... و ئێستاش بۆ ئاوارەیی و خانە خراپ و ماڵ وێرانیەیان...

تۆ پێتوایە ئەو كابرا عەرەبە هەستی ئەو شتانە بكا؟- نا، ئەمانە خۆ نوێنەری میللەتی عەرەب نین. ئەوانە نە نوێنەری ئیمروئیل قەیس و نە نوێنەری ئەبول عەلائول مەعەڕڕی و نە نوێنەری تەنانەت ئیبین سەعیدیش. ئەوانە مشتێك ((سادیست))ن، ئاڵوودەو شێتی مرۆڤ كوژیەن و ئەلهای تێكدانێ؛ ئەوانە تەنیا چێژ لەو خانووەی نێو نێڵەی ئاگری و دیتنی دایكێكی كە خاك و خۆڵ و قوڕێ وەسەری دەكات و دەگریا و خۆی دە خۆڵێ وەردەدات، یا دیتنی ئەو بابەی دەیهێننە سەر تەرمی كوڕە كوژراوەكەی وەردەگرن. ئەوانە چێژ لە دیتنی داڕمانی سوزی ئینسانی، و پیاوەتی. هەرەسی میهری دایكەتی و باب و فرزەندی و وێرانی و داڕمانی مرۆڤایەتی دەبینن. حوكومەت بەوانەوە حوكومەتە- سەرانی بەعسیش سەد پلە لەوانە خراپ و بەدترن... یاریدەدەر ئاوڕێكی لە ژنەكە دەداتەوە، هیچ ناڵێ، دیارە پشووان دەخواتەوە-لە جیاتیان ڕوو دە حەسەنی دەكاتەوەو دەڵێ: ((تێگەیشتن؟))

حەسەن چ ناڵێ. یەكێك لەناو حەشیمەتەكەوە بە دەنگێكی بەرزەوە دەڵێ: ((من ئەگەر شادمارەكانی هەموو لەشیشم دەرێنن لێرە نابزووم!...))

((ئەوە كێ بوو... گوتم كێ بوو؟))

كەس وەڵام ناداتەوە. یاریدەدەر دەمانچەكەی لە كیفێ دەرێناوە و لوولەكەی كردۆتە نێوچەوانی حەسەنی. هەموو مات و مەلوول و حەپەساو و هەراسان سەیری یەكتری دەكەن، هەموویان حەپەسان، هەرماوە دەست لە ماشەكەی بكێشێ.

((کێ بوو- تۆ بڵێ؟))

((من ئەوەتام بە تەك تۆوە... من چووزانم، لە خۆی بپرسە...))

((من لە تۆ دەپرسم...))

پوورە فاتێ دەزریکێنێ ((ئای، دەیەوێ کوڕێژگەی خەڵکی بکوژێ!... جەللاد، بۆ دەیکوژی!... نەهێڵن بیکوژێ!...))

دوو سێ کوڕە لاو بە دزیەوە چوونەتەوە ناو ئاوایی، پێدەچێ چەکیان دەبەر پشتێندێدا بێت... دەکەنە جموجۆڵ...

مامۆستا دەڵێ: ((کوڕینە کاری منداڵانە نەکەن... ڕاوەستن، ئارامتان بێ، بابزانین دەبێ چبکەین!...))

((گوتم لە تۆ دەپرسم!)) ئەوە هەر ماوە ماشەی بکێشێ و هەمووان وەحەسێنێ، کە دەناوەڕاستی حەشیمەتەکەیرا خەسرەوی کوڕەکەی حاجی حەمە سووری دەڵێ:

((من بووم!))

((تۆ کێی، ناوت؟))

لوولەی دەمانچەکە هاتۆتە خوارێ، حەشیمەتەکە هەر چۆنێکە هەناسێکی دەدەنەوە، هەموو سەرەکان بەلای خەسرەویدا وەردەچەرخێنەوە. دایە شیرین بە تەنیشت سوورە گوڵێ کچەی کەژاڵێیوە ڕاوەستاوە و ڕەنگی پێ نەماوە... خودا بەخێری بگێڕێ... ئەو هەموو ڕێیە لە سلێمانیەوەڕا هاتوون تا بەخێر و خۆشیان لێ بگوزەری- لێرەش ئەوەتا ئاوا!

((خەسرەوی کوڕی حاجی حەمە سوور...))

گرووبان ناوەکەی دە دەفتەرێدا دەنووسێ. هەموو لەسەر هەست و چاوەڕێن، دڵە خوتەیانە.

((بیگرن!))

چوار سەرباز لە ئۆتۆمبێلی یەکەم خۆ فڕێدەدەنە خوارێ و حەسەنی دەنێوە خۆیانەوە دەگرن.

((ماڵەکەتان کامەیە... پێشانیدە!))

خەسرەو ڕەنگی بە ڕووانەوە نەماوە. بە پەنجە خانووێکی دە دێیدا پێشاندەدا- لە پشت مزگەوتێ.

((بیسووتێنن!))

چوار سەربازی دی لە ئۆتۆمبێلەکەی بازدەدەنە خوارێ.

((موختار، ماڵەکەیان پێشانبدە!...))



موختار ئەولاو لای دەکا، زەردەخەنێکی دڵدانەوێی بە لێوانەوەیە: ((جارێ هەروا کەمۆکەك ڕاوەستن... ئێوە ماندوون، جارێ هەر نەبێ کەوچکە دۆیەکی وەخۆن...))

حەسەن قسەکانی وەرناگێڕێ. موختار، ئەلحوکمولیللا، وەپێش دەکەوێ، ماڵەکە پێشاندەدا، دیارە هەر زوو بیری هەمموو شتێکیان کردۆتەوە-قوتووە بەنزینیان ئامادەکردووە. چوار سەربازەکەی هەوەڵێ خەسرەویان گرتووە، چوار سەربازەکانی دووەمێ و گرووبانەکە گەیشتوونەتە خانووەکە-لە دوورەوە دیارە. ماوەیەك بە دەوری خانووەکەدا دەگەڕێن، ئەوەی دەقوتووەکاندایە بە هەر چوار لای خانووەکەیدا دەکەن... و بڵێسە لە پڕ، هەر جارەی دوای چەند سانیەیەك، لە هەر چوارلاوە زمانە دەکێشی و کڵپەی دەکا. دوای چەند ساتێك باوەشەگڕ و دووکەڵێك ماڵەکە لە خۆوە دەپێچێ... ((ئای بەدبەخت، هەی بێچارە!... دوو گوێلك کە نەچوونەتە گارانێ پەتیان پساندووە و بەو ناوەیدا ڕادەکەن. ژنی ماڵەکان قاوقیژیان نابۆوە... منداڵە بەستەزمانەکان بە داوتەژگەڵی دایکیانەوە هەڵ ڕووسکابوون- هێندێکیان دەگریان... چەند پێشمەرگەیەك دە دێیدان، چەك دە دێیدا هەیە، بەڵام مۆڵەتی بەرگریە نییە- حوکومەت لە پەڵپ و بیانوان دەگەڕێ، هەندێ باڵ دەنێو حوکومەتدا خەریکی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەن- نابێ بە هانەیان بدرێتە دەستێ...! سەربازەکان هاتنەوە، ماڵەکە هەروا دەسووتێ، ڕەنگی خەسرەوی بە تەواوی تێکچووە- هەر دەڵێی لەوێش نییە، یاریدەدەر نیشانەیەك دەدات، گرووبان فیکەیەکی دەکێشێ، ئۆتۆمبێلەکان وەگەڕ کەوتوونەوە. بە ئاماژەی یاریدەدەری ئەو سەربازانەی کە خەسرەویان گرتووە بەرهەڵدای دەکەن، یاریدەدەر بەدەستی لە پشتی شۆفێرەکە دەدا، یانی وەڕێ کەوێ... حەشیمەت تێك دەقژێ... یاریدەدەر دەست بەرزدەکاتەوە... زرێپۆشەکە لە ئۆتۆمبێلەکان-سەرباز هەڵگرەکان- دوور دەکەوێتەوە و لوولەی تۆپ و شەستتیرەکەی دە حەشیمەتەکەی دەکا... حەشیمەت دەکێشێتەوە دوایە... یاریدەدەر بارمتەی دەوێ.

((باشە بارمتە بۆچی؟))

بۆ وەی تا گوندەکە بێ ئاژاوە چۆڵ کرێ و بەیانی کە مەئمورانی تێکدانی گوندی هاتن کەس خۆیان تێنەگەیەنێ و نارەحەتیان نەیەتە پێشێ.

یاریدەدەر هەمدیس دەست بەرزدەکاتەوە، شتێکی بە گرووبانی دەڵێ... دووجاران دە هەوایدا دەست هەڵدەتەکێنێ- زرێپۆشەکە یەك دوو دەسترێژان دەکا. سەربازەکانی ئۆتۆمبێلی دووەم لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیون و بەناو ژن و ژاڵ و کیژ و کاڵەکان وەربووون. ژن و ژاڵەکان وەك جوجکە و مریشکی ڕێوی وەنێو کەتوو باڵان لێکدەدەن و قاوقیژیانە. ئەوانەی دوورترن ڕزگاریان

بووەو تێیان تەقاندووە، شەش ژن و کچ و دوو کوڕیژگەیان گرتوون- بەرەو ئۆتۆمبێلەکانیانەوە دەبەن. یاریدەدەر ئاگای لێیە- ژنە بەرچاوەکان بەشێکی بارمتەکانن... بارمتەکان بە تۆبزی دە ئۆتۆمبێلەکاندا دادەنیشێنن... زریپۆشەکەش هەروا لەخۆوە دەستڕێژان دەکا...

مامۆستا دەڵێ: ((ئەلحوکمولیللا... موقەددەرە... قەیناکا... منیش دەگەڵەواندا دەچم، ناکرێ کۆمەڵە ژن و کچێك هەروا بەو جۆرە بدرێنە دەست ئەو خوانەناسانە...)) دەچتە پێشێ و بە هەر زمانیکیە یاریدەدەری ماڵی دەکا کە ئەویش دەیهەوێ دەگەڵ بارمتەکان بێت. یاریدەدەر ئەم پێشنیارەی زۆر پێ خۆشە و پێشوازی لێدەکا. سوورە گوڵێش هەر یەکێکە لەوان، دایە شیرین دامێنی کەواکەی مامۆستای گرتووە، ئەویش دەیهەوێ بچێ... باشە، قەیناکا-با ئەویش بچێ...

کاروانەکە دوور دەکەوێتەوە...

شەوە، شاییەکە وەپرسە گەڕا. نانی دەخۆن، کە پەیامی حزب دەگاتێ و هەواڵ دەدا کە لە دوێنێوە شەڕ لە تەواوی بەرەکاندا زۆر بە توندی گەرمە و دەستی پێ کردۆتەوە!. کاوە هەروا خۆی دەخواتەوە، مەسعود و کوڕە خاڵەکانی دیکەش بە ئاشکرا ئەوەی بەسەر زاریاندا دێ لە جنێوان دەیلێن: ((کەس نازانێ لەو سەرەوە چ ناماقوڵییەکی دەکەن! هەر دەبێ چووبن مۆڵەتیان لە ئاریامیهرەوە وەرگرتبێ- ئاخر بەبێ وی خۆ ناوێرن قامکێ دەئاوێ نێن!...))

راستیش دەکەن، ئێستا ئاریامیهر هەموو شتێکی شۆڕشە-بڕیاردەر هەر ئەوە، هەر ئەویشە کە دەفەرمووێ کەی شەڕێ بکەن و کەی نەیکەن... و تازەش هێندە کەل و پەل و پێویستییەکانی شەڕێ نادا سێ رۆژی بەرگری و شەڕێ زیاتر بکات... پێویستییەکان بە دەستەندە دەدات و وێسکیش بە بەرمیل...

دیارە ئاریامیهریش هێندە گوناهبار و کەمتەرخەم نییە، شێوازی کارەکان زیاتر عەشایەرین، ئێستاش کە پێشمەرگە پێکەوە بە کۆمەڵ چالاکییەك ئەنجامدەدەن کاتی پشوودانێ پاسەوان و ئێشکگرێکی دانانێن، ئێستاش کە دەچنە شەڕێ بێ تێ خوێندنەوە دەچن، بە چەقی رێیەدا دەڕۆن، زۆرجاران دە بۆسە-کەمین- دەکەون. دوژمنی بە ئەسیر دەگرن. بەڵام کەمتەرخەمیە دەچاوەدێری و ئاگا لێبونێیدا دەکەن. هەروا زۆر لەمێژ نییە ئەفسەرێکیان دابووە دەست پێشمەرگێکی بۆ بنکەی حیزبی بەرێ. پێشمەرگەکە بەدەم رێوە چاوەدێرییەکەی بە مایەی دۆستایەتیە دەگەڵ ئەفسەرەیدا گۆڕیەوە: لەسەر کانی و ئاوێکی لە تەنیشت وییەوە تفەنگەکەی وەبن سەری خۆیدا و لێی نووست. یارۆش بەشێوەی بەعسیان نەیکردە نامەردی و وەك هەمان ورچی نێو حەکایەتێ، بەڵام بە نیەتی بەعسیانەوە، هات بەردێکی گەورەی



هەڵگرت و بە تەپڵی سەری پێشمەرگەی نووستووی دادا و تفەنگەکەی تاودایە و لێیدا چۆوە!... لە بەغدایە دە تەلەفزیۆنیدا ئەوێلاخ یابەی دەگوت...

ئێستاش هەروایە... سەدان بێتەلیان لە حوکومەت و سوپای عێراقێ دەستکەوت بووە، سەدان تێکنیسیۆنی کارامە و لێزانیان هەبوو، کەچی پەیام و نامە و هەواڵیان هەر بە تەتەریدا دەنارد! لە بنکەی بووی، پێشمەرگەی بەرپرست دەدیت جارجارە دەستێکی دەکردە سێبەری چاوی و دەڕێی هاتنی پەیك و پەیام و تەتەری حیزبەوە ڕادەما، دوای کەمێك، ئەگەر بەخت یار بایە پیاوێکی هەنبانە بەکۆڵت دەدیت ئەوە بە هانکە هانك و هەناسە بڕکێوە دەهات و یەك چنگە بلاڤۆك و نووسراوی دێنانە دەرێ. یان نا، تەنیا دەیگوت: ((گوتیان گەیشتووە)) یا ((ناڕەحەت مەبن بەو زووانە دەگات...)) یا ((گوتیان بۆ خۆشمان تفاقمان نییە!...)) و لەم بابەتانە... و ئێستا ئەوە شەڕیش وەك خۆیان دەڵێن لە دوێنێوە لە هەموو قۆڵەکانەوە بە سەختی دەستی پێکردۆتەوەو لێرەش کەس ئاگای لێ نییە...و کۆمەڵە ژن و کیژو کاڵێك بە بارمتە براون!...

رۆیشتن... ئا، وەك بڵێی لە چەمچەماڵن، یا لە ناوچەیەکی سلێمانین!... شەڕ بەربڵاوتر ببوو... بەڵێ، وەك گەیشتبنە ناوچەیەکی شارستانیانە. وای، رۆژی ناخۆش بە چاوان نەبینی!... هەر کە لە جادەی بایاندایەوە کتوپڕ لووتیان بوو بە لووتی دیمەنێکی زۆر سەیرەوە... وای، کافر نەیبینێ، هەر تەرمە و بە درەختانەوە هەڵواسراوەو دێن و دەچن-چەند تەرمێکیش لە قەراغ جادەکەوە کەوتوون... تەرمەکان هێشتا بۆنیان نەکردووە... دایکتان بمرێ خوایە...! وای، منداڵێك وا بە سینگ و بەرۆکی دایکە مردووەکەی هەڵدەگەڕێ!...

ژنەکان هەموو دەزریکێنن، ئۆتۆمبێلەکە دەینالاند، بە لاپاڵی کێوی هەڵدەگەڕا بۆ سەرێ... سوورە گوڵ بەسەرو پرچی ئاڵۆزەوە، وەك شێتان، خۆی فرێدایە خوارێ و لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی... ئۆتۆمبێلەکە هێواش دەڕۆیی، دەگەڵ ئەوەشدا یەك دوو تلی خوارد... هەستایەوە... سەربازەکان بەدەست لە پشت سەری شۆفێرەکەوە لە ئۆتۆمبێلەکەیاندا، تا ڕایگرێ و کردیانە شێواوی و قۆنداغە تفەنگیان دەکارخستن... دوو سەرباز خۆیان لە ئۆتۆمبێلەکە فڕێدایە خوارەوە. ژنە گەیوەتە کچە ساوایە بێ دایکەکە... منداڵەکەی هەڵگرتبۆوەو لە باوەشێی کردبوو... دەنگی هیسە هیسی بانسی ئۆتۆمبێلەکان ئەو دۆڵەی پڕکردبوو-ئۆتۆمبێلەکەی راگرتبوو... ژنە منداڵەکەی بە باوەشێوە بوو و بە هەناسە بڕکێوە دەهاتەوە... دەمولێوی خوێناوی بوو... سەربازەکان گەینە ژنەکەی، یەك دوو قۆنداغە تفەنگیان وەخراندنە شان و پیلانی، ژنە دەستی وەبەر منداڵەکەیدا... ژنە زریکاندی و منداڵە

زریکاندی... دایە شیرین قۆڵی ڕاوەشاند... ژنەکان زریکاندیان... مامۆستا دەمولێوی بە دوعاوە دەجوولا، دەشلەرزی... یەکێك لە کوڕە جحێڵۆکەکان دەستی بۆ پشتێندێ برد و سەربازەکەی بەرامبەرێی دایە بەردەمانچان... سەربازە کەوت... ئاواڵە سەربازەکەی تەنیشتیەوە تەقەی لە کوڕە جحێڵۆکەکە کردەوە... گوللەکەی وەزگی کەوت، کوڕە لار بۆوە، کەوت، گرمۆڵە بوو، شل بۆوە، دوایەش وەك شتێکی لەنێو قەدێڕا پسابێ مات بوو... گوللەیەکی دیش وە پاژنەی پێی شیلانێ کچەکەی پوورە سۆیلەی کەوت... کچە زریکاندی... ژنەکانیش زریکاندیانەوە، کچە پاژنەکەی بە هەردوو دەستان گرت... سەربازەکان بە قۆنداغە تفنگان کەوتنە وێزەو گیانی کوڕێژگە جحێڵۆکەکەی دی و مەلای، دەو بێنە و بەرەیدا بە تەنیا دگانی مامۆستای شکا و خوێنی بە دەمولێواندا هاتە خوارێ... سەربازێکیان منداڵە ساوایەکەی لە باوەشێ ژنەکەی کردەوەو هەر لەولایەڕا هەڵیدایە ناو هەڵدێر و خەرەندێوە... ژنەی تاین زریکاندی و بەربۆوە- زریکەی منداڵەکە تا بە هەواوە بوو هەر دەهاتە گوێ... دوایەش دەنگی نەما... ژنەکان زریکاندیان و چاوی خۆیان نووقاند- قووچاند- و سەریان بە تەختی ناو ئۆتۆمبێلەکەی کرد... ژنەکە هەر کەوتبوو... سەربازەکە نووکە پێیەکی تێوەژاند، ژنە وەك پارچە پەڕۆیەکی کۆنە کەوتە سەرتەنیشتێ... ((کەلب ئیبن کەلب- ئیسرائیل سانی- کلب ابن کلب- اسرائیل ثانی!))[10] گرووبان باغەڵ و بەرکی کوڕە جحێڵۆکەکەی بە تاڵ دەکرد... دەگەڵ سەربازەکانیدیدا لە ئۆتۆمبێلەکەیان هەڵداشتە خوارێ... تەرمی لاوەی بە دەنگێکی نزمەوە بەربۆوە عەردی... دەموچاوی ژنەکان دەخوێنی ناو بۆدی ئۆتۆمبێلەکەوە چووبوو... هەموو ئۆتۆمبێلەکان وەستابوون... ئەفسەرەکە هاتبوو... دەست ڕاگرن!...

مۆتەکەیەکی سەیر بوو... ڕووداوەکان زۆر خێرا قەومان... وەك چۆن دەمۆتەکەکەدا... چەناگەی بەعسییەکان دەلەرزی، ژنەکان هەوت ببوون، تەرمەکان دەهاتن و دەچوون، تەرمی لاوەکە لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە کەوتبوو... تەرمەکان دەهاتن و دەچوونەوەو بە هەوای برایەتی کورد و عەرەب... و ((عاش یا سەددام))ەوە دەخولانەوە...

تەرمەکان هەر دەهاتن و دەچوون... زەردەخەنە هاتبۆوە سەر دوولێوی بەعسییەکان... کچە ساوایەکە دەهەڵدێرەکەیدا کەوتبوو، سوورە گوڵ دە ئۆتۆمبێلەکەیدا دانیشتبوو، سەری دایە گەورەی بە کۆشی خۆی کردبوو... سەرنجەکانی دە دوورەوە بڕیبوون... دەهەڵدێرەکەوە؟ دە پشتی ئۆتۆمبێلەکەوە؟ دەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا نەمابوو... تەرمەکان دەهاتن و دەچوون...

---

(١٠) سەی کوڕی سەی- ئیسرائیلی دووەم... (وەرگێڕ)



تەرمەکان هەموو لاوبوون... بەیانی و دوو بەیانی هەموو پیر دەبن- تەرم زوو پیر دەبێ، تەرمی پیر زوو دەڕزێ... لاشە و کەلاکی دڕندانیش... بەعسییەکان شارستانی بوون... زیندوو بوون هێندێك ڕۆیشتن-دە ئۆتۆمبێلەکان و دەرەوەی ئۆتۆمبێلەکاندا... دەگەڵ تەرم و کچە ساوایەکاندا... بەعسییەکان شارستانی بوون... ڕۆیشتن، بەعسییەکان ڕاوەستانەوە، هەروا چەند هەنگاوێك دوورکەوتنەوە بە بەرچاوی ژنەکانەوە پانتۆڵیان داماڵین... کیژە بریندارەکە پاژنە پێیەکەی دە دەستی گرتبوو و کچانە دەگریا، ئاخ و ئۆخی بوو... بەعسییەکان پێدەکەنین... بە دەم پێکەنینەوە پانتۆڵەکانیان داماڵین، میزتن- گەورەو بچووك... لێبوونەوە، دەو دەمەی کە پانتۆڵەکانیان هەڵدەکێشانەوە بە دەم پێکەنینەوە هاتنەوە... ئادەمیزاد و مرۆڤی شارستانی ئاوایە... هەمیشە زەردەخەنەی بە لێوانەوەیە... عەرەب هەمیشە هەر شارستانی بووە... دەبیسینەوە کە چۆن شێخە گەورەکانی عەرەبان دە کادیلاکە ئاخرین سیستەمەکانیاندا کە میزیان دێ هەروا لەسەر شەقام و شاڕێیەکاندا هەر لەوێ دەستێکی لە پشتی شوفێری دەدەن، ئۆتۆمبێلەکە ڕادەگرن و دیشداشەکانیان بەهەر چوار لای خۆیاندا بڵاودەکەن و وەك مریشکە بە کورکێ سەر هێلکان هەڵدەنیشن و کارەکەیان ڕایی دەکەن- جا گەورە یا بچووك. لە دۆستێکم بیست کە دەگەڵ یەکێکی لەو شێخانە هاتوچۆ هەبوو- دەهات و دەچوو. جا چ مۆبیلیاتێك و چ ڕایەخ و چ کەل و پەلێك- چ خانووبەرەو کۆشك و تەلارێك! گوتی ڕۆژێکی لەسەر یەك لای مۆبیلە ئیتالییەکان قشپلی بزنێم دیت. پرسیم، گوتیان: ((حەمادی کوڕە گچکەی شێخی ڕۆژانە دەگەڵ بزنەکەیدا لێرە گەمان دەکا، بزنەکەی لە پایەی مۆبیلەکەی دەخاو دەیبەستێتەوە- ئەوە ئەو قشپلانە ئیوین... ئیسرائیل ثانی!...

ئەمانە نوێنەری میللەتی عەرەب نین... ئەمانە مایەی شوورەیی و نەنگی و بێ ئابڕوویی میللەتی عەرەبن.

ژنێ پوورزای زاوەو جمك- دووانە-ی بوو- دوو کچ. چووە ناوی لێناون سەبرا و شاتێللا... پیرۆزە!

پوور حەلیم بەسەرسامییەوە دەیپرسی: ((دە تۆ وەرە، تا ئێستا هیچ عەرەبێك ناوی منداڵەکەی خۆی ناوە هەڵەبجە یا سورەییا؟!))

ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان نووسیان: لە گوندی خدرانێ، کە دەکەوێتە پارێزگای هەولێرێ چەند کەسانێکی گوندی بە دنەدان و هاندانی مەلای کۆنەپەرستی ئاوایی و چنگێك ئاژاوەگێڕ کە دژی هەموو چاکسازی و ئاوەدانکردنەوەیەکن، تەقەیان لە دەستەی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی نەخشەکێشانی ئاو ڕاکێشانێ کردووە و مەئمورانیش وەڵامی تەقەکانیان

داونەوە و بەداخەوە دووکەس لە مەئموران بریندار بوون.... هەر بۆیە بە تەواوی ئەو تاقم و دەستە ئاژاوەگێڕانە رادەگەیەنین و هۆشیاریان دەدەینێ ئەگەر بێت و لەمەودوا بەر لە هیچ هەنگاوێکی کاری شارستانیانەی حوکومەت بگرن زۆر بە توندی بەرپەرچ دەدرێنەوە و لێیان دەدرێ. پێشکەوتن و شارستانییەت هەر دەڕوا و ڕاناوەستێ...

ڕۆژی دواتر خەڵکی گوتیان: هەزار رەحمەت لە بابی ئەفسەرەی، ئەگەر وەکو ئەوەی کە خەڵکی سورەیییای هەموو دانە بەر شەستیران ئەویش وای لێکردبا و هەمووی کوشتبان چیان دەکرد! ئاخر ئەمە ((یەکەی تایبەت)) بوو...

سورەییا گوندێکی نزیك زاخۆیە، فەلەنشینە. هێندێك ماڵە کورد پەنایان بردبووە بەروێ فەلەکان پشتگیری شۆڕشیان دەکرد. سەدام ویستبووی چاوترسێنیان بکا، یەکێکی شێتەی ئەو ((یەکە تایبەتی))یەی ناردبوو ئاگاداریان کاتەوە. ئەفسەرە هەموو خەڵکی گوندەکەی-بە پیر و ژن و منداڵەوە- تێکڕا بە یاغی لە قەڵەم دابوون... پیاو و کوڕە لاوەکان هەموو لە چیای بوون. پیرو ژن و منداڵەکان، هەموو چوون لەلایەکییەوە راوەستان-هەموو دەست بە سینگەوە... ئەفسەرەش لەلایەکییەوە راوەستا، دڵ پڕ، بەرامبەر حەشیمەتەکە- لە عادەت بەدەر کلاشینکۆفەکەی بە ملیدا هێنابووە خوارێ- بە لێکدانەوەوە راوێچکەی دەکردن. هەموو چاوەڕێ بوون لێو هەڵێنێتەوەو شەکرێکی بشکێنی و دوڕ و گەوهەران بپژێنێ. ئەفسەرە لەپڕ سەری هەڵێنایەوە، ڕاوەستا و لوولەی کلاشینکۆفەکەی دە خەڵکەکە کرد و ماشەکەی کێشا... چەند خەششابێکی گۆڕین، شەست کەسێکی کوشت، ئەوەی مایەوە بریندار بوو... زۆر بە زەحمەتیش هاتەوە سەرخۆ. چاپەمەنییەکانی ئەورووپاش نووسییان، بەلام هەر نووسیان (ئەوەش گوایە سەددام نەوتی خۆماڵی کردووە)، بەڵام پلە بەرزبوونەوەی ئەفسەرەکەیان نەنووسی...

خەڵکە رزگار بووەکە-ژن و منداڵەکان- تووشی بارێکی دەروونی زۆر نالەبار و سەیر ببوون، خۆ ئەگەر ئەفسەرێکی دیکەی سەددام نەیە و کۆتایی بەوانەش بێنێ، ژیانێکی سەیرو سەمەرە و نامۆیان هەیە و دەژین: ئیش ناکەن... بەڵام هەر کارێکیان پێ بسپێری دەیکەن، هێندێکیان هەن بە سەعات لە نێو خەڵکی، یا بەتەنێ لە پەنایەکی دادەنیشن و دەنوختێکییەوە رادەمێنن و چاوی لێ ناگوێزنەوە. هیچیشیان لەسەر و سیما و رەنگ و رواژایان ناخوێنییەوە کە دەروونیان چی تێدایە- چاوەکانیان هیچ حاڵەت و بارودۆخ و شتێکی وایان تێدا نییە، وەك چاوی مەڕێ.

سەیری چ دەکەن؟

هێندیکیشیان بە شەو و بەڕۆژ هەردەنوون، دەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەر ماندوون، لەش و لاریشیان بێ عەیبە. وەڵامی پرسیاران بە پەرت و بڵاوی و بێ ڕێ و جێیی دەدەنەوە:



((ئەرێ کاکە فرانسوا و دایە ڕۆزا لە کوێن؟))- ((دەڵێن مانگایەکی زۆر چاکیان لە تورکیاڕا هێنابوو...))- ((کاکە سەرکیس، ئەوە بۆ وا هەر بە بێدەنگی دانیشتووی، بۆ شتێکی نالێی؟...))- ((ئەفسەرە هاتبوو چوکولیاتی بۆ منداڵەکان هێنابوو، لێم خواردن- تێرم، بێی تۆ ناخۆش چووبووینە سەیرانێ!...))- ((کاکە شمۆئیل، دە شتێکی بڵێ!...))- ((لە دووی خوشکەکانم دەگەڕێم، لەناو باغی لە تەنیشتمەوە بوون... ئێستا هەرچی دەکەم نایانبینمەوە... ئەرێ لەماڵەنگۆ نین. ئەگەر دیتتن بڵێ بێنەوە ماڵێ ئیشم پێیانە، بووکێنیە دایەیە... ((هێندێکی لە بنی قاپەکەیدا بێڵەوە، بۆ برایەکەم، بەستەزمانە نێوەڕۆژەی نەخواردووە... هاتم ئاوێ بۆ بابە گەورەی بەرم... ئاوی دەویست، تینووی بوو. دەیگوت سووتام... قومێك ئاو- سووتام!))

چ دەبینن سەیری چ دەکەن؟

پیرێژن ئێستاش کە ئێستایە هەر دەگەڵ نەوەکانیدا دەژی... دوو پشتیان دەناو جێیدا دەگەڵە خۆیدا دەنوێنێ- درێژیان دەکا، بەردەوام لەسەریان هەڵدەستێتەوەو بە ئاهەنگێکی دایکانەو دەردەدارانەوە دەپرسێ: ((ئاوت دەویست، یۆلیۆس؟ تۆ تینووت نییە، نێرگز؟)) و پشتییەکان ئەو دیو ئەو دیو دەکات: شمەد ئالا، شمەد بابە، برۆنە، روحول قودچە!))[11].

چ دەبینن سەیری چ دەکەن؟

خەڵکێکی گوێڕایەڵن، هەر کارێکیان پێ بڵێی دەیکەن: باغچەی دەدەنەوەو بێڵکاریەی تێدا دەکەن، ئاوێ دێنن، مەڕ و ماڵاتی دەبەنە دەشتێ، گیای دەدروونەوە، خەرمانی دەکوتنەوە... بەڵام خۆیان هەروا لە خۆوە هیچ کارێکی ناکەن... ئەوەی دەیکەن تەنیا هەر تێی ڕادەمێنن، لە هەر جێیەکی دانیشن دەنوختێکەوە، لە گۆشێکییەوە، چاو دەگێڕن و ڕادەمێنن...

چ دەبینن سەیری چ دەکەن؟

شەوێ گەیشتنە سلێمانی، لە پادگای-موعەسکەر-ێ دە ژوورێکیان کردن- بێ هیچ راخەر و لێفە و پەتوو و سەرینێك- بێ نان و ئاو... تازەکێ نانی پێ دەخورا؟ دگانی سوورە گوڵێ شکابوو و بە درێژایی شەوێ لەبەری بە ئازار بوو. مامۆستا و کوڕە لاوەکەی مابوو لێکیان جوداکردنەوە... وەزعێکی سۆز ناك و نالەباریان هەبوو، دەگەڵ ئەوەشدا وەك بە بێدەنگی قسەیان یەکخستبێ و بڕیاریان دابێ بەلالانەوەو کرووزانەوەی بێ جێ دوژمنی بە خۆیان خۆش نەکەن. هەموویان وەك سۆز و بەڵێنیان بەخۆیان دابێ لەبەرامبەر ئەم پێشڕەوانەی

---

(١١) بەناوی خوا، و باب و کوڕ و روحی قودوس.

شارستانیەتەدا بەرگری لە دڕندایەتیە خۆیان بکەن... جانەوەری دڕندە دە مەلاسکەی نازانیٚ، هیچی ناویٚ، دەست ماچ ناکات و نایلیٚسیٚتەوە...

بۆ سبەی بەیانی زوو سواری ئۆتۆمبیٚلیٚیان کردن و بردیانن-بۆ کویٚ؟ نازانن، دوای چەند ماوەیەك گەیشتنە کەرکوك. کەرکووکیان نەدیبوو، لە قسەی سەربازەکانیانەوە زانی. لە ناوەڕاستی شاریان دابەزاندن. هەموو جێیەکی شاری سەربازبوو، تیپی مۆسیقا لەلایەکەوە، هەر لەو نزیکانەوە، دەیژەنی، ژن و منداڵ بە هەڵە داوان بیٚر و بەویٚدا دەهاتن و دەچوون، یا ڕاکە ڕاکەیان بوو... بەردیان تیٚدەگرتن... ((ئیسرائیل ثانی!)) ئەمانە زۆربەیان منداڵە عەرەب بوون کە ((حەرەس قەومی)) کۆی کردبوونەوە. دەنگی بڵند گۆی رادیۆیەکە بەرزبوو... لە دوکانی پینە دۆزیٚکییەوە بە ڕوونی دەهاتە گویٚ: مۆسیقای مارشی سەربازی بوو کە لە رادیۆکەوە دەهات، پیٚشەکییە بەیاننامەی ((فەرماندەی سەربازی))بوو:

فەرمانی لە سیٚدارەدانی یاخیبووان کە ناوەکانیان بە تەواوەتی لەژیٚرەوە هاتووە کە بەهۆی خیانەتیان بە نیشتمان لە دادگای شۆڕشەوە دەرچووبوو بەرەبەیانی ئەورۆ جیٚبەجیٚ کرا...

فەرماندەی سەربازی

سەرهەنگ: سەعید سەقللی

و ناوی لە سیٚدارە دراوەکان: چاو ڕەش، نەوشیروان، سەعید، سەربەرز، گۆران، ناسکە... بیست و پیٚنج کەس...

دایە شیرین دەگەڵ ئەو پەیمانەشی کە بەخۆی داوە تووشی نائومیٚدی و بیٚ هیوایی بووە... دەگەڵ هەر هەنگاویٚکی کە دەیهاویٚ دڵی زیاتر دەگوشریٚ. سەری دەگیٚژەوە دیٚ، بەرچاوی تاریك دەبیٚ و بە هەر هەنگاویٚکیش دیواریٚکی دە هەناویدا دەڕمیٚ. بەڵام هەرچەند جاریٚکی سەرنجی دەگەڵ سەرنجی سوورە گوڵیٚوە تیٚك دەئاڵقیٚ زەردەخەنەیەکی بیٚ رەنگ و ڕوو دیٚنیٚتە سەرلیٚوان: ((خۆت ڕاگرە، کچەکەم، دڵت قایم بیٚ، وامەزانە... ئەگەر حاڵیان چ بڕ باشبایە ئەوا پیریٚژنیٚکی وەك منیان بە کوچە و کۆڵان و بازاڕاندا نەدەگیٚڕا، تا بە خەڵکی بڵیٚن ئەوەتا فەتحیان کردووە. سوپاس بۆ خوا کوڕە لاو هیٚشتا هەرماون، ئیشاڵڵا هەر دەشمیٚنن، لیٚگەڕیٚ با منیٚکی پیریٚژن هەر بگیٚڕن... دەك خودا دەست بە باڵتانەوە گریٚ و ڕاوەستاوتان کا... دەك ئەو شیرەتان پیٚ حەڵاڵ بیٚ کە خواردووتانە- نۆشی گانتان بیٚ، گۆشتی پیٚ بگرن! دەك خودا لاڵم کا ئەگەر جاریٚکی دی پڕ دەمە هیچیان، کە مەچوونە ئیٚرە و ئەویٚ و مەچوونە شاخی!...))



منداڵە عەرەب هەروا بەردان داویٚن، بەردیٚك وەنیٚوچەوانی دایە نازیٚ دەکەویٚ، لەجیٚی بەردەکەوە خویٚن فیچقەی دەکا. دایە ئاخیٚکی دیٚتیٚ و دەستی بۆ نیٚوچەوانی دەبات، خویٚنەکەی ڕادەگریٚ، سەیری خویٚنەکە دەکا... ((چ بوو؟ خۆ چاوت هیچی لیٚ نەهاتووە تا!؟))-((چاوم هیچی نەبووە، بەڵام بریا هەر دوو چاوم کویٚر بانایە و ئەو کوڕانە نەمردبانایە!)) پیٚی دەگریٚتەوە. برینەکەی بە لەچکەکەی دەبەستیٚ، سەربازەکان پاڵیان پیٚوە دەنیٚن، بەعسییەکان پیٚدەکەنن... هاموشۆکەران بەچاوی تووڕەیی و ڕق و نەفرەتەوە سەیری سەربازەکان دەکەن و ڕوو وەردەگیٚڕن، زۆر بە گرژییەوە، وەك بۆنیٚکی ناخۆشیان بە لووتیدا هەڵاچووبیٚ.

ئەویش ڕووی لەم دیمەنە وەردەگیٚڕیٚ، دەکەویٚتەوە بیری بەدبەختی و بیٚ چارەیی خۆیەوە: سەردەمی کچیٚنیەی، ئەو میٚردکردنەی، ئەو میٚردەی... ئەو کاکە دارایە نەوجوانەی، ئەو سەرگوڵە غەریب و بیٚکەس و بیٚدەرەی... دایکتان بمریٚ! کام ڕۆژیٚکی خۆشیەی دیت؟-لە ریسوایی و بەدبەختی و لاریە بەولاوە... ئەوەش شۆڕشە لاوەکەی... دایکت بمریٚ، ئەویش لەویٚ بیٚکەس ماوەتەوەو کەوتووە!... ئەوەش کوڕە لاوەکان... دایکتان بمریٚ!...

هەمیشە چاوی لەدوا ڕۆژەوە بوو، کە بەڵکە ئیٚ ئەوە خوایە ڕۆژیٚك بیٚت و ئەو دەرد و مەینەتی و تاڵیانە کۆتاییان بیٚت. لە دوای گوند بە دەرکردنیٚی هیٚندەی نەمابوو لە خەفەتان وەزگ دات. گوتیان دەردە باریکە-سیل-ی گرتووە... بەرگەی ئەو دەردە باریکەشی گرت. ئەوجا چ بەو... بڵیٚ... بەو خودا گیرەی- دەك ئاوە و ئاوچی و نەیەوە!- شووی کرد. دوایەش منداڵ پەیدابوون... ئیدی غەمی نەما- خوا تەمەن دریٚژیان کا- ئیدی ئەوجا دایك بوو. کە ژن بووە منداڵ پەیدابوون... ئیدی ئەو ژنەی جاران نییە، ئیدی ئەوە نییە کە وەدووی حەز و ئارەزووەکانی خۆی کەویٚ-حەز و ئارەزووەکانی هەمووی هەر ئەو منداڵەیە. یا منداڵەکانە. ئاواتی ئەوەیە ساغ بن، بیٚ وەی بن، چاك بن ئیدی هیچی دیکەی لە خودای ناویٚ- وەك باغەوانیٚکیە کە نەمامەکەشی وەبەر هاتووە، لە غەمی میٚشوولە و پیٚشکان ڕەخساوە... و منداڵەکان ماشەڵڵا باڵایان کردووە و وەك لاخەداری شمشاد هەڵچوون... خودا بیانپاریٚزیٚ!... بەڵام بۆ دەهیٚڵن؟...

دەو خەیاڵانەدا بوو کە خڕکە بەردیٚکی وە ئیٚسکی ڕوومەتیٚ کەوت... ئاخ! ... و هاتەوە سەرخۆی و لەو بیرو خەیاڵانە هاتەوە دەریٚ، کەوتە بن گۆمیٚ ئیٚش و دەردانەوە: چەتیوەڵەیەکی سەرو پرچ ئالۆزی ناشیرین بوو: ((ئەی بەعسی سەگباب!)) لە ریزەکەی هاتە دەریٚ و وەدوو کچە تیوەی کەوت. ژن و پیاویٚك لەسەر پیادەڕۆ- شۆستە-کەوە پیٚکەنین گرتنی...

سەربازەکانیش کەوتنە دووی پیرێژنێ و نەیدەگەیشتنێ... چەتیوە عەرەب دوو لاقی هەبوون دووی دیشی قەرزکردن و بۆی دەرچوو!

بەم جۆرەیان بەشاریدا دەگێڕان، دوایەش دەیانبەنە سەربازخانەی-بە زاراوەی خۆیان ((موعەسکەر)). لە بەیانییەوە ئیدی پێکەوە نین: دایە شیرین و دایە نازێ و پوورە فریشتە ماونەوە... سوورە گوڵ و نێرگز و شیلانیشیان بردوونەتە جێیەکی دی. بۆ کوێ؟-خوا دەزانێ!

ئۆردوگایان بۆ دروستکردوون- لە دەرەوەی شاری، دەبن چادراندا دەژین... شەڕ بەسەختی بەردەوامە. سەددام نزیکەی تەواوی سوپای عێراقیی هێناوەتە کوردستان، فڕۆکەکانی-مێگ و ئێلیۆشن و تۆپۆلۆف و هانتەرەکان- هەر مەپرسە چ دەکەن. فڕۆکەوانەکانی یەکیەتی شۆرەوی، دۆستی زەحمەت کێش و ناگزوورەکانی جیهان، هیندستانی خانمی گاندی، کچی نەهرۆی، دۆستی دیمۆکراسی، کە دە کتێبەکەیدا فرمێسکی تاڵ و سوێر بۆ کوردی ستەمدیدەو بێبەش و ناگزوور هەڵدەڕێژێ- چاوساغییە تۆپۆلۆفەکانیان بە ئەستووەیە و ڕێیان پێشاندەدەن: کۆمەك بە هەڵچوونی دیواری شارستانییەت دەکەن: گوند و ئاوایییە دواکەتووەکانی کوردستان کاول و وێران دەکەن، چونکە لەکەی شوورەیین بە داوێنی شارستانییەتەوە، ژن و منداڵ و پیرەکانیش بۆیە دەکوژن، چونکە هیچ ئامادەگییەکی بە شارستانیبوونیان تێدا نییە، ئەو دۆستانەی شارستانیش چەندین ساڵ دوای کوشتاری ژن و منداڵانی هەڵەبجە هەر بۆ ئاوی ڕوانیش جارێکیان بە کارێکی قێزەون باس نەکرد و لەسەری وەجواب نەهاتن- ئاخر کوشتارێکی پاکو تەمیزکاریانە بوو!... گوند و ناوچە کوردییەکان دەکوتن و چۆلیان دەکەن و لە جێی خەڵکەکەی عەرەبان دێننە سەر زەوی و شینایییەکانیان... بەڵام کوڕە لاوەکان هەر ماون و کوردستان یەك دڵ و یەکپارچە هەمووی لە دەوری بارزانی کۆبوونەتەوە...

تاریکە شەوە... ژیانی ئۆردوگای ناوەکەی هەر بەخۆوەیەتی: جۆرە ژیانێکە و پێیدەڵێن ژیان، دەنا ئەو ژیانە هەمووی ژیانێکی دەستووربەندە و پێوەندی بە حەز و ئارەزوو و فەرمانەکانەوەیە. بەیانیان دەمژمێر چواری بەیانی شەیپووری هەستانێ لێدەدەن، دێیە حەسارێ، ریزدەبی، ناوی دیار و نادیاران دەخوێننەوە... ئەوجا گاڵتە پێکردن و سووکایەتی... ئەوجا بوونی هەستی سووکایەتیە مەقامەکانی ئۆردوگای...

دەستنوێژێ هەڵدەگری پێدەکەنن، دەنوێژێدا ڕادەوەستی گاڵتەت پێدەکەن. ((ئیسرائیل ثانی!)) جاری وایە حەسوونی پاسەوانیش جەفەنگان لێدەدا و گاڵتەبازییەکی دەکا: دێت بەر ماڵەکەی بەرەو قیبلەت راخستووە بەرەو لای قوددوسێی دەسووڕێنێ، تۆش دەبێ پێبکەنی، نەکو خوانەکردە دە دڵی بگرێ، چونکە ئەو چاکتر دەزانێ. ئەو عەرەبە، هەر عەرەب



موسوڵمانە، موسوڵمانەتی لە عەرەبستانێوەیە، تۆ کوردی، ئیسرائیلی دووهەمی، ئیسرائیل دەبێ نەمێنێ- ئیسرائیلیش دوورە، ئەوە تۆ لەبەر دەستانی... قاوەڵتیان کردووە- لە تەنانێکی ڕەش... هەڵکڕووزاو... دووبارە خوێندنەوەی ناوی دیار و نادیاران-و بێگار: جل شووشتنی ماڵێ، پاککردنەوەی حەسارێ، پاککردنەوەی جێی ئەفسەران، ئاوهێنان و پڕکردنی دەبە و بەرمیلان بۆ خۆ شووشتنێ ستوان-ملازم- شفیق و ستوان ئەسەدی.

نیو کاتژمێر پشوو: پێکەوە دانیشتن، دەردە دڵ کردن، یادکردنەوەی دەردو مەینەتییەکان... یا خۆ خواردنەوە، و ئەولاو لاکردنی ئازار و ژانەکان و لابردنەوەو هەڵدانەوەی قەتماغەی برینەکان و پاك کردنەوەیان... یا کراس و دەرپێ شووشتنێك... هەموو دەستیان لێك بەرهەڵداوەو ڕزیو و دڕاون: دوولای پەتووەکەت بە سەریەك داداونەوە، لای سەرەوە- کە دەتهەوێ ببنەجێ شانەکان- لە دوولاوە دوو دەرزی سنجاقت لێداوە، عەبا ئاسایەکت لێ دروستکردووە- هەم گەرمە، هەم پۆشاکیشە. دادەنیشی تا کراسەکەت وشك دەبێتەوە- دەرپێیەکەت هەڵدەگری بۆ شەوێ، ئاخر هەرچییەکی بی هەر ژنی، شوورەییە پیاو دەرپێیەکەت ببینێ...

... ئەگەر هاوینە بە دەست گەرما و پێشکانەوە هەراسانی، ئەگەر زستانە لەسەرمان دەلەرزی و خۆت وێك دێنیەوە، تا لەبەر کزەو سەرما و سۆڵەی چوکتر ببیەوەو زۆرت کار تێنەکا... شاوری لێدەدەنەوە-دووی دوای نیوەڕۆیەیە: ((شیرین، حەلیمە، ناهید...)) دەچن تا ستوان شەفیق و ستوان ئەسەد و ستوان ڕەبیعی باوەشێن کەن و مێشانیان لێ دەرکەن... تاریکە شەوە... ((ئیسرائیلییەکان)) دەچادرەکاندا خۆیان کروشمە کردووە، هەریەکەیان دەناخی خۆی و ئازارەکانی خۆیدا ونبووە، سەرنجی تێکڕای هەمووان پەرتە... بەرەو کوێ؟ نازانی. بەڵام بە سەرو دەموچاوانڕا هەست دەکەی-ئەگەر تۆزێك وردبی، سەرناس بی و ئەزموونێکت دەو مەیدانەیدا هەبێ- هەست دەکەی کە خاوەن سەرنجەکان هەر بەڕاستی گوماناوی و دوو دڵ بووینە، بیردەکەنەوە ناکا ئەمانە هەمووی خەون بن. نوقورچەی لە خۆیان دەدەن- وەك خەونێ کە مرۆڤ جاری وایە هەر دەو دنیای خەونەیدا هەست دەکا خەونێ دەبینێ. هەر دەو دەمیشدا پێی وانییە وایە و هەستیش ناکا. ئەوە چلۆنە؟ نا، ئەوەی دیتوویەتی و دەیبینێ ئی بێدارییە نییە. بیریەتی- دایە شیرین- لە سلێمانییەوە وەڕێکەوت. دەچووە مەهابادێ. لە دامێنی پیرە مەگروونەوە تووشی کۆمەڵە تەرمێك بوو. زستان بوو، تەرمەکان هەر بە جل و بەرگی سەربازییەوە لەسەر بەفرەکەی بوون و ڕەق هەڵاتبوونەوە. بەو سەرماو سۆڵەی لە ئێسترەکەی دابەزی-هەرچەندی کابرای ئێسترێ هاواری کرد و گوتی ئەو گوێی نەدایە... دابەزی و چووە

سەر یەکەیەکەی تەرمەکان. دە دوازدەیەك بوون، چووە سەر سەری تاك تاکی هەر یەکێکیان، نەکا یەکێکیانی لەبیر بچێت و شەرمەزاری دایکەکەی بێت و گلەیی لێبکات... چوو بەسەر هەر یەکێکیاندا گۆلمە فرمێسکێکی ڕشت- بۆ بێکەسی و بۆ لاوەتی و بۆ دایکەکانیان گریا-و تا توانی دوعا و نەفرەتی لەسەبەبکاریان کرد!...

ئێستاش ئەوە لێرەیە، هەر دەگەڵ هەمان ئەوانە، کە ئێستا زیندوو بوونەتەوە-هەر بەو سەرو سەکوتە چرچ هەڵاتووەیانەوەو ئەوەتا ئاوای پادداشت دەدەنەوە!...

تاریکە شەوە، دە لیتەی ئازار و ڕەنج و ناخۆشییەکانی خۆیدا پەلە کوتەیەتی، گێژ و وێژە، دەنگ و هەرای شەوانەی دەکەللەی سەریدا دەخولێتەوەو زرنگەیەتی-کاسەی سەری بەتاڵ و بۆشە، بەڵام هیچ جێیەکی بەتاڵی بۆ دەنگوهەرایە تێدا نەماوە... دەنگی تەقینەوەیەکی مەیلە و دوور دە هەوایدا شرقەی دەکا و تەواوی ئاسمانی بۆشی کەللەکە پڕدەکاتەوە دەنگەکە دەگاتە ئۆردوگای و ناگەڕێتەوە، لەوان تێدەپەڕێ و دەڕوا و مێشکی دادەگرێ... گێژە، لەبەر دەنگەکە... هەموویان گێژن... ماوەیەکی پێدەچێ تا دێنەوە سەرخۆ. هەموو دەنێوجێ و بانە شڕ و وڕەکانیاندا دانیشتوون، هێندێکیان بەو تاریکییەی دەستیان دەئەژنۆی خۆیانەوە وەرێناوە... ئاه، چرایەکانی حەسارێش کوژانەوە... لە وێستگەی کارەبایان داوە!... دەنگی تەقینەوەکە دێتە حەسارێ... دەڵێی قەڵەبالغییە... دروشم... بژی کوردستان، بژی بارزانی، مردن بۆ سەددامی تاوانبار!...))

تێکڕا کتوپڕ ئاهێکیان وەبەر هاتەوە، هەروەك بە عومری خۆیان هیچیان بەسەر نەهاتبێ و تووشی چ ناخۆشییەکان نەبووبن- هەموو لەشیان سووك بوو، هەموو ڕابوونە سەرپێ، هەموویان گێژن، هەموو لێك خڕبوونەتەوە- دڵیان وەك کوتکی ئاسنگەران لە دیواری سینەیان دەدا... دەنگی حەسوونییە کە ئەوان وەئاگا دێنێتەوە... ماشەڵڵا، خودا سەلامەتت کا، دە یەك چرکەیدا سروشتی خۆی گۆڕی، دە یەك چرکەدا بووە پیاو، و ئەوە ئەوە یەك بە دوای یەکدا هاوار دەکا: ((من موسوڵمانم... ئێمە موسوڵمانین... براین!...)) جوانەمەرگە یەك تەقەشی نەکرد!... باشتر. ئەو نارنجۆك و خومپارانەش کاریگەرییەکی سەیریان هەیە: هەموو کتوپڕ موسوڵمان بوون، هەموو بوونە برا، تەنانەت دەگەڵ ئیسرائیلی سانیشدا! دەنگی خرمەی دەستڕێژان کزبووە... ((کوڕینە وەرنەدەرێ... خۆمانین، وەرنە دەرێ!...)) هەموو لە چادران هاتنە دەرێ. چرافانۆسێکیان هێنا: ستوان شەفیق بریندارە، دەپاڕێتەوە، قاچی پێشمەرگەی ماچ دەکا: ((موسوڵمان... موسوڵمان!...))



((ڕۆڵە بەزەییتان بەو دووپشکانەدا نەیەتەوە... بیانکوژن... دەستتان خۆش بێ!...)) ستوان شەفیق، ستوان ئەسەد، ئیستیوار ڕەبیع و حەسوون و ئەوانەی کە وەبەر هاتوون و گیراون هەر لەوێیان نابووت دەکەن و دەیانکوژن...

((ئەدی کچەکان لە کوێن؟...))

((کاکە کاوەیە... ئای، ئەوەش کاکە خەسرەوە!...))

((قوربانی ئەو دەست و مەچەکانەتان بم.... بێنن با دەستتان ماچ کەم...))

ڕادەپەڕێ و دەستی کاوە و خەسرەوی ماچ دەکا...

((خێرا کەن، کاتی ئەمانە نییە، دایە. نایەوێ هیچ شتێك تاودەنێ... ئێستا دەگەنێ... خێراکەن... کەس دوانەکەوێ و کەس بەجێ نەمێنێ!...))

## -٢٢-

لەمێژە شۆڕشی کورد هەرەسی هێناوە، و بارزانی ڕۆیشتووە، لە مێژە بارزانی درووودی بە ژیان گوتووەو کۆچی دوایی کردووە، و کورد لەنوێ هەستاوەتەوە. ئێستا نەوەو تۆرەمەی دایە شیرینێ لە مەیدانی خەبات و شۆڕشدان- کوڕەکانی مەسعود و شۆڕش و کاوە...و کوڕی کچ و نەوەکانی-و کوڕەکەی عەدنان کوێتیش، کە لە کەژاڵی کچەکەی سوورە گوڵێیە- هاتۆتەوە لای خوشك و برایەکانی...

بارزانی چوو، هێندێکیش، جا بە هەق یا بە ناهەق گلەیی و گازاندەیان لێدەکرد-و دەیکەن. دۆستێك دەیگوت باوکی هەمیشە، زستان و بەهاران پێیدەگوت کاتێ کە لە ماڵێ دەچییە دەرێ چەترەکەت دەگەڵە خۆتدا هەر بەرە-ئەوە باران باری. ئەوە نەتبرد و باران دایدا با تەڕبی، بەڵام نەچییە ژێرچەتری هیچ کەسێکەوە.

بارزانی بێدەرەتان چەترێکی نەبوو بچێتە بنی، بەڵام دەشیتوانی نەچێتە ژێر چەتری ئیدیکەوە، و با تەڕبوایە. تەڕبوون لەوەی چاتر بوو بە میکرۆب و چلك و پیسایییە سیا و ساواك پیس ببێ. تەڕبوون لەوەی چاتر بوو ناحەزانی شای هەر لە نەتەوەکەی بکوژێ و بۆ خۆدەرخستن و توانای شاو خۆنواندنێی تەرمەکانیان بداتەوە حوکومەتی شای و ناڕازی و ناحەزەکانی ناوەوەشی بۆ سەرکوت کا. تەڕبوون لە دەربەدەری و مردنی غەریبایەتیە چاکتربوو. ئەگەر بارزانی لە نێو کوردستانی خۆیدا مردبایە، دەبووە ئەو درەختەی کە لە نێو خاکی خۆیدا لەسەر ڕەگ و ڕیشەی خۆی و بەپێوە دەمرد. پلەو پایەی وی، کەسایەتییەکەی زۆر لە پلەو پایە و کەسایەتییە شای بەلاوەتر بوو؛ ئەو نوێنەری خەڵکی بوو، شا دەست نیشاندەی بێگانان بوو، شا

جێ پێیەکی دەنێو خەڵکیدا نەبوو، ئەو بتی خەڵکی بوو و دەیانپەرست. شا لە چاکترین حاڵەتدا لە ترسی ((کەسانێکی بێ سەرو پا)) سوپایەکی بە هەموو کەل و پەلێکی سەربازی مۆدێرنەوە لە خۆی کۆکردبۆوە و دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ کاتێ لە خۆی و تاج و تەخت و بەختی خۆی دڵنیا نەبوو- سەددامیش هەروەتر- بارزانی لە ناخۆشترین حاڵەت و بارودۆخدا، لە قۆناغی کۆتایی هاتن و هەرەس هێنانی شۆڕشدا کە بە بەربووکیە سادات و برازاوایەتیە نێکسۆن و کیسەنجەری شاو سەددام شەوی پەردەیان لە ماڵێ بومیدیانی بوو، ئەو هەر بتی خەڵکی بوو: گەلی کورد هەر لە جوانەوە تا پیر، هەر لە کرمانجی نەخوێندەواری لادێوە تا مامۆستا و قوتابی دانیشگا لە دەوری دەگەڕان و لێی کۆببوونەوەو ئامادەبوون سەر لە پێناوی فەرمانەکانی دانێن. شا بۆ خۆی ئەوەی چاك دەزانی، ڕەنگە هەر ئەو گرێیە دەروونییەش بووبێ وای لێکردبێ خۆی بە کەم بێتە بەرچاوان لە حاند ویدا: ئەوەی لە دڵی ببووە گرێ کە چۆن ئەو جۆرە کەسانە هەروا بەخۆڕایی و بێ پارە و پوول، و بێ هیچ ڕاگەیاندن و بانگەشەیەکی دەرەکی ئاوا دە دڵی میللەت و خەڵکی دابن و کەچی ئەوێك-شا- بەو هەموو هەڵڵا و هەراو هۆریا و پارە پەخشان و تەخشان کردنە نەتوانێ بای جێ نووکە دەرزییەك جێی خۆی لە دڵی خەڵکیدا بکاتەوە؟ ئەو دەیزانی پەنجا ساڵی ڕەبەقە بارزانی تفەنگی لە شانی نەبۆتەوەو بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو کوێرە ڕێ و بانێکی زۆر پڕ پێچ و پەنا و زۆر قۆناغی پڕ کارەساتی شۆڕشەکانی دەگەڵ میللەتەکەیدا بڕیوە، و لە ڕێیەشی لانەداوە. ڕاستە زۆر جاری وابووە ئامانجەکان هەمیشە لەبەر چاو نەگیراون و نادیار بووون. بەڵام خۆ مەرجیش نییە ئامانج هەمیشە هەر ڕوون و ئاشکرا و دیار بێ. دەکرێ ئامانجەکان لە هەموو شوێنێك بن- لە تەنیشتت، لە پشتەوەت، لەبەر دەمت، لە دەوران دەورت. ئەگەر ئی خەڵکی بیت و دەگەڵ میللەتیدا بی ئامانج لە هەر جێیەکییەوە بێ دەیبینی و دەیدۆزییەوە... خەڵکی دەیدۆزنەوە و تۆش لە ڕێی وانەوە دەیبینی و دەیدۆزییەوە، چونکە تۆ دەگەڵەواندا بوونەتە یەك شت. ئامانجی شای چ بوو؟- ئەوە بوو کە دەنێو نۆکەراندا لە هەمووان دڵسۆزتر دیار بێ بۆ گەورەو ئەربابەکەی، بەڵام دڵسۆزترین نۆکەر، لە نۆکەریە هەر بێزارە، ئەگەرچی ناچاری نۆکەرییەشە، و هەر ئەو بێزارییەشە کە چاوی بە دیتنی پیاوی پیاو و سەربەست و ئازاد هەڵنایە.

باران بە خراپی باری و بە نالەباری دایدا، و بارزانی لەبن چەتری ئیدیکەدا تەڕبوو و پیس بوو... فەرەیدون ژنی هێناوە- کچە خاڵی خۆی، ڕووناکی خاڵە کاوەی هێناوە. هەر دەو ڕۆژانەدایە کوڕەکەی بێتە سەر ئەوەی بچێتە کوردستانێ بۆ شەڕێ. ئاغای سوڵتانی و مەهین خانمیش مردوون، بەڵام خوشك و خوشکەزا و هەموو کەسوکارەکان ماون. شۆڕش لە بەندیخانەی



بەرهەڵدا بووە و ئێستا لە ڕەواندزێیە- جارجارە دەگەڵ شۆڕشە و جارجارەش نا... ئەویش ژنی هێناوەو منداڵی هەیە، و کوڕەکان هەروا دەگەڵ سەددامیدا دەجەنگن. مەسعودیش ژنی هێناوە، ئەویش هەر کچە خاڵێکی هێناوە... کوڕی گەورەی هەیە. کوڕەکان لە کوردستانن و دەگەڵ سەددامیدا دەجەنگن-بۆ خۆی لە ورمێییەیە، هەر چەند جارێکی بێتە تارانێ سەرێکی لە کوڕە پوورەکەی هەردەدا، حەمەلاویش هاتۆتەوە، بەڵام چ ئاگایەکمان یا هەواڵێکمان لە دایکی نییە.

مێردی سوورە گوڵێ دوای ماوەیەکی کە عەرەبان سوورە گوڵیان برد لە دەورووبەری کەرکووکێ کوژرا. لەوێش دیمەنێکی هەمان شێوە دیمەنی خدرانێ دووپات بۆوە: هێرشێك کرابووە سەر ڕەبییەیەکی دەوری کەرکووکێ، یەکە تایبەتییەکان بە ناو خاوخێزان و ژن و منداڵان وەربوون، و داوای پێشمەرگەکانیان لەوان کردەوە، و چونکە پێشمەرگەکانیش نەبوون ویستیان کیژوکاڵی ماڵەکان ببەن... مێردی سوورە گوڵێ لە شەڕی بەرگری ئەو خاوخێزانانەدا کوژرا-و هەر چۆنێکیش بوو نەیانهێشت بیانبەن. ئێستا سەددام هەر بە تەواوی شێت بووە، ئەگەر لە جێیەکی ڕەبییەیەك لێدەدرێ داوای پێشمەرگەکان لە ماڵە لادێییەکانی دەورووبەری ئەوشوێنە دەکەن، و ئەگەر هیچیشیان وەگیر ناکەوێ کیژوکاڵی ماڵەکان دەبەن و بە شێخەکانی کەنداویان دەفرۆشن... البعث العربی الأشتراکي... جا ئیشتراکییەت لەوەی زیاتر دەگەڵ ئامۆزاو کوڕە ماماندا!.

بە واژۆی پەیماننامەی **١٩٧٥** پێشمەرگە ئاوارەی ئێرانێ بوون. ئیدی ئێمەش هەواڵ و باسی دایە شیرینێمان لێبڕا. بەسەر هاتی دایە شیرینێ تۆزی زەمانەی لێ نیشتبوو، بەڵام دۆست و ئاشنایان هەروا بە تاسەی بیستنێوەی بوون... ئیدی من هیچ هەواڵێکی ڕاستەوخۆیم نەبوو تا ئەو شەوەی پرسەکە، کە تووشی دادە ڕووناکی نەوەکەی بووم، کە ژنی کاکە فەرەیدون بوو.

ئەوە هیچ کە لە سەرەتای شۆڕشدا میرزا عەلی سابلاغیشم دیبوو، کە لە زیندانێ هاتبۆوە... باسی بیرەوەرییەکانی زیندانێی بۆ کردم... و سەیرەکەش ئەوە بوو هەر ڕاستەو ڕاست باسی هەمان ئەو شتەی گێڕایەوە کە من بە تاسەی بیستنێیەوە بووم، گوتی:

((ئەوێ ساڵێ زیندان زۆر پڕ و قەڵەباڵغ بوو، دەرزیت هەڵدابایە نەدەکەوتە عەردی-جێی ڕاکشان و خۆ لە گەزدان و ئەو شتانە نەبوو. لەبیرمە یەك لە کوڕەکان چووبوو لادەرکەی ئاودەستێی دەرێنابوو و لەسەر کونی ئاو دەستەکەی دانا بوو و لەسەری دەنووست. کوڕەکان هەموو مێشکیان وردو خاش بوو-زیندان هەر ڕۆژەو بەزمێکی لێ پەیدا دەبوو. دانیشتبووی دوو چەپۆکت بە سەری خۆت و سێ چەپۆکیشت بە سەری بیروڕاو باوەڕەکەت دادەدا، بەدبەختییەکانی خۆتت لەبیر چوو بۆوەو هەر دەبیرو خەیاڵی ژن و منداڵە بێچارەکانتدا بووی،

که دەبوو کەمێك ئابڕوومەندانە ژیابانایە، کتوپڕ سەرو سەکوتی سەروان سوبحانی دەگەڵ ڕەوە سەگێکیدا پەیدا دەبوو. کابرایەکی سواڵکەری بە تەواوی مانا سواڵکەر بوو- بە ئارویێ-خەیار-ێکی ڕازی بوو. بەڵام تۆ پێتوابوو زەڕڕەیەك شەرم و حەیای بە چاوانەوە بێ، خوانەکا، بەڵێ کتوپڕ سەرو سەکوتی وەدەردەکەوت و ڕەوە پاسەوانێکیش بە دواوە- تەشریفیان هێنابوو بۆ پشکنینی ژوورەکان...و گەڕان بە دوای بڵاوکراوەو هەندێ جاریش رادیۆی قاچاغ لەوانەی لە گوێوە دەنرێن و تەنیا تارانی وەردەگرت-و جارجارەش بەدوای تریاکێدا، چونکە هێندێکیان لەو جۆرە زیندانیانەش تێکەڵی مە کردبوو... هەموو مێشکیان ورد بوو... کوڕەکان هەروا بە کەمترین دنەوبزاوتنێك دەتەقێنەوەو هەموو ڕۆژێ ئیدی ئەوە شەڕو هەراو کوتەك و کوتەك بازی بوو... دەو جۆرە حاڵانەدا بوو کە زیندانییە سادەکانیان دەبردن و کوردەکانیان دێنان...))

((لە پێشدا لە کوێ بوون؟ یەکسەر لە کوردستانیانڕا هێناون؟))

((پێشدا لە قزل قەلعەی بوون- قۆناغی لێکۆڵینەوەیان لەوێ بەسەر بردبوو...))

((بەڵێ...))

((بەڵێ... هەموو چەشنە مرۆڤێکیان تێدا بوو، لە هەموو بابەتێکی- ئاغا، وەرزێر، پینەدۆز، بازاڕی... کوڕی ئاغای دێیەکەشتانیان دەگەڵدا بوو...)) **محەممەدی** کوڕە گچکەی ڕەعنا خانمێی دەگوت، دەگەڵ کاك شۆڕشی کوڕی دایە شیرینێ. ((ئەوانە پێکەوە دەگەڵ یەکدا زۆر گەرموگوڕ بوون، ئاخر هەردووکیان کۆمۆنیست بوون، ڕۆژانە زیاتر هەر پێکەوەیان پیاسە و راوێچکە دەکردن- دە ژوورێکیشدا بوون. جارجارە لە شارییەوە هەندێ کەس دەهاتنە سەردانێ کوڕی ئاغای، و برایەکەشی زۆر چاکی پارەو پوول بۆ دەنارد... بەڵام ئەوەندەی من بزانم یەك دووجاران نەبێ دەنا کەس نەهاتە سەردانێ شۆڕشی، ئەو یەك دوو جارانەش پیرێژنێك و پیرەمێردێکی فارس بوون...

((بەڵێ، زۆر پێکەوە دۆست بوون، هەردووکیان کۆمۆنیست بوون-هەروەك خۆشیان دەیانگوت- زۆریان دانوو دەگەڵ کوردەکاندا نەدەکولاّ، ئەوانیان بە دواکەوتوو دەزانی کوردەکانیش هێندەیان چارەی وان نەدەویست...))

((باشە ئەوە چۆن بوو وا هێندە دۆستی یەکتری بوون و...))

((ئێستا دەیڵێم... بەڵێ... ڕووداو و بەسەرهاتەکە شتێکی شاراوەی بن بەڕێ نییە و نەبوو... بە عالەمی ئاشکرابوو... ئێوارە بوو، دەمە دەمی ڕۆژاوایە... هەروەك جاران تا دەرکی حەسارێ دادەخرا ئەوە هەر دە حەسارێماندا پیاسە دەکرد... دوو دوو... بەدوای یەکەوە. ئەو و **محەممەد** هەر پێکەوە بوون... زۆربەی کاتەکان پێکەوەیان راوێچکە دەکردن-



ئاخر هاوبیروڕا بوون، و بەلانێکی دیشەوە خەڵکی دێیەکی بوون. ئەو ڕۆژە، وەك ئەوەی کە من لە دوورەوەمڕا دەدیت سەر و دەموچاوەکان زۆر ڕاشکاوانە بوون. لەبەر خۆمەوە گوتم دیارە باسەکە زۆر راشکاوانەیە، و قسە دەربارەی گیڤارا و هۆشی منەیە. کوڕەکان جاروبارە سەریان دەکردنە سەرێ. لاوێك هەبوو ناوی ((حەسەن خولاسە)) بوو- دە قساندا ((خولاسە)) زۆری دەگوت-لاوێکی خوێندەوار و زیتەڵە-بۆ خۆشی هەر تودەیی بوو. زیاتری سەر دەکردە سەر شۆڕشی- لە ڕاستیدا سەر خۆی دەیگوت: ((کاك شۆڕش، دەزانی بۆ کۆمۆنیستەکانی چین سەرکەوتن و ئێمە نا؟... لەبەر وەی ئەوان حیزبەکەیان ((کون تەنگ)) بوو و ئەوەی ئێمەش کون گەورە.)) و قاقا پێدەکەنی. بەڵێ باسەکان زیاتر لەو سنوورەدا بوون کە داخوا گیڤارا لەسەر هەقە و ڕاستە یان نا، یا بە واتەی تودەییەکان بۆمب هاوێژە یان نا، ئەدی فیدڵ کاسترۆ چی... و شۆرەوی بۆ یارمەتی لۆمۆمبای نەدا و کەچی هاریکاری سەددامی دەکا، و تەنانەت (شا)ش داوەت دەکا... و لەم بابەتانە... ئیدی زیندان بوو، دەبوو هەر چۆنێك بایە کاتەکە بەسەر برابایە. بە کورتییەکەی، دیار بوو باسەکەیان هەڵکشیوە. شێخ ئەحمەد کە لە پشتیانەوە بوو گێڕایەوە کە نا، باسەکەی ئەو ڕۆژە سیاسی نەبووە ناموسی بووە...))

((ناموسی چۆن، یانی شۆڕش...!؟))

((نا، شوێن و کاری شۆڕشی نەبوو... نا، گوایە کوڕی ئاغای لە جێیەکی لە پێش چاوی خەڵکی لە دەمی ترازابوو و گوتبووی کە داکێ شۆڕشی دۆستی بابی بووە، و بۆیە لە دێیان ڕیسواو دەرکردووە، فلاّن و فیسار... یارۆش لە نووکەوە ئەو باسەی هەموو بۆ شۆڕشی هێنابۆوە، و ئێستاش نۆرەی شۆڕشی بوو کە پێشینە و ڕابردووی داکێ **محەممەدی**... ناوی چ بوو، ڕەعنا خانم، رابیعە خانم..؟))

((ڕەعنا خانم...))

((بەڵێ، پیێشینەی ڕەعنا خانمێی، کە دیاربوو لە داك و بابیەوەی بیستبوو، بۆ **محەممەدی** دەگێڕایەوەو ناوی هەموو پوور و خوشکەکانیشی دێنان، و کارو کردەوەکانیشیان... شێخ ئەحمەد دەیگوت نازانێ، و تێنەگەیوە **محەممەد** چی گوتووە کە شۆڕش ئیدی هیچی نەگوتۆتەوە، و ڕۆیوە، بەڵام دیاربوو ددانی دەچیڕەوە دەبردن... قسەی شێخ ئەحمەدی بێ...))

((باشە، دوایە...؟))

((بەڵێ... هەوا کەم کەمە سارد ببوو- کۆتایی ئابان مانگێ بوو- دەگەڵ ئەوەشدا بەرێدانی زیندانێ هێندێك، هەر لە هەیوان و حەسارێ دەنووستن... ژوورەکان زۆر زۆر قەڵەباڵغ بوو. منیش یەکێك بووم لەو هێندێکانە. پێنج شەش کەس زیاتر نەبووین... لە هەیوانێ

دەنووستین، ئیبراهیم نەبێ کە نایلۆنی بەسەر تەختە بەندەکەی سەر دارە بەستەکە دادا بوو و لە خەوشێ لەبن نایلۆنەکەی دەنووست. بەڵێ... نووستبووم، کە لە پڕ نەمزانی لە هەراو هوریایە یا لەبەر رووناکییە کە لە پەنجەرەکەیڕا لە هەیوانێی دەدا وە ئاگا هاتم... بە هەرحاڵ، هەرچی بوو من وەئاگا هاتمەوە. دیتم سەیرە، گڵۆپەکان هەموو پێن. گومانم کرد، ناکا سەرەتای شەوێ بێ و من لێم تێکچووبێ!... بەڵام خۆ کە من نووستم گڵۆپەکان هەموو کوژابوونەوە! دەمژمێرەکەم لە بن سەرم دەرێنا و سەیرم کرد: دوو و بیست و پێنج دەقیقەیە! دە دڵی خۆمدا گوتم: دیارە دەنگۆیەکە ڕاست بوو کە دەیانگوت بۆ (برازجان)ێیان دوور دەخەنەوە!...

((دەو نێوەیدا کوڕەکانی دیکەش هەستانەوە... یوسفم بەلادا تێپەڕی-زۆر لەسەرخۆ، نەکا هەڵمستێنێ. گوتم: ((یوسف، بزانە چبووە، باس و خواس چییە، دەیانهەوێ بگوێزنەوە؟)) گوتی: ((ئەوە دەچم بزانم... دێمەوە پێت دەڵێم...)) ڕۆیی و نەهاتەوە. ئەو چەند کەسانەی دیش هەر چوون، و ئیدی نەهاتنەوە... یانی چی؟ یانی هەر لەوێ دەیانگرن و دەیانبەن! هەستم کرد ئەوەی هەیە لە ژوورەکەی لای خۆرئاوای هەیوانێوەیە، دیار بوو جموجۆڵێکی زیاتر لە ژوورەکانی دی لەوێوە دەهات... دەو نێوەیدا ئەفسەرێکی زیندانیێ لە ژوورێڕا هاتە هەیوانێ- دەگەڵ پاسەوانێکی و هات لەسەر یەکەم پلەی پلیکانەکانی حەسارێ ڕاوەستا و چەند هەناسێکی قوڵی هەڵکێشان...

گوتم: ((جەناب سەروان، ئەوە چبووە؟))

گوتی: ((جا من چووزانم، لە خودای خۆتان بپرسن!))

((وەڵامێکی سەیری دایەوە..! شەرواڵەکەم لە پێ کرد و ڕۆیشتم)).

((ڕاڕەوەکە پڕی ئەفسەر و پاسەوان بوو-سەرهەنگ، سەرۆکی گشتیش هەر هاتبوون... هەروەك مەزەندەم کردبوو ناوەندی چالاکییەکە ژوورەکەی ئەو سەری ڕاڕەوەکە بوو... کوڕەکان هەموو دە ڕاڕەوەکەیدا خڕ ببوونەوە، هەموو سەروچاوەکان گرژ بوون و ڕەنگ لە ڕووان پەڕیبوو. چوومە پێشێ و لە کەلینی کوڕ و پاسەوانەکانەوە سەرێکم بە ناو ژوورەکەیدا خوار کردەوە... دیمەنێکی سەیرم دیت: یەکێك لە کوڕەکان لەسەر گازی پشتێ کەوتبوو، پەلەقاژەی بوو، دوو لە کوڕەکان-خەسرەو و عەلی-دەستیان گرتبوو، بەڵام دەروەستی نەدەهاتن. کە چاکم تەماشاکرد ئاه... لایەکی دەموچاوی... دەوروبەری لاجانگی ورد و خاش ببوو، نەرمەی گوێیەی ڕۆیشتبوو، چاوێکیشی دەرپەڕیبوو...و خوێنێکی زۆریش بەسەر ڕایەخەکەوە بوو... بێهۆش بوو، بەڵام زۆر ناڕەحەت بوو. دەستیشی-تەنیا یەك دەستی زۆر بە توندی بەرەو لای برینەکەوە



دەبرد و چنگی لە برینەکەی دەدا... کوڕەکان دەستیان گرتبوو و بە هەموو هێزێکیانەوە نەیاندەهێشت، بەڵام دەروەستی هەر نەدەهاتن... **محەممەد** بوو..!

ئاوڕم دایەوە... شۆڕشم دیت، زۆر خوێن ساردانە لەسەر قەرەوێلەیەکی پەنا دەرکەی ژوورەکە دانیشتبوو... دیتم ئەویش هەرچەندە بە رواڵەت ئارام، زۆر گرژە: بەردەوام دەستی دەبەرکێ دەنا و دەریدێنایەوە و لەبن لێوانەوە وەك دەگەڵە خۆی بڵێ، هەر دەیگوت و دووپاتی دەکردەوە: ((بەڵێ: من کوشتم، من کوشتم، هەر دەبوو بیکوژم... دەبوو بزانێ کێ قەحپەیە!)) دەمبڵسێکی لە تەنیشتەوە بوو کە پێی لەلا جانگی **محەممەد**ی دابوو، بە تەك دەمبڵسەکەشەوە کۆنە ڕۆژنامەیەك بوو... ڕۆژنامەکەی لە دەستگیرەی دەمبڵسەکەوە ئاڵاندبوو، تا شوێنەواری پەنجەکانی بەسەر دەستگیرەی دەمبڵسەکەوە بەجێ نەمێنێ... کەچی لێدانەکە کوڕەکانی هەموو لە خەو کردبوو و وەئاگای هێنابوونەوە... ئاوا...))

((دوایە؟...))

((دوایە هیچ، دەستەبەرە هات، **محەممەد**یان هەروا بەبێ هۆشییەوە برد... هەر بەیانی ئەو ڕۆژەش مرد... شۆڕششیان لەمە جودا کردەوە و بردیانە بەندیخانەی بەندیە سادەکان، دوایەش کە لە نوێ دادگایی کرایەوە، فەرمانی زیندانیی تا هەتایەی بۆ بڕایەوە...))

سوبحانەڵڵا... ئەو ئەو شتانەی دەگوتن، من چووبوومە دنیایەکی دی- گوێم لەوی بوو، بەڵام مێشکم لە جێیەکی دی بوو.

لە دوای لادان و فڕێدانێ پەچەی بوو، پشووی هاوینە بوو، ئەودەمی، ژنان زیاتر هەر چاکەت و تەننوورەیان دەبەر دەکرد و شەپقەی لێوداریان لەسەر دەنا. ڕەعنا خانم هاتبووە شاری-سەر دکتۆری... دەیهەویست بچێتە لای دکتۆر قشونی. کەس نەبوو لەگەڵی بچێ و ئاغا دەیهەویست یەکێکی هەر لەگەڵ بێ- و بلیتەکە بۆ من دەرچوو، کە ئەو شەوەی بەسەردادانەکەی لەوێ بووم. شیك و پیك وەڕێ کەوتین، و بە سمت و کەفەڵ بادانێکەوە سەد بەردی بە ئی فەڕەنگیان دادابوو. بە هەر حاڵ ئەوەی کە من دەمدیت هەرچی بوو وەستابوو تێیدا. بە لاکۆلانێکیدا دەڕۆیشتین کە یەکێك لە شەللاتییە بەدناوەکانی شاری لەبەر دەمان هەڵتۆقی، زۆر بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: ((سڵاوت لێبێ، ڕەعنا خانم!...)) و ڕەعنا خانم لە بن لێوانەوە وەڵامی دایەوەو کەمەرێکی بادا و لێوە کوڵەکانی بە زەردەخەنەیەکەوە لێك ترازاندن... تێپەڕین. ئاوڕێکی دایەوەو بە هەمان زەردەخەنەوە گوتی: ((کاکە حەسەن، ئەوە کێ بوو، تۆ دەتناسی؟ دەگەڵە تۆی بوو؟...))

دایکم گوتی: ((هەی، مانگا بە کەڵە... تەشریفی بردۆتە سەر دکتۆری... هەر بە حەوتوویێکی ئاشنا و رۆشنا و دۆست و ناسیاوی پەیداکردن..! رۆڵە، تۆ خۆتی لێ دوور خەوە... ئێمە نان و نمەکی وانمان کردووە!...))

لە دوا دوایاندا ئەمنیش بە ژنە بەرهەڵدایان ئاشنا بووم، بەڵام ئەم ژنانە هیچ خۆیان بە ئێرەو ئەوێیدا با نەدەدا. بەڵام ئا ئەمەیان ئێرەیی بوو. ئەڵبەتە کەسانێکیش هەبوون کە وەك خۆم و خەڵکی دێیەکەمان بزانن کە لێرەش ئی ئەولاو لای لێ هەن. بەڵام ئەو کەسانە ڕەنگە هێندەی ژمارەی خەڵکی دێیەکەمان زیاتر نەبوو بن... باشە دەی منداڵەکانیشی... باشە ئیدی، هەرچی بێ دایکیان بوو... چیرۆك و بەسەرهاتەکەی بابم وەبیر هاتەوە... بەسەرهاتی شەڕی کوڕە گەورەکەی دەگەڵ ئاغای... شتێك وەك مێژوو!...

شۆڕش دە شۆڕشدا بەر هەڵدا بوو ڕووداوەکەی هەڵەبجە بەخێر و خۆشی تێپەڕیوە... کەسانێك تێچوون، هەروا شتێکیش مانەوە... هێشتاش دەماڵەکاندا جووتە پێڵاوی بچکۆلانە دەبینی کە پێی خاوەنەکانیان هەرگیز گەورە نەبوون، کراسی بچکۆلانەی وا دەبینی کە خاوەنەکانیان هەرگیز پێویستیان بەکراسی گەورەتر نەبۆوە، لە هیستۆکان دەبینی کە ئیدی کەسێك نییە لایلایەیان بۆ بکا... هیچ کام لەوانە هەرگیز نەچۆوە بازاڕی هیچ لەنگەیەك، جلی نیوداشتی نەکڕیەوەو نەچووە بن قەردی خێرەومەندانی مرۆڤدۆستەوە ڕووداوەکەی هەڵەبجە بەخێر و خۆشی تێپەڕیوە... دەردێکی گەورەتر هاتۆتە پێش ویژدانی مرۆڤایەتی: سەددام هێرشی کردۆتە سەر وڵاتێکی سەربەخۆ-وڵاتێکی بچکۆلانە، ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیدی ئەوە چاوپۆشی لێناکرێ، ویژدانی مرۆڤایەتی تاوی ئەو ئازارەی نییە، هیچ مرۆڤێکی ئازادیخواز بەرگەی ناگرێ-لە هەمووانیش زیاتر، ئەمەریکا... کە مژدەهێنی ئازادییە، پیشەوای سەربەستییە، سۆپەرمارکێتی ئازادی و پێشانگای سەربەستییە... کورد جیاوازە، ژمارەیان زۆرە، چاك و بەرگە دەگرێت، چەندی لێ بکوژی تێیدەبێ، کێو و شیو و دۆڵ و خەرەندی هەیە... ئەم بەستەزمانانە کەمن، لە تۆزە نەوتێکی نا قابیل بەولاوە هیچ شتێکی دیکەی قابیلیان نییە، ئەوەندە نەبێ سەربەخۆن.

شەڕە، کوردەکان وەك هەموو جاران بوونەوە قوربانی، ئەمجارەیان قوربانیی کوێت-کوێت ئازاد بووە، کوردەکان ئاوارە بوونەتەوە... کوردەکان، خوشك و برای منداڵە هەڵەبجەییەکان، باپیر و داپیرەکانیان، و هەزاران هەزاری دیکەشیان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان دەبینی-بە دەم شەقام و شاڕێ و کوێرەڕێیەکانەوە، بە کێوییەوە برسی، ڕووت، پێخواست، لە هەواوە بە هالیکۆپتەرەکانی سەددام گوللە باران دەکرێن مەنجەڵی ویژدان و بەزەیی و بەخششی



ئەمەریکا بە جۆش و کوڵ هاتووە، و ویژدانی دەقوتواندا بە پەڕەشووت ئەوا بەسەر کورداندا دەرژێنێ... ریزەکان تێکدەچن، برسییەکان پڕ دەدەنە یەکتری و پەلامار دەدەن، لێکتر دەدەن، تێکەوە دەگلێن و یەکتری هەڵدەگلۆفن، و هەواڵنێرانی رۆژئاواییش ئەوە چالاکانە فیلمان دەگرن- و فرۆکەکانیش هەروا بەستەخواردنان هەڵدەڕێژن-و هالیکۆپتەرەکانی سەدامیش بەردەوام هەروا گوللە شەشتتیران دەبارێنێ. فیلم گرە ئەمەریکاییەکان فیلمیان گرتوون... ((کوردستان جوانترین نوختەیەکی جیهانە-جێیەکی وا جوانی دیکەیان نەدیوە)).. بە گاڵتە وا دەڵێن... بەخێر و سەلامەتی کەی تەشریف دێنن!؟...

بەڵام ئەمەریکا گوناهی چییە؟-گەردەلوول گەردەلوولی بیابان بوو، خۆ گەردەلوولی کوێستانێ نەبوو... وەك بڵێی عێراق سەربەخۆیە، ئەوە کارێکی ناوخۆیە، ئەوە مافی خۆیەتی... زەبت و ڕەبتی تازەت دەوێ!- بەڵێ، زەبت و ڕەبتی تازە... بەڵام زەبت و ڕەبتی تازە پێویستی بە ئارامی ناوخۆوە هەیە. ئەوجا تیپێکی لە تیپی سەددامیش بەولاوەتر لەبەر دەستدانییە-ماڵی خۆیەتی، دەبێ ئارامییە بەرقەرارکا- شیعە و کورد قاوقیژ و هەراو هۆریایەکی بەخۆڕاییانە... گۆتە گوتوویەتی زۆر و ستەم لە بەرەڵڵاییە چاترە... ئیدی خۆ تۆ لە گۆتەی چاکتری تێناگەی! هیچیش ناکرێ-ئەگەر کوردەکان ئاوارەو دەربەدەرن، یا دەکوژرێن ئەوە ئیدی گرفتی خۆیانە-کارەکەی ئێمە و سازمانی نێو نەتەوەیی تەنیا بەرگری و وەستانی دەست درێژیە بوو، ئیدی خۆ ئێمە دارۆغەی ناوچەکە نین! وەك بڵێی دەرفەتیش نییە.. ئەو هەموو بیرە نەوتانەش دەبێ مەهار بکرێنەوە... دەزانی هەر دەقیقە و سەعاتێك چەند لەو ((سامانە خۆماڵییە))ی دەبێتە دووکەڵ و بەهەوایدا دەچێ و چ زیانێك بە ژینگە دەگەیەنێ! کوردەکان پێشانیانداوە کە پەلەیان نییە... رابەرەکانیشیان دە تەواوی ئەو ماوەیەیدا تەنانەت دووکەسیان پەروەردە نەکردووە کە هەر نەبێ ئەو یارمەتیانە وەك منداڵی خەڵکی دی دابەش بکەن... شیعەکانیش ئەوە ئێرانیان هەیە..!

چوومەتەوە شاری، لە ماڵێ کوڕە پوورەکەمم، بیست سی کەسێکیان میوانن- میوانی ئاوارە، یا ئاوارەی میوان- لە خەڵکی سلێمانی. پوورە ناسکەشیان دەگەڵە، پیرێژن بە دەردەسەرییەکەوە هاتووە، مەپرسە. من پوورە ناسکەی ناناسم، ئەودەمیم نەدیبوو، دەڵێ ژنێ مام سەعیدی دارتاش بووە، کە لە دوورخرانەوەو راگواستنێدا مردووە-کوشتیان. بێ ئیختیار لە دادە شیرینێ دەپرسم...

((هەی، جا بۆ دەیناسی؟- بەڵێ؟... بێدەرەتانە... بەدبەختە... زۆری بەدبەختی کێشا... ئەوە مێردەکەی، ئەوەش کوڕەکانی، ئەوە ئەو کچەشی، ئەوەش ئەم کچەیانی!...))

هیچم لە بەسەرهاتی حەسەن بەرازییەوە نەدەزانی، پوورە ناسکە بەسەرهاتەکەی بە دوور و درێژی گێڕایەوە.

((دراوسێ بووین، هاتوچۆمان پێکەوە هەبوو، کە ئەو بەسەرهاتە ڕوویدا... خوا چاکەی بۆ نەکا... و بۆشی نەکرد... ماوەیەك بوو- باشە ئیدی...))

دەیویست خۆی لە باسەکە بدزێتەوە، بەڵام من نەمهێشت.

((نا ئیدی، پوورێ، ئێستاکە سەرەکەیت دامەزراندووە تەواویشی کە... سەیرکە، پوورێ، من فریای دیتنێ دایە شیرینێ ناکەوم-من دوو ڕۆژی دیکە دەگەڕێمەوە تارانێ. میوانەکانیش لێرە نین...)) میوانەکان چوونەتە بازاڕی و من و پوورە ناسکە ماوینەوە کە بە عەردیەوە نوساوین، چەند شۆخە ژنێکیش کە وەك خوو و خدەی کۆمەڵایەتی ئەگەر پیاو لە ماڵێ بن نایەنە ناو پیاوان، بە تەك سۆبەکەوە دانیشتووین...

((لە کوێوە دەست پێبکەین، ڕۆڵە! لە هەر جێیەکیڕا دەست پێبکەم هەر دەردەسەری و سووکایەتییە و ریسوایی...))

((ریسوایی بۆ!...))

((باشە ئیدی...)) و سەرەنجام بە زۆریە من کەوتە قسان:

((هەروەك دەیگوت...))

((کێ دەیگوت؟...))

((سوورە گوڵ، ڕۆڵە... نەوەی خوشکە شیرینێ، کچی کەژاڵێ یا ئەو یەکەی، ناوی چبوو... شیلان، شیلان... لە پێشدا ئەوانیان بردنە کەرکووکێ، ماوەیەك دابوویانە ئەو ئەفسەرە-چووزانم، بەو ئەفسەرەی...))

((کام ئەفسەر؟))

((ئەوەی کە بە بارمتە بردبووی... ئاخر تۆش لەجێی کوڕمی، کچەکە بەرچاو بوو، تازە دەگەیشتێ. ئەفسەرە چاوی تێ بڕیبوو و تەماحی چووبوویە. دابوویانە وی، بە ناوی کارەکەرییەوە.)) هیچ خراپەیەکی ئەو پیاوەی نەدەگێڕایەوە، دەیگوت زۆری دەگەڵدا چاك بووە، چاکی دەگەڵ گونجاندووە-رەق و تووڕە بووە، بەڵام دڵڕەق نەبووە. دەیگوت ((هەرزەکار)) بووە دەیگوت جۆرێك بووە، وێچووە کە بە منداڵی ((شێتۆکە)) بووبێ... ڕۆڵە، ئەمانە هەموویان وەکو یەکن، هەر هەموویان دەمارێکی شێتیەیان تێدایە... ئەوانەش هەر لەبەر ئەو شێتیەی دەسکەنە دەکەن و دەگیانی خەڵکی بەردەدەن، دەنا- ڕۆڵە- هەموو کەسێك ئەو کارەی ناکا-ئەوانەش هەرچییەك بن دایك و بابێکیان هەیە. تۆ پێتوایە هەر کورد هەن!؟... ئای ڕۆڵە، لە



ناوچە عەرەب نشینەکانی خۆشیان دێهاتەکانیان بە تەواوەتی کاول و وێران کردووە، هەموو کەسێکیان کوشتووە، هەرچی کچە شیعە))یە بردویانن و خراپیان کردوون. هەموو وەك یەکن. من بۆ خۆم دوو سێ ساڵان کارەکەری ئەفسەرێکی بووم خەڵکی تکریت بوو. ئەویش هەروا بوو، دەزانی کە بێ ئیش دەبوو چی دەکرد؟ دوور لە ڕووی تۆ سەگێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، روحی بەسەر سەرییەوە بوو. لەسەر سفرەی دەگەڵە خۆیدا دادەنا، بۆ خۆی پارووی بۆ دەکرد. هەمیشە پڕی بەڕکێی نوقڵ و چوکولیات بوو. تا لە دەرێڕا دەهاتەوە ژوورێ چوکولیاتەکەی ئامادە بوو- دادەنیشت و وەك منداڵانی گەمە دەگەڵ ئەو سەیەیدا دەکرد. بەڵام کوڕەکەم، هەر ئەو سەیەشی بەلانی کەمەوە دەجاران وەبەر گوللان دابوو- بەخێرێش. ناوی لە سەیەکەی نابوو فەیسەڵ، پاشای جارانی خۆیان. لە پڕ بە دەم ئەو یاری و گەمە و چوکولیات خواردنەوەوە دەیگوت: ((ناسکە- دەمانچەکەمم بۆ بێنە!)) من دەمزانی دەیهەوێ چبکا، دەمگوت: ((فلانی، توبی و خودا، گیانلەبەرە، گوناهە... زیندەوەری خودایە... خوا هەڵناگرێ)) دەیگوت ((اسکت!))- بێدەنگ بە- و چاوی دەردەپەڕاند، و ئەو دەمانەی کە شێتیش دەبوو، رۆڵە، سەروچاوی زۆر ترسناك دەبوو. ئیدی من نەمدەوێرا هیچ بڵێم...

((ئەلحوکمولیللا، دەچووم دەمانچەکەم دێنا، رۆڵە، هەر کە دەیگوت دەمانچەکەم بێنە، بە قودرەتێ خودای ئەو گیانلەبەرە دەمودەست تێدەگەیی و دەیزانی- لە ئادەمیزادێکی چاکتر دەزانی و بێدەرەتانە دەچوو خۆی دە هەزار کوناندا دەشاردەوە: لەبن تەختەی، لە پشت دۆلابییەوە، لەبن داو و تەژگەڵی من... ئەو بیدەرەتانەی بەندەی خودایە سەری دەبن دەستەکانییەوە دەنا و دەستیدەکرد بە ((نووسکە نووسکێ- راست وەك منداڵێکی بچکۆلە دەنووزایەوە... کافر زگی پێیدەسووتا... کابرا کە ئەوەی دەدیت قاقا پێدەکەنی... هەر چۆنێك بایە رایدەکێشایەوە دەرێ. ئەو جۆرە کاتانە من لە متبەقێ هەردوو گوێیەکانم دەگرتن، و دەلەرزیم- تا دەنگی تەقەی دەهات. کە دەنگی تەقەکەی دەهات دەمزانی کار لە کار ترازاوە. بەڵام تۆ پێتوایە سەیەکەی دەکوشت؟ نا، نەیدەکوشت- گاڵتەی پێدەکرد. هەرکە تەقەکەی لێدەکرد و سەگەی بێدەرەتان وە قروسکە قروسك دەکەوت، بە تاسەیەکەوە پڕیدەدایە ئەو گیانلەبەرە بێنەوایە و لە باوەشێی دەکرد و دەیبردە لای دکتۆر و چەندی پارە ویستبایە لێی خەرج دەکرد. و وای بۆ ئەو دەمەی ئەگەر هاتبایە و سەگەکە حاڵی شڕ بایە- قیامەتی لێ ڕادەبوو! بە جۆرێکی بە دەوروبەریدا دەهات، هەروەك راست منداڵی تاقانەی خۆی بێ. نەشیدەدایە دەست شوفێر و سەربازەکەی- هەر بۆ خۆی دەیبردە نێو ئۆتۆمبێلێوە بۆ لای دکتۆری))...

((دوایە؟...))

((دوایە دوعای سەرت...))

((ئاخر گوتت سوورە گوڵیان دایە ئەو ئەفسەرە...!))

((بەڵێ رۆڵە، دایانە ئەو ئەفسەرە، ئەوە دوایە ئەفسەرە بۆی باسکردبوو، گوتبووی مەئمووریيەتێکی دەبێ وەك ئەوەی ئەو دێیەکە هەمووان بکوژێ، بەڵام کاتێکی ئەوی دەنێو حەشیمەتەکەیدا دەبینێ دەستی نایهێنێ و دڵی نایە و چاو دەپۆشێ. دوو سێ ساڵێك بەر لە ئێستا بوو، کە لە پێکداهاتنێکی دەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆماندا ئەفسەرەیان کوشت، و کچەیان هێنایەوە لای ئێمە- ئەو ئەفسەرەی منیشی لەلا بووم ساڵێك بوو کوژرابوو... هەر کاتێ کە دیار نەدەمان و نەدەهاتنەوە دەمانزانی کوژراون- من ئەودەمی لە کەرکووك بووم- رێشم نەبوو لە ماڵێ بچمە دەرێ، یا دەگەڵ یەکێکیدا بدوێم. سەرەڕای من دوو سەربازی دیش هەبوون کە چاوەدێر بوون.

دوای ئەوەی کە کابرا کوژرا ئێمەیان بردە بەغدایە- لەوێ لە ئەنبارێم ئێش دەکرد. زۆر بووین- کورد، تورکمان و دیان. ئەو کارتۆنە بچکۆلانەی کە داو دەرمان و ئەو شتانەیان تێدابوو دەمانبردنە ژووری ئەنبارێ یا دەمانهێنانەنە دەرێ. کارەکەی زۆر گران نەبوو. ساڵێکی تەواو لەوێ بووم. دەمانزانی شەڕە، بەڵام ئاگامان لە هیچ نەبوو، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە فڕۆکە دەهاتن و بۆمبایان داویشتن. رۆژێکی سەرتیپ- زەعیم-ێك بۆ سەردانێ هاتبوو. وەك ئێرە نەبوو بنیادەم سەرپۆشێك یا لەچکێکی بەسەرییەوە بێ تا ئەگەری غەوارەیەك یا نامەحرەمێك هات لایەکی لەچکەکە یا سەرپۆشەکە داکێشیە خوارێ، و خۆت داپۆشی. لەوێ هەر ئەو جلە مۆدانە هەبوون-وەك جل و بەرگی سەربازەکان، بلۆزێك و تەننوورەیەك... و سەری رووت... قژێکی جوانی هەبوو، ئەو دایك مردە، هەر دەتگۆ تاڵە ئارمووشە- ئاورێشم- ... ئەدی، خەریك بووم دەمگۆ. ئا، سەرتیپە هات، راست وەنێومان کەوت، و چەند وشەیەکی دەگەڵە مندا گوتن و زۆر چاکیشی کچە تەماشاکرد. هەردەمی قسانی دەگەڵە مندا هەڵێنایەوە دەردەست دڵم خەبەریدا. رۆڵە، خۆ من ئەم پرچەم لە ئاشی و لەبەر تاوێ سپی نەکردووە... هەر لە تەماشاکردنێ ئەو دەقیقەیەوە تێگەیشتم کە بە عالەمی ئاشکرا بەربینگی پێدەگرێ. لەبەر خۆمەوە گوتم هەی بەدبەخت، هەی بێدەرەتان! هەرچەندە عەرەبیشمان نەدەزانی، دوو سێ وشان هەر فێرببووین لەوان شتە باوانەی وەك: هەڵیگرە، وەرە، بڕۆ، ئاو، نان... ئا لەو شتانە. نازانم چۆن بوو سەرتیپە لە پڕ ئاوڕێکی دایەوە و بە منی گوت: ((دایك؟...)) و منیش نازانم چۆن بوو- دیارە خوا پێی خۆشبوو... گوتم: ((بەڵێ))... سەرتیپە پێکەنی، و گوتی: ((باشە... باشە!...)) و ڕۆیی... ((دوو رۆژ تێپەڕی، بەیانی رۆژی



سێهەم بوو کە دیتم ئەفسەرێك هات و بەمن و سوورە جوڵی... ئاخر ئەوان ((گوڵ)) یان نییە، بە گوڵێ دەڵێن جوڵ... گوت وەدوای کەوین، چووین. ئیدی هەر ئەوە بوو، چوونمان هەبوو هاتنەوە نا. هیچمان نەبوو، ئێمەیان بردە شوێنێکی پڕی ژن و کچ بوو-ژنی جوان، کچی شۆخ و شەنگ، هەروەك زەردەی هەتاوێ، کە لە تەماشاکردنێیان تێر نەدەبووی مێزێکی درێژیان دەژوورێکیدا دانابوو کە بەن داموسیان بەسەردا دەهات و دەچوو- لە ڕەنگی خۆی. کچەکانیان بە دەوری مێزەکەوە دانیشاندبوو و بە شتگەلێکی کە بە بەن دامو و سەکانەوە بوون و دەهاتن و دەچوون، چەند کارێکیان ئەنجام دەدا- فێریان کردبوون- دوایە زانیمان کە ئەوە کارخانە بووە. سەرەتا بردیانینە ژوورێکی بچکۆلانەوە، جلەکانیان لێ ئەستاندین، و بلوزێك و تەننوورەیەکیان داینێ، دەگەڵ رووپۆشێکی، وەك رووپۆشی دکتۆران... وەلێ بە ڕەنگی شین نەك سپی. بازو بەندێکیشیان دایە ((سوورە گوڵێ)) کە ئێمە نەمانزانی چی لێ نووسراوە... خودا ئەوەی بە کەس ڕەوا نەبینێ...))

پوورە ناسکە بە دوای باسەکەدا نەچوو و بڕیەوە؛ ماوەیەك رابرد، دیار بوو حەزی لە درێژەپێدانی باسەکەی نییە، گوتی:

((پوورە ناسکە، هەروەك گوتم من دوو سێ رۆژی دیکە دەچمەوە تارانێ؛ من ئێستا خوشکە سوورە گوڵم نەدیوە، ڕەنگە هەر نەشیبینم- دادەشیرینیش هەروەتر، خۆ من بێگانە نیم... ئەوە بەسەرهاتی دایك و خوشکەکانی ئێمەیە، تۆ پێتوانییە کە دەبێ منیش بیزانم؟- ئاخر من و ئەوانەی وەك من دەماناداا منداڵی ئێوەو برا و پوورە سوورە گوڵەکان و ئەوانیدی نین- دەمانەوێ بزانین چ بەسەر ئەو خوشك و برا و خوشك و دایکانەماندا هاتووە. دەزانم، بەسەرهات و حەکایەتێکی کرێت و دزێوە، چیرۆکێکی پیسە، دەزانم ئەو خوشك و پوورانەی وەك وی چیان لێ بەسەر هاتووە و لێقەوماوە... دەبێ هەر بیلێن و بیلێینەوە تا ئەو جیهانەی خۆی لە گێلیە نەزانین و نەدیتن و نەبیستنێ داوە بزانن کە چیان لەو کۆمەڵە خەڵکە بێ وەیەی وەك ئێمە کردووە-و دەیکەن. دەزانم سەرگوزەشتەیەکی تاڵە... بەڵام هەرچییەك بێ ئیدی ئەوە سەرگوزەشتەی میللەتی مەیە، هەرچەندە دەشزانم وەك بۆ خۆمان دەڵێین ئەو خوشك و پوور و دایکانە، هەموو لە گوڵێ پاکترن. من پێموانییە هیچ مرۆڤێکی شەریف ئەم جۆرە ژنانە بە داوێن پیس بزانێ. ڕاستە کارەکەیان پیس بووە، بەڵام خۆ بۆ خۆیان بە حەز و ئارەزوو و رەزامەندی خۆیان ئەو ژیانەیان بۆ خۆیان دەستنیشان نەکردووەو هەڵنەبژاردووە. وەك ئەوەی وایە کە- داوای لێبوردن دەکەم- مرۆڤ دەستی دەپیسایییەوە وەرچێ و دوایەش بیەوێ بیبڕێتەوە. ئەوانەیان تێوەرداوە- ئەوە بەسە مرۆڤ ئەم پیساییە بە ئاو و سابوونێ بشواتەوە... ئاوا.))

((دەزانم، کوڕەکەم... خودا عەمرت درێژکا... ئیدی، هەر ئەوەیە کە بۆ خۆت بۆی دەچی و مەزەندەی دەکەی... هەر ئەو پیسەیە کە گوتت... بە کورتییەکەی چ لە کوڕی خۆم بشارمەوە، دوایی تێگەیشتم کە بازوبەند، کە دەقۆڵی هەموو ئەو ژن و کچانەی ئەوێ کرابوو چبوو-دوایی سوورە گوڵ بۆ خۆی پێیگوتم. گوتی لەسەریان نووسیبوو ((تایبەتی ئەفسەرەکانە!)) یانی تەنیا بۆ ئەفسەرەکانن... تێگەیشتی کوڕەکەم؟...))

((تێگەیشتم... دوایە؟...))

((دوایەش، دوعای سەرت... باری دەروونی زۆر خراپ بوو-دەیویست خۆی بکوژێ. دەیگوت ئەم ژیانە بە کەڵکی چ دێ... دەرد و غەمی منداڵەکانیشی شێتیان کردبوو... ئێستا دەیگوت بەر هەڵداشیکەن تازە هەر نایەتەوە-دەیویست پەتێکی هەڵخاو ملی خۆی پێداکا و خۆی هەڵواسێ... ئامۆژگاریم کرد- ئەو شتانەی تۆ دەیانڵێی هەمووم پێگوت... ئێستا ئیدی زۆر کەمم دەدیت... چ بڵێم... شەوانە دەیانبرد... ئەوەش بڵێم، هەموو حەوتوویێکی دەهاتن، و هەمووانیان، ئەوانەی کە لە ژووری گەورەکەی بوون تا دەگەیشتە ئەوانەی وەك من کە لە متبەقێ بووین، دەبرد و تێیان دەنۆڕین-فەحسیان دەکردن... چەند پیرێژنە عەرەبێکیش بوون...)) کە گەییە ئێرە دەنگی نزم کردەوە، دەستی بە بەردەمییەوە نا: ((ئەمانە کوڕ یا مێردەکانیان شیوعی و شیعە بوون... کە هەروەك مێردەکانی مە ڕاگوێزرابوون و دوور خرابوونەوە...))

((دوایە؟...))

((دوایە هیچ... ماوەیەك تێپەڕی قونتەراتچییەك هەبوو ئازووقەی بۆ کارخانەکە دێنا- لێرە چی پێدەڵێن؟))

((هەر پێیدەڵێن قۆنتەراتچی...))

((بەڵێ، ئەو قۆنتەراتچییە... عەرەبە رەشکەیەکی ئاڵچاغی قوڕمساغ بوو... ناوی حاجی عدنان بوو، زۆر دەهاتە ئاشپەزخانەکە- متبەق- و بە خەیاڵی ئەوەی کە من داکێ سوورە گوڵێم دەکەوتە قسان و گەرمی دەکرد و تەنانەت دەشی پرسی داخوا هیچم ناوێ و پێویستیم بە هیچ نییە... من هیچم نەدەویست کابرا مرخی لێ خۆش کردبوو و بە کورتییەکەی تۆش هەر کوڕی خۆمی چووبوو سوورە گوڵی لەسەر تیپەی کڕیبۆوە!... دوایەش نەمزانی چۆن بوو و چی لێهاتەوە، ئەوە نەبێ کە رۆژێکیان دیتم کابرا هات و سوورە گوڵی پەل گرت و بردی... ئیدی من هیچ سووسەیەکیم تا ئەم دواییانە نەبێ نەزانییەوە...))

((کام دوایی!؟))



((هەر ئەو دواییانە- شەڕی خوڕڕەمشەهر...))

((خوڕڕەمشەهری خۆمان؟))

((بەڵێ، کوڕەکەم... هەر ئەو شەڕەی خوڕڕەمشەهری خۆمان...))

((ئێ...))

((ئێ ئێ، دوعای سەرت... تۆش وەك کوڕی خۆمی... بەڵێ، کاتێ ئێرانییەکان خوڕڕەمشەهریان گرتەوە سەددام پشتی شکا... ئیدی بیلاتەشبی، دوور لە ڕووی حازریان، مێشك و گووی تێکەڵ بوون و ... کارو کارخانە شەق و پەق بوو و بووە هەر کەسەو بۆ خۆی، ئەوەی توانی بۆی دەرچوو و چوو لە بەغدایە بە هەر شێوەیەك بوو خۆی شاردەوە... منیش بەتەمای خودای لێمدا و رۆیشتم... ئێستا ئەوجا بچمە کوێ-بە پرسیاران- چوومە گەڕەکێ کوردان... سەیرم کرد نا، پاسەوان و دارۆغە حەشرێ دەکەن، ئەو خەڵکە بەستەزمانانە هەناسەیان لێبڕاوە، ئەگەر بڵێم هەموو دەرگایەك پاسەوانێکی لێ راوەستاوە، درۆ نییە... کورتییەکەی، سەرت نەیەشێنم، چوومە گەڕەکێ ئیمام مووسای لەوێ لە دەرگای دوو سێ ماڵانم دا- ئێستا هەروا سەرەدەرییەکی کەم تا کورتم لە عەرەبییەکەی دەکرد... بەکورتی، لە ماڵێ حاجییەکی کوێتی، کە ناوی حاجی مستەفا بوو، بوومە کارەکەر... هێندێکیشم پارە پاشەکەوت کردبوو: لەوێ، لە کارخانەکە، مانگێ هەر یەکەی دینار و نیوێکیان دەداینێ بۆ خەرجییە گیرفانی؛ سوورە گوڵی چارە ڕەشیش کاتی رۆیشتنی پەنجا دیناری هەبوو بە زۆری بە ملی دابڕیم... بە کورتی، ئەوجا ئێستا چبکەم و چ نەکەم، چۆن خۆم بگەیەنمەوە کوردستانێ... کوردستان! هی هی... من شتێکی دەڵێم و تۆ شتێکی دەبیسی... بەعس سێبەری کوردان بە تیر دەنگێوی... رۆڵە، ئەو دەربەدەری و بەدبەختیانەی کە من چێشتمن مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ... ئاه-ها!))

ماوەیەك بێدەنگ بوو، دە گوڵی رایەخەکەوە ڕامابوو... و کەوتە باڵەفڕەی نێو دنیای یاد و بیرەوەرییەکانییەوە...

((...ڕۆڵە بەو هەموو بەدبەختی و رەنج و ناخۆشیانەی کە کێشابووشمن ئەوەتا ئێستا بەو ساڵ و تەمەنە و بەو حاڵە پەڕپووتە و بەو سەرما و سۆڵەیەوە، بە گۆچان کوتانێوە لە سلێمانییەوە تا ئێرە هاتووم... رۆڵە، ئەو بەدبەختی و رەنج و ناخۆشیانە تەنیا کەسێك هەستیان پێدەکا کە خۆی بەسەری هاتبێ... ئێستا ئاگام لە هیچ یەکێکیان نەماوە. نازانم مێردەکەی چی لێ بەسەر هاتووە، کوڕەکان لە کوێن، کچەکانم چ قوڕێکیان بەسەری خۆیاندا کردووە... خوا سەبەبکاریان کوێر و زەلیل کا-خوا رۆژی ئەو کەسە رەش کا، کە ئێمە و رۆژی

ئێمەی وا ڕەش کرد!... حاجی مستەفا پیاوێکی خراپ نەبوو، بە نیسبەت ئەوانەوەی کە دیبوومانن، ئەستەغفیروڵڵا، وەلییەکی خودای بوو. بۆ خۆی و خاو و خێزانەکەشی دەگەڵ کارەکەراندا میهرەبان بوون، تەلەفزیۆنێکی گچکۆکەیان بۆ مەش لە متبەقێ دانابوو... ئێرانییەکان خوڕڕەمشەهریان گرتبۆوە و هەر مووشەکیش بوو کە وە بەغدایە دەکەوتن... وای ڕۆڵە کافر نەبینێ... ئەمن شتێکی دەڵێم و تۆ شتێکی دەبیسی...))

((دیومە، خۆم دیومە پوورێ، ڕۆژ هەبوو تاران شەش حەوت مووشەکی وێدەکەوت...))

((ئەدی مووشەك... چاکە، ئەدی دەزانی دەڵێم چی... هەر کە چەند مووشەکێك وە بەغدایە کەوتن ئیدی خەڵکەکە کەس گوێی نەدایە پاسەوان و ئینزیباتان و هەموو تێیان تەقاند و بۆی دەرچوون-یەك لەوانەش هەمان ئەو حاجی مستەفایە بوو کە ماڵ و خێزانەکەی و ئێمەشی بردە کوێت...))

((کوێت؟))

((بەڵێ، کوڕەکەم... بۆ خۆم حەزم لێبوو... هەر دە دڵی خۆمدا دەمگوت بەس ئەو بەغدایە لەعنەتییە نەبێ، خوای دەکرد دۆزەخ دەبوو- هەر خۆشە. کورتییەکەی، چووین... لەوێبوو کە هەمدیس سوورە گوڵم دیتەوە!...))

((ئەی... باشتر! بەڵام چۆن، دەو شارە گەورەیدا..!))

((ئاخر، ڕۆڵە، ئەوانەش خۆ هەر کوێتی کوێتی نەبوون، وەك هەموو ئەوانەی کە لە شار و وڵات و زێدی خۆیان دەڕۆن و نیواو نیو دەبن، کوێتییەکانی کە لە عێراقێش هاتبوونەوە بە دوای سۆراغی کەسانێکی وەك خۆیاندا چووبوون... ڕۆژێکی خانمی ماڵێ گوتی کە شەوێ حاجی عەدنان و ژنەکەی بۆ نانخواردنێ دێنە ئێرە-و گوتیشی داخوا چ لێنێین. تۆ بڵێ من سوورە گوڵم هەر لە بیریش مابوو، یا سوورە گوڵێکم دە مێشکیدا بوو-حاشا! شەوێ کە لە دەرگایاندا و لە پلیکانان هاتنە سەرێ... بە دیتنێی ئەژنۆم شل بوون، هەر لەوێ لەسەر عەردی دانیشتم... وای، چم لێ بەسەرهات! وەك دوور لە گیانت مردوویێك بەخۆ و بە کفنەوە لە گۆڕی هاتبێتە دەرێ و هاتبێتەوە!... هەستم لێ بڕابوو، باوەڕم نەدەکرد... ئەویش لە من خراپتر. بە کورتییەکەی، ئەتۆش هەر کوڕی خۆمی، ئەوجا دوای ئەوە نزیکەی هەموو ڕۆژێ یەکترمان دەدیت... ئێستا کوڕێکی جوانکیلەشی هەیە- کاکە دارا، کە لەبەر خۆشەویستییە پێیان دەگوت حەمەلاو. خودا گیان- ژنێك و دوو مێرد لە کام ئایین و ئایینزادایە، ئەوە لە کوێی دنیایەدا باوە..! بەڵام ئەمانە پابەندی ئەو جۆرە شتانە نین- دوایی کاتێ کە گەڕامەوە کوردستان تێگەیشتم و زانیم کە چەند دوای بردنی سوورە گوڵێ مێردەکەی دەپێکدا هاتنێکیدا



کوژراوە. زۆرم سوپاسی خودای کرد، کە هەر نەبێ لەولاێڕا دەرکێکی بەخێریی لێکردۆتەوە... دڵخۆشیە ژیانی تەنیا ئەو کوڕەبوو، کابرا زۆر بەد ڕەوشتە، ئاژەڵێکە بۆ خۆی- هەموو ڕۆژێ لە خۆڕا و هەروا لەسەر هیچ لەو ژنە بێدەرەتانەی دەدا- هەر بەو دوا دواییانەش دەستی شکاند بوو و کچەی لە قوون کوچکێ دانابوو. لە زگ و بەر زگی بترازێ هیچیدیکەی ناوێ- ئەوەشی هەیە، کوڕەکەی زۆر خۆشدەوێ... عەرەب هەموویان هەروان...))

((نا، پوورێ، یەکجار واش نییە-عەرەبیش وەك هەر نەتەوە و میللەتێکی دی چاك و خراپیان تێدایە- هەموو وەك یەك نین، پیاوی زۆر چاکیان تێدایە...))

((ئێمە چاکەکانیانمان نەدیون... چاکەکانیان فەلەستینییەکان بوون کە منداڵەکانمان بۆیان لە سینگی خۆمان دەدان... لە دوایەش بوونە جاشی سەددامی، و لە ڕووداو و بەسەرهاتەکەی هەڵەبجەیدا زۆر لە عەرەبەکانی سەددامی خراپتر بوون، و قسەی خۆشیان بەمە ((ئیسرائیل ثاني)) بوو... وای...ی، ڕۆڵە من پیربووم ئەویستاشتم لەبیرنامێنێ، تۆ ئێستا کە تازە لاوی و بە نیسبەت منەوە منداڵی... تۆ لەبیرت نەچێتەوە و ئەوەت هەر لەیادبێ داخوا لە بەسەرهاتەکەی هەڵەبجەیدا چەند دەوڵەتی عەرەبی ناڕەزاییان بەرامبەر سەددامی دەربڕی؟ چەند دەوڵەتی ئیسلامی، بێجگە لە ئێرانێ ناڕەزابوون؟... تۆ هیچت لەم بارەیەوە بیستووە!؟))

نەمبیستبوو، بێدەنگ بووم، پووریلە هەمدیس هەناسێکی هەڵکێشایەوەو دە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ((ئەدی ڕۆڵە، خۆ منیش ئاوا نەبووم، منیش وام بیردەکردەوە کە چاك و خراپ دەنێو هەموو میللەتێکیدا هەیە-بۆ خۆیان وایان لێکردین... ئەدی، لە بیرمە ئەو منداڵە بەستەزمانە پاکیزەیە هەمیشە دەیگوت: ((پوورێ، دەبێ خوا ئەو ڕۆژەم پێشانداتەوە دووبارە کەس و کارەکانم ببینمەوەو بە دیداریان شاد ببمەوە-تۆ بڵێی ئەو ڕۆژەی ببینمەوە؟ بەخودای وردە وردە خەریکە ڕەنگ و روخساریانم لەبەرچاوان کاڵ دەبنەوەو لەبیر دەچنەوە!...)) دوایەش وەك کەسی بەلاوە نەبێت و دەگەڵە خۆی بلێ، دەیگوت: ((جا بۆ بیانبینمەوە... بە چ ڕوویەکییەوە بچمەوە... بە چ ڕوویەکی سەیری چاویان کەمەوە!...)) هەی ڕۆڵە، خوایە بەسەر کەس نەیە!...))

((دوایە؟...))

((دوایە هیچ، شەڕ بڕایەوە- کچەش کە بە کوڕەکەیەوە گیری خواردبوو... ئەویش هەر نەبوو، بە قسەی خۆی دەیگوت بە چ ڕوویەکییەوە بێتەوە! کەمێکی پاشەکەوت هەبوو، دایە من، بۆ خۆشم شتێکم پێبوو... من لە ڕێی ئێرانێوە هاتمەوە کوردستانەکەی خۆمان، و هەواڵم دایە کاکە کاوەی، و ناونیشانی تەواویشیم بۆ نووسی... بۆ خۆم قاقەزم نووسی، و ئاگادارم

کردەوە کە کەی مێردەکەی کوژراوە... گوتم ڕەنگە سێبووریپەك بێ بۆ دڵە غەریب و تەنگ و غەمبارەکەی... وەڵامی قاقەزەکەی دایەوە، و هەروەك کە بیستیشم نامەی بۆ کاکە کاوە و دایە شیرینیش نووسیبوو...و دوایەش بیستمەوە کە بەخۆ و بە کوڕەکەیەوە- حەمەلاو- هاتۆتەوە... ئیدی نازانم ڕاست یا درۆ. ئەگەر هاتۆتەوە نازانم بە چ ڕێیەکیدا... پێموانییە لە ڕێی بەغدایەوە هاتبێتەوە، لە بەغدایە ئینزیبات حەشرێ دەکا، ڕۆڵە...))

((باشە چ دەکا؟ هەروا هەر کەسێکی ویست دەیگرێ، لێیدەدا، دەیکوژێ- ئەدی دەوڵەت چ دەکا؟))

((ئای ڕۆڵە، ئەمن شتێکی دەڵێم و تۆش شتێکی دەبیسی! ئەدی، کوڕەکەم تێهەڵدەدا، دەکوژێ، تاڵان دەکا. هەر ماڵێکی بیەوێ... دەوڵەت بۆ خۆیانن... خوا تەمەنت بدا کوڕەکەم، قسەی سەیر دەکەی!...))

((وەکو چی ئاخر...))

((با یەکێکیانت پێ بڵێم. ئەو دەمانەی کە ئێران سارووخی داویشتن، دەزانی ئینزیبات چیاندەکرد ڕۆڵە؟ هەر کە ساروخەکە دەکەوت بە یەکجاری گەڕەکێکی خراپ دەکرد...))

((نا پووری، ئیدی یەکجاریش وانا- ئێمەش لەوێ بووین، دەماندیت. ئەوپەڕی پێنج شەش خانوو...))

((نا کوڕەکەم، سارووخمان هەن سارووخ... ئەوەی ئێرانی کە دەکەوت یەك گەڕەك وێران دەبوو. من خۆم دیتوومە، چاوم هەن... منیش ئەگەر هەر بیانگۆتبایە باوەڕم نەدەکرد. ڕۆژێکی لە شەقامی ڕەشید بووم، کە ساروخەکە کەوت... قیامەتێك بوو، ڕۆڵە، گاور نەیبینێ و موسوڵمان نەیبیسێ! ئەگەر بڵێم سەد خانووی وێران کردووە درۆ نییە-جا ئەوە بێجگە لە گرمە وناڵە و زرمەی، کە مرۆڤ زراوی دەڕژا... زۆر منداڵ هەر تۆقین... ئەو جۆرە کاتانە ئینزیبات هەر چوار لای ئەو گەڕەکەی دادەخست. ئەوجا لۆرییان دێنان و ئەو کەلوپەلانەی ماڵەکانیان لە لۆرییەکان باردەکردو دەیانبردن- هەر لە ڕایەخ و تەلەفزیۆن یەخچاڵەوە بگرە تا فرێزەر... ئێوە لێرە پێیان دەڵێن چی؟))

((هەر یەخچاڵ و فرێزەر...))

((بەڵێ، یەخچاڵ و فرێزەر... دوایەش بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی داخوا کێ ماوە یەکێ دەبن دارو بەرداندا ماوە یا نەماوە، بلدۆزەریان تێبەردەدا و دەمو دەست تەختیان دەکرد-وەك لەپی دەست... تاڵان لەوەی زیاتر، ڕۆڵە، تاوان لەوەی گەورەتر!؟))

((کەواتە ئاوا!...))



((بەڵێ، ئەو دەمیش کۆمەڵە دارو دەستەیەکیان هەبوون، بیلاتەشبی، ئا لەو لات و لوت و دوور لە ڕووی ئێوە، ژنە سۆزانی و بەرهەڵدایانە... دەهاتنە ئەو گەڕەك و شوێنانە و هاواریان دەکرد: ((سەددام! سەددام! مردن بۆ مەجوسیان!...)) ئەوانە تەلەفزیۆن پێشانی دەدانەوە، و بەناوی خەڵکی بەغدایەشەوە. دەناو واندا ژنێکی ڕەشەی کەتە و قورمساغیان تێدا بوو دەیگوت شەش تاکە کوڕم بە قوربانی سەددامی کردووە... یەکی دیش هەبوو... تا بڵێی گەنج- کە دەیگوت کوڕەکەی وییە کە لە ئێرانێ ئەسیر بووەو هەڵاتۆتەوە، و بەپێی پیادەو هەر بە پێیان خۆی گەیاندۆتەوە بەغدایە و لە بیابانێ کە ئاو نەبووە وەك ((سەرۆکی فەرماندە)) میزی خۆی خواردۆتەوە لە تینوان، بیلاتەشبی، دوور لە ڕووتان! من ئەو ژنەم لە ماڵێ حاجی مستەفای دیبوو- لەوێی مەولودنامە دەخوێندەوە... دەنگێکی خۆشی هەبوو، دوایەش زگی دەردەپەڕاند و سەمای دەکرد چ سەمایەك!... شتی وای دەکرد بنیادەم دەپسا لەبەر پێکەنینێ. سەمیرە خانمێ ژنێ حاجی مستەفای سوێندی بە سوێند دەخوارد، دەیگوت درۆ دەکا، شەش کوڕی لە کوێ بوون، ژنە نەزۆکە، سمە ئێستری خواردووە... بە عومری خۆی منداڵی نەبووەو نەزاوە. ئەو ڕۆژەش- کە ساروخەکە لە شەقامی ڕەشید کەوت دیتم- ئیدی ئەمیانم بە چاوی خۆم دیت- کوێر بم ئەگەر درۆ بکەم، ڕۆڵە. هەر ئەو دەمەی کە تەرمەکانیان ڕیزکردبوون... ڕۆڵە گەڕەکی ڕەشید گەڕەکی دەوڵەمەند و خوا پێداوانە... چووە سەر تەرمی ژنێکی بێنەواو بە چەقۆ ئەنگوستی لێ کردەوە و بە ئەنگوستیلەوە ئەنگوستە بڕاووەکەی دە بەرکێ نا، وەك نەبای دیبێ و نە باران... و بەولاوە ترەوە هاتەوەو کەوتە یا سەددام گوتنێ!...))

((سوبحانەڵلا!...))

((بەڵێ کوڕەکەم، من شتگەلێکی وامدیوە کە ئەگەر کێو بیبیستێ شەق دەبا!... ڕۆڵە، بۆ تۆ پێتوایە ئەو هەموو چرچ و لۆچانەی دەموچاو و سەر و ڕووم هەروا لەخۆوە پەیدابووە!...))

((پووری، ڕاستەکەن کاتێ کە سەددام کەوتە شل و شۆقیە... لە سلێمانی و کەرکووکێ خەڵکی عەرەبیان زۆر کوشتن؟...))

((بەڵێ، ڕۆڵە، زۆریان کوشتن!... دیارە کارێکی خراپیان کرد، بەڵام چ دەکرا، هەقیان بوو. دایك، دەو هەڵاتنەیدا، کە نەیدەتوانی و منداڵەکەی پێ دەرباز نەدەکرا بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست عارەبان فڕێیدایە نێو ڕووبارێ... هەر ڕاست وەك بەسەرهاتی کوردەکانی دەرسیم لە تورکیا، کە ژنان خۆیان داویشتە ڕووبارێوە تا وەدەست مستەفا کەمال ئەتاتورکی نەکەون... دایك و کچەکەیان لە جیانی پێشمەرگەی بردووەو بە شێخە عەرەبەکانیان فرۆشتووە، باوکە

سەددام هەرچی نێرینەیەکی هەبووە کوشتوویەتی... تۆش دەتەوێ ئەوانیش بێن و نوقڵ و نەباتی ببەشنەوە!

ئەوانەی کە لە دوورەوە وا دەفەرموون بۆ خۆیان لێرە نەبووینە، و نەیاندیوە- ئەگەر لەجێی مە دەبوون سەد ئەوەندەیان خراپتریش دەکرد... خۆ خەڵکی دەستیان ناگاتە سەددامی!...))

پوورە ناسکە ماوەیەك رادەوەستێ، پشوێ تازە دەکاتەوەو هەناسێکی هەڵدەکێشێ... ((ئاه، چ بڵێم رۆڵە، ئەوە مشتی خەروارێکی بوو. هەر کارێکی تۆ بڵێی دەستێکی حەرەس جەمهوری-پاسەوانی کۆماری-یان تێدایە، هەر کارێکی بتەوێ بیکەی دەبێ بە حەرەساندا بڕوا...))

((وەکو چی؟...))

((چی؟... ئاخر رۆڵە خۆ ئەوێ ئێرە نییە، لەوێ هەر دوو کەس پێکەوە پێك هەڵوەستن گومانیان لێدەکەن... حەرەس دێت، و دەیانبا: دەڵێ کۆبوونەوەتان کردووەو تەگبیرتان بۆ کوشتنێ سەددامی کردووە! ئەگەر یەکێك چەند میوانێکی هەبن، یا بووکێ بێنێ، دەبێ حەرەس بزانن- هەر گەڕەکێك حەرەسی خۆی هەیە. دەبێ بچی- ئەوەم لە سەمیرە خانمی ژنێ حاجی مستەفای بیست- دەبێ بچی بە قسەی خۆمان بیلاتەشبی قونێ کەرە شینی دەرمان کەی- پارەو پولێکی بدەی- تا ئەو شەوە کارەبای گەڕەکێ نەبڕن، و حەرەسەکانیش لە پڕ بەسەر دیواریدا باز نەدەنە دیوی حەساری، و خۆڵەمێشێ دە مەنجەڵە پڵاوان نەکەن و دەمیوانەکانت هەڵنەدەن، و بووك و زاوای نەبەنە حەرەسخانەی و سووکایەتیان پێنەکەن... کاتێکیش-بیلا تەشبی- قوونێ کەرە شینیت دەرمان کرد، حەرەسێکت بۆ لەبەر دەرکی ماڵێ دادەنێن، ئەودەمی دەتوانی کڵاوێ بەلا تیلاکەی سەرییەوە نێی، و هەرچییەکت ویست بیکەی!...))

باشە، دەی، ئەوە بەسەرهاتی میللەتی مە... چارەنووسی خەڵکی مە...

رەنگە بۆ لاوێکی ئەمریکایی جێی سەرسوڕمان و پێی سەیر بێ کە ببینێ فلانە لاو دەگەڵ مەگزیکییەکی ناگونجێ یا فلانە باوکی جوولەکە پێیناخۆشە کچەکەی مێرد بە مەسیحییەکی بکا، یا ئیتالیاییەك رکی لە ئیرلەندیەکی دەبێتەوە. لاوان ئەو جیاوازی و جۆرە شتانە هەموو بە جیاوازی ساختە دادەنێن و دەزانن... راستیش دەکەن، چونکە ئەوان بۆ خۆیان شەڕیان دەگەڵ مەگزیکیاندا نەبووە، مەگزیك یا گواتیمالا یا کوبایان تاڵان نەکردووە... بەڵام کارەکانی نێوان لاوانی کورد و عەرەب و کورد، و تورك لەم بارەیەوە جیاوازە- لێرە جیاوازییەکان بەرچاون و هەستیان پێدەکرێ، جیاوازی و دوژمنایەتی ئەزموونێکی رۆژانەیە... بۆ؟.



گومان لەوەدا نییە کە دەمارگیری بەفێرکردن و تێکەڵبوونێ سست و کاڵ دەبێتەوە فێرکردن ئەوە هیچ کە نییە، تێکەڵێش دەکۆمەڵگایەکیدا کە بە گڵاوت بزانن ئەویش هەر هیچ. هاتن و چوون و سەردانی یەکتری نەتەوەکان لە نێوان خۆیاندا دیارە بێ کاریگەری نابێ، چونکە ئەوەی سەفەران دەکات دەبینێ کە زەحمەتکێشانی هەموو جێیەکی هەر زەحمەتێ دەکێشن و موفت خۆرانی هەموو جێیەکی هەر دەلەوەڕێن. بەلان سەفەریش پارەی دەوێ و دیتن... و فەرهەنگ-کوردی بێدەرەتان بە چی ببینێت و فێر ببێ بە کام سەفەری-مەگەر بە زۆرەملێ لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی وەدەرنێن و ئاوارەی کەن. وێنەکەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەبینن... ئەم سەفەرانە چ کۆمەك و یارمەتییەکی ئەوان دەدات؟ لەوەی زیاتر هێندەی دیکەیان رق ئەستوورترکا... دوژمنایەتییەی لەلا زیاتر و خەستتر کاتەوە، دەتوانێ چی پێ ببەخشێ؟ بڕوا بە کەمالیستە تورکەکان بکا بڵێ چی؟ یا چیان لێوە ببیسێ؟... دایە شیرین چاکی کرد کە لە دەشتی شارەزوورێ لە کونجەکەی خۆی نەبزووت...

دەنگە ناسکەکەی دادە رووناکێ هێشتا هەر پێ بەپێ دەگوێمدا دەزرنگێتەوە: ((دایە شیرین چۆتەوە لای دەشتی شارەزوور، کونجێکی بۆ خۆی پێکەوە ناوە- بە تاقی تەنێ دەژی... دەگەڵ دوو مانگالەو چەند سەر بزنێکی... دیارە منداڵەکانیش زوو زووی سەر لێدەدەن- کاکە مەحموود و کاکە حەسەن و منداڵەکانیشیان. بەڵام بۆ خۆی ناچتە چ جێیان. دەڵێ دڵی بیابانە...)) چەند دەربڕینێکی جوان و ژیکەڵەیە! جوان... جوانییە تایبەتی بیابانێ.

پیربووە، چاوەکانی سۆمایان داهاتووە، جەڕ و مەنگەنەی لەشی شل بوونەتەوە... لەشی شل و شۆق بووە؛ شانەکانی کەم کەمە داکەوتووە، و پێکتر دەڵێن کە ئیدی چیدیان تین و توانای بارهەڵگرتنێ نەماوە. هەرساڵەو وەك شاخی شوورێ گرێیەکیان لە سەر ژیانی بەجێهێشتووە: ژیانی لە نزیکەوە راست بەو کوولەکە ئاوڵەدارانە دەچێ کە پڕە لە گرێ و بالووکە و پفکە. هەر جارێکی حەزی لێبێ و تەماشای ئاوێنەی بکا ڕابردنێ سیما و رابردنێ زەمانەی لە شێواویە سەرو چاوی خۆیدا دەبینێتەوە، کە بە غاردان و تەقڵە کوتەوە بە دوو ئاڕاستەی لێك جودادا دەبەزن و چەندێکی دەڕۆن لێك دوورتر دەکەونەوە. دەمو چاو و روخسار ئێستا وەك دەفتەری نووسینی بەردەستی منداڵێکی تەمەن چوار ساڵانەیە و هەمووی خەت خەتە، دەفتەری ژیانێکی پەڕپەڕکراو و دڕاوە، و پەڕەکانی بە دەم بای کارەساتانەوەن، و لە یاد و بیرەوەرییان بەولاوە هیچی دیکەیان لە پاش خۆ بەجێ نەهێشتووە. ئیدی ئەو ژمارە بە حیسابی ساڵانی تەمەنی نییە-دەفتەری ساڵانی تەمەن (با) بردوویەتی و باران شوشتوویەتییەوە- حیسابی وان بە گوێرەی ئەو بەسەرهات و رووداوانە دەکات کە دەژیانی ویدا

رووياندا‌وەو قەوماون: ئەویٚ ساڵێ کە دەگەڵ بابە سۆفی هاتن، ئەویٚ ساڵێ کە شێخیان گرت و ئەو کوشتارەیان کرد، ئەو ساڵەی کە کاکە دارا ڕۆیی، ئەو ساڵەی کە کاکە دارا هاتەوە، ئەویٚ ساڵێ کە کاکە کاوە دوور خرایەوە... ئەو ساڵەی کە ئەو دایك مردە جوانە مەرگ بوو، ئەو ساڵە کە... جاری وابوو پاش و پێش و ریزبەندی رووداو و بەسەرهاتەکانی لەبیر دەچوونەوە، جاری وابوو ناوەکانیش...

((خودای من... ئەتۆ لە کوێی؟ بۆ هێندەمان ئەشکەنجە دەدەی؟... ئەو کچەیان بۆ کویٚ برد؟... ئەو هەموو زۆرداری و ئەستەمەی بۆ قبوڵ دەکەی، کە ژنی بە مێرد ببەن و لە عەرەبستانێ بە شێخانی بفرۆشن؟... ئەوە باسی روو رەشیە خۆم و کەسانیدی هەر ناکەم- ناڵێم بۆ ئەو پیرێژنە، یا ئەو هەتیوە لە برسان، یا بە بۆمباران و مووشەك بارانێ دەمرن... ئەوەی دەڵێم کە داخوا بۆ قبوڵتە ژنی پاکیزەی بە مێرد بەرن و ئاوای دەست بۆ درێژکەن؟... وەڵامم بدەوە!... وام لێهاتووە کە، ئەستەغفیروڵڵا گومان لە دادی تۆش بکەم- زمانم لاڵ بێ.

بەڵام من چیم کردووە... ئەو خەڵکە چیان کردووە کە تورك و عەرەب واکەوتوونەتە... گیانیان و لوولەی شەستتیرێیان دەسینگی کردوون و گڕگڕ دەیانکوژن؟... ئاخر رەحم و دادێکیان گوتووە... خودایە!...))

دە مەزرایە چوکەڵەکەدا ئیش دەکات، مێشکی پڕە لە تارمایی، جاری وایە چاوی دڵی جیا لە چاوی راستی، تروسکەیەکی تێدەگەڕێ، تەنانەت لە جارانی زیاتر هێز و وزە تێ دەزێتەوە. دەو جۆرە کاتانەدا وردە بابەتەکان بە روونی دەبینێ... ئەوە دەمەزرایەدا ئیشێ دەکا، کەچی مێشکی پڕە لە تارماییە خۆماڵی و بێگانەکان... تارمایی زیندوو... مردووەکانیش هەر بە زیندوویی دەبینێتەوە- وەك ئەوەی کە سەربازەکان بە بیستنی دەنگی شەیپوورێ تاك تاك و جووت جووت بۆ خواردن وەرگرتنێ بێن، ریز دەبن. هەموو... هەریەکە و بەناونیشان و نیشانەی دیاریکراوی خۆیەوە: حاجییە ورگە، بەخۆ و بە زگە دەهۆڵ ئاسایەکەیەوە، نەسناس بەو چاوە زەرد و قژە سوورەو باڵا بەرزەیەوە... ((هەی روو ڕەش!...)) ئەوەش حەسەنە... حەسەن بەراز... ئمم! دەك ئەولاتر چی!... رووی لەو وەردەگێڕێ... لە هەمووان، ئامادە نییە تەنیا چرکەیەکیش چاوێ بە روخساریاندا بخشێنێ... دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا بێلۆکەی تاو نەداوەتێ و بەسەر دێراوێدا نەنووشتاوەتەوە کە قوت دەبنەوە، سەروچاو بارودۆخێکی پێشوازییە ئەو تارماییانەی پێوە دیارە... جار و بارە گرژ، زیاتر گەش و لێو بەخەندە زەردەخەنەکە ئی منداڵانە و بۆ وانیشە!...))

خۆر، لەسەرخۆی پێ لە گۆلەکان ناوەو تێپەڕیوە... پایزە.



بە ژمارەی منداڵ و نەوەو تۆرەمانی نەمام ناشتوون: بە هەر چوار دەوری مەزرایە چکۆلەکەیدا-گێلاس و قەیسی و هەرمێی لە جیاتی سەرگوڵی دایك و مردە و سوورە گوڵی ئاوارە و دارای جوانەمەرگ ناشتوون... ئەوەش سێوی بابە سۆفی و لەبەر پێی سێوەکەشەوە بڕکە شووتی و تەماتە... ئەو گۆشەش بنەگوێزە... بە یادی ئەو بنەگوێزەوەی کە گوێزی لێ نەخوارد... هەر چەندە هێشتاش بە لق و گەڵاو چڵ و پۆپییەوە هەموو گیان و بیرو لەشی داپۆشیوە. ئەوەش ئەوەی سەری خاوەنەکەی ناشتوویەتی دەخوا... ئەو بنە گوێزە رۆیوە، بەڵام دەرد و غەمەکەی هێشتا هەر ماوە، وەك ئەندامێکی بڕاوە کە دەم و نادەم دە دڵی گیانیدا بروسکان دەدا... کۆتایی پایزێیە، گەڵا زەرد بووون- گەڵا رێزانە. گەڵایەکان بە نەرمە بایەکی دەلەرزن و تاك و تەرا هەڵدەوەرن، ماوەیەکی بە هەواوە چەرخان دەدەن و دوایەش لە پەوڕوو دەکەونە سەر زەوی... و دەگەڵ (شنەبا)یدا سەرگەردان و بڵاو دەبن: بە کام رێدا بڕۆن، کە رێی خۆشبەختییە بێت؟- رێی خۆشبەختییە کامەیە؟... بە دوو دڵیەوە بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە و دوایەش وەك گەیشتبنە بڕیارێکی راست و رەوان لە پڕ، بە پەلە بەرەو لای چارەنووسەوە دەچن. چەند دانەیەکیان، هێشتا وەڕێ نەکەوتوون، پەشێمان دەبنەوە- لە گەلێ تەرە دەبن و جودا دەبنەوە، و دەگەڕێنەوە-و وەك بڵێی حەپەسا بن بە داوێنییەوە دەلکێن... یا وەك ئەوەی پەیام هێنەرانێکی لە دوورەوە بن؟ یا بیرەوەر و یادگەلێکی دووربن؟ لاوەکانن کە بە هەڵدان و گەورەبوون و خۆ دارشتنێ خۆیان بە ساڵاچووان وریا دەکەنەوەو ترسیان دەدەنێ؟ نەمامەکان وردە وردە رووت بوونەتەوە... لەوانەشە رەشەبایەکی توند دەو دەشتەیدا ئەوشۆ هەمووان بخا. بەڵام نا، درەختەکان شلکن، گەڵایان دەوەرێنن، بەڵام ناکەون-گەرموگوڕی ژیانێیان دە دەروونییدا دێت و دەچێ، کوورەی دەروونیان پڕ کوڵە... بەڕووتیش سەرمایان نابێ... شلك و ناسکن، لاون...

چ دەکا؟- چ بکا؟... بە بێلۆکەی سێوەبن عەردەی لە بن گڵی دەردێنێ- ئاخر ئەویش خۆ دەبێ تاوێك ئەو کوورەی دەروونەی جۆش داتەوەو وەکەف و کوڵی خاتەوە- لەبەر خاتری دڵی منداڵەکان!

دەشت نەخۆشە... لاو نەخۆشیە زوو دەپەڕێنێ... خودا لەشیان ساغ کا!... دەشت زەردە، و تا ئەوپەڕیش زەردی دەنوێنێ- تا چاوی ئەوبڕ دەکا. سۆزی پایزی تەمەن، دەست بە لەش و لار و سەرو روخساریدا دێنێ... با لە پشتەوەڕا دێت، وەك هەر شتێکی چاوەڕێکراو، کە کەمتر وایە بەتەمای بیت و چاوەڕێی بکەن! چمکی پشتەوەی سەرپۆشەکە هەڵدەداتەوە. وەك بڵێی دەشتیش هەست دەکات کە پەیامنێری دوور نەناسیاوە!... با هەروا دێت، دەست بەسەر پرچە

پیرەکەی دادێنیٚ... هێشتا دەستی نەگەیوەتە لەشی کە وەك بێچووە جانەوەری کێوی کە هەروا بە هەڕەمەکی فێر بووە لە ترسی ئادەمیزاد خۆی بکێشێتە دواوەو خۆی پەنادات و سەری راوەشێنیٚ، بلەرزیٚ... و وەك بڵیٚ، نا، مەکە!

تاقەدارێك لە دوورەوەی دەشتێوە راوەستاوەو ئەویش چاوی تێبڕیوە، هەموو دەموساتێك و هەموو رۆژێکی خوا دایناوە دەبینیٚ- بەیانیان و شەوانە وەك دوو لوتکەی شاخی کێوەڕەشی کانیی سپی بەیانی باش و ئێوارە باشی لێدەکا. درەختەکە وەك خۆی پێچابێتەوە- ئەویش وردە وردە خۆی بۆچوونە ناو جێی نووستنیٚ ئامادەکردووە. یەك بەسەر هات و یەك سەرگوزەشتەیان هەیە: ئەویش قامچی جەفای رۆژگاری وێکەوتووە، گەردەلوول و تۆف و زریانی ژیانی دیوە، ئەویش هەر دڵشکاو و باڵ و پەڕشکاوێکە. قۆڵ و بازووی ویش وەك قۆڵ و بازووی وی بیٚ ئارامە، لەشی هەموو خوار و خێچ بووە، قەدەکەی قەڵشیوە... خوێناوی لە دڵی هەڵدەڕژیٚ. ئەویش لەبەر ئازار و دەردەپێی ناتوانیٚ خۆی بە پێوە راگرێت و راوەستیٚ؛ پیربووە، ئیدی حەوسەڵە و هێزی رووبەڕووبوونەوەو چەنگە چڕێی هیچ باو بۆران و زریان و تۆفانێکی نەماوە- تەنانەت گویٚ ناداتە ئەو قەلە ڕەشەی بەسەریشییەوە دەنیشێتەوەو قارە قاریٚ دەکا... جا چییە هەر بقیرێنە چییە؟... دەباریٚ؟- بۆ خۆشم دەزانم، لە تۆ چاکتر دەزانم!.... بەڵام ئەویش دەزانیٚ کە ژیانی- ژیانی درەخت- هەروەك ژیانەکەی وی تەمەنێك هەوڵ و تەقەللا و ماندووبوون و شەکەتی و رەنج بە خەساری بووە!... لە دوورەوە، ئەگەر ئەندازەی چاوەکانی برِکات، دەبینیٚ کە ئەویش بای هێشتا نەگەیشتوو بە پاڕانەوەوە ئەوا باوەشی دەگرێتەوە و دەردەدارانە دەلەرزیٚ- ئێسکەکانی ویش هەر هاوارییانە- ئەویش تووشی ئاوسانی جومگەکان بووە... ئەویش دەبیٚ وردە وردە خۆی بۆ خەویٚ زستانی پیری ئامادەکات. رەنگ زەردییەکەی لە دوورەوە دیارە... هەموو هەر وان... زەرد دەبن. بۆ کفن دەبەرکردنیٚ دەبیٚ زەردبیٚ... کفن سپییە- سپی سپی... یانی هیچ- یانی ئەو بەرگەی ناوی دە دەفتەری هەرچی کائیناتدایە نییە و نەنووسراوە. بەڵام دەفتەری ژیانی وی هەمووی هەر خەت خەتۆکەیە! بە واتەی خۆی، ئای رۆژگار!... ئای هەی... پیری دەردێکی پیسە! ئەمانە-ئەوانە خۆ دەبینی- ئەم پێدەشتە، ئەم لاپاڵی شاخە، پشت ئەوانە کە تۆ نایبینی، سینەی ئەو درەختە، سینگی ئەم بەردە، ئەم خاکە... هەمووی گەلایەکی سپییە کە جارەهای جار شەقار بوون، و زەردهەڵگەڕاون، و با ئەوانەی بە حەوت گۆشەی وڵاتیدا بردوون و هێناونییەتەوە و باران شوشتوونییەوەو بە دەفتەرێکی نوێی داوەتەوە ئایندەیەکان تا دووبارە خەت خەت و شەقار شەقاریان کەنەوەو بە فێرخوازانی تازەی دوای خۆیانیان بسپێرنەوە.



مانگا و بزنەکان خێرا خێرا و بە پەلە، بەدەم لەوەڕێوە بەرەو ماڵ دێنەوە- تادیٚ گەورەتر دەبن، تەتەرۆکێك لەبەر پێیانی خول خواردەوە... ((ئاه، پەپوولە پاییزە! چەند درەنگ! ئەوە چبووە وا هێندە وەدرەنگ کەوتی، تا ئێستا لە کویٚ بووی، کچیٚ!- تۆش وەك من چووبوویە سەردانی منداڵ و نەوەکانت!؟ باش بوون، ساغ بوون، بیٚ وەی بوون؟...)) و گوێشی لێبوو کە پەپوولەکە پێیدەگوتەوە: ((بە داکیٚ کوڕان بی- زگ سووتا و نەبی ئیشاڵڵا- مەرگی منداڵەکانت نەبینی خوایە!)) و خۆی دەلاق و لە تەرییەوە هەڵدەسوی...

دانی بۆ مریشکان ڕۆکردووە، چوێلەکەکانیش هەر لێیان خوارد... ((سەیری، سەیری... دەك بە دەردت بیٚ!)) چوێلەکە بابانەیەك لە پەنا گۆمیلکەی مەزرایە و بەو سۆزی سەرمای پاییزە خۆ دەشوا... ((دەك بە دەردت بیٚ... دەزانم، دەتەویٚ بڵێی تۆش لاوی! خۆ دەزانم لاوی بۆیە وا خۆت گیڤ کردۆتەوەو خۆت دەشۆی! راوەستە با وەك من هێندێك پیر ببی ئەودەمی دەزانی... ئمم!))

کەوە رۆژە، خۆر دیار نییە، وەك هەر هیچ نەبوویٚ... چەند پەڵە تاوێکی پەڕیوەتە لای دامەنی خۆرئاوایە: نارنجییە، زۆر کەم رەنگە، لای خۆرهەڵاتی تاریکە... جووڵەکان گەورە بووون- بەڵام کەمیش بوونەتەوە- ئەو بەستەزمانانەش سەددام و کەمال پاشای خۆیان هەیە. هەموو هەر جووجەڵەکانیان پاییزیٚ دەژمێرن، تەنیا کورد نەبیٚ- جووجەڵەی کورد هەمیشە گێراوە. سەیری جووجکەکان دەکات، وەك ئەوەی تازە بزانیٚ کە پیاوی ماڵیٚ سەرداری خێزانە: چاوی لە کەڵەبابە خەنەییەکەیە... کە دەبیٚ لە پێشدا ئەو دندوکیٚ لە دانەکەیدا، ئەوجا ئەوانیدی. قودە قودی پچڕ پچڕ و کورت و کەم کەمە دەکات- یانی دەی دەست پێبکەن... یانی ئەوە رێی داوە! هەر دەقودێنیٚ و بەڕاست و چەپەشدا دەڕوانیٚ... دەزانیٚ سەرداری خێڵە و خێڵیش یاسا و رێسا و خوو و خدەو نەرێتی خۆی هەیە. دەك ئاو و ئاوچیت و بڕۆیت و نەیەیتەوە! تەنانەت هەست و نەستی ئەو کەڵەبابەشت نەبوو. بەزەییان بە ژن و منداڵەکانتدا نەهاتەوە، ئەو کوڕەیان کوشتی، ئەو زاوایەیان کوشتی، ئەو کووکە و بەلایەیان بەسەر ئەو کچەی داهێنا... کەڵەبابە لەپڕ چاو دەبڕێتە باڕۆکێکی و پەلاماری دەدا- بەڵام بیٚ زۆری... لێینادا. ((کەڵەبابە بە کەڵەبابیە خۆیڕا دەزانیٚ کە ئەوە ژنە، ئەو کافرە نازانیٚ.)) دەکولانەشدا گەورەو سەردار و ئاغای کولانەکەیە، هەر بۆ خۆی ئەو باڕۆکە یا ئەو مریشکەی دیاری دەکا کە دەبیٚ لەلایەوە هەڵنیشیٚ...

مریشکە کورك بیٚ ئیختیار پڕ دەداتە پشیلەی، وا فێربووە و وا راهاتووە، دەنا جوجکەکان نابنە هیچ. ئەوە خووە، بەردەوام هۆشداری دەداتە نەوەکان و پڕیان دەداتیٚ. چونکە هەر چۆنێکی

بێ ئەو مریشکە دەزانێ کە ((پشیلە بەردەوام زیاتر دەکەمینی جوجکاندایە. لاوەکانیش هەروەتر- خوا سەلامەتیانکا- لە جوجکان خراپترن، خێڵی پشیلان بە بنیادەم نازانن.

پشیلەکە دوور دەکەوێتەوە، هەر لە دوورەوە بە قاوقیژی مریشکەکانەوە ئاوی لە زاری دێ، وەك کەڵەبابە لەپڕ شتێکی وەبیر هاتبێتەوە، سەرەتا ملی کەمێك لە یەخەی بلوزییەوە دێنێتە دەرێ و ئەولاولایەکی دەکا و دوایەش لەسەرەخۆ سەری وەیەخەی بلوزەکە دەکاتەوە، لە جێی خۆی هەڵدەنیشێ و دەکەوێتە بیرو لێکدانەوانەوە- هەر چەند جارێکانیش دوو نوختەی چاوە سوورەکانی دەویەوە دەبڕێتەوە.

(با) هەردێ و توندتر دەبێ و گەڵا و چیلکە و چۆڵان بێر و بەوێدا دەدا؛ پاشە لەچکەکەی وی و پەڕ و باڵی پەلەوەرەکانیش هەڵدەداتەوە. مریشکەکان تاك تاکە، ئارام و هێڕ و لەسەرەخۆ خەریکی وردە ئاوازی قرتە قرتێن، و بەرەو کولانەکانیان بەڕێوەن...

((خانە، خانە)) دایە جاری وایە بە دەستێك و زیاتریش بە هەردوو دەستان و بێڵۆکەکەوە، بەرەو کولانەیان دەکاتەوە، ((خانە، خانە)) کەڵەباب خۆ هەڵدەنێ. مریشکەکان دەڕۆن، بەڵام لە بەروەی کەڵەبابەکە ڕێ داناگرێ و خۆڵادەدا، ئەوانیدیش زۆر نابا دێنەوە دەرێ. ((دەك بەڵاگیربی ئیشاڵڵا!... خانە، خانە!)) و وەدوای کەڵەبابەکەی دەکەوێ. سەرەنجام کەڵەبابە ((قرتە))یەکی تایبەتی لێوەدێ، و مریشکەکان ڕێی کولانەی دەگرن- بۆ خۆشی دوای هەمووان دەچێ... ((دەك ئەولاترچی، چوونت هەبێ و هاتنەوە نا!))

ماندووە، پیرییە، وەك بەفری زستانێ: بەرەبەری نیوەڕۆیە گەرمییەك دەلەشی بنیادەمی دەگەڕێ و بەستەڵەکی بەدەنی هێندێك شل دەبێتەوەو دەبێتەوە، بەڵام تا دەگاتە بوونە وێی پاش نیوەڕۆ دەگاتەوە جێ، و هەمدیس دەیبەستێتەوە- موخی ئێسقانەکان بەستوویەتییەوە... دەرکێ کولانەکەی بەجێدێڵێ، پشیلە لە پێشەوەو ئەو لە دواوە دەچنەوە ژوورێ. ئاگرەکە مردۆتەوە. بە مقاشی خۆڵە مێشەکەی تێك وەردەدات... چەند ژیلە مۆیەك ماون... چیلکە و چەوێڵیان بە دەمەوە دەداتەوە... وردە وردە ئاگری دەگرنەوە. پشیلەکە زووتر چووە لە بنەبانێی جێی خۆی خۆش کردووە و پاڵی لێداوەتەوە.

تەنیایە... تەنیا؟ نا. هیچ کاتێك تەنیا نییە، مرۆڤ هەر کاتێ متووی کەسێك یا شتێك بوو هیچ کاتێ تەنیا نییە: هەر کە بێڵۆکەی تاودایە، یا بەسەر دێراواندا نووشتایەوە، یا لە مەزرایەڕا دێتەوە... هەموو پەیدا دەبنەوە... منداڵەکان لەوێن-خوا تەمەنیان درێژکا... هەرگیز تفەنگی لە خۆ وەدوور نایەخن... هەر بۆیەشە ماڵ شامێ شەریفە... هەموو لەوێن، دەك لەبەرتان گەڕێم! کاکە فەرەیدون دوێنێ چۆوە... دەك لەبەرت مرم خوایە! هەر باش بوو



چاك نەبوو ئەو پیرەمێرد و پیرێژنە هێندە مان و نەمردن تا نەوەکەی خۆیان دیت... دەبێ خوا بکا ئەو ڕۆژەش بێ من شاییە منداڵەکانی تۆ و مەسعود گیانی ببینم، و ئەودەمی بە دڵێکی ئاسوودەوە سەر بنێمەوە! بەخودای شایانی ئەوەم چونکە چ ڕۆژ ڕەشییەك و بەدبەختییەك نەما نەیبینم، خودایە خۆ بۆخۆت دەزانی!...

وەڵڵاهی چ بڵێم... ئێستاش بە ناشکوری نەبێ شتێکیش قەرزدار بووینەتەوە! ئەو چەند ڕۆژەی کە کاکە فەرەیدون گیان و منداڵەکانی و خەرامان گیان لێرە بوون... ماشەڵڵا هەر یەکێکیان وەك دەستەگوڵێکی، وەك بولبولێیان بە فارسی قسە دەکردن دەگەڵ بابیان... کاکە فەرەیدون تازە لە فەرەنگستانێ هاتبۆوە... تووڕە بوو. ئەویش سەربوردەی غەمێکی زۆری هەبوون... بابە گەورە و دایە گەورەی مردبوون. منداڵە گچکەکەی بردبووە وێندەرێ سەر دکتۆری... دەیگوت: ((دایە شیرین، موسافیری بەدبەخت هەر هێندە گوتی ((عێراقی)) فەرمانبەری پەساپۆرتێ، پەساپۆرتەکەی وا هەڵدەداتە بەردەمی، وەك بیهاوێتە بەر سەی...)) بە یەکێکیانم گوت: ((ئەوە چییە برا، بۆ وای فرێدەدەی!)) یارۆگیڤ بۆوە، وای سەیرکردین، وەك بڵێی لەمەی دڕەندەتر نەدیوەو نییە. گوتم: ((ئەو پیاوە بێدەرەتانە گوناهی چییە کە کۆمەڵێك دز و جەردەو تاوانیار و پیاوکوژ حوکومەتیەی دەکەن؟))- دوای ڕووداوەکەی هەڵەبجە بوو ((بۆ خۆتان ئەو پیاو کوژانەتان دابەستووەو دەگیانی میللەتتان بەرداوە. باشە ئێستا کۆمەڵێك چەقوکێش و پیاوکوژانی خۆتان لە زیندانێ هەڵێن و بە یارمەتی و هاریکاری و پشتیوانییە بێگانانی دەرەوە حوکومەت بەدەست بگرن، و خەڵکی قەتڵ و عام- ڕەشەکوژ-کەن ئێوە گوناهتان هەیە؟ خۆ ئەوە کوردە، عێراقی نییە... بۆ خۆتان عێراقتان دروستکردووە- عێراق نەبوو... ئێستا قەرزداریش بوونەوە! ((یارۆ وای تەماشا دەکردم وەك بابیم کوشتبێ- ئاوای سەیری سەددامی نەدەکرد!))

مانگاو بزنەکان لەبەر پەنجەرێ چاوەڕێن... دەچێ و تاوێکیان لەلا دەمێنێتەوە... وشکیان کردووە- چیدی نامێنێتەوە.

ئاسمان روون بۆتەوە، دەشت لێفەی تاریکییەی بەسەرخۆیدا هەڵکێشاوە... هەوا تاریك بووە... ئاسمان چنگێك دراوی زەرد و سپی دەگۆلاوێ کردووە؛ گۆلاو لە سەرمان دەلەرزێ، و دراوەکانی نێو لەپی وەخلەخل خستووە. هەمدیس دەچێت سەرێکی دی لە تەویلەی هەڵدێنێتەوە، دەرکەکەی چاك دادەخا، کلۆمی دەکا، بە تاقیدەکاتەوە و ئەوجا دێتەوە. لە پشت پەنجەرەیەوە دانیشتووە... بڵێسەی گڕەکان دێنە پێش و دەکشێنەوە... بڵند دەبن و دەنیشنەوە- بێ ئارام راناوەستن. دیارە بایەکە تینی تێکردووە و تاوی سەندووە. ژوورەکە تاوێك

رووناك و دووتاو تاریكە. دانیشتووە، كەوتۆتە دەم غەمی شامیێ غەریبانەوە، و لە پشت شووشەی پەنجەرەكەوە دەدەشتی تاریكەوە- دە بیابانی تاریكییە دڵییەوە- ڕادەما. جگە لە ئەستێرەی سەر تاكە داریێ هیچ شتێكی دیكە دیار نییە. ئەستێرەی بەستەزمان! نە واوە دەچیێ و نە هێروەتر دیێ. بیر لە چ دەكاتەوە- هەمیشە هەر لە جێیەكییە؟ تۆ پێتوایە هەروا چەقین و مانەوە لە جێیەكی لەدەربەدەریە چاتر بیێ؟... نا، ئەو ئەستێرەیە، بۆ ڕێنمایی و ریێ پێشاندانیێ وا لەویێ چەقیوە و راوەستاوە، تا كاروان لاڕیێ نەبیێ- تا ئاوارە سەر دەركەن و ون نەبن- هەر ئەوە بوو كە كاكە كاوەی بۆ هێنایەوە. لەوانەیە ئەگەر كاروان دەتاڵووكە كەویێ، زیندانییەكی هەڵاتوو، تەرە ببیێ- لە كاروان كوژەوە بیێ... دەك خوا چاكەت بۆ نەكا! راستییە كارەكان ریێ پێشاندانە، دەنا خۆكوشتنی كاروانیش ئاسانە هەموو حەرەس عەرەبێك لە دەستی دیێ كاروانی بكوژیێ... كوشتنی كاروانی ئازایەتی نییە.ئاهێكی هەڵدەكێشیێ، وەك دڵی بە حاڵی ئەستێرەكە بسووتیێ... هەقیشییەتی: ڕیێ دۆزینەوە ئەستەمە... (با) هەڵدەكا و بە لورە لورەوە بەسەر غەمە دێرینەكانیدا ڕادەبریێ، و غەمەكانی غەریبیە دێنی و دەبات و رایاندەژێنیێ. تروسكەی ئاورەكە كز دەبیێ... لە درزی دەركەكەوە تیشكی رووناكییەكی زەرد لە تەختی عەردی نێو ژووریێ دەدا... ئەی... كە لە تەویلەكەیڕا دەهاتەوە قوتیلەكەی دەستی نەكوژاندەوە!...

هەڵدەستیێ، دەچیێ قوتیلەكەی دەكوژێنێتەوەو چرایەكەی پێدەكا... شەوانە تا ئێشی ئێسقانەكانی دەردە دارێكی هێور دەبێتەوە، خەونە هەمیشەییەكانی سەرهەڵدەدەنەوە: خەونی لاوەتییە، دەگەڵ ئێش و ئازاراندا ناگونجیێ و هەڵناكا، ئازار پەیوەندی بە مردن و پیریەوەیە... تا ئازار هەبیێ خەون نییە... ئێستاش دڵی هەر تەڕە-هەر كە ئازارەكان نەمان خەونەكان دێنەوە. هەر بە هاتنەوێیان لە پێشدا هەردوو لووتكەكانی شاخی كانیی سپی لە پەنجەرەیڕا وەدەردەكەویێ و بەدەمییەوە پێدەكەنیێ... هەمیشە لاو، هەمیشە میهرەبان، هەمیشە دەم بە پێكەنین و لێو بە خەندە- هەمیشە لە پێش هەمواندا، و هەمیشەی لە دوای هەموان. هیچی وانەگۆڕاوە، دڵسۆز و دلۆڤانتربووە نەك نامیهرەبان. ئەو دەمانەی جارانیش سەر لە بەیانیان هەر كە چاوی لە خەویێ هەڵدێنان ئەو بە هەردوو لوتكەكانییەوە دەهاتە بەر پەنجەرەی و بەیانی باشی لێدەكرد و ئێوارانیش پێش تاریكانیێ، تا بە ڕوویەكی خۆشەوە سەیری نەكردبا و زەردەخەنە دایكانییەكەی بەڕوودا نەكردبایە و بیرەوەرییەكانی ئەو رۆژەشی تۆمار نەكردبایە شەو باش و مالئاوای نەدەكرد و رەشماڵی شەوێی بەسەر خۆیدا هەڵنەدەكێشا و نەدەنووست. شەو باشی دەكرد و چاوێكی دادەگرت یانی ئەوە من چووم بنووم-تۆش برۆ... ئاغا لە یەكێك دەو ژوورانەدا چاوەڕێیە تۆ بچیت و ئاوی دەدەستی كەی تا نانی بخوا.



...ئاغا سوور و شین هەڵگەڕابوو، سەری بەردابۆوە، بەجۆرێكی وا وەك بڵێی كوتەكێكی لە پشتی سەری درابیێ. چ بڵێم، بڵێم چت كرد-هەر بەو كارەی، بەو ئاوە پاكەی كە بەدەستت داكردم، ئەو رێكەوتەت دروستكرد و ئەو هەموو تاڵییەت پێش هێنا... بۆ خۆشت خێر و خۆشیت لە ژیان نەدیت... چ بڵێم، دەردەكەم بەكیێ بڵێم!...

((رێكەوت))! ناوی سەیر لە شتان دەنێن... رێكەوت، رێكەوتەكانی ژیان!... ئەم رێیە دەگری بەختیار و ئاسوودە دەبی؛ ئەوەش رێی بەدبەختیەیە، رێی رۆژ رەشیەیە! بەڵام بۆ ئەم هەموو رێكەوتانە دەبن؟ رێكەوت دەبیێ یەكێك، دووان... ئەو پەڕەكەی سیان... ئیدی نەهەتا دەمری. رێكەوتی تۆ چ پەیوەندییەكی بە ئیبراهیمی جەندرمەوەیە، چ پەیوەندییەكی بە سەددام و عەدنان كوێتییەوە هەیە- بۆ من ئەوانەم هەر بە خەونیش دیبوو!؟ من كابرای توركم هەر تەنیا جاریك دیت، كە خۆزگە قەڵەمی دەست و پێم شكایایە و هەرگیز نەمدیتبایە!... بۆ وای لێهات؟ بۆ هەرچی سەنگە بۆ پای لەنگە؟ ئەمانە هەموویان رێكەوت بوون؟ ئەو هەموو رێكەوتانە لە كوێڕا هاتن؟ ئەوەش هەر رێكەوتە كە سەددام هەموو رۆژێكی خوا دایناوە هەر دەكوژیێ و دەبڕیێ. هەموو رۆژێش هەر دەبینن و كەچی هەر لە ملی رێكەوتێی دەبەستن، و روو وەردەگێڕن تا نەیبینن؟... چ بڵێم، بە خودای تێماوم! كترییەكەی نەهێناوەتەوە- دەستێكی بە لاكەلەكەیەوە دەنیێ، و دەستەكەی دیكەی بەسەر بەڕەكەوەیە؛ و هەوڵدەدا هەستێتەوە، ڕاست دەبێتەوە: ((...ئای ی ی... ئای سێبەندەم... ئای پشتم!...))